# دەمێ مەرگ . . دەمێ خۆشەویستی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# دەمێ مەرگ . . دەمێ خۆشەویستی

ڕۆمان

**ئیریش مارییا ڕیمارک**

وەرگێڕانی:

**رزگار نوری شاوەیس**



ناوی کتێب:دەمێ مەرگ... دەمێ خۆشەویستی - ڕۆمان
نووسینی: ئیریش مارییا ڕیمارک
وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی: رزگار نوری شاوەیس
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٥١
دەرهێنانی هونەری: دەزگای ئاراس
دەرهێنانی بەرگ: شکار شێخ عەفان نەقشبەندی
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
پیت لێدان: سەنگەر حوسێن
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣١٧)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

# چەند وشەیەک

لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوو، کاتێک بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەم شاکارە لە بیرمدا بووە ئارەزوویەکی بەزەبر و هیچ دەستەڵاتێکم لە ئاستیا نەما.. لەو ساڵانە وڵات و مرۆڤی وڵاتەکەم دووچاری باری سەخت و ناهەمواری جۆرەها جەنگی دڕندە و ناڕەوا ببوونەوە.. جەنگی ناڕەوا و زاڵمی دژ بەهۆز و نەتەوەکەم.. جەنگ لە دژی وڵاتێکی دراوسێ.. جەنگ لە دژی هزری ئازادی مرۆڤ و هەستە ڕەوا تایبەتمەندەکانی..

لەو ڕەوش و کەشە ستەم و تاریکانەدا ئەم ڕۆمانە ڕیالیستەم خوێندەوە و گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە مەرج نییە گشت ئەوانەی لە کەندەک و مەتارێزەکانی بەرەیەکی ناڕەوا و زۆرداردا گرد دەکرێنەوە، سەر بەو بەرەیە بن، یا بەرگری لێ بکەن.. مەرج نییە موریدی بکوژ و زۆرداری دیکتاتۆران ملهوڕان بن.. هەموو ئەوانەی ئەگەر تۆزاڵێکیش تەرازووەکەی ویژدانیان بەلای مرۆڤ و بەهاکانی مرۆڤایەتییەوە لاسەنگ بیت؛ بەهەر شێوەیەکی بەرەنگاربوونەوە و یاخیبوون بێت.. لە ناکاودا ڕادەپەڕن و بەگژ قەڵابەندەکانی ستەمکارانا دەچنەوە.

بەڵێ، ئەگەر چیش لەسەر بەرەی زۆرداران تۆمار کراون، بەڵام لە ناخەوە هەر سەر بە بەرەی مرۆڤ و مرۆڤایەتین..

رزگار نوری شاوەیس

حوزەیرانی 2002



هەموو کارێک لە ژێر ئاسماندا، کاتی هەیە.. زایشت کاتی هەیە، مەرگیش کاتی هەیە.. چاندن کاتی هەیە، دروێنەش کاتی هەیە.. تێکدان کاتی هەیە، بنیاتنانیش کاتی هەیە، خۆشەویستی کاتی هەیە، ڕقیش کاتی هەیە، سا ئیتر لەوەی مرۆ لە ژیانیا پێوەی ماندوو دەبێ، بێ لەو ماندووتییە پتر، چیدی دەست دەکەوێت؟!

«سولەیمان پێغەمبەر»

کتێبی پیرۆز–سەربوورنامەی زانستگە

## نووسەری ئەم ڕۆمانە

# ئیریش ماریبا ڕیمارک

لە ساڵی (١٨٩٨)ز، لە شاری (ئوسنابرووگ)ی ئەڵمانیا لەدایک بووە، وەک سەربازێک لە سوپای ئەڵمانیا، بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە. پاش ئەو جەنگە، دەبێتە مامۆستا، لە زۆربەی زۆری گوندەکانی ئەڵمانیا کار دەکات، پاشان بۆ ماوەیەک دەست ئەداتە بازرگانی، زۆری پێ ناچێ دەبێتە سەرۆکی بەشی پڕوپاگەندەی کۆمپانیایەکی کاوتشووک، ئەمجا وەکو ڕۆژنامەنووسێک لە شاری بەرلین جێنشین دەبێت و بەکاری ڕۆژنامەگەرییەوە خەریک دەبێ.

ساڵی (١٩٣٩)ز پاش ئەوەی هەڵوێستێکی نەیار دژ بەڕژێمی (نازی) وەردەگرێ، دەکەوێتە بەر زەبر و فشاری حکومڕانییەکەی (ئەدۆلف هیتلەر)، بۆیە ناچار دەبێ کە وڵاتەکەی جێ بهێڵێ و پەنا بەرێتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەوێ جێنشین دەبێ و لە ساڵی (١٩٤٧)ز ڕەگەزنامەی ئەمریکی وەردەگرێ.

یەکەمین ڕۆمانی لە ساڵی (١٩٢٠)دا بەناونیشانی (ژووری خەونەکان) بڵاودەکاتەوە، هێندە کاڵو کرچ دەبێ بەلای ڕەخنەگرانەوە، هەرگیز مەزەندەی ئەوەیان لێ نەدەکرد کە نووسەرەکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بگاتە ڕیزی پێشەوەی کەڵە ڕۆماننووسانی جیهانەوە.

لە ڕۆمانەکانی «ڕیمارک»:

١- ژووری خەونەکان، ساڵی (١٩٢٠).
٢- هیچی نوێ لەب ەرەی ڕۆژئاوادا نییە، ساڵی (١٩٢٩).
٣- ڕێی گەڕانەوە، ساڵی (١٩٣١).
٤- سێ هاوڕێکە، ساڵی (١٩٣٧).
٥- هاوسێکەت خۆش بوێت، ساڵی (١٩٤١).
٦- ترووسکەی ژیان، ساڵی (١٩٥٢).
٧- دەمێ خۆشەویستی، دەمێ مەرگ، ساڵی (١٩٥٤).
٨- دوا وێستگە، ساڵی (١٩٥٦).
٩- میلی ڕەش، ساڵی (١٩٥٦).
١٠- دوا کەنار (سیناریۆی فیلمێکی سینەماییە) ساڵی (١٩٥٩).
١١- ئاسمان ڕۆڵەکانی جودا ناکاتەوە، ساڵی (١٩٦١).
١٢- شەوەکەی لیشبۆنە، ساڵی (١٩٦٣).
١٣- کەوانەی سەرکەوتن.

شایەنی گوتنە کە زۆربەی زۆری ڕۆمانەکانی (ئیریش ماریبا ڕیمارک) وەک فیلیمی سینەمایی نمایش کراون و سەرکەوتنیان بەدی هێناوە.



«... ئەوانەی جەنگ بەتاقیکردنەوەیەک دەزانن، دیارە تاقییان نەکردۆتەوە، ئەوانەیش کە تاقییان کردەوە، هەرگیز سەریان لێی دەرنەکرد..! بەهۆی جەنگەوە، ملیۆنەها مرۆڤ، بێ لەو هەموو سام و مەرگ و وێرانکاری و برسێتییەی چەشتیان، ڕووبەڕووی شتێکی دیکەیش بوونەوە، لێی حاڵی نەبوون، نە ناو، نە ڕەنگ، نە شێوە و نە ڕووخساری هەبوو، شتێک بوو، ژیانییانی سەرەوژێر کرد..!

پاش ئەو ئەزموونەی جەنگی ناو بوو، دەستکەوتیان تەنها لێکدانەوە و باوەڕێک بوو بەوەی کە جارێکی دی ژیانیان ناگەڕێتەوە سەر دۆخەکەی جارانی.. چی بەسەر دێ؟ چی لێدێ؟... دەگاتە کوێ.. هەرگیزاو هەرگیز، سەریان لێ دەرنەکرد..»

(ڕیمارک)

بەرگی یەکەم «هێرش و دژە هێرش، وشەن..! دوو وشەی گەمژ و گەلۆرن..! مانای بەدیووم و ڕەشیان تەنها لە شەڕگەکاندایە، هەموو وێژەی جەنگ لە دەستەڵاتیا نییە، تۆزاڵێک لە وێنەی پڕ نەهامەتییان، بخاتە پێش چاو..».

# 1

بۆنی مەرگ لە ڕووسیا ئەو بۆنە نەبوو لە ئەفریقیا هەیبوو، لەوێ بەهۆی گوللە بارانی خەست و چڕی ئینگلیزەکانەوە، کوژراوەکان جێدەمان، هەر زوو هەتاو کاری تێدەکردن، ئێواران بۆنیان بەدەم هەڵکردنی باوە دەهات.. بۆنێکی تیژ و خەست بوو. تەرمەکان بەشەو هەڵدەئاوسان، تارماییيان لەبەر ورشەی ئەستێرە نامۆکاندا، وەک هەستابنەوە وابوو..! کاتێکیش خۆر هەڵدەهاتەوە، لەتاو شالآوی تینیا دەکشانەوە نێو قەوارەیان.. دەپووکانەوە، دەیانویست بەناخی خاکدا بچن، خۆیان لە قوڵاییيەکانیا بشارنەوە.. خۆ ئەگەر لە دەرفەتێکیشدا دەست خاوەنەکانیان بکەوتنایەوە، قەوارەیەکی وشک و برینگ بوون.. ئەوانەیش کە پاش چەند هەفتەیەک دەهێنرانەوە، کۆمەڵە ئێسک و پروسکێکی نێو بەرگێکی سەربازی فشوفۆڵ بوون.. مەرگەکەی ئەوێ، مەرگێکی وشک بوو! بەڵام ئەمەی ڕووسیا بابەتێکی دیکەیە، شتێکی لینج و بۆگەنە..!

ماوەی چەند هەفتەیەکە دایکردۆتە باران، زستان هاتبووە گیانەڵآ، وەرزی بەفرچوونەوە بوو، هەتا مانگێکیش پێشتر، بەفر بە بەرزایی دوو مەتر زەمینی داپۆشیبوو، تەنها بانی خانووە سووتاوەکان ڕەش دەچوونەوە.

گوندە خاپوورەکە، کشومات، هێدی هێدی بەدەم نەوی بوونەوەی بەفرەکەوە، بڵند دەبۆوە.. لە پێشان باهووی پەنجەرەکان، ئەمجا دەرگاکان، پاشانیش پلیکانەی بەر خانە و کوختەکان دەرکەوتن.. تەرمە جێماوەکان یەک یەک ئاشکرا دەبوون، دەمێ بوو کوژرابوون.. گوندەکە چەند جارێک بەدەم هێرش و شەڕی سەختەوە، دەستاو دەستی کرد، ئەڵمانەکان داگیریان کرد، ڕووسەکان لێیان سەندنەوە، لە مانگی نیساندا، ئەڵمانەکان جارێکی دی دەستیان بەسەردا گرتەوە.. ئەمجا بەفر بەزریانەوە شالآوی بەسەر تەرمە جێماوەکاندا هێنایەوە، هەر خۆشی نەکردەوە، هەموو شەوێک، چینێک بەفری نوێ، چینەکەی پێشتری دەشاردەوە.. سروشت لە نەخۆشەوانێک دەچوو، سپیدەی هەموو بەیانێک، بەسەرجێیەکی سپی بێگەرد، یەکێکی چەپەڵ بشارێتەوە..

لە پێشان کوژراوەکانی مانگی کانوونی دووەم دەرکەوتن، ڕەق هەڵگەرابوون، ڕەنگی مێوێکی دێزیان لێ نیشتبوو..!

بەفری سەر گردۆڵکەکەی پشت گوندەکەیان دەماڵی خاکە بەستەڵەکەکەیان بۆ شاردنەوەی تەرمەکان هەڵدەکۆڵی، کارێکی دژوار و بێ تام بوو.. چەکی کوژراوەکانی کانوونی دووەمیان لە تەنیشت کوژراوەکانی کانوونی یەکەمدا دییەوە، تفەنگ و تاسکڵاوە پۆلاییینەکان لە لاشەکان پتر بە قووڵاییدا چووبوون، شەختە و سەهۆڵبەندان بەرگە دێزەکانیانی داڕزاندبوو، بەو دەمە داچەقاوە پڕ سەهۆڵاوانەیانەوە لە خنکاو دەچوون، پەلوپۆیان پوا بوو، کاتێک دەستتیان ئەدانێ بڵندیان بکەنەوە، قۆڵێک لەپڕ شۆڕ دەبۆوە، بە بێباکییەکی سامناکەوە دیلانێی دەکرد.. تەشخەڵەی بە زیندووەکان دەکرد..!

بەر لە ناشتنیان، لەبەر بەرۆچکەیەکدا ڕیز دەکران، چاوە مەییوەکانیان خاو دەبۆوە، بریقەیان نەدەهات، بیلبیلەکان شلەقابوون، دڵۆپ دڵۆپ بەلاچاویاندا دەڕژا.. بۆ ئەو چارەنووسە ڕەشەیان دەگریان..



زستان پێی مابوو، کەشوهەوا ڕوویان گرژ کردەوە، زریان بە بەفرەوە چەند ڕۆژێکی دیکە درێژەی خایاند، کاتێک خۆشی کردەوە، دار و بەرد بەستبووی پاشان شنەبایەکی تەڕ هەڵی کرد، بەفرەکەی هێدی هێدی دەتواندەوە..

پەڵەیەکی ڕەش لە پانتاییيە سپییەکەدا دەرکەوت، پاش سەعاتێک بووە دەستومەچەکێکی گرژی بڵندەوە بوو..

– تەماشاکەن، ئەوە یەکێکی دیکەیە..

(ئیمەرمان) چاوی لێی نەبوو

– کامە.. کوا لە کوێیە؟

– ئەوێ.. لەبەردەم کڵێسەکە.. ئەویش هەڵگرینەوە؟

– بەفرەکە لەوێ ئەستوورە.. ئەم گوندە شووم و نالەبارە لە چاڵاییدایە، هەموو بەفری گێتی تێدا کۆبۆتەوە.. پەلە نەکەین چاکە، بەشکەم ئەم بایەی هەڵیکردووە، هەندێکی دیکەی لێ بتاوێنێتەوە.. یان گەرەکتانە بچن و پۆستاڵەکانتان پڕ بەفر و سەهۆڵاو بکەن؟

– نەخێر نیازی شتی وامان نییە

(ساور) پەنجەی بۆ چێشتخانەی تیپەکەیان درێژ کرد:

– ئاخۆ ئەمڕۆ چیمان دەرخوارد بدەن.

– کەلەرم.. گوایە بە گۆشت و پەتاتەوەیە.. ئای کەوا نییە.

– لەم هەفتەیەدا ئەمە سێ جار

(ساور) قۆپچەی پانتۆڵەکەی ترازاند و کەوتە میزکردن، ئەمجا بە کزییەکەوە وتی:

– باوەڕتان بێ، تا ساڵێک لەمەوبەریش وەکو بڕۆسیاییيەکان میزم بەکەوانەی بەرز و بەهێز دەکرد، ورەم بەرز بوو، بۆ پێشەوە دەچووین، ئومێدم پتەو بوو بەوەی جارێکی دی چاوم بەنیشتمان دەکەوێتەوە، ئەوەتا ئێستاکەیش وەکو دەمبینن دڵم بەهیچ خۆش نییە، کەیفم بەمیزکردنیش نەماوە.. (ئیمەرمان) دەستتێکی نابووە گیرفانیەوە، ورد ورد خۆی هەڵدەکڕان..

– بەش بەحاڵی خۆم، هەر ئەوەندە ئەم سەربازییەم لەکۆڵ بووایەتەوە، ئیتر بەلامەوە گرینگ نەبوو هەرچی چۆنێک هەڵمیزامایە.

– منیش، بەڵام قەت لەو باوەڕەدا نیم بەو ئاواتە بگەین.

– بەڵێ قارەمان و نەبەردین، جەنگاوەرین تا مردن..! ئێستا مەگەر تەنها پیاوانی (هێزەکانی شلێوە)(١) میز بەکەوانەی بەرز بکەن.. (ساور) قۆپچەکانی توند کردەوە:

– لەمەیشدا هەر ئەوان لە پێشەوەن، کارە چەپەڵەکان بە ئێمە دەکەن، شکۆمەندییەکەش بۆ ئەوانە، ماوەیەکی دورو درێژ بۆ داگیرکردنی شارێک تێدەکۆشین، هەر ئەوەندە هەڵوێستەکە ساغ دەبێتەوە، پەیدا دەبن و خۆیان بەشارە داگیرکراوەکەدا دەکەن.. سەرکەوتنەکەمان لێ زەوت دەکەن و خۆیان دەکەنە خاوەنی..!

تەماشایان کەن چ بایەخێکیان پێداون، هەموو شتێک بۆ ئەوانە، بەرگ و پۆشاکی گەرم، پێڵاوی تۆکمە و چاک، خواردنی چەور و نەرم..

(ئیمەرمان) کەوتە بۆڵە بۆڵ

– دەبا ئێستا سەرکەوتنێک بەدی بێنن، ئەوانیش وەکو ئێمە لە پاشەکشەدان، بگرە لەمەدا بۆریان داوین، زۆر لە پێشەوەن، نەخێر هیچیان لە ئێمە زیاتر نییە..

– ئەوان گوندەکان دەستووتێنن، تالانی دەکەن..!

(ئیمەرمان) لەخۆ خوراندن بۆوە، بەسەرسوڕماندنێکەوە وتی:

– دیارە ئەمڕۆ شتێکت بەسەردا هاتووە.. دەڵێی دەماری مرۆڤایەتیت هرووژاوە؟ ئاگات لەخۆت بێ (شتاین بێرنەر) گوێی لێت نەبێ، خراپت بەسەر دێ.. تەماشاکەن، بەفرەکە چەند بەخێرایی دەتوێتەوە، تەواوی باسکی بە دەرەوەیە..

***

چاوەش (میکە) هەر دە پەنجەی پێی لەناو پۆستاڵەکانیا دەجوولانەوە، سەرتیپەکەی خۆش نەدەویست، بەڵام یاسا سەربازییەکان لە ژوور هەموو هەستو نەستێکەوەن، بۆیە بەبێ لەرە، لەباری ئامادەباشیدا لەبەردەم (ڕاهی) فەرماندەیاندا قوت وەستا بوو.. کەچی هەر بۆ ئەوەی ئارام بەدڵی بدات ڕقەکەی بەو شێوەیە دەردەبڕی، پەنجەکانی پێی لەناو پۆستاڵەکانیا دەجوولانەوە.. لە دڵی خۆشیدا دەیگوت.. (هەی گوێدرێژی گەلۆر، نەفامی کەللەپووت..).

– لەو بەفرەی دەربهێنن.

– باشە گەورەم.

– هەندێ سەرباز گردبکەوە، هەر ئێستا دەستت پێبکەن، نامەوێ ئەم دیمەنە خەمناکە لەبەر چاودا بێ..

(میکە) لەدڵیا کەوتەوە جنێودان.. (هەی هەمبانەی فووتێکراوی فشەڵ.. دیمەنەکەت بەلاوە خەمناکە.. یەکەم جارە دیمەنی وا ببینی؟!)، (ڕاهی) گەڕایەوە نووسینگەکەی، (میکە) لەدڵی خۆیدا هەر توندوتیژ بوو.. (مەیموونی لەخۆبایی بوو، بان و ئاگردانت هەیە، خاچێکی سوارچاکیشت[٢] بەسینگەوەیە.. نەخێر دەبووایە بەسینگی منەوە بووایە..) دەنگی بەرز کردەوە:

– ساور، ئیمەرمان.. خاکەناز بێنن.. کوان، ئەوانی دیکە لە کوێن؟.. هیرشمان، بیرننگ، دەی ئێوەش، (ڕووی کردە –شتاین بێرنەر–).. تۆ سەرپەرشتیان بکە، دەی ئازاکەن ئەو تەرمە لەو بەفرە دەربێنن، گرەو ئەکەم کە سەربازی خۆمان نییە، کێ گرەو دەکات؟

(شتاین بێرنەر) بەخاو خلیچکییەکەوە لە (میکە) نزیک بۆوە:

– من گرەو ئەکەم.. دەڵێم لە خۆمانە (هەوڵی ئەدا دەنگی گڕتر دەرچێ، بێ سوود بوو).. گرەومان لەسەر چی بێ؟.

(میکە) دوو دڵ بوو:



– سێ مارک.

– نەخێر پێنج، لەسەر پێنج مارک کەمتر نایکەم..

– باشە، بەڵام دەبێ بیدەیت.

(شتاین بێرنەر) دایە قاقای پێکەنین، ددانە سپییەکانی دەبریسکانەوە، لاوێکی مووزەردی نۆزدە ساڵان بوو، لە یەکێ لە میرە جێرمانە دێرینەکان دەچوو، وتی:

– دۆڕاو ئەیدات، ئەی گوایە گرەو مانای چی؟

(میکە) لێی دەترسا، خۆی لێ دەپاراست و مەرایی دەکرد، (شتاین بێرنەر) سەر بەڕێکخراوی پاسدارانی نیشتمانی[٣] بوو..

– چاکە.. (قوتوە جگەرەیەکی دارینی لە باخەڵی دەرهێنا، گوڵێکی لەسەر هەڵکۆڵدرا بوو، بەکراوەیی ئاڕاستەی (شتاین بێرنەر)ی کرد..) جگەرەیەک ناکێشیت؟

– با.

(ئیمەرمان) کەوتە پلار هاوێشتن:

– کوڕینە تەماشاکەن، شتاین بێرنەر جگەرە دەکێشێ..! پێشەوا[٤] نایکێشێ

– دەمت داخە (برژانگە درێژەکانی گیڤ بوونەوە، مۆڕەی لە (ئیمەرمان) دەکرد..) زمانت درێژ بوو.. وا دیارە هەندێ شتت لە یاد کردووە؟

(ئیمەرمان) بەدەم پێکەنینێکی تەوساوییەوە وەڵامی دایەوە:

– دەزانم دەڵێیت چی.. نەخێر هیچم لەیاد نەچووە، من تەنها ئەوەم گوت کە پێشەوا جگەرەکێش نییە، هەموو ئەمە دەزانین.

(میکە) توڕە بوو:

– بەسە، کۆتایی بەم مشتومڕە بێنن، دەی فەرمانەکە جێبەجێ بکەن..

– کەواتە با دەستت پێبکەین.

(شتاین بێرنەر) جگەرەکەی داگیرساند، (ئیمەرمان) بۆڵەی دەهات.

– ئەمە لەکەیەوە جگەرە لە کاتی کارکردندا کێشراوە؟

– ئەمە کار نییە، ئیتر کۆتایی بەم شەڕە دەنووکەش بێنن، دەی دەست بەکار بن، ئازا کەلاکی ئەم سەربازە ڕووسە دەربێنن، بۆچ وا وەستاوی (هیرشمان)؟.. تۆیش دەست بدە شتێک..

(گرێبەر) وتی:

– ڕووس نییە، (تەنها ئەم خەریک بوو، دوو دەفە تەختەی درێژکۆڵەی لە هەردوو لای تەرمەکەوە درێژ کرد، بەفرەکەی دەماڵی، دەوری باسک و سەرسینگی لاشەکەی خاوێن دەکردەوە..).

بەرگێکی سەربازی دەرکەوت، کاڵ ببۆوە، (شتاین بێرنەر) بەپەلە لێی نزیک بۆوە، وەک سەما بکات، بەدەم هەنگاونانەوە خۆی بائەدا، دڵنیا بوو کە گرەوەکە دەباتەوە، بازێکی بەسەر تەختەکاندا دا، لەتەک (گرێبەر)ەوە بەدیار لاشەکەوە هەڵتووتا..

– نەخێر ڕووس نییە، بەڕاستمە.. لەوان نییە، ئەم بەرگە سەربازییە هی خۆمانە (ئاوڕێکی لە – میکە– دایەوە).. لە خۆمانە، کەواتە گرەوەکەم بردەوە.

(میکە) هەنگاوێکی قورسی نا، نواڕییە چاڵەکە، بەفرە تواوەکەی تێ دەچۆڕا، بە پەستییەکەوە وتی:

– من تێناگەم، ماوەی یەک هەفتەیە هەر لە ڕووسەکان ئەدۆزینەوە، ئەمە دەبێ لە مانگی کانوونی یەکەمدا کوژرابێ، بۆیە وا لەقوولاییدایە.

(گرێبەر) وتی:

– دەبێ لە مانگی تشرینی یەکەمدا کوژرابێ، ئەو کاتە بەدەم ڕاونانی ڕووسەکانەوە لەم گوندەوە ڕەت بووین

– قسەی پووچ، هەموو کوژراوەکانی خۆمان گردکردەوە..

– نەء، فریا نەکەوتین، تاریکە شەو بوو، ئەو ساتانە دەبوایە بەپەلە و بێ وچان بەرەو پێش بچووینایە.

(ساور) وتی:

– ڕاست دەکات

– قسەی پووچ.. وانییە هێزەکانی دواوە هەموو کوژراوەکانیان هەڵگرتەوە.

– باوەڕ ناکەم، ئەو شەوە بەفر و گوللە بەشێوەیەک دەبارین چاو چاوی نەدەبینی، وەکو وتم، لێرە نەماینەوە، خێرا بەرەو پێشەوە چووین..

(شتاین بێرنەر) چاوێکی تووڕەی بڕییە (گرێبەر)، لاسایی کردەوە:

– بۆ پێشەوە دەچووین، بەرەو پێش دەچووین، ئەمە چەند جار ئەم ڕستەیە بڵێیت و بڵێیتەوە.. حاڵیم کە مەبەستت چییە؟

– ڕاستییەکە دەڵێم، ئەو کاتە لە هێرشکردندا بووین، پتر لە سەد کیلۆمەتر چووبووینە پێشەوە.

– نەء، تۆ دەتەوێ بڵێیت کە ئێستا پاشەکشە دەکەین.. بڵێ وا نییە؟

– ئێستا لێرەین، لەم گوندەین

– دەمەوێت حاڵیم بکەیت، لە پاشەکشەداین یان نەء؟

(ئیمەرمان) سیخورمەیەکی بەپەنهانی لە (گرێبەر)دا، (گرێبەر)یش هەر لەسەری ڕۆیشت.

– ئەی بۆ پێشەوە دەچین؟

(ئیمەرمان) بەبزەیەکەوە نواڕییە (شتاین بێرنەر)، وتی:

– ئەم جۆرە پاشەکشانە کشانەوە نین..! ئەوە بۆ ساڵێک دەچێ خەریکی هێڵەکانمانین لەیەکیان نزیک دەکەینەوە، پلانێکە سەرکردایەتیمان نەخشەی کێشاوە، سەرکەوتنی یەکجارەکی پێ وەدی دێنین، هەموومان ئەمە دەزانین.

(هیرشمان) هاواری لێ بەرز بۆوە:

– بنوارن، ئەوە ئەڵقەیەکە لە پەنجەیدا (کەوتەوە بەفرماڵین، دەستتەکە ئاشکراتر بوو)

(میکە) دانەوییەوە:



– زێڕە، ئەڵقەی ژنهێنانە

لە دەوری چاڵەکە گردبوونەوە، چاویان بڕیبووە تەرمەکە، (ئیمەرمان) بەگوێی (گرێبەر) دای چپاند:

– خۆت لەو بەچکە بەرازە بپارێزە، با مۆڵەتی چوونەوەکەت لێ نەئاڵۆزینی، خواخوای باسێکە زوو بیگەیێنێ.

– ئەی تۆ بۆ خۆتی لێ ناپارێزیت؟ خەمی منت نەبێ، ئاگات لەخۆت بێ تۆ تووش نەبیت..

– گرینگ نییە بەلامەوە و من وەکو تۆ بەتەمای مۆڵەتێکی چوونەوە نیم، بگرە هەر بەتەمای ئەوە نیم جارێکی دیکە ئەڵمانیا ببینمەوە..

(هیرشمان) بەدەم چنگە کرێوە وتی:

– ئەمانە لە هێماکانی تیپەکەی خۆمانە.

(شتاین بێرنەر) قەشمەریی بە (میکە) دەکرد:

– دڵنیای بکەن، لە ڕووسەکان نییە (دایە قاقای پێکەنین)

(میکە) بە کزییەکەوە وتی:

– نەخێر لەوان نییە

– داخی گرانم بۆ گرەوم لەسەر دە مارک نەکرد..؟ دەی بێنە

(میکە) بەنا بەدڵییەکەوە کەوتە پارە بژاردن

– دیارە ئەمڕۆ لەمن نییە، ها بگرە خودا بتگرێ

(شتاین بێرنەر) پارەکەی نایە باخەڵیەوە، (گرێبەر) وتی:

– وا بزانم (ڕایکە)یە

– کێیە؟

– ڕایکە، سەرتیپەکەی پێشوومان، ئەمانە نیشانەکانین، ئەوەیش پەنجە کۆڵەکەیەتی

– قسەی پووچ، (ڕایکە)یان بەبریندار گواستەوە هێڵەکانی دواوە

– ڕایکەیە.

– ئەو بەفرە لەسەر دەموچاوی لادەن.

(گرێبەر) و(هێرشمان) بە پەلە کەوتنە لادانی بەفرەکە، (میکە) هاواری لێ کردن:

– ئاگاتان لە نووکی خاکەنازەکانتان بێ، لە کەللەی نەدەن..

کەللەیەکی تەڕ و سامناک دەرکەوت، بەستبووی..! چاڵاییییەکانی دەموچاوی پڕ سەهۆڵ بوون، لە کەللەی پەیکەرێک دەچوو بەر لە تەواوکردنی دەستتی لێ هەڵگیرابێ، ددانێکی زێڕ لەنێوان لێوە شینهەڵگەڕاوەکانیانەوە دەبریسکایەوە، (میکە) شپرزە ببوو، (ڕایکە) ئەفسەر بوو، دەبوایە مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ تەرمەکەیدا بکرایە، فەرمانی پێدان:

– دەی دەستتی بدەنێ، (هێرشمان) و(ساور) لە قاچیەوە، (شتاین بێرنەر) و(بیرننگ)یش لە شانیەوە، دەی هەر هەمووتان پێکەوە.. یەک، دوو.. بڵندی بکەنەوە (تەرمەکە لەجێی خۆی ترازا،

لووشەیەکی کپ لە چاڵەکەوە هات، بۆشایی نێوان لاشەکە و بنی چاڵەکە، بەفراوەکەی هەڵلووشی..)

لەپڕێکا؛ هاوار لە هێرشمانەوە هەڵسا.

– پەلە مەکەن.. وا پای خەریکە بەدەستتەمەوە دێ.. خەریکە هەڵدەوەشێ..! (شێ و شەختەی زستان، جەستەی ڕایکەی هەڵتەکاندبوو).

(میکە) هاواری لێکردن:

– لێی گەڕێن.. داینێینەوە

فریا نەکەوتن، تەرمەکەیان لە دەست بەربۆوە، پۆستاڵەکەی (ڕایکە) بەپاکەی ناویەوە بەدەست هێرشمانەوە مایەوە..! هەر زوو (ئیمەرمان) پرسیاری لێ کرد:

– پێکەی تێدایە؟

(میکە) نەڕاندی

– ئەو پۆستاڵە دانێ.. چاڵەکە فراوانترکەن، چوزانین وا داڕزاوە، (ڕوویەکی گرژی کردە ئیمەرمان).. تۆیش زۆر دەڵێیت، نەختێک ڕێز لە مردووان بگرە..

(ئێمەرمان) بەچاوێکی حۆلەوە نواڕییە (میکە)، دەمی بووە تەڵەی تەقیو..

تەرمەکەیان لە بەفرەکە دەرهێنا، چەند نامەیەکی لە باخەڵدا بوو، تەڕوتووشی کاڵی کردبوونەوە، بەڵام دەخوێندرانەوە، (گرێبەر) ڕاستی کرد، (ڕایکە) بوو، (میکە) وتی:

– دەبێ (ڕاهی) ئاگادار بکەمەوە، لێرە نەجوولێن تا دەگەڕێمەوە..

نووسینگەکەی (ڕاهی) لەخانوویەکدا بوو، چەند ژوورێکی کەڵکی بەکارهێنانیان مابوو، لەوە دەچوو کاتی خۆی ماڵی قەشەی گوندەکە بووبێت، (میکە) خۆی کرد بەژوورا، بەتەوسێکەوە تەماشای ئاگردانە ڕووسیاییە قەبەکەی کرد، گاڵتەی پێدەهات.. (ڕاهی)ی لە دیتنەوەی تەرمی (ڕایکە) ئاگادار کردەوە، پێکەوە گەڕانەوە سەر تەرمەکە، (ڕاهی) ماوەیەک بەماتی بەدیاریەوە وەستا، پاشان وتی:

– چاوی داخەن.

(گریبەر) وەڵامی دایەوە:

– گەورەم پێڵووی چاوەکانی پواون، پەنجەیان بەرکەوێ هەڵدەوەرێن.. (ڕاهی) ئاوڕی لە کلێسەکە دایەوە، لە گەڵێ لاوە ڕووخابوو..:

– بیگوێزنەوە ئەوێ.. سندووقە تەرمێک نییە؟!

(میکە) وەڵامی دایەوە:

– نییە، هەموویمان جێهێشت، هەندێکمان بۆ پێداویستییەکی ئاوەها کتوپڕ گلدابۆوە، بەڵام ڕووسەکان دەستیان بەسەردا گرتن، ئومێدەوارم سوودی تەواویان لێ وەرگرن..

(شتاین بێرنەر) دایە قاقای پێکەنین، (ڕاهی) بواری نەدا، بە مۆنییەکەوە وتی:

– یەکێکی بۆ دابین بکەن.

(گرێبەر) هەڵی داییێ:



– تەختە نییە گەورەم، هەتا بەشی سندووقێکیش پەیدا دەبێ کاتێکی زۆر دەخایێنێ، وەکو دەیبینن تەرمەکەش ڕزیوە، چیتر بەرگەی مانەوە ناگرێت.

– لە پارچە چادرێکی بپێچنەوە ئەمجا بینێژن.. خاچێکیش لەسەر گۆڕەکەی داکوتن..

تەرمەکەیان ڕووەو کلێسەکە هەڵگرت، (هیرشمان)یش بەپۆستاڵ و پا ڕزیوەکەی ناویەوە دوایان کەوت..

(ڕاهی) بە چاوەش (میکە)ی گوت:

– چوار دیلی دیکەیان لە چەتە ڕووسەکان بۆ ناردووین، هەر سبەی دەبێ ئەمانیش گوللە باران کرێن.. فەرمانە و پێمان دراوە، بزانە لە سەربازەکان کامیان ئامادەیە دەستتەی گوللە بارانەکەیان لێ پێک بێنە، ئەگەر کەسیان لێ نەهاتە پێش، بەخۆت هەڵیانبژێرە..

– باشە گەورەم.

بۆڵەیەک لە (ڕاهی)یەوە هات، بەدەم خۆیەوە دەیگوت (.. خودای گەورە، ئەم جۆرە کردەوانە بۆ بە ئێمە دەستپێرن..؟).

(شتاین بێرنەر) وتی:

– من ئامادەم.

(ڕاهی) بەڕوخسارێکی گرژەوە وەڵامی دایەوە:

– باشە.

پشتی تێکردن و گەڕایەوە نووسینگەکەی، (میکە) لە دڵی خۆیدا جنێوی پێ ئەدا (..هەی کاسەلێسی بێ بار، هەروا زوو پەنات بردەوە بەر ئاگردانەکەت؟.. ئاخر پێم نالێیت بە گوللەبارانکردنی چەند چەتەیەک، چی لە بارەکە دەگۆڕێ؟.. خۆ ئەوانیش بە سەدانیان لە ئێمە فڕاندووە..)

(شتاین بێرنەر) لەگەڵ (میکە)ی بوو:

– چۆنە گۆڕەکەی (ڕایکە)یان پێ هەڵکەنین؟

ژانێک کەوتە گەدەی (میکە)وە، وەڵامی دایەوە:

– وا دەکەین.. (بیری کردەوە– (ڕایکە) ئەفسەرێکی باریکەلەی چاویلکە لەچاو بوو، هەر لە جەنگی یەکەمەوە وەک ئەفسەرێکی یەدەگ هاتە سوپاوە، مرۆیەکی بێ فیز و دلێر بوو، بەڵام کێ جوامێر و ئازا نییە؟.. فەرماندەیەکی دڵ و دەروون باش بوو، ئەو زەبرو زۆرەی نەبوو کە فەرماندەکانی دی کاروباریان پێ ڕادەپەڕاند– (میکە) پرسیاری کرد:) ڕاهی چی بوو؟

– سەرتیپ بوو.. ئەی وا نییە؟!

– چیدی؟

– .. نازانم... مەبەستت چییە؟

– هیچ!

***

گۆڕەکەی (ڕایکە)یان بە دیلە ڕووسەکان هەڵدەکەند، دەنگی یەکێکیان لەناو چاڵەکەوە هات:

– ئەم قووڵاییە باشە؟

پیرەمێردێکی حەفتا ساڵانە بوو، ڕدێنێکی سپی چەپەڵ و جووتێ چاوی هێجگار شینی هەبوو، بە ئەڵمانییەکی هێجگار لەنگەوە پرسیاری لێکردن.. (شتاین بێرنەر) تووڕە بوو:

– دەمت داخە هەی پیرە بەرازی بۆلشەفیک.. هەتا پرسیارت لێ نەکرێ، ورتە لە دەمتەوە نەیێت..

لە هەوای خۆیدا بوو، گیف ببۆوە، زوو زوو چاوی دەبڕییە ژنەکەی لەناو دیلەکاندا بوو، خانمێکی قەیرەی بەخۆوە بوو، (گرێبەر) وتی:

– با قووڵتر بێ.

ڕدێن سپییەکە پرسیاری کردەوە:

– بۆ ئێمەیە؟

(شتاین بێرنەر) بازێکی دا، هەر لە ڕۆخی چاڵەکەوە دەستتی درێژ کرد و تا هێزی تیا بوو، مشتێکی بەناو دەمی دیلە پیرەکەدا دا..!

– وتم دەمت داخە، کوڕی چەنەبازیمان نەبەستووە (بەخەندەیەکی پڕ لە کینەوە دەینواڕییە دیلەکە، لە منداڵێک دەچوو باڵی پەپوولەیەکی هەڵکێشابێ و دڵی بەو کردەوەیەی هێجگار خۆش بێ..) (گرێبەر) وەڵامی پیرەمێردەکەی دایەوە:

– نەء، بۆ ئێوە نییە.

دیلەکە ڕاست ببۆوە، قووڵ دەینواڕییە چاوی (شتاین بێرنەر)، ئەمیش زەق زەق تەماشای دەکرد، ماسوولکەکانی دەموچاوی تورت ببوونەوە، لە دڕندەیەک دەچوو خۆی بۆ نێچیرێک مەڵاس دابێ، چاوەڕوانی بوو بجووڵێ تا زوو پەلاماری بدات و لەناوی بەرێ.. فەرمانی گوللە بارانکردنەکە بەوردە گۆڕانکارییەکەوە ئەنجام بدات، هەر دەبێ لەناو ببرێن، کەس لە چۆنیەتی لەناوبردنیان ناکۆڵێتەوە، خۆ ئەگەر پرسیاریش بکەن.. پەلامار دراوە و بەرگریی لە خۆی کردووە..!

(گرێبەر) دەیزانی کە (شتاین بێرنەر) لە بیانوو دەگەڕێ، بەڵام نەیدەزانی ئایا تەنها بۆ پتر چەوساندنەوەی دیلەکەیە، یان بەو نیازەیە بیهرووژێنێ تا دەست بکاتەوە و ئەمیش دەستبەجێ بیکوژێ.. کردەوەکەی لەپەنا بەهانەیەکی یاساییدا بنوێنێ..

دیلەکە نەجووڵا، بەدەم و ڕدێنێکی خوێناوییەوە دەینواڕییە (شتاین بێرنەر)، (گرێبەر) بیری کردەوە.. (لە جێی ئەو دیلە بوایە، چی دەکرد؟.. ڕاستەوخۆ پەلاماری شتاین بێرنەری ئەدا و لە پێناوی تۆڵە سەندنەوەی زللەیەکدا خۆی بەکوشت ئەدا؟.. یان لە پێناوی چەند ساتەکەمێکی دیکەی ژیان ملکەچ دەبوو؟.. هەر بیری کردەوە، بەڵام نەگەیشتە ئەنجام..).

دیلەکە لەسەرخۆ دانەوییەوە، دەستی دایەوە خاکەنازەکەی، هەردوو گوێچکەی (شتاین بێرنەر) قووت بوونەوە، هەنگاوێک گەڕایەوە دواوە، ئامادە وەستا، پیرەمێردەکە ڕاست نەبۆوە، هەر بە کۆماوی کەوتەوە خاک هەڵکۆڵین، (شتاین بێرنەر) بەقێز لێ کردنەوەیەکەوە فەرمانی پێدا:



– دەی لە ناوچاڵەکەدا درێژ بە (کەوتە پێکەنین).

پیرەمێردەکە خاکەنازەکەی فڕێ دا، لەناو چاڵەکەدا لەسەر پشت درێژ بوو، جووڵەی لەخۆی بڕی، (شتاین بێرنەر) گورج هاتە سەر ڕۆخی گۆڕە هەڵکەندراوەکە، یەک دوو کلۆ بەفری لەژێر پێدا ترازا، بەسەر دیلەکەدا بەر بوونەوە، (گرێبەر) پرسیاری کرد:

– درێژییەکەی تەواوە؟

– تەواوە .. (ڕایکە)ش هەر ئەوەندە درێژە.

دیلە پیرەکە چاوی بڕیبووە ئاسمان قووڵ تێی دەڕوانی، چاوەکانی وەک لەو ڕەنگەی ئاسمانیان تێڕژابێت، لە جاران هێورتر و شینتر بوون، هەناسەی لەخۆی بڕیبوو، مووەکانی ڕدێنی دەلەرزین.. (شتاین بێرنەر) نەڕاندی بەسەریا:

– وەرە دەرەوە.

پیرەمێردەکە لە چاڵەکە هاتە دەرەوە، هەموو گیانی لە قوڕ نشتبوو..

– ئێ.. ئەمجا چی بکەین (چاوی بڕییە ژنەکە).. دەی ئەوەی خۆشتان هەڵکەنن، پێویست ناکات زۆر قووڵ بێ، چی تێدایە ئەگەر جڕوجانەوەری ئەم دەشتو دەرە، بڕێ لە گیانتان بپچڕن..

***

خۆر هەڵنەهاتبوو، هێڵێکی کاڵ سەرتاسەری ئاسۆ تاریکەکەی گرتبۆوە، بەفرەکە بەستبووی، لەژێر پێیاندا خرمەی دەهات.. گۆڕەکان ئامادە و چاوەڕوان گەرووی ڕەشیان کردبۆوە، (ساور) وتی:

– کارێکی قەڵب و ناڕەوایە؟.. بۆ بەئێمەی دەکەن، ئەمە کاری تیپەکانی هەواڵقۆزییە(٥)، ئێمە جەنگاوەرین دەبێ کاری خاوێنمان پێ بسپێرن..

(گرێبەر) تفەنگەکەی بەسستییەکەوە بڵند کردەوە.. ئاسنێکی تەزیوی ساردوسڕ بوو، دەستتکێشەکانی کردە دەستتی، بیری دەکردەوە.. (..پیاوانی هەواڵقۆزی؟! لە پەناگەکانی دواوە خۆیان حەشار داوە.. سەریان قاڵە، لەبەر ئەوانەی خۆمان نایان پەرژێتە سەر کەسێکی دیکە..).

دەستتەی گوللەبارانکردنەکە یەک یەک پەیدا بوون، گرد دەبوونەوە، تەنها (شتاین بێرنەر) خەو بەری دابوو، تێر خەو ببوو، سەرکوڵمەکانی ئاڵو گەش بریقەیان دەهات، لە منداڵێکی تێری بێ خەم دەچوو.. وتی:

– تکایە بەر لەهەموو شتێک هەلێکم بەتەنها لەگەڵ مانگاکەیان بۆ بڕەخسێنن.

(ساور) خێرا وەڵامی دایەوە:

لەکەڵ گرتن بۆتەوە، دەبوایە زووتر خەمت بخواردایە.

(ئێمەرمان) بۆی سەندەوە.

– هەوڵی دا بەڵام پێی نەکرا.

(شتاین بێرنەر) تووڕە بوو:

– چۆن زانیت..؟ تۆ بۆت سازدام؟

– هەر نەیوێرا بەلایا بچێ.
– تۆ زەلامێکی هەڵەوەڕی هیچ و پووچیت، ئارەزووم لێ بوایە چیم بویستایە دەمکرد.
– وایان گوت!!
(ساور) بەدەم قرتاندنی پارچەیەک تووتنی جووینەوە(٦) وتی:
– بیبڕنەوە ئیتر، ئەگەر مەبەستی ئەوەیە بەخۆی گوللەبارانی بکات با بفەرموێ، بەش بەحاڵی خۆم ڕێگەی لێ ناگرم..
(گرێبەر)یش وتی:
– منیش.
ئەوانی دیکە هیچیان نەگوت..
سروشت ڕووناکتر بۆوە، (شتاین بێرنەر) تفێکی کرد و وتی:
– ئەم هیچ و پووچانە ئەو گوللانە ناهێنن کە پێیانەوە دەنێین، چاتر وابوو بە قەنارەدا بکرێن..
(ساور) چاوێکی خێرای بەو دەورو بەرەدا گێڕا، هەر زوو بە تەوسێکەوە وەڵامی دایەوە:
– تەماشاکە بزانە درەختێک بەپێوە ماوە تا قەنارەی پیا هەڵخرێ؟.. یان گەرەکتە سەکۆ و سێدارەیەکی تایبەتیان بۆ دامەزرێنین.. وا بزانم ئەمەش کارێکە دەری ناهێنێ.. دەستبڵاوییە.
(گرێبەر) وتی:
– ئەوەتان.. دەرکەوتن.

***

(میکە) دیلەکانی دابووە پێش خۆی، بەڕیز دەهاتن، دوو سەرباز لە پێشەوە، دووانی دیکەیش لە دواوە پاسیان دەکردن، پیرەمێردەکە لە پێشەوە، ژنەکەیش بەدوایا ئەمجا دوو لاوەکە.. بەبێ ئەوەی کەسێک فەرمانیان پێ بدات، لە بەردەم چاڵەکەدا ڕاوەستان، ژنەکە بەر لەوەی لابکاتەوە تەماشایەکی بەر پێی خۆی کرد، لە زەمین ورد دەبۆوە.. کراسێکی خوری ڕەنگ سووری لەبەردا بوو..
(میلەر) لە نووسینگەی فەرماندەی تیپەکەیانەوە دەرکەوت، بۆ لای ئەمان هەنگاوی نا، فەرماندەی لقی یەکی تیپەکە بوو، دەبێ ئەم سەرپەرشتی گوللەبارانەکە بکات... هێشتا لەوەدا مابوون، خاڵ بەخاڵ پەیڕەوی نەریتەکانی ئەم جۆرە کردەوانە بکەن!.. دیلەکان بەتاوانی پەیوەندی کردن بەپارتیزانە ڕووسەکانەوە تاوانبار کرابوون.. لەوەیش دەچوو وا نەبێ..! بەڵام لایەنە تایبەتەکان ئەم تاوانەیان بەسەردا سەپاندبوون، مافی ئەوەشیان پێ نەدابوون بەرگری لەخۆیان بکەن.. فەرمانی لەناوبردنیان دراوە.. ئیتر وەک بەلای دیلەکانەوە گرینگ بێ، دەبێ بە چاودێری ئەفسەرێکەوە گوللەباران کرێن..!
(میلەر) چاوێکی خێرای پیادا گێڕان، ئەمجا کەوتە خوێندنەوەی بڕیارەکە.. تەمەنی بیست و یەک ساڵ زیاتر نەدەبوو، هەمووی شەش هەفتەبوو گوێزرابۆوە ئەو بەرەیە.
(گرێبەر) لە ئافرەتەکە ورد دەبۆوە، بەکزی لەبەردەم چاڵەکەدا وەستا بوو، خانمێکی لاوی جەستە پتەو بوو، بۆ سک و زا هاتبووە ژیانەوە، لەوەی (میلەر) دەیخوێنییەوە حاڵی نەدەبوو، بەڵام دەیزانی بڕیاری لەناو بردنیانە.. دەیزانی کە تەوژم و تینی ئەو ژیانە بەهێزەی لە جەستەیا قوڵپ ئەدات هێندەی نەماوە



سڕ بێت، بەڵام زۆریش لە یەکێک نەدەچوو چاوەڕوانی چارەنووسێکی ستەم بێ، ئەگەرچی کزەبایەکی سارد.. جارجارێک مچووڕکی بەگیانیا دەهێنا..
(میکە) شتێکی بەچپە بەگوێی (میلەر)دا دا، ملی قوتکردەوە و نیگایەکی حەپەساوی بڕییە (میکە)و وتی:
– ناکرێ ئەمەی دەیڵێیت پاشان ئەنجام بدرێ؟
– ئێستا ئاسانترە گەورەم.
– چی بەدروست دەزانن وا بکەن!
(میکە) لە پیرەمێردەکە چووە پێشەوە، پەنجەی بۆ پێی یەکێ لە لاوەکان درێژ کرد:
– پێی بڵێ با پێڵاوەکانی داکەنێ.
پیرەمێردەکە بەدەنگێکی کزی بەسۆزەوە فەرمانەکەی گەیاند، لاوەکە تێنەگەیشت.. هەرزەکارێکی هەست ناسک بوو، هۆشی بە لای خۆیەوە نەبوو.. (میکە) داواکەی دووبارە کردەوە:
– دەی پێڵاوەکانت داکەنە.
پیرەمێردەکە داواکەی گەیاندەوە، لاوەکە ئەمجارەیان تێگەیشت.. شڵەژا، وەک درێغی لە ئەنجامدانی کارێکی پێویست کردبێت، گورج کەوتە شلکردنەوەی قەیتانی پێڵاوەکانی، لە پەلە پەلیدا خەریک بوو بەربێتەوە، لەسەر لاقێکی وەستا بوو خەریکی لاقەکەی تری بوو!..
(گریبەر) لەدڵی خۆیدا دەیگوت..(ئەم هەڵپە هەڵپەی لەچییە؟! بۆ ئەوەی زووتر بمرێ!!).. لاوەکە هەردوو دەستێی بە جووتە پێڵاوەکەیەوە بۆ (میکە) درێژ کرد.. جووتێک پێڵاوی چاک و تۆکمە بوون..
(میکە) پەنجەی بۆ لایەک درێژ کرد، لاوەکە پێڵاوەکانی لەوێ دانا.. ئەمجا پاشەو پاش گەڕایەوە ناو هاوەڵەکانی، گێترەیەکی شڕوچەپەڵی لە پووزیەوە ئاڵاندبوو، پەنجە زەردە باریکەلەکانی پێی بەدەرەوە بوون، لە شەرماندا گرژی کردبوونەوە..
(میکە) چاوی بە دیلەکاندا گێڕایەوە، ژنەکە جووتێ دەستەوانەی خوریی لەدەستێدا بوو، ئەوانیش چوونە تەک پێڵاوەکانەوە.. چاوی لە کراسە سوورەکە نە ئەترووکاند.. یان لە (ڕاهی) دەترسا لە پەنجەرەی نووسینگەکەیەوە چاوی لێبێ بێ، یان لەبەر ئەوە بوو کە نەیدەزانی چی لەو کراسە بکات.. بۆیە داوای لە ئافرەتەکە نەکرد کراسەکەی داکەنێ، گەڕایەوە دواوە، ژنەکە تووڕە بوو، شتێکی بەدەمدا هات، ڕوخساری (میلەر) سپی هەڵگەڕا، یەکەم جاری بوو کاری وا ئەنجام بدات، بە پەشۆکاوییەکەوە پرسیاری کرد:
– بزانن چی دەوێ؟
پیرەمێردەکە وەڵامی دایەوە:
– هیچی ناوێت.. دوعاتان لێدەکات..
(میلەر) تێنەگەیشت..
– چی..؟!
دیلە پیرەکە دەنگی بڵندتر کردەوە:

– دوعاتان لێدەکات.. لە هەموو ئەڵمانییەکی دەکات ئاوەها وەکو ئێوە هاتبێتە خاکی ڕووسیاوە، دوعا لە ماڵ و منداڵتان دەکات، لەخودا دەپاڕێتەوە کە یاریدەی منداڵەکانی بدات تۆڵەی ئەمەی بەئێمەی دەکەن لە منداڵەکانتان بسێننەوە..

(میکە) بە ڕوویەکی گرژەوە لە ژنەکە تووڕە بوو:

– هەی چەقاوەسووی بێ ئابڕوو.

پیرەمێردەکە لەسەری ڕۆیشت:

– دوو منداڵی هەیە.. منیش سێ.

(میلەر) نەڕاندی:

– بەسە (میکە).. لەگەڵیان مەڵێ، خۆ ئێمە قەشە نین گوێ لە سەربوورنامەی ژیانیان بگرین..!

سەربازەکان چوونە باری ئامادەباشییەوە، (گریبەر) دەستتی بە تفەنگەکەیدا دەهێنا، دەستەوانەکانی لەهەردوو دەستتی داکەند، پەنجەکانی لە پۆڵا تەزیوەکەوە ئاڵان، (هیرشمان)ی لەتەنیشتەوە بوو، ڕەنگی تێک چووبوو، بەڵام دانی بەخۆیدا گرتبوو، (گریبەر) دیلەکەی لای چەپەوەی دەستتنیشان کرد، جاران کە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە کردەوانە دەبوونەوە، گوللەکانی بەبۆشاییەوە دەنا.. بەڵام بێ سوود بوو، هەر دەبوایە کارەکەیان ئەنجام بدایە.. ئاکامەکەی گەیشتە ئەو باوەڕەی تا زووتر لەناو برێن چاترە لەوەی چەند جارێک گوللەباران بکرێنەوە.. ژنێکی هاتەوە یاد، نەیان پێکا، ئەویش لەسەر هەردوو ئەژنۆ بەدەم گریانێکی بەکوڵەوە سوپاسی ئەو بوارە کورتەی دەکردن کە لە ژیاندا پێیان دایەوە.. بیرەوەرییەکی تاڵە، هەرگیز لەیادی ناچێ.. بۆیە هەمیشە مەبەستێتی جارێکی دی ڕوونەداتەوە.

***

بەسەر ستێرەی تفەنگەکەی دەموچاوی پیرەمێردەکەی کردبوو بەدوو بەشەوە، لوولەکەی نەوی کردەوە.. جارێکیان شەویلگی یەکێکی هەڵتەکاند، گیانی هەر دەرنەچوو!.. سینگ.. سەر سینگ چاکترین جێیە، چاوی لە (هیرشمان) بوو لوولەی تفەنگەکەی بڵند ڕاگرتووە، بەچپە پێی گوت:

– ئاگادار بە، (میکە) چاوی لێتە، نەوی ڕایگرە، ئەگەر مەبەستتە نەیپێکی تەقە بەلایدا بکە.

فەرمانێکی شوومیان بەدەنگێکی کپ هاتە گوێ:

– تەقە بکەن.

پیرەمێردەکە وەکو باڵ بگرێتەوە، ڕەتێکی دا و کۆمایەوە، لە وێنەیەکی نێو ئاوێنەیەکی ڕووچاڵ دەچوو.. ڕما، نیوەی لەشی بەچاڵەکەدا شۆڕبۆوە.. دوو لاوەکە لەجێی خۆیاندا تەپین، پێ ڕووتەکەیان ویستی دەموچاوی بەدەستتی بپارێزێ، گوللەیەک باسکی هەڵتەکاند، وەکو قۆڵی داهۆڵە شڕێک شۆڕبۆوە، (میلەر) لەیادی چوو بەر لە گوللەبارانکردنیان چاو و پەلیان ببەستێتەوە! ژنەکەش لەسەر دەم کەوت، بە لەپی هەردوو دەستتی توند لە زەمینی دا.. چنگی بە قوڕەکەدا کرد، شان و گەردنی بڵند کردەوە، چاوێکی تووڕە و سامناکی لێ زەق کردنەوە..

(شتاین بێرنەر) گەشتر بۆوە، ئەو تەقەی لێکردبوو.. لەپڕێکا! پیرەمێردەکە تەکانێکی بەهێزی دا لە چاڵەکە دەرپەڕی! کەوتە سەر لا و گیانی دەرچوو، ژنەکە بەو شێوەیەی خۆی ڕاگرتبوو مایەوە، دەموچاوە



پانەکەی بڵندتر کردەوە، وەکو مار دەیفیشکاند، شتێکی بەدەم نووزەیەکی گڕەوە لە دەم دەرچوو، لێی تێنەگەیشتن.. توانای خۆ ڕاگرتنی پسا، لەسەر دەم تەخت بوو. چەناگەی لە زەمینەکە گیرکرد و زەق هەردوو چاوی تێبڕین، چاوی نەئەترووکاند، هەناسەی شپرزەی تا دەهات توندتر دەبوو، چاوی لە (میکە) نەبوو لابەلایی لێی نزیک دەبێتەوە، هەر دەیفیشکاند و دەیفیشکاندەوە، کاتێکیش هەستی بە لوولەی دەمانچەکەی (میکە) کرد لە پەناگوێیەتی، دوا توانای خستەکار، لە پڕێکدا ملی بادا و قەپێکی بە مەچەکی (میکە)دا کرد، (میکە) ڕاچڵەکی، کەوتە جنێودان.. مشتێکی تێسرەواند و مەچەکی لەنێو ددانەکانی قورتار کرد و خێرا گوللەیەکی نا بە گەردنییەوە..

(میلەر) تووڕە بوو:

– چییە دەڵێی قەت تەقەتان نەکردووە؟

– هیرشمان بوو.

(گریبەر) هەڵیی دایێ:

– نە ء ئەو نەبوو.

(میکە) تووڕە بوو:

– بێدەنگ بن، تا پرسیارتان لێ نەکرێ ورتە لە دەم کەستانەوە نەیێت، (نواڕییە «میلەر»، سپی هەڵگەڕابوو.. گەڕایەوە نێو تەرمەکان، یەک بەیەک لێیان وردبۆوە، گوللەیەکی نا بە پەنا گوێی یەکێکیانەوە، کەللەی لەرییەوە هەر زوو سڕ بوو)..

(میلەر) بە میکەی گوت:

– جێی ئەو ددانانە دەرمانکە.. کوا دەرمانخانەکە لە کوێیە؟

– سێهەم خانووە لای چەپەوە، گەورەم.

– بچۆ دەستتت تیمار بکە.

(میکە) دوور کەوتەوە، (میلەر) لە گوللەبارانکراوەکان ورد دەبۆوە، ژنەکە لەسەر سک بەخاکەوە لکابوو.. لە ناکاودا لایەکی لە سەربازەکان کردەوە، بەجووتێ چاوی زەقەوە تێیی خوڕین:

– دەی گەمژانە، هەر ئێستا دەبێ بیاننێژن..

نەیانزانی (میلەر) بۆچی وا لەپڕ لێیان تووڕە بوو؟

---

١- هێزەکانی شڵێوە: (قوات العاصفة) هێزە تایبەتەکانی نازی.

٢- خاچی سوارچاکی: جۆرێک میدالیای سەربازی ئەڵمانی بوو.

٣- پاسدارانی نیشتمانی: یەکێ بوو لە ڕێکخراوە سامناکە سیخوڕییەکانی نازی.

٤- پێشەوا: مەبەست هیتلەرە.

٥- هەواڵگۆزی: استخبارات.

٦- تووتنی جووین: جۆرێک تووتنی خۆشکراوە لەبری جگەرە وەکو بنێشت بەکاردێ..

## 2

ئەو شەوە، زرمە وناڵەی تەقینەوەکان تا دەهات خەستتر دەبوونەوە، ئاسۆ شێواوەکە سوور هەڵگەڕابوو، بریسکەی وەشاندنی گوللە تۆپەکان، بنکەی تۆپخانەکانی لەو تاریکە شەو دا ئاشکرا دەکرد..

تیپەکەیان لە یەکێ لە هێڵەکانی پێشەوە گوێزرابۆوە دواوە، وەکو هێزێکی یەدەگ لەو گوندە گلدرابوونەوە.

هێڵەکان شێوا بوون، هەڵوێستەکەش لەدەست چوو بوو، هیچ یاسا و ڕێسایەکی سەربازی تێدا نەمابوو، ڕووسەکان بەبێ وچان هێرشیان دەهێنا، هەموو شتێک ئاڵۆزابوو، تەنانەت پاشەکشەکەشیان ببووە گەڕەلاوژەیەکی بێ سەروبەر..

(گریبەر) لە پەناگەکەی تیپەکەیاندا پاڵی لێدابۆوە، گوێی لەو ژاوە ژاوە دوورە دەگرت.. هەردوو چاوی کردەوە، هەر گوێی دەگرت.. هەوڵی دا بخەوێ، نەیتوانی، ناچار ڕاستبۆوە و پۆستاڵەکانی کردەوە پێی، لە پەناگەکە هاتە دەرەوە، ئەستێرەکان بەسینگی ئاسمانێکی ساماڵەوە دەبریسکانە، شەوێکی ساردوسڕ بوو، فیشەکە پڕشنگدارەکان[١] وەک ماسیی بریقەدار بەئاسماندا هەڵدەگەڕان، بە بەرزییەوە زەمینیان ڕووناک دەکردەوە، تیشکە پشکنەرەکانیش[٢] پانتاییە تاریکەکانی ئاسمانی شەویان دەپشکنی.. لەدووی فڕۆکە دەگەڕان..

دەنگی یەکێکی لە نزیکەوە هاتە گوێ:

– شەوەکەی خۆشە، بەتایبەتی بە لای یەکێکەوە نۆرەی مۆڵەتی چوونەوەی وڵاتی هاتبێتە سەر.

لە تارماییەکەی لێی نزیک دەبۆوە ورد بۆوە، (ئیمەرمان) بوو.. ئەگەرچی تیپەکەیان کرابووە هێزێکی یەدەگ و لە ڕیزەکانی دواوە بوون، بەڵام چەتەگەرە ڕووسەکان زوو زوو پەلاماریان دەدان، بۆیە ئەمانیش ناچار بوون بە درێژایی شەو ئێشک بگرن پاسەوانی بکەن..

(ئیمەرمان) وتی:

– بۆچ وا زوو هاتیت، هێشتا نۆرەکەم نیوسەعاتی ماوە، بچۆ بخەوە، کەی نۆرەکەم تەواو بوو، خەبەرت دەکەمەوە، پیاو لە تەمەنی تۆدا هەر کاتێک ئارەزووی لێی بێ، خرپ دەخەوێ.. تەمەنت چەندە.. بیست و سێ ساڵ؟

– بەڵێ.

– باشم خەملاند.. وا نییە؟

– خەوم زڕاوە، بێدارم..

– چییە؟ چاوەڕوانیی مۆڵەتەکەیە؟.. (ئیمەرمان لە گریبەر ورد دەبۆوە، وەکو بیەوێت ناو دەروونی بخوێنێتەوە قووڵتر تێی ڕوانی).. شانست هەیە، هەلێکی باشت بۆ ڕەخساوە، لەکاتی خۆیدایەتی.

– بەتەمای نیم، ئەمجارەش هەڵدەوەشێتەوە، هەتا ئێستا ئەمە سێ جار بەتەمابم و هیچ..

– بلێیم چی؟.. کەی مافی خۆتە بچیتەوە؟

– دەبوایە شەش مانگ لەمەوبەر بوایە، دواجار کە بەتەما بووم بریندار کرام، زامەکەمیان کردە



بەهانەی ڕێ نەدانم، گوتیان بەرگەی هەڵتەک هەڵتەکی ئەوڕێوبانە ناگرێ!

– بەهەرحاڵ، ئومێدێکت هەر هەیە.. بەڵام من نەء! بگرە هەر بەتەمانیم ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوم بە وڵات بکەوێتەوە.

– بۆچی؟

– کۆنە سۆشیالیستم، ئێمەو مانان هەمیشە گومان لێکراوین، بۆمان هەیە خۆمان بەکوشت بدەین، بچینە ڕیزی دلێرانەوە، لەوە زیاتر، نەء..! قەڵغانی نازی و ڕژێمین، نێچیری بەر لوولەی تۆپەکانین، کاتێکیش تەواو دەبین دەبینە کوودی گەشەپێدانی ڕایخی هەزار ساڵە[٣].

(گرێبەر) چاوێکی بەترسەوە بە دەوروبەریا گێڕا، (ئێمەومان) دایە قاقای پێکەنین:

– چیە دەترسیت؟.. ترسە ئەڵمانییە حەیاتەکەیە.. مەترسە کەس گوێی لێمان نییە، گشتی داخ لە دڵ و بێزارە، (شتاین بێرنەر)یش لەم خەمانە بێ بەش نییە..

(گریبەر) پەست بوو:

– من ناترسم.. (ڕاستی نەدەکرد.. دەترسا!)

(ئیمەرمان) هەر پێدەکەنی:

– ترس و گومان بوونە خوویەکی بنەڕەتی ژیانمان، تێکەڵاوی خوێن و مەغزمان بووە، سیخوڕانی ئەم سەردەمەی سەردەمی نەبەردانمان ناوناوە، لە هەموو جێیەکدا هەن، وەکو قارچک لە ناکاودا هەڵئەتۆقێن.. گوزەرانێکی سەرنج ڕاکێشەرە، تێڕوانینێکی وردی پێویستە.. ئەی وا نییە؟

(گریبەر) بەدوو دڵییەکەوە وەڵامی دایەوە:

– کە هەموو ئەمانە دەزانیت، بۆ خۆت لە (شتاین بێرنەر) ناپارێزیت؟

– سەری دای لە بەرد، ناتوانی هیچم لێبکات، من وەکو ئێوە نیم، پیاوێکی هەڵەوەڕم، چی بە دەممدا بێ دەیلێیم، پیاوی زۆر بلێ قسەی ناخوات، ئەوان گومان لە سەگێک دەکەن کلک بلەقێنێ، من دەوەڕم.. حەپەم زۆر دێت.

(گرێبەر) فوویەکی بە مشتیا کرد:

– ساردی کرد.

خۆی لە ئاخاوتنەکە ئەدزییەوە، نەیدەویست لەو بوارانە بدات، تەنها مەراقی مۆڵەتەکەی بوو لە دەستتی نەچێ، (ئیمەرمان)یش ڕاستی دەگوت.. گومان چاندن لەنیو کۆمەڵدا بەکارترین چەکی ڕایخی سێهەم بوو، بۆیە مرۆ لەهەر کوێ و هەر لایەک بوایە، هەستی بە ئارام و ئاسایش نەدەکرد، مرۆڤیش کاتێک لە ئاسایشدا نەبوو.. سڵ دەکاتەوە و دەترسێ.. کە ترساش دەم بەستە و لاڵ دەبێ..!

(ئیمەرمان) پرسیاری لێ کردەوە:

– لەکەیەوە نیشتمانت نەدیوە؟

– دوو ساڵ دەبێ.

– دەمێکە..! (بیری کردەوە).. کاتێ دەچیتەوە، لەوەی دەیبینی سەرت دەستوڕمێ (گرێبەر هیچی نەگوت، ئیمەرمان لەسەری ڕۆیی).. گۆڕانکارییەکی گەورە بەو چاوانەی خۆت دەبینی.

– چی گۆڕاوە و چی نەگۆڕاوە؟

– هەموو شتێک، با بچیتەوە ئەوسا دەزانی..

سامێکی گەورە کەوتە دڵی (گرێبەر)ەوە، بوو بەژانێک گەدەی دەستمی، ماوەیەکە گیرۆدەی خەمێک بووە، زوو زوو بەرۆکی دەگرێ، شتێکە هەمیشە ئامادەیە ئامبازی دڵ و دەروونی بێت!.. وادەیەکە ترس و گومان بوونەتە ئاکاری ئەم جیهانەی دەمێکە ئاسایشی لێبڕاوە..

– چۆن ئەزانی کە هیچ لەجێی خۆیدا نەماوە، لەوێ بوویت؟

– لەوێ نەبووم، بەڵام دەزانم.

(گرێبەر) بیری دەکردەوە.. (بۆ هاتە لای ئیمەرمان؟ ئارەزووی دواندنی کەسی نەبوو، دەیویست تەنها بێت.. خۆزگە مۆڵەتەکەیان پێ ئەدا، ئەوسا ماوەی دوو هەفتەی تەواوی بەتەنها دەبردە سەر، دوو هەفتەی ڕەبەق بە ئارەزووی خۆی بیری دەکردەوە، نەخێر هەموو ماوەی مۆڵەتەکەی هەر بەبیرکردنەوە دەبردە سەر، گەلێکن ئەو شتانەی پێویستە بیریان لێ بکاتەوە.. لەو شتانەی کە لێرە نین، لە نیشتمانن.. دەر لەم جەنگ و وێرانکاری و کوشتارەن..).

بە (ئیمەرمان)ی وت:

– ئیتر نۆرە پاسی منە.. دەچم (ساور)یش خەبەر دەکەمەوە..

تۆپەکان بەپانتایی سنوورەکانی ئەو شەوە زرمەیان دەهات، ورشەی تەقینەوەکان و ئاسۆ شێواوەکە هۆش و سەرنجی (گرێبەر)یان بەخۆیانەوە گیرۆدە کردبوو.. (..ڕووسەکان! پێشەوا لە پاییزی ١٩٤١دا وتی بەزین.. لەوە دەچوو وابێ، لە پاییزی ١٩٤٢دا ئەمەی دووپات کردەوە، هەر لەوە دەچوو ڕاست بکات.. کاتێکیش مۆسکۆ و ستالینگرادیان گەمارۆدا، باوەڕیان بەخۆ نەبوو!، بەڵام لەپڕێکدا، وەک کەوتبنە داوێکی تەلیسماوییەوە، توانای بەرەو پێشەوەچوونیان لێ بڕا، ڕووسەکان بەجارێک پڕ چەک و تفاقی جەنگی بوون، زرمەی تۆپەکانیان هیتلەری بەدرۆ خستەوە، ئیتر نشوستی بووە هاوەڵی بەردەوامی ئەڵمانیا، دژە هێرشی بێ وچانی ڕووسەکان هەڵیتەکاندن، هەر لەو ڕۆژگارە دژوارانەدا پڕوپاگەندەیەکی زۆر بڵاوبۆوە، وەکو ئاگر تەشەنەی کرد، لە گوێی هەموو سەربازێکی ئەڵمانیی ئەدا، (لەشکرەکانیان گەمارۆ دراون، هەر لە سەربازەوە هەتا سەرلەشکران بەهەزارانیان لێ بەدیل گیراوە.. وەکو ئەفریقیایان بەسەر هات، کاتێک گەیشتنە بەر دەروازەکانی قاهیرە و لە ناکاودا پاشەکشەیان کرد..).

هەناسەی شەو سروشتی پتر لێڵ کرد، بریسکەی لە شەختە و سەهۆڵبەندانەکە بڕی، خانە و کوختە وێرانەکانی گوندەکە، دوورتریان دەنواند، بێشە و دارستانەکانیش نزیکتر.. هەستەکانی ترس و نامۆ بوون تێکەڵاو ببوون، بەیەک بۆ، وەکو بۆکڕوزی ئاگرێکی نادیار لە هەموو لایەکەوە دەهات و بەهەموو لایەکدا بڵاو دەبۆوە..

..(هاوینی ١٩٤٠ -فەرەنسا، ڕێی پاریسیان گرتبووە بەر، شریخەی (یۆنکەرزی ٨٧)(٤) ئارامی لەو وڵاتە شێواوە هەڵگرتبوو، ڕێویانەکان ئاڵۆزابوون، میللەتە پەروازە خانە بەکۆڵەکە و سەربازە هەڵاتووەکانی سوپای بەزیوی فەرەنسا لە هەموو لایەکەوە دەهاتن و دەچوون، نەیاندەزانی ڕوو بکەنە کوێ؟.. ئاکامیان چییە؟.. لە هەڕەتی حوزەیراندا، ئەڵمانەکان بێباک و بێخەم بەبێشە و کێڵگەی گوندە



وێران نەکراوەکاندا ڕەت دەبوون، ئاکامەکەشی شارە بەناوبانگەکەی هونەر و ڕۆشنبیری بەهەموو شەقام و ڕیستوران و ڕووناکاییە زیوینیەکانیەوە بەبێ تەقە داگیرکرا.. هەموو ئەوانەی بەلاوە ڕەوا بوو، ئەڵمانیا بەرگری لە مافەکانی دەکرد! دەبوایە بەزەبر و هێزی ڕۆڵەکانی لە گەرووی دوژمنە شەڕخوازەکانی دەربێنێتەوە..!).

ئەو دەمە وا بیری دەکردەوە!.. ئەمجا لەبەر چڕە ئەستێرەی شەوگاری بێگەردی بیابانە بێ سنوورەکانی ئەفریقیادا، تانک و زریپۆشەکانیان بەبێ وەستان بەرەو پێشەوە گوڕیان دابووە خۆ، هەموو کۆسپو تەگەرەیەکیان دەشێلا، باکووری ئەفریقیایان بەجارێک ڕامالّی، کاتێکیش شەپۆلی هێرشەکەیان ڕاگیرا و پاشەو پاش گەڕانەوە.. خەمی نەبوو، هیچ مەترسییەک لەسەر سنووری نیشتمان نەبوو.. بیابانێکی بەرین و دەریایەکی فراوان، ئەمجا فەرەنسا، لەنێوان دوژمنان و ئەڵمانیادا بوو، تێشکانەکەی ئەفریقیای ئەوەندە بەلاوە ستەم نەبوو، گرینگ ئەوە بوو خاکی ئەڵمانیا لەچنگو چەمۆڵەی جەنگ بەدوور بێ.. بەڵام ڕووسیا هاتە کایەوە، ڕووسیای هەڵاتن و غاردان، لێرە سنوور بەسنوورەوەیە، دەرگا بەدەرگاوەیە، پاشەکشەکە یەکسەر بۆ ناو ماڵە، ڕێ و بانەکان ڕاستەوخۆ بەرەو نیشتمانن، هێزەکەی ڕووسیایان لە گردکردنەوەی چەند تیپێکی ئێرە و ئەوێ پێک نەهاتبوو، لەشکرە شکستەکەیان کاکڵەی هەموو هێز و توانا جەنگاوەرییەکەی ئەڵمانیا بوو!

هەتا دەستباڵاش بوون هەموو کردەوەیەکیان بەلاوە ڕەوا بوو! کردەوەکانیان لە ژوور ڕەخنە و توانجەوە بوون، هەگبەکەی (گۆبلز)(٥) پڕی لە بەهانە و پاساو بوو، دانەدەمان.. ئەوەی بە ڕووسیایان دەکرد لە پێناوی هێنانە دیی ئامانجی مەزنی ئەڵمانیا بوو..! ئامانجی مەزن؟.. کام ئامانج، ئامانجە دووڕووەکەی کە ڕووە شاردراوەکەیان وێنەی گشت کردەوە ناڕەواکانی دژ بەمرۆڤ و مرۆڤایەتی تێدا مۆڵ ببۆوە؟.. هەتا ڕووسیای نەدی، هەستی پێ نەکرد، بۆیە ئەم گومان و ڕاراییی و بێزکردنەوەیەی ئێستای لە هزردا نەبوو.. جاران هەستی پێ نەدەکردن، هەر بەبیریا نەدەهاتن.. نەخێر، هەستی پێ دەکردن، بەڵام خۆی لێ گێل دەکردن.. ئەو دەمە توانای خۆ گێل کردنی هەبوو..!

کۆکەی یەکێکی هاتە گوێ، (ساور) بوو لە نێوان هەندێ خانووی سووتاوەوە دەرکەوت، لای خۆیەوە دەستتی بۆ دوور درێژ کرد، ئاگرێکی گەورە بەرببۆوە، گرمەی چەند تەقینەوەیەکیان هاتە گوێ، ورشەی بڵیسە و کڵپەی ئاگرەکەیان لێ دیار بوو.. پرسیاری لێ کرد:

– ڕووسەکانن.

– نەء، تیپەکانی پێشەوەمانن، گوندەکان دەستووتێنن.

– مانای وایە دیسان قۆناغێکی دیکە پاشەکشەمان لەبەردایە..

خۆیان مت کرد، گوێیان دەگرت، پاشان (ساور) وتی:

– نایەتەوە بیرم کەی خانوویەکی ساغم دیوە..

(گریبەر) پەنجەی بۆ نووسینگەکەی سەرتیپەکەیان ڕاکێشا:

– ئەوە یەکێکە.

– کامە؟!.. ئەی ئەو هەموو کونو دەلاقە و بانە تەپیوە چییە.. (هەناسەیەکی هەڵکێشا)..

دەمێکیشە شەقامێکی پوخت و خاوێنم نەدیوە.

– منیش.

– بەم زووانە ئەو شتانە بەچاوی خۆت دەبینی.

– بێ گومان وایە.. دەبێ سوپاسی یەزدان بکەم کە هەلێکی ئاوەهای بۆ ڕەخساندووم.

(ساور) دەینواڕییە ئاگرە دوورەکان:

– ئەم وێرانکارییە موچڕک بەگیانما دێنێت، گەلێ جار بیری لێدەکەمەوە، ئاخۆ تۆڵەی ئەم کردەوانەمان چۆن چۆنی لێ بسێننەوە؟.. قەت بیرت لێ نەکردۆتەوە؟

– نەء.

– من زۆر بیری لێدەکەمەوە، کێلگەیەکم لە بروسیا هەیە.. ساڵی ١٩١٤م زۆرباش لەیادە، ڕووسەکان هاتن، ئێمەیش بەسەڵتی هەڵاتین، هەموو شتێکمان جێهێلا، ئەو دەمە دە ساڵان بووم.

– هێشتا لە نیشتمانەوە دوورن.

– دووری و نزیکی بەگەلێ شتەوە بەندن، خۆمانت نایەتەوە یاد، چۆن لە ماوەیەکی کەمدا ئەو بوارە دوور و درێژانەمان لە قووڵایی ڕووسیادا بڕی؟

– ئەو کاتە من لە ئەفریقیا بووم.

(ساور) نواڕییەوە دوور، هێڵێکی ئاگرین سنووری ئاسۆی کێشابوو، زرموهۆڕی زنجیرەیەک تەقینەوەی گەورەیان هاتە گوێ..

– ئێ خۆ ئاگاداریت چی دەکەین؟.. ئەگەر ئەوانیش بەگوێرەی ئەم کردەوانەی ئێمە تۆڵەمان لێ بسێننەوە.. پێم ناڵێیت چی بەسەر چییەوە دەمێنێ؟

– ئەوەی لێرە دەمێنێ، لای ئێمەش دەمێنێ.

– ڕاستە وایە، بۆیە لێم بووەتە خەمێکی گەورە و لە کەللەمدا پەنگ دەخواتەوە.. ئارامم لێ بڕاوە، تۆ نازانیت ئەمە مانای چییە، مانای ئەوەیە هیچ نامێنێ.

– جارێ لە سنوورمانەوە دوورن، لە کۆڕەکەی دوێنێ ئامانجی ئەم زنجیرە پاشەکشەیەی هێزەکانمانیان ڕوونکردەوە.. هێڵە بەرگرییەکانمان لە یەک نزیک دەکەینەوە، بۆ ئەوەی لە هەڵوێستێکی گونجاوتردا چەکە نهێنییەکانمان بەکار بهێنین، پلانێکی ورد داڕێژراوە، سەرکەوتنی یەکجارەکیی پێ بەدی دێنین.

– ترحیو، کێ باوەڕی بەم قسە هەڵەقومەلەقانە ماوە، ئەگەر وایە بۆ لە سەرەتاوە ئەم پلان و چەکە نازانم چییانەمان بەکار نەهێناوە؟.. نەء، وانییە، بەپێویستیشی دەزانم لە شتێکت حاڵی بکەم، ئەویش ئەوەیە کە هەر ئەوەندەی گەیشتینەوە سەر سنوور دەبێ دەستبەجێ پەیمانێکی ئاشتبوونەوەیان لەگەڵدا مۆر بکەین، لەمە زیاتر هیچ چارەیەکی دیکەمان نەماوە..

– بۆ؟

– ئەمە پرسیارە کابرا؟!.. بۆ ئەوەی ماڵو گوزەرانمان وەکو ئەمانەی ئێرەی بەسەر نەیێت.

– تێدەگەم.. بەڵام ئەی ئەگەر هاتوو بەو پەیمانەی باسی لێدەکەیت قاییل نەبوون، چی بکەین باشە؟

– کێ قاییل نابێ؟



– ڕووسەکان.

(ساور) مۆڕەیەکی لێ کرد و وتی:

– دەبێ قاییل بن، ئێمە پڕۆژەی ڕێکەوتنامەیەکیان ئاڕاستە دەکەین، ئەوانیش دەبێ پێی قاییل بن.. ئاشتی ئاشتییە، کۆتایی بەجەنگ دێنێ، نیشتمانیش لە وێرانی دەپارێزێ..

– کاتێک قاییل دەبن کە ئێمە هیچ مەرجێکمان نەبێ، کورتەی ئەم باسە ئەوەیە کە دەبێ خۆمان بەدەستتەوە بدەین، ئەو کاتەیەش دەست بەسەر هەموو ئەڵمانیادا بەکێڵگەی تۆشەوە دەگرن.. تێگەیشتییت؟!

(ساور) شڵەژا:

– بیرم لەوەیش کردۆتەوە، هەرچی چۆنێک بێ وەکو ئێرەمان بەسەر نایێت (هەردوو چاوی تەسک کردەوە، وەکو هەموو جوتیارێکی دیکە سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی زۆرزان بوو..) بەڵێ هەموو شتێک لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە، ڕۆژێکیش هەر دێ بەرۆکمان بەردەن..

(گرێبەر) هیچی نەگوت، بیری دەکردەوە.. (..نازانم بۆچی زمانی خۆمم پێ ناگیرێ؟ دەمەوێت خۆم لەم جۆرە ئاخاوتنانە بپارێزم، کەچی کاتێک بەخۆم دەزانم جڵەوی زمانم بەرداوە!.. نەخێر بێ سوودە، بەدرێژایی ئەم ساڵانەی دوایی چی نەگوتراوە؟.. گشتی بێ سوودە، ئاکامی زۆر گوتنیش ترسناکە..)

بەڵام هەڵوێستەکە، ئەم کشانەوە بەردەوامەی بەر تەوژمی خێرا خێرای ڕووسەکانیش شتێکی ترسناکە.. سامێکی زەبەلاحە، بەدزە هاتە دڵییەوە، زەبرێکی بێ قەوارە و بێ شێوەیە، ڕووداوێکی ئاکام ڕەشە، باسێکە وەک هیچ باسێکی دیکە نییە! کتوپڕ هات و هەموو باسێکی دیکەی ڕامالّی.

***

(گرێبەر) گەڕایەوە نێو خانووە وێرانەکانی گوندەکە، دەفەی تەختەکان کە بۆ هاتوچۆ لە ڕاڕەوەکاندا درێژ کرابوون، لەژێر پایدا دەخزان، بەفرەکە لە ژێریاندا دەبە ببوو.. چەند جارێک هەڵخلیسکا، هێندەی نەمابوو بکەوێتە چڵپاوە تەزیوەکەوە..

گەیشتە بەر کڵێسەکە، بۆمب گەلێ لای تەپاندبوو، دەرگاکە کرابۆوە، تەرمەکەی (ڕایکە) لە ژوورەوە بوو، بێ لە (ڕایکە) دوو سەربازی دیکەی خۆیان دیبۆوە، یەکێکیان چاوەشێک بوو کەللەی نەمابوو، پێناسەشی لە باخەڵدا نەبوو، بە بەرگەکەی بەریا زانییان لە خۆیانە.. (ڕاهی) فەرمانی دابوو کە هەرسێکیان پێکەوە بنێژرێن..

خۆی بەکڵێسەکەدا کرد، بۆ و بۆساری مەرگی بەسەردا هات!.. چرا دەستتییەکەی هەڵکرد، بازنە ڕووناکەکەی بە تاریکاییەکەدا گێڕا، دوو پەیکەری بەدی کرد، ڕووناکییەکەی لەسەر چەسپ کردن.. (عیسا) و (مەریەم) بوون، (عیسا) بەخاچدا کرابوو.

هەندێ توورەکە و ساکە شڕی دانەوێڵە عەمبار کردنیان لە تەکەوە هەڵدرابۆوە.. گەنجینەی کڵێسەکە بوو، پایسکلە شکاوێکی ژەنگاوی، بەبێ پێچکە و زنجیری ئاژووتن بە دیوارێکەوە هەڵپەسێردرا بوو، گێژی با و زریانیش، بەفری لە دەلاقە و پەنجەرەی هەڵتەکاوەکانەوە هێنابووە ژوورەوە، لە چەند لایەکی عەمبارەکە گرد ببۆوە..

تەرمەکان، لە چەقی عەمبارەکەدا لەسەر پارچە چادرێکی کوندا درێژکرابوون، سارد و مەییو، بەخامۆشی دوور لە هەموو بوون و ڕووداوەکانی گیتی بەبێ باکی ڕاکشابوون..!

پشتی تێکردن، گەڕایەوە دەرەوە، دەرگاکەی بەهێمنی قایم کرد، ڕووی کردەوە دەرەوەی گوندەکە، تارمایی کەلاوەکان لەنێو ڕووناکاییە فیلبازەکاندا، دەلەرزین..! بە تەپۆلکەکەدا هەلگەڕا، گۆڕەکەی (ڕایکە) فراوانتر کرابوو، جێگەیان بۆ دووانی دیکە خۆش کردبوو، بەفرەکە دەتوایەوە، تک تک دەڕژایە چالەکەوە، بریسکەیەکی کز لە گلە هەلدراوەکەوە دەهات، خاچێکی دارین لە تەنیشتیەوە دانرابوو.. شتێکی زیادە بوو، بۆ ماوەیەکی کەم، چەند ڕۆژێک بەپێوە دەمێنێ.. ئەوپەڕەکەی تا ئەو کاتەی گوندەکە جارێکی دیکە دەبێتەوە گۆڕەپانی مەرگ و تەقینەوە..

لەو بەرزاییەوە نواڕییە گوندەکە، وێرانەیەکی خاکەسار و ڕووتەنییەکی بە پێچوپەنا بوو، شەو سروشتی پێچابووەوە، هیچ دیمەنێکی ئاسایی نەبوو، سارد و تاریک، بێ شێوە و نامۆ، هیچ شتێکی تێدا بەدی نەدەکرد، نەئارام، نە ئاسایش، نەپەنایەکی گەرم، نموونەیەکی گچکە و زەقی ئەو ولاتە بەرین و فراوانە بوو، هەموو پەنایەکی جێی گومان و سلکردنەوە بوو.. پتر ورد بۆوە، هەستی دەکرد دەڕوانێتە ناو دەروونی خۆی..!

کلۆیەک لە گلە هەلدراوەکە تلبۆوە، کەوتە ناو چالەکەوە، تەپەیەکی کپ لە قولاییەکەوە هات.. هەر بیری دەکردەوە.. (..ئاخۆ مێروو و جڕوجانەوەرەکانی نێو خاک لە توانایاندا بێ لەو خاکە سەهۆلبەندانەدا بژین..؟ مەگەر لە قولاییەکاندا.. ئەی لەوێ بەچی دەژین؟.. لە سبەیەوە ئازووقەیەکی چاکیان بۆ عەمبار دەکرێت، بەشی ماوەیەکی دوورو درێژیان دەکات، لەم چەند سالەی دواییدا زیا لە پێویست خۆراکیان هەبووە، لەگشت لایەک.. ئەوروپا، ئاسیا، ئەفریقیا.. چاخی زێڕینی مێروانە، بە لەشکر لاشە لەسەر خوانەکانیاندا ڕیز کراوە.. بووینە ئەفسانە! نەوەکانیان وەک خوداوەندێکی خۆشگوزەرانی بەستایشێکی زۆرەوە یادمان دەکەنەوە..)، سەری بلند کردەوە، نواڕییە دوور.. (..ئێرەیش سیخناخە، زیا لە پێویستی لێیە، لە پێشان ئەوان وەک گەلای درەختەکانی پایز بەردەبوونەوە، ئەمجا زریانی مەرگ باری گۆڕی، وەکو وەیشوومەیەکی شێت هات و ڕایمالین، ئەوەتا ئێستاکەش هەر فریای ئەوە دەکەوین جێگەی کوژراوەکانمان پینە بکەینەوە..).

هاوڕێی زۆر هەبوو، بەرە بەرە نەمان، کەوتن و هەلنەستانەوە، زۆریشیان لەنێو هێز و تیپەکانی دیکە پەرەوازە بوون، گەلێکیش بوون ئەوانەی بە کۆلەواری گەڕانەوە نیشتمان، لەوێ سەقەت و کەم ئەندامەکان بە پەلوپای دەستکردەوە ژیانێکی کەلو ناتەواو دەبەنە سەر.. نەیدەزانی لە بەختانیانە یان نەء..؟! لەو هەموو هاوڕێیەی هەیبوو، تەنها یەک دووانێکیان مابوون.. هاوڕێ..؟! بگرە بەمانای تەواوی هاوڕێ تەنها یەکێکی هەبوو، تەنها (فریزنبۆرگ).. ئەوانی دیکە نەمان، بەهەر شێوەیەکی نەمان بوو.. نەمان.

***

تەپەی پێی یەکێکی هاتە گوێ.. (ساور) بوو، بۆ لای ئەم دەهات، پرسیاری لێکرد:

– ها، چ باسە؟



– لە تەویلەکە بووم، خشەخشێکم هاتە گوێ، مشک بوو.. تەرمی دیلە گوللە بارانکراوەکان لەوێن.. (نواڕییە ناو چالەکە) بەس نییە جێیەکیان بۆ ئامادەکراوە تیادا بیانشارێتەوە.

– بەخۆیان ئامادەیان کرد.

(ساور) تفێکی ڕۆ کرد:

– هەرگیز لەو دڕندانە تێناگەم، بۆ وا دەکەن (هەر زوو وەلامی خۆی دایەوە) مالی خۆیانە و ئێمە هەلمانکوتاوەتە سەریان..!

(گریبەر) حەپەسا، زەق تەماشای کرد.. پیاو بەشەو بە پێچەوانەی ڕۆژ بیر دەکاتەوە، (ساور) سەربازێکی ئەزموون دیدەیە، مرۆیەکی پەڕگر[٦] نییە..

– چی ئەمەی بە بیرتا هێنا؟.. پاشەکشەی هێزەکانمانە؟

– ئا.. ئەی ئێمە لەجێی ئەوان بووینایە، چیمان دەکرد؟

(گریبەر) هیچی نەگوت، بیری کردەوە.. (..لەم چاکتر نیم، منیش یاخیم، بێزارم و دلم کرمێ بووە، بەلام بەتەنیا چیمان پێدەکرێ؟).. بەدەنگی بەرز وتی:

– سەیرە، مرۆڤ تا نەکەوێتە تەنگانە و گرفتی گەورەوە، کەسی دیکەی بەبیردا نایێت، هەرگیز هەست بەویست و خواستی کەسانی دیکە ناکات..

– نەخێر وانییە، چونکە هەموو ئەمە دەزانین..

– دروستە، بەلام پیاو هۆیەکی هەر دەبێ هەبێ هەستی بەرامبەر کەسانی دیکە ببزوێنێ.

– هۆ..؟! کاتێک کێشەکە پەیوەندیی بەژیانەوە دەبێ پێویستی بەهۆ نییە (تووڕە بوو).. ئێوەی ڕۆشنبیر مێشکتان بەشتی پووچەوە ماندوو دەکەن.. من و تۆ ئەم جەنگەمان هەلنەگیرساندووە، لە ڕووداو و کارەساتەکانی بەرپرسیار نین، ئێمە تەنها فەرمانەکان ئەنجام ئەدەین.. فەرمان فەرمانە، جا نازانم ئەگەر لای تۆ مانایەکی دیکەی هەبێ.. ئەی وا نییە؟

(گریبەر) حەپەسابوو، بەلام لەم دژایەتییە کتوپڕەی (ساور)یش حالی بوو، بۆیە گورج وەلامی دایەوە:

– بەلێ وایە.

---

١– فیشەکە پڕشنگدارەکان: طلقات التنویر.

٢– تیشکە پشکنەرەکان: انوار کاشفة– اضواء کاشفة.

٣– ڕایخی هەزار سالە: هیتلەر لە یەکێ لە وتارەکانیا ئەم ناوەی لە ڕژێمەکەی نا، بەو مانایەی هەزار سال دەخایێنێ، پاش ئەو وتارە ئەم نازناوە لەلایەن دەزگاکانی (گوبلز)ەوە بەکار دەهێنرا..

٤– یۆنکەرزی ٨٧: جۆرە فڕۆکەیەکی جەنگاوەری ئەلمانی بوو.

٥– گوبلز: جۆزیف گوبلز ١٨٩٧–١٩٤٥ز: یەکێ بوو لە سەرکردەکانی نازی، سالی ١٩٣٣ کرایە وەزیری پڕوپاگەندەی حوکمڕانییەکەی هیتلەر، سالی ١٩٤٥ پاش داگیرکردنی شاری بەرلینی پایتەختی ئەلمانیا لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە خۆی نەدا بەدەستتەوە، هەر لە پەناگە قایمەکەی کە هیتلەر خۆی تێدا حەشاردا بوو پاش خۆ کوشتنی هیتلەر ئەمیش خۆی و ژن و مندالەکانی بەژەهر کوشت.

٦– پەڕگر: (متطرف)– توندڕەو.

# 3

تەرمەکانیان بەگوێرەی ڕێ و ڕەسمە سەربازییەکان بەخاک سپارد، پاش ئەوەی خرانە چاڵەوە دەستڕێژییان بەسەردا کرد، گوللە سوورەکان لە هەوری ئاسمانێکی مەنگ و ماتدا کوژانەوە..!

قەلەڕەشی سەر تەیمانەکان هەڵنەفڕین..! ڕاهاتبوون، بە قیرەی ناسازیان وەڵامی تەقەکانیان دایەوە.

بەفرەکە دەتوایەوە، دڵۆپ دڵۆپ لە چاڵەکەدا کۆ دەبۆوە، تەرمەکان هێندەیان نەمابوو بە ژێر بەفراوەکەوە کەون، بێ سەرەکەیان باش پێچابۆوە، (ڕایکە) لەناوەندا بوو، پا هەڵوەشاوەکەی ترازا بوو، ڕاستیان نەکردبۆوە، لە مرۆیەک دەچوو گوڕی دابێتە خۆی، تا پتر بە ناخی زەمیندا بچێ..!

چاڵەکەیان پڕ کردەوە، هەندێ لە گڵەکە مایەوە، (میکە) پرسیاری لە (میلەر) کرد:

– بیکوتینەوە..؟

– چی؟

– گەورەم مەبەستم گڵی گۆڕەکەیە بنیشێ و ئەمەی ماوەتەوە بخەینە سەری.. هەندێ بەردیشی لەسەر دانێین باشە، ئەم دەشتو دەرە پڕی جۆرەها جانەوەرە.. چەقەڵ، گورگ. (میلەر) خێرا وەڵامی دایەوە:

– قووڵە.. (بیری کردەوە –ئەوەندە بەدەرەوە هەن، چەقەل و گورگ نەیان پەرژێتە سەر ئەوانەی لە ژێر خاکەدان– بەمیکەی گوت).. چی ئەم بیرە تورەهاتانە بە مێشکتا دێنێت؟

– شتی وا زۆر ڕووی داوە گەورەم..

(میکە) شڵەژا بوو، بە نیگایەکی وێڵەوە دەینواڕییە (میلەر)، لە دڵی خۆشیا دەیگوت: (..ئەمیش گوێدرێژێکی دیکەیە، هەر هیچ لەبارا نەبووەکانن دەبنە ئەفسەر، ئەوانەیش کە شایەنی ڕێز و پلەی بەرزن، دەبێ وەکو (ڕایکە) زوو بچنە ژێر خاکەوە!).

(میلەر) سەری بادا:

– ئەم قوڕەش بخەنە سەر گۆڕەکەی، ئەمجا خاچەکەی لەسەر بچەقێنن.

– بەڵێ گەورەم.

سیانیان لەوێ مانەوە، ئەوانی دیکە چوونە ڕیزەوە، (میلەر) فەرمانی دا بکەونە ڕێ، فەرمانەکە پێویستی بەو نەڕەیە نەدەکرد کە کردی..! هەستی دەکرد پیرە سەربازەکان ڕێزی لێ ناگرن.. گومانەکەشی لەجێی خۆیدا بوو..

چی قوڕ لە پاشماوەی خۆڵی چاڵەکە مابۆوە، (ساور) و (ئیمەرمان) نایانە سەر گۆڕەکە، (ساور) وتی:

– ئەم خاچە خۆی ناگرێت، خاکەکە شی بۆتەوە.

– ڕاست ئەکەیت.

– تا سێ ڕۆژی دیکە بڕ ناکات!

– ڕایکە خزمت بوو؟

– زۆر دەڵێیت..! نەء، پیاوێکی باش بوو.



(گرێبەر) پەست بوو:

– چی بوو ئیتر، نەبڕایەوە؟

(ئیمەرمان) ئاوڕی لێدایەوە:

– چییە بۆ وا پەلەتە.. (ڕووی کردە ساور) پەلەیەتی، پەلەی چوونەوەیەتی، ئارامی لێبڕاوە، دەترسێ ڕێی نەدەن بچێتەوە.

– ئەی تۆ لەجێی ئەو بوویتایە پەرێشانتر نەدەبوویت؟

– مۆڵەت بەمن نادەن، هەموو ئەوە دەزانن، بەتایبەتی قاڵۆنچەیەکی وەکو تۆ.

– بۆیە پێت نادەن چونکە ناگەڕێیتەوە.

– مەرج نییە، لەوانەیە بێمەوە.

(ساور) تفێکی کرد، (ئیمەرمان) تەشخەڵەی پێ دەکرد:

– بگرە زیاتریش، لەوانەیە هەر بەیەکجاری خۆم تەرخان بکەم و ببمە سەربازێکی پیشەوەر(١).

– هەموو شتێکت لێ دەوەشێتەوە، کەس لێت حاڵی نابێت، کەمێ لە نهێنییەکانت ئاشکرا بوون، مەگەر هەر خودا خۆی بزانێت چی دیکەت لە ژێر سەردایە..

(ساور) خاچەکەی هەڵبڕی، نووکە تیژەکەی لە قوڕەکەدا چەقاند، بەخاکەنازەکەی دایکوتا، بە (گریبەر)ی وت:

– بەچاوی خۆتان دەیبینن چۆن تا سێ ڕۆژی دیکە بە پێوە نامێنێ..

(ئیمەرمان) وتی:

– سێ ڕۆژ زۆرە، سبەی تا دوو سبەی بەفری ناو گۆڕستانی گوندەکە دەتاوێتەوە، ئەوسا دەتوانیت خاچێکی بەردین لەوێ پەیداکەیت و لە ڕاهی خوا بۆیان داکوتی، چاکەیەکە دەروون و ویژدانتی پێ قاییل دەکەیت.

– بەخاچێکی ڕووسیایی؟

– ئەی بۆ؟ چی تێدایە، یەزدان جیهانییە.. یان وانییە؟

(ساور) بەدەم بۆڵەوە دوورکەوتەوە.

– تۆ قەشمەریت، قەشمەرێکی ڕەسەنی جیهانیت.

– ئەمجا بووم بەقەشمەر..! تا نەختێک لەمەوبەر شتێکی دیکە بووم، هەر وا زوو ڕات گۆڕی؟ ئەی دوێنێ بەخۆت ئەم تەگبیرەت نەکرد.. خاچێکیان لە خاچەکانی گۆڕستانەکە بۆ بێنین؟

– دوێنێ؟.. دوێنێ وامان دەزانی ڕایکە لە ڕووسەکانە، تۆ قسە هەڵدەگێڕیتەوە.

(گرێبەر) خاکەنازەکەی نابووە سەرشانی.

– من دەڕۆم، کارەکەی ئێرە تەواو، وا نییە؟

– وایە.

– پشتی تێکردن، لە گردەکە بەرەوخوار بۆوە..

***

کاتی حەسانەوەیان لە ژێرزەمینێکی بەریندا دەبردە سەر، کڵاوڕۆژنەیەکی گەورە ڕووناکی دەکردەوە، تاقمێکیان لەژێر کڵاوڕۆژنەکەدا لە دەورەی سندووقێکی بەتاڵی نارنجۆکدا دانشتبوون، پۆکەریان دەکرد، هەندێکیشیان لە پەناو قوژبنەکاندا درێژ ببوون، (ساور) نامەی دەنووسی.. لەوە دەچوو ئەو ژێرزەمینە بەر لە جەنگ لە لایەن یەکێ لە دەزگا سۆڤیەتیەکانەوە بەکار هاتبێ، بایەخێکی تەواو بە دروستکردنی درابوو، دژ بەتەڕوتوشی بەکۆنکریتی ئاسنڕێژ داڕێژرا بوو..

لەپڕێکدا (شتاین بێرنەر) خۆی کرد بەژوورا، بێ یەک و دوو، دەنگی بەرز کردەوە:

– هەواڵە نوێکانتان بیستووە؟

– نەء، ڕادیۆکەمان تێک چووە!

– تێکچووە؟.. چۆن، کەم تەرخەمییە، دەبوایە تێک نەچووبایە..

(ئیمەرمان) هەڵی دایێ:

– دە چاکی بکەوە بابەڵێ.. ئەوەی سەری لەم کارانە دەرئەکرد، چوار ڕۆژە کەللەی پەڕیوە.

– چییەتی؟

– پاتریی نییە..

– پاتری؟

– نییە.. (ڕایدەبوارد).. دەڵێم، بۆچ تەلەکانی ناخنیتە کونە کەپووتەوە، لەوانەیە بکەوێتەوە کار.. کەللەیەکی پڕ ئەلەکترۆنت هەیە.. ئادەی با تاقی بکەینەوە!

– جۆرە کەسانێک هەن وا دیارە تا نەکرێنە ڕەژوو ئاقڵ نابن.

(ئیمەرمان) بەهێمنی وەڵامی دایەوە:

– هێندە گومڕا مەبە ڕۆڵە، کەم ڕاپۆرتی ڕەش ڕەشت لەسەر نەنووسیوەتەوە، ناهەقت ناگرم، ڕۆڵەیەکی بلیمەت و دڵسۆزی پارتیت، ئەم جۆرە ئاکارانەیش پڕ بەپێستتن، بەڵام بەداخەوە، منیش چەخماخ سازێکی شارەزا و تۆپچییەکی کەم وێنەم، جا لێرەیش زیاتر پێویستیان بەمن هەیە، بۆیە بەتۆ ناکرێمە ڕەژوو.. (چاوی بە بەژن و باڵای شتاین بێرنەردا دەگێڕا).. بەڕاست تەمەنت چەندە؟

– دەمت داخە.

– نۆزدە ساڵ، ئەوپەڕەکەی بیست.. ژیانێکی شاد دەبەیتە سەر، ئەمە پێنج شەش ساڵە، جوو و خۆفرۆشان ڕاو دەکەیت، پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانت لێدەکەم.. من کە لە تەمەنی تۆدا بووم ڕاوی کچانم دەکرد.

– شتی وەکو تۆ لەو جۆرە کارانە زیاتر هیچی دیکەی لێ ناوەشێتەوە.

(میکە) لەناو دەرگەی ژێر زەمینەکەوە نەڕاندی:

– ئەوە چییە؟.. شەڕە دەنووکی چیتانە؟ (کەس گوێی نەدایێ).. ئەڵێم ئەوە چیتانە؟!

(بیرننگ) نزیک بوو لێیەوە، وەڵامی دایەوە:

– هیچ نییە گەورەم، لەناو خۆماندا خەریکی قسەوباسین.



(میکە) پرسیاری لە (شتاین بێرنەر) کرد:

– چ باسە؟

(شتاین بێرنەر) قەپۆزی هەڵبڕی، چاوی بە سەربازەکاندا گێڕا، لە ناکاودا دەنگی بەرز کردەوە:

– بەر لە دەققەیەک بەرنامەی سەردەمی نەتەوە[٢] ئەم هەواڵانەی ڕاگەیاند.

تەنها (گرێبەر) بایەخی پێدابوو، پۆکەرچییەکان خەریکی قومارەکەیان بوون، (ساور)یش هەر خەریکی نامەکەی بوو، خەوتووەکانیش پرخەیان دەهات، (میکە) نەڕاندییەوە:

– وریابن.. گوێتان لێیە؟.. دەڵێم وریا بن.. گوێ گرن، هەواڵەکان گرینگن.

– بەڵێ گەورەم.. (ئێمەرمان وەڵامی دایەوە).

(میکە) چاوێکی تێبڕی، ڕوخساری (ئێمەرمان)یش بێ لە هۆشمەندی و بایەخ پێدان هیچی دیکەی نە ئەنواند، پۆکەرچییەکان کاغەزەکانیان دەمەونخوون دانا، بەو نیازەی هەر ئەوەندەی (شتاین بێرنەر) لە ڕاگەیاندنی هەواڵەکان بۆوە، خێرا دەست پێبکەنەوە، (ساور)یش بەنیمچە سەربڵندکردنەوەیەک سەری هەڵبڕی.. (شتاین بێرنەر) سینگی دەرپەڕان و دەنگی لێ بەرز کردەوە:

– بەرنامەی سەردەمی نەتەوە نەختێک لەمەوبەر لە هەواڵە گرینگە پەلەکانیا ڕایگەیاند کە (..چاوی بەسەربازەکاندا گێڕا).. کە کرێکارانی ئەمریکا مانیان گرتووە، ئەم مانگرتنەش گشت کان و کارگەکانی ئاسن و پۆڵای لە سەرتاسەری ئەمریکا شەپڕە کردووە، هەروەها لە ئەنجامی چەند چالاکییەکی تێکدەرانە فابریقەکانی چەکسازی و تەقەمەنی لە کار وەستاون، بەهەمان شێوە بەرهەم هێنانی فڕۆکەی جەنگاوەری سڕ بووە، هەروەها جۆرەها بڵاوکراوەی نهێنی لە دژی ڕژێمی ئەمریکا لە هەموو لایەکی ئەو وڵاتە بڵاودەکرێتەوە، تێدا داوای ڕاگرتنی جەنگ دەکرێ.. ئەگەری کودەتا و قڵپ بوونەوەی ڕژێمەکەی ئەمریکا لە ئانوساتدایە (برێ بێ دەنگ بوو، کەس توانجی نەدا، خەوتووەکان بەخەبەر هاتبوون خۆیان هەڵدەکڕان، بەفری تواوە بەدڵۆپی زلە زلە لە کڵاوڕۆژنەکەوە بەردەبۆوە و شڵپەی لە سەتڵەکەی ژێرەوە هەڵدەستتان، (میکە) هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی، (شتاین بێرنەر) لەسەری ڕۆیشت):

.. ژێر دەریاییەکانیشمان[٣] کەنارەکانی ئەمریکایان ئابڵووقە داوە، دوو پاپۆڕی سەرباز گواستنەوە و سیانی بارهەڵگریشمان خستە پاڵ زیانە دەریاییەکانی دوژمنەوە، نغرۆی دەریامان کردن، بەمەیش زیانە دەریاییەکانیان خۆی لە سی و چوار هەزار تەن ئەدات.. لەلایەکی دیکەوە قاتوقڕی و وێرانکاری ئینگلیزەکانی بەجارێک هەراسان کردووە، ژێر دەریاییەکانمان جووڵەیان لە هێزی دەریایی ئینگلتەرا بڕیوە.. سەبارەت بەهەڵوێستی خۆشمان، مژدەتان دەدەینێ کە چەکە نهێنییە نوێکانمان، وەکو فڕۆکەی بۆمبا هاوێژی دووربڕ، ئامادەن.. ئەم بۆمباهاوێژانە بواری نێوان ئەڵمانیا و ئەمریکا بەچوون و گەڕانەوە بەیەک فڕین دەبڕن.. شایانی گوتنیشە کە سەرتاسەری کەنارەکانی دەریالووشی ئەتلانتیکیشمان کردۆتە قەڵایەکی پۆڵایین، جا ئەگەر دوژمنان گەرەکیانە بابێن خۆیان لەو قوڵەشەوە تاقی بکەنەوە.. ئەوجا خۆمان دەزانین دەریالووشی ئەتلانتیکیان چۆن لێ دەکەینە گۆڕستانی دوا هێز و توانایان..).

قومارچییەکان دەستتیان دایەوە کارتەکانیان، کڵۆیەک سەهۆڵ لە کڵاوڕۆژنەکەوە بەربۆوە، کەوتە ناو

سەتڵەکەوە، پرژەی ئاو هەر چوار لای سەتڵەکەی گرتەوە.. (شنایدەر) کەوتە بۆڵە بۆڵ، پیاوێکی کەتەی ڕدێن کورتی سورفل بوو:

- لەوەتەی سەربازین پەنایەکی شیاومان بەخۆمانەوە نەدیوە.

(ئیمەرمان) پرسیاری لە(شتاین بێرنەر) کرد:

- ئەی هەواڵی ئێرە..؟ دەربارەی ئەم بەرەیەی ڕووسیا چی نوێ هەیە؟!

- بۆ؟

- لەبەر ئەوەی لێرەین، هەواڵەکانی ئێرەمان بەلاوە گرینگترە (ئاوڕێکی لە گرێبەر دایەوە).. گرێبەری هاوەڵمان مەراقی هەیە، ئارامی لێبڕاوە، چاوەڕوانی دەرچوونی فەرمانی مۆڵەتەکەیەتی، ئەمەیش پەیوەندی بەڕەوشەکەی ئێرەوە هەیە..

(شتاین بێرنەر) مۆڕەیەکی لێکرد، باوەڕی پێی نەبوو، دوودڵ بوو، نەیدەزانی وەڵامی بداتەوە یان نەء..؟

دڵسۆزییە پەڕگرەکەی بۆ نازی و پێشەوای، هانیان دا:

- هەڵوێستەکەی ئێرەیش ئەوە دەستەلمێنێ کە تەنگ کردنەوەی هێڵە بەرگرییەکانمان بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی سەرکردایەتیمان داپڕشتووە، هاتۆتە ئاکام.. لەشکرەکانی ڕووسیا لەژێر زەبری دلێرانی نەتەوەماندا تەپیون، زیانی قەبەیان لێکەوتووە، شپرژە و ماندوون، هاکا هەرەسی تەواویان هێنا.. هێزە یەدەکەکانیشمان تەیار و ئامادەن، چەکە نوێکانیشمان بەڕێوەن.. و لە سەرکەوتنی یەکجارەکییەوە نزیکین.. (دەستتی کەمێک بڵند کردەوە، هەر زوو بەریدایەوە، لەوە پتری لە توانادا نەبوو!).

شاردنەوەی ڕاستی کارێکی ئاسان نییە، هەموو هۆشیار و زرینگ بوون، لە چەقی ڕووداوەکاندا دەژیان، بۆیە ڕاستییان لە درۆ بۆ جودا دەکرایەوە.. (شتاین بێرنەر) لە قوتابییەک دەچوو، ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی کتوپڕ بووبێتەوە، مەبەستی بوو بەهەر شێوەیەک بێ وەڵام بداتەوە، وتی:

- ئەوانەی ڕوونمکردنەوە، هەموو شتێک نییە، ئەوەی گرینگە نهێنییە، لە ڕادیۆوە بڵاوناکرێتەوە! بەڵام ئەوەی ڕامگەیاند هەمووی دروستە، بەڵێ ئەمساڵ دوژمنانمان قەلاچۆ دەکەین.. (ماندوو ببوو، پشتی تێکردن، دەبوو چەند لایەکی دیکە بۆ هەمان مەبەست بەسەر بکاتەوە..).

(میکە) دوای کەوت.. یەکێ لەوانەی لەخەو کرابوون، وتی:

- تەماشای ئەو کاسەلێسە بکەن، چۆن خۆی کردۆتە کلکی.. (هەر زوو هەردوو لاقی درێژ کرد و کەوتەوە پرخەپرخ..).

(شنایدەر)یش لەژێر لێوەوە بۆڵەی دەهات:

- قەلاچۆ..!ساڵی دوو جار دوژمنان قەلاچۆ دەکەین کەچی هێشتا لەجێی خۆیاندا ماون.. (دەستتێکی بەڕدێنیا هێنا و بەهاوەڵە پۆکەرچییەکانی گوت).. دوو باجاخم پێیە.

(ئیمەرمان) وتی:

- ڕووسەکان زۆرزانن، تەڵەکەبازی لە خوێنیاندایە، لە شەڕەکەی پۆڵەندا دەستیان بڕین!.. هێز و



توانای ڕاستەقینەیان لێ شاردینەوە، تەڵەیەکی گومڕای بۆڵشەفیکانە بوو..

(ساور) سەری هەڵبڕی:

- باشە تۆ بۆ زمانت بۆ ناگیرێ، دیارە زۆر دەربارەی کۆمەنیستەکان دەزانیت.. وانییە؟

- وایە، ئەی تا چەندساڵێک لەمەوبەر هاوپەیمانمان نەبوون؟.. تا ئەو کاتەی پەلاماری پۆڵەندامان دا، تەبا بووین (بیری کردەوە..) ئەو هێرشەش کە کردمان بەهاندانی (گۆرینگ)[٤] بوو.. بڵێ وا نییە؟

دەنگێک لە قوژبنێکی پەناگەکەوە بەرز بۆوە:

- چی بوو؟.. نەبڕایەوە ئیتر.. بەسە، کۆتایی پێ بێنن.

هەموو بێدەنگ بوون، تەنها دەنگی تکەتکی دڵۆپەی کلاوڕۆژنەکە و تەقە تەقی کارتی پۆکەرچییەکان دەهات، (گرێبەر) بیری دەکردەوە، دەیزانی هۆی ئەم هەموو مشتومڕە ناکۆکە چییە.. هەموو جارێک پاش ئەوەی تاقمێک دیلیان گوللەباران دەکرد و لە ناشتنیان دەبوونەوە، گشت هەڵسوکەوت و ئاخاوتنەکانیان، ئەو دۆخە گرژ و ناتەبایەی دەگرتە خۆ..

***

پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ، دەستتە دەستتە، برینداران دەرکەوتن، شپرزەو شێواو دەگەیشتن، هەندێکیان گل ئەدرانەوە، زۆریشیان ڕەوانی لاکانی دی دەکران، لە دۆڵێکی تاریک و دێزەوە دەهاتن، هەر زوو ڕووەو ئاسۆیەکی تارومات بەڕێ دەکران، نائومێد دەهاتن، خەستەخانەیەک نەبوو پەنای بۆ بەرن، کەسێک نەبوو دڵخۆشییان بداتەوە، بێ ناز دەڕۆیشتن، ترس و ماندوویی لەو ڕێ و بانە بێ ئاکامانەدا هەرەسی بەزۆربەیان دەهێنا، بێ سەر و بێ شوێن، بێ کۆمەک و یاریدەدان.. بێ نەوا جێدەمان.

هەموو برسییان بوو..

دەستێکی پەلەیان بەکلێسە وێرانەکەدا هێنا، کردیانە بنکەیەکی سەرەتایی برینپێچی، تەنها ئەوانە گل ئەدرانەوە کە زامەکانیان سەخت و کوشندە بوون، کەڵکی گواستنەوەیان بەماشێن نەمابوو.

بانە ڕماوەکەیان بەدەوارێکی گەورە داپۆشی، پزیشکێک و دوو برینپێچ گەیشتنەجێ، ئەگەر چی شەکەت و ماندوو بوون، بەڵام هەر زوو کەوتنە نەشتەرگەری، تا سروش ڕووناک بوو، دەرگاکان کرابوونەوە، دەستەبەرە خوێناوییەکان بەبێ وچان دەهاتن و دەچوون! بریندارەکانیان پێ دەگواستنەوە، ڕووناکاییە دەستکردەکەی ئاڕاستەی مێزی نۆژەدارییەکە کرابوو لەئاست ڕووناکاییە زێڕینەکانی ئاوابووندا، وەک دەوارێکی گچکەی گەش ئەدرەوشایەوە.

پەیکەرەکانیان خزاندبووە سووچێکەوە، (مریەم) دەستتی درێژ کردبوو، لە ئانیشکەوە شکابوون، پەیکەرەکەی (عیسا)ش لاقێکی نەمابوو.. لە کەم ئەندامێکی لەخاچدراو دەچوو..!

بریندارەکان بەدەم چەقۆکارییەوە هاواریان زۆر نەدەکرد، پزیشکەکە بێهۆشکەری مابوو، بەکاری دەهێنا، ئاویان لە دەفر و قازانی جۆراوجۆردا دەکوڵان.. دەست و لاقە بڕاوەکانیشیان دەهاوێشتە نێو بانیۆکۆنێکی حەمامەوە.. سوور هەڵگەڕابوو..!

سەگێک لە لایەکەوە هات، بەدەم کلکە لەقێوە لەبەردەم قاپی کلێسەکەدا وەستا، چەند جارێک دەریان

کرد.. هەر دەگەڕایەوە. (گرێبەر) پرسیاری کرد:

– ئەمە لە کوێوە هاتووە؟ (لەگەڵ فریزنبۆرگی هاوڕێیدابوو، پێکەوە لەبەردەم ماڵی کۆنە قەشەی گوندەکەدا وەستا بوون..) (فریزنبۆرگ) لە سەگەکە ورد دەبۆوە، ملی درێژ کردبوو و هەڵدەلەرزی:

– دەبێ لەو بێشە و دارستانەوە هاتبێ؟

– بۆچی هاتووە، ئاخۆ لەوێ هیچی لێ نەبێ بیخوات؟

– پڕە، نەتەنها ئەوێ، لە هەموو لایەک خواردنی دەست ئەکەوێ..!

لە سەگەکە نزیک بوونەوە، سڵەمییەوە، ئاوڕێکی لێدانەوە، ئامادەبوو هەڵبێت، بەدیاریەوە وەستان، سەگێکی باریکەلەی لمۆز درێژ بوو، لیتە و قوڕاو تیسکە سوورە درێژەکانی بەیەکدا لکاندبوو.. (فریزنبۆرگ) وتی:

– سەگی پاسە.. هەرچەندە ڕەسەنیش نییە بەڵام خوێڕی نییە.

– دڕندەیە، مرۆڤ خۆرە.

(فریزنبۆرگ) نیگایەکی خێرای بەدەوروبەریاندا گێڕا.. بەچپە وتی:

– هەموومان واین!

– چۆن؟

– وەکو ئەو سەگەین، گیانلەبەرێکی بەسوودین، لەدووی ئاگر و ڕووناکیدا دەگەڕێین، شەیدای کۆڕ و کۆمەڵێین (خەندەیەک کەوتە سەر ڕووی.. نیو خەندە بوو! زامێکی قوڵ دەمارە هەستیارەکانی لایەکی دەموچاویان وشک کردبوو.. خەندەیەکی خنکاو بوو، لە ئاست بەربەرستێکی شاراوەدا قەتیس دەوەستا.. ئەو زامەی لە کارەساتێکی ئاسایی پێ نەگەیبوو..).

– ئێمەیش وەکو هەموو مرۆیەکی دیکەین، جەنگە.. ئیتر ئەمە مەسەلەکەیە.

– نەء ئەرنەست(٥).. نەء، لە مرۆڤ ناچین، ئێمە بە جارێک لامان داوە، هەموو نەریتێکی مرۆڤانەمان شێلاوە، دە ساڵی ڕەبەقە خۆمان لە هەموو میللەتانی ئەم جیهانە بەفیز و بەخۆ زلزانینێکی نامرۆیانەوە جودا کردۆتەوە، ناوی نەتەوەی سەرەوەرمان لە خۆمان ناوە، ئەوانی دیکەش دەبێ کۆیلە و ژێردەستەمان بن.. (بە تەوسێکی غەمناکەوە پێکەنی).. نەتەوەی سەروەر..؟ من و تۆ، هەموو ئەم سەربازانەی دەوریشمان لەو نەتەوەیەین، لە نەتەوەیەکین ملکەچی دەستەیەک مرۆی گەمژ و گەلۆرە.. چۆن سەروەرییەکە؟ وەڵامەکە لێرەدایە، بەداخەوە بیرێکە پتر زیان لە بێتاوانەکان دەدات نەوەکو لە تاوانباران.

– کە هەموو ئەمانەت دەزانی، بۆچی خۆت وەک سەربازێکی پیشەوەر ناونووس کرد؟!

– لەترسانا.. لەترسی ئەوەی هەتا هەتایە لە ئۆردوگایەکی سوخرەگیریدا قایم نەکەن.. یان بەتاوانی یاخیبوون گوللەبارانم نەکەن..

– ئەمانە دەزانم، بەڵام مەبەستم ئەوەیە ئایا لە ساڵی ١٩٣٩دا ئەم بیروبۆچوونەی ئێستات نەبوو، لەم دۆزەخەی ئێستا خۆتی پێ بپارێزیت؟ خۆ بەتەمەنیش بوایە سەربازی نەیدەگرتیتەوە..!



– بەڵێ ئەوسا تەمەنم لە تەمەنی سەربازی ڕەت ببوو، بەڵام کوا، کەی سەربازی ئێستاکە بەتەمەنە؟ لەمن پیرتر دەگرن.. (هەر زوو وەڵامی خۆی دایەوە).. نەء ئەمە پاساو نییە، بەڵام پێم بڵێ لێرە بم یان لەوێ، چی لە بارەکە دەگۆڕێ؟ ئەو کاتەی دەستتمان دایە چەک، لەو باوەڕەدا بووین کە نیشتمان لە تەنگانەدایە، دەبێ بەهەموومان بەرگری لێبکەین، بیرمان لەوە نەدەکردەوە کێ ئاگری ئەم جەنگەی هەڵگیرساند، هۆکارەکانی چی بوون، کێ لە ئەنجامی بەرپرسیارە و کێیش دەستتپێشخەرە.. دەمان گوت: ئەگەر بەدکاریش بێ، بەشداریی تێدا دەکەین بۆ ئەوەی خراپتری بەدوادا نەیێت، پاساوێک بوو خۆمان پێ گێل دەکرد، (دارەکەی دەستتی توند وەشاند، سەگەکە سڵەمییەوە و فرتەی کرد، لە پەنا دیواری کڵێسەکەدا خۆی حەشار دا..).. درۆزن بووین، درۆمان لە تەک یەزدانیشدا کرد.. گوێت لێمە؟ لێم تێدەگەیت ئەرنەست.. وانییە؟

– نەء..

نەیدەویست تێبگا، (فریزنبۆرگ) بۆ ماوەیەک مات بوو، پاشان وتی:

– لەتواناتدا نییە تێبگەیت، هێشتا ماوتە، لەم ئاپۆرا فێیاوییەی ئاگر و مەرگ نەبێ لە هیچی دیکە حاڵی نابیت، بەش بەحاڵی خۆم بێ لەم جەنگە یەکێکی دیکەم دیوە، لە ماوەی نێوان هەردووکیاندا ژیاوم (دیسانەوە بەلایەکی دەموچاو پێدەکەنی! خەندەکەی وەک شەپۆلێکی لاواز و ماندوو لەبەردەم بەربەستێکی شاراوەدا دەگیرسایەوە..).. خۆزگە گۆرانیبێژێکی حەپۆلی دەنگ خۆش، یان منداڵێکی ساویلکەی بێ خەم بوومایە.. یان پیرە پیاوێکی پەککەوتە و بێدەستەڵات.. نا.. نامەوێ منداڵێک بم دوارۆژێکی شووم و دژوار چاوەڕوانم بێت.. ئەرنەست، ئەم جەنگەشمان دۆڕاند، خۆ لەمەیان حاڵی دەبیت؟

– نەء.

– هەر فەرماندەیەک خاوەنی نەختێ فام بێ، دەبێ خۆی بەدەستتەوە بدات، نازانم ئیتر لە پێناوی چییە دەجەنگێین؟ ..هیچ، تەنانەت دەستەڵاتی ئەوەیشمان نەماوە پەیمانێکی ئاشتی، بەچەند مەرجێکی لاوازیشەوە بێ مۆرکەین.. (پەنجەی بۆ ئاسۆ تاریکەکە ڕاکێشا).. کەس ئامادە نییە دانوستانمان لەتەک بکات.. لە (جەنگیزخان) و (ئەتیلا)(٦) دڕندەترین، گشت پەیمان و بەڵێنێکمان شکاند، دژ بەهەموو یاسا و مافێکی مرۆڤانە ڕەفتارمان کرد، ئێمە...

(گرێبەر) جوولا:..

– ئەمانەی باسیان دەکەیت، لە نازییەکان وەشاونەتەوە.. (خۆی لە شتاین بێرنەر و ساور دزیبۆوە تا بەتەنها چاوی بە فریزنبۆرگ بکەوێت، هاوشاری یەک بوون، دەیویست پێکەوە یادێکی شارەکەیان بکەنەوە، باسی چەم و ڕووباری بکەن، یادێکی سەیرانگە و باغ و بێشەکانی بکەنەوە، پیاسە و گەڕانی کوچە و شەقامەکانی بهێننەوە پێش چاویان..).

دەبێ ئێستا هیچی وەکو خۆی نەمابێ، هەمووی ڕووەو خراپتر چووە، وادەیەکی ڕەش و تاریکە، گشتی تێکچووە.. پشتی بەکەس قایم نییە.. دەمێ بوو یەکتریان نەدیبوو، لە کشانەوە شپرزەکەی

ستالینگرادەوە لە یەک دابڕابوون، ئەوەتا ئێستاکەیش لەو بوارانە ئەدەن کە هەمیشە خۆی لێ لاداون، بڕیاری دابوو، بەر لە چوونەوەی بەهیچ جۆرێک بیریان لێ نەکاتەوە، دەیویست بە تەنیا، دوور لە بەرەکانی شەڕ و کوشتار، دوور لەم هەموو مەرگ و ئاگرە، لەوێ لە نیشتمان بەئارەزووی ئازادی خۆی بیر لە هەموو ڕووداوەکان بکاتەوە، وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.. کەچی ئەوەتا ئەوە (فریزنبۆرگە) دەیهرووژێنێ، هانی دەدات، گرێکانی زمانی دەکاتەوە.. گوێی لێی بوو بەکینە و بێزکردنەوەیەکەوە دەڵێ:

– نازییەکان.. ئێمە لە پێناوی نازی و گستابۆیە(٧) خۆمان بەکوشت ئەدەین، لە پێناوی ئەو خوێنڕێژە دز و درۆزنانەیە، لەپێناوی ئەو توندڕەوە کەللە پووتانەیە دەمرین.. بۆ ئەوەی نەختێکی دی تەمەنیان درێژ بێ.. بەڵێ ئەرنەست دەمێکە ئەم جەنگەشمان دۆڕاندووە..

سروشت تاریکتر بوو، قاپی و پەنجەرە و کون و کەلەبەری کڵێسەکەیان بە پەتوو گرت، (فریزنبۆرگ) دەینواڕییە کڵێسەکە:

– وەکو کرمان لێهاتووە! بگرە دەروونی تاریک و بیری شێواومان لە بیر و دەروونی کرم تاریکترە..

(گرێبەر) قوتووی جگەرەکەی لە باخەڵی دەرهێنا، ئاڕاستەی (فریزنبۆرگ)ی کرد، دەستتی بۆ نەبرد:

– بۆ خۆتی گل بدەرەوە، من زۆرم هەیە.

– دانەیەکی لێ هەڵگرە.

بەدەم خەندەیەکەوە جگەرەیەکی هەڵگرت.

– کەی دەچیتەوە؟

– نازانم، هێشتا وەڵامیان نەداومەتەوە (مژێکی لە جگەرەکەی دا، دووکەڵەکەی بەبادا کرد).. بەس نییە جگەرەیش هەیە، لە گەلێ هاوڕێ چاترە! مرۆڤ لێیان دوودڵ نییە، سەری لێ ناشێوێنین.. (بیری کردەوە).. داواکەمیان زۆر دەمێکە بەرز کردۆتەوە، هەتا ئێستا وەڵامیان نەداوەتەوە، جاران ئەم کارانەیان زوو ڕادەپەڕاند، ئێستا هەموو شتێک شێواوە، خۆزگە خەوێکی وام لێدەکەوت، وەختێک چاوم بکردایەتەوە خۆم لە وادە و چاخێکی دیکە بدیبایەتەوە.. داخی گرانم درەنگ فامم کردەوە، درەنگ تێگەیشتم، بۆیە وا لەخۆم زویر و پەستم..

(فریزنبۆرگ) شوێنەواری زامەکەی ڕوخساری بەپشتی دەستتی خوراند:

– نە لەخۆت پەست بە و نە زویر ببە، ماوەی دە ساڵە ئەوەندە پڕوپاگەندەیان بە گوێماندا کردووە جێیان بۆ هیچی دیکە لە کەللەماندا نەهێشتۆتەوە، بوار نادەن.. نە بیرو لێکدانەوە، نە گومان، نەهەست، نە ویژدان.. بوار بەهیچ کام لەوانە نادەن لە کەللەی ئادەمیزاد دا بێت.. (بۆلمان)ت دێتەوە یاد؟

– مامۆستاکەی ئایین و مێژوو.

– ئەگەر چوویتەوە، سەردانێکی بکە، لەوانەیە مابێ، سڵاوی منیشی پێ بگەیەنە.

– وا دەکەم.



– ئیتر کاتی ئەوە هاتووە جێت بێڵم، ئاگات لە خۆت بێ، لەوانەیە جارێکی دی چاومان بەیەک نەکەوێتەوە.

– بۆ ماوەیەکی کەم.. ئەگەر بچمەوە لە سێ هەفتە زیاترم پێ ناچێت.

– بەڵێ سێ هەفتە.. ئاگات لەخۆت بێ.

– تۆیش ئاگات لەخۆت بێ.

(فریزنبۆرگ) بەهەنگاوە بەهێزەکانی دوورکەوتەوە، بۆ گوندێکی دیکە دەچوو، بارەگای تیپەکەیان لەوێ بوو، تا لە تاریکاییەکەدا بزر نەبوو، چاوی لێ نەترووکاند، ئەمجا ئەمیش کەوتە ڕێ، تارماییەکی لەبەردەم کڵێسەکەدا بەدی کرد، سەگەکە بوو..! دەرگاکە کرایەوە، شەپۆڵێک ڕووناکایی هرووژمی هێنایە دەرەوە، پەتوویەکیان لە دیوی ناوەوە بەدەرگاکەدا گرتبوو، ڕووناکاییەک بوو نیشتمانی هێنایەوە یاد.. لە سەگەکە نزیک بۆوە، هەڵقونییەوە و بەغار دوورکەوتەوە.. چاوی بە پەیکەرەکان کەوتەوە، پایسکلە شکاوەکەشیان لەتەکیانەوە دانابوو.. پێویستیان بەگشت پەنا و بستێکی ژوورەوە هەبوو.

مردووەکان لە تەنیشت کڵێسەکە لەسەر زەمینە سارد و سڕەکە درێژ کرابوون، سیانیان دەمێ بوو مردبوون، پاش چوونەوەی بەفرەکە دۆزرابوونەوە، هەڵتەکابوون، جەستەیان شی ببۆوە، لە تەک ئەمانیشەوە ئەوانەی ئەو ئێوارەیە لە ژێر نەشتەرگەریدا دەرنەچوون، ڕیز کرابوون.. ڕوخساریان هێندە کاڵ ببۆوە، لە بەفرەکە سپی تر بوو، دەموچاوی مەییویان لە بێزاری و یاخیبوونێکی سامناک پتر هیچی دیکەی نە ئەنواند..

---

١– سەربازی پیشەوەر: جندي متطوع أو محترف.

٢– بەرنامەی سەردەمی نەتەوە: بەرنامەیەکی ڕۆژانەی ڕادیۆی بەرلینی ئەودەمە بوو.

٣– ژێردەریایی: غواصة.

٤– گۆرینگ: (هیرمان گۆرینگ ١٨٩٣–١٩٤٦): یەکێ بوو لە سەرکردەکانی نازی، فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا بوو، نازناوی مارشاڵی ڕایخی لەلایەن هیتلەرەوە پێدرا، ساڵی ١٩٤٦ لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بەدیلی گیرا، وەکو تاوانبارێکی جەنگ لە نۆرمبێرگ دادگایی کرا و بڕیاری لەناوبردنی درا، بەڵام بەر لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکە بەدەستی خۆی، خۆی لە زیندانەکەیدا کوشت.

٥– ئەرنەست: ناوی یەکەمی پاڵەوانی ئەم ڕۆمانەیە (ئەرنەست گرێبەر).

٦– ئەتێلا: (٤٠٦–٤٥٣)ز: لە ساڵی ٤٣٤ی زایینییەوە، شای (هۆنەکان) بوو کە بە دڕندەترین تیرەی بەربەریەکانی ئەوروپا ناسرابوون، (ئەتێلا) زۆربەی زۆری ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتای داگیر کرد، خۆی و جەنگاوەرەکانی دەستتیان لە هیچ نەدەپاراست بەهەر گیانلەبەرێک بگەشتنایە دڕندانە دەیانکوشت، هەر گوندو شارێکشیان داگیر بکردایە پاش تاڵان کردنی خاپوور و وێرانیان دەکرد.

٧– گستابۆ: پۆلیسی ڕامیاری نهێنی ئەڵمانیای نازی لە ساڵی ١٩٣٦دا دامەزرا، دەزگایەکی سەرکوتکەری دڕندە و بێ بەزەیی بوو، گشت بەرپرسانی وەکو تاوانبارانی جەنگ دادگایی کران و سزادران.

# 4

زەبری تەقینەوەیەک ژێرزەمینەکەی هەژاند، هەراهەرایەکی زۆر و لەرینەوەیەکی بەهێز لە خەو ڕاپەڕاندن، دیوارەکان هاتبوونە لەرزە، ناو گوێیان دەزرنگایەوە، چی خۆڵ و گەردی بنمیچ و قوژبنەکان هەبوو بەسەریاندا داباری، دژە ئاسمانییەکانی ئەودیو گوندەکە هاڕەیان دەهات، بەگژ ئاسماندا دەچوون، هاوار لە سەربازێکی یەدەکەوە بەرز بۆوە:

– تا زووە خۆتان قورتارکەن، ئێرە چۆڵ کەن.

– کەس نەشڵەژێ.. ڕووناکی هەڵمەکەن.

– خۆتان لەم تەڵەزگەی مشکە دەربازکەن.

– بۆ کوێ گەلۆر..؟ هێمن بە.. ئەوە چیتانە دەڵێی هەر هەمووتان سەربازی یەدەکن؟!

زرمەیەکی کپیان هاتە گوێ، ژێر زەمینەکەی هێناو برد، شتێک لە تاریکاییەکەدا بەربۆوە، تەقییەوە، بنمیچەکەی هێنایە شەقە شەق، تەڵەزمی داروبەردە هەڵتەکاوەکە لە هەموو لایەکەوە بەسەریاندا داباری، زنجیرە بریسکە بریسکێکی خێرا، یەک بەدووی یەکدا لە کلاوڕۆژنەکەوە هات و لە پڕێکدا نەما..

– کاوول بوو.. هەندێ بوون بەژێرەوە.

– دان بەخۆتاندا بگرن، هیچ نەڕووخاوە، دیوارە تەپیوەکەیە بەشێکی دیکەی لێ ڕووخا.

– لێرە دەرچن تا نەبوون بەژێرەوە.

تارمایی چەند کەسێک لەناو دەرکی پەناگەکەدا دەرکەوت، یەکێک هاواری لێکردن.

– بگەڕێنەوە گەمژانە، بۆ کوێ دەچن، ساچمە و تەڵەزمی تەقینەوەکان ناوەوە ناگرێتەوە.

بەگوێیان نەکرد، لەژێرزەمینەکە دڵنیا نەبوون، ڕەوشەکە پەیوەندیی بەشانسەوە هەبوو، لەوانەیە بۆمبێک ڕاستەوخۆ پەناگەکە بپێکێ، هەموو ببن بەژێرەوە.. یان لە دەرەوە بەهۆی ساچمە و تەڵەزمی بۆمبە تەقیوەکان لەناو بچن..

بۆ ماوەیەکی کورت خامۆشی گشت لایەکی گرتەوە، هەموو چاوەڕوان بوون، قۆڕەی سکیان دەهات! هەناسەیان لەخۆیان بڕیبوو، چاوەڕوانی لێدانێکی دیکە بوون.. ئەمجارە زۆر نزیک دەبێ..! نەخێر هیچ ڕووی نەدا، یەکێک کەوتە جنێودان:

– کوان.. لەکوێن؟ فڕۆکە خوا گرتووەکانی خۆمان لەکوێن؟

– بەئاسمانی ئینگلتەراوەن.

(میکە) تووڕە بوو:

– دەمت داخە.

(ئیمەرمان) وتی:

– بەئاسمانی ستالینگرادەوەوەن.

– دەمت داخە.. بەتایبەتی تۆ، نابێ ورتە لە دەمی تۆوە بێ.

بەدەم دەستترێژی دژە ئاسمانییەکانەوە، ویزە ویزێکیان هاتە گوێ.



(شتاین بێرنەر) هاواری کرد:

– ئەوەتان، گوێتان لێیانە؟ ئەوانە فڕۆکەکانی خۆمانن، گەیشتن.

گوێیان هەڵخست، تۆپەکان هاربوونەوە، بەچڕی کەوتنە ئاگر وەشاندن، لەپڕێکا.. زرمەی سێ تەقینەوە، یەک بەدووی یەکدا لە باشووری گوندەکەوە دەنگیان دایەوە، زەمین لە ژێر پێیاندا کووڕ بۆوە.. دەمی کردەوە، گەردەلوولێک ئاگر و بڵێسە لە تاریکاییەکەدا هەڵقولا..!

تا ئەو کاتەی هاوار و ژاوەژاوەکەیان بەگوێدا هات، ورتە لە دەمی کەسەوە نەهات، مچوڕکە و لەرزی دیوارە هەڵتەکاوەکان ڕوحی لە جەستەیاندا کردەوە.. (گرێبەر) لە جەرگەی ئەو وەیشوومە پڕ دوکەڵ و داڕووخاندنەدا پەلی دەکوتا، لەدووی کونێکدا دەگەڕا لێوەی دەرچێ.. هەستی دەکرد پووت بووە، قەوارەیەکی پووچەڵە..

ترووسکەیەک لەناو دەرکی پەناگەکەوە هات، تاریک و تەڵخ ورشەی دەهات، دەرگاکە نەڕووخابوو، دەستتی بە جەستەیدا هێنا، بریندار نەبوو، گوێی لە (ساور) بوو..

– خودا بیانگرێ، ئەمەیان زۆر نزیک بوو، وامزانی ئاسمانمان بەسەردا ڕووخاوە.

پێکەوە بەسکە خشکە ڕووەو دەرگاکە کشان، هەرا هەراکە دیسانەوە گەرم بۆوە، گوێی لە یەکێک بوو هاواری دەکرد.. (میکە) بوو، فەرمانی ئەدا:

– هەموو لێرە گرد ببنەوە، ژمارەیەک سەرباز بوون بەژێرەوە دەبێ فریایان کەوین..! (نێوچەوانی شکا بوو، خوێن بەڕوخساری چەپەڵ و ڕەش داگەڕاویا دەهاتە خوارەوە.. لەپڕێکا پرسیارێکی بەدەمدا هات).. کەس بزرنەبووە..؟

پرسیارێکی بێ مانا بوو، کەس وەڵامی نەدایەوە. (گرێبەر) و (ساور) گەیشتنە شوێنە داڕووخاوەکە، کەوتنە دار و بەرد لادان، کارێکی قورس و دژوار بوو دەستو بردی لێ نەدەکرا، ستوونە ئاسنینە تێکترنجاوەکان و تاویروگاشە بەردە داتەپیوەکان دەستتی دەستوبردکردنی بەستبوونەوە.. بێ لە ئاسمانێکی ڕەش و تار و ورشەی ئاگرە هەڵگیرساوەکان هیچی دیکەیان نەئەدی..

هەناسەی لەخۆی بڕیبوو، هەموو توانا هەستیارەکانی لە گوێیدا گرد ببوونەوە..! گوێی بۆ کزترین نووزە، نەویترین چپە، لاوازترین هەناسە هەڵخستبوو، کوێرانە پەلی دەگێڕا، بەشکەم دەستتی لە پەلێک، لە لاقێک گیر ببێت.. لە جێگەیەکدا بەن نەدەبوو، جێی دەگۆڕی! نەیدەویست تەنها بەشوێنەکەوە خەریک بێت.. کات لەم جۆرە هەڵوێستانەدا هێجگار بەنرخە، هەموو چرکەیەک بەهای گرانی خۆی هەیە..

لەپڕێکا، دەستتی لە دەست و مەچەکێکەوە ئالا، هاواری کرد:

– وەرن بەدەنگمەوە.. ئەمە یەکێکە!

چاوەڕوانی نەکردن، کەوتە چنگەکرێ، لەدووی جەستەی خاوەن دەستتەکە دەگەڕا، بۆی نەدۆزرایەوە، دەستتی دایەوە دەستتەکە، توند گووشی، هاواری کردەوە:

– کوایت، لە کوێیت، شتێک بڵێ.

کاتێک لەو کاتانەی زرمە زرمی تەقینەوەکان کپ دەبۆوە، نووزەیەکی هاتە گوێ:

– لێرەم.. ڕام.......ەکێ....شە، ز....ۆرم بەسەر.....ەوەیە (دەستتەکە لەناو دەستتیا دەلەرزی).

کەوتەوە هەڵکۆڵین و چنگەکرێ، خۆڵی لائەدا، بەردی گلۆر دەکردەوە، ستوونە ئاسنی ڕادەکێشا، ئاکامەکەی توانیی دەموچاوی سەربازە نێژراوەکە ئاشکرا بکات.. خێرا دەم و کەپووی سڕی، بەدەنگی بەرز هاواری کردەوە:

– کوان، لە کوێن.. بێن یارمەتیم بدەن!

شوێنەکە تەنگ بوو، جێیان نەدەبۆوە، گوێی لە (شتاین بێرنەر) بوو:

– دەمولووتی خاوێن بکەوە، ڕایکێشە، ئەوا ئێمەیش لێرەوە دێین.

خۆی ترنجانە قوژبنێکەوە، جێی دەکردنەوە، بەهەموو ئارەزوو و توانایەکیانەوە خەریک بوون.. (ساور) پرسیاری کرد:

– ئاخۆ کێ بێ؟

– نازانم.. کێ کێ دەناسێتەوە؟

(گرێبەر) سەری لە نێژراوەکە نزیک کردەوە.

– کێیت.. تۆ کێیت؟!

وەڵامێکی هاتە گوێ، تێنەگەیشت، هاوەڵەکانی هەر خەریک بوون، دارو بەردە داڕووخاوەکە کۆتایی هەر نەهات، لەیادیان چوو لە کەیەوە خەریکن، (شتاین بێرنەر) پرسیاری لە (گرێبەر) کرد:

– ئاخۆ مابێ..؟

(گرێبەر) بەری دەستتی بەبەر دەمولووتی نێژراوەکەدا هێناو برد، هەستی بەهیچ نەکرد:

– نازانم، تا نەختێک لەمەو پێشیش مابوو.

دیسانەوە ژاوەژاوەکەی دەرەوە بەرز بۆوە، (گرێبەر) بەسەر دەموچاوەکەدا نوشتابۆوە:

– هەر ئێستا ڕزگارت دەکەین، گوێت لێمە؟ ڕزگارت ئەکەین..

شتێکی گەرم بە تەوێڵیای دا، هەناسە بوو، چی بوو؟..

نەیزانی..! هەر هەموویان هەناسەیان گەرم و سوار بوو، سەریان لە یەکەوە نزیک بوو..!

– تەواو، هیچمان لە دەستەڵاتدا نەما.. (ساور خاکەنازەکەی بەتەنیێکی ڕەق دادا، دەزرنگایەوە).. ئاسنە، گشتی ئاسنە، هیچمان پێ ناکرێ، لە تواناماندا نییە، چاویشمان لە هیچ نییە..

گوێیان لە (میکە) بوو دەیگوت:

– کەس ڕووناکی هەڵنەکات، ترووسکەیەک لەهەر لایەکەوە ببینم گوللەبارانی دەکەم.

(شنایدەر) کەوتە جنێودان.

– گەمژەی گوێدرێژ، پێویستیمان بەم ئامۆژگارییە سواوانە نییە.

– بەم تاریکییە هیچمان پێناکرێ، دەبێ چاوەڕوان بین.

– چۆن؟!



(گرێبەر) سەری هەڵبڕی، نواڕییە ئاسمان، تاریک و ڕەش، هیچی بەدی نەکرد، ناڵە و نەعرەتەی مەرگێکی چەواشە و یاخی نەبێ، گوێی لە هیچی دیکە نەبوو، ڕەوشەکەی بەلاوە نامۆ نەبوو، گەلێکی لەو جۆرە تاقی کردبۆوە، بگرە سەختتریش.. لە ئاستیاندا دەستەپاچە دەبوو، جگە لە چاوەڕوانی هیچی دیکەی لەدەست نەدەهات.

دەستتێکی نەرمی بەدەموچاوی سەربازە نێژراوەکەدا هێنایەوە، خاوێن بوو، پەنجەی بەدەمو لێویا هێنا، لە یەک ترازابوون، سەری پەنجەی نایە نێو ددانەکانییەوە، هەستی بەگەستنێکی لاواز کرد:

– هێشتا زیندووە.

– تێی بگەیەنە کە هەر ئێستا کەلوپەلی پێویست دێنین و ڕزگاری دەکەین..

دەستتی بەڕوخساری سەربازەکەدا هێنایەوە.. سڕببوو.. لەدووی دەستتیا گەڕا، دییەوە، توند گرتی، گوشیی، سارد ببۆوە.. بەری نەدا، لەوە پتر هیچی دیکەی بۆ نەکرا.. هەتا تاوە ئاسمانییەکە[1] کۆتایی هات دەستتی سەربازەکەی هەر لەدەستتدا بوو..

لاشەکەیان دەرهێنا، (لامێرز) بوو، پیاوێکی باڵا بەرزی چاویلکە لەچاو بوو، چاویلکەکەشیان لە نزیک خۆیەوە دییەوە.. نەشکابوو! بەڵام (لامێرز) خۆی مردبوو..

***

نۆرە ئێشکی (گرێبەر) و (شنایدەر) بوو، بۆنی باروت و دوکەڵێکی خەست بەدەم کزەبایەکەوە دەهات و پڕ کەپوویان دەبوو، لایەکی کڵێسەکە ڕووخا بوو، نووسینگەی سەرتیپەکەشیان بەرکەوتبوو، وا بەبیری (گرێبەر)دا هات (ڕاهی)یش پێوە بووبێ، وانەبوو، (ڕاهی) بەقەدە باریکەکەی و هەڵسوکەوتیا ناسیییەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئاگرە هەڵگیرساوەکاندا چاوی لێ بوو.. لەناو سەربازەکاندا دەهات و دەچوو، سەرپەرشتی پاکژ کردنەوەی داروبەردە داڕووخاوەکانی دەکرد، کڵێسەکە توند لێدرا بوو، برینداریێکی زۆر ببوون بەژێرەوە، ئەوانەش کە دەرچووبوون، لە گۆڕەپانەکەدا درێژ کرابوون، زەق دەیاننواڕییە ئاسمان، بریسکە لە چاویانەوە نەدەهات، نە نزا بوو نە تکا، سامێک بوو پڕ بە نیگایان! لە ئاسمان دەترسان..

لە تەنیشت ڕیزێک چاڵی نوێوە ڕەت بوون، شوێنەواری بۆمبی فڕۆکە ڕووسیاییەکان بوون، بۆنێکی تیژیان لێ دەهات، وەک گەرووەیەکی برسی و چڵێس.. زل و ڕەش لە بەفرەکەدا کرابوونەوە.. هەڵاوێکی خەستیان هێدی هێدی تیا کۆدەبۆوە، بەگردەکەدا هەڵگەڕان، بۆمبێکی بچووک لە نزیک گۆڕەکانەوە بەربۆوە، چاڵێکی قووڵ و خڕی هەڵکەندبوو..

(شنایدەر) وتی:

– گۆڕێکی چاکە، جێی کۆمەڵێک تەرمی تێدا دەبێتەوە.

– ئەی بەچییان دادەپۆشی؟

– ڕۆخی چاڵەکەیان بەسەردا ئەدەینەوە.

– ناشێ، چاڵ دەبێ، هەر گۆڕێکی ئاسایی هەڵکەنین چاترە.

(شنایدەر) ڕدێنە سوورەکەی خوراند:

– مەرجە گۆڕ لە زەمینەکەی دەوری بڵندتر بێ؟

– نازانم وا ڕاهاتووین.

لە تەنیشت گۆڕەکەی (ڕایکە)وە ڕەت بوون، تەقینەوەیەک خاچە دارینەکەی هەڵکەندبوو، لە پەنایەکی تاریکی شەودا بزر ببوو.

(شنایدەر) هەڵوێستەیەکی کرد، ملی قووت کردەوە، گوێی دەگرت، سەرێکی بادا، ئەمجا بەدەم گوێ هەڵخستنەوە وتی:

– گەرم بۆوە، لە پڕێکا گەرمیان کرد..! (نواڕییە گرێبەر).. وا بزانم مۆڵەتەکەشت فت..

خۆیان مت کرد، گوێیان دەگرت، فیشەکە ڕووناککەرەوەکان و جۆرەها تەقەمەنی دیکە بەسینگی شەودا دەچزان، ئاگری دژە ئاسمانییەکان لە تەقەڵی ئامێرێکی دروومانی دۆزەخین دەچوون، بەرگی سیاهی شەوی بەئاگر دەچنی، زرمە و ناڵەی تۆپەکان تا دەهات چڕتر دەبوون.

– جێ خۆش دەکەن، بۆردومانی بەر لە هێرش هاوردنە.. کاتی ئەوە هاتەوە ڕەوانەی ڕیزەکانی پێشەوەمان بکەنەوە، بەڵێ مۆڵەتەکەی ئەمجارەشت فت.

– لەوە دەچێ.

هەر گوێیان دەگرت (شنایدەر) ڕاستی دەکرد، ئەو هەرایەی گەرم ببوو جموجۆڵی بەر لە شەڕێکی لابەلایی نەبوو، سەرەتای هێرشێکی بەرفراوانە، لەوانەیە لەگەڵ سپێدەی بەیانا دەستت پێ بکات.

تەمێکی خەست کۆ دەبۆوە، لە سێ چوار هەنگاوێکی پێش خۆیان زیاتر هیچی دیکەیان نەئەدی، ڕووسەکان بەر لە دوو هەفتە پەنایان هێنایە بەر تەمومژێکی وا، بەدزە هاتن و(٤٢) سەربازیان لێکوشتن..

ئومێدی چوونەوەی نەما، هەر لەسەرەتاوە دڵنیا نەبوو کە ئەو مۆڵەتەی پێ ئەدەن، بۆیە هیچی دەربارەی بۆ دایک و باوکی نەنووسیبوو، نەیدەویست بەتەمایان بکات، لەوەتەی سەربازە تەنها دووجار مۆڵەت دراوە، دواجاری وەکو خەوێکی بێ ڕەنگ و شێوە دێتەوە یاد، دوو ساڵە بەتەمایە.. دوو ساڵ بێ یان بیست، یەک شتن بەلایەوە، هەستی بەنائومێدی نەدەکرد.. ئەگەر چیش کەوتبووە بۆشەڕۆگییەکی بێ بنەوە!

***

گەیشتنە دووڕیانێک، پرسیاری لە (شنایدەر) کرد:

– کام ڕێیان هەڵدەبژێری؟

– هەر کامێکیان بێ گرینگ نییە، ئەوەی لای ڕاستیان..

– باشە.

تەمەکە تا دەهات خەستتر دەبۆوە، چاوی لە هاوەڵەکەی بوو، وەک لەنێو شۆربایەکی سپی خەستدا هەنگاو بنێ دوورکەوتەوە.. شۆربایەک بوو بەساردی قوڵپی ئەدا، دەکوڵا و هەڵدەچوو، (شنایدەر) هەتا شان و ملی تێنابوو، تەنها کەللەی لە ژوور تەمەکەوە دیار بوو.. خولێکی بەدەوری گوندە کاولەکەدا



خوارد، ملی قووت کردبۆوە، دەینواڕییە دوور، جارجارێک لە تەمەکەدا بزر دەبوو چاوی لە ئاسۆ شێواوەکەی ئاگر و تەقینەوە ئارامیان لێ هەڵگرتبوو، نەئەترووکاند..

لە ناکاودا هاڕەی دەستترێژێکی نزیکی هاتەگوێ، یەکسەر (شنایدەر)ی بە بیردا هات..! تەزوویەکی سارد لەرزی بەگیانیا هێنا، دەستترێژێکی دیکە کرا، هاوار هاوارێکی بەدوادا هات، دانەوییەوە، خۆی لە تەمەکەدا شاردەوە، گوێی لە غەڵبەغەڵبێک بوو، تاقمێک نزیک دەبوونەوە، ناویان هێنا، یەکێکیان بانگی کرد، هاواری لێ کردەوە:

– کێیت؟.. لەکوێیت.

– لێرەم.

سەری بەسلێکەوە هەڵبڕی، بازێکی لابەلایی دا، کەس تەقەی نەکرد، غەڵبەغەڵبەکەی هاتەوە گوێ، نزیک بوو، نەخێر، لەم هەڵوێستانەدا دووری و نزیکی هەرگیز مەزندە ناکرێن. لەپڕێکا (شتاین بێرنەر)ی لێ دەرکەوت:

– ئەو بەرازانە شنایدەریان ڕاوکرد!.. چەتە ڕووسەکان بوون، بەنیازی شتێکی گەورەتر هاتبوون، لە شیرینە خەودا بدەن بەسەرماندا، ئەو هەلەیان بۆ نەڕەخسا، بەهۆی بۆمببارانەکەوە هەموو بەخەبەر بووین، بەڵام (شنایدەر)یان کوشت.. کەللەیان سمیەوە.

– ئەو پیاو کوژانە؟! چی بکەین، بەم تەمومژە ناتوانین دوایان کەوین..

شێی تەمەکە دەموچاوی (شتاین بێرنەر)ی تەڕکردبوو، چاوەکانی دەبریسکانەوە، وتی:

– دەبێ گردوکۆ بین، کەس دوور نەکەوێتەوە، فەرمانی (ڕاهی)یە.

– بەڵێ باشە.

بەیەک ڕیز، شانیان نابوو بەشانی یەکەوە، سینگیان دابووە پێش، (شتاین بێرنەر) بەسڵ و گومانی سەربازێکی قاڵەوە بوو هەنگاوی دەنا، بەهەناسەیەکی سوار و چپەیەکی تووڕەوە دەیگوت:

– خۆزگە یەکێکیانم بەردەستت دەکەوت، خۆم دەمزانی چی لێدەکەم، گەرووی پڕ پەڕۆ دەکەم و نووزەی لێدەبڕم، هەر چوار پەلی پەت دەکەم، ئەمجا بەئارەزووی خۆم بەردەبمە گیانی.. ئێوە نازانن ڕەگ و دەمارەکانی چاو هەتا دەپسێن، چەند دەکشێن؟ (بەپەنجە تیژە باریکەلەکانی شێوازی چاو هەڵکۆڵینەکەی نیشان ئەدان..).

(گرێبەر) وتی:

– ئەزانم، لەبەرچاومە (هۆشی لای شنایدەر بوو، بەرێکەوت پێوە بوو..! زۆر نەشلەژابوو، لەم جۆرە ڕێکەوتانەی زۆر دیبوو.. سەربازان لە جەنگدا بەرێکەوت دەژین).

ڕاونانی چەتەگەرە ڕووسەکانیان بەپشکنینی کەلاوەکانی دەوروبەری گوندەکە بردە سەر.. کەسیان نەدییەوە..

تۆپەکان هێور بوونەوە، بەڵام زرمەیان هەر دەهات، ئاسمان تاریک و ڕوون بۆوە و.. هێرشەکە لەگەڵ سپێدەی بەیاندا هات!

(شتاین بێرنەر) وتی:

– خۆزگە لە پێشەوە بوومایە، لەم جۆرە کوشتارە گەورانەدا هەمیشە پێویستیان بەسەربازی دیکە دەبێ جێگەی کوژراوەکان بگرنەوە، پیاو لە گوزەرانی وادا هەلی چاکی بۆ ڕێدەکەوی پێش کەوێ و هەر زوو پلەی ئەفسەری وەرگرێ.

– یان دەبێتە تۆپەڵێک گۆشتی جنراوی ژێر زنجیری تانکێکی قورس.

– ئاخ لە دەستتان پیرە بزنەکان.. بۆ دەبێ هەروا چەوت بیر بکەنەوە، بەم شێوەیە قەت نابن بەهیچ، لەچی دەترسن، خۆ هەر هەمووی ناکوژرێ..

– ڕاستە وایە، هەمووی بکوژرایە، دەمێک بوو ئەم جەنگە کۆتایی هاتبوو..

لە پەناگەکە بوون، (گرێبەر) پاڵی لێدابۆوە، هەردوو لاقی درێژ کرد، دەیویست چاوێک گەرم بکات، نەیتوانی، هەرا هەراکەی هێڵەکانی پێشەوەی بەرە لە کەللەیدا ژاوەی دەهات..

ڕۆژ بۆوە، بەیانێکی دێز و ناساز بوو، هێڵی پێشەوەی بەرە دەکولا، تانک و زرێلییەکانی هەردوولا بەربوونە یەک، کوڕ ئەوە بوو زووتر بێتە دەستت.. هێڵەکانی پێشەوەیان چۆلکرد، زریکە و شریخەی فڕۆکەکان بە بەردەوامی ئاسمانی هەراسان دەکرد، ماشینە سەرباز گوێزەرەوەکان پرشوبلاو بە تەپۆلکە و دەشتاییەکاندا گلۆر دەبوونەوە.. بەرایی بریندااران دەرکەوت..

تیپەکەیان چووە باری ئامادەباشییەوە، چاوەڕوان بوون فەرمانیان پێ بدرێ بەرەو پێشەوە بجمێن..

کات دەوروبەری دە دەبوو کاتێک (گرێبەر)یان ئاگادار کردەوە کە سەرتیپەکەیان داوای دەکات.

(ڕاهی) پاش بۆردومانەکە، نووسینگەکەی گواستبۆوە ژوورێک لە نهۆمی خوارەوەی خانوویەکی گەورەدا بوو، ژوورەکە جێگەی خەوتنیشی بوو. مێزێکی گچکە و کورسییەکی سێ کوچکە لە چەقی ژوورەکەدا دانرابوون، دەلاقەیەکی گەورەشیان لە دیوارێکی ژوورەکە بەسۆپایەکی زلەی بێ کەڵک گرتبوو، ژمارەیەک پەتوو و چەرپایەکی سەربازییان نابووە سەری، پەنجەرە شکاوەکانیشیان بە مقەبای ئەستوور پینە کردبوو، قوتیلەیەکی گچکەی ئیسپرتۆ و جەزوەیەکی قاوە ئامادەکردن لەسەر مێزەکە دانرابوون.. ژوورێکی تاریک و سارد بوو، (ڕاهی) وتی:

– فەرمانی مۆڵەتەکەت دەرچووە.. (نەختێک قاوەی کردە کووپێکی گوڵدارەوە)، سەرت سوڕماوە، وا نییە؟

– بەڵێ گەورەم.

– منیش سەرم سوڕماوە، بەهەر حاڵ فەرمانەکەت هاتووە، لە نووسینگەی تیپە، بچۆ وەری گرە و ئازا خۆت گرد بکەوە.. ئیتر حاڵیت دەڵێم چی؟

– بەڵێ گەورەم.

سەری قاڵ بوو، بەدەوری مێزەکەدا سوڕا و دەستتی (گریبەر)ی گوشی:

– ئومێدەوارم کاتێکی شاد ببەیتە سەر، هەوڵ بدە زوو لەم دەوروبەرە دوور بکەویتەوە.. دەمێکە چاوەڕوانیت، بڕۆ مافی خۆتە..



(ڕاهی) چووە بەر پەنجەرە نەوییەکەی دەینواڕییە سەر کۆڵانەکە، دەبوایە دانەوییایەتەوە بۆ ئەوەی دەرەوەی لێ دەرکەوێ، (گریبەر) چووە دەرەوە، وەختێ بەبەر پەنجەرەکەدا ڕەت بوو، تەنها نیشانەکانی سەر شانۆ سینگی (ڕاهی) لێوە دیار بوو.

***

نووسەرەکە فەرمانە مۆرکراوەکەی لەنێو کۆمەڵێک کاغەزدا ڕاکێشا، بە مۆنییەکەوە وتی:

– شانست هەیە.. ژنیشت نییە، وانییە؟

– نەء، بۆیە پاش دوو ساڵ ئەمجا نۆرەم هاتەوە سەر.

– شانسە شانس، ئەگەر شانس نەبێ مۆڵەت پێدان و ئەم ڕۆژەیان گوتووە!

– بڵێم چی.. من ڕۆژەکەم هەڵنەبژاردووە..

گەڕایەرە پەناگەکە، بەتەمای چوونەوە نەبوو، بۆیە خۆی ئامادە نەکردبوو، کەلوپەلێکی وای نەبوو، خێرا گردی کردنەوە، تابلۆیەکی گچکەی بە بایەخپێدانەوە پێچایەوە، (ئایکۆن)ێکی[٢] ڕووسیایی بوو، لە یەکێ لەگوندەکان دیبوویەوە، بەو نیازە گلی دابۆوە بەدیاری بۆ دایکی بباتەوە..

***

ماشینێکی فریاکەوتن هەڵخلیسکا، لە ڕێگاکە لایدا و لە بەفرەکەدا چەقی، پڕی لە سەربازی بریندار بوو، یاریدەدەری شۆفێرەکە بەربۆوە و قۆڵێکی شکا..! گلێیان دایەوە و (گریبەر) چووە جێی، بەو ڕێکەوتە جێیەکی لە ماشێنێکی فریاکەوتندا دەستکەوت..

ماشێنەکەیان هێنایەوە سەربار، کەوتەوە ڕێ، بە بەردەم گۆڕەپانی گوندەکەدا ڕەت بوون.. تیپەکەیان گرد کرابۆوە.. شۆفێرەکە وتی:

– بۆ پێشەوەیان ڕەوانە دەکەن، گەڕەلاوژەیەکی بێ وێنەیە، تێناگەم ئەو هەموو تۆپەیان لەکوێ بوو؟

– بەڵێ!!

– تانکو زرێلییەکی بێ شوماریان هەیە؟.. لە کوێیان بوو؟

– ئەمریکا.. یان لە سیبیریا دروستیان دەکەن.. پێی دەچێ گەلێ کارخانەی دروستکردنی ئەم جۆرە چەکانەیان لەوێ هەبێ..

بەلای ماشێنێکی سەرباز گواستنەوە ڕەت بوون.. چەقیبوو.

– ڕووسیا فراوانە، وڵاتێکی هێندە بەرینە چیی تێدایە بزرە..!

***

(گریبەر) سەرێکی بادا، گێترەکانی لە ژوور پۆستاڵەکانیەوە توند کردەوە، هەستی دەکرد هەڵاتووە، خۆی دزیوەتەوە..!

هاوڕێکانی بەڕوویەکی گرژ و ماتەوە لە گۆڕەپانی گوندەکە ڕیز ببوون، چاوەڕوانی چارەنووسێکی ستەم بوون، ئەمیش بەتەنها ڕێی نیشتمانی گرتۆتە بەر.. ئەوان ڕاستەوخۆ دەچنە گۆڕەپانی مەرگەوە، ئەمیش بۆ ماڵەوە.. مافی خۆیەتی.. (ڕاهی) فەرماندەشیان وای گوت.. بەڵام ئەم بیرە چییە وا لە ناکاودا کەوتە کەللەیەوە؟! ئەم دڕدۆنگییە چییە تیادا هەڵایساوە و دڵی کرمێ کردووە؟ ئاخۆ ئێستاکە یەکێک بەهەڵەداوان دوایان نەکەوێ و لە ماشێنەکە دایگرێتەوە خوارێ..؟

چەند کیلۆمەترێک دوورکەوتنەوە، بەماشینێکی دیکەی فریاکەوتن گەیشتن، پەکی کەوتبوو، ڕاوەستان.. چاوێکیان بەبریندارەکانی خۆیاندا خشاندەوە، دوانیان مردبوون، دایان گرتن و سێ بریندارپان لەوانەی ماشێنە پەککەوتووەکە هەڵگرت.. (گریبەر) یارمەتی دان، دوانیان پەلیان پەڕیبوو، سێهەمیش گوللەیەک لە دەموچاوی دابوو، لە توانایدا بوو دابنیشێ، ئەوانەی بەجێمان کەوتنە بۆڵە بۆڵ و جنێودان، لە بەفرەکەدا کەوتبوون، سامێکی گەورە لە چاویاندا گردببۆوە، بریسکەی دەهات، ڕەگی لە هەست و بیریاندا داکوتابوو.. دەترسان، تا مردن لەو مەرگە دەترسان لە دەستی هەڵاتبوون.. دەترسان لە دوا هەنگاوی قورتاربوونیاندا بیانگرێتەوەو حولیان بدات..

***

ماشێنەکە کەوتەوە ڕێ، شوفێرەکە بەدەم ئاژووتنەوە جێی خۆی خۆشکرد، وتی:

– جارێکیان ئامێری گۆڕینی خێرایی ماشینەکەم تێکچوو! زۆر خاو دەڕۆیشتم بەڕێوە، ئەو بریندارانەی بارمکردبوون لە سەرمانا ڕەق بوونەوە، کاتێک گەیشتمە جێ، تەنها شەشیان نووزەیان تێدا مابوو، ئەمانیش پەلوپۆیان بەستبووی، پیاو بەئاسانی لەم وڵاتە دەرباز نابێت، جا وەرە لە زستاندا حاڵی چۆن دەبێ..

(پارچەیەک تووتنی جوینی دەرهێنا، نەختێکی لێ قرتاند و کەوتە جوینی).. ئەوانەی توانای جووڵەیان مابوو، هەر بەو شەوە بەستەڵەکە دوامان کەوتن، دەیانویست بێنە ناو ماشێنەکەوە، لە هەموو لایەکەوە خۆیان بەئۆتۆمبیلەکەدا هەڵواسی، لە پۆرە هەنگێگی گەورە دەچووین.. هەتا لە لایەکەوە دەرم ئەکردن، خۆیان بەلاکەی تردا هەڵدەواسی..

هۆشی (گریبەر) لای شۆفێرەکە نەبوو بەڵام سەریشی بۆ دەلەقاند، ئاوڕێکی لەدواوە دایەوە، گوندەکە دیار نەمابوو..

دەوروبەری نیوەڕۆ، خۆرە سستەکە، جارجارێک لەودیو تەمەکەی بەری ئاسمانی گرتبوو دەردەکەوت، بریسکەیەکی نەرمی بە بەفرەکە دەهێنا..

لە ناکاودا، شتێک لە دەروونیا هرووژا، لە ناخیەوە هەڵقوڵا، هەڵچوو گەرم بەدەمارەکانیا گەڕا، هەستی کرد دوورە، ئازادە.. نواڕییە ڕێگاکەی بەردەمی، بەدۆڵێکدا ڕووەو ڕۆژئاوا درێژ دەبۆوە، چاوی بڕییە جێ پێچکەی ماشێنەکانی پێشیان.. مەتر، مەتر بەژێر ماشێنەکەیانەوە دەبوون، مەتر، مەتر لە ڕۆژئاوا نزیک دەبوونەوە، لە نیشتمان نزیک دەبوونەوە، بەرەو ژیانێکی دیکە دەچوون، ژیانێکە لەودیو سنووری قورتاربوونەوە باوەشی بۆ کردۆتەوە.. تەزوویەک بەگیانیا هات..!

شۆفێرەکە خێرایی ماشێنەکەی گۆڕی، ئۆتۆمبیلەکە تەکانێکی دا.. خۆی کووڕ کردەوە، ناو گیرفانی گەڕا، پاکەتە جگەرەکەی دەرهێنا، بەکراوەیی ئاڕاستەی شۆفێرەکەی کرد:

– فەرموو جگەرەیەک.

شوفێرەکە بەبێ ئەوەی چاوی لەسەر ڕێگاکە لابدات، وەڵامی دایەوە:

– سوپاست دەکەم، دووکەڵ هەڵنامژم، تەنها تووتنی جووین بەکار دێنم..

---

١– تاوی ئاسمانی– غارة جویة

٢– ئایکۆن– أیقونة– تمثال– معبود– **ICON**



5

خێرایی شەمەندەفەرەکە بەر لە وێستگەکە خاو بۆوە، بەهاژە هاژ و فیشکە فیشکێکی زۆرەوە لە تەک شۆستەیەکەوە ڕاوەستا، هەڵاوێکی خەست و گەرمی لێ بەرز بۆوە.. دەبوایە شەمەندەفەرەکەیان بگۆڕن..

وێستگەیەکی گچکە بوو، خۆر لە هەموو لایەکەوە دەیگرتەوە، خانە و بەنگەڵەکانی دەوری وێران ببوون، چەند چەتروقولغێکی پەلەیان لەسەر شۆستەکان دامەزراندبوو، لە ترسی فڕۆکە، بەڵەک ڕەنگ کرابوون..

ژمارەیەک لە دیلە ڕووسەکان شەمەندەفەرێکیان بار دەکرد..

بریندارەکانیان دابەزاند، ڕەوانەی مەڵبەندێکی پزیشکی کران، ئەوانەی زامەکانیان سووک بوو لەسەر سەکۆ و هەرزاڵە درێژکۆلەکانی سەر شۆستەکان دانیشتبوون، ژمارەیەک لە سەربازە مۆڵەت دراوەکانیشیان تێکەڵاو ببوون.. دەترسان بیانگێڕنەوە..

ڕۆژێکی ساردبوو، بریسکەی بەفرەکە چاوی دەستمی.. ویزەی فڕۆکە هات! دوور بوو، لە ئاسمانەوە نەدەهات، دەبێ لە فڕگەیەکی[1] نهێنییەوە بێ! زۆری نەخایاند، پۆلێک فرۆکەیان بەسەردا فڕی، لە پۆلێک مەل دەچوون.. بلند بوونەوە و لە ئاسماندا بزربوون، هۆشی (گریبەر)یان ڕەدووکەوت.. بیری کردەوە (..مەل و ئاشتی، جەنگ و فڕۆکە).. جووتێک پۆلیسی سوپایان لەبەردەمدا قووت بوونەوە، مت بوون، پۆلیسێکیان تێی خوڕین.

– دەی بەڵگەنامەکانتان ئاشکراکەن.

جووتێکی تێروتەسەل، گورج و تێکسمڕاو، لەشساغ و زیت بوون، دەنگی دلێریان، دەنگی یەکێک بوو هێشتا بەرەکانی جەنگ و کوشتاری تاقی نەکردبۆوە.. بەرگەکانی بەریان، خاوێن و تەمیز، قەشەنگ و بێ لەکە، دەقیان نەشکابوو، چەکەکانشیان هێندە نوێ بوون لەوە نەدەچوو تەقەیان پێ کرابێت.. بەلایەنی کەمەوە کێشی هەر یەکێکیان بیست پاوەندێک لە کێشی هەر یەکێ لەمان قورستر بوو..

لە کاغەزەکانیان ورد بوونەوە، ئەمجا داوای پێناسەیان لێکردن، یەکێکیان ئاگاداری کردنەوە:

– خواردن لە قاوشی ژمارە سێ ئەدرێت، بەر لە خواردنیش خۆتان بشۆن، ناشێ بەتەمابن بەم حاڵ و گوزەرانەوە بچنەوە نیشتمان؟

لەبەردەم قاوشی ژمارە سێ کۆبوونەوە، سەربازێکی ڕدێن ڕەش تووڕە ببوو، بۆڵەی دەهات:

– ئەم سەگە سیخوڕانە چەند لە ئاگرەکە دوور بن ئەوەندە زمانیان درێژە، وەکو تاوانباران مامەڵەمان دەکەن.

یەکێکی دیکەیان وتی:

– هەر ئەمانە بوون لە شەڕە شوومەکەی ستالینگراد دا بەسەدانیان لە سەربازەکانی خۆمان گوللەباران کرد.

– تۆیش لەوێ بوویت؟

– لەوێ بوومایە ئێستا لێرە نەدەبووم.. کێ لەو دۆزەخە دەرچوو؟

سەردەستتەیەک لێی تووڕە بوو:

– گوێ بگرە قسە زل، هەتا لە هێڵەکانی پێشەوە بیت بۆت هەیە بەئارەزووی خۆت بڵێیت، بەڵام ئێرە ئەوێ نییە، جا دەمت داخە و بێ دەنگ بە..

هەریەکەیان تەشپییەکی بەدەستتەوە گرت و چوونە ڕیزەوە، ڕیزەکە هەر نەجووڵا، سەعاتێکی تەواو چاوەڕوان بوون، کزە بایەکی سارد هەڵی کردبوو، خوێنی لە جەستەدا دەمەیاند، هەڵدەلەرزین.. ئەو گوزەرانەشیان گەلێ جار تاقی کردبۆوە.. ئاکامەکەی سەرو ئەسکوێیەک شۆربایان پێدان، ئاوێکی ڕوون و بێتام بوو، چەند پارچە پەتاتەیەکی تێدا بەدی دەکرا، بەختەوەریش ئەو کەسە بوو پڕۆزێلێک گۆشتی بەر بکەوتایە.. سەربازەکەی لە ستالینگراد نەبوو، چاوێکی بە دەوروبەری خۆی گێڕا و وتی:

– ئاخۆ ئەو پۆلیسانەیش لەمە بخۆن؟

– تۆ لە بەزم دەگەڕێیت (سەردەستتەکە لێی توڕ بۆوە).

(گرێبەر) شۆرباکەی هەڵقوڕاند، لە دڵی خۆیا دەیگوت:

..(هیچ نەبێ گەرمە)، بیری کردەوە.. (ئێستا لە ماڵەوە بوایە، شتێکی دیکەی دەخوارد، دایکی خواردنی بۆ ئامادە دەکرد، سۆسیجی بەپیاز و پەتاتە لە کەرەدا بۆ سووردەکردەوە، پاشانایش بەحەڵوای گێلاس دەمی شیرین دەکرد، ئەمجا یەک دوو قومێکیش خواردنەوەی ڤانێلیای بەسەردا دەکرد..).

دەبوایە تا دەرنگانێک لەو وێستگەیە بمێننەوە..

پۆلیسەکانی سوپا هەڵیان کوتایەوە سەریان.. بریندارانیش دەستتە دەستتە دەگەیشتن، بەگەیشتنی هەر کۆمەڵە بریندارێکی نوێ مۆڵەتدراوەکان دڵگرانتر دەبوون، مەترسیی گلدانەوەیان زیاتر دەبوو..

شەو داهات، کات تێپەڕی، شەمەندەفەرێک ئامادەکرا، کەشیش تا دەهات ساردتر دەبوو، ئەستێرەکان گەورەو گەش لە ئاسماندا ئەدرەوشانەوە! قەشەنگ نەبوون، ڕێ نیشاندەری فڕۆکە جەنگاوەرییەکانی دوژمن بوون!.. سروشت ماناکانی جارانی نەمابوو، جوانی و ناشرینی بەگوێرەی پەیوەندییان بەدۆخەکانی جەنگەوە لێک ئەدرایەوە.. بۆیە دیمەنی ئەستێرەکانی ئەو شەوەیان بەلاوە ترسناک بوو..!

بریندارەکان گوێزرانەوە ناو شەمەندەفەرەکە، هەر زوو سێیانیان لێ داگرتنەوە، مردبوون، هەر بەدەستەبەرەکانی ژێریانەوە لەسەر شۆستەکە دانران!.. دانەپۆشرابوون..

لە ئەستێرەکان نەبێ، ڕووناکی لە هەموو شتێکی دیکە بڕابوو.

نۆرە هاتە سەر ئەوانەی زامەکانیان سووک بوو، بەخاوی بەڕێ دەکران، (گرێبەر) بیری کردەوە.. (بەم خاو و خلیچکییە نۆرەمان قەت نایەتە سەر..) زۆر بوون.. شەمەندەفەرەکە سیخناخ بوو، بەدڵێکی غەمگینەوە دەینواڕییە شەو، ویزە ویزی چەند فڕۆکەیەکی هاتەوە گوێ، دیار نەبوون، ئەوانیش ڕەت بوون، هەرچەندە دڵنیا بوو لەوانەی خۆیانن بەڵام هەر دەترسا.. لەو ترسەی لە بەرەکانی شەڕ پڕ دڵی دەبوو، زیاتر دەترسا..

درەنگ نۆرەیان هاتە سەر، گورج بوونەوە، هەر ئەوەندەی فەرمانی سواربوونیان پێ درا، یاسا تێکچوو، بووە گەڕەلاوژە! ئەم تەکانی ئەدا، ئەو ئەمی ڕادەکێشا، ئەم بەردەبۆوە، چی ناشرین بوو



بەزاریاندا دەهات، کەس بەتەنگ کەسەوە نەدەهات..!

نەڕەیەکی زلەی ڕەق و تەق سڕی کردن! فەرمانیان پێ درا بگەڕێنەوە پاش، لەسەر شۆستەکە چوونە ڕیزەوە، زۆر بەتوندی سەرکۆنەکران، پاش ڕیسواکردنێکی چاک ئەمجا ڕێیان پێ درا یەک بەدوای یەکدا سواری شەمەندەفەرەکە بن، ئەو عەرەبانەیەی بۆیان تەرخان کرابوو ژمارەیەک بریندار تێدا بوو.. (گرێبەر) لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانەنیشت.. خۆی لە ئەگەری بۆردومان و تەقینەوەکانی دەرەوە دەپاراست.

شەمەندەفەرەکە نەجووڵا..

چاویان بڕیبووە دەرەوە، پۆلیسەکان دەستتەیەک سەربازیان دابووە پێش خۆیان، ژمارەیەک لە دیلە ڕووسەکان بەبەر پەنجەرەکەدا ڕەت بوون، کۆمەڵێک لە پیاوانی هێزەکانی شڵێوە پەیدا بوون، مشتومڕی شتێکیان بوو..

شەمەندەفەرەکە هەر نەجووڵا..

خوتە و بۆڵەی بێزاری لە بریندارەکانەوە دەستتی پێ کرد، ئەمەیان لەدەست دەهات، لە سزادان و سەرکۆنە کردن نەدەترسان.. (گرێبەر) ملی لار کردەوە، هەوڵی دا چاوێک گەرم بکات، نەیتوانی.. ترس و پشێوی گلدانەوە خەویان لە چاوی تەرە کردبوو، گوێی لە هەموو شتێک بوو، چاوی بەهاوەڵەکانیا گێڕا، تاریک بوو، بریسکەی چاویان دەهات..

شەمەندەفەرەکە تەکانێکی دا، بۆ دواوە بوو، هیچی تر؟! نەڕە نەڕێک لە دەرەوە بەرز بۆوە، چەند دەستەبەرێکی دیکەیان داگرتە خوارەوە، دوو بریندار دیکە مردبوون، جێی زیندووەکان فراوانتر بوو..!

هەموو ترسێکیان لە کەللەدا بوو، بریندار دیکە پەیدا بن، جێگەیان پێ لێژ بکەن.

شەمەندەفەرەکە تەکانێکی دیکەی دا..

شۆستەکە هێدی هێدی بەپۆلیس و پیاوانی شڵێوە و باروبنە و دیلە ڕووسەکانەوە جولا..! دوورکەوتنەوە و دۆڵەکە نزیک دەبۆوە..

کووڕبوونەوە، باوەڕیان بەو جووڵەیە نەبوو، شەمەندەفەرەکە لەوانەیە بوەستێتەوە، نەخێر تەقەتەق و شەقەشەقی نێوان پێچکە پۆلایینەکان و ئاسنەڕێکە ڕێتم و دەقی خۆی گرت، بۆ پێشەوە دەکشان، چاویان بەماشێن و تۆپێکی زۆر کەوت لە تەک ئاسنەڕێکەوە گرد کرابوونەوە، پیادەیەکی زۆریان لە دەور بوو، بە ئێرەییەوە دەیاننواڕییە ناو پەنجەرەکانی شەمەندەفەرەکە..

(گرێبەر) هەستی کرد ماندووە، پاڵی دایەوە، ئەوەتا، ئیتر کەوتە سەر ڕێی ماڵەوە، لەدڵی خۆیدا دەیگوت.. (خودای گەورە، ناوێرم بیری لێ بکەمەوە..).

***

ڕۆژ بۆوە، بەفرێکی زۆر باریبوو، شەمەندەفەرەکە بۆ حەسانەوە لە وێستگەیەکی گچکە لە دامێنی شارۆچکەیەکی چۆڵ و وێراندا وەستا، ژمارەیەکی دیکە لە بریندارەکان مردبوون، ئەوانیش داگیرانە خوارەوە.

کاتی بەرچایی خواردن بوو، (گریبەر) ئازا پەرداخێک قاوەی پەیدا کرد، گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی، نانی بەرنەکەوت.. بەقاوە ڕووتەکە قایبیل بوو..
پۆلیسەکانی سوپا لەوێش پەیدا بوون، کەوتنە پشکنینی شەمەندەفەرەکە، تونذو تیژ بوون، لەدووی ئەوانە دەگەڕان کە زامەکانیان سووکە بۆ ئەوەی لە خەستەخانەکەی ئەوێ گلیان بدەنەوە.
ئاژاوە کەوتە ناو بریندارەکاندەوە، کەوتنە خۆشاردنەوە، زۆریان خۆیان لە ئاودەستتەکاندا قایم کرد.. هەر کەسەو خەمی خۆی بوو، بەتەنگ یەکترییەوە نەدەهاتن، ئازا ئەوە بوو زوو خۆی بشارێتەوە.. یەکێک لە دەرەوە ئاگاداری کردن، دەرگەی عەرەبانەکە بەشپرزەیی کرایەوە، سێ بریندار بەهەڵەداوان خۆیان کرد بەژوورا، ڕاستەوخۆ ڕوویان کردە ئاودەستتەکە، دوانیان فریاکەوتن، دەرگاکەیان لەسەرخۆیان قایم کرد، سێیەمیان لەبەردەم قاپییەکەدا کەوت، بەکەساسییەوە دەینوارییە سارخییەکەی زامەکەی شانیان پێ پێچابۆوە، شل ببۆوە.
بریندارێکی دیکە دەرگای سەر هێڵە ئاسنینەکانی کردەوە، وەکو جاڵجاڵۆکە خۆی بەدیوی دەرەوەی عەرەبانەکە لەبەر بەفر و کڕێوەکەدا هەڵواسی! کەس لەجێی خۆی نەجوولا.. یەکێکیان وتی:
– دەرگاکە داخەن با درکی پێ نەکەن.
(گریبەر) بەر لەوەی دەرگاکە دابخات ملی بردە دەرەوە، سەربازەکە گرمۆڵە ببوو، بەفرەکە سواخی دابوو!
سەربازەکەی لەبەر دەرگای ئاودەستەکە کەوتبوو، زامەکەی هرووژا بوو، سارخییەکە خوێنی دادا بوو، بەدەم خۆیەوە دەیگوت:
– بۆچ گلم ئەدەنەوە، منیش دەمەوێت بچمەوە، ئەوە چەند جار بمگێڕنەوە.. دەمەوێ نیشتمان ببینمەوە.. (بەرقەوە دەینوارییە سەربازە مۆڵەتدراوەکان، ورتە لە دەمی کەسەوە نەهات..).
دەستتەی پشکنینەکە گەیشتنە لایان، برینپێچێکیان لەگەڵ بوو، یەک یەک چاوێکی خێرای بەکارتی بریندارەکاندا دەگێڕا و بەبێ تاقەتییەکەوە دەیگوت:
– دابەزە.. دەی تۆیش.
یەکێکیان دانەبەزی! کورتە باڵایەکی سەرسپی بوو، یەکێ لە پۆلیسەکان تێی خوڕی.
– لەگەڵ تۆیەتی باپیرە، دەی دابەزە.. (خۆی تووڕەکرد) چییە گوێت نییە؟
هەر نەجوولا، ئەمیش شانی بریندار بوو.
– دابەزە دەی، بۆ دەرەوە.
هەر نەجوولا، لێوی دەکرۆشت، خۆی گێل کردبوو، چاوی بڕیبووە هیچ! پۆلیسەکە لەبەر دەمیا قووت ببۆوە، هەردوو دەستتی نابووە کەمەری، لنگی کردەوە و نەڕاندی:
– دیارە بەتەمای داوەتنامەیەکی تایبەتیت؟ یان چی.. دەی بجوولێ.. هەستە سەرپێ (وەکو هەر لەگەڵ ئەویشیان نەبێ، لەجێی خۆی نەجوولا، پۆلیسەکە بەجارێک پەست بوو، هاواری لێ کردەوە) هەستە سەر پێ، ئەوا گوێت نییە، خۆ چاوت هەیە و دەبینی فەرماندەیەکت بەدیارەوە وەستاوە و لەگەڵ



تۆیەتی.. یان حەزت لێیە ڕەوانەی دادگایەکی سەربازیت بکەین..؟
برینپێچەکە کەوتە بەینەوە:
– بەهێمنی.. بەهێمنی، هەموو شتێک لەسەرخۆ..
چرچاوێکی بێ برژانگ و برۆ و ڕوخسارێکی پەمەیی پێست بەڵەکی هەبوو، ئاوڕێکی لە سەربازەکەی بەر ئاودەستەکە دایەوە:
– زامەکەت خوێنی لێ دێت، دەبێ بیپێچیتەوە، فەرموو دابەزە.
– کێ؟ من؟ (چاوێکی بڕیبووە پۆلیسەکەی تر، بۆ یاریدەی هاوەڵەکەی دەهات)..
هەردوو پۆلیسەکە دەستتیان دایە کەمەربەندی سەربازە پیرەکە، بلندیان کردەوە، ئەمیش هەر خۆی گێل کردبوو، بەدەم نووزەیەکەوە کێشیان کردە دەرەوە، لەوێ لەناو سەربازە گلدراوەکاندا خرایە ڕیزەوە..
برینپێچەکە وتی:
– چاکە..
شان زامارەکە پرسیاری لێکرد:
– پاش تیمارکردنم ڕێم ئەدەن سوار ببمەوە؟
– بابزانین چۆن دەبێ؟ لەوانەیە، تا چاوم بەبرینەکەت نەکەوێ ناتوانم بڕیار بدەم..
هەر چەند وەکو ئەفسەرێکی گەورە ڕێزی لە برینپێچەکە گرت، بەڵام بێ سوود بوو، هەر دایانبەزاند.
پۆلیسێکیان ڕووی کردە ئاودەستتەکە، بەزۆرزانییەکی تووڕەوە وتی:
– بێگومان ئەم جۆرە جێگایانەشیان بەبیردا دێت.. ئەو دەرگایە بکەنەوە.
دەرگەی ئاودەستەکە کرایەوە، سەربازێکی لێ هاتە دەرەوە، پۆلیسەکە سەری کردە سەر:
– زرنگ و زۆرزانیت.. ها؟ چییە چاوشارکێمان لەگەڵ ئەکەیت؟ بۆ خۆت شاردەوە؟
– سکم دەچێ، ئاودەستتیش بۆ ئەو شتانەیە.
– ئاوەها..؟ سکت دەچێ؟ جوانە.. بەتەماشیت باوەڕت پێ بکەم؟
سەربازەکەی یەخەی پاڵتۆکەی لەسەر سینگی لادا، میدالیایەکی بەسینگەوە بوو، بەچاوێکی سووکەوە دەینوارییە پۆلیسەکە، هیچی بەسینگەوە نەبوو، ئەمجا بەزمانێکی ساردوسڕەوە پێی گوت:
– دەبێ باوەڕ بکەیت.. (پەنجەی نایە سەر میدالیاکەی).. باوەڕ بەمە بکەیت..
پۆلیسەکە شڵەژا، برینپێچەکە فریای کەوت.. بەبێ ئەوەی بنوارێتە سەربازەکە، وتی:
– فەرموو دابەزە.
– برینەکەم تەماشا بکە، ئەمجا بڕیار بدە!
– بەشێوازی پێچانەوەیا دەزانم چۆنە، تکایە دابەزە.
سەربازەکە قەشمەریی پێکرد:
– ئای کە گرینگ و لێزانە، هەرگیز نەمدەزانی کە برینپێچەکانمان ئەمەندە بلیمەتن.
برینپێچەکە شپرزە بوو، بەپەستییەکەوە پرسیاری لە پۆلیسەکان کرد:

– وا بزانم کاری ئێرەمان تەواو؟
پۆلیسەکە چاوی بەمۆڵەتدراوەکاندا گێڕایەوە، فەرمانەکانیان بەدەستتەوە بوو، سەرێکی لەقاند.
– بەڵێ ئێرەیش تەواو.. (دوای برینپێچەکە کەوت و دابەزینەوە سەر شۆستەکە).
جیـڕەیەک لە دەرگـەی ئاودەسـتـەکـەوە هات، درزێکی تێکەوت، بەرە بەرە کـرایەوە، چاوەشـێک سەرەتاتکێی کرد، ئارەقێکی زۆری دەردا بوو، تا ماوەیەک هیچی بۆ نەگوترا، پاشان بەچپە پرسیاری لێ کردن:
– ڕۆیشتن..؟
دەنگ گرێک وەڵامی دایەوە:
– لەوە دەچێ.
چاوەشەکە ماوەیەک بێ دەنگ بوو، ئارەق بەهەموو گیانیا دەهاتە خوارێ.. پاشان لەژێر لێوەوە وتی:
– نوێژ و نزای بۆ ئەکەم.
هەموو چاویان تێبڕی، یەکێکیان بەسەرسوڕماندنێکەوە پرسیاری کرد:
– نزا! بۆ کێ..؟ ئەو بەرازانە؟
– نەء، بۆ ئەو سەربازەی دەکەم کە لەگەڵما بوو (چاوی گێڕا) کوا، لە کوێیە؟
– بردیان خۆی لە پێناوتدا دا بەدەستتەوە، ئەو بەرازانەی وا چەواشە کرد نەیانپەرژێتە سەر کەسێکی دیکە.
– نزای خێری بۆ دەکەم.
– ئەی بۆ نایکەت.. بۆی بکە.
– هەموو دەیکەین.
– بەڵێ.. بەڵێ، ئێوەش دەبێ نوێژ و نزایەکی باشی بۆ بکەن، هەتا ماوم هەر دوعای خێری بۆ دەکەم.
– باشە.. بیبڕەوە ئیتر، دەمت داخە، لە سبەیەوە دەست بەنوێژ و نزاکانت بکە.. با شەمەندەفەرەکە بکەوێتە ڕێ، ئەوسا چی دەکەیت بیکە..
– نوێژ ئەکەم.. بەهەر شـێوەیەک بێ دەبێ بگەمـەوە مـاڵەوە، چاوم بەکـەسـوکـارم بکەوێتـەوە، دەبێ بگەمـەوە ئەڵمـانیا، هاوسەرەکەم تووشی دەردێکی کوشندە بوو، تەمـەنی ٣٦ ساڵە، چوار مـانگە لەجێ کەوتووە.. (چاوی پیا دەگێڕان، لەدووی نیگایەکی بەسۆزدا دەگەڕا.. کەس هیچی نەگوت).
شەمەندەفەرەکە کەوتەوە ڕێ، سەربازەکە خۆی بەدیوی هێڵە ئاسنینەکاندا هەڵواسیبوو، نەگەڕایەوە، وا بەبیری (گرێبەر)دا هات ئەویش گیرابێ..
دەوروبەری نیوەڕۆ سەردەستتەیەک خۆی بەعەرەبانەکەیاندا کرد، خۆی پێ ناساندن.
– کێ تەراش دەکات؟
– چی؟
– سەرتاشم، سابوونێکی فڕانسایی نایاب و تیغێکی تیژ و نوێم پێیە.



– بەم هەڵتەک هەڵتەکە تراش کراوە؟
– ئەی بۆ؟ بەر لەوەی بێمە ئێرە لای ئەفسەرەکان بووم، زۆربەیان ڕیشیان تراشی.
– چەند دەستێنی؟
– پەنجـا فنیک.. نیـو مـارک.. هەرزانە، گـەنجـتـان دەکـەمـەوە، نابێ ئەوەشـتـان لەبیـر بچێ کـە ڕدێنی هەریەکێکتان بستێک درێژە.
یەکێکیان پارەی دەرهێنا.
– باشە.. وەرە، بەڵام بریندارم بکەیت هیچت پێ نادەم.
سەربازە سەرتاشەکە کەرەستەکانی ئامادەکرد، کیسەیەکی پێ بوو مووە بڕاوەکانی تێدا گرد دەکردەوە، لەبەر شووشەی پەنجەرەکەدا کەوتە ڕیش تراشینیان، کەفی سابوونەکە لە بەفرەکەی دەرەوە دەچوو، دەستی سووک بوو، ئازا ڕیشی سیانی تراشی، بریندارەکان تراشیان نەکرد.
(گریبەر) بەدەم تراشینی ڕیشیەوە لە ڕیشـتـراشراوەکانی دیکە ورد دەبۆوە، سەیر دەهاتنە پێش چاوی، سـوور هەڵگەڕا بوون، چەناگـەیان لە تووری پاککراو دەچوو، خرچە خرچی تیغـەکـەی بەلاوە خـۆش بوو، بایەخێکی تەواوی پێدرا بوو، خاوێن دەکرایەوە.. هۆشی تەرە بوو، ڕۆیشت، گەیشـتە نیشـتمان، بەرگە سەربازییەکەی فڕێ داوە، قاتێک چاکەت و پانتۆڵی سووکەڵەی پۆشیوە و..
شەمەندەفەرەکە وچانی دایەوە..!
یەکێ لە چێشـتخانەکانی سوپای لێ بوو، بۆ نانخواردن دابەزین، چوونە ڕیزەوە.. (لوتشیز) سەرنجی (گریبـەر)ی ڕاکێشا، دەم و لێـوی خێرا خێرا بەیەکدا دەدا، دەستـەساغـەکەی درێژ کردبـوو و ڕووی کردبووە ئاسمان!.. نزای دەکرد!
خواردنەکە شۆربایەکی ساردوسڕی کەلەرم بوو..

***

لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا گەیشتنە سەر سنوور، شەمەندەفەرەکە چۆلکرا، ئەوانەی مۆڵەت درابوون بەجیا گردکرانەوە، ڕەوانەی بنکەیەکی خاوێن کردنەوە کران، جلوبەرگەکانیان پێ داکەندن، بەهەڵاوێکی پاکۆکەر لە ئەسپێیان خاوێن دەکردنەوە.. بەڕووتی کردیانن بە گەرماوێکدا، کەوتنە خۆ دۆزین..!
گەرمـاوێکی ڕێکوپێـک بـوو، ئاوی سارد و گـەرم بەئارەزووی دڵ، لەبەر دەستـتدا بوو، سابـوونەکان بۆنی (ترشی فینیک)یان لێدەهات..!
ئاکامـەکەی بەشـوێنێکی گەرم شاد بوون.. لەوێ، لە بەرە، جارجارێک بەرێکەوت لەبەر ئاگردانێکدا دادەنیشتن، تەنها ئەو لایەی جەستەیان نەبێ کە ڕووی لە ئاگرەکە بوو، هەموو گیـانیـان لەسەرماندا سڕ دەبوو.. گەرماکەی ئێرە لە هەموو لایەکەوە دەهات، ئێسک و ناوسکیانی گەرم دەکردەوە..
(گرێبەر) سـەری خاوێن بوو، ئەسپـێی تێدا نەبوو، ئەسپـێی نوێن و والا لە نێو مـووی سەردا ناژین، یاسایەکی کۆنی ئەسپێیانەیە، پاراستوویانە و لەسەری دەڕۆن، ڕیز لە سنوری یەکتری دەگرن، هەڵناکوتنە سەر یەک.. بۆیە لە ئاسایشدا دەژین..

گەرمیی حەمامەکە جەستەی خاوکردنەوە، چاویان قورس ببوو، (گریبەر) دەینواڕییە هاوەڵەکانی، لە جەستەی ڕووتیان ورد دەبۆوە، زەرد و زیپکاوی.. جێ زامەکانیان ئاشکرا ببوون، کۆن و نوێ گشتی دەرکەوت..

باس و ئاخاوتنەکانیان چووە دۆخێکی دیکەوە، لە جەنگ و مەرگ دوورکەوتنەوە، هاتنە سەر باسی خانمان و خواردن و خواردنەوە..

(برینهارد) وتی:

– ساوایەکی شیرەخۆرەی هەیە.. (لە تەنیشت گریبەرەوە دانیشتبوو، ئاوێنەیەکی گچکەی بەدەستتەوە بوو، بۆ دیتنەوەی ئەسپێکانی ناو برۆی بەکاری دەهێنا..) منداڵەکە چوار مانگە.. دوو ساڵیشە نەمدیون..، کەچی پێم دەڵێ منداڵەکە چواردە مانگە!.. خەسووم بۆی نووسیوم گوایە ئەم منداڵەی لە یەکێ لە دیلە ڕووسەکانە، تا دە مانگ لەمەوبەریش بەهیچ جۆرێک باسی ئەم منداڵەی بۆ نەنووسیوم..! ئێوە چۆن بۆی دەچن؟

سەر ڕووتاوەیەک بەبێباکییەکەوە وەڵامی دایەوە:

– لەم بەزمە زۆر ڕووی داوە، ئەو دیلانە نەوەیەکی نوێیان لێ خستووینەتەوە..

– ئاوەها..؟.. باشە پێم بڵێن چی بکەم؟

یەکێکیان خەریکی پێچانەوەی لاقی بوو.. وتی:

– دەریان کە.. ئەمە ئابڕووچوونە.

– ئابڕووچوون؟ چۆن..؟ ئەم ڕووداوانە لە جەنگدا شتێکی دیکەن، جودایە، دەبێ لەم جیاوازییە حاڵی ببین.. بەڵام پێم بڵێ، کوڕە یان کچ..؟

– کوڕە.. دەڵێ گوایە لەخۆم دەچێ.

– ئەگەر کوڕە لەناوی مەبە، پیاو هەموو کاتێ پێویستیی بەیەکێک هەیە لە کێڵگەکەیدا یارمەتی بدات.

– ئاخر نیمچە ڕووسە؟.

– چی تێدایە؟ ئەوانیش ئارین، نیشتمان پێویستی بەنێرینە هەیە.

(برینهارد) ئاوێنەکەی لادا:

– تۆ وەکو منت بەسەر بهاتایە قەت ئەم باسانەت نەدەکرد.

– ئەی بەلاتەوە وا چاکتر بوو ئەو منداڵەی لە زرتەبۆزێکی خۆمانەوە ببوایە؟

– نەء.

– چاوت لێیە؟

– بەڵام ئەو مانگا بەزەکارە دەیتوانی دان بەخۆیدا بگرێ (ئەمەی بەدەنگێکی کز و کەساسەوە گوت..)!

سەر ڕووتاوەکە لچێکی بەدەم شان هەڵتەکاندنەوە هەڵقورتاند و ئەمجا وتی:



– خانمان یەک جۆر نین، هەندێکیان بەسەر ئارەزووەکانیاندا زاڵ دەبن، هەندێکیشیان نەء، ئێمەی بەساڵ لە ماڵ دووریش ناتوانین هەموو شتێکیان بە یەک جار لێ داوا بکەین..

– تۆیش ژنت هەیە؟

– بەختەوەرم کە نیمە..

یەکێکی دیکەیان، دەمولەوسی هەر لە لمۆزی مشک دەچوو، هاتە باسەکەوە.

– ڕووسەکان ئاری نین.

– هەڵەیت، ئەوانیش ئارین.. ئەی هاوپەیمانمان نەبوون؟

– نەخێر ئەوان لە نژادێکی سووک و نەوین، بۆڵشەویکن.. ئاری نین.

– تۆ هەڵەیت، تەنها پۆڵۆنی و چیک و فرانساییەکان لە نژادێکی نەوین.. ڕووسەکان کۆمونیستەکانیان نەبێ ئیتر هەر هەموویان ئارین، ڕاستە وەکو ئێمە پوخت و بێ گەردنین، بەڵام ئارین.. ئارییەکی کرێکار و ساویلکەن.. بەڵێ ئەم ڕاستیەمان پێ ناشاردرێتەوە.

ئەوەی لە مشک دەچوو لەسەری ڕۆیشت.

– بەڵێ لە پلەیەکی نەوین، ئەمە چاک دەزانم، لە مرۆڤ کەمترن.

– ئێستا وانین، هەروەکو ژاپۆنییەکان، ئەوانیش لەو ڕۆژەوە کە بوونە هاوپەیمانمان، بوونە ئاری.. ئارییەکی پێست زەردن..

تیسکنێکی دەنگ گڕ دەنگی هەڵبڕی، هەموو ئاوڕیان لێدایەوە:

– هەردوولاتان هەڵەن، ئەو دەمەی پەیمانمان لەگەڵ ڕووسەکان بەست لە ڕەگەزێکی نەوی نەبوون.. ئێستاکە بارەکە گۆڕاوە.. ئەمە مەسەلەکەیە..

یەکێکی تریان بەپەرۆشەوە پرسیاری کرد:

– ئێ باشە ئێستاکە پێمان نالێن چی لەو منداڵە بکات؟

مشکەکە بە زۆرزانییەکەوە وتی:

– بابیداتە دەست میری.. مەرگێکی بێ ئازار، چارە لەمە زیاتر نییە.

– ئەی ژنەکەی؟

– ئەویش، جا ئیتر نازانم، دەیسووتێنن؟ سەری ئەتراشن؟ یان ڕەوانەی ئۆردوگایەکی چەوساندنەوەی دەکەن یا هەڵیدەواسن، ئیتر خۆیان دەزانن چی لێدەکەن..

(برینهارد) وتی:

– تا ئێستا هیچیان لێ نەکردووە.

– لەوانەیە پێیان نەزانیبێ.

– بەخۆم ئاگادارم کردوونەتەوە.

– کەواتە ئەوانیش هیچ و پووچن، بۆگەنن، دەبێ ئەوانیش ڕەوانەی ئۆردوگاکان بکرێن، یان هەڵواسرێن.

(برینهارد) تووڕە بوو:

– چییە کابرا، دەڵێی ڕادەبوێری (پشتی تێکرد).

سەر ڕووتاوەکە وتی:

– لەوانەیە فرانساییییەکان لەم هەڵوێستانەدا لە ئێمە بەغیرەتتر بن، هەر چەندە ئەوانیش بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی پسپۆرەکانمان نیمچە مرۆڤن.

– بەڵێ دواکەوتوون بەڵام شتی وا قبوڵ ناکەن (دەنگ گڕەکە نواڕییە «گریبەر»، خەندەیەکی تەوساوی بە لێوەوە بوو..).

یەکێ لە سەربازەکان بە ڕووتوقووتی لە گەرماوەکەدا دەهات و دەچوو، لەپڕێکا هەڵوێستەیەکی کرد و وتی:

– ئەی لە نێوان ئێمە و نەوییەکاندا هیچ توخمێکی مام ناوەندی نییە؟.. توخمێکی ئاسایی..؟

سەر ڕووتاوەکە تەوقی سەری خوراند:

– سویسراییییەکان، یان سوێدییەکان؟

دەنگ گڕەکە هەڵی دایی:

– بلێ دڕندەکان، ئەوانە نەوەی بەربەرە خوێنخۆرەکانن.

مشکەکە وەڵامی دایەوە:

– نژادی سپی لە دڕندایەتی خاوێن بۆتەوە.

دەنگ گڕەکە سەرێکی بادا، بەدەم خۆیەوە دەیگوت:

– نژادی سپی پاکژ بۆتەوە..؟ دڕندەمان تێدا نەماوە..؟!!

(گریبەر) خەو دەیبردەوە، گوێی لێبوو باسی خانمانیان دەکرد.. زۆری دەربارەی نژاد و ڕەسەنایەتی نەدەزانی، ئەو تیۆرە ڕەگەزایەتییەی ئەڵمانیای نازی بەیداخی هەڵکردبوو، لەگەڵ ئەو بۆچوونەیدا نەدەگونجا کە بەرامبەر بە خۆشەویستی هەیبوو، هەموو شتێکی بەهەڵبژاردنی خۆرسک و خاوێنی ڕەگەز و ڕەسەنایەتی خێزان و توانای زا و زێوە نەدەبەستەوە، ئەمیش وەکو هەموو سەربازە لاوەکانی دیکە، جەنگ بواری ئەوەی نەدابوو خانمان بناسێ، لێیان تێبگات.. لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا چەند سۆزانییەکی ناسی، ئەمانەیشی وەکو ئەندامانی ڕێکخراوی یەکگرتووی کچانی ئەڵمانیای دەهاتنە پێش چاو.. ئەگەر چیش مەسەلەکە بەلای سۆزانییەکانەوە نان پەیداکردن بوو..

***

جلوبەرگەکانیان وەرگرتەوە، بوونەوە بەسەرباز:

(برینهارد)و دەنگ گڕەکە هاوەڵ ئەفسەر[٢] بوون، مشکەکەش، سەربازێکی پەیامبەری بوو[٣]، پلەی لە هەموویان نەویتر بوو، هێندەی تر بچووک ببووەوە.. (گریبەر) توربەکەی پشکنی، گەرم داگەڕابوو، هەڵاوێکی ترشەڵۆکی لێدەهات، لە دیوی ناوەوەی کەمەری پانتۆڵەکەیدا ڕیزێک ئەسپێی خنکاوی دییەوە، بە پەلەپیتکەیەک لە پانتۆڵەکەی کردنەوە.. خۆیان پۆشتە کردەوە..



هەموو مۆڵەتدراوەکانیان لە هۆڵێکدا کۆکردەوە، ئەفسەرێکی ڕامیارییان لێ پەیدا بوو، لەژێر وێنەیەکی گەورەی هیتلەردا بەرامبەریان وەستا، بەکەشوفشێکەوە چاوی پیا دەگێڕان، ورتە لە دەم کەسیانەوە نەهات، گوێیان بۆ شل کردبوو..

هەڕەشەی دەکرد..! دەیگوت.. (ئەڵمانیا پڕی لە پیاوانی گستابۆیە، زمان گرتن لە گیروگرفت و لێکۆڵینەوەتان دەپارێزی، هەڵەوەڕی و زۆربڵێیی ئاکامیان باش نییە، ڕەخنە، توانج، سکاڵا و گلەیی کردن، پڕوپاگەندە.. ئەمانە گشتیان تاوانی گەورەن، سزای تاوانی گەورەش ئاشکرایە چییە.. پێشەوا بەخۆی کاروباری جەنگ هەڵدەستووڕێنێ، دەزانێت چی دەکات، هەڵوێستیشمان لە بەرەکانی شەڕدا زۆر باشە.. پرزەمان لە هێز و توانای ڕووسەکان بڕیوە، زیانێکی هێجگار زۆرمان پێگەیاندوون.

– ئەفسەرە ڕامیارییەکە درێژەی بەئامۆژگارییەکانی دا:

.. نەخشە و پلانی دژە هێرشی بەرفراوانمان لە کاکڵە بووندایە، جەنگاوەرانیشمان لە هیچیان کەم نییە، جلوبەرگی گەرموگوڕ، خواردنی چاک، جێ و ڕێی باش، گشتی تەواوە، وورەمان بەرزە.. (چاوی پیاگێڕانەوە).. دووپاتی دەکەمەوە کە ئاشکرا کردنی جێگە و بنکەکانی ئێستای هێزەکانمان تاوانێکی گەورەیە، بەکارێکی تێکدەری دژ بەپارت و نەتەوە دەژمێردرێت، ئیتر پێویست بەوە ناکات باسی جۆر و شێوەی سزای ئەم جۆرە تاوانانەتان لە لا بکەم.. –هەناسەیەکی هەڵمژی، چاوی پیاگێڕانەوە– سەرەڕای ئەو هەموو ئەرکەی کە بەسەر شانی هیتلەری پێشەوامانەوەیە، چاوی لێتانە و خەمتان دەخوات، فەرمانی داوە کە هەر یەکێکتان پشکێکی تێروتەسەل خواردەمەنیی جۆراو جۆرتان بەسەردا دابەش بکرێت، دیارییەکە دەبێ بەبێ کەموکوڕی، وەکو خۆی بگاتە دەست کەسوکارتان.. ئەمەیش بەخۆی بەڵگەیەکی دیکەی خۆشگوزەرانی و تێروتەسەلیتانە، کە لە تواناتاندایە لەم جۆرە دیارییانە ببەنەوە.. بۆتان نییە لێی بخۆن، لە گشت زاڵگەکانی سەر ڕێگاتان لەم دیارییە دەپرسرێتەوە.. –ماوەیەک بێ دەنگ بوو، ئەمجا لە ناکاودا گیف بۆوە و گوڕی دایە خۆی و هاواری کرد:

– بژی هیتلەر!

هەموو داچڵەکین، هەستانە سەرپێ، (گریبەر) بەتەما بوو سروودی (ئەڵمانیا لە سەرووی هەموانە)، یان سروودی (هۆرست ڤیزڵ)ی بێتە گوێ[٤].. ڕایخی سێهەم دەستێکی باڵای لە سروود ڕێکخستندا هەبوو.. هیچ نەگوترا..!

فەرمانیان پێدرا:

– ئەوانەی بۆ هەرێمی ڕاین دەچنەوە، با سێ هەنگاو بێنە پێشەوە..

ژمارەیەک چوونە پێشەوە.

– ڕێی ئەوێ نییە (چاوەشێک ئەمەی ڕاگەیاند.. ڕووی کردە یەکێک لەوانەی چووبوونە پێشەوە).. بێ لەهەرێمی ڕاین.. بۆ کوێی دیکەت ڕەوانە بکەین؟

– کۆڵۆنیا..

– گوتمان ڕێی ئەوێ نییە، کوێی تر دەچیت با ڕەوانەت بکەین.

– کۆڵۆنیا.. (وەکو وڕێنە بکات، بەدەم خۆیەوە وتی).. دانیشتووی ئەوێم.

– بۆ تێناگەیت؟ ڕێی ئەوێ نییە.

– بۆچی ڕێی ئەوێ نییە؟

– کابرا تۆ تێکچوویت؟.. بۆت نییە پرسیاری وا بکەیت.

ئەفسەرێک لە چاوەشەکە نزیک بۆوە، شتێکی بەگوێیدا چپاند، چاوەشەکە خێرا فەرمانێکی دیکەی ڕاگەیاند:

– مۆڵەتدراوەکانی هامبۆرگ و ئەلزاس با بێنە پێشەوە.

کەس نەچووە پێشەوە.

– ئەوانەی ڕاین با لێرە بمێننەوە، ئەوانی دیکە (ڕووی تێکردن).. بەلای چەپدا وەرچەرخێن، وریابن.. پشووبدەن.. تا دیارییەکانی پێشەوا بەسەرتان دابەش دەکەین، کەس لە جێی خۆی نەجووڵێ.

لەسەر شۆستەی وێستگەکە کۆبوونەوە، زۆری نەخایاند ئەوانەی هەرێمی ڕاینش پەیدا بوون، دەنگ گرەکە پرسیاری لێ کردن؟

– ها چیتان بەچی کرد؟

– (ڕۆتنبێرگ)، بۆ ئەوێم ڕەوانە دەکەن، خوشکێکم لەوێیە؟.. نازانم لەوێ چی بکەم..؟ چی ڕوویداوە؟ بۆ ڕێم نادەن بچمەوە کۆڵۆنیا؟

– ئاگاداربن.. دەمتان داخەن.. (یەکێک بەپەلە ئاگاداری کردنەوە) دوو ئەفسەر لە ئەفسەرانی هێزەکانی شلێوە بۆ لای ئەمان دەهاتن، پۆستاڵەکانیان زیاد لە پێویست ئەدا بە ئەرزا.

– چاویان دەرئەهات.. من کێم لە(ڕوتێنبیرگ) هەیە، منداڵەکانم لە کۆڵۆنیان.. چیان بەسەر هاتووە؟ (بەر لە سەربازی، لە کۆڵۆنیا ئاسنگەری دەکرد) بەدەم و بەچاو پرسیاری لێدەکردن، چاوەکانی پڕ فرمێسک ببوون، لێوە ئەستوورەکانیشی دەلەرزین).. بۆ چوونەوەی ناو ماڵ و منداڵ بەئێوە ڕەوا بێت و بە من نەء؟ منیش دەمێکە چاوەڕوانی ئەم هەلەم.. چی ڕوویداوە؟ ئاخۆ چی بەسەر منداڵەکانما هاتبێ؟

دەنگ گرەکە وتی:

– گوێ بگرە، هیچ دەستەڵاتێک نییە، برووسکەیەک بۆ ژنەکەت لێدە، ئاگاداری بکەوە کە لە شاری ڕوتینبێرگیت.. وا نەکەیت چاوت پێیان ناکەوێتەوە..

– ئەی چی بەهەقی هاتوچۆدا بدەن؟.. لەوێ بچنە کوێ؟

ئەوەی لە مشک دەچوو هەڵی دایێ و وتی:

– ڕێی چوونەوە بۆ ئەوێ چۆن لەتۆ گیراوە، ئاوەهایش ڕێی دەرچوون لەوان گیراوە، ئەمە چاک بخە کەللەتەوە.

ئاسنگەرەکە دەمی کردەوە شتێک بڵێ.. بەڵام پەشیمان بۆوە، ماوەیەک بیری کردەوە، ئەمجا وتی:

– لەوانەیە.. دەبێ وابێ (چاوی پیا دەگێڕان).. بەڵام ناچێتە کەللەشەوە کە هەموو شتێک لەوێ کاوڵ بووبێ.. نەء باوەڕ ناکەم.



دەنگ گرەکە وتی:

– سوپاسی یەزدان بکە کە ڕەوانەی بەرەیان نەکردیتەوە.

(گرێبەر) گوێی لەو باسانە بوو، تەزوویەک بەگیانیا هات، لەرزێک بوو لە ناخیەوە هەڵقوڵا، هەموو گیانی گرتەوە، هەستە غەمگینە نامۆکە بوو کە هەمیشە بەرۆکی دەگرێ و بەرچاوی لێڵ دەکات..! لێی حاڵی نابێ، شتێکە سڕی دەکات، کپ دەیهەژێنێ، ڕەگی ترس و خەمێکی بێ شێوە لە کەللەیا دائەکوتێ.. خۆی لێ ئەدزێتەوە، کەچی بەبێ ئەوەی بزانی چۆن و لە کوێوە دێ، دێت و بەرۆکی دەگرێ.. نواڕییە ئاسنەڕێکە، ئەمەیە کە دەیگەیێنێتەوە نیشتمان، دەیخاتە باوەشی گەرموگوڕی پڕ ئارام و ئاسایشی دۆست و یاران..

کۆڵۆنیاییەکە بە کەساسییەکەوە وتی:

– کەی ئەمە مۆڵەتە، بەهیچ دەچێ..

هیچیان نەگوت، لێی ورد دەبوونەوە، بەسڵەوە تێیان دەڕوانی، وەک نەخۆشێکی خراپیان دەهاتە بەرچاو.. لێی دەترسان، دەترسان تووشی دەردەکەی ببن..

بێ تاوانێکی بێ دەستەڵات بوو، بەڵام وەکو نەفرەت لێکراوێک یەک لە دووی یەک خۆیان لێدزییەوە.. نەهامەتی و بێ شانسی درمێکن خێرا تەشەنە دەکات..!

شەمەندەفەرە ڕەشەکە سست کەوتە ڕێ، هێدی هێدی دوورکەوتەوە.. دوای چرای وێستگەکەش لە تاریکی شەودا توایەوە..

---

١- فڕگە: مطار.

٢- هاوەڵ ئەفسەر: جێگری ئەفسەر–نائب ضابط.

٣- سەربازی پەیامبەری: جندي مراسلة.

٤- دوو سروودی نازی بوون، لە هەموو بۆنە و کۆڕێکدا دەگوتران.

# 6

دیمەنەکان چوونە دۆخێکی دیکەوە...

سروشت لەو دیو تارای تەنکی تەمی بەیانەوە خۆی نمایشت کرد، (گرێبەر) دەموچاوی نابوو بە شووشەی پەنجەرەکەوە، بەپەرۆشەوە دەینواڕییە دەرەوە، بەفری زستانێکی بەسەرچوو، لە کێڵگە و شینەوەردەکاندا پەڵە پەڵە جێما بوو، هێڵی ڕەشی گاسنەکان، ڕاستو چەپ دەشتاییبیە تەخت و بەرینەکانیان تەنیبوو..

جۆ چەکەرەی کردبوو، بەو ڕەنگە سەوزە کاڵەی سەرەتایەکی زووی بەهاری لە ڕوخساری سروشتدا نەخشاندبوو.. کێڵکەگان فراوان و خاوێن کشابوون، نە سەنگەریان تێدا لێدرابوو نە کەندەک و مەتارێز.. دیمەنەکان وێنەیەکی دروستی سروشتێکی ساکار و ئاسایی بوون..

شەمەندەفەرەکە بەیەکەمین گوندی ئەڵمانیدا ڕەت بوو.. خاچی سەر تاوەری کڵێسەکە دەبریسکایەوە، کەلەشێرە ئاسنینە کەشناسەکە لە سەربانی قوتابخانەی گوندەکەوە بەدەم تەوژمی باوە دەگەڕا.. بەبەر کۆگایەکی بادە فرۆشیدا ڕەت بوون، ژمارەیەک کرێکار لەبەردەمیا کۆببوونەوە، ماڵ و خانە ئاوەدانەکان دەرکەوتن، خانمان خولیای کاری ئاسایی ڕۆژانە بوون، بەر دەرگای ماڵەکانیان دەماڵی.. ئۆتۆمبیلێک لە کۆڵانێکەوە هاتە سەر ڕاستە شەقامەکە.. نە تانک دیار بوو نە زرێللی، تیشکی خۆری ڕۆژێکی نوێ لەسەر شووشەی پەنجەرەکاندا دەشکایەوە.. شووشەکان ورشەیان دەهات، نەشکابوون..! بان و گوێسەوانەی بەرز و خانووی چەسپ و قیتوقۆڵ لە تەک یەکەوە ڕیز ببوون، کەلاوەو وێرانەیان لەنێودا نەبوو، ڕیزی ڕێکوپێکیان بشێوێنێ.. منداڵانیش پۆل پۆل ڕێی قوتابخانەکانیان گرتبووە بەر، دەمێ بوو منداڵی نەدیبوو.. دەمێکیشە تامەزرۆ و عەوداڵی ئەم دیمەنانەیە، بەدەم تەماشاکردنەوە پرسیاری لە چاوەشەکەی تەکیەوە کرد.. ئەویش دەینواڕییە دەرەوە:

– ئێرە وەکو بەرە نییە.. وا نییە؟

– جودان.. دوو جیهانی جیاوازن..

تەمەکە بڵند بۆوە، بێشە و دارستانەکان دەرکەوتن، (گریبەر) هەر تەماشای دەرەوەی دەکرد، دارتەلەکان بەتەریبی لەگەڵ ئاسنەڕێکەدا دەهاتن، بەدەم جمانی شەمەندەفەرەکەوە بەرز و نزم دەبوونەوە، لە ڕستەی ئاوازێکی خامۆشی بێ پایان دەچوون.. مەلی سەر تەنافەکان هەڵدەفڕین و دەبوونە گۆرانیی ئەو ئاوازە، ئارامێکی نەرم دڵ و دەروونی گرتە باوەش، هەراهەراو ژاوەژاوەکەی بەرەکانی جەنگ لە گوێیدا کپ بوونەوە.. فڕۆکە بەئاسمانەوە نەبوو، زرمەی بۆمپ و تفەنگ نەدەهات، لەشی خاوبۆوە، هەستی دەکرد دەمێکە بەڕێوەیە، زۆر دەمێکە لە هاوڕێکانی دوورکەوتۆتەوە، بوونە یادگارێکی لێڵی ڕابووردوویەکی دوور!.. پرسیاری کرد:

– ئەمڕۆ چییە؟

– پێنج شەممەیە.

– ئاوا.. پێنج شەممە؟!



– بەڵێ، دوێنێش چوارشەممە بوو، سبەییش هەینییە..! ئاخۆ قومێک قاوەمان لەلایەک پێ نەدەن؟

– پەلەت نەبێ.. ئەوەندەی لێ دەخۆینەوە لێی بێزار ببین.. هەموو شتێک لێرە وەکو خۆی ماوە، هیچ نەگۆڕاوە..

زۆربەیان نانیان پێ بوو، کەوتنە نانی وشک خواردن، (گرێبەر) پەلەی نەبوو، دەیویست نانەکەی بەقاوەوە بخوات، خوانی بەرچاییەکانی ماڵەوەی هاتەوە یاد، دایکی بەسەر مێزێکی تەخت شینی بەچوار گۆشەی وردی سپی نەخشاو، مێزەکەی دادەپۆشی، بەهەنگوینی ساغ و نانی سپی و شیر و قاوەی خەست و گەرم دەیڕازاندەوە.. بولبولە کەنارییەکەشیان بەجریوەی خۆش پێشوازی ڕۆژێکی نوێی دەکرد، تیشکی خۆریش باوەشی بەبنجە (گارۆنیا)کەی[1] نێو مەرکانەکەی سەر لێواری پەنجەرەکەدا دەکرد.. ئەمیش کردبووی بەخوو، هەموو بەیانییەک گەڵایەکی لەو ڕووەکە دەکردەوە، لەنێوان پەنجەیدا دەیپرووواند، بۆنێکی خۆشی لێدەهات، هۆشی دەفڕاند، بۆ دوور دەڕۆیشت، دەگەیشتە ئەو کەنارانەی ئەو ڕووەکەیان لێ دەهێنا.. بەهۆی جەنگەوە گەلێ شوێن چوو، بەڵام هیچیان بەو وێنەیە نەبوون کە لە خەونەکانیا ئەیدین..

تەماشایەکی دەرەوەی کردەوە، ئارامی لەو دیمەنانە دەنۆشی، جوتیارەکان لە کێڵگەکانیانەوە تەماشایان دەکردن، گەلێ خانمی لەچک بەسەری لەنێوانیاندا دی، چاوەشێک پەنجەرەکەی کردەوە، دەستتی بۆ ڕاوەشاندن، وەڵامیان نەدایەوە، بەپەستی ئاوڕی لە هاوڕێکانی دایەوە.

– بنواڕنە ئەو جوتیارە نالەبارە چاوچنۆکەکان؟ خۆ بێزیان نایەت وەڵامی سڵاویش بدەنەوە؟!

بوارێکی دیکەیان بڕی، چاوەشەکە هەتا کەمەری لە پەنجەرەکە بردەوە دەرەوە، کەوتەوە سڵاو کردن، سەرنجی ژمارەیەک لە جوتیارەکانی ڕاکێشا، بەڵام وەڵامیان هەر نەدایەوە، کەوتەوە بۆڵە بۆڵ:

– بۆ ئەمانەیە خۆمان بەکوشت ئەدەین؟

– لەوانەیە لە دیلە بەسوخرە گیراوەکان بن، یان لە کرێکارە بیانییە بەکرێگیراوەکانن؟

– خانمێکی زۆریان لەنێودایە.. سڵاوە سڵاو، هیچ نەبێ با دەستتێک بڵند بکەنەوە.

– لەوانەیە ڕووس یان لە پۆڵۆنییەکان بن..

– قسەی پووچ، لەوان ناچن.

سەر ڕووتاوەکە وتی:

– ئەمە شەمەندەفەری بریندار گواستنەوەیە.. کەس سڵاو لە برینداران ناکات!

دەنگێکی تووڕە کۆتایی بە ئاخاوتنەکەیان هێنا:

– ئەوانە گوێرەکەن، جوتیاری خۆپەرست و شوانی گایەڵن.. (پەنجەرەکەی بە تەکانێک داخستەوە).

– ئەمانە و دانیشتوانی کۆڵۆنیا مەگەر هەر خوایان یەک بێ.

***

دوو سەعاتی ڕەبەق لەناو توونێلێکی تاریکدا قەتیس مان..! هەر چەنیشە بەتاریکی ڕاهاتبوون،

بەڵام هەر زوو خووتە و بۆڵەی نارەزاییيان بەرز بۆوە.. کەوتنە جگەرەکێشان، سکڵی جگەرەکانیان وەک مێش ئەستێرە بەرز و نەوی لە تاریکایییەکەدا دەبریسکایەوە.

– دەبێ شەمەندەفەرەکە پەکی کەوتبێت، بۆیە ناجووڵێین؟

وەڵامیان نەدایەوە، هەموو گوێیان هەڵخستبوو، گوێیان دەگرت، دەنگی فڕۆکە نەدەهات، زرموهۆڕی تەقینەوەش نەبوو..

کۆڵۆنیاییيەکە پرسیاری لێکردن:

– کێ ڕۆتنبێرگی دیوە؟

(گرێبەر) وەڵامی دایەوە:

– شارێکی دێرینە.

– دیوتە؟

– نەء، هیچ کارێکم بەوێ نەبووە؟

مشکەکە هەڵی دایێ:

– دەبوایە (بەرلین)ت هەڵبژاردایە، جارێکی دی مۆڵەتی وا بە خۆتەوە نابینی.. بەرلین هەموو شتێکی لێیە..

– خەرجیی بەرلینم نییە، لەوێ بچمە کوێ؟ میوانخانەکان..؟ من بۆیە هاتوومەتەوە ماڵ و منداڵەکانم ببینمەوە.

شەمەندەفەرەکە تەکانێکی دا، کەوتەوە جووڵە، دەنگ گڕەکە وتی:

– ئاخرییەکەی جووڵاین، وامزانی لێرەمان دەنێژن؟

ڕووناکایییەکی شێواو کەوتە ناو توونێلەکەوە، بەرە بەرە ڕۆشنتر بۆوە، کێڵگەکان دەرکەوتنەوە، قەشەنگتر بوون، گشتیان هەڵمەتیان بردە بەر پەنجەرەکان، ملیان درێژ کرد، دەیانڕوانییە دەرەوە، سروشتی ئەو ئێوارە دەمە، کاری بادەیەکی هۆش ڕفێنی تێدەکردن، چاویان دەگێڕا لەدووی شوێنەواری تەقینەوەی بۆمب دەگەڕان، هیچیان نەدی..

بەچەند وێستگەیەکی دیکە ڕەت بوون، دەنگ گڕەکە دابەزی، ئەمجا چاوەشێک پاشان دووانی دیکە، پاش سەعاتە ڕێیەک، (گرێبەر) کەوتەوە ناسینەوەی ئەو دیمەن و شوێنانەی پیادا تێپەر دەبوون، خۆر گلۆر بۆوە، ئاسۆ ئاڵ هەڵگەڕا، تارای مۆری ئاوابوون بەسەر سروشتدا درا، جێگەیەکی تایبەتی نەبوو کە ئەو ڕێوبانانەی بهێنێتەوە یاد، بەڵکو گشت ئەو دیمەنە دڵڕفێنانەی لە بەرچاوی بوون.. هێمن و ناسک مێشکیان دەبزواند، بەخامۆشییەکی نەرمەوە یادگارەکانیان دەبووژاندەوە، شتێکی دیار و تایبەتی نەبوون، چەند ڕووداوێکی هێجگار دێرینیش نەبوون.. خونچەی شادمانییەک لە دەروونیا دەپشکووت..

وێستگەکانی ناسییەوە، ڕێگاکەی بەهەموو قۆناغ و دیمەنێکیەوە هاتەوە یاد، بەگەڵێ جێگەدا ڕەت بوون سەیرانی تێدا کردبوون..

لە ناکاودا، بۆ و بەرامەی چێلەکە کێویلە و چەگەرەی دارە ڕەش و پانتایی ئەو دەشتە بەشەونم



شۆراوەی بەر تیشکی خۆرێکی خەواڵوو، هۆشیان ڕفاند..

لە شارەکەی نزیک دەبۆوە، بەدەم کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانییەوە چاوی لە دەرەوە نەئەترووکاند، چاوەڕوان بوو شەقامەکان دەرکەون..

شەمەندەفەرەکە ڕاوەستا، جموجۆڵ کەوتە نێوان خەڵکەکەی دەرەوە، لەناو دەرگەی عەرەبانەکەوە تەماشایەکی دەوروبەری کرد، یەکێک ناوی شارەکەی هێنا، کۆڵۆنیایەکە وتی:

– تۆیش دادەبەزیت؟.. ئومێدەوارم کاتێکی شاد بەریتە سەر.

– هێشتا نەگەیشتووم، لە وێستگەکەی ناوشار دادەبەزم.

– دەبێ گوێزرابێتەوە ئێرە، بۆ پرسیارێک ناکەیت؟

(گرێبەر) دەرگاکەی کردەوە، چاوی بەحەشاماتەکە کەوت، لە ڕووناکایییە کزەکانی ئەو ئێوارە درەنگەدا گوڕیان دابووە خۆ، دەهاتن و دەچوون، ئەوانەی سواری شەمەندەفەرەکە دەبوون زۆریان پەلە بوو..

پرسیاری کرد:

– ئێرە وێستگەی (ڤێردن)ـە..

کەس وەڵامی نەدایەوە، دابەزی، یەکێکی لە چاودێرەکانی وێستگەکە بەدی کرد، پرسیاری لێکرد:

– ئەم شەمەندەفەرە ناچێتە ناو شار؟

چاودێرەکە چاوێکی ماندووی تێبڕی:

– بۆ ناو شار دەچیت؟

– بەڵێ.

– هەر لەودیو ئەو شۆستەیەوە لای ڕاست بگرە، ئۆتۆمبێلێکی لێیە، سواری بە تا ناو شارت دەبات.

چاودێرەکە چۆن ڕێنمایی کرد، شۆستەکەی گرتەبەر، وێستگەیەکی نوێ بوو، شۆستەکانیان لە دار و تەختەیەکی نوێ داکوتا بوو، تۆکمە و چەسپ بوون.. ماشێنەکەی لە پەنایەکدا دیییەوە، (پاس)ێکی کۆن بوو، پرسیاری لە شوفێرەکە کرد:

– بۆ ڤێردن دەچن؟

– بەڵێ.

– شەمەندەفەرەکە ناگاتە ناوشار؟

– نەء.. ناگات.

– بۆچی؟

– لەبەر ئەوەی ناگات.

لە شوفێرەکە وردبۆوە، زانی کە وەڵامی تەواوی ناداتەوە، سواری پاسەکە بوو، لە پەنایەکدا دانیشت، چاوەڕوان بوو بجووڵێن.. سروشت بەرگی تاریکی پۆشی، شەقامە قیرتاوەکە ورشەی دەهات، لە ئاسنە ڕێیەکی ڕەشی بریقەدار دەچوو، ماشێنەکە جوولا، خۆی لە کورسییەکەیدا گرمۆڵە کرد، بیری کردەوە.. (دیارە شوفێرەکە لە شتێک دەترسێ، بۆیە وەڵامی نەدامەوە) وڕەو ڤڕەیەکی نارێک لە خەڕەکی

ماشێنەکەوە دەهات، کۆن و ماندوو بوو، چەند ئۆتۆمبێلێکی خێرای مارسیدسیان پێشکەوت، ئەفسەرێکی پلە بەرز لەوەی پێشەوەیاندا بوو، چەند ئەفسەرێکی دیکەی سەر بەهێزەکانی شلێوە لە ماشێنەکانی دواوە بوون، پەلەیان بوو، بۆیە وەک پێشبڕکێ بکەن، پاش و پێش دەکەوتن، کەس لەناو پاسەکە توانجی نەدا، خۆیان مت کردبوو، کیژۆڵەیەکی وردیلانە نەبێ نەختێک تریقایەوە، ئەمجا لەنێوان کورسیەکاندا کەوتە گەمە و خۆ خافڵاندن، تەمەنی دوو ساڵ زیاتر نەدەبوو، پرچە زەردەکەی بە بافتەیەکی شینی ئاسمانی ڕازاندبۆوە..

شەقامەکان دەرکەوتن، وێرانییان پێوە دیار نەبوو، هەستی بەدڵنیاییەک کرد، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی..

قۆناغێکی تریان بڕی، ئەمجا پاسەکەی لای کردەوە، خۆی بە کۆڵانێکدا کرد، لەوێ وەستا:

– گەیشتین، فەرموون دابەزن.

(گرێبەر) پرسیاری لەوەی تەنیشتیەوە کرد:

– ئێرە کوێیە؟

– شەقامی (برامشە).

– پاسەکە زیاتر ناڕوات؟

– نەء.

پیاوەکە دابەزی، (گرێبەر) دوای کەوت.

– دوو ساڵە لە بەرەم، بەمۆڵەت گەڕاومەتەوە.

بە زەرووری دەزانی ئەمە لای یەکێک بڵێ، پیاوەکە ئاوڕی لێدایەوە، (گرێبەر) نواڕییە دەموچاوی، شوێنەواری زامێکی قووڵ بە نێوچەوانیەوە بوو، وای بەبیردا هات ئەمیش لە یەکێ لە بەرەکانی جەنگ بریندار بووبێت.. پیاوەکە دوو ددانی پێشەوەشی شکا بوون:

– ماڵتان لە کام گەڕەکە؟

– شەقامی هاکن، ژمارە ١٨.

– دەکەوێتە بەشە کۆنەکەی شار؟

– لەنێوان هەردوو لایە، سەرێکی دەچێتەوە سەر شەقامی (لویز) هەر لەوێوە (کاتێدرای کاترین) دیارە.

– ئاوا..؟ بەڵێ (چاوی بڕییە تاریکیی ئاسمان) دیارە شارەزایت، بزر نابیت؟

– نەء.

– بەخێر بێیتەوە، ئومێدەوارم کاتێکی خۆش بەریتە سەر.

– سوپاست دەکەم.

شەقامی (برامشە)ی گرتە بەر، بەدەم ڕۆیشتنەوە دەینواڕییە خانوو و باڵەخانەکان، نەڕووخابوون، پەنجەرەکان تاریک بوون، پەردەکان دادرابوونەوە، لە دڵی خۆیدا وتی: «چرایان هەڵنەکردووە،



ئامۆژگارییەکانی بەرگری میللی پەیڕەو دەکەن».. هەر بیری دەکردەوە، بەر لەوەی بگاتەوە، ساویلکانە بیری دەکردەوە، وای دەزانی شارەکە وەکو جاران بەشەو ڕووناک دەکرێتەوە، دەبوایە ئەم ڕەوشەی لەپێش چاو بوایە، ئەی گوایە جەنگ مانای چی..؟

گەیشتە نانەواخانەیەک، گوڵدانێک و چەپکێ گوڵی دەستکرد نەبێ هیچی دیکە لە جامخانەکەدا نەبوو، بەچەند کۆگا و فرۆشگەیەکی دیکە ڕەت بوو، گەیشتە بەر جامخانەی دەباغخانەیەک، پەیکەری ئەسپە سوورەکەی هاتەوە یاد، لەجێی خۆیدا بوو، وەک بحیلکێنێ سەری بڵند کردبۆوە، مۆمیای تووتکە سەگێکی بازوویشی لەبەردەمدا قووت ببۆوە، ماوەیەک بە دیاریانەوە وەستا، دیمەنێک بوو بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە پڕ ڕووداوە جەنجاڵە نەگۆڕا بوو..

کەوتەوە ڕێ، کاتێک بەخۆی زانی لە گەڕەکەکەیان نزیک بۆتەوە..

پیاوێک لەبەر دەرگەی ماڵێکدا وەستا بوو، نەیدەناسی، بەڵام سڵاوێکی لێکرد:

– ئێوارەت باش.

– .. بـ... باش (پیاوەکە شڵەژا، بەتەمای سڵاو نەبوو).

(گرێبەر) دوور کەوتبۆوە، زرمەی پۆستاڵەکانی دەهات، لەدڵی خۆیدا دەیگوت: (ئیتر هێندەی نەماوە ئەم پێڵاوە قورسانە فڕێ بدەم و جووتێکی سووکەڵە لەپا بکەم، پێش هەموو شتێک خۆم بە ئاوێکی خاوێن و شلەتێن دەشۆم، کراسێکی نەرمو شلیش لەبەر دەکەم).

گوڕی دایە خۆی، هەنگاوەکانی خێراتر دەنا، هەستی دەکرد شەقامەکە وەک خشۆکێکی زەبەلاح لەژێر پێیدا دەکشێ..

لە ناکاودا.. بۆنی شتێکی کرد!

***

لە جێی خۆیدا سڕ بوو!

بۆنێکە شارەزایەتی، بۆنی دوکەڵکێشی ماڵەکان نییە، بۆنی داروتەختەی سووتاو نییە، بۆنێکی قورس و تیژە.. بۆنی بارووتە!

چاوی گێڕا هیچ جێگەیەکی داڕووخاوی نەدی، بانەکان بەرز بوون، ئاسمانێکی بەرین لەپشتیانەوە مۆر هەڵگەڕابوو، سست کەوتەوە ڕێ، گەیشتە گۆڕەپانێکی گچکە، هەندێ گوڵی تێدا چێنرابوو، بۆنی بارووتەکە خەستتر بە کەپوی دای دایەوە، پژمی، سەرچاوەی ئەو بۆنەی هەر بۆ نەدۆزرایەوە، لە هەموو لایەکەوە دەهات، وەک لە ئاسمانەوە بێ وا هەستی پێ دەکرد..

چووە سەر شەقامێکی دیکە، لەوێ یەکەمین خانووی وێرانی دی! تا لەبەرە بوو جگە لە وێرانە و کەلاوەی سووتاو هیچی دیکەی نە ئەدی، ئەو دیمەنانەی بەلاوە ئاسایی بوون، بەڵام ئەمەی ئێرە وەک یەکەم جاری بێت شتی وا ببینێ، گەلێک سەرنجی ڕاکێشا، دیمەنێکی هێجگار بەسام و غەمناکە.

دڵخۆشی خۆی دایەوە.. (تەنها خانوویەکە، ئەوانی دیکە گشتیان ساغن).. پژمییەوە، خێرا لەو دەوروبەرە دوورکەوتەوە، بۆنی بارووتەکە لەو خانووەوە نەدەهات.. (دەمێکە ڕووخاوە، دەبێ بە ڕێکەوت

بەرکەوتبێت، بۆمبایەک بەهەڵە لە فڕۆکەیەکی خۆمانەوە بەربۆتەوە و تەپاندوویەتی).

گەیشتە شەقامی (بریمن)، هەتا شەقامی هاکن نیو سەعات ڕێی ماوە، گورج کەوتەوە ڕێ، کەس بەدەرەوە نەبوو، لە دامێنی شەقامەکە، هەندێ چرای ڕەنگاو ڕەنگی لەژێر چەترێکی گچکەدا بەدی کرد، شاردرابوونەوە، بۆ ئەوەی لە ئاسمانەوە بەدی نەکرێن.. ڕووناکییەکی شینباوی کزیان لێدەهات.. ڕووناکاییەکی شووم و بەدیووم بوو..!

چووە سەر یەکەمین گوزەری وێرانەوە، گەلێ خانووی تێدا ڕما بوو، تەنها چەند کۆڵەکە و ستوونێکی ڕووت و ڕەش داگەڕاویان لێ مابۆوە.. بەهۆی هێزێکی نادیارەوە هێشتا بەپێوە وەستا بوون، لە کەللە و ملی ئەزیایەکی چەند سەرە دەچوون لە کەلاوەکانەوە درێژی کردبن.. ئەمانیش نوێ نەبوون..

خۆی کرد بە کەلاوەیەکیاندا بەدارو پەردووە داڕووخاوەکەدا هەڵگەڕا، لەوێوە نواڕییە دەوروبەری، چەند تارماییەکی بەدی کرد لە تاریکاییەکەدا دەجووڵانەوە.. هاواری لێکردن:

– هۆو.. کێ لەوێیە، ئێوە کێن؟

چەند تلە بەردێکی لەژێر پێدا تل بۆوە، تارماییەکان دوورکەوتنەوە، هەناسەی یەکێکی ماندووی بە گوێدا هات.. هەناسەیەکی شپرزە و سوار بوو، خۆی مت کرد، گوێی هەڵخست.. کەس نەبوو، هەناسەی خۆی بوو!

هاتەوە سەر شەقامەکە، بەغار کەوتەوە ڕێ، بۆنی بارووتەکە تا دەهات خەست و تیژتر دەبۆوە، ڕووبەری وێرانکارییەکەش تا دەهات ڕووی لە فراوانی دەکرد..

گەیشتە بەری شارە کۆنەکە، وچانێکی دا، چاوی گێڕا، بەوردی لەو دەوروبەرە ورد بۆوە، دەستتەیەک خانووی دێرین لەو ناوەدا هەبوون، کەلەپوور بوون، لە سەدە ناوەندەکانەوە مابوون.. ئەوانیش ڕووخابوون..! چەند تەپۆڵکەیەک ڕەژوو خۆڵەمێشیان لێ مابۆوە، تەمێکی خەست و سپییان لێ نیشتبوو، هیچی دیکە..!

لەوێیش دوورکەوتەوە.. سامێکی گەورە دڵی گەمارۆدا، توند دەیگوشی.. کارگەی خۆشکردنی مسەکەی هاتەوە یاد.. کارخانەیەکی پوختەکردنی مس لەو دەوروبەرە هەبوو، دەبێ بۆ لێدانی ئەو کارگەیە هاتبن، بۆیە ئەم خانووانەش پێوە بوون.. شڵەژا بوو، سەری لێ شێواو بەدەم ڕۆیشتنەوە ڕەتی ئەدا، خۆی بەیەک دووانێکدا دا، گوێیان پێی نەدا، ئەمیش داوای لێبوردنی لێ نەکردن..

بەهەرەسی خانوویەکدا هەڵگەڕا، نەیدەزانی لە کوێیە، ئەو شارە کە لە منداڵییەوە تیادا پەروەردە بووە و شارەزای هەموو کون و کەلەبەرێکی بوو، شێوەی گۆڕا بوو..!

هەستی کرد بزر بووە! جاران بەڕووکاری خانەکاندا ڕێی خۆی ئەدییەوە.. هیچیان نەما بوون، خانمێک بەپەلە بەلایدا تێپەڕ بوو، پرسیاری شەقامی هاکنی لێکرد، ژنەکە ئاوڕێکی شپرزەی لێدایەوە:

– چی؟

ژنێکی بەرگ شێواوی چەپەڵ بوو، هەردوو دەستتی بەدەم ڕۆیشتنەوە نابوو بە سینگیەوە:

– نازانم لە کوێوە بچمەوە سەر شەقامی هاکن؟



ژنەکە دەستتی درێژ کرد:

– لەوێوە.. لە پێشە سەری شەقامەکەوە لادە دەچیتەوە سەری.

درەختەکان لەهەردوو بەری شەقامەکە سووتابوون، لە ڕیزێ دەستوپەنجەی زلە و کۆڵەوار دەچوون.. ڕەش داگەڕاو و گرژ، بەئاسماندا چووبوون..

لەدووی ڕێگاکەی دەیبردەوە سەرماڵیان دەگەڕا، چاوی دەگێڕا، دیوارە بەرزەکانی کاتێدراکەی هەر نەدییەوە، لەوانەیە ئەویش تەخت کرابێ..

پرسیاری لە کەس نەکرد، هەرچاوی دەگێڕا، چەند دەستەبەرەیەکی لە نزیک هەندێ کرێکارەوە بەدی کرد.. خەریکی داروپەردووی خانوویەکی داڕووخاو بوون خاوێنیان دەکردەوە، لەلایەکی دیکەوە پیاوانی ئاگر کوژاندنەوە سەرقاڵ و شپرزە بەیەکدا دەهاتن و دەچوون، ئاوی ترومپاکانیان بەگڕ و دووکەڵێکی خەستومەنگدا دەکرد.. ورشەیەکی سەوز و قورس بەسەر کارخانەکەوە پەنگی خواردبۆوە..

(گرێبەر) لە شەقامی هاکن بوو!

---

١– گارۆنیا: ڕووەکێکی بۆن خۆشی ڕازاندنەوەیە، لە وڵاتە گەرمەسێرەکاندا دەژی.

## 7

شەقامی هاکن.. ناوی شەقامەکە بەستوونێکەوە هەڵوسرا بوو، ستوونەکەش بەسەر چاڵە بۆمبێکدا چەما بۆوە..

لەدامێنی چاڵەکەوە هەنگاوی نا، کەوتەوە ڕێ.. لە دوورەوە خانوویەکی ساغی بەدی کرد: دەم و لێوی هاتە لەرزین:

– ژمارە (١٨)یە، خودای گەورە با ژمارە (١٨) بێت.

کاتێک لێی نزیک بۆوە، تەنها ڕووکاری خانوویەک بوو، ئەو دیوی بەردی بەسەر بەردەوە نەمابوو.

پیانۆیەک بە ئاسمانەوە بوو..! بەشیشی تێکترنجاوی بانو کۆڵەکە کۆنکریتیە هەڵتەکاوەکانەوە هەڵواسرا بوو، دیار بوو خاوەنەکەی لە نهۆمەکانی سەرەوەی ئەو خانووە ڕووخاوەدا ژیاوە..

دوگمە ڕەش و سپیەکانی پیانۆکە لە ددانی جانەوەرێکی دڕندە دەچوون، بۆ هەڕەشە و تۆقاندن جیڕی کردبنەوە!

دەرگای خانووەکەی تەنها ڕووکارەکەی مابۆوە، کرابۆوە.. خۆی پیادا کرد..

یەکێک هاواری لێ کرد:

– هێی تۆ، ئاگادار بە، چیت دەوێ؟

وەڵامی نەدایەوە، توانای لێکدانەوەی نەمابوو، نەدەچووەوە سەر شوێنەواری ماڵی باوکی، هەموو تەمەنی لەو گەڕەک و ماڵە بردبووە سەر، کەچی وەک یەکەمین جاری بێ ئەو ناوە ببینێ، شارەزا نەبوو..

کوچە و شەقامەکان.. خانوو و ماڵەکانی بەدەرگا و پەنجەرە و پاسار و گوێسە بانەکانەوە، بە وردترین پەنا و قوژبنیانەوە لەبەر چاودا بوو، ئەوەتا ئێستاکە هەموو شتێکی لێ شێواوە، تەنانەت ئەوەیشی لەبیر چۆوە ماڵیان لە کام بەری شەقامەکەیە؟ هاواریان لێکردەوە:

– هێی زەلام.. چی دەکەیت لەوێ.. گەرەکتە دیوارێکت بەسەردا بڕمێ؟

(گرێبەر) لەناو دەرگاکەوە دەینواڕیە ناوەوە، پاشماوەی پلیکانەیەکی بەچەند پلەیەکەوە لێ دیار بوو، ئیتر خانووەکە گشتی بەسەریەکدا تەپی بوو..

لەدووی ژمارەی خانووەکەدا دەگەڕا، کاتێک کە یەکێ لە چاودێرانی تاوە هەواییەکانی لێ پەیدا بوو.

– لەدووی چی دەگەڕێی کوڕە؟

– ئەمە خانووی ژمارە (١٨)یە؟ لەدووی خانووی ژمارە (١٨) دەگەڕێم؟

– ژمارە هەژدە..؟! (تاسکڵاوەکەی ڕاست کردەوە).. ژمارە هەژدە کامەیە؟.. کامە بوو.. لەکوێیە، لەکوێ بوو..؟ (لە «گرێبەر» ورد بۆوە).. ئەوە بە ڕاستتە؟

– چۆن؟!

– ئەی چاوت لێی نییە، نایبینی، کوێریت؟

– ئەمەیە؟

– بڵێ ئەمە بوو؟ نەبوو.. ژمارە هەژدە ئەمە بوو؟



(گرێبەر) خۆی پێ نەگیرا، پەلاماری پیاوەکەی دا، دەستتی دایە یەخەی و توند ڕایتەکاند.

– گوێ بگرە فەیلەسوفی نەهامەتی، نەهاتووم وانەیەکی هەلەق مەلەقی ڕێزمانم پێ بڵێیتەوە.. ژمارە (١٨)ـەم نیشان بدە کامەیە.

چاودێرەکە خۆی ڕاپسکاند، بە مۆڕەیەکەوە نواڕییە (گرێبەر).

– بەرۆکم بەرنەدەیت بەم فیکەیە چی پۆلیسی ئەم شارە هەیە گشتیت لێ کۆ دەکەمەوە، ئەوەی تۆ لە دووی دەگەڕێیت لەم ناوە نییە، ئێرە جێگەیەکی ویرانە، کەلاوەیەکی بەرین و بەرفراوانە، بڕیاریشە خاوێن بکرێتەوە، لاچۆ.. بڕۆ دەی تا بەگرتنم نەداویت؟

– ناتوانیت بەگرتنم بدەیت، من سەربازم و بەمۆڵەت لە بەرەکانی جەنگ گەڕاومەتەوە.

– ئای کە گرینگ و مەزنیت.. بۆ لە تۆ وایە ئێرەیش ئەوێیە؟!

پەنجەکانی (گرێبەر) خاو بوونەوە، بەرۆکی پیاوەکەی بەردا:

– ماڵمان لە ژمارە (١٨) یە، ناچمەوە سەری، دایک و باوکم لەوێ دەژێن.

– ئەم گەڕەکە کەسی لێ نەماوە، هەموو یا باریان کردووە یان! (ڕستەکەی تەواو نەکرد، پاش هەڵوێستەیەکی کورت وتی) بەڵێ کەسی لێ نەماوە، بەخۆیشم لە دانیشتوانی ئێرەم (لەپڕێکا دەمو ددانی ڕیچ کردەوە و هاواری کرد).. زرم.. گرم..! لە ماوەی چوار ڕۆژدا شەش هێرشی ئاسمانیمان هاتە سەر.. تێگەیشتیت؟ چاوت کرایەوە.. حاڵی بوویت دەڵێم چی، هەی جەنگاوەرە مەزنەکەی لە بەرەی جەنگ گەڕاوەتەوە..؟ سەربازە خۆڕاگرەکەی لەو دیو سنوور خەتبوویت.. هۆشت هاتەوە؟ (دەستتی بۆ لایەک درێژ کرد).. ژنەکەم لەوێیە.. کێ ئەو هەموو دارو بەردە داڕووخاوەی لەسەر لائەدات؟ کێ فریای دەکەوێت..؟ نییە، کەس نییە! ئێستاکە مردووە، ئومێد بڕاوە، بەڵێ وایە، ئیتر ئاوهایە، کۆمیتەکانی فریاکەوتن بەکاری گرنگترەوە خەریکن، خۆیان بەچەند دۆسیەیەکی قەبە و پووت و چەند کورسی مێزێکەوە خەریک کردووە.. نایان پەرژێتە سەر ئێرە (ئەمجا بەچپە وتی).. دەبوایە ژنەکەمیان قورتار بکردایە.. (دەم و چاوە باریکەلەکەی لە دەم وچاوی گرێبەر نزیک کردەوە..) هەتا لێتان نەقەومێ نازانن چی ڕوویداوە! کاتێک بەخۆتان دەزانن، کار لەکار ترازاوە، ئەوساش هەرچییەک بکەن بێ سوودە (تفێکی بۆ دوور هەڵدا).. ئەی سەربازە قارەمانەکەی سینگت بەمیدالیا ڕازاندۆتەوە.. تەماشاکە، ئەوەتا، ئەوە ژمارە (١٨)یە، ئەو داروبەردە داڕووخاوەیە ئەو کرێکارانە پێوەی خەریکن!

خورپەیەک لە دڵی دا، ساکا.. پشتی کردە پیاوەکە، بە جووتێ چاوی زەقەوە نواڕییە کرێکارەکان، بیری کردەوە.. (خەریکی هەڵکۆڵین و پشکنینن، کەواتە لەدووی کەسانێک دەگەڕێن بەژێرەوە بووبن، بێگومان هەندێکیشیان مردوون.. نەء، ئەمەی لەبەر چاومە دروست نییە، ڕاست نییە.. نەء، من خەوتبووم و ئێستاکە بەخەبەر هاتووم، چاوم لە عەمبارێکی ڕەژوودا کردۆتەوە، من نەگەڕاومەتەوە، هەر لەوێم، لە گوندە سووتاوە خاپوورەکەی ڕووسیام.. لە جێی خۆم نەجووڵاوم.. (ئێمەرمان)، (ساور)، (میکە).. هەموویان لێرەن، نەء ئێرە ئەڵمانیا نییە، ڕووسیایە!.. لەمن وایە ئەڵمانیا پارێزراوە..!

تەقە و زرنگدانەوەی پاچ و خاکەنازی کرێکارەکان هۆشیاریان کردەوە، دیمەنەکەی ڕوونتر هاتە بەرچاو،

کرێکارەکـان خەریک بوون.. ئاوێکی زۆر لەسەر شەقامەکە پەنگی خواردبۆوە، لە لوولەیەکی شکاوەوە فیچقەی دەکرد، ڕووی گۆماوەکە لەئاست ورشەی چرا داپۆشراوەکاندا دەبریسکایەوە..

یەکێکیان ڕێنمایی ئەوانی دیکەی دەکرد، بەرپرسیان بوو، ڕاستەوخۆ ڕووی تێکرد:

– ئەمە ژمارە هەژدەیە؟

– چی.. لاچۆ، چیت دەوێ؟

– دایک و باوکم دانیشتووی خانووی ژمارە هەژدەن.. کوان، چییان بەسەر هاتووە؟

– چوزانم کابرا.. چوزانم لەکوێن!

– ئاخۆ ئەوانیش پێوە بووبن.. بووبن بەژێرەوە؟

– برۆ جێیەکی دی ئەم پرسیارە بکە، ئەوە کاری ئێمە نییە، ئێمە تەنها ئەوەمان لەسەرە کێ بەژێرەوە بووبێت ڕزگاری بکەین، ئیتر نازانین کێ کێیە..

– زۆرن؟

– ئەی چۆن.. گوایە گەمە دەکەین؟ (ئاوڕی لە کرێکارەکان دایەوە).. برێ دەست هەڵگرن، وچانێک بدەن ورتە لە دەم کەسەوە نەیێت، دەی (فیلمان) لە لوولەی هەوا کێشەکە بدە..

دەرفەتێک بوو پشوویەکی تێدا بدەن، ڕاستبوونەوە، دەستـتەیەک کرێکاری پنتی و پەرپووت بوون، هەریەکەیان جۆرە بەرگـێکی پۆشیـبـوو، تەنهـا دووانیـان بەرگی کـرێکارییـان لەبەر بوو، چەپەڵ و ڕیش هاتوو، بێ هێز و مـاندوو، هەمـوو گـیـانیـان نیشـتـبـووە سەر ئاو ئارەقی گـیـانیـان و پرژی لـوولەی ئاوە شکاوەکە تێکەڵاو ببوو..

(فیلمان) کەوتە سەرچۆک بەسەر لوولەیەکی ئاسنینی ئەستووردا دانەوییەوە، بۆرییەکە لەژێر هەرەسی دار و پەردووی خانووە ڕووخاوەکە هاتبوو، بۆریی هەوا گۆڕکێی ژێر زەمینی خانووەکە بوو.

(فـیلمـان) بەپیـێکێکی قـورس لابەلایی لە لوولەکـەی دا، زرینگایەوە.. بەرپرسـەکـەیان فـەرمـانی پێدانەوە.

– هەناسە لەخۆتان ببڕن، نووزە لە دەم کەسەوە نەیێت..

نقـەیان لەخۆیان بڕی، (فـیلمـان) گـوێی بە بۆرییەکـەوە نابوو، چەند تلە بەردێک کلۆر بوونەوە، لوورە لووری مـاشێنێکی فـریاگـوزارییـان هاتە گـوێ.. هەرا هەراو ژاوە ژاوی ئاگـر کـوژێنەکـانـیش هەر بەردەوام بوو..

(فیلمان) لە لوولەکەی دایەوە، لەپرێکا قووت بۆوە:

– هێشتا وەلامیان ماوە.

بەرپرسەکە بە پەشوکاوییەکەوە فەرمانی پێدانەوە:

– دەی ئازا بن.. لەوانەیە ئێسـتـا هەوایان لێ بڕا بێت، وەرن ئێـرە خـاوێن بکەنەوە، ئەم بۆرییـانەیش لادەن.

(گرێبەر) هەر بەدیاریانەوە بوو، هەواکێشەکەی ژێر زەمینەکەی ماڵی خۆیانی هاتەوە یاد.



– ئەمە پەناگە بوو؟

– ئەی چی بوو؟ پەناگە نەبوایە ئەمانەی ژێرەوە هەتا ئێستا نوزەیان تێدا دەما؟

(گرێبەر) تفێکی قووت دا:

– لە دانیشتوانی ئەم گەڕەکەن؟.. چاودێرەکەی ئەوێ دەڵێ کەسی لێ نەماوە، هەموو باریان کردووە..

– کێ..؟! ئەوە شـێـتـە، ئەی ئەمـانـەی ژێرەوە چین، هەر کـەسـە و لە پەناگـەکـەی گـەڕەکـەکـەی خـۆیدا دەشارێتەوە.

(گرێبەر) توربەکەی لە شانی داگرت:

– ڕێم ئەدەن هاریکاریەکتان بکەم؟.. لەوانەیە دایک و باوکمیان لەگەڵ بێت.

– هەڵوێسـتـێکی جـوامـێـرانەیە، (ڕووی کـردە کـرێکارەکـان) دەی کـوڕینە ئازا کـەن، ئەم برادەرەیش یارمەتیمان ئەدات..

***

یەکـەم کـەس کـە دەرهێنرا، زیندوو بوو، لە هۆش خـۆیشـی نەچوو بوو.. هەردوو لاقی ببـوون بەژێر پایەیەکەوە، پلیشابوونەوە.

(گـرێبـەر) لێی ورد بۆوە، نەیناسی، کاتێک کە تاوێرەکـەیان لەسـەر لاقی لادا، نووزەیەکی لێهـات و ڕووی بەلادا وەرچەرخەناند و لە ناکاودا هەردوو چاوی سپی هەڵگەڕان.

دەلاقـەکـەیان فـراوانـتـر کـرد، دووانی دیکەیان بەمـردوویی هێنایە دەرەوە، کـەللەیان پان ببـۆوە، ددانە تێکترنجاوەکـانیـان لە بادەمی پاکژ و سپی سەر کێکێک دەچوون، (گرێبـەر) دانەوییەوە، پرچێکی ڕەشی دی، دایک و باوکی مـوو زەردن.. ئەمـانیـشـیـان گواسـتـەوە سـەر شـەقـامـەکـە، لەوێ درێژ کـران.. مـانـگ هەڵهات، سروشتی ڕووناک کردەوە، ئاسمان مۆر هەڵگەڕابوو، بایەکی سارد بەخامۆشی هەڵیکردبوو..

(گرێبەر) پرسیاری کرد:

– ئەمە کەی ڕووی دا؟

– دوێ شەو.

نواڕییـە بەری هەردوو دەسـتــتی، خـوێناوی و ڕەش داگـەڕابوون، نەیزانی خـوێنی خـۆیەتی، یان هی کەسێکی دیکەیە، مەگەر هەر خودا خۆی بزانێ چی دار و بەرد و شووشـە شکاوی بەدەست و مـەچەکی ڕووت مـاڵـیـوە.. هەڵاوە ترشەڵۆکەکەی لە تەقینەوەی بۆمبەکان بەرپا ببـوو، چاویانی دەکزاندەوە، سوور هەڵگەڕا بوون، پڕ ئاو ببـوون، زوو زوو بەپشـتی چنگیـان چاویان دەسـتـڕی، هەر زوو پڕ فـرمـێـسـک دەبوونەوە..

یەکێکیان بەهەڵەداوان (گرێبەر)ی ئاگادار کردەوە:

– توربەکەت..! ئەوە توربەیە هی تۆیە؟

ئاوڕی دایەوە:

– کامە.. بەڵێ، کوا چی لێهات؟

– ئەو زەلامە فڕاندی.

گرینگ نەبوو بەلایەوە، کرێکارەکە هانی دا:

– دوور نەکەوتۆتەوە، ئەوەتا دەتوانیت بیگریتەوە، دوای کەوە من کارەکەت تەواو دەکەم..

دزەکەی ڕاونا، پیاوێکی پیری لاواز بوو، بە دار و پەردووی خانوویەکی وێراندا هەڵگەڕا، (گرێبەر) دامێنی چاکەتەکەی لەپشتەوە گرت، پیرەمێردەکە توربەکەی بەدووی خۆیدا ڕادەکێشا، بەری نەئەدا، (گرێبەر) پایەکی نایە سەر توربەکە و بە هەردوو دەستتی دەستەوانەکەی لەدەستت کابرا ڕاکێشا، پیرە بەدەم هاوارێکی ناسازەوە دەستتی دایە تلە بەردێک! دەمێکی زل و ڕەشی لە گرێبەر داچەقاند، چاوەکانی دەبریسکانەوە، لە چاوی دڕندەیەکی گەمارۆدراو دەچوون.. لەپڕێکا دوو ئەفسەری هێزەکانی شلێیوەیان لێ پەیدا بوون.

– چییە ئەوە.. چی ڕووی داوە؟

(گرێبەر) توربەکەی نایە سەر شانی.

– هیچ.

پیرەمێردە دزەکە هیچی نەگوت، هەناسەی توند ببوو، یەکێ لە ئەفسەرەکان لە (گرێبەر) ورد بۆوە، بە مۆنییەکەوە پرسیاری لێکرد؟

– بۆ لێرەیت؟.. دەی پێناسەکەت ئاشکرا بکە.

– یارمەتی ئەو کرێکارانە ئەدەم.. دایک و باوکم بوون بە ژێر ئەو خانووە ڕووخاوەوە، دەبێ..

– دەڵێم پێناسەکەتم بدەرێ..

چاوی پیاگێڕان، زانیی دەستەڵاتی ململانێ کردنی لە تەکیاندا نەبوو، داواکردنی پێناسە و لێپرسینەوەش ئەرکی پیاوانی شلێیوەیە، فەرمانی مۆڵەتەکەی خستە دەستتیانەوە، یەکێکیان لەبەر ڕۆشنایی چرایەکی دەستی لێی وردبۆوە، کاغەزەکە لەئاست بازنە ڕووناکەکەدا وەک داگیرسابێ وا دەهاتە پێش چاو، ماسوولکەکانی جەستەی هاتبوونە لەرزین، مێلورەیان دەکرد، چراکە کوژایەوە و کاغەزەکانیان پێدایەوە.

– تۆ لە دانیشتوانی شەقامی هاکن، خانووی ژمارە هەژدەیت؟

لە وزەیدا نەمابوو، بەپەستییەکەوە وەڵامی دانەوە:

– بەڵێ، ئێستایش خەریکی دەرهێنانی ئەوانەم کە بوون بەژێرەوە.. لەدووی کەسوکارم دەگەڕێم.

– لەکوێ؟

– لەوێ (دەستتی بۆ لای کرێکارەکان ڕاکێشا) لای ئەو کرێکارانە، چاوتان لێیان نییە؟

– ئەو خانووە ڕووخاوە ژمارە هەژدە نییە.

– چی؟!

– ژمارە بیست و دووە.. ژمارە هەژدە ئەوەیانە (دەستتی بۆ کەلاوەیەکی دیکە ڕاکێشا).

شلەژا، زمانی تەتەڵەی کرد:



– دڵنیان کە ئەوە ژمارە هەژدەیە؟

– بەڵێ، ئەگەر چیش هەمووی لە یەک دەچێ، بەڵام وەکو پێم گوتی، ئەوەیان شوێنەواری خانووی ژمارە هەژدەیە..

(گرێبەر) چاوی بڕییەوە کەلاوەکە، دووکەڵی لێ بزر نەدەبۆوە، ئەفسەرەکە وتی:

– هەفتەیەک دەبێ ئەوێ بەرکەوتووە.

– وەکو ئاگاداربن.. (دوودڵ بوو بەڵام پرسیارەکەی هەر کرد).. وەکو بزانن کەسی بەساغی لێ دەرچووە؟

– جار جارێک هەندێک پێوە نابن.. مەرج نییە لەو کاتەدا دایک و باوکت لە ماڵ بووبن.. لەکاتی بۆمبباراندا خەڵکەکە پەنا دەبەنە بەر پەناگە گشتییەکان.

– سۆراخیان چۆن بکەم؟

– بەم شەوە هیچ ناکرێ، ئەنجوومەنی شارەوانیش بەرکەوتووە، شپرزەن، بەیانی زوو سەردانێکی کارگێڕی خۆجێیی[1] بکە، لەوێ پرسیار بکە.. (تەماشایەکی ئەو لایەی کرد کە پیرەمێردەکە بەدزە لێوەی دووردەکەوتەوە..) ئەوە دەمەقاڵێی چیتان بوو لەگەڵ ئەو پیاوە.

– هیچ.. (باسەکەی گۆڕی).. ئاخۆ هێشتا کەسێک لەژێر ئەو داروپەردووەدا جێ نەما بێ؟

– بێگومان هەندێک هەر جێ دەمێنن.. دەبێ لەشکرێک تەرخان بکەین ئەمجا فریاکەوین (نواڕییە ئاسمان) ئەو بەرازە بەدکارانە، کوێرانە هەموو لایەکی شارەکە بۆمبباران دەکەن..

بەر لەوەی لەو ناوە دوورکەونەوە، پرسیاری لێ کردنەوە:

– خۆ هاتوچۆی ئەم گەڕەکە قەدەغە نییە.

– چۆن؟

– چاودێرێکم لەم دەوروبەرە دی وا حاڵیی کردم!

– بایەخ بەقسەی مەدە، ئەوە شێتە، هیچ نییە، چۆن دێیت وچۆن دەچیت ئازادیت.. سەرێکیش لە بارەگای خاچی سوور بدە، بارەگاکەیان لە نزیک وێستگەی شەمەندەفەرەکەیە.

***

لە دووی شوێنی دەرگا سەرەکییەکە دەگەڕا، دار و بەردە داڕووخاوەکەیان لەلایەکەوە خاوێن کردبۆوە، هیچ نیشانەیەکی وای نەدییەوە بیباتەوە سەر پەناگە گچکەکەیان، بەچڵوچێوەکەدا هەڵگەڕا، پلیکانەکەی ناوەوە بەشێکی بەستارە و چەند پلەیەکەوە مابۆوە، دیمەنێکی ناوازە و بێ مانا بوو، پلەکان ڕووەو بۆشاییەکی قووڵ و بەرین دەچوون! خانووەکە بەدیوی دەرەوەدا ڕووخابوو، کورسییەک وەک بەئەنقەس دانرابێ، لەسەر هەر چوار پای لە ناوچاڵێکی گەورەدا گیرسابۆوە، کورسییەکە بەقەدیفەیەکی سوور تێگیرابوو.. شوورەی دەرەوەی خانووەکە بەدیوی ناوەوە داکەوتبوو، داروبەردە داڕووخاوەکەی ناوەوە ڕایگرتبوو..

چاوی بەشتێک کەوت دەجووڵێتەوە، بەدزە فرتەی کرد! وای زانی دزە پیرەکەیە.. پشیلە بوو، خێرا

دانەوییەوە، دەستتی دایە بەردێک و گرتییە پشیلەکە، وا بەبیریا هات بۆ خواردنی لاشەکانی ژێر داروبەردەکە هاتبێ..

بەغار خۆی گەیاندە لایەکی دیکەی خانووە وێرانەکە.. بەڵێ ئەو شوێنە بوو لەدووی دەگەڕا، خانووی ژمارە هەژدەی شەقامی هاکن بوو.. شتێک وەکو خۆی لە باخچە گچکەکەدا مابوو! ساباتە خنجیلانەکە وەکو جاران، کورسییەکی لەبندا بوو.. قەدی درەختە کافوورەکەشی دییەوە، دەستی پیا هێنا.. هەستی بەشوێنەواری ئەو پیتانە کرد کە لەمێژا.. زۆر لە مێژا بەقەڵەمبڕەکەی بۆ یادگاری هەڵیکۆڵیبوون..

مانگ لەسەر پاشماوەی دیوار و کۆڵەکە ڕەش داگەڕاوەکاندا هەڵهات، ئەدرەوشایەوە، بەرە بەرە پەنا و سووچە تاریکەکانی ڕووناک دەکردەوە، دیمەنێکی غەمناک و نامرۆیانە بوو، هەستی پێ دەکردن.. بەڵام، باوەڕی پێ نەدەکردن..! ئەوەی لەیاد چوو بوو کە بەدرێژایی هەموو ئەو ساڵانەی لە بەرەکانی جەنگ بردبوویە سەر، هەر لەم جۆرە دیمەنانەی دیوە.. هەر لەم جۆرە جێگایانەدا ژیانی ڕۆژانەی گوزەراندووە!

خۆی مت کرد، هەناسەی لە خۆی بڕی، بە تلە بەردێک لە ستوونێکی ئاسنینی دا بە قووڵاییدا چوو بوو..

لەپڕێکا وا هەستی کرد چپە چپێکی بە گوێدا دێ.. نەء هاژەی نەرمی باکە بوو.. بێگومان دەنگی باکەیە، نەخێر پسکە پسکەکەی هاتەوە گوێ، مچووڕکی بەگیانیا هێنا، بەپەلە گەڕایەوە لای پلیکانەکە، هەموو گیانی دەلەرزی، وای بەبیردا هات کە دایک و باوکی لەژێر داروبەردە داڕووخاوەکاندا بن، لەوێ لە بۆشاییەکی تەنگ و تاریک نووزەیان تیادا ماوە..

لەو زیندانە بزرە بێ دەرفەتەوە بەدەم چنگە کڕێوە بانگی دەکەن.. کەوتە گێژاوی مەنگی خەم و پشێوییەوە، لە ناکاودا هەڵچوو، وەکو شێت هەڵمەتی برد، پەلاماری تاوێرەکانی دا.. بەردی تل کردەوە، ستوونە ئاسنی ڕاکێشا، بەدەستتوپەلی ڕووتەوە خاک و خۆڵ و شووشە شکاوی ماڵی..

نە هۆشی مابوو نە ئارام، فام و بیری پەروازە بوون، بەغار دەهات و دەچوو، لەپڕێکا هەڵنگووت، تەپاوتل تا سەر شەقامەکە تل بۆوە، خێرا هەستایەوە سەر پای، بەغار خۆی گەیاندەوە کرێکارەکان.

– ئەوە ئێوە خەریکی چین؟ ئێرە ژمارە هەژدە نییە.. ئەوێیە، وەرن یاریدەم بدەن، نێژراوەکان قورتار کەین.

– چی؟

– دایک و باوکم بوون بەژێرەوە.. لەوێن؟

– لە کوێ؟

– ئەوێ، وەرن ئازاکەن.

پیاوەکە ورد نواڕییە چاوی، بەدەنگێکی ماندووەوە وتی:

– ئەوێ دەمێکە ڕووخاوە (ئەمجا بەزمانێکی ناسکی پڕ سۆزەوە وتی).. دەمێکە دەست لەوێ هەڵگیراوە.. دەبێ خەریکی ئێرە بین.

توربە سەربازییەکەی بۆ فڕێدان:



– ئەم توربەیە بۆ ئێوە، شتی زۆر تێدایە، خواردن.. پارەشم پێیە.

پیاوەکە چاوە سوور هەڵگەڕاوە پڕ فرمێسکەکانی ئاڕاستەی چاوی (گرێبەر) کرد:

– ناکرێ دەست لێرە هەڵگرین.. هێشتا کەسانێکی دیکە لەژێرەوەن..

– ئاخر..

– لەوانەیە هەندێکیان هێشتا زیندوو بن.

– ئەی پاش ئەوەی لێرە دەبنەوە ناتوانن..

– پاشی چی و پێشی چی، چاوت لێمان نییە چیمان بەسەر هاتووە، شەکەت و ماندوو، پەلوپۆمان نەماوە، هەموو گیانمان داهێزراوە، ها ئێستا ها نەختێکی تر لە هۆش خۆمان دەچین.

– من یارمەتیم دان، ئێوەش..

پیاوەکە لەوە دەچوو ئیتر لە وزەیدا نەمابێ.

– مێشکت بێ، کاتی پشکنینی ئەوێ دەمێکە بەسەرچووە، ئیتر بۆ تێناگەیت، تۆ بەخۆت لەوە دڵنیانیت ئەگەر کەسێکی لەژێردا مابێ یان نەء، نەخێر کەس لەژێر دار و پەردووەکەی ئەوێ نییە، هەفتەیەکە ڕووخاوە، پلێ گۆشتی لێ بوایە دەمانزانی.. دەبڕۆ بەبێ ئاشووب لێمان گەڕێ (دەستتی دایەوە خاکەنازەکەی و کەوتەوە هەڵکۆڵین).

(گرێبەر) لە کرێکارەکان ورد بۆوە، کووڕ بووبوونەوە، هەر خەریک بوون، چاوی بەچەند دەستەبەرەیەک کەوت، دووان لە کرێکارەکان بریندارەکانیان دەگواستەوە، هەستی کرد هێزی پساوە، ویستی بچێتەوە کۆمەکیان، بەڵام توانای نەمابوو، بەکزی گەڕایەوە کەلاوەکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان ماڵی باوکی بوو، چاوی بەدار و بەردەکەدا گێڕا، دیسانەوە بەگیانێکی تێکشکاو و ماندووەوە کەوتەوە هەڵکەنین و پشکنین، هەر زوو دەستتی هەڵگرت، توانای بەجارێک بڕا، پایە و کۆڵەکە ئاسنینە تێکترنجاوەکان و تاوێرە چیمەنتۆییە زلەکان چۆکیان پێ دادا..

خانووەکە تێروتەسەلە و تۆکمە دروستکرابوو..

دەستەو ئەژنۆ دانیشت، پاشان هەردوو لاقی بەبێ هۆشییەکەوە درێژ کرد، چاوەکانی زەق دەرپەڕیبوون، دەینواڕییە دوور، هەوڵی دا دڵخۆشی خۆی بداتەوە.. (لەوانەیە بەر لە بۆمبا بارانەکە باریان کردبێ، یان زوو فریای خۆیان کەوتبن و بەرنەکەوتبن.. لە یەکێ لەو جێ نزیکانەی باشووری ئەڵمانیا بن.. لە ڕۆتنبێرگ-.. لەوانەیە ئێستا لە جێگەیەکی گەرم و نەرمدا خەوتبن، لەوانەیە.. لەوانەیە، ئای دایکە، ئاخۆ ئێستا لەکوێ بن؟ من لێرەم، قەوارەیەکی پووتم، نە سەرم ماوە، نە پەلوپۆ، وێڵ و سەرگەردانم، هەتا دەمرم دەبێ هەر بزر و ئاوارە بم، نە ڕابووردووم ماوە، نە دواڕۆژ..) هەر بیری دەکردەوە.. (ئەم پلیکانەیەی ناوی پلیکانەکەی یاقوبمان لێ نابوو[٢] بۆ ئاسمانی دەبردین، فریشتەکان لێرەوە دەهاتن و دەچوون!.. فریشتەکان!.. کوان؟ لەکوێن، چییان بەسەرهات؟ ئەوانیش بوونە بۆمب هاوێژ؟.. چی وەکو خۆی ماوە؟ نە تەنها ئاسمان، زەمینیش وەکو جاران نەماوە، بووەتە گۆڕستانێکی گەورە).. هەر بیری دەکردەوە.. (گۆڕستان؟! ئای چەند گۆڕم هەڵکەند، گۆڕ هەڵکەند نەبووم، بەڵام هێندەی گۆڕهەڵکەنان

بەدرێژایی ژیانیان هەڵی دەکەنن، گۆڕم هەڵکەندووە! سەرم لێشێواوە.. چی دەکەم لێرە.. چاوەڕوانی چیم؟ کێ دێتە کۆمەکم؟ چەند شار و وڵاتی خاپوور گەڕام.. هیچی وەکو ئەمەی ئێرە لێم نەبوونە ئازارێکی ئاوەها ڕووت و ئاشکرا.. بۆچی منیش نەبووم بەژێر داروپەردووی داڕووخاوەوە، دەبوایە منیش لێرە بوومایە، لەژێر دار و بەردی ئەم خانووە داڕووخاوەدا بنێژرامایە..).

لەوێ مایەوە..

کرێکارەکان دوا برینداریان گواستەوە..

مانگ لە دەمەداسێکی خوێناوی بێ بەزەیی دەچوو، لەئاسمانەوە هەڕەشەی دەکرد..! سێبەرێکی تاروتاریک لەپانتایی کەلاوە ڕەشەکاندا پاشەکشەی دەکرد، دەگەڕایەوە ژێر تاوێرو بنی دیوارە داڕووخاوەکان..

پشیلەکە دەرکەوتەوە، لە دوورەوە بەچاوە سەوزە داگیرساوەکانی دەینواڕییە (گرێبەر)، بەسڵەوە لێی نزیک دەبۆوە، بە دەوریا دەخولایەوە، بێ خشپە هەنگاوی دەنا، لەگەڵ هەموو خولێکدا پتر لە (گرێبەر) نزیک دەبۆوە.. پشتی کووڕ کردەوە و کلکی هەڵبڕی، مووەکانی گیڤ بوونەوە بەدەم میاوەیەکی کزەوە خۆی لە ڕانی (گرێبەر) هەڵسوو، ئەمجا لە تەکیەوە خۆی مت کرد..

(گرێبەر) هۆشی هیچی نەبوو، هەستی بەهیچ نەکرد.

---

١- کارگێڕی خۆجیی: الادارة المحلية.

٢- پلیکانەکەی یاقوب: مەبەست لە (یەعقوب) پێغەمبەرە، [یەعقوب «د.خ» لە (بئر السبع) دەردەچێت و ڕوو دەکاتە (حاران) لە ڕێ شەوی بەسەردا دادێت، لە لایەک لەو دەشتە، هەندێ بەرد دەخاتە ژێر سەری و خەوی لێدەکەوێت و خەون بەپلیکانەیەکەوە دەبینێ بناغەی لە زەمیندایە و سەریشی لە ئاسمان، فریشتەکان بەپلیکانەکەدا دەهاتن و دەچوون... هتد)].

(سەربووردەی دروست- سفر التكوين)



8

ڕۆژ بۆوە..

چاوی کردەوە، ماوەیەکی خایاند تا زانیی لە کوێیە.. بەو جۆرە خەوتنانە ڕاهاتبوو، پشتی نا بە پلەیەکی پلیکانە ڕووخاوەکەوە، هەردوو لاقی درێژ کرد، خەو بەری نەدابوو.

پشیلەکە لەبن بانیۆ شکاوێکدا، بەبێ خەم خەریکی خۆی بوو، دەموچاوی دەشوشت..

تەماشای کاتژمێرەکەی کرد، زوو بوو، فەرمانبەرانی کارگێڕی خۆجێیی هێشتا لەجێدا بوون، بەگیانو جەستەیەکی قورس و داهێزراوەوە هەستایە سەرپێی، هەستی کرد هەموو گیانی تێکشکاوە، چومگە و ماسوولکەکانی ڕەق هەڵگەڕابوون، نواڕییە بەری هەردوو دەستتی، ڕەش و چەپەڵ، پڕ زام و تلۆق بوون..

باراناو بوو یان ئاوی ئاگر کوژێنەرەکان، بڕێ ئاو لە بنی بانیۆکەدا کۆببۆوە، لەڕووی ئاوەکەدا نواڕییە دەموچاوی، گرژو ماندوو، شپرزەو شێواو داکەوتبوو، پارچە سابوونێکی لە توربەکەی دەرهێنا، دەمووچاوی پاکژ کردەوە، ئاوەکە لە بانیۆکەدا ڕەش داگەڕا، زامەکانی دەستتی هرووژانەوە، خوێنیان لێدەهات، هەردوو دەستتی بڵند کردەوە، ڕایتەکاندن وشکی دەکردنەوە، لە قەیافەتی وردبۆوە، پانتۆڵەکەی لە چەند لاوە دڕابوو، چاکەتەکەشی بەجارێک چەپەڵ ببوو، دەستەسڕەکەی تەڕ کرد، چەند پەڵەیەکی سڕی، لەوە زیاتر هیچ دەستەڵاتێکی دیکەی نەبوو.

نانی پێبوو، هەندێ قاوەیش لە مەتارەکەیدا مابوو، بەرچایی پێ کردنەوە، هەستی دەکرد گەرووی بەیەکدا نووساوە، گەرووی یەکێک بوو بەدرێژایی شەو هاواری کردبێ..

پشیلەکە بەدەم یەک دوو میاوەوە لێی هاتە پێشەوە، پارچەیەک نانی بۆ هەڵدا، بەترسەوە دەمی بۆ برد، ئەمجا قەپی پیا کرد و بردییە پەنایەک.. لەوێ بەدڵنیایی کەوتە خواردنی، پشیلەیەکی موو ڕەشی پەل و چنگ سپی بوو..

شووشەی شکاو لە هەموو لایەکەوە بریسکەی دەهات، خۆر بڵندتر بۆوە، توربەکەی دا بەکۆڵیاو هاتە سەر شەقامەکە.. ڕیزێک چاڵی ڕەش سەرتاسەری شەقامەکەی گرتبۆوە، لەجێی ڕیزێک ددانی هەڵکێشراو دەچوون..! کاتێدراکەی لێ دەرکەوت، گومەزە سەوزەکەی و بانی گشت خانووەکانی دەوروبەری ڕما بوون، لە کەلاکی دایناسۆرێک دەچوو، مێروویەکی زۆری تێوە ئاڵا بێ، چاوی بە چاودێرەکە کەوتەوە، لەناو دەرگای خانووەکەی تەنها ڕووکارەکەی مابوو، هاتە دەرەوە.. لە تارمایی جنۆکەیەکی چەقاوەسووی نێو ئەو کەلاوە وێرانانە دەچوو، جنۆکەیەک بوو هەموو ئەو دیمەنانەی بەلاوە ئاسایی بوون، ئەو هەموو وێرانکارییەی گشت لایەکی گرتبۆوە، باوێک بوون بەلایەوە، وەک هەموو مۆدەو باوێکی تر.

لە دوورەوە دەستتی بۆ (گرێبەر) ڕاوەشاند، بانگی دەکرد.. دوو دڵ بوو، ئەفسەرەکەی هاتەوە یاد کە بەشێتی دایە قەڵەم.. پشتی تێکرد، چاودێرەکە قەپۆزی تورت کردەوە، ددانەکانیشی جیڕ بوونەوە.. تووڕە بوو:

- هێی تۆ.. بۆ هاتوویتە ئێرە؟! بۆ دزی؟ نازانیت قەدەغەیە.. (لەسەری ڕۆیشت، هەر بۆڵەی

دەهات).

چارەی نەما هەر دەبوو وەڵامی بداتەوە:

– ئەریّ تۆ بۆ بەرۆکم بەرنادەیت؟ ئەم زۆر بلّێیەت لە چییە.. ئەگەر شتێک دەربارەی دایک و باوکم دەزانیت پێم بلّێ.. (پاولّ) و (ماریا) گرێبەریان ناوە.. دانیشتوانی ئەم گەڕەکەن..

پیاوەکە ڕوخساری باریک و ڕیشنی لە (گرێبەر) نزیک کردەوە:

– ئەە.. خۆ ئەمە سەربازە جوامێرەکەیە دوێنێ لە بەرەی جەنگ گەڕایەوە.. گوێ بگرە کوڕە.. زۆر شوورەییە بۆ پیاوێکی وەکو تۆ ئاوەها بگری و بکڕووزێیتەوە.. بۆ لە تۆ وایە تەنها خۆشەویستانی تۆ لەناوچوون.. (باری ئاخاوتنەکەی گۆڕی).. بنواڕە تەماشای ئەوێ بکە.. دەزانیت ئەوە چییە؟ (دەستتی بۆ ڕووکاری خانووەکە ڕاکێشا).

– کامە.. کوێ؟

– ئەوێ، ئەو دەرگایە، چاوت لێیە؟.. لەتۆ وایە ئەو کاغەزانەی بۆ جوانی پیادا هەڵواسراون؟

(گرێبەر) هیچی نەگوت، نواڕییە دەرگاکە، بەدەم باوە دیلانێی دەکرد، لێی ورد بۆوە، دەیان پارچە کاغەزی هەمە ڕەنگە و جۆراو جۆری پیادا هەڵواسرابوو.. بەپەلە ڕووی کردە ئەوێ..

گشتی نامەو پەیام و ناونیشانی کەسوکاری بزرەکان بوون، بەجۆرەها خامە و جۆرەها ڕەنگ نووسرابوون، هەندێکیش نامەکانیان ڕاستەوخۆ لەسەر دەرگاکە تۆمار کردبوو.. بەڵام زۆربەی زۆریان لەسەر کاغەز و پارچە مقەبا نووسرابوون، بەدەرزی بەچەسپ هەرچییەکیان چنگ کەوتبوو، بۆ هەڵواسینی نامەکان بەکاریان هێنابوو- (هاینریش) خۆت و (جۆرج) بچنە لای مامە (هیرمان)، (ئیرما) مرد -(دایکتان).

پەیامێکی دیکە لەسەر پارچە مقەبایەکی قوتویەکی پێڵاو نووسرابوو..

(لە ڕاهی خودا، کێ شتێک دەربارەی -برونهێڵدا شمیدت- دەزانێ با دانیشتوانی خانەی ژمارە چواری شەقامی تیرنگ ئاگادار بکاتەوە) هەر لە تەنیشت ئەم پەیامەوە نامەیەکی دی لەسەر کارتێکی پۆستە نووسرابوو («بنگن» لە -هاستە- لە قوتابخانە سەرەتاییەکەی ئەوی جێنشین بووە) لە دامێنی ئەم نامەیەشەوە نامەیەکی دیکە بەخامەی پاستیل لەسەر دەستماڵێکی تەنکی کاغەزین نووسرابوو (ماری–تۆ لەکوێیت؟).. هیچ ئیمزا و ناوێکی لەسەر نەبوو!

(گرێبەر) ڕاست بۆوە، چاودێرەکە پرسیاری لێکرد:

– ها، هیچیان پەیوەندییان پێتەوە نییە؟

– نەء، کەسوکارم بەتەمای گەڕانەوەم نەبوون.

شێتەکە وەک پێکەنینی بەشتێک بێت، دەمی لار کردەوە و وتی:

– کەس هیچ دەربارەی کەس نازانێت! مەرگیش ئەوانە هەڵدەبژێرێ کە چاکن، مرۆی خوێڕی تووشی هیچ نابێت.. وانییە؟.. دەی تۆش وەرە ڕیزەوە، شتێک لەم لیستی پەژارانەدا تۆمار بکە..

(ماسوولکەکانی دەموچاوی خاوبوونەوە، چەناگەی شۆڕ بۆوە، دەم و لچیشی هاتنە لەرزین، شێوەی



مرۆیەکی ڕووخاوی دڵ پڕ لە پەژارەی تێدا دەرکەوت.. (گرێبەر) چاوی بەو ناوەدا گێڕا، لەدووی شتێک دەگەڕا، ئەمیش نامەی خۆی لەسەر تۆمار بکات، وێنەیەکی هیتلەری لە چوارچێوەیەکی هەڵتەکاودا لەناو داروبەردە داڕووخاوەکاندا دییەوە.. پارچەیەکی لە وێنەکە کردەوە.. خامەکەی توند بەدوو پەنجەی دەگوشی، بیری دەکردەوە، نەیدەزانی چی بنووسێ، پاشان بەپیتی گەورە و وشەی لە یەک جودا کەوتە نووسین.. (چاوەڕوانی هەواڵی پاولّ و مارییا گرێبەرم، من بەسەردان گەڕاومەتەوە- ئەرنەست..)

چاودێرەکە لە پشتیەوە وەستا بوو، بەپەنا گوێی (گرێبەر) دای چپاند:

– تاوانت کرد.

داچلّەکی، چپەیەکی سارد و وشک بوو، کەللەی تەزاند:

– چی؟!

– وێنەی هیتلەرت دڕاند!

– خۆی دڕابوو، لەناو ئەو قوڕ و چلّپاوەدا کەوتبوو.. بەسە ئیتر، کۆتایی بەم قسە هەلەقو مەلەقانەت بێنە و بەبێ ئاشووب لێم گەڕێ..

هیچی پێ نەبوو نامەکەی پێ هەڵواسێ، ناچار دوو دەرزیی لە نامەی دایکەکە کردەوە و نامەکەی خۆی پێ چەسپ کردن.. دڵی تەنگ بوو، ویژدانی بەو کردەوەیەی سەغڵەت بوو، هەستی دەکرد چەپکێ گوڵی لەسەر گۆڕێک دزیوە.. چاری نەبوو، ئەو دەرزییانەش کە بەنامەی دایکەکەوە مابوون ڕۆڵی خۆیان دەبینی.. چاودێرەکە لە ژوور شانی گرێبەرەوە تەماشای نامەکەی دەکرد، لەپڕێکا وەک فەرماندەکان گیڤ بۆوە:

– تەواو؟.. لێبوویتەوە؟ کەواتە درووود بۆ سەرکەوتن، درووود بۆ مردووان! غەم قەدەغەیە، ڕەش پۆشین قەدەغەیە، لە ورەی جەنگاوەران کەم دەکەنەوە، هەتا ماویت شانازی بەتوانای خۆبەخت کردنتەوە بکە!.. هەی سەگە خوێڕییەکان ئەگەر ئەرکەکانتان بەرێکو پێکی ئەنجام بدایە هەرگیز بەم حاڵە نەدەگەیشتین..

لەجێی خۆیدا لەسەر لاقێکی خولایەوە، پشتی کردە (گرێبەر) بەلۆقە درێژە باریکەکانی دوورکەوتەوە..

(گرێبەر) بەرێکەوت ناونیشانێکی لەسەر دەرگاکە بەدی کرد، ناونیشانی نوێی خێزانی (لۆزە)ی کۆنە هاوسێیان بوو، خێرا لای خۆی تۆماری کرد..

پاشماوەی وێنە دڕاوەکەی هیتلەری لە چوارچێوەکە کردەوە، نامەکەی جارێکی دی کۆپی کردەوە، ئەمیشی لەجێیەکی دیاردا لە کەلاوەکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان ماڵی باوکی بوو دانا، بەم شێوەیە دوو هەلی بۆ دیتنەوەی نامەکەی ڕەخساند..

چاوێکی بەو ناوەدا گێڕایەوە، هیچی دیکەی بەبیردا نەهات بیکات، ماوەیەک بەدیار ماڵە وێرانەکەیانەوە وەستا، زۆر بەکەساسی بیری دەکردەوە.. ئاخۆ ئەو تەپکە دار و بەردە داڕووخاوە ئێستاکە گۆڕی دایک و باوکی نەبێ؟

کورسییەکەی بەقەدیفەیەکی سوور تێگیرابوو، لەبەر تیشکی خۆری ئەو بەیانە وەک ئاگری

تێبەربووبێ، ورشەی دەهات..

درەختێکی شابەڕوو[1] لەڕۆخی شەقامەکەدا، نەسووتابوو، بریقەیەکی نەرم لە گەڵا کەسکە گەش و خاوێنەکانیەوە دەهات، پڕی هێلانە چۆلەکە بوو، فڕکەیان دەهات و دەیانجریوان.. تەماشای کاتژمێرەکەی کردەوە.. کاتی ئەوە هاتبوو بەرەو کارگێڕی خۆجیی بکەوێتە ڕێ..

***

کاروباری بزربووەکانیان لە پەنجەرەیەکەوە بەڕێ دەکرد، بەپەلە لە دار و تەختەیەکی تەڕ دروستکرابوو، هێشتا بۆیاخ نەکرابوو، بۆی بێشە و دارستانەکانی لێدەهات. بانی ژوورەکە، لایەکی تەپیبوو، هەنێ دارتاش لەناوەوە زرمە و تەقەیان دەهات، خەریکی پینەوپەڕۆ کردن بوون..

پیاوێک و دوو خانم لەودیو مێزێکی نووسینی درێژکۆڵەوە لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشتبوون، پیاوەکە قۆڵێکی نەمابوو.. خانمێکیان بە(گرێبەر)ی وت:

– ناویان چییە؟ (خانمێکی دەموچاو پان بوو، پرچی لەدواوە بەبافتەیەکی پان بەستبوو).

– گرێبەر، (پاول و مارییا گرێبەر) باوکم فەرمانبەری باجگرییە[2]، دانیشتوانی شەقامی (هاکن)ن ژمارە (١٨).

– چۆن؟ (ئافرەتەکە دەستتی نابووە پەنا گوێیەوە، تەقەتەقی دارتاشەکان نەیدەهێشت لە «گرێبەر» حاڵی ببێ.. «گرێبەر» ناوەکانی بەدەنگێکی بەرزتر دووبارە کردەوە، خانمەکە کەوتە پشکنینی لیستەکەی بەر دەستتی، پەنجەی بەخێرایی بەناوەکاندا دەهێنا، لەپڕێکا لە هێڵێکدا گیرسایەوە:).. «گرێبەر» بەڵێ، بەڵێ.. ناوی یەکەمیان چی بوو؟

– پاوڵ و مارییا.

– کێ؟

– پاوڵ و مارییا.

پەست ببوو، هەستی دەکرد هێندەی نەماوە بەگژ خانمەکەدا بچێ، چیدی وەکو جاڕچییان لە وزەیدا نەماوە جاڕی کارەساتەکەی بدات و بداتەوە.

– تەنها ناوی (ئەرنەست)مان لایە.. ئەرنەست گرێبەر.

– من ئەرنەستم، لە خێزانەکەماندا تەنها من ناوم ئەرنەستە.

– شتی وانابێ..! ناکرێ تۆ بیت.. تەنها ئەو ناوەمان لایە (خانمەکە چاوی تێبڕیبوو، بەخەندەیەکەوە تەماشای دەکرد).. پاش چەند ڕۆژێکی دیکە سەرمان لێ بدەوە، هێشتا زۆربەی لیستەکانمان پێ نەگەیشتووە (چاوی بڕییەوە لیستەکانی بەر دەستتی).. نۆرەی کێیە با بێتە پێشەوە..

(گرێبەر) بەر پەنجەرەکەی بەرنەدا:

– لەکوێی دیکە دەتوانم پرسیار بکەم؟

خانمەکە بافتە سوورەکەی سەری ڕاستکردەوە:

– دەتوانیت بچیت لە کارگێڕی ئامارنووسی[3] پرسیار بکەیت.. تکایە نۆرەی کێیە؟



سیخورمەیەکیان لە کەلەکەی دا، ئاوڕی دایەوە، پیرەژنێکی تووڕەی کەم سەبر مۆڕەی لێدەکرد، نواڕییە دەستوپەنجەکانی، لە چنگ و چەمۆڵەی مەلێکی گۆشت خۆر دەچوون، بەبێ ورتە بەر پەنجەرەکەی بەردا، لەلایەکەوە وچانێکی دا، بە ماتی و کزی کەوتەوە بیرکردنەوە، نەگەیشتە هیچ، توانای باوەڕهێنانی بەوە نەبوو کە دایک و باوکی هیچ هەواڵێکیان نییە.. خەمەکانی لەو جۆرانە بوون کە لە کۆستێکی گەورەوە بەرپا دەبن..

هەنگاوی نا دوور بکەوێتەوە، فەرمانبەرە بێ قۆڵەکە ملی لە پەنجەرەکەوە بۆ درێژ کرد، هیوایەکی پێدا:

– دەبێ شادبیت بەوەی ناوی دایک و باوکت لە لیستەکەدا نییە..

– بۆچی؟!

– ئەم لیستانە تەنها ناوی مردووەکانیان تێدا تۆمارکراوە، ئەوانەی ناویان نییە بزرن.

– ئەی ناوی بزرەکان لای کێیە؟

فەرمانبەرەکە بە ئاکار و نەریتی مرۆیەک کە ڕۆژی هەشت سەعات بە کێشە و گرفتی کەسانی دیکەوە ماندوو دەبێت و هیچی لە دەستەڵاتدا نییە، نواڕییە (گرێبەر).. وتی:

– هۆشمەند بە کابرا، بزرەکان لەبەر ئەوەی بزرن ناویان لە لیستیشدا تۆمار بکرێ هیچ لە بارەکە ناگۆڕێت، نازانین چییان بەسەرهاتووە، بمانزانیبایە بەبزرمان دانەئەنان.. ئەی وانییە..؟

(گرێبەر) جووتێ چاوی زەقی تێبڕیبوو، پیاوەکە لە خۆی قایل بوو، سەری دەلەقاند، دیار بوو شانازیی بەو بیروبۆچونانەیەوە دەکرد.. نە بیر، نە بیرسا، نە عەقڵ و نە هۆش، هیچیان لە زیان و ئازارەکانی کەم نەدەکردەوە، بەجارێ دڵتەنگ و زویر بوو، نەیدەزانی چۆن وەڵامی ئەو فەرمانبەرە بێ قۆڵە بداتەوە؟ چی بە مرۆیەکی کەم ئەندام بڵێ.. وتی:

– لەوانەیە وابێ.

ئەمجا بەهۆشێکی پەڕەوازە و دڵێکی پەشێوەوە لەو ناوە دوورکەوتەوە..

***

کارگێڕی ئامارنووسی دانیشتوانی شارەکە لە شوێنەکەی جارانی نەمابوو، ئەمانیش گواستبوویانەوە ئەو ساختمانەی کە ئەنجوومەنی شارەوانی تێدا بوو.. شوێنەکە پڕ بۆنی باروووت و گۆگەرد بوو، پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، گەیشتە لای خانمێکی تووڕەی چاویلکە لە چاو، هەر ئەوەندەی چاوی بە (گرێبەر) کەوت، کەوتە بۆڵە بۆڵ و بێزاری دەربڕین:

– نازانم.. هیچ شتێک لەجێی خۆیدا نەماوە، هەمووی شێواوە، زۆربەی کارتەکان بزر بوون، ئەوەیش کە ماوە بە ئاوی ئاگر کوژێنەرە گەوجەکان خوساوە!

ئاوەڵ ئەفسەرێکی لە تەنیشتەوە بوو، هەڵی دایێ:

– کەم تەرخەمییە، دەبوایە کەلوپەلەکانتان لە شوێنێکی پارێزراودا هەڵبگرتایە.

– چۆن؟.. بۆ شوێنی وا ماوە؟!، ئەگەر شوێنێکی وا شارەزایت نیشانمان بدە.. گوناهی من نییە، خۆ

من بەرپرسی شارەکە نیم هەتا ئەم جۆرە ڕەخنانەم لێ بگرن.. (بەکەساسییەکەوە ئاوڕی لە تەپکەیەک کاغەزی شپرزە دایەوە..) لە کەڵک کەوتوون گشتی تێکچووە، دەزانن ئەمە مانای چی؟.. مانای ئەوەیە هەر کەسێک ئارەزووی لێبێ دەتوانی ناو و تەمەن و ناونیشان و پیشەی خۆی بگۆڕێ، ئەی وانییە؟

ئاوەڵ ئەفسەرەکە تفێکی کرد، بە (گرێبەر)ی وت:

– بێ سوودە برادەر، بابڕۆین، وا دیارە گشتی تێکچووە!

لە دەرەوە لەسەر پلیکانە پانەکانی بەر ساختمانەکە وەستا بوون، زۆربەی خانووبەرەکانی ئەو دەوروبەرە سووتابوون.. پەیکەرێکی بەسمارک(٤) لە چەقی گۆڕەپانەکەدا بوو.. تەنها لە ئەژنۆ بەرەو خواریّ مابوو..

پۆلێک کۆتری سپی بەدەوری یەکێ لە قولەکانی کڵێسەی ماریبیا دەخولانەوە، ئاوەڵ ئەفسەرەکە وتی:

– هەی بە نەحلەت بن هەی.. تۆ بۆ هەواڵی چ کەسێکت هاتبوویت؟

– دایک و باوکم بزرن، نازانم چییان بەسەر هاتووە؟

– منیش هاوسەرەکەم دیار نییە، ئاگادارم نەکردبوو کە دێمەوە، بە تەما بووم لەناکاودا خۆم بکەمەوە بە ماڵا.

– منیش لەو باوەڕەدا نەبووم ڕێم ئەدەن بگەڕێمەوە، بۆیە هیچم دەربارەی مۆڵەتەکەم بۆ دایک و باوکم نەنووسی.

– باشە ئێستا بەتەمای چیت؟ نیازت چییە؟

(گرێبەر) چاوی بڕیبووە گۆڕەپانی بازاڕە سووتاوەکە، ساڵی **١٩٣٣** ناوی گۆڕەپانی هیتلەریان لێ نا، پێشتر، بەر لە جەنگی یەکەمی دۆڕاویان ناوی گۆڕەپانی (ئیبەرت) بوو، بەر لەوەیش ناوی گۆڕەپانی (فیلهیلم)(٥) بوو.. سەرەتاش کە دروست کرا بە گۆڕەپانی (بازاڕ) ناسرا، بە هاوەڵەکەی گوت:

– تێناگەم، مرۆڤ چۆن وا بەئاسانی بزر دەبێ؟ نابێ شتی وا ڕوو بدات..

– نابێ؟ (پەست بوو، لە هەمان کاتیشدا دەیویست دڵی «گرێبەر» ڕاگری).. هاوڕێ ئازیزەکەم، با سەرت پتر بیەشێنم.. پێنج ڕۆژە لە سپێدەی بەیانەوە هەتاوەکو خۆرئاوا، سۆراخ دەکەم و دەستووڕێمەوە، لەدووی هاوسەرەکەم دەگەڕێم، وەک بە تەلیسمێک بزر بووبێت، ناو و باسی لەسەر ڕووی ئەم زەمینە نەماوە.

– مانای چی، هەر دەبێ لەلایەک بێ.

– نییە، هەزاران وەکو ئەو بزرن، خەڵکێکی زۆریان ڕەوانەی ئۆردوگاکانی ئاوارەکان کردووە، زۆریش پەنایان بردۆتە شارۆچکە و گوندەکان، دەزگاکانی پۆست و تەلەگرافیش لە کار کەوتوون.. جا وەرە لە گوزەرانی وادا کەسوکارە بزرەکانت بدۆزەوە..

شتێک کەوتە کەللەی (گرێبەر)ەوە.. (گوندەکان..! بۆ ئەوێم بەبیردا نەهات، بێگومان لە یەکێ لەو گوندانەن، ئەوێ وەکو شارەکان بۆمباباران ناکرێن، بەڵێ لەوێن.. دەبێ لەوێ بن):

– بەڵێ لەوێن، لە یەکێ لەو گوندانەی دەوروبەری شارن.



– جا وا لەوێیش بوون.. ئیتر لەتۆ وایە دۆزراونەتەوە؟ یان بارەکەت ئاسانتر بووە؟ ئەم شارە خواگرتووە بیست و چوار گوندی لە دەورە، بەر لەوەی نیوەیان بگەڕێیت ماوەی مۆڵەتەکەت فت، تەواو دەبێت.. تێگەیشتیت؟

ئەمەی دەزانی، بەڵام بۆچوونەکەی نەگۆڕی، ئەوەی ئەم گەرەکی بوو، مانی دایک و باوکی بوو، ئیتر لە هەر کوێیەک بن گرنگ نەبوو بەلایەوە.

ئاوەڵ ئەفسەرەکە وتی:

– هاوڕێ ئازیزەکەم، پیاو لە گوزەرانی وادا دەبێ ژیرانە و بەهێمنی بیر بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو ماوە کورتەی بۆی ڕەخساوە بەفیڕۆ نەدات.. جا ئەوساش بۆخۆی شێتیش دەبێ، وا چاکە بەرنامەیەکی هەبێ، بەگوێرەی بجووڵێتەوە.. جا پێم بڵێ، بەر لە هەموو شتێک بەتەمایت چی بکەیت؟

– نازانم، وا هاتووە بەبیرما بچمە لای هەندێک لە ناسیاوانمان پرسیاریان لێ بکەم.

– ناگەیتە هیچ، وەڵامت نادەنەوە.. ناوێرن! بەخۆم ئەمەم تاقی کردۆتەوە، بەڵام هەوڵێکیش هەر بدە (بیری کردەوە).. گوێم لێ بگرە، من و تۆ دەتوانین لەم ڕووەوە یارمەتی یەکتری بدەین، هەر یەکێکمان بەدەم سۆراخ کردنی کەسەکەی خۆی، پرسیاری کەسەکەی ئەوی ترمان بکات.. چۆن تەگبیرێکە؟

– وا دەکەین..

– چاکە، من ناوم (بووتشەر)ە، ژنەکەشم ناوی (ئیلما)یە.

(گرێبەر) ناوەکانی لای خۆی تۆمار کرد، ناوی دایک و باوکیشی بۆ (بووتشەر) نووسی، (بووتشەر) ناوەکانی بە بایەخ پێدانێکی زۆرەوە خوێندەوە، ئەمجا پارچە کاغەزەکەی نایە باخەڵیەوە..

– (گرێبەر)..؟ بەشەو لە کوێ دەخەویت؟

– نازانم، دەبێ جێگەیەک بدۆزمەوە.

– لە قشڵە کۆنەکە جێ هەیە، لەوێ جێیان بۆ سەربازە بێدەرەکان تەرخان کردووە، بچۆ ناوی خۆت تۆمار بکە با جێگەیەکت پێ بدەن.. بەڕاست بۆ ئەوێ نەچوویت؟

– نەء.

– بچۆ، هەوڵیش بدە لە قاوشی ژمارە (٤٨) جێگەت دەستکەوێ، قاوشی نەخۆش و زامارەکانە، خواردنەکەی ئەوێ چاکە، منیش لەوێم (کاغەزە جگەرەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا، بڕێ لێی ورد بۆوە و ئەمجا نایەوە گیرفانی) نیازم وایە ئەمڕۆ بچمە نەخۆشخانەکان لەوێ پرسیار بکەم.. با ئەم ئێوارەیەش لە شوێنێک یەک بگرینەوە نەوەکو یەکێکمان هەواڵێکی نوێی بزربووەکانمان ببیستێ.. بۆ ئەوەی یەکتری ئاگادار بکەینەوە.

– زۆر باشە.. لەکوێ یەک بگرینەوە، لێرە؟

(بووتشەر) سەرێکی ڕەزامەندی بۆ لەقاند، ئەمجا نواڕییە ئاسمان، بەدەنگێکی غەمناکەوە وتی:

– بنواڕە شینایی ئاسمان، بەهارە و پێنج شەش شەوە لەگەڵ دوازدە سەربازی یەدەگی کۆڵەوار ڕۆژ دەکەمەوە.. خانمی وەکو (ئێلما) نییە، قەڵەو، پانوپۆڕ و تێکسمڕاو، بەو تەریزە و هەنگڵەیەوە هەر لە

ئەسپی عەرەبانەی بیرە گواستنەوە دەچێت!

***

یەکەم و دووەم خانوو لە پێشە سەری شەقامی (گارتن) بەر بۆمبا کەوتبوون، ئاوەدان نەبوون، خانووی سێهەم تا ڕادەیەک ساغ بوو، زیانێکی ئەوتۆی پێ نەگەیشتبوو، نهۆمی سەرەوەی سووتا بوو.. ماڵی (شیگلەر)ی کۆنە ناسیاویان لەوێ بوو بە پلیکانەکەدا سەرکەوت، ژمارەیەک سەتڵیان بەڕیز لەسەر پلەکان دانا بوو، هەندێکیان ئاو و ئەوانی دیکە پڕ لم کرابوون، لە ژوور سەتڵەکانەوە ئامۆژگاری بەکارهێنانیان بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو..

پەنجەی بە زەنگی دەرگاکەدا نا.. سەری سوڕما! بەتەمای زرنگدانەوەی نەبوو!.. درزێک کەوتە دەرگاکەوە، ڕوخساری پیرەژنێکی لێ دەرکەوت.

– خاتوو شیگلەر من ئەرنەستم.. ئەرنەست گرێبەر.

– بەڵێ.. بەڵێ (پیرەژنەکە بەجووتێ چاوی زەقەوە لێی ورد دەبۆوە!) بەڵێ ئەرنەست، کوڕەکەی مارییا.. (ناو دەرگاکەی هەر بەرنەدا، ماوەیەک بەبێ دەنگ نواڕییە «گرێبەر»، پاشان بەدوودڵییەکەوە وتی).. فەرموو وەرە ژوورەوە.. (دەرگاکەی کردەوە، «گرێبەر» خۆی کرد بەژوورا، خاتوو شیگلەر هەر زوو دەرگاکەی جووت کردەوە، سوورگییەکەی توند قایم کردەوە و خێرا پێش (گرێبەر) کەوت.. (دەنگە پیرە لەرزۆکەکەی بەرز کردەوە..)..

– ئەرنەستە، کوڕەکەی مارییا و پاوڵ گرێبەر..

ناو فەرشی ژوورەکە بریقەی دەهات، لەدار بوو بەڕۆنێکی تایبەت سووا بوو، بۆنی دەهات، ڕۆخی پەنجەرەکە چەند مەرکانە گوڵێکی لەسەر ڕیزکرابوو، ڕووەکێکی گەڵا زەرد سەرنجی ڕاکێشا، گەڵاکانی هێندە تەڕ و بڕ و ناسک بوون وەک ئەوانیش بەڕۆن سڕابن بریقەیان دەهات..

تابلۆیەکی چنراو لەژوور قەنەفەیەکەوە بەدیوارەکەوە هەڵواسراو بوو، پەندێک بوو لە شێوەی خاچێک چنرابوو.. خوێندیەوە (ئاگردانەکەی خۆت بەقورسایی خۆی زێڕ دێنێ..).

(شیگلەر) لە ژووری خەوتنەکەوە دەرکەوت، خەندەیەکی شپرزە بەدەم و لێویەوە بوو، خەندەکە پشێویی نەشاردبۆوە، وتی:

– پیاو نازانێ کێ لە دەرگای ئەدات؟ نەمزانی تۆیت.. بەسەردان هاتوویتەوە؟

– بەڵێ، دوێنێ گەیشتم، ڕوانیم ماڵەکەمان کاوڵ بووە، دایک و باوکم بزرن.. نازانم.

خاتوو (شیگلەر) باسەکەی پێ بڕی:

– ئەو توربەیە لە شانت داگرە، هەر ئێستا قاوەت بۆ دێنم، نەختێک قاوەی جۆمان(٦) ماوە..

توربەکەی لە تەک دەرگاکەوە دانا.

– وەکو دەمبینن، هەموو گیانم قوڕاوییە، ئێوەش هەموو شتێکتان خاوێنە، دەمێکە جێوڕێی وەکو ئێرەم نەدیوە..

– گوێی مەدەرێ، وەرە ئێرە، لەسەر ئەم قەنەفەیە دانیشە..



خاتوو (شیگلەر) چووە چێشتخانەکە، (شیگلەر) لە «گرێبەر» ورد دەبۆوە، یەک دوو هەناسەی قووڵی هەڵمژی..).

– هیچ هەواڵێکی دایک و باوکم نازانم؟ نازانم چییان بەسەر هاتووە؟

(شیگلەر) سەری بۆ دەلەقاند، ژنەکەی لەناو دەرگای چێشتخانەکەوە دەنگی هەڵبڕی:

– دەمێکە لە ماڵ دەرناچین ئەرنەست، ئاگاداری هیچ نین..

– ئەڵێم بەشکەم لەجێیەک، لەلایەک، بەڕێکەوت چاوتان پێیان کەوتبێت!

– دواجار کە چاومان پێیان کەوت، شەش مانگ لەمەوبەر بوو، ئەوسا.. (خاتوو شیگلەر ڕستەکەی تەواو نەکرد).

– ئەوسا چی؟ چی ڕوویدا؟.. چۆن بوون؟

– باش بوون، بەتایبەتی باوکت، بەڵام ئەوسا ئێستا نییە.. شارەکەت دی چۆن کاوڵ بووە؟

– بەڵێ تا لەبەرەیش بووین جار جارێک هەواڵمان پێدەگەیشت کە چەند شارێکمان بۆمباباران کراون.. بەڵام قەت لەو باوەڕەدا نەبووین بەم شێوەیە بێت!

هیچیان نەگوت، تەنانەت تەماشاشیان نەدەکرد، پاشان (شیگلەر) وتی:

– قاوەکە ئامادەیە، قومێکی لێدەخۆیتەوە، وا نییە؟ قاوەی گەرم هەموو کات تاسووقە..

جووتێک کووپی مۆری گوڵداری لەسەر مێزەکە دانا، ماڵی باوکیشی تاقمێکیان لەو بابەتە هەبوو، باو بوون.. ئاخ و ئۆخەکەی (شیگلەر) هەر بەردەوام بوو:

– بەبیری ئێوە لەکوێ بن؟

– لەلایەک هەر هەن (ڕووی کردە ژنەکەی).. لە بسکویتەکەی (ئیفریش) بۆی هێناین، هیچمان ماوە؟ هەندێکی بۆ (گرێبەر) لێ بهێنە..

– ئیفریش چۆنە؟

– ئیفریش؟ (خۆی لە کورسییەکەدا گرمۆڵە کرد) چاکە.. پاشە.

پیرەژنەکە قاوەکەی هێنا، قوتوویەکی گەورەشیان لەگەڵدا بوو، لەسەر مێزەکەی دانان، بسکویتێکی هۆڵاندی بوو، قوتووەکە ئەوەندەی تێدا نەمابوو.. بیری کردەوە.. (ئەمیش جاران لەم بابەتانەی دەهێنایەوە، لە فەرەنساوە گەلێ شتی هێنایەوە).. خاتوو (شیگلەر) زۆری لێکرد، دانەیەکی لێ هەڵگرت، بەچینێک شەکری ڕەنگکراو داپۆشرابوو، کۆن بوو.. خۆیان هیچیان هەڵنەگرت، قاوەشیان نەخواردەوە، (شیگلەر) زوو زوو بەسەری پەنجەکانی لە ڕۆخی مێزەکەی ئەدا، خاتوو (شیگلەر) وتی:

– دانەیەکی دی بخۆ، هیچی دیکەمان نییە پێشکەشتی بکەین، بسکویتێکی بەتامە..

– سوپاستان دەکەم، بەر لە هاتنم نانم خوارد..

(گرێبەر) گەیشتە ئەو باوەڕەی کە هیچ هەواڵێکی بەسوودیان لێ نابیستێ، لەدڵی خۆیدا دەیگوت.. (لەوانەیشە ئاگاداری هیچ نەبن، بۆیە هیچ ناڵێن..) هەستایە سەر پێی:

– بەڕای ئێوە هەواڵیان لای کێ بپرسم؟

– نازانین، ئێمە ناچینە دەرەوە، هیچ نازانین، بمانبەخشە ئەرنەست، ئیتر ڕاستییەکە ئەوەیە کە پێمان گوتیت.

– ڕاستتان فەرموو، سوپاستان ئەکەم..

(شیگلەر) پرسیاری لێکرد:

– بەشەو لە کوێ دەخەویت؟

– شوێنێک هەر دەبێ، ئەگەر نەبوو لە قشڵە کۆنەکە جێی خۆم دەکەمەوە.

خاتوو (شیگلەر) وتی:

– داخەکەم جێمان نییە، جێمان زۆر تەنگە (نواڕییە مێردەکەی).. میری درێغی ناکات، هەمیشە خەمی سەربازەکانی دەخوات..

(گرێبەر) وەڵامی دایەوە:

– بێ گومان وایە، ڕاستت فەرموو..

(شیگلەر) لەگەڵ ژنەکەی بوو:

– داپیرە، با توربە قورسەکەی لێرە دابنێ.

(گرێبەر) چاوی لە چاوی پیرەژنەکە بوو، خێرا گوتی:

– بارێکی قورس نییە، ڕاهاتووم بەهەڵگرتنی.

قاپییەکەی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا، بەپلیکانەکەدا چووە خوارەوە.. (ئەم دووکەڵە بێ ئاگر نییە..!) شیگلەر و ژنەکەی لە شتێک دەترسان، نەیدەزانی چییە، لە ساڵی**١٩٣٣**وە گەلێکن ئەو شتانەی بوونەتە هۆی ترس و سڵەمینەوەی خەڵکی..

***

خێزانەکەی (لوزە)یش پەنایان بردبووە (یانەی هارمۆنی)، شوێنێکی جەنجاڵ بوو، بەڕەختی خەوتن و پڕوپیتی ناو ماڵ و جۆرەها کەلوپەلی دەربەدەری سیخناخ ببوو، کەرەستەیەکی ئاڵ و واڵای زۆری ڕازاندنەوەی ئاهەنگو بۆنەکانی نازی و دەیان پۆستەر و دروشمی خاچە چەماوەکە بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوون..

وێنەیەکی گەورەی هیتلەر لەلای ژوورووی هۆڵەکەدا بەناوەڕاستی دیوارەکەوە چەسپ کرابوو..

زۆربەی ئاوارەکان منداڵ و ئافرەت بوون، هەگبە و جانتا و بوخچەکانیان لەنێوان چەرپا و بەستەکە نوێنەکاندا فڕێ درابوون، قاپوقاچاخ و گەلێ کەرەستەی دیکەی خواردن ئامادەکردن لەو ناوەدا بڵاوببۆوە.. شوێنێکی شپرزە و سیخناخ بوو.. بەڵام هەمووشیان شارەزای جێو ڕێی خۆیان بوون..

خاتوو (لوزە) بەهۆشێکی پرشوبڵاوەوە لە چەقی هۆڵەکەدا دانیشتبوو، ژنێکی قەیرە و کەتەی قژ بژ بوو، بەجووتێ چاوی حۆل و ماندووەوە دەینواڕییە (گرێبەر):

– دایک و باوکت؟ (کەوتە گێژی بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە، پاش ماوەیەک بەدەنگێکی کز و



ماندووەوە وتی)..

– دایک و باوکت مردن ئەرنەست.

– چی؟!

– مردن.. نەمان، لەناوچوون.. لە مردن و لەناوچوون پتر چیدیکە هەیە؟

منداڵێک بەغار هات و خۆی بە (گرێبەر)دا دا، دەستێ جلوبەرگی ناگونجاویان کردبووە بەر.. پاڵێکی پێوەنا، ڕووی کردەوە ژنەکە:

– چۆن مردن؟ (هەستی دەکرد دەنگی دەرناچێت، گەرووی بەیەکدا نووساوە..) بەچاوی خۆت دیتن؟ چۆن، لە کوێ مردن؟

ژنەکە کەللەی ماندووی بادا:

– کەس هیچی نەدی ئەرنەست (ئەمجا وەکو لەگەڵ خۆی بێت) هەموو شتێک ئاگری تێبەر بوو، هاوار و زریکەی مناڵ.. (وشەکانی بوونە چپە، چپەکانیش کوژانەوە، ژنەکە کپ دامرکایەوە، شەکەت و ماندوو هەردوو دەستتی نایە سەر سینگی و هەردوو چاوی بڕییە شتێکی نادیار، هۆشی تەرە بوو).

(گرێبەر) ساکا بوو، دەیویست خاتوو (لوزە) بهێنێتەوە هۆش خۆی:

– خانم.. خاتوو لوزە؟ تکات لێدەکەم بیربکەوە، دایک و باوکمت کەی دی، چۆن دەزانی نەماون؟

ژنەکە بەنیگایەکی گێژەوە تەماشای کرد، کەوتەوە ورتە ورت!

– (لینا)ش مرد.. (ئۆگەست)یش، دێنەوە یادت وانییە؟

وێنەیەکی لێڵ و ژاکاوی ئەو دوو منداڵەی هاتەوە بەرچاو، زۆریان حەز لە نان و هەنگوین بوو.. زۆری لەخۆی کرد دەست نەداتە یەخەی ئەو دایکە جەرگ سووتاوە..

– تکات لێدەکەم خانم، حاڵیم کە دایک و باوکم چۆن نەمان، تۆ بەچاوی خۆت دیتن؟

ژنەکە هەروەکو گوێی لێ نەبێت، بەدەم خۆیەوە دەیگوت:

– (لینا)م نەدی، ڕێیان نەدام، هیچی لێ نەمابۆوە! (هەردوو مشتی لە یەک نزیک کردەوە) ئەمەندەی مابۆوە.. بۆ وا دەکەن؟ تۆ سەربازیت، دەبێ ئەوە بزانیت بۆچی وا دەکەن.. پێم بڵێ بۆ وا دەکەن؟

(گرێبەر) چاوێکی بێ ئومێدی بەو ناوەدا گێڕا، یەکێک لەناو کەلوپەلە شپرزەکەی ئاوارەکانەوە هەنگاوی دەنا، بۆلای ئەمان دەهات، (لوزە) بوو، بێ هێزی و لاوازی پیریی لێ دیاری دابوو، دەستێکی نایە سەرشانی ژنەکەی، ژنەیش هەر دەیلاوانەوە:

– هەرگیز دایکان لە هۆ و مەبەستی ئەم هەموو مەرگە حاڵی نابن.. (شانی لەژێر دەستتی مێردەکەیدا دەلەرزی، چاوێکی هەڵبڕی).. ئەی تۆ حاڵی دەبیت؟.. (بەدەنگێکی بەرزتر ناوی کیژە کوژراوەکەی هێنایەوە..) لینا.. (ئەمجا بەدەم ئاوازێکی ڕوونەوە، وەک وانەیەک بڵێتەوە).. خۆ ئەگەر حاڵیش بیت قەت لەوانە چاکتر نیت کە بازاڕی ئەم هەموو مەرگەیان گەرم کردووە..

(لوزە) شڵەژا، چاوێکی بەترسەوە بەهۆڵەکەدا گێڕا، کەس گوێی لێیان نەبوو، منداڵە ورتکە ژاوەژاوێکی زۆریان نابۆوە، دەنگی خاتوو (لوزە)ی هاتەوە گوێ:

– لەوان چاکتر نیت.

پرچە بژەکەی بەسەر سینگیا بەربۆوە، لەجێی خۆیدا گرمۆڵە ببوو، ببووە شتێکی بێ شێوەی سامناک! وەک ئاژەڵێکی زامار ناڵەی دەهات.. (لوزە) (گرێبەر)ی بەهێمنی بردە لاوە:

– دایک و باوکم چییان بەسەرهات..؟ ژنەکەت دەڵێ نەماون..!

(لوزە) سەری بادا!

– چاوت لێی نییە لە چ حاڵێکدایە؟ هۆشی بەلای خۆیەوە نییە، ئاگای لە هیچ نییە و نازانێ چی دەڵێت، بەبیری ئەم بێ، کەس نەماوە..! تەنها دوو منداڵی هەبوو لە پڕێکدا نەمان.. (تفێکی قووتدا، گرێکەی قوڕگی دەلەرزی).. وڕێنە دەکات، چی بەزمانیا بێت دەیڵێت، چەندەها جار بەهۆی ئەم قسە هەڵەقو مەڵەقانەیەوە تووشی گرفت بووم و هەڕەشەم لێکراوە، هەر ئەوانەی دەوروبەرمانن هەموو قسەو باسێک دەگەیەنن..

چاوەکانی (گرێبەر) لەو ڕووناکایییە دێزەدا هاتنە ڕەشکەو پێشکە کردن.. (لوزە)ی بەشێوە و ڕوخسارە دێرینەکەی جارانی هاتەوە پێش چاو..

– کەواتە ماون؟

– ناتوانم وەڵامێکی تەواو دروستت بدەمەوە ئەرنەست، تۆ لێرە نەبوویت، نازانیت چی ڕووی دا، لە پار ساڵەوە هەموو شتێک ئاڵۆزاوە، کەس باوەڕی بەکەس نەماوە، برا سڵ لە برای دەکاتەوە.. بەڵێ ئەرنەست لەوانەیە دایک و باوکت ئێستاکە بەبێ خەم لەلایەک بن!.

(گرێبەر) برێ هاتەوە سەرخۆی، هەناسەی ئاسایی بۆوە:

– دوا جار کەی بوو چاوت پێیان کەوت.. لەکوێ بوون؟

– وا بزانم پێنج هەفتە لەمەوبەر بوو، لە یەکێ لە شەقامەکان چاومان بەیەک کەوت، بەفر دەباری.. بەڵێ هەر پاش وەرزی بەفربارین بوو کاتی ئەو شاڵاوە ئاسمانییانە دەستتیان پێکرد..

– چۆن بوون؟ تەندروستیان باش بوو؟

( لوزە) زوو وەڵامی نەدایەوە، نەختێک بیری کردەوە:

– بەڵێ.. وابزانم باش بوون (تفێکی قووتدایەوە).

(گرێبەر) تەریق بۆوە، کێ لە ڕەوش و گوزەرانی وادا هەواڵی تەندروستی یەکێ دەپرسێ بەر لە پێنج هەفتە دیترابێت؟!.. ئێستاکە تەنها پرسیاری مان و نەمان دەکرێت.. بەشەرمێکەوە وتی:

– بمبەخشە.

(لوزە) سەرێکی بۆ لەقاند.

– گوێی مەدەرێ ئەرنەست، ئەمڕۆ ڕۆژێکە مرۆ بێجگە لە خۆی کەسێکی دیکەی بەبیردا نایەت..

(گرێبەر) یانەی هارمۆنی جێهێشت، کاتێک هاتە یانەکە شەقامەکان، چۆڵوهۆڵ بوون، وەک مردووەکان سارد و سڕبوون.. ئێستاکە دیمەنێکی دیکەیان هەیە.. تەنها وێرانە و کەلاوە نین، ژیانیان تێ گەڕابۆوە.. ڕیزێک درەختی شۆخی بەدی کرد بەدەم باوە دەشەکانەوە، دوو تووتکە سەگیش گەمەیان



دەکرد، یەکتریان ڕاو دەنا.. نوارپییە ئاسمان، تا چاو بڕی دەکرد شین و بێگەرد بوو.. دایک و باوکی ماون، هیچیان بەسەر نەهاتووە تەنها بزرن، فەرمانبەرە کۆڵەکەش وای گوت.. ئەو ساتە ون بوونیانی بەکارەساتێکی وا ستەم دەزانی کە توانای بەرگەگرتنی نەبێت.. بەڵام لەو کارەساتەش ستەمتر هەیە.. مردن..

لە ئاست مەرگدا هەموو هیوایەک دەمرێ.

---

١– شابەڕوو: کەستانە–کستناء.

٢– باجگری: فەرمانگەی باجگری– دائرة الضريبة.

٣– کارگێری ئامارنووسی: ادارة الاحصاء.

٤– بەسمارک: (میرئۆتۆ ڤۆن بەسمارک–١٨١٥–١٨٩٨): یەکەمین ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانی بوو (لە ساڵی ١٨٧١ هەتا ١٨٩٠ز)، بەیەکێک لە کەڵە ڕامیارییانی ئەو سەردەمە دەژمێردرێ، ڕۆڵێکی گرنگی لە گۆڕانکارییە ڕامیاری و دیبلۆماسییە گرنگەکانی ئەو کاتەی ئەوروپا و ئەڵمانیا هەبووە.

٥– فیلهیلم (ویلهیلم): ویلهیلمی یەکەم (١٧٩٧–١٨٨٨): شای بڕووسیا (١٨٦١–١٨٨٨) ئیمپراتۆری ئەڵمانیا (١٨٧١–١٨٨٨) لە سەردەمی ئەمدا ئەڵمانیای یەکگرتوو پێکهات (١٨٧١)، ویلهیلمی دووەم (١٨٥٩–١٩٤١) ئیمپراتۆری ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٨٨وە هەتا ساڵی ١٩١٨، لە سەردەمی ئەمیشیا ئەڵمانیا دووچاری هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بۆوە، ساڵی ١٩١٨ پاش تێشکانی ئەڵمانیا لەسەر تەخت لادرا.

٦– قاوەی جۆ: جۆرێک قاوەی هەرزانە، لە برێ قاوە بۆ تام و بۆ لەگەڵ جۆی هاردڕاو یان هەر دانەوێڵەیەکی دیکە پێکدێ و بەکار دەهێنرێ.

# 9

دەمێ بوو لەو ناوە دەهات و دەچوو، سروشت تاریکی کردبوو، ژمارەی خانووەکەی بۆ نەئەدۆزرایەوە، پیاوێکی لێ پەیدابوو، بەمۆنییەکەوە پرسیاری لێکرد:

– لە دووی چی دەگەڕێیت؟

(گرێبەر) وەڵامی دایەوە:

– ئەمە خانووی ژمارە بیست و دووە؟

– بەڵێ ئەوە.. کێت دەوێ؟

– دکتۆر(کرۆزە)..!

– .. کرۆزەت بۆ چییە؟

لە پیاوەکە وردبۆوە، جووتێ پۆستاڵی قورسی لە پێدا بوو، بەرگێکی پاسدارانی نازیشی پۆشیبوو.. لەدڵی خۆیدا وتی (..ئەمجا نۆرەی ئەم حەسحەسە لاتەیە بەرۆکمان بگرێ، ئەمیش خۆی لێکردوومەتە شت!).

– بۆ هەرچییەکم بوێ دەمەوێ.. ئەوە پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە..

ئەمەی گوت و خێرا خۆی بەخانووەکەدا کرد، ماندوو بوو، ماندوێتی تێکەڵ بەهۆش و خوێنی ببوو، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە گەڕاوە، لێرە و لەوێ پرسیاری کردووە، نەگەیشتە ئەنجامێک دڵنیای بکات، خزمانیان لەو شارە نەبوو، هەندێکی کۆنە دراوسێ و هاوڕێی بابی دیبیەوە، هیچی چنگ نەکەوت، (بووتشەر) ڕاستی گوت، وەکو بەتەلیسمێک بزر بووبن، هیچ هەواڵ و باسێکیان نەبوو، خەڵکەکەش دەم بەستە ببوون، هیچیان نەدەگوت، لە(گستابۆ) دەترسان، خۆ ئەگەر شتێکیشیان لە زار دەرچووبایە هەر لەو پروپاگەندە پووچ و ساویلکانە بوون کە لە گشت لایەک باو و بلاو بوون.. کەس هیچی نەدەزانی!

بە پلیکانەکەدا سەرکەوت، خۆی بە توونێکی تاریکدا کرد.. ماڵی دکتۆر کروزە لە نهۆمی یەکەم بوو.

دکتۆر کرۆزەی ناسینێکی ئەوتۆ نەدەناسی، جارجارێک بەمنداڵی لەگەڵ دایکیا بەهۆی نەخۆشییەوە سەریان لێ ئەدا، وا هاتبوو بەبیریا ناونیشانی نوێی دایکی لای دکتۆرە کرۆزە هەبێت، پزیشکان هەمیشە ناونیشانی نەخۆشەکانیان لایە.. یان کێ نالێ ئێستاکە بەرێکەوت لەوێ نییە؟!

ژنێکی قەیرە دەرگای لێ کردەوە، بەڕوخسارێکی تاڵی زەردباوەوە پرسیاری کرد:

– کرۆزە؟!.. دکتۆر کرۆزەت بۆ چییە؟

ژنەکە چاوێکی زەق و مۆنی تێبڕیبوو.. هەستی دەکرد ناو دەروونی دەخوێنێتەوە، ناو دەرگاکەی لێ گرتبوو، ڕێی نە ئەدا بچێتە ژوورەوە.. بەبێ ئارامییەکەوە پرسیاری لێ کردەوە:

– لە ماڵە؟

ژنەکە وەڵامی نەدایەوە، لەوە دەچوو گوێی بۆ دەنگە دەنگێک لە خوار پلیکانەکانەوە هەڵخستبێت!

– نەخۆشیت؟

– نەء، کارێکی تایبەتیم پێی هەیە.



– تایبەتی؟

– بەڵێ تایبەتی، جەنابت خاتوو (کرۆزە)یت؟

– کێ من..؟! خۆا نەکات.

(گرێبەر) مۆڕەیەکی لێکرد، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە، جۆرەها شێوە و شێوازی ترس و سڵەمینەوەی دیوە، ئەمەیان لە جۆرێکی دیکە بوو:

– گوێ بگرە خانم، لە وزەمدا نەماوە، تێناگەم چیتان بەسەر هاتووە، ناشمەوێ تێبگەم، هاتووم چاوێکم بە دکتۆر کرۆزە بکەوێت.. ئیتر تێگەیشتیت؟

ژنەکە بەئاوازێکی ناسازەوە، زۆر بێ شەرمانە وەڵامی دایەوە:

– دکتۆر کرۆزە لێرە نەماوە.

(گرێبەر) پەنجەی نایەسەر یافتە گچکەکەی لە تەنیشت دەرگاکەوە هەڵواسرا بوو، ناوی دکتۆر کرۆزەی لەسەر هەڵکۆڵدرابوو:

– ئەی ئەمە چییە؟

– دەبوایە هەڵگیرایە.

– هەڵنەگیراوە.. پێم بڵێ، کەسێکی لە ماڵ نییە بیدوێنم (پەست ببوو، زۆری نەما بوو بکەوێتەوە جنێودان، لە پڕێکا دەرگایەک لە ناوەوە کرایەوە، شەپۆلێک ڕووناکایی لە ژوورێکەوە هات و لەبەر پێیدا گیرسایەوە..).

دەنگێکی ناسکی لە گوێی دا:

– ئێمەیان دەوێت؟

هەر زوو وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، یەکێکم لە خانەوادەی دکتۆر کرۆزە دەوێت، وا دیارە دیتنیان ئاسان نییە (خێسەیەکی لە ژنە ڕمۆزنەکە کرد).

دەنگە ناسکەکەی هاتەوە گوێ:

– من (ئەلیزابێث کرۆزە)م..

بەگرژییەکەوە لە ژنە پۆرخزەکە چووە پێشەوە، ژنەکە ناو دەرگاکەی بەردا، بەدەم بۆڵەوە گەڕایەوە دواوە، لایەکی لە ژوورەکەی (ئەلیزابێث) کردەوە:

– ئەم هەموو ڕووناکییە چییە هەڵتان کردووە، نازانن قەدەغەیە؟

(گرێبەر) هەر لەناو دەرگاکە بوو، کیژێکی بیست ساڵانەی بەپیرەوە هات، وەک خۆی لە ڕوبارێک ڕووناکی بدات بە گورزە ڕووناکییەکەدا هات و لە (گرێبەر) نزیک بۆوە، پرچە قاوەییە سوورباوەکەی بەشان و ملیا ڕژا بوو.. لەبەردەم (گرێبەر)دا وەستا.. هەر لە ڕوخساری ورد دەبۆوە:

– باوکم دەمێکە خۆی خانەنشین کردووە.

– نەخۆش نیم، بۆ پرسیارێک هاتووم.

شێوەی کیژەکە شتێکی بەسەرهات، ئاورێکی پەلەی لە دواوە دایەوە، ژنە دەمەوەرەکە دیار نەبوو، بەچپە بە گرێبەری گوت:

– فەرموو وەرە ماڵەوە.

(گرێبەر) پێش کەوت، خۆی بەژوورێکی رووناکدا کرد، ئاوڕی دایەوە، کیژەکە بەنیگایەکی پڕ پرسیار و تەماوە تەماشای دەکرد، لەپڕێکا، چاوەکانی (ئەلیزابێث) پتر کرانەوە، بەسەرسوڕماندنێکەوە وتی:

– من تۆم دیوە، دەتناسمەوە، لە قوتابخانە پێکەوە بووین، وا نییە؟

(گرێبەر)یش (ئەلیزابێث)ی ناسییەوە، ئەوسا کیژۆڵەیەکی رەقەڵەی چاوگەشی قژ بژ بوو! بەهۆی مردنی دایکییەوە قوتابخانەکەی گواستەوە بۆ شارێکی دیکە لەوێ لای هەندێ لە خزمانیان جێنشین بوو.. دەمێ بوو یەکتریان نەدیبوو.

– خودای گەورە.. ئەمە تۆیت ئەلیزابێث؟ نەمناسیتەوە.

– هەشت ساڵە..

– تۆیش.

– بەرامبەر یەک وەستا بوون، لە یەک ورد دەبوونەوە.

– چ باسە.. وەکو جەنەڕاڵەکان پاست دەکەن.

– بلێ وەکو دەستبەسەران گەمارۆ دراویت؟

– مانای چی.. ئەی باوکت لەکوێیە؟

(ئەلیزابێث) سەری پەنجەی نایە سەر لێوی، بەچپە گووتی:

– دەنگ هەڵمەبڕە.. (بەپەلە خۆی گەیاندە مێزێک، سندووقە قەوانێکی[١] لەسەر بوو، خستیە کار..!).

قەوانەکە خولایەوە، مارشێکی بەهەرا دەنگی دایەوە، (ئەلیزابێث) ڕووی کردەوە (گرێبەر) بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– ئەمجا دەتوانین بەئارەزووی خۆمان بدوێین.

(گرێبەر) حاڵی نەبوو.. (بووتشەر) ڕاستی کرد گشتی تێکچووە، حەپەسابوو، بەسەرسوڕماندنێکەوە وتی:

– ئەم هەرا هەرایە چییە ناتەوە؟ ئەو قەوانە لادە، زۆر گوێم لەم بەزم و ڕەزمانە بووە، با لە یەک حاڵی ببین، پێم بلێ چی ڕوویداوە.. بۆ دەستبەسەریت؟

(ئەلیزابێث) لە (گرێبەر) نزیک بۆوە:

– ئەو ژنە گوێ دەگرێ، سیخوڕە، بۆیە ئەم قەوانەش لێ ئەدەم، بۆ ئەوەیە گوێی لێمان نەبێت..!

بەرامبەر (گرێبەر) وەستا بوو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، ئەمجا پرسیاری کرد:

– باوکم چۆنە، چی دەربارەی دەزانیت؟

– کێ؟.. من! من هیچ نازانم، هاتووم چاوم بە باوکت بکەوێ چەند پرسیـارێکی لێ بکەم.. لە



کوێیە؟

– بەڕاست، هیچ هەواڵێکی نازانیت؟

– نەء.. وا هاتم پرسیاری دایکمی لێ بکەم، دایک و باوکم بزرن، نازانم لە کوێن؟

– بۆ ئەوە هاتوویت؟

بەبێزارییەکەوە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ بۆ ئەوە هاتووم.

خەم ڕوخساری (ئەلیزابێث)ی گرتەوە، پاش نەختێک گرژییەکانی دەموچاوی خاوبوونەوە و بەلەرەیەکی غەمگینەوە وتی:

– ڕاست دەکەیت، وامزانی هەواڵی باوکمت پێیە؟

– چی بەسەر هاتووە؟

– چوار مانگە گیراوە، لە یەکێ لە ئۆردوگا بەدناوەکانیان ناوە، ناویان هێناوە و تووش بووە.. لە من وایە هەواڵی باوکمت پێیە؟

– پێم بوایە یەکسەر دەمگەیاند.

(ئەلیزابێث) سەرێکی بادا:

– وا نییە، ڕۆژگارێکە کەس ناوێرێ ڕاستەوخۆ هەموو شتێک بلێ، بەتایبەتی ئەگەر هەواڵێکی گرینگ و نهێنی بێ..

(گرێبەر) کەوتەوە بیرکردنەوە.. ترس و سڵەمینەوە، زمان گرتن، خۆدزینەوە، بوونە بەشێکی سەرەکی کردەوە و ئاکاری ڕۆژانەی خەڵکەکە، نەریتێکە دەمێکە گشت لایەکی گرتۆتەوە..

مارشەکە گەیشتە هەرەتی، سازئامێرە هەواییەکان[٢] لەوپەڕی جۆشیاندا بوون.

– ئەم هەرا هەرایە بێ دەنگ ناکەیت؟

– بەڵێ.. بەڵێ، ئەی بۆ نا؟ بێ دەنگی دەکەم، وا بزانم بڕۆیت باشترە؟ هەموو شتێکت پێ درکاندم! (لەرەیەکی ترس لە دەنگیابوو).

(گرێبەر) پەست بوو:

– بۆ بەم شێوەیە ئەمدوێنی؟ خۆ من سیخوڕ نیم! (هێمنتر بۆوە).. چییە، ئەم ژنەی لاتان کێیە، ئەو باوکتی بەگرت داوە؟

(ئەلیزابێث) بووقی سندووقە قەوانەکەی بلند کردەوە، قەوانەکە بێ دەنگ دەخولایەوە...

لە ناکاودا، قریشکەیەکی ناساز دەنگی دایەوە، قریشکە نەبوو..! زریکەیەکی وشکی نووزە درێژ بوو، لوورەیەک بوو تا دەهات بەرزتر دەبۆوە.. فیکەی ئاگادار کردنەوە بوو[٣]... بۆمبا هاوێژەکان بەرێوەن..

دەمولێوی (ئەلیزابێث) هاتنە لەرزین:

– دیسانەوە..!؟

لە دەرگای ژوورەکە درا.

– چراکە بکوژێننەوە، ئەو هەموو ڕووناکییە چییە هەڵتان کردووە لە درزی دەرگاکەوە دیارە..

(گرێبەر) دەرگاکەی بەتەکانێک کردەوە، نەڕاندی:

– چیدی لە درزی دەرگاکەوە دەبینی.. ها؟ پێم بڵێ.. (ژنەکە ڕێک لەو دیو دەرگاکەوە وەستا بوو، داچڵەکی و بەدەم خوتە و بۆڵەوە دوور کەوتەوە، (ئەلیزابێث) پەلی (گرێبەر)ی گرت، ڕایکێشایە دواوە و دەرگای ژوورەکەی جووت کردەوە):

– کێ ئەم جادووگەرە پۆرخزەی هێناوەتە ئێرە؟

– کرێچییە، بەزۆر سەپێنرا بەسەرماندا.. ئێستاکەش شوکرم بەوەی ئەم ژوورەشی لێ زەوت نەکردووم..

بۆڵەی ژنەکەو گریانی منداڵێکیان لەودیو دەرگاکەوە هاتە گوێ.. زریکەی فیکەکان تا دەهات تەشەنەی دەکرد، (ئەلیزابێث) پاڵتۆیەکی دا بە شانیا:

– دەبێ پەنا بەرینە بەر یەکێ لە پەناگە گشتییەکان.

– جارێ زووە.. پێم بڵێ، بۆ لێرە ناگوێزیتەوە، هاوماڵی کردن لەگەڵ سیخوڕی و ژیانت بەجارێک تاڵ دەکات.

ژنەکە هاواری لێکردنەوە:

– ئەو ژوورە تاریک کەن.

(ئەلیزابێث) چراکەی کوژاندەوە، بەپەلەش خۆی گەیاندە پەنجەرەکە:

– هەرگیز ئێرە چۆڵ ناکەم، بارکردن مانای هەڵاتنە! نامەوێت تاوانی خۆشاردنەوەم بخەنە ئەستۆ (پەنجەرەکەی کردەوە، ژوورەکە پڕ ژاوە ژاوەکەی دەرەوە بوو!).

هەردوو تای پەنجەرەکەی بەکراوەیی چەسپ کرد، شووشەکانی لە تەوژم و فشاری تەقینەوە دەپاراست، ئەمجا وەک کەوتبێتە بەر شەپۆلی ئەو ژاوە ژاو و شریخە ناسازانە، گەڕایەوە لای (گرێبەر).

– نەخێر بارناکەم (دەنگی لەگەڵ بڵند بوونەوەی فیکە ئاگادارییەکاندا بڵند دەبۆوە).. تۆ تێناگەیت؟

دەینوارییە چاوی (ئەلیزابێث)، لە تاریکاییەکەدا ڕەشیان دەنواند، پڕ سۆزێکی گەرم بوون، هەستی کرد شتێک لە کەللەیدا پەنگ دەخواتەوە، یاخیبوون و بەربەرەکانی کردنی ئەو جووتە چاو و ڕوخسارە بوو، یان بەربەرەکانێی گوڕ و تەوژمی شەپۆلی ناسازی ئەو فیکانە بوو لە پەنجەرەکەوە هێرشی دەهێنا و تەنگی پێ هەڵدەچنین تا ژوورەکەیان چۆڵ بکات..

– نەء تێناگەم، ئەم گوزەرانە ماندووت دەکات، لەناوت دەبات، پەندێکی سەربازی هەیە دەڵێ.. ئەو سەنگەرەی بۆم نەپارێزرێ چۆڵی دەکەم!

(ئەلیزابێث) بەڕوویەکی گرژ و حەپەساوەوە تێیڕوانی و وتی:

– کەواتە ئێرەش چۆڵ بکە، بڕۆ و بێ ئاشووب لێم گەڕێ.

ئەمەی گوت و بەپەستی ڕووی کردە دەرگاکە، (گرێبەر) دەستتی درێژ کرد باسکی گرت، (ئەلیزابێث) خۆی ڕاپسکاند و باسکی لە چنگی (گرێبەر) قورتار کرد، بەپێچەوانەی بیری گرێبەر کیژێکی بەهێز بوو.



– پەلە مەکە منیش دێم.

ژاوە ژاوەکە دەری پەڕاندن، لە هەموو لایەکەوە دەهات، لە ناوەوە و لە دەرەوە، لە توونەکە و پلیکانە و دیوارەکانەوە، لە هەموو لایەکەوە دەنگی ئەدایەوە و تێکەڵاوی زایەڵەی خۆی دەبۆوە، وچانی نەبوو، بواری نەئەدا، کاریگەر بوو، کاری لە پێست و پەردەی گوێ دەکرد، بەناخی بووندا دەچوو، خوێنی سڕ دەکرد و ڕەگ و جومگە و ئێسکی دەهێنایە لەرز و بیروهۆشی شپرزە و پەرەوازە دەکرد:

(گرێبەر) لە ژوور پلیکانەکەوە هاواری کرد:

– ئەم ئامێرە خوا گرتووانەیان لە کوێ داناوە؟ خەریکن شارەکە بەجارێک شێت دەکەن.

زرمەی دەرگا سەرەکییەکەی سەر شەقامەکە هات، داخرا، دەنگی هەرا هەراکە بڕێ کپ بۆوە، (ئەلیزابێث) وەڵامی (گرێبەر)ی دایەوە:

– یەکێکیان لە شەقامەکەی ئەودیوە.. زووبە، با خۆمان بگەیەنینە پەناگەکەی (گۆڕەپانی کارڵ)، ئەمەی گەڕەکی خۆمان بەکەڵک نایێت.

تارمایی چەند کەسێک دەرکەوت، بەغاردان بەپلیکانەکەدا هاتنە خوارەوە، هەندێ جانتا و بوخچەیان پێ بوو، چرایەکی دەستتی هەڵکرا، دەموچاوی (ئەلیزابێث) کەوتە نێو بازنەیەکی ڕووناکەوە، یەکێکیان وتی:

– ئەگەر تەنهایت لەگەڵ ئێمە وەرە.

– تەنها نیم.

بازنە ڕووناکەکە نەما، دەرگاکەی دەرەوە کرایەوە، خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە شپرزە دەهاتن و دەچوون، شارەکە وەک شارە زەردەواڵەیەکی هرووژاوی لێهاتبوو.. زەردەواڵەی بێ چزووبوون! لەدووی پەنایەکدا دەگەڕان بیانشارێتەوە، چاودێرێکی پەناگەکان هەر دەنگی دەهات، کەس لێی حاڵی نەدەبوو.. گەڕەلاوژەیەکی سامناک و بێ سەروبەر بوو.

خانمێک بەکراسێکی ئاوریشمی خەوتنانەوە بەغار هات، پرچە زەردەکەی بەدەم باوە دەشەکایەوە، لە تەنیشتیانەوە ڕەت بوو، لە شازادەیەکی ئامازۆنی(٤) دەچوو.

پیرە پەککەوتەکانیش گرووپێک بوون.. پێکەوە، خاو خاو بەبن دیوارەکاندا دەهاتن، بۆڵە و سکاڵایەکی زۆریان هەبوو، بەڵام ژاوە ژاوەکە دەنگی خنکاند بوون، بەو دەم و لێوە زەرد و پووکاوانەیانەوە وا دەهاتنە پێش چاو وشە خنکاوەکانیان بجوونەوە.

گەیشتنە گۆڕەپانی کارڵ، خەڵکەکە لەبەر دەرگای پەناگەکەدا ئاپۆرایان بەستبوو، شپرزە بوون، سامێکی گەورەیان لێ نیشتبوو، چاودێرانی بەرگری شارستانی(٥) وەک سەگی شوانکارەکان دەهاتن و دەچوون، خەڵکەکەیان هێور دەکردەوە ڕیزیان دەکردن و بۆ ناو پەناگەکەیان بەڕێ دەکردن.

(گرێبەر) وتی:

– با لەلایەکەوە خۆمانی پیاکەین؟

(ئەلیزابێث) سەری بادا:

– با چاوەڕوان بین!

خەڵکەکە پۆل پۆل بەپلیکانەی توونە تاریکەکەدا دەچوونە خوارەوە، لەو ژێر زەمینە قووڵەدا خۆیان حەشار ئەدا، (گرێبەر) چاوی لە (ئەلیزابێث) نەئەترووکاند، (ئەلیزابێث)یش وەک باکی بەهیچ نەبێ، هێمن و ئاغر دەینواڕییە خەڵکەکە..

– کەنیلەیەکی بەغیرەتیت[٦]!

نواڕییە (گرێبەر):

– وا نییە، ترسنۆکم، زۆر لەم کونە تەنگ و تاریکانە دەترسم، بۆیە پەلەی چوونە ژوورەوەم نییە.

چاودێرەکە هاواری لێکردن:

– دەی بجووڵێن، چاوەڕوانی چین؟ داوەتێکی تایبەتیتان بکەین؟

پەناگەیەکی گەورە بوو، قووڵ و فراوان، تۆکمە و قاییم دروست کرابوو، چەند پەنا و ژوورێکی دیکە لە هۆڵە سەرەکییەکە دەبۆوە، هەنێ تەختو کورسییە کۆنیان تێیاندا دابەش کردبوو، زۆربەی پەنابەرەکانیش سووکە ڕاخەر و وردەکەلوپەلی خۆیان پێبوو..

ژیان لە پەناگەکەدا دەقی خۆی وەرگرت.. (گرێبەر) لە خەڵکەکە ورد دەبۆوە، یەکەم جار بوو لەگەڵ منداڵ و خانماندا خۆی بشارێتەوە، یەکەم جاریشی بوو لە ئەڵمانیا بچێتە پەناگەوە..! ڕوخساری پەنابەرەکان لەبەر ڕووناکاییە شین باوەکەدا لە ڕوخساری خنکاوان دەچوو، خانمە ئەمازۆنییەکەی دییەوە، نزیک بوو.. کراسە پەمەییەکەی شینی دەنواند و بریسکەیەکی سەوز باویش لە پرچە زەردەکەیەوە دەهات!

نواڕییە (ئەلیزابێث)، ڕەش داگەڕابوو، چاوەکانی بەقووڵاییدا چووبوون، بریقە لەپرچی بڕابوو.. دەترسا.

بیری کردەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت.. (خنکاوین، نغرۆی ترس و گومان، درۆ و فریودان بووین، بەناخی زەمیندا چووین.. ڕاونراوین، دوژمنی خۆر و ڕووناکین، دژ بەهەموو هەستێکی خاوێن و دروستین).. دوو منداڵ توند باوەشیان بەئەژنۆی دایکیاندا کردبوو، ڕوخساریان مەیی بوو، هیچی نەئەنواند، بریقەیەکی کز لە نیگایانەوە دەهات، ئەویش ڕەنگدانەوەی ڕووناکییە لاوازەکە بوو.. چاوەکانیان لەسەر ڕێتمی بەرز و نزمی زرمە زرمەکەی سەر زەمین دەگێڕا، دەچوونە سەر دەرگاکە، ئەمجا بەدیوارەکاندا هەڵدەگەڕان، بەبنمیچە نەوییەکاندا دەهاتن لەپڕێکا بە دەرگاکەوە دەگیرسانەوە.. چاوەکانیان لە چاوی نێچیرێکی ئیفلیج و بێ دەستەڵاتی بەر چنگی دڕندەیەکی شووم دەچوون، قورس بوون، بەڵام نەخنکابوون.. لە گێژێکی مەنگدا دەخولانەوە..

منداڵەکان نە(گرێبەر)، نە دایکیان.. کەسیان نەئەدی! توانای ناسین و پەیوەندیان پسابوو، بێ دەستەڵات ڕەدووی شتێک کەوتبوون ئارەزووی دیتنیان نەبوو.. لەوانەیە ئەو شتە بێ مانای مەرگ دەبەخشێ.. ئەوەندە ورد نەبوون لەو مانایانە تێنەگەن، ئەوەندەش گەورە نەبوون ئارام بن و دان بەخۆیانا



بگرن، هۆشیارێکی بێ دەستەڵات بوون، خۆیان دابوو بەدەستتەوە..

(گرێبەر) لەپڕێکدا هەستی بەوە کرد کە هەڵوێستەکە تەنها کاری لەو دوو منداڵە نەکردووە، هەموو ئەوانی دیکەش، کپ و سڕ ببوون، تەنها چاویان لەو گێژە نامۆیەدا دەخولایەوە.. گوێیان هەڵخستبوو، تەنها بە گوێچکەیان گوێیان نەدەگرت، هەموو جەستەیان ببووە گوێ.. بەشانێکی تەنگ و پشتێکی کووڕ و ورگێکی بەناوا چوو ئەژنۆی بەیەکدا لکاوو قۆڵ و مەچەکی تێکترنجاویانەوە گوێیان دەگرت.. بەهەموو هەست و هۆشێکی بوونیانەوە، گوێیان دەگرت..

بۆنی شتێکی دەکرد.. ترس بوو! بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، ژێر زەمینەکەی گرتەوە..

گرژی بارەکە هێدی هێدی دەڕەوییەوە، بەڵام ژاوە ژاوەکەی دەرەوە هەر بەردەوام بوو.. سروەیەک بووژاندنەوەیان تێکەوت، ڕوخساری تورتوگرژیان بەرە بەرە خاو دەبۆوە..

ڕەوشەکە لەو ژێرزەمینەی بەمرۆی بێ دەستەڵات سیخناخ ببوو هێور دەبۆوە، پەنابەرەکان بوونەوە بەئادەمیزاد یاخی و نەبەزەکەی جاران!.. گورج بوونەوە، چالاکیان تێکەوتەوە، لە یەک ورد دەبوونەوە، ئاوڕیان لە دەوروبەریان ئەدایەوە، ڕوخسارە ترساوەکان ڕەنگیان تێدەگەڕایەوە.

پیرەمێردێک لە تەنیشت (ئەلیزابێث)ەوە خامۆشیەکەی شکاند:

– ڕۆیشتن، دوور کەوتنەوە.

– لەوانەیە بێنەوە، ئەمە پیشەیانە، بەئاسماندا دەخولێنەوە و هەر ئەوەندەی پەناگەکان چۆڵ کران بۆمباکانیان بەرئەدەنەوە.

یەکێک باوێشکێکی بەدەنگی بەرزدا، دوو منداڵەکە کەوتنەوە بزێوی، تووتکە سەگێک پەیدابوو، بەکلکە لەقێوە دەهات و دەچوو بۆنی بەزەمینەوە دەکرد، ساوایەک هاتە گریان، هەندێکیش بابۆڵەکانیان کردەوە و کەوتنە نان خواردن..

خانمێکی کەتە هاواری لێ بەرز بۆوە:

– (ئارنۆڵد)!.. لەبیرم چوو گازی ئاشپەزەکە بگرمەوە.. شیوەکەمان ئێستاکە سووتاوە.. وای بۆ بەبیرما نەهات ئاگرەکەی ژێری بکوژێنمەوە؟

پیرەمێردەکە وەڵامی دایەوە:

– خەمت نەبێ، شارەوانی لە باری وادا گاز لە ماڵان دەبڕن؟

– چۆن خەمم نەبێ؟ ئەی کاتێک کەبەری ئەدەنەوە، ماڵەکە پڕ گاز نابێ؟ ئەمە لە چێشت سووتاندنەکە خراپترە..

یەکێک وەک بیەوێ هەندێ گەمژ و ساویلکە حاڵی بکات، بەفیزێکەوە وتی:

– گاز لەکاتی ئاگادار کردنەوەدا نابڕێت، تەنها لە کاتی بۆمبابارانددا دەیگرنەوە..

(ئەلیزابێث) شانە و ئاوێنەیەکی لە جانتاکەی دەرهێنا، کەوتە شانە کردنی سەروقژی، پرچی لەژێر شانەکەدا هەڵدەبەزیەوە و دەشکایەوە، بەگوێی (گرێبەر) دای چپاند:

– وەختە بخنکێم، خۆزگە لێرە دەرئەچووین؟

نیو سەعاتێکی تریان پێچوو ئەمجا دەرگای پەناگەکە کرایەوە.. گەڕانەوە سەر ڕووی زەمین! مانگ لە بلّندی ئاسمانەوە ئەدرەوشایەوە، سروشتی ڕووناک دەکردەوە، کاتێک کە دەرگای پەناگەکەیان کردەوە، ڕووناکییەکە لە دەرەوە تەوژمی هێنا پلەکانی سەرەوەی ئەو گوڕە قووڵ و تاریکەی گرتەوە.. بەوچان سەرکەوتن، (ئەلیزابێث) لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیا، دەگۆڕا، لە یەکێک دەچوو هێدی هێدی لە بێهۆشییەکی قولّ هوشیار بێتەوە، سێبەرە تاریکەکانی دەوری چاوی ڕەوینەوە، بریقەیەکی سورباو پرچی ژیاندەوە..

ژیان هاتەوە سەر جۆگە ئاسایییەکانی جارانی.. نەء لە جاران بەهێزتر بوو، گەش و ڕەنگین قولّپی ئەدا، هەناسەیەکی وێڵ و سەرگەردان نەبوو!

لە بەردەرگای پەناگەکە ڕاوەستابوون، (ئەلیزابێث) هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی، سەروملی وەکو نێچیرێک لە داوێکی ترسناک ئازاد بووبێ.. بادا، ئاوڕێکی لە توونی پەناگەکە دایەوە.

– تەماشای کە، هەر لە گۆڕ دەچێ، گۆڕێکە بەکۆمەڵ قووتمان ئەدات، بنواڕە گەرووی، چۆن کراوەتەوە.. ڕقم لێی نییە، بەڵام تێدا هەست دەکەم خەریکە بخنکێم.. (سەری بادا، پرچی هەڵدایەوە) کەلاوە و وێرانەکان وەکو ئێرە نین، شێوە دڵنیاییەکیان تێدایە، هیچ نەبێ ئاسمانیان لێوە دیارە.

(بەترسەوە دەینواڕییەوە پەناگەکە)..

پلیکانە ڕەشەکە پلە پلە بەگەروویەکی ڕەشتردا دەچوو، لە تاریکاییەکی خەست و مەنگدا دەتوایەوە.. پلیکانەی دۆزەخ بوو.. پرسیاری لە (ئەلیزابێث) کرد:

– بۆ ماڵ دەچیتەوە؟

– جێگەی دیکەم لەوێ پتر نییە؟.. یان تا بەیانی بەشەقامە تاریکەکانی شاردا بسووڕێمەوە؟..

گەڕانی خۆم کرد، ئیتر کاتی چوونەوەیە.

لە گۆڕەپانەکە پەڕینەوە، باکە توندی کرد، کەوتە لوورە لوور.. (گرێبەر) وتی:

– بەڕاست، بۆ لەو ماڵە ناگوێزیتەوە؟

– بچمە کوێ، هیچ جێگە و ڕێیەکی دیکە شک ئەبەیت؟

– نەء.

– نییە، بەهەزاران ماڵیان سووتاوە و ڕووخاوە، هیچ پەنایەکیان نییە، ئیتر پێم نالێیت ماڵێکی دیکەم لە کوێ دەستکەوێ؟

– ڕاست دەکەیت، ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون مرۆ لەدوای جێوڕێی باشتردا بگەڕێ..

(ئەلیزابێث) هەڵوێستەیەکی کرد:

– شوێنیشم دەستکەوێ، ئەو ماڵە چۆڵ ناکەم، بارکردن مانای دەست هەڵگرتنە لە باوکم.. تۆ تێناگەیت؟

– تێدەگەم..

کەوتنەوە ڕێ، هەستی کرد لە یەک دوورن، ناگەنەیەک، لە دڵی خۆیدا دەیگوت.. (چیە! بۆ وا خولّیای



بووم، چیم داوە بەسەریەوە، ئارەزووی خۆیەتی، چی بەچاک دەزانێ خۆی لێی بەرپرسیارە).. ماندوویێتی کاری تێکردبوو، وا هات بەبیریا دایک و باوکی لەو سات و کاتەدا لە شەقامی هاکنن و چاوەڕوانی دەکەن، وتی:

– گفتێکم داوە.. دەبێ بڕۆم، دواکەوتووم.. شەوباش (ئەلیزابێث)..

– شەوباش ئەرنەست..

(ئەلیزابێث) دوورکەوتەوە، هەتا لە پێچی شەقامەکە بزر بوو چاوی لێ نەترووکاند، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

– دەبوایە تا ماڵەکەی بچووما یە، دەی گرنگ نییە، بیگەیەنمەوە یان نەء هیچ لەبارەکە ناگۆڕێ..

وادەی منداڵییانی هاتەوە یاد، (ئەلیزابێث)ی خۆش نەدەویست.. لای کردەوە، ڕێگەی شەقامی هاکنی گرتەبەر.

لەوێیش بێ لە مانگ و ماتیی وێرانە نوێکان هیچی دیکەی لێ نەبوو، شتێکی کەم وێنە بوون، خامۆشییان ئادەمیزادی سڕ دەکرد.. زایڵەی هاوارێکی ئاسمانی خنکاو بوون..

ماتی وێرانە کۆنەکانیش لە جۆرێکی دیکە بوو..

***

(بووتشەر) لە سەرەوەی پلیکانەکانی باڵەخانەی شارەوانی وەستا بوو، چاوەڕوانی (گرێبەر) بوو پەیدا بێت، لەبەردەم لوولەی ئاوەڕۆگەیەکدا وەستابوو، لوولەکە لەبانی سەرەوەی باڵەخانەکەوە دەهات، لە سەرەوە بەدەمامکێکی ئاسنین ڕازابۆوە، دەموچاوێکی ڕەزا تاڵی ناشرین بوو، وەک بەگژ مانگدا بچێ بریقەیەکی سارد و نالەباری لێدەهات.

هەر ئەوەندە چاوی بە (گرێبەر) کەوت، لە دوورەوە پرسیاری لێکرد:

– ها چیت کرد؟

– هیچ، ئەی تۆ؟

– وەکو تۆ، لە خەستەخانەکان نین، گشتی گەڕام، وایش لەو دیمەنە جەرگبڕانەی چاوم پێیان کەوت، منداڵ و ئافرەت وەکو سەربازان نین.. (کەوتە سەر خوراندن).. با بچین لە لایەک قومێک بخۆینەوە..

پێکەوە لە (گۆڕەپانی هیتلەر) پەڕینەوە، پۆستاڵەکانیان لەسەر شەقامە ڕەقوتەقەکە زرمەی دەهات، (بووتشەر) وتی:

– ئەمرۆیشمان فت، نازانم چی بکەم، بەم شێوەیە کاتێک بەخۆم دەزانم مۆڵەتەکەم تەواو بووەو ڕێگەی بەرەم گرتۆتەوە بەر..

خۆیان بەڕیستۆرانێکدا(٧) کرد، لە تەک پەنجەرەیەکەوە دانیشتن، پەردەکان دادرابوونەوە، دیار بوو (بووتشەر) یەکەم جاری نەبوو بچێتە ئەوێ.. خانمێک کاروباری ڕیستۆرانەکەی دەبرد بەڕێوە، خێرا دوو پەرداخ ئاوجۆی بۆ دانان و دوورکەوتەوە، (بووتشەر) چاوی لێ نەئەترووکاند.. ژنێکی تێکسمڕاو و کەتە بوو، قەبە و قەڵەو هەموو گیانی بەدەم ڕۆیشتنەوە دەلەرییەوە!

بە (گرێبەر)ی وت:

– ئیتر ئەوەتا وەک دەمبینی، بەتەنها کات دەبەمەسەر، مەگەر هەر خودا خۆی بزانێ هاوسەرەکەشم لەکوێیە، ئومێدەوارم ئەویش وەکو من تەنها بێ.. ئاخر پیاو چۆن تێکناچێ؟

– منیش نازانم بڵێم چی، هەر ئەوەندە دڵنیا بوومایە کە دایک و باوکم ساغن، ئیتر لەهەر کوێیەک بن گرنگ نییە، زۆر شاد دەبووم هەواڵێکیانم بزانیبایە.

– لە ئێستاوە دەتوانیت شاد بیت.. دایک و باوک وەکو ژن نین! پیاو پێویستی پێیان نییە، تەنها تەندروستیان باش بێ، ساغ بن ئیتر زۆر چاکە.. بەڵام ژن..؟ داخ لە دەست ژن..!

دوو پەرداخی دیکە ئاوجۆیان داواکردەوە، بابۆڵەکانیان کردەوە، خانمی ڕیستۆرانەکەیان لێ نزیک بۆوە، بۆنی سۆسیجۆ چەوری ڕایانکێشا، خۆی لە مێزەکەیان هەڵدەستوو، نەوس زۆری بۆ هێنابوو.

– چاک بۆ خۆتان دەژین کوڕینە..

(بووتشەر) وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، چاک ڕادەبوێرین، لەو خواردەمەنییانەمان پێیە کە بەسەربازە مۆڵەت دراوەکان ئەدرێن بۆ کەسوکارییانی ببەنەوە.. هێندە زۆرە نازانین چی لێبکەین (قومێکی لە پەرداخەکەی دا... نواڕییە گرێبەر).. تۆ لە من باشتریت، دەتوانیت بەبێ خەم تێر بخۆیت ئەمجا بچیتە لای خانمێک پێکەوە تێر گاڵتەوگەپ بکەن و چی خەم و پەژارەت هەیە بەبادای بکەیت.

– تۆش دەتوانیت وا بکەیت.

(بووتشەر) سەری بادا، (گرێبەر) حەپەسابوو، سەری لە وەفاداری ئەم سەربازە پیرە دەرنەئەکرد.

(بووتشەر) وتی:

– ئەو خانمانە لەڕولاوازن! ڕەقوتەق و وشکن، نەگبەتییەکەی من لەوەدایە بەخانمی قەڵەو و زلە نەبێ نابزوێم، ئەوانە کیم دەکەن، دام ئەمرکێننەوە.. کەی ژنن..

(گرێبەر) بەلاچاو سەیرێکی خانمی ڕیستۆرانەکەی کرد:

– ئەوە یەکێکە لەو جۆرانەی دڵت دەبزوێنن.

(بووتشەر) گەرموگوڕ وەڵامی دایەوە:

– هەڵەیت، هەموو قەڵەوێک قەڵەو نییە، ئەمەی دەیبینی تۆپەڵێک پیوی پفەڵە، پیاو دەخنکێنێ، خانمی کەتە و گۆشتن ئەوەیە سەر چەرپایەکی سیپرینگداری دوو کەسی بگرێتەوە، لەوەی خۆم لەهیچ لایەک دەستناکەوێ.. ئەمانەی (دەستتی بەکەمەر و قەدی خۆیدا دەهێنا) لە پۆڵا پتەوترن.. کاتێکیش دێت و دەچێ وەک بوومەلەرزە ژوورەکە دەهەژێنێ، چی وێنە و تابلۆ بەدیوارەکانەوە هەیە، گشتی بەردەبێتەوە.. نەء، شتی وەک ئەو لە لا کوڵان و شەقامەکاندا نادۆزرێتەوە..

(بووتشەر) مت بوو، (گرێبەر) بەدەم بیرکردنەوەوە چاوی بەڕیستۆرانەکەدا دەگێڕا، بۆنێکی بەکەپوودا هات.. چەپکێ گوڵە وەنەوشەی گەشاوەی لە گوڵدانێکدا لەسەر لێواری پەنجەرەکە بەدی کرد، بۆنێکی خۆش و شیرین بوو، هەناسەیەک بوو گەلێ بۆی هۆش ڕفێنی پێ هەڵمژی.. ئاسوودەگی، نیشتمان، ئاوات و خەونە لەیادچووەکان، کۆمەڵێک هەستی بەهێزبوبوون، لە ناکاودا قووڵایی بوونیەوە هەڵقوڵان و هەر زوویش تەرە بوون..! کەوتەوە گێژی پشێوی و ئاوارەبوونەوە، هەستی دەکرد بارێکی هێجگار



قورسی بەکۆڵەوەیە و بەسەختە هەورازێکی بەرزدا هەڵدەگەڕێت.. هەستایە سەرپای..

– بۆ کوێ؟

– نازانم!

– چوویتە قشڵە کۆنەکە؟

– چووم، گفتی جێگەیەکیشیان پێدام.

– زۆرباشە، وەرە هۆڵی ژمارە (٤٨).

– نیازم وایە.

خانمی ڕیستۆرانەکە پەیدا بۆوە، بەتاسە و ئارەزوویەکەوە تەماشایەکی کرد.. پەشیمان بۆوە!..

– نەختێکی دیکە دادەنیشم پەرداخێکی دیکەش ئاوجۆ دەخۆمەوە..

***

شەوێکی ساردبوو، شەقامەکەی ورد ورد بەرەو قشڵە کۆنەکەی شار گرتبووە بەر، گەیشتە دووڕیانێک، چەند هێڵێکی ترام لەوێ یەکتریان دەبڕی.. هێڵە ئاسنینەکان هەڵتەکابوون، بەسەر چاڵە بۆمبایەکەوە ڕووەو ئاسمان چەمابوونەوە..

ورشەی مانگ وەک کانزایەکی تەلیسماوی بەدەرگای ماڵەکانەوە دەبریسکایەوە، بەدەم هەنگاو نانەوە گوێی لە تەپەی پۆستاڵەکانی خۆی دەگرت، وەک یەکێ دوای کەوتبێ، تەپەی پێی دەنگی ئەدایەوە..

شەقامەکان چۆڵ و تاریک، ساردو خامۆش لە ژیان دابڕابوون.. قشڵەکە لە تەپکەکەی قەراخ شار بوو، بۆمبباران نەکرابوو، ڕووناکییەکی خەست و سپی حەوشی مەشق کردنەکەی گرتبۆوە، وەک بەفری لێ بارببێ، وا دەهاتە پێش چاو..

کاتێکیش لە دەرگا سەرەکییەکەوە چووە ژوورەوە، هەستی کرد وەڵامی گشت پرسیارەکانی دراونەتەوە و گەیشتۆتە ئەنجام..

ڕابووردووی وەکو ماڵی باوکی بەجارێک هەرەسی هێنا.. بەلایەوە وەک گەڕابێتەوە بەرە وا بوو.. بەرەیەک بوو لە جۆرێکی دی. ئەگەر چیش بێ تۆپ و تفاقی تەواوی جەنگ بوو، بەڵام لەویدی هەرگیز کەمتر نەبوو!

---

١- سندووقە قەوان: گرامەفۆن –(سنووق)– فۆنۆگراف.

٢- سازئامێری هەوایی: آلات موسيقية هوائية.

٣- فیکەی ئاگاداری: صفارة انذار.

٤- شازادەی ئەمازۆنی: خانمە ئەمازۆنییەکان– ئەفسانەیەکی ئیغریقی دێرینە، گوایە تیرەیەک ئافرەتی جەنگاوەر و جەربەزە بوون وڵاتیان لە دەوروبەری دەریای ڕەش بووە.

٥- بەرگری شارستانی: الدفاع المدني.

٦- کەنیلە: آنسە– کچ

٧- ڕیستۆران: جێی خواردنەوە و خواردنی سووکەڵە– قاوەخانە.

## 10

پاش سێ ڕۆژ..

تاقمە سەربازەکەی لە هۆڵی ژمارە (٤٨)ی قشڵە کۆنەکە جێنشین ببوون، هەریەکەیان خۆی بە کارێکەوە خەریک کردبوو.

چواریان دەورەی مێزێکیان دابوو، پۆکەریان دەکرد، دوو ڕۆژی ڕەبەقە خوویان داوەتێ، مەگەر بۆ خواردنێکی پەلە، یان خەوتنانێکی درەنگ وچانێکیان دابێ!

سیانیان جارجارێک جێگەیان بۆ قومارچییانی دیکە چۆڵ دەکرد، بەڵام چوارهەمەکەیان جێگەکەی بەکەس نەئەدا.. ئەمیش سێ ڕۆژ دەبوو لەوێ دامەزرابوو.. بەسەر تەرمی ژن و کچەکەیدا گەڕایەوە، کەللەی ژنەکەی نەمابوو، بەنیشانەیەکی سەر جەستەیا ناسییەوە، پاش ناشتنی ژن و کچەکەی پەنای هێنایە قشڵەکە و ئیتر بەقومار کردنەوە گرتی، بەبێ وچان، ورتە لە دەمیەوە نەدەهات، بەڕوخسارێکی سڕوماتەوە، کە کەس هیچی لێ حاڵی نەدەبوو، قوماری دەکرد..

(گرێبەر)و چاوەش (ڕۆیتەر) لە تەنیشت پەنجەرەیەکەوە دانیشتبوون، (ڕۆیتەر) قاپێک ئاوجۆی بەدەستتەوە بوو، لاقە زامارە پێچراوەکەی ڕاکێشابوو پاژنەی پێی نابووە سەر ڕۆخی پەنجەرەکە.. بەتەمەن لە هەموویان گەورەتر بوو، بەهۆی لاقە نەخۆشەکەیەوە مۆڵەت درابوو.. هۆڵی (٤٨) تەنها بۆ مۆڵەت دراوە بێ جێگەکان تەرخان نەکرابوو، نەخۆش و برینداریشی لێبوو..

(فیلڵدمان)ی ئەندازیاریش لەجێدا بوو، ئەم بەخەوتنەوە گرتبووی، برسیی خەو بوو، دەیویست بە سێ هەفتە خەوتن، شەونخوینی سێ ساڵ قەرەبۆ بکاتەوە.. تەنها لە ژەمە خواردنەکاندا ڕەختی خەوەکەی جێ دەهێلا.. (گرێبەر) پرسیاری کرد:

– بووتشەر لە کوێیە.. نەگەڕاوەتەوە؟

– نەء، بۆ (هاستە)و (ئیبۆرگ) چووە، پایسکلێکی پەیدا کردووە پێی دەگەڕێ، کارێکی ئاسان نییە، بێ لە ئۆردووگای ئاوارەکان، دەبێ دوازدە گوندی دیکە بگەڕێ، پەناهەندە و دەربەدەرەکانیش لە هەموو لایەکەوە ڕوو دەکەنە ئەوێ، بە دەیان کیلۆمەتر لە یەکەوە دوورن، چۆن فریا دەکەوێ..؟ نازانم!

– منیش نامەم بۆ چوار لەو ئۆردووگایانە نووسیوە، پرسیاری دایک و باوکم لێ کردوون..

– جا بەتەمایت وەڵامت بدەنەوە؟

– نەء، بەڵام هەر دەیاننێرم.

– ئاڕاستەی کێت کردوون؟

– بەرپرسی ئۆردووگاکان، بۆ هەر ئۆردووگایەک نامەیەک بۆ خۆم، یەکێکیشم بۆ (بووتشەر) نووسیوە (نامەکانی لە باخەڵی دەرهێنا، نیشانی دا).. نەختێکی دیکە دەچم دەیانخەمە پۆستەوە.

(ڕۆیتەر) سەرێکی بۆ لەقاند، پرسیاری لێ کردەوە:

– ئەی سەرلەبەیانی لە کوێ بوویت؟

– لە قوتابخانە میرییەکە بووم، لەوێشەوە چوومە یاریگەی قوتابخانە ئامادەییەکە، پاشانیش بۆ



مەڵبەندێکی بەرێ کردنی لێقەوماوەکان، لە ڕێی هاتنەوەشمدا سەردانێکی فەرمانگەی ئاماری دانیشتوانی شارەکەم کرد..

یەکێ لە قومارچییەکان جێگەکەی چۆڵ کرد، خێرا یەکێکی دیکە چووە جێی، پیاوەکەی دەستی لە پۆکەرکردن هەڵگرت هاتە لایان، بەدەم دانیشتنەوە بە (گرێبەر)ی وت:

– تێناگەم چۆن دەتوانن ئاوەها دان بەخۆتاندا بگرن، من وەکو ئێوە فەرمانی مۆڵەتم لە باخەڵدا بوایە، ژوورێکی سەربەخۆم لە لایەک بەکرێ دەگرت، ئەم بەرگە سەربازییەم فڕێ ئەدا و بۆ خۆم چوارده ڕۆژی ڕەبەق وەکو مرۆڤ دەژیام..

– بۆ بەم بەرگانەی بەرمانەوە مرۆڤ نین؟

– ئەی چی؟

(ڕۆیتەر) لەگەڵ (گرێبەر)ی بوو:

– چاوت لێیە؟ فێربە، لە ژیان تێبگە، بزانە چەند ئاسانە، ئەگەر بەئاسانی بیری لێ بکەیتەوە؟ چاکەت و پانتۆڵت هەیە؟

– هەمبوو، لە ماڵەکەدا سووتان.

– ئارەزووت لێیی بێ دەستتێکی خۆمت بەخواستن ئەدەمێ.

(گرێبەر) لە پەنجەرەکەوە دەینواڕییە حەوشی قشڵەکە، کۆمەڵێک سەربازی نوێی لێ بوو، مەشقیان دەکرد.. وتی:

– چەند گەمژ و گەلۆر بووم، تا لە ڕووسیا بووم دەمگوت هەر ئەوەندەی بگەمەوە وڵات، ئەم بەرگانە فڕێ ئەدەم، کەچی ئێستاکە بەلامەوە گرنگ نییە.

قومارچییەکە بەدەم خواردنی پارچەیەک سۆسێجی جەرگەوە وتی:

– ئێستاکە..؟ ئێستاکە تۆ کابرایەکی ساویلکەی نیشتەجێی ئەم قشڵەیەیت، ئاژەڵێکیت نازانیت بەرژەوەندیت لە چیدایە.. گەلۆرییە پیاو دەرفەتێکی وەکو ئەمەی تۆی بۆ هەڵکەوێت و نەزانێ چۆن کەڵکی لێ وەربگرێ! (نەخێر خۆی پێ نەگیرا هەستایەوە سەرپێ و گەڕایەوە کۆڕی قومارەکە، چوار مارکی بە ڕۆمێل دۆڕاندبوو، پزیشکەکانیش ڕاپۆرتی چاکبوونەوەیان مۆرکرد بوو، دەبوایە ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ بکرێتەوە.. بۆیە وا تاڵ ئەدوا..).

(گرێبەر) ڕاستبۆوە، (ڕۆیتەر) پرسیاری لێکرد:

– بۆ کوێ؟

– نامەکان ڕەوانە دەکەم، ئەمجا گەشتێکی دیکەی سۆراخکردنی دایک و باوکم لێرە و لەوێ دەکەم.

(ڕۆیتەر) شووشە بەتاڵەکەی دانا.. وتی:

– مۆڵەتەکەت لەبیرنەچێت، ئەم جۆرە ماوانە زۆر زوو بەسەردەچن!

(گرێبەر) بەجۆشەوە وەڵامی دایەوە:

– دڵنیابە فەرامۆشی ناکەم.

(ڕۆیتەر) قاچە پێچراوەکەی بەترسەوە داگرت، درێژی کرد:

– مەبەستم ئەوەیە لە پرسیارکردنی دایک و باوکت درێغی نەکەیت، لە هەمان کاتیشدا کەڵک لە ماوەی مۆڵەتەکەشت وەرگرە، خودا دەزانێ کەی هەلێکی دیکەی وات بۆ ڕێکدەکەوێتەوە..

– ڕاست ئەکەیت، ئەوسایش پەشیمانی قەرەبۆی هیچم بۆ ناکاتەوە..

– زۆر باشە، تا بەم شێوەیە بیر بکەیتەوە ئومێدم پێت هەیە.

(گرێبەر) بەرەو دەرگای هۆڵەکە جما، بەلای پۆکەرچییەکاندا ڕەت بوو تەماشایەکی کارتەکانی (ڕۆمێل)ی کرد، ڕوایەک و چوار کوڕی پێبوو.. دەستتێکی بەهێز بوو، بەڵام لە ڕوخساری بەردینی بەهێزتر نەبوون، هەر بەو دەموچاوە گرژ و مەییوەی بوو هەموویانی نابووت کردبوو، کەس بەرگەی نەدەگرت.. بۆڵە لە زەلامەکەی (گرێبەر)ی بەئاژەڵ دایە قەڵەم بەرز بۆوە:

– هەی بەد، تالآن کرام.. نازانم چی بەم شانسە قەڵبەم بڵێم.

– ئەرنەست؟! (یەکێک زۆر بەسەرسوڕماوی ناوی هێنا) ئاوڕی دایەوە، لاوێکی کورتەبالآ زەق زەق لێی ورد دەبۆوە، هەرچەندە بەرگێکی تایبەت بەسەرۆک هەرێمانی نازیی پۆشیبوو، بەڵام شێوەی خاوەنی ئەو دەموچاوە خڕە کولّم سوورە و ئەو جووتە چاوەی کردەوە.. ناسییەوە:

– بیندینگ؟! ئەلفۆنس بیندینگ؟

– بەڵێ خۆیەتی.

(بیندینگ) شادمانیی خۆی بەدیتنی (گرێبەر) دەربڕی:

– ئەوە تۆیت، لەکوێیت کابرا.. ئای کە دەمێکە بزریت، لە کوێوە سەرت هەڵداوە؟

– ڕووسیا.

– کەواتە بەسەردان گەڕاویتەوە، دەبێ ئاهەنگێک بەم بۆنەیەوە بگێڕین، وەرە با بچینەوە ماڵێ.. لێرەوە نزیکە، کۆنیاکێکی چاکیشم هەیە.. هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم چاوم بەیەکێ لە هاوڕێیانی قوتابخانە بکەوێتەوە، هاوڕێیەکی جەنگاوەری وەکو تۆ کە ئەوەندە نییە بەسەردان لە بەرەکانی جەنگ گەڕاوەتەوە.. دەبێ بەخۆشی ئەم بەیەک گەیشتنەوەیەمان لەو کۆنیاکە بخۆینەوە..

(گرێبەر) هەر لێی ورد دەبۆوە، چەند سالێک هاوپۆلی یەک بوون، گەر جارجارێک هەواڵی نەبیستایە بەجارێک لەیادی دەچوو، دەیزانی کە لە ڕیزەکانی نازی کار دەکات و دەستیشی دەڕوات.. ئەوەتا ئێستاش شاد و بێ خەم لەبەردەمیا قووت بۆتەوە..

– دەی ئەرنەست با بڕۆین (زۆری لێکرد) چاوەڕوانی چیت، ئەوەندە گیرومۆن مەبە..

(گرێبەر) سەری بادا:

– ناتوانم.

– شتی وا نییە، دەبێ برادەرایەتییەکەمان دەمە زەرد بکەینەوە، یەک دووقومێک پێکەوە بخۆینەوە..

لە جلوبەرگەکەی (بیندینگ) ورد دەبۆوە، بیری کردەوە.. (..ئەندامێکی نازیی خاوەن دەسەڵاتە، لەوانەیە بۆ دیتنەوەی دایک و باوکم سوودی هەبێت.. بەڵێ بەم بەرگەی پۆشیویەتی دیارە شتە).



– باشە ئەلفۆنس، فەرموو بابڕۆین.

– شادمانت کردم ئەرنەست، ماڵەکەم لێرەوە زۆر دوور نییە..

***

(بیندینگ) ڕاستی نەکرد، خانووەکەی نزیک نەبوو!

کۆشکێکی گچکەی سپی بوو، لە کەناری شار، دوور لە ژاوەژاوی ڕۆژانە و وێرانکارییەکانی جەنگەوە، لەنێو باخچەیەکی بەرین و گەشدا قووت ببۆوە، هەر چوار دەوری بەدار و درەختی شۆخ و چڕ بازنە درابوو، جۆرەها هێلانەی دەستکردو قەفەسی ڕەنگینیان پیادا شۆڕ ببۆنەوە، بۆ پەنادانی باڵندەکان هەڵواسرابوون، پرژەی ئاو وەکو باران لە ئاو پرژێنێکەوە دەباری.. درەختەکانی دەشۆردەوە..

(بیندینگ) پێش کەوت، چوونە ژوورەوە، هەر لەودیو دەرگاکەوە، دیوارەکان بەکەللە سەری ژمارەیەک ئاژەڵی کێوی ڕازابوونەوە، (گرێبەر) حەپەسابوو، بەسەرسامی چاوی لە نێوانیاندا دەگێڕا!

– دیارە ڕاوچییەکی بلیمەتیت ئەلفۆنس؟

ورتە ورتێک لە بیندینگەوە هات:

– نەء، لە ژیانمدا دەستتم نەداوەتە تفەنگی ڕاو، ئەم کەللەسەرانەم لێرەو لەوێ کۆ کردۆتەوە.. جوانن.. جیرمانین، وانییە؟

خۆیان بە ژوورێکی پۆشتەدا کرد، پڕی لە کەلوپەلی گرانبەها بوو، بەمۆکێت و ڕاخەری نایاب ڕاخرابوو، دیوارەکان بەجۆرەها تابلۆی نێو چوارچێوەی بەنرخ، ڕازابوونەوە، گەلێ کورسی و مۆبێلەی بەچەم تێگیراو پرشوبلآو بە ژوورەکەدا دابەش کرابوون.. پرشوبلآوییەکی بەسەلیقە بوو..

(بیندینگ) بەکەشخە و فیزێکەوە دەیگوت:

– چۆن ژوورێکە ئەرنەست، لەبارە وا نییە؟

(گرێبەر) سەری بۆ لەقاند.. نازی بەتەنگ ئەندامانیەوە دەهات، هەمیشە بایەخ بەگوزەرانیان ئەدات.. (بیندینگ) کوڕی شیرفرۆشێکی هەژار بوو، باوکی بەکولەمەرگی گەیاندییە خوێندنی ئامادەیی..

– دانیشە ئەرنەست، بنواڕە ئەو تابلۆیە، کاری (ڕۆبێنز)ە[١].

– کێ؟!

– ڕۆبێنز، ئەو دەعبایە دەڵێم لە ژوور پیانۆکەوە هەڵواسراوە! (دەستتی بۆ تابلۆکە ڕاکێشا).

دیمەنی ژنێکی قەڵەوی لەش پڕ بوو، لەگوێ چەمێکدا وەستابوو، تیشکی خۆر لەسەر پرچە زەردەکەی دەشکایەوە.. (گرێبەر) شتێکی هاتەوە یاد.. (ئەمە ئەوەیە.. بووتشەر– لەدووی دەگەڕێ).. وەڵامی (بیندینگ)ی دایەوە:

– جوانە.

– جوانە؟!.. هەر ئەوەندە؟ کابرا، بڵێ نایابە، شتێکی دەگمەنە.. زۆر بەهەرزان لە چنگی یەکێکم دەرهێنا، داماوە ئەو ساتە کڕیبووی.. بەدڵتە؟

– بەڵێ، هەرچەندە شارەزایییەکی ئەوتۆشم لەم جۆرە هونەرانەدا نییە، بەڵام یەکێک دەناسم چاوی پێی بکەوێت شێت و هار دەبێت.

– بەڕاست؟ دەبێ ئەو زەلامە مەراقی کۆکردنەوەی بابەتی ئەنتیکەو دەگمەنی هەبێت.

– نەء، بەڵام لە هونەری ڕۆبێنز گەلێ شارەزا و پسپۆڕە.

– شادمانت کردم، قەت لەو باوەڕەدا نەبووم ڕۆژێ لە ڕۆژان ببمە خاوەنی بابەتێکی هونەریی نایاب (برێ لە «گرێبەر» ورد بۆوە).. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە باسێکی خۆتم بۆ بکەیت، گوزەرانت چۆنە؟ چی دەکەیت؟ چیت پێویستە؟ (خەندەیەکی زۆرزانی کەوتە سەرلێو) بەندە دەستتی دەڕوات.. چیت دەوێ بڵێ.

هەڵوێستەکەی (بیندینگ) کاری تێکرد، لەو ڕۆژەوە گەڕاوەتەوە، یەکەم جارە بێ گومان و سڵ کردنەوە، بێ خۆ گێل کردن و خۆدزینەوە، لەگەڵ یەکێکی دیکە بدوێ.. یەکێکە دەستتی کۆمەک و یارمەتی بۆ درێژ دەکات.

– دایک و باوکم بزرن، لەم شارە نین، لەوانەیە ڕەوانەی لایەک کرابن، یان پەنایان بردبێتە گوندێک لەم گوندانەی دەوروبەری شار.. نازانم چۆن بیاندۆزمەوە؟

(بیندینگ) لەسەر تاکێ قەنەفەی گەورە پاڵی لێدابۆوە، مێزێکی گچکەی سیغارکێشانی لە تەکەوە بوو.. هەردوو لاقی درێژ کرد.. پێڵاوەکانی بریقەیان دەهات:

– ئەوانەی بزر دەبن بەئاسانی نادۆزرێنەوە.. با بزانم چیم لەدەستت دێت، یەک دوو ڕۆژێک لەسەرم بوەستە، لەوانەیە شتێک دەربارەیان ببیستین، درەنگ و زوویی زانینی هەواڵیان پەیوەندیی بەجێوڕێی ئێستایانەوە هەیە.. هەموو شتێک شپرزەیە.

– بەڵێ.

(بیندینگ) هەستایە سەرپێ، شووشەیەک مەی و دوو پەرداخی لە بۆفیەیەکی خنجیلانەی ناسکەوە دەرهێنا.

– با قومێک لەم ئارمانیاکە[۲] چاکە بخۆینەوە، ئارمانیاکێکی ساغە، لە کۆنیاک خۆشترە.. بەخۆشیت.

– بەخۆشی تۆشەوە ئەلفۆنس.

پەرداخەکانی پڕ کردەوە:

– بەشەو لە کوێ دەخەویت؟ لای خزمانت؟

– خزمانمان لێرە نییە، لە قشڵە کۆنەکە دەخەوم.

(بیندینگ) پەرداخەکەی لەسەر تەپڵەکەکەی تەنیشتیەوە دانا:

– قسەی قۆڕ دەکەیت ئەرنەست..! بەمۆڵەت هاتوویتەوە و گەرەکتە ماوەکەت لە سوپاگەکاندا ببەیتە سەر؟ بۆ نایەیتە ئێرە، من جێگەم زۆرە، ژوورێکی خەوتن بەگەرماوە هەموو پێداویستییەکی دیکەوە لە خزمەتتدایە، دەتوانیت میوانداریی خانمانیش بەئەوپەڕی ئازادی بکەیت..



– پێی دەچێ بەتەنها بژیت؟

– بەڵێ، ئەی لەتۆ وایە ژنم هێناوە؟ ئەوەندە گەمژ نیم، پلەو پایەم وەکو مێش خانمانم لێ کۆ دەکاتەوە، هیچت لێ ناشارمەوە، گەلێ خانمی خانومان بەکرنۆش کرنۆشم بۆ دێنن تا ئاوڕێکیان لێ بدەمەوە.

– بەڕاست؟!

– بەڵێ کرنۆش.. باوەڕم پێ بکە دوێنێ کەنیڵەیەکم لابوو.. کەنیڵە چ کەنیڵە..؟ خانمێکی خانەدان، پرچێکی سووری ئاگرین، سینگێکی نایابی قووت.. پەچەیەکی شاش و تەنکی بەڕوخساریا دادابوو.. هەر لێرە لەسەر ئەم مافوورە کرنۆشی بۆ بردم، دەگریا و دەپاڕایەوە، ئامادەی هەموو شتێک بوو تەنها داواکاریشی ئەوە بوو پیاوەکەی لە زیندان قورتار بکەم..

(گرێبەر) زەق لێی ورد دەبۆوە:

– ئەوەندە دەستتت دەڕوات؟

– لە توانامدایە بەهەزاران لە بەندیخانە نێم، بەڵام قورتارکردن نەء، ئەمەم بەو خانمە نەگوت.. دەی پێم بڵێ بڕیاری چیت دا، دێیتە ئێرە؟ ئەوەتا وەکو دەیبینی شوێنێکی خۆش و لەبارە، کاتی خۆشی تێدا دەبەیتە سەر..

– ڕاست دەکەیت، بەڵام بەداخەوە ناتوانم، ناونیشانی قشڵەکەم داوە هەواڵی دایک و باوکمی پێ بگات.. ناتوانم لەوێ دووربکەومەوە..

– قەیچی ئەکا.. بەخۆت بەرژەوەندیی خۆت دەزانیت لەچیدایە، بەڵام هەرگیز ئەوە فەرامۆش مەکە کە دەرگای ئەمماڵەم هەموو کاتێک لە ئاستتنا کراوەیە، جێو ڕێی خاوێن، خواردنی چاک و بەتام، ئارەزووت لە چی بێ لێرە لە خزمەتتدایە، ئازاد بی و بچۆ..

– سوپاست دەکەم ئەلفۆنس، پڕ بەدڵ سوپاست دەکەم.

– ئەم قسانە مەکە، ئێمە هاوڕێی یەکین، دەبێ بەتەنگ یەکەوە بین (خەندەیەکی بەلێوەوە بوو).. تاقی کردنەوەکانی قوتابخانەت دێتەوە یاد.. لەیادتە چۆن چۆنی یارمەتیت ئەدام (بیری کردەوە).. ئەی بۆرمایستەر؟

– مامۆستاکەی بیرکاری؟

– دەم خۆش، بەڵێ ئەو، ئەو گەلۆرە بووە هۆی دەرکردنم لە قوتابخانە، چۆن نایەتەوە یادت؟.. مەسەلەکەی (لووسی).. (لووسی ئەدلەر) کیژەکەی..

– بەڵێ.. بەڵێ (هیچیشی لەیاد نەبوو!).

– تکام زۆر لێکرد مەسەلەکە گەورە نەکات، بێ سوود بوو، ئەو شەیتانە دڵی نەرم نەبوو، دەینەڕاند.. مەسەلەکە ئابڕووچونە، ئابڕوو.. هەر دەبێ بەسزای خۆت بگەیەنم، مەگەر خودا بزانێت چی دیکەی بۆ هۆنیبوومەوە، ئای لەو کوتاندنەی باوکم کوتامی، هەر کوشتمی.. بۆرمایستەر! (ناوی مامۆستاکەی بە بێزکردنەوە هێنایەوە..) بەڵام نەمهێشت بەسەریەوە بچێ، ڕۆژی دەستەڵاتی منیش هات، تووشم کرد، لەپێشان بەبێ لێپرسینەوە شەش مانگی تەواو لە یەکێ لەو ئۆردووگایانەی خۆمان دەیزانین قایم کرد..

ئەمجا ناردم بە دوویا، خۆزگە چاوت لێی بوایە، لەباری ئامادەباشیدا بەبێ لەرە لەبەردەممدا وەستا، چاوی نە ئەترووکاند، هەر ئەوەندەی چاوی پێم کەوت وەختە بوو خۆی پیس بکات.. بەڵێ پەروەردەی کردم، منیش پاداشتی ئەو چاکەیەم دایەوە.. توخوا بەزمێکی سەیرم پێ نەگێڕاوە؟

– با...

(ئەلفۆنس) بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– ئەم شێوە تۆڵەسەندنەوانە ئارام بەمێشک و دەروون ئەدەن، هەلێکن بۆ هەموو کەسێک ڕێ ناکەون، مەگەر ئێمەومانان، ئەویش بەهۆی پارت و ئەو دەستەڵاتەی پێمان دراوە بۆمان دەڕەخسێ (چاوی لە «گرێبەر» بوو هەڵدەستتێت) چی دەکەیت؟ دەڕۆیت..!

– هەست دەکەم برێ ناساغم، دەبێ بچم.

(بیندینگ) سەرێکی بادا، بەئاغرییەکەوە وتی:

– ناتوانم ڕێت لێ بگرم، هەموو ئارەزوویەکت جێی ڕێزە، بەڵام زۆریشم پێ ناخۆشە کە دەڕۆیت، باوەڕم پێ دەکەیت.. وا نییە؟

– بەڵێ ئەلفۆنس.. جارێکی دیکە سوپاست دەکەمەوە (ئارەزووی لەو باسانە نەبوو کە بیندینگ دەیکردن).. دووسبەی سەرت لێ ئەدەمەوە..

– سبەی.. سبەی پاش نیوەڕۆ کاتژمێری شەش و نیو چاوەڕوانیت دەکەم.

– دێم.. ئاخۆ بگەینە هیچ ئەنجامێک؟

– لەوانەیە، بابزانین چۆن دەبێ؟ هەر چۆنێک بێ قومێک پێکەوە دەخۆینەوە.. پێم بڵێ پرسیاری خەستەخانەکانت کردووە؟

– لەوێ نین.

(بیندینگ) سەری بادا:

– هەر بۆ دڵنیا بوون سەرێکیش لە گۆڕستانەکەی شار بدە..

– گۆڕستانەکە؟.. ئەوێم بەبیردا نەهات، نەچووم.

– بچۆ، هەندێ تەرمی نەناسراوی لێیە، ناویان نییە.

– بەیانی دەچم.

– چاکە، ئێوارەکەشی لای من، ئێمەی کۆنە برادەر دەبێ ئاگامان لەیەک بێ، لەوانەیە گرینگی مرۆڤێکی وەکو من نەزانیت تا چ ڕادەیەکە.. نییە ئیشی تێم نەکەوێت..

– منیش ئیشێکم هەبوو.

– نەء ئەمەی تۆ جیایە، مەبەستم ئەوانەیە دووی تاریاری و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان دەکەون (قاپە ئارمانیاکەکەی بەرز کردەوە، دەمەوانەکەی توند کردەوە..) بگرە ئەرنەست ئەم ئارمانیاکە ببە، شتێکی نایابە، پێویستیت پێی دەبێت.. (هەستایە سەرپای، ڕووەو دەرگەی سەر ژوورێکی دیکە جما، ملی لە دەرگاکەوە برد بەو دیودا، یەکێکی بانگ کرد).. خاتوو کلاینێرت.. پارچە کاغەزێک یان کیسەیەکم بۆ بێنە.



– پێویستی بەم ئەزیەتە ناکات ئەلفۆنس.

(بیندینگ) زۆری لێکرد:

– دەبێ بیبەیت، وەریگرە، گەنجینەکەم پڕی لەم بابەتانەیە.. (کیسەکەی وەرگرت، شووشەمەیەکەی خستە ناو).. ئومێدەوارم ڕۆژێکی شاد بەریتە سەر ئەرنەست.. ڕابوێرە، سبەی ئێوارەش یەکتری دەبینینەوە، وا نییە؟

***

قورس هەنگاوی دەنا، هەڵوێستەکەی (ئەلفۆنس) کاری تێکردبوو.. بیری دەکردەوە.. (لێپرسراوی هەرێمە، ئەندامێکی دەستڕۆیشتووی نازییە، یەکەم کەسە وا بەگەرمی باوەشم بۆ بکاتەوە..) شووشە مەیەکەی نایە گیرفانییەوە.

دەمەو ئێوارە لە شەقامی هاکن بوو، ئاسمان وەک پارچە گەوهەرێکی پان و بەرین ئەدرەوشایەوە، ڕەنگی مۆری ئێوارە، لە کەلاوەکاندا پەنگی خواردبۆوە.. لەبەردەم دەرگاکەی کاغەزەکانی پیادا هەڵواسرابوون ڕاوەستا.. نامەکەی نەما بوو! وا بەبیریا هات بەدەم باوە ڕۆیشتبێت.. نەء ئەگەر وا بوایە دەرزییەکان لەجێی خۆیاندا دەمان! دەبێ دەستتی یەکێکی پێ گەیشتبێت، هەستی کرد خوێن لەدڵیا بەخێرایی دەبزوێ، قوڵپ ئەدات و گەرم هەڵدەقوڵێ، چاوی بەکاغەزە هەڵواسراوەکاندا گێڕایەوە، نەء ئەوەی ئەمیان لەنێواندا نییە.. بەپەلە چووە سەر شوێنەوارەکەی ماڵی باوکی، کۆپییەکەی لەوێ داینا بوو لەجێی خۆیدا بوو، دەستتی داێ، تەماشای کرد، لەوەی خۆی نووسیبووی هیچی دیکەی لەسەر نەبوو، چاوێکی وێڵ و ئاوارەی بەو دەوروبەرەدا گێڕا.. لە دوور شتێکی لەسەر شەقامەکە بەدی کرد، وەکو باڵی باڵندەیەکی سپی، دەشەکایەوە.. بەغار بۆی چوو، نامەکەی خۆی بوو! هەڵی گرتەوە، ورد سەیری کرد، دیار بوو کە یەکێک بە ئەنقەس لە دەرگاکەی کردۆتەوە، لە سووچێکیا بەهێڵێکی لار نووسرابوو –دزی مەکە..!– حاڵی نەبوو، بەڵام کاتێک کە چاوی بەچوار دەرزییەکە کەوتەوە بەنامەی دایکەکەوەن، تێگەیشت چ باسە.. دایکەکە دەرزییەکانی خۆی سەندبۆوە و (گرێبەر)یشی تەمێ کردبوو.

گەڕایەوە سەر وێرانەکەی ماڵی باوکی، چاوی گێڕا، کورسییە سوورەکە نەمابوو! لە جێی کورسییەکە هەندێ گۆڤارە کۆنی بەدی کرد، زۆر بەدەرەوە نەبوون، ببوون بەژێر داروبەردەکەوە، دەری هێنان زەرد هەڵگەڕابوون، فڕێی دانەوە و کەوتەوە پشکنین، کتێبێکی بەکراوەیی دییەوە، ناسییەوە، کتێبێکی کۆنی قوتابخانە بوو، بەرگەکەی هەڵدایەوە، ناوێکی دی، کاڵ ببۆوە، ناوی خۆی بوو!

کتێبی وانەی ئایین بوو، بەسەدان پرسیار و وەڵام و ئامۆژگاری ڕازابۆوە، تەڕوتووشی کاریان لە پەڕەکانی کردبوو، زەرد هەڵگەڕابوون، هەڵی ئەدانەوە و چاوی لێ نەئەترووکاندن، هۆشی پەرەوازە بوو، نەیدەزانی چییە گێژی ئەدات، هەموو شتێک لەبەر چاویا دەخولایەوە.. شارە وێرانەکە بوو؟! یان ئەو ئاسمانە ماتە ڕەنگ نایابە بوو.. یا ئەو کتێبە زەرد هەڵگەڕاوەی نێو دەستتی بوو کە وەڵامی هەموو پرسیار و گرفتەکانی گێتی و ئادەمیزادی تێدا بوو؟

کتێبەکەی لەلایەکەوە دانا، کەوتەوە پشکنین، هیچی دیکەی نەدییەوە، ماڵیان لە نهۆمی دووەمی

خانووەکەدا بوو، چەند نهۆمێکی دیکەیان بەسەرەوە بوو، هەر هەمووی بەسەر نهۆمەکەی ئەماندا هەرەسی هێناوە، بۆیە کەلوپەلەکانیان زۆر کەوتبوونە ژێرەوە، ئەو کتێبەش بەرێکەوت کەوتبووە سەرەوە، بەهۆی سەنگە سووکەکەیەوە تەقینەوەکە هەڵیداوە و پاشان هێدی هێدی بەربۆتەوە، بۆیە زۆر لە ژێرەوە نەبوو.. تەماشای کردەوە، وەک کۆترێکی تەنها دەهاتە پێش چاوی، کۆترێکی سپی بێ هاوەڵ بوو، بەهەموو پرسیار و وەڵامەکانیەوە لە شەوگاری پڕ ژان و مەرگ تەرە نەبووبوو، لانەی خۆی جێ نەهێشتبوو..

(گرێبەر) هەر لەوێ مایەوە، سروەیەک هەڵی کرد وەک یەکێکی نادیار کتێبەکە بخوێنێتەوە، پەڕەکانی یەک یەک هەڵئەدرانەوە.. چەند تێبینیەکی بەدەستنووسی خۆی لە پەراوێزی هەندێ لاپەڕەدا دییەوە، ڕستەیەکی خوێندەوە.. (یەزدان زانایە، لە هەموو شتێک ئاگادارە، خاوەنی داد و بەزەییەکی بێ سنوورە)..

قاپە ئارمانیاکەکەی لە باخەڵی دەرهێنا، قومێکی لێدا، ئەمجا هەستایەوە سەرپای و لەو ناوە دوورکەوتەوە، کتێبەکە بەتەنها لەوێ مایەوە..

تاریکی داهات، سروشت بەرگی خامۆشی پۆشی، بەگۆڕەپانی کارڵدا تێپەڕی، جەستە و دەروونی بەجارێک ماندوو ببوون، هۆشی بەلای خۆیەوە نەمابوو، لە نزیک پەناگە گشتییەکە خۆی بەیەکێک دا.. ئەفسەرێکی باریکەلە بوو، لە (گرێبەر) تووڕە بوو:

– نابێ هۆشت بێ؟

(گرێبەر) ملی درێژ کرد، لە ئەفسەرەکە وردبۆوە، بەدەم پرمەی پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ گەورەم، لەمەودوا هۆشیارتر دەبم (لۆدفیگ)ی بەڕێز..!

ئەفسەرەکە بەنیگایەکی تووڕەوە لای لە (گرێبەر) کردەوە، هەنگاوێک لێی هاتە پێشەوە و لەپڕێکا هاواری کرد:

– ئەمە کێیە؟.. ئەرنەست (لۆدفیگ فیلمانی برادەری بوو).. ئەمە تۆیت؟ وا دیارە بەمۆڵەت گەڕاویتەوە.

– بەڵێ، ئەی تۆ؟

– من مۆڵەتەکەم تەواو، دەبێ هەر ئێستا پەیوەندی بەهێزەکەمان بکەمەوە.

– کاتەکەت چۆن بردە سەر؟

– هیچی تیا بەسەر نەبوو، ئەمجارە ئەگەر گەڕامەوە بەشێوەیەکی دیکە دەیبەمە سەر، کەس لە هاتنەوەم ئاگادار ناکەمەوە، دەچمە شوێنێک کەس ڕێی پێ نەبات.. ئیتر هەرگیزاو هەرگیز خۆم بەماڵ و کەسوکارەوە نابەستمەوە.

– بۆ، چی ڕووی داوە؟

دیار بوو (فیلمان) زۆر پەست و داخ لەدڵ بوو:

– دایک و باوکم! نازانیت چییان پێ کردم ئەرنەست؟.. پێم بڵێ، چەند ڕۆژە گەڕاویتەوە؟

– چوار ڕۆژە.



– ئەگەر پەلەت نەبێ، شتی سەیر سەیر دەبینی!

(فیلمان) خەریکی جگەرەیەک بوو دایگیرسێنێ، باکە ئاگرەکەی دەکوژاندەوە، (گرێبەر) چەخماخەکەی خۆی پێدا، بڵێسەی ئاگرەکە دەموچاوی ڕووناک کردەوە، ڕوخسارێکی سووربادوی باریکەلەی هەبوو، (فیلمان) بەدەم دووکەڵ بەبا کردنەوە وتی:

– لەوان وایە منداڵەکەی جارانم، شەوێک دواکەوتمایە بەبۆڵە بۆڵ سەرکۆنەیان دەکردم، بەوان بێ شەو و ڕۆژ لە باخەڵیاندا بم، کاتێک کە خۆم کردەوە بەماڵا بەشینوشەپۆڕ پێشوازییان لێکردم، نیوەی ماوەکە بەو شێوەیە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی، نیوەکەی تریشی بەبۆنەی ئەوەی مۆڵەتەکەم بەرەو کۆتایی دەچێت بەهەمان شێوە چووە سەر..!

– ئەی باوکت، خۆ ئەو لە جەنگەکەی پێشوو سەرباز بووە و بەهای ئەم جۆرە کاتانە دەزانی، لە هەست و ئارەزووی سەربازان حاڵییە!

– ئەوەی گرنگە لەیادی چووە، هەموو مەراقێکی ئەوە بوو نەهێڵێ بەتەنها بچمە دەرەوە، بۆ هەر شوێنێک بچوومایە پێمەوە دەنووسا، شانازیی بەم میدالیانەی سەر سینگم دەکرد.. لە نەوە کۆنەکەیە، ئەمانە هەرگیز لە ئێمە تێناگەن، نەکەی تۆیش وەکو منت بەسەر بێ..

– نەء.

– مەبەستیان خراپ نییە، ئیتر ناز و خۆشەویستییەکەیە و بەو شێوەیە دەردەبڕن! نەگبەتییەکە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی وا سەر لەپیاو دەشێوێنن نەیپەرژێتە سەر هیچ، کارێکی وای پێدەکەن هەمیشە هەست بکات سپڵە و شەرمەزارە.. (خانمێکیان بەلادا ڕەت بوو، فیلمان لەدواوە لێی ورد بۆوە، گۆرەوییە نایلۆنەکانی لە تاریکاییەکەدا دەبریسکایەوە).. بەڵێ، ئیتر بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانیت ماوەی مۆڵەتەکەت بەسەر دەچێ، ئەوە هەموو دەستکەوتێکی من بوو لە هاتنەوەم.. بەتەماش بوون تا وێستگەی شەمەندەفەرەکەش دووم کەون، نەمهێشت، بەڵام کێ دەڵێ ئێستاکە ئەوان پێشم نەکەوتوون و لەوێ نین؟!..بەبێ هیچ گومانێک لەوێن.. خۆیان بۆ ماتەمی ڕەوانە کردنەوەم ئامادەکردووە (دایە قاقای پێکەنین).. ئەرنەست، تۆ دروست دەستپێبکە، هیچ نەبێ ڕۆژانی شەممو خۆتیان لێ بدزەرەوە، بیانوویەک بدۆزەرەوە، بڵێ بەرنامەیەکی خوێندنم هەیە، یان بڵێ کارێکی گرنگم هەیە.. شتێک بدۆزەرەوە با وەکو منت بەسەر نەیێت و دەستتت لە بنی هەمبانەکەوە دەرچێ.. نەکەی ماوەکەت وەکو قوتابییەکی ژیر و پاک و تەمیز ببەیتە سەر!

– خەمت نەبێ، دڵنیابە کە وەکو تۆم بەسەر نایێت!

هەردوو دەستتی (گرێبەر)ی گوشی:

– ئومێدم پێتە.. بەڕاست سەردانی قوتابخانە کۆنەکەمانت نەکردووە؟ مەچۆ، پیاو بێزی لێ دێتەوە، تەنها پیاوێکی لێبوو لە مامۆستا بکات، ئەویشیان دەرکردووە، مەبەستم (بۆلمان)ە، مامۆستاکەی ئایین، لەیادتە وا نییە؟

– بەڵێ، خۆزگە دەمبینی..

– نەکەی شتی وا بکەیت، ناوی خراوەتە لیستی ڕەشەوە، لەگومان لێکراوەکانە، خۆت تووش مەکە، کاتێک بەخۆت دەزانی ڕەوانەی کونێک کراویت نازانیت کوێیە! ئاگات لەخۆت بێ ئەرنەست (سەری بە تەوسێکەوە بادا).. ژیانێکی کورتی بێ وێنەیە دەیبەنە سەر.. ئەی وانییە؟

– دەست کێ دەکەوێ..؟ بەخۆڕایی هاتووچۆی وڵاتان دەکەین، سێ ژەمە خواردنمان بەخۆڕاییە، جگەرەی ئیف، جلوبەرگی هاوینە و زستانە.. ناشتنیشمان هەر لەسەر میرییە.. ژیانێکی نایابە؟

– تەڕەماشە.. خودا دەزانێت کەی جارێکی دیکە چاومان بەیەک دەکەوێتەوە (دەستتی «گرێبەر»ی بەردا، بەخەندەیەکی غەمناکەوە دوور کەوتەوە و لە تاریکایی چڕی ئەو ئێوارەیەدا بزر بوو..).

(گرێبەر)یش ڕێی گرتەوە بەر، نەیدەزانی ڕوو بکاتە کوێ، شارەکەی لێ ببووە گۆڕستانێکی گەورە، توانای گەڕان و پرسیارکردنی نەمابوو، زانی کە ئیتر دەبێ دان بەخۆیدا بگرێ، کۆڵ بدات و بەو گوزەرانەی قایل بێ.. شەوگارێکی دوورو درێژی پڕ ترس و پشێوی لەبەر بوو، نەیدەویست بچێتەوە قشڵەکە، ئارەزووی سەردانی هەندێ لە ناسیاوانیشی نەبوو، توانای گوێگرتنی لە سەرەخۆشی و دڵدانەوە سواوە بێ تامەکان نەمابوو، دەینواڕییە بانە ڕووخاوەکان، تا لە بەرەی جەنگ بوو خەونی بەگەلێ شتەوە ئەدی، بەتەمای گەلێ شت بوو.. دوورگەیەکی شاد و ئارام، ماڵ و گوزەرانێکی بێ خەم و ئاشووب، پەنایەکی گەرم و بەسۆزی حەوانەوە..

لەوانەیە ئەم شتانە هەبن.. بەڵام خەونەکانیش دەمێکە لە زێدانی نەزۆکی بێ ئومێدیدا بەناخی نەهاتنەدیدا چوون.. شاڵاو و شەپۆلی یەک لەدوای یەکی پەلاماردانی ڕووسەکان هەڵیبڕیبوون، لە هێڵ و سەنگەرەکانیان هەڵکەندراون.. جەنگ هەموو لایەکی گرتۆتەوە، لە هەموو کون و کەلەبەرێکدایە، لە ناخی دڵ و قوڵاییەکانی دەروونیشدا هەڵگیرساوە و کڵپە دەکات!

گەیشتە بەر سینەمایەک، بە بەر قاپییەکەیدات ڕەت بوو، نەخێر پاشەوپاش گەڕایەوە، بەبێ ئەوەی بنواڕێتە یافتە و پڕوپاگەندەی فلیمەکە خۆی بەهۆڵی سینەماکەدا کرد.. ئەوێ لە دەرەوە ڕووناکتر بوو!.. دانیشتنی ئەوێی بەلاوە لە پیاسەی کووچەو شەقامەکان.. لە دانیشتنی ڕیستۆران و مەیخانەکان... چاکتر بوو.

---

١– پیتر پۆڵ ڕۆبینز (١٥٧٧–١٦٤٠) لە نیگارکێشە بەناوبانگەکانی جیهانە، لە بەلجیکا ژیاوە، ڕووداو و کارەساتە ئایینییەکانی کردۆتە کەرەستەی زۆربەی کارە هونەرییەکانی.

٢– ئارمانیاک: جۆرێک خواردنەوەی ئەلکهولییە.



# 11

تیشکە نەرمەکانی خۆر باوەشیان بەهەموو گۆڕستانەکەدا کردبوو.

بۆمبایەک ڕاست لەبەردەم دەرگا سەرەکییەکە بەر ببۆوە، دەرگاکەی هەڵتەکاندبوو، پارچەی بۆمب و تەڵەزمی کێل و خاچە بەردینە هەڵتەکاوەکان پڕ بەگۆڕستانەکە پرش و بڵاو ببوونەوە.. تەقینەوەکان چەند درەختێکی زلەیان هەڵکەندبوو، سەرەوژێر گیرسابوونەوە، ڕەگوڕیشەیان لە ئاسماندا بوون، لق و گەڵا سەوزەکانیشیان لە کۆمەڵە ڕەگێکی سەوز و ناسکی درەختێکی ئەفسووناوی دەچوون، بەدەم شەپۆلێکی شێت و وێڵەوە لەبن دەریایەکی مەنگی پڕ نهێنییەوە هاتبن و گژوگیای قوڵاییە سارد و تاریکەکانیان بەخۆیانەوە هێنا بێ.. ئێسکوپرووسکی نێو گۆڕە هەڵتەکاوەکانیان بەکۆمەڵێکی گەورەی پوخت کۆکردبۆوە، کاسە سەریان تێدا نەبوو، پارچە و تەڵاشی سنووقە تەرمە ڕزیوەکانیش بەلقوپۆپەی درەختەکانەوە گیرسابوونەوە..

چاوی بەگۆڕستانەکەدا گێڕا، زنجێکی گچکەی لە تەنیشت کڵێسەکەوە بەدی کرد، ڕووی تێکرد، چاودێرێکو دوو زیوانی گۆڕستانەکەی لێبوو، بەکارێکەوە خەریک بوون، چاودێرەکە تەشوێیەکی بەدەستتەوە بوو، (گرێبەر) پرسیاری لێکرد، چاودێرەکە دەستتێکی بڵند کردەوە، داوای لێ دەکرد دوور کەوێتەوە.. پەست و تووڕە دیار بوو، گوتی:

– کەی کاتی ئەوەیە کابرا؟ کارمان زۆرە، دوازدە تەرم چاوەڕوانی ناشتنن، دەبێ پێش نیوەڕۆ بیانشارینەوە، ئێمە چوزانین دایک و باوکت لەکوێن، دەیان گۆڕی نەناسراوی لێیە، ئەرکێکی زۆرمان بەسەرەوەیە، فریای سەرخوراندنیش ناکەوین.

– ئەی هیچ لیستێکتان بەناوی کوژراوەکان نییە؟

– چۆن؟!.. لیست! دەزانیت ژمارەی ئەوانەی هێشتا نەنێژراون چەندن؟.. دووسەد! لەدوا بۆمببارانیشدا ژمارەیەکی دیکەیان هاتەسەر، بوونە پێنج سەد، لەوەی پێشووتریش سێ سەدیان ماونەتەوە، چوار ڕۆژیشە پشوومان نەداوە، بەم پاچ و خاکەنازانەش کارەکە ناچێتە سەر، دەبێ پسپۆران بیر لە داهێنانی ئامێرێک بکەنەوە ئەم کارانە خێرا ئەنجام بدات، ئەوجا مەگەر فریاکەوین.. گۆڕهەڵکەنەکان پەلو پۆیان نەماوە، پەکیان کەوتووە، خوداش دەزانێ کەی بۆمبباران دەکرێینەوە.. ئەمشەو؟ سبەی لە دەمەو بەیانا؟.. جەنابیشت هاتوویت داوای لیستی کوژراوەکانمان لێدەکەیت..!

سووک، پاکەتێک جگەرەی لە باخەڵی دەرهێنا، هاوێشتیە سەرمێزەکە، چاودێر و زیوانەکان لە یەکتری ورد بوونەوە، هەر زوو سێ چرووتی ئەستووریشی خستە پاڵ پاکەتەکە.. (بەدیاری بۆ باوکی هێنابوون)..

– چیمان لەدەستت بێ دەکەین، تا سۆراخێکیشت بۆ دەکەین بچۆ بەخۆت تەماشایەکی تەرمە بێ خاوەنەکان بکە.. هەر لە تەنیشت دیواری کڵێسەکەوە ڕیز کراون...

(گریبەر) بەگوێی کردن.. ژمارەیەک لە تەرمەکان خاوەنیان پەیدا ببوون، هەنێ گوڵیان نابووە سەریان، سنووقیشیان بۆ ئامادە کرابوو.. داپۆشرا بوون، چاوەڕوانی ناشتنیان بوون، ناوەکانی خوێندەوە، سەری

بێ ناوەکانی هەڵدایەوە، ئەمجا یەک یەک بەسەر تەرمەکاندا گەڕا، لە تەنیشت یەکەوە ڕیز کرابوون، هەندێکیان چاویان قووچا بوو، دەستیان بەلادا کەوتبوو، زۆریشیان هەر بەو بارەی تێدا دۆزرابوونەوە درێژ کرابوون، چەرداخێکیان لە تۆتیا بەدرێژایی دیوارەکە دروست کردبوو، تەرمەکان لەژێریا درێژ کرابوون..

خەڵکەکە پۆل پۆل دەهاتن، کزومات ڕیزیان دەگرت، سەریان بەسەر تەرمەکاندا شۆڕ دەکردەوە، یەک یەک لێیان ورد دەبوونەوە، دەیاننواڕییە ئەو ڕوخسارە ژاکاوە شین هەڵگەڕاوانە، لەدووی خۆشەویستانیان دەگەڕان، ژنێک بە شینوشەپۆڕەوە خۆی دا بەسەر تەرمێکدا، باوەشی پیاکرد و بەکوڵ بۆی دەگریا، ئەوانی دیکە تەماشای ئەو تەرمەیان نەکرد، خێرا بەلایا ڕەت دەبوون.. هەموو چەمابوونەوە، چاویان زەق کردبۆوە، ورد دەیانگێڕا، چاوەڕوانیی خورپەیەکی بێ بەزەیی نەبێ، هیچی دیکە لە چاویاندا نەبوو، کاتێکیش لە دوا تەرم ڕەت دەبوون، هەناسەیەکی قووڵیان هەڵدەمژی، وەک بارێکی قورسیان لەسەر شان لادرا بێت، گورج ڕاست دەبوونەوە، هەر زوو لەو دەوروبەرە دوور ئەکەوتنەوە..

گەڕایەوە زنجەکە، چاودێرەکە لەدوورەوە پرسیاری لێکرد:

– چوویتە کلێسەکە؟

– نەء.

– تەرمە شێواوەکان لەوێن (گرێبەر بەنیگایەکی پڕ تەماوە تەماشای دەکرد.. دیمەنەکانی ئەوی دڵ و چاوێکی بەهێزیان گەرەکە، بەهەر حاڵ تۆ سەربازیت، لەو دیمەنانەت زۆر دیوە!

دایک و باوکی لەوێش نەبوون، گەڕایەوە لای چاودێرەکە، لەدەرەوەی زنجەکە بوو، چاوێکی تیژی بڕییە (گرێبەر):

– دیمەنێکی ستەم و غەمناکە.. گەڕەلاوژەیە، وانییە؟

وەڵامی نەدایەوە، زۆری لەو دیمەنانە دیبوو، ئەگەرچی ئەمانەی ئێرە منداڵان خانمانێکی زۆریان تێدایە، بەڵام ئەمەشی بەلاوە نامۆ نەبوو، زام و برینی جەستەی ئەنجن ئەنجن کراوی ڕووس و فەرانسایی و هۆڵەندییەکان هەر لەم جۆرە زام و برینانە بوون، چاودێرەکە وتی:

– ئەو ناوانەمان لا نییە، دوو ئەمباری ساردیشمان هەیە.. نەچوویت؟

– چووم.

– ئەوێ ساردە، جێو ڕێیان لەوانی دیکە باشترە؟

– بەسەر یەکدا کەڵەکە کراون.

شوێنەکەیان ساردە، شوێنی ئەوانی دیکە وانییە، کەشیش ڕووەو گەرمی دەچێت، ئەگەر بۆمبا بارانەکەش بەم ڕێژەیەی ئێستا بەردەوام بێت، خۆریش ئەوەندە بەئاسمانەوە بمێنێتەوە.. خراپمان بەسەردێ، ئەوسا ناچار دەبین بەکۆمەڵ بیاننێژین..

(گرێبەر) سەری بۆ دەلەقاند، لەدڵی خۆشیا دەیگوت.. (دەمێکە خراپمان بەسەرهاتووە، هەرگیز کەشیش هۆی ئەم لێقەومانەمان نەبووە..) چاودێرەکە وتی:



– درێغیمان نەکردووە، هەر هەموومان خەریکین و فریا ناکەوین.. (چاوی بە گۆڕستانەکەدا گێڕا، ژمارەیەک قەشەی لێبوو).. داخی ئەمانەش لە هەموو داخێکی دیکە سەختترە، هێندە درێژ دادڕن هەتا مردوویەک بەڕێ دەکەن دەی دیکەیان دێتە جێ.. (بڕێ بێدەنگ بوو، خۆی بەتەماشاکردنی حەساری کلێسەکەوە خافڵاند، ئەمجا لە ناکاودا سڵاوێکی لە گرێبەر کرد و خۆی بەزنجەکەدا کردەوە..).

فەرمانبەرێکی دڵسۆز و چالاک بوو، بەتەنگ پێشخستنی کارەکەیەوە دەهات!

(گرێبەر) بەهۆی بەڕێکردنی دوو تەرمەوە دواکەوت، چاوی بەگۆڕستانەکەدا گێڕا، چەند قەشەیەکی بەدی کرد نوێژیان لەسەر گۆڕێک دەکرد.. بۆی گوڵە پەژمردەکان تێکەڵاوی بۆی گڵە هەڵدراوەکەی گۆڕە نوێکان ببوو، جریوە جریوێکی چڕی چۆلەکە لە هەموو لایەکەوە دەهات.. چاوی بەدەستتەیەکی دی لە دانیشتوانی شارەکە کەوت دەچوونە ڕیزەوە، ئەوانیش بۆ ناسینەوەی تەرمە نەناسراوەکان هاتبوون، گۆڕهەڵکەنەکان، هەریەکەیان لەقوولاییەکدا خەریکی کارێ بوو.. بەرد فرۆشان و بەڵێندەرانی ڕێوڕەسمی ناشتن و مردوو بەڕێکردن بەهەموو لایەکی گۆڕستانەکەدا بڵاو ببوونەوە، لە جموجۆڵێکی گورج و چالاکدا بوون..

بزێوی و جمانی ژیان لە گۆڕستانەکەدا لە هەموو لایەکی دیکەی شارەکە گەرموگوڕتر بوو!

***

باغچەکەی هەرچوار دەوری کۆشکە سپییەکەی (ئەلفۆنس بیندینگ)ی گرتبۆوە، ڕەنگی ئاوابوونی لێ نیشتبوو، پرژەی ئاو لە کوڵکوڵەی(۱) ئاوزێڵێکی(۲) خنجیلانەوە لە چەقی باخچەکەوە بەئاسماندا دەچوو، دڵۆپە گەورە بێگەردەکانی وەک دەنکە مرواری لە ئاسماندا دەبریسکانەوە، دەنک دەنک بەردەبوونەوە، دێراوێکی پان لەبن درەختە شۆخەکانەوە خۆش کرابوو بەگوڵە نێرگس و تیولیپ(۳) ڕازابۆوە، دێراوەکە لە دامێنی پەیکەرێکی بەردینی کیژێکدا کۆتایی دەهات.

خاتوو (کلاینێرت)ی بەڕێوەبەریماڵەکەی (بیندینگ) دەرگاکەی لێ کردەوە، ژنێکی بەتەمەنی پرچ سپی بوو، بەرکۆشێکی سپی و پانی بەخۆیدا کردبوو..

– بەڕێزتان گرێبەرن؟

– بەڵێ.

– بەڕێز لێپرسراوی هەرێم لە ماڵ نییە، مێزگەردێکی ڕامیاری کتوپڕی بوو بەتووشەوە، بۆیە ناچار بوو ماڵ بەجێ بهێڵێ، نامەیەکی بۆ جێهێشتوویت، فەرموو وەرە ماڵەوە.

(گرێبەر) دوای کەوت، تابلۆکەی ڕۆبینز لەبەر ڕووناکاییەکانی ئاوابووندا ورشەی دەهات، مێزی سیغارکێشانەکەش نامەیەک و شووشەیەکی پێچراوی لەسەر بوو.. (ئەلفۆنس) بۆی نووسیبوو کە هێشتا نەگەیشتۆتە شتێکی ئەوتۆ.. دایک و باوکی ناویان لەنێو لیستی کوژراوەکاندا نییە، لەوانەیە پەنایان بردبێتە لایەک، یان ڕەوانەی خێوەتگایەکی ئاوارەکان کرابن.. تکای لە (گرێبەر) دەکرد سەردانی بکاتەوە، ئەو قاپە ڤۆدگایەشی بۆ داناوە و دەبێ بیبات و بەبۆنەی مۆڵەتەکەیەوە بیخواتەوە، نامە و ڤۆدگاکەی هەڵگرت، خاتوو (کلاینێرت) لەناو دەرگاوە چاوەڕوانی دەکرد لە خوێندنەوەی نامەکەی

بێتەوە.

– بەڕێز لێپرسراوی هەرێم سڵاوی گەرموگوڕی بۆتان هەبوو.

– سڵاوی منیشی پێ بگەیەنە، بەیانی سەری لێ ئەدەمەوە، زۆر سوپاس بۆ دیارییەکەشی.

ژنەکە بەسۆزێکی دایکانەوە وتی:

– زۆر شادمان دەبیت، بەڕێز (ئەلفۆنس بیندینگ) مرۆڤێکی باشە.

(گریبەر) بەدەم بیرکردنەوەوە، گەڕایەوە دەرەوە.. (مرۆڤیکی باشە؟! کاتێک بۆرمایستەری چەوساندەوە مرۆڤێکی باش بوو؟.. ئیتر وایە، هەر یەکە و بەگوێرەی بیروبۆچوونی چاکەو خراپە لێکئەداتەوە..) دەستتێکی بەقاپە ڤۆدگاکەی باخەڵیا هێنا.. (بەخۆشی چی بیخۆمەوە؟ بە چ ئاواتێکەوە؟ مانی دایک و باوکم؟.. لەگەڵ کێی بخۆمەوە؟.. تیپی ٤٨ی قشڵەکە..؟) مەبەستی لە سەربازەکانی هۆڵی ژمارە (٤٨) بوو.

دیمەنەکانی ئاوابوون ناسک و قووڵتر بوونەوە، لەپڕێکا شتێکی بەبیردا هات.. بۆ ئەم ڤۆدگایە بۆ (ئەلیزابێث کرۆزە) نەباتەوە، ئەویش وەکو ئەم پێویستی بەشتێکی وا هەیە، قاپە ئارمانیاکەکەشی هێشتا ماوە..

***

ژنە ڕمۆزنەکە دەرگای لێکردەوە، (گریبەر) بەمۆنییەکەوە وتی:

– ئەلیزابێث کرۆزەم دەوێ (هەنگاوێکی نا بچێتە ژوورەوە و، ژنەکە ڕێی نەدا، ناو دەرگاکەی لێ گرت):

– لێرە نییە دەبوایە ئەمەت بزانیبایە..

– چیم بزانیبایە؟

– ئەی پێی نەگوتوویت؟

– نەء، کەی دێتەوە؟

– کاتژمێری حەوت.

بەبیریا نەهات ئەلیزابێث لەماڵ نەبێت، دوودڵ بوو، نەیدەزانی ڤۆدگاکەی بۆ بەجێبهێڵێت یان نەء؟ لە دڵی خۆیدا دەیگوت.. (جا ئەم سیخوڕە ئەیداتێ؟ لەوانەیە بۆ خۆی گل بداتەوە.. گلدانەوەی چی؟، هەر ئەوەندە پشتم تێکرد، هەمووی بەقومێک هەڵئەدات..!).

– باشە، کاتژمێری حەوت دێمەوە.

ماوەیەک لەبەر خانووەکەدا وەستا، تەماشایەکی کاتژمێرەکەی کرد، هێشتا مابووی ببێتە شەشی ئێوارە، ئێوارەیەکی دوورو درێژی تاریکی لەبەرە، ئامۆژگارییەکانی (ڕۆیتەر)ی هاتنەوە یاد، نابێ ماوەی مۆڵەتەکەی بەفیڕۆ بڕوات.. نەیدەزانی ئەو ئامۆژگارییانە چۆن چۆنی پەیڕەو بکات..

لە باخچەکەی گۆڕەپانی (کارڵ) لەسەر تەختێکی درێژکۆڵە بەرامبەر بەدەرگەی پەناگەکە دانیشت، پەناگەکەی وەکو کیسەڵێکی زەبەلاح دەهاتە بەرچاو، چاوی لە چەند کەسێک بوو پەنایان بۆ دەبرد،



دووربین بوون، بەتەنگ ژیانیانەوە دەهاتن..

تاریکی بەخامۆشی دزەی دەکرد و دادەهات، لەسەرخۆ، دوا هەناسەی ڕووناکی لە سروشت دەبڕی، کز دانیشتبوو، هەتا سەعاتێکیش پێشتر بەبیریا نەدەهات جارێکی دیکە چاوی بەئەلیزابێث بکەوێتەوە، خۆ ئەگەر بیشی دیبایە، خێرا قاپە ڤۆدگاکەی پێ ئەدا و پاشەوپاش دەگەڕایەوە دواوە، بەڵام ئەوەتا چاوەڕوانی ئارامی لێ بڕیوە.. بۆ چ وا بەپەرۆشە؟ هەر لەبەر ئەوەبوو (ئەلیزابێث) لە ماڵ نەبوو.

ئەمجارە (ئەلیزابێث) دەرگای لێ کردەوە، (گریبەر) بەسەرسوڕماندنێکەوە وتی:

– بەتەما نەبووم بەخۆت دەرگاکە بکەیتەوە، وامزانی هەر ئەو ئەژدەرەیە کە هەرگیز ناو دەرگاکانی گرتووە؟

– لێرە نییە، بۆ کۆبوونەوەیەکی (دەستتەی ژنانی نازی) چووە.

– بلێ دەستتەی ماران، بێگومان دەبێ ئەمیش یەکێ بێ لەوان..

(گریبەر) چاوی گێڕا هەر دەڵێی ئەو ماڵە نییە کە یەکەم جار دیم، ئەو لێرە نییە، بۆیە وا گەشە.

– چی چرا لە ماڵەکەدایە گشتیم هەڵکردووە، کاتێ ئەو لە ماڵ نابێ ئەمە پیشەمە.

– ئەی کاتێک کە دێتەوە؟

– کاتێ ئەو دێتەوە، هەستی نیشتمان پەروەریمان دەبزوێت.. دەست دەگرینەوە، چراکان دەکوژێنینەوە و دەگەڕێینەوە دۆخی تاریکستانی.

– بەڵێ ئەو جۆرانە لە تاریکاییدا نەبێ ناتوانن بژین، بەلایانەوە دۆخێکی گونجاوی شادومانی و خۆشگوزەرانییە (شووشە ڤۆدگاکەی لە باخەڵی دەرهێنا) ئەم ڤۆدگایەم بۆ هێناویت، لە کەرەستەکانی ئەمبارەکەی لێپرسراوی هەرێمەکەمانە.. دیاریی برادەرێکی کۆنی وادەی قوتابخانە و خوێندنە..

(ئەلیزابێث) لێی ورد بۆوە:

– لەم جۆرە برادەرانەشت هەیە؟

– بەڵێ وەکو کرێچییەکەی تۆ وایە.

– کەواتە با شتێک پەیداکەین پێی هەڵپچڕین.

پێش (گریبەر) کەوت، چاکەتێکی خوری و تەنوورەیەکی تەسکی ڕەشی پۆشیبوو، بە بافتەیەکی سووری بریقەدار پرچی لە دواوە بەستبوو، شانێکی بەهێز و قەدێکی باریکەلەی ناسکی هەبوو، چووە چێشتخانە گچکە هاوبەشەکە و کەوتە پشکنینی چەکمەجە و خانەی دۆڵابەکان:

– وا دیارە خاتوو (لیزەر) مەی نۆش نییە؟

– لە من وایە لەبەر خواردنەوە فریای هیچی دیکە ناکەوێت (دەستتی بۆ قاپە ڤۆدگاکە درێژ کرد).. بێنە بمدەرێ، پێویستیی بەئاچەر نییە.. (کاغەزە بریقەدارەکەی لە سەروملی شووشەکە کردەوە، ئەمجا قاپەکەی یەک دوو جارێک بەتوندی دا بەلا ڕانیا، دەمەوانەی قاپەکە دەرپەڕی..!).. ئەمەش بەهرەیەکی دیکەی سەربازانە، پەرداخت هەیە؟ یان ڕاستەوخۆ لە قاپەکەوە بیخۆینەوە؟.

– لە ژوورەکەی خۆم پەرداخ هەیە، فەرموو بابڕۆین.

بەشادمانییەکەوە دوای (ئەلیزابێث) کەوتەوە، چاکی کرد هاتە لای، زۆری خەم بوو ئەو ئێوارەیەش بەتەنها بباتە سەر، (ئەلیزابێث) دوو پەرداخی تەنکی لە خانەیەکی کتێبخانەکە داگرت، (گرێبەر) چاوی بە ژوورەکەدا دەگێڕا، وەک جاری پێشوو نەدەهاتە بەرچاوی، چەرپایەک و جووتێ کورسی نەرم و شلی بەرگ سەوز و مێزێکی نووسینی لەباری باوکۆنی تێدا بوو.. ژوورەکە وەک ئەو جارە شپرزە و وێران نەبوو! لەوانەیە ئەو کاتە ژاوەژاو و شریخەی فیکەی ئاگاداریی کاریان تێکردبێ.. هەموو شتێک لەو دۆخانەدا شپرزە و ئاڵۆز دێنە پێش چاو.. (ئەلیزابێث)یش ئەلیزابێثەکەی ئەو ئێوارەیە نییە.. وەکو مێزی نووسینەکەش باوێکی کۆن و لەبار نییە.. شتێکی دیکەیە..

ئاوڕێکی لە (گرێبەر) دایەوە:

– چەندێ بوو یەکترمان نەدیبوو؟

– سەدەیەک!.. ئەوسا منداڵ بووین، جەنگ هەڵنەگیرسابوو.

– ئەی ئێستا؟

– ئێستا دوو مرۆڤی بەتەمەنی نەشارەزا و ساویلکەین، دوو پیری چەقاوەسووی بێ باوەڕین، زوو زوو زویر دەبین و خەم دەخۆین، بەڵام بە بەردەوامی نا.. (ئەلیزابێث لە گرێبەر ورد دەبۆوە).

– ئەم ژیان و گوزەرانەت بەلاوە ڕەوایە؟

– نە داد ماوە نە ڕەوا.

(ئەلیزابێث) سەرێکی بادا:

– ئەی نابێ یاسایەک هەبێ ژیانی لە سایەدا پێ ببرێتە سەر.

– نازانم..! بۆچی؟

– لەوانەیە هەموو ئارەزوویەکی شەڕخوازی پێ دامرکێتەوە، لە مێشک و کەللەی ئادەمیزادی بسڕێتەوە، ئەو ڕێگەیەش لە زۆرداران بگرێ کە لێوەی بەزەبری هێز و دەسەڵاتیان بیروباوەڕە تایبەتەکانیان بەسەر مرۆڤدا بسەپێنن..

خەندەیەک دەم و لێوی (گرێبەر)ی گرتەوە، ئاخاوتنەکەی (ئەلیزابێث) ئاوازێکی نامۆی تێدا بوو..

– خەیاڵ پڵاوییە.. هەر خەیاڵ پڵاومان ناتەواوە.. وا نییە؟ (ئەلیزابێث سەرێکی بادا، گرێبەریش کاسەکانی تا لێوار پڕ کردەوە).. هەرچەنیشە دژ بەبیروباوەڕی لێپرسراوی هەرێمە.. بەڵام ئەم پێکە بۆ خواست و ئاواتەکانت ئەنۆشین.. (پێکەکەی بەیەک قوم هەڵدا).. دانەیەکی دیکەت پێویستە، وا نییە؟

مچوڕکێک بەجەستەی ئەلیزابێثدا هات:

– بەڵێ پێویستیم پێیەتی.

پەرداخەکانی پڕ ڤۆدگا کردەوە، قاپەکەی نایە سەر مێزێک، ڤۆدگایەکی توند و ساغ بوو، (ئەلیزابێث) وتی:

– باسی خەیاڵ پڵاویت کرد، وەرە با نموونەیەکی زیندووی خەیاڵ پڵاویت نیشان بدەم.

(ئەلیزابێث) پێش کەوت، لە ژوورەکە دەرچوون و خۆیان بە ژوورێکی دیکەدا کرد، ژوورەکەی خاتوو (لیزەر) بوو.



– هێندە بەعەزرەتی ئەو کۆبوونەوەیە بوو، لەبیری چوو دەرگای ژوورەکەی دابخات، وەرە تەماشاکە.. مەترسە، دەستترێژی کردنە ماڵی خەڵکی نییە، هەمیشە ئەویش درێغی لە پشکنینی ژوورەکەم ناکات..

ژوورێکی پڕ لە کەلوپەلی سادە و ساکار بوو، وێنەیەکی گەورەی هیتلەر، لە چوارچێوەیەکی پاندا بەرامبەر بەپەنجەرەکە هەڵواسرابوو، بەگوڵ و گەڵای سروشتی ڕازابۆوە، مێزێکی درێژکۆڵە لەژێر وێنەکەدا بوو، ئاڵایەکی گەورەی نازیی پیادا درابوو، چاپێکی تایبەتی خەباتنامەکەی هیتلەر لەنێوان دوو مۆماندا لەسەر مێزەکە دانرابوو ژمارەیەک وێنەی فۆتۆگرافی دیکەی هیتلەری لەدەور بوو، کتێبەکە، بەچەرمێکی ڕەش تێگیرابوو، خاچێکی چەماوەی زیوین، قووڵ لەسەر بەرگەکەی هەڵکۆڵدرابوو، لە یەکێ لە وێنەکاندا هیتلەر بەتەنها لەگەڵ سەگە شوانکارەیەکدا لە شاری (بریختسگادن) وەرگیرابوو، لە وێنەیەکی دیکەدا کیژۆڵەیەک بەبەرگ و پۆشاکێکی سپیەوە چەپکێ گوڵی پێشکەش دەکرد..

دیوارەکان بەجۆرەها مشتی ئاسنین و چەقۆ و قەمە و چەندین پۆستەر و دروشمی نازی ڕازابوونەوە.. ئەگەر چیش لەو دیمەنەی زۆر دیبوو، بەڵام دیمەنی ئەو ژوورەی بەلاوە گەلێک نامۆ بوو.. هزرە دیکتاتۆرییەکان زۆر بەئاسانی دەچنە بەرگێکی ئایینییەوە!

– ڕاپۆرتەکانی لێرە تۆمار دەکات.

– نە ء، هەمووی لە نووسینگەکەی باوکم دەنووسێ.

(گرێبەر) لەمێزەکە وردبۆوە، (ئەلیزابێث) وتی:

– بەبەردەوامی کلیل دراوە، چەکمەجەکانی ناکرێنەوە، زۆر خەریکیان بووم، بەڵام بێ سوود بوو.

– ئەو باوکتی بەگرتن دا؟

– نازانم، بردیان و ئیتر هەواڵی نەما، ئەو کاتە ژوورێکی لێ بەکرێ گرتبووین، کاتێک باوکمیان برد، خێرا ژوورەکەی ئەویشی داگیر کرد.

– مەبەستت ئەوەیە باوکتی هەر لەبەر ئەو دوو ژوورە بەگرتن داوە؟

– ئەی بۆ؟ خەڵکەکە لە پێناوی گەلێ شتی بێ بەها کاری هێجگار خراپیان لێ دەوەشێتەوە.

– ڕاست دەکەیت.. ئەم پەرستگە نازییەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو ئافرەتە ئەندامێکی توندڕەو و پەڕگری نازییە.

– کەچی دەڵێن گوایە توندڕەوان دوای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان ناکەون..!

– زۆرجار توندڕەوی و تەنپەروەری دەبنە یەک شت، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە کە مرۆڤ خۆی لەم ڕاستییە گێل دەکات.. ڕۆژگارێکە ئەمەی تێدا بووەتە ڕەوشتی هەموو کەسێک، باوێکە گشت کەنارەکانی دونیای گرتۆتەوە (سەری خوراند).. لەوانەیشە دڵ و دەروونی ئەم مارە ژەهراوییەش جۆرە سۆز و خۆشەویستییەکی تێدا بێت.. کچەکەی، گوڵ، یان شتێکی هەر خۆش بوێت.. پێم بڵێ، هیچ بەڵگەیەکی هەبوو باوکتی پێ تووش بکات؟ یان بەخۆی شتێکی بۆ هەڵبەستووە؟

– باوکم پیاوێکی دڵپاک بوو، ئەوەی دڵی لەسەر زاری بوو، دڵی لەکەس پیس نەبوو، ماوەیەک بەر لەگرتنی خرایە ژێر چاودێرییەوە، کەسیش لە ماڵی خۆیا زمانی خۆی ناگرێ.. ئازادە.. پیاویش کاتێک بە بەردەوامی ئەم دەهۆڵ و زووڕنا و هاشەوهۆشە نازییانەی بەرگوێ دەکەوێت، شتێکی لە دەم هەر

دەردەچێت..

– ئاخۆ ئەوەی بەدەمیا هاتووە چی بووبێ؟

(ئەلیزابێث) شانێکی هەڵتەکاند:

– باوەڕی بەسەرکەوتنی ئەڵمانیا نەبوو!

– تەنیا کەس نییە خاوەنی باوەڕی بێت.

– تۆش؟

– بەڵێ منیش.. ئێستاش تا ئەو پیلانگێڕە نەگەڕاوەتەوە، با ئەم ژوورە جێ بهێڵێن، مەگەر هەر خودا خۆی بزانیت بەسەرماندا بێتەوە، چیمان پێبکات؟!

خەندەیەک دەم و لێوی (ئەلیزابێث)ی ڕازاندەوە.

– مەترسە، بەر لەوەی خۆی بکاتەوە بەماڵا پێی دەزانین، دەرگاکەی دەرەوەم قایم کردووە..

ئاهێک بەدڵی (گرێبەر)دا گەڕایەوە، لە (ئەلیزابێث) ورد دەبۆوە، لەدڵی خۆیدا دەیگوت (ئەوەندەی بەشێوە سادە و ساکارە، ئەوەندە لە ژێرەوە جەربەزە و زۆرزانە.. هەمیشە بەتەنگ دەستتدرێژی کردنە سەر سنووری کەسانی دیکەوە نایێت..!).

– با برۆین، ئێرە بۆنی گۆڕستانی لێ دێت، پێی دەچێ بۆی ئەو گوڵ و گەڵا وشکهەڵگەڕاوانە بێ.. با بچین قومێکی دی بخۆینەوە..

پەرداخەکانی پڕ کردەوە..

– دەزانیت بۆ هەست بە پیری دەکەین؟.. چونکە گەلێ کاری چەپەڵ و نارەوامان دیوە.. نارەوایی و چەپەڵیی ئەو لێپرسراوانەی کە دەبوایە ئێستا لەخوار ئێمەوە بوونایە..

– من پیر نیم.

چاوێکی بە بەژن و باڵایا گێڕا، ڕاست دەکات، (ئەلیزابێث) و پیری زۆر لە یەکەوە دوورن، وتی:

– دەبێ سوپاسی یەزدان بکەیت.

– بەڵام دیلم!.. دیلی لە پیری بەدترە..

(گرێبەر) خۆی هاوێشتە ناو تاکێ قەنەفەی نەرم و شلەوە:

– دەترسم ئەم جانەوەرە تۆش تووش بکات؟ کێ ناڵێ چاوی نەبڕیوەتە هەموو ماڵەکە.. چاوەڕوانی چیت، بۆ ئێرە چۆڵ ناکەیت؟ هیچ یاسایەکی ئەم ڕژێمە مافت ناپارێزێ، دەبێ ئەمە چاک بزانیت.

(ئەلیزابێث) بەسەهەندی یەکێکی بێزارەوە کە سەدان جار وەڵامی تاقە پرسیارێکی دابێتەوە وتی:

– ئەزانم، بەڵام هەتا لێرە بژیم وا هەست دەکەم باوکم دێتەوە.. تۆ تێناگەیت..

– پێویستی بە تێگەیشتن نییە، مرۆڤ زۆر جار بەپێچەوانەی هەموو بیرسایەکەوە دەجووڵێتەوە.

– ئێ، چیدیکە؟ (پەرداخەکەی بە پەستییەکەوە بڵند کردەوە و چی تێدا بوو بەقومێک هەڵیدا).

دەنگە دەنگێک لە دەرەوە هات، (گرێبەر) بەچپە گوتی:

– خۆیەتی زوو گەڕایەوە، دیارە کۆبوونەوەکەیان درێژەی نەخایاند..

گوێیان لە تەپەی پێی بوو.. (گرێبەر) نواڕییە سنووقە قەوانەکە:



– بێ لەو مارشانە، هیچ قەوانێکی دیکەت نییە؟

– هەمە، بەڵام مارشەکان بەهەران، کاتێک دائەمرکێینەوە، دەمانهەژێنن، هۆشیارمان دەکەنەوە..

(گرێبەر) لە دەم و لێوی (ئەلیزابێث) ورد دەبۆوە:

– دەم و ئاخاوتنێکی نایابت هەیە.

(ئەلیزابێث) پێکەنی، شتێک لە دەرەوە زرمەی هات، بۆڵەی خاتوو (لیزەری) بەدوادا بەرزبۆوە، دەرگایەک بەتوندی داخرا، (ئەلیزابێث) چپاندی:

– لەبیرم چوو چراکان بکوژێنمەوە.

– بەرگەی ئەم گوزەرانە ناگرم، با بچینە دەرەوە، یان با لە شتێکی دیکە بدوێین.

***

لە ماڵ دەرچوون، پرسیاری لە (ئەلیزابێث) کرد:

– بۆ کوێ بچین؟

– نازانم، هەر کوێیەک بێ گرینگ نییە.

– قاوەخانەیەک یان ڕیستورانێک لەم دەوروبەرە نییە.

– حەزم لەو شوێنانە نییە، جێیەکی کراوەم پێ خۆشترە، با پیاسە بکەین.

– باشە.

شارێکی کپوخامۆش، شەقامەکان ساردوسڕ کەسیان پێوە نەبوو.. پێکەوە شەقامی (مارییا)یان گرتەبەر، لە گۆڕەپانی (کارڵ) ڕەت بوون و لە رووبارەکە بەرەو بەشە کۆنەکەی شار پەڕینەوە، دیمەنەکان هەناسەیەکی ئەفسووناوییان پیادا چووبوو، ژیان شەپرە ببوو.. تەنها ئەمان بەدەرەوە بوون، پێکەوە بەبەر خانووە ڕەشپۆشەکاندا تێپەڕ دەبوون، بێ لەشکاندنەوەی تیشکە ساردەکانی مانگ، هیچی دیکە لە پەنجەرەی ماڵەکاندا بەدی نەدەکرا، پەردەکان دادرابوونەوە.. شارێکی غەمبار و تازێ بارە، گەنجینەیەکی گەورەی ژان و مەرگە، خانووەکان وەک سنووقە تەرم، بەخێزان مردوویان تێخنرابوو!

– چ باسە؟ چی بەسەر خەڵکەکە هاتووە؟ لەکوێن؟ خۆ ئەمڕۆ ڕۆژێکی ئاسایی بێ ئاشووب بوو!

– گشتی سەری لە ماڵی خۆیدا کز کردووە، چاوەڕوانی شاڵاوێکی نوێن، دوو ڕۆژە بۆمبباران نەکراوین، دەترسن، خەڵکەکە وا ڕاهاتوون پاش بۆمبباران پیاسە بکەن.

– ئەم یاسایە ئێرەشی گرتەوە؟

– بەڵێ.

– لە بەرەکانی جەنگیشدا بەهەمان شێوە ڕەفتار دەکەین.

بەگەڕەکێکی وێراندا ڕەت بوون، هەور لە ئاسۆدا پەنگی دەخواردەوە، دەروونی سروشتی تەنگتر دەکرد، تاریکی لە کەلاوەکاندا گرد دەبۆوە، سێبەری کۆڵەکە و دیوارە رووخاوەکان لەگەڵ بڵند بوونەوەی مانگدا دەکشانەوە، وەکو خێو، لەترسی ڕووناکی خۆیان لە قوژبن و سووچە قوولەکاندا دەشاردەوە..

تەقەتەق و زرینگدانەوەی کەوچک و پیاڵەیان لە ماڵێکەوە هاتە گوێ، (گرێبەر)

بەهۆشیاربوونەوەیەکەوە وتی:

– سوپاس بۆ تۆ خودایە، وا دیارە نووزە لە جەستەی شاردا ماوە، ئەوەتا هەندێک خەریکی خواردن و خواردنەوەن.

– قاوە دەخۆنەوە.. ئەمڕۆ دابەش کراوە، دەڵێن لە جۆرێکی باشە.. قاوەی بۆمبایە!

– بۆمبا ؟! قاوەی بۆمبا چییە ؟

– ئەم ناوەمان بۆیە لەو قاوەیە ناوە، چونکە پاش هەموو بۆمببارانێکی قورس دابەش دەکرێت، جار جارێکیش شەکر و کاکاو و پاکەتێک جگەرەش ئەدەن..

– لای ئێمەش بەر لە هەموو هێرشێکی گەورە جگەرە و مەیمان بەسەردا دابەش دەکەن.. پێکەنینم پێ دێ..! دوو سەد گرام قاوە بەرامبەر بە شەوگارێکی دوورودرێژی پڕ مەرگ و ترسی بێ پایان..!

– دوو سەد نا.. سەد گرام.

قۆناغێکی تریان بڕی، (گرێبەر) هەڵوێستەیەکی کرد:

– ئەم پیاسەیە دڵ تەنگتر دەکات، دەبوایە ڤۆدگاکەمان بهێنایە، حەزم لە خواردنەوەیە، وا بزانم تۆش ئارەزووت لێیەتی، شوێنێک لەم نزیکانە شارەزانیت یەک دوو قومی لێ بخۆینەوە؟

– چوونی ئەو شوێنانەم پێ خۆش نییە، لە زیندان دەچن، تاریکن، گشت پەنجەرەکانیان گیراون!

– کەواتە با بەرەو قشڵە کۆنەکە بڕۆین، قاپێک مەیم لەوێ هەڵگرتووە، دەیهێنم و بەدەم پیاسەکەمانەوە دەیخۆینەوە.

– با بڕۆین.

لە ناکاودا، شەقە شەقی عەرەبانەیەکی هێجگار خێرا خامۆشی شەوەکەی هەڵتەکاند، تارمایی ولاخێک لەسەری کۆڵانە تەنگەبەرەکەوە دەرکەوت، ئەسپێک بوو سامی سێبەر و تارمایی کەلاوە تاریکەکان بەلەسەی کردبوو، تۆڕ و سەرکێش، بەغار ڕووەو ئەمان هات، چاوەکانی زەق دەرپەڕیبوون، لمۆزی داچەقابوو، دەیپڕمان و کەفی دەچاند! عەرەبانچییەکە لغاوەکەی توند ڕاکێشا، ئەسپەکە ملی بڵند کردەوە، ددانە پانەکانی جیڕ کردەوە، تەکانێکی دا و هەردوو پەلی بەئاسماندا چوون، هەناسەی گەرم و توندی کەف و لیکی دەپرژاند، جێیەکی تەسک و تەنگ بوو، دەبوایە چی زووە، خۆیان لەو ئەسپە یاخییە لادەن، (ئەلیزابێث) بەدەم بازدانەوە بەچڵ و چێوی کەلاوەیەکدا هەڵگەڕا، لە یەکێک دەچوو بەنیازی سواربوونی ئەسپەکە هەڵمەت بەرێ، سواربێ و ئەسپەکە بۆ دوور بفڕێنێ!

(ئەلیزابێث) بەبەرزاییەکەوە مایەوە، بۆشایی ئاسمانێکی تەڵخ نەبێ هیچی دیکەی لەپشتەوە دیار نەبوو..

(گرێبەر) وتی:

– وا بەبیرما هات سواری ئەو ئەسپە دەبیت و بۆ دووری دەفڕێنیت؟

– بریا لە توانامدا بوایە، بەڵام بۆ کوێم بفڕاندایە.. هەر لایەک بچم هەر جەنگ و کوشتارە.

– بەڵێ هەموو لایەکی گرتۆتەوە، قورتاربوونمان نییە، لەو دونیاش بەرۆکمان بەرنادات.

نزیک سوپاگەکە بوونەوە، بە (ئەلیزابێث)ی گوت:



– لێرە چاوەڕوان بە، هەر ئێستا دێمەوە.

***

(گرێبەر) بەپەلە لە حەوشی قشڵەکەوە پەڕییەوە، بەغار بەپلیکانەی قاوشی ژمارە (٤٨) دا سەرکەوت، زۆربەی برادەرەکانی خەوتبوون، پۆکەرچییەکان لە دەوری چرایەکی کز گردببوونەوە، بەردەوام بوون.. (ڕۆیتەر) بەدیاریانەوە دانیشتبوو، کتێبێکی بەدەستەوە بوو دەیخوێندەوە.. (گرێبەر) پرسیاری لێکرد:

– بووتشەر لەکوێیە؟.. نەگەڕاوەتەوە؟

– با، بەڵام هەر زوو ڕۆیشتەوە دەرەوە، ڕایسپاردم ئاگادارت بکەمەوە کە هێشتا نەگەیشتۆتە هیچ.. پایسکلەکەی شکاوە، ئیتر نەگبەتی نەگبەتی ڕادەکێشێ، لە سبەیەوە دەبێ ڕێ و بانی ئەو گوندانە بەپێ بکوتێ، ئێستا لە ڕیستورانێکە، نیازی وایە ئەمشەو لەوێ بمێنێتەوە.. ئەی تۆ چیت کرد؟ (دەینواڕییە ناو چاوی).. چییە بۆچ وا زەرد هەڵگەڕاویت؟

– کوا.. چیمە؟ بۆ شتێک هاتوومەتەوە و منیش دەچمەوە دەرەوە..

توربەکەی کردەوە، دەستتێکی بەناویا گێڕا، بێ لە قاپە ئارمانیاکەکەی (بیندینگ) قاپێک (جنێڤا)شی هەبوو[٤]، قاپێکیش ڤۆدگای لە ڕووسیاوە هێنابۆوە.. گوێی لە (ڕۆیتەر) بوو:

– جنێڤاکە یان ئارمانیاکەکە ببە، ڤۆدگاکە نەماوە.

– چۆن؟

– خورایەوە، دەبوو بەخۆت پێشکەشت بکردایە، ئەوەی لە ڕووسیاوە بێتەوە نابێ سەرمایەدارانە ڕەفتار بکات، دەبێ چاوی لە هاوڕێکانی بێت.. ڤۆدگایەکی نایاب بوو!

(گرێبەر) هەردوو شووشە مەیەکەی دەرهێنا، ئارمانیاکەکەی نایە باخەڵیەوە، ئەوی دیکەشی دا بە (ڕۆیتەر).

– بگرە، ئەمەش بخۆرەوە، بۆ نەخۆشییەکەت باشە[٥]، تۆش سەرمایەدار مەبە، بەشی برادەران بدە!

– سوپاس.. (دەستی درێژ کرد، ئاچەرێکی لە دۆڵابە گچکەکەی تەکیەوە دەرهێنا) بگرە، من بزانم تۆ نیازی دەستبڕینی یەکێکت هەیە، شێوازە دێرینەکەیە.. بەمەی! جا پیاویش لە باری وادا لە بیری دەچێ شتێک بۆ کردنەوەی قاپەکە هەڵگرێت، ناچار دەبێ لە ملەوە بیشکێنی، ئیتر بەخۆشت دەزانیت کە خواردنەوە لە شووشەی شکاوەوە مەترسیی زۆرە، پیاو لەم جۆرە کاتانەدا هۆشی بەلای خۆیەوە نامێنێ.. ها بیگرە، بەسەلیقە و وردبین بە..

– تۆش بچۆ خزمەت شەیتانی مامۆستات، با نەختێکی دیکە تەمێت بکات، شووشەکە کراوەتەوە، پێویستیم بەو ئاچەرە نییە..

(ڕۆیتەر) دەمەوانەی قاپە جنێڤاکەی کردەوە:

– ئەم بابەتە هۆڵەندییەت چۆن لە ڕووسیا دەستکەوتووە؟

– کڕیومە، هیچ پرسیارێکی دیکەت ماوە؟

(ڕۆیتەر) گرمە گرمێکی کرد:

– نەء، دەی خۆتو ئارمانیاکەکەت لاچن لەبەر چاوما.. سوودی تەواوی لێ وەربگرە، هەی کازانۆڤا[٦] ساویلکە دوا کەوتووەکە.. کات زوو بەسەر دەچێت، بوارێکی کورتت لەبەرە، جەنگیش هەتا هەتایە بەردەوامە..

(فیلّدمان) سەری لەژێر پەتووکەیەوە دەرهێنا:

– پێویستیت بەهیچ کەرەستەیەکی دژە نەخۆشی نییە (گرێبەر)؟.. لەو جۆرانەی لەم تەرحە ژوانانە بەکاردێن..! هەندێکم هەیە، من بەکاریان ناهێنم، ئەوەی کات بەخەوتن بباتە سەر تووشی هیچ نابێت؟

(رۆیتەر) بۆی سەندەوە:

– وانییە، وەکو بیستوومە ئەم نەخۆشییانە لەوانەیە بێ جووت بوونیش بەپیاو بگەن، بەڵام (گرێبەر) لاوێکی بەهێز و لەش ساغە، ئارییەکی ڕەسەنە لەپشتی دوازدە باپیرەی جسنەوە بەربۆتەوە، جا ئەگەر بێتو ئەو جۆرە بەربەستانە بەکاربهێنیت مانای وایە تاوانێکی گەورەی دەرهەق بەنەتەوە و نیشتمان کردووە.. ئەی وانییە ئەرنەست؟

(گرێبەر) قومێکی لە ئارمانیاکەکە دا و قاپەکەی نایەوە گیرفانی:

– ئێوە جووتێکی زۆر هەڵەوەڕ و بێ ئابڕوون، بۆ بیر لە کاروباری خۆتان ناکەنەوە؟

(رۆیتەر) دەستتی بڵندکردەوە، بەڕێی کرد:

– بڕۆ کوڕم، بڕۆ کاتێکی شاد بەرە سەر، هێمن و سەلار بە، ڕاستەوخۆ مەچۆ باسەکەوە.. دەی بڕۆ، تا زووە فریاکەوە، ڕابوێرە.. کەوتووینە وادەیەکەوە بەر لەوەی بەروبوومی ژیان تام بکەین لەناو دەچین، بەتایبەتی ئێوەی هەرزەکار و لاو.. (ئەمجا وەک وتارێک بخوێنێتەوە، چەناگەی بڵند کردەوە و.. لەرەیەکیشی خستە دەنگیەوە) بەڵێ ئێوەی دلێر و نەبەرد.. ئەی هێز و ئەمەکی هۆز و نەتەوە!

(گرێبەر) پەرداخێک و پاکەتێک جگەرەشی هەڵگرت، خێرا ڕووەو دەرەوە جما، لایەکی لە (ڕۆمێڵ) کردەوە، لەگەڵ پۆکەرەکەیدا بەردەوام بوو، براوە بوو، پارەیەکی زۆر لەبەردەمیا مۆڵ ببۆوە، بەڵام شێوە و ڕوخساری هەر سڕ و مەییو بوو، نێوچەوانی ئارەقێکی زۆری دەردا بوو، دڵۆپەکانی دەبریسکانەوەو تک تک لەسەری لووتیەوە دەتکان.. ڕاڕەو و پێبازەکانی سەربازگەکە چۆڵ بوون، کاتی خەوتنان بوو، زرمەی پۆستاڵەکەی دەنگی ئەدایەوە، لە حەوشەکەوە ڕەت بوو.. چاوی گێڕا، بۆ (ئەلیزابێث) دەگەڕا، دیار نەبوو، وای زانی ڕۆیشتووە.. ئەی بۆ نەڕوات؟! هەر لە سەرەتاوە چاوەڕوانی ئەم هەڵوێستە بوو لە (ئەلیزابێث)ەوە..

یاساوڵی بەر دەروازەی قشڵەکە وتی:

– خانمەکەی برادەرت ئەوەتا، لەوێ وەستاوە (دەستتی درێژ کرد، حەپەسابوو، بۆیە درێژەی پێدا).. ئەم پارچەیەت لەکوێ پەیدا کردووە، ئەم جۆرانە تایبەت بەئەفسەرانن؟!

چاوی بە(ئەلیزابێث) کەوتەوە، پاڵی دابوو بەدیوارێکەوە، چاوەڕوانی گرێبەر بوو بگەڕێتەوە، دەستتێکی بەشانی سەربازەکەدا دا وتی:

– ئێستاکە چووینەتە قۆناغێکی نوێی تێکۆشانەوە، قۆناغی سەرکەوتنە، ئەم جۆرانەمان لەبری میدالیا پێ ئەدەن، ئەمانە کیژی جەنەڕاڵەکانن، خۆیان بۆ ئەم ئەرکە نیشتمانییە خەڵات کردووە، دەی



تۆش گوڕێک بدە خۆت،، ئازا و چاپووک بە با بەشخورا و نەبیت، چی زووە خۆت بگەیەنە یەکێ لە بەرەکانی جەنگ.. (لەپڕێکا چاوێکی تووڕەی بڕییە یاساوڵەکە، بەگرژییەکەوە پێی گوت..) هەی دەبەنگ نازانیت چەنەبازی لەکاتی ئێشک گرتندا قەدەغەیە.. (ئەمەی گوت و خێرا خۆی گەیاندە ئەلیزابێث).

یاساوڵەکە سەربازێکی نوێ بوو.. لەژێر لێوەوە وەڵامی دایەوە:

– خۆت دەبەنگیت.

***

لەنێو چڕە شابەڕووەکانی سەر گردەکەی ئەودیو سوپاگەکە، لەبن درەختێکی بەتەمەنی پەلۆپۆ چڕدا دانیشتن، شارە کپ و ماتەکەیان لەبەردەمدا بوو، لە تاریکاییەکەدا توابۆوە، بریسکە تەنها لە ڕووبارەکەوە دەهات، لە ڕۆشنایی مانگی دەنۆشی.. (گرێبەر) پەرداخەکەی تا نیوە پڕ لە مەی کرد، دایە دەستت (ئەلیزابێث)..

– هەڵی دە.

(ئەلیزابێث) قومێکی لێدا و گێڕایەوە..

– بیخۆرەوە، بەخۆشی شتێکەوەی هەڵیدە، بۆ ئەم ژیانە نفریتەمانی هەڵدە، لەم شارە سڕە مردووەدا، مەی لە هەموو شتێکی دیکە پێویستترە.. بۆ ئەمشەوە تاریکە گەلێ پێویستە.

– بێنە بمدەوە، با تێکڕا بۆ هەموو شتێکی بخۆمەوە (چی لە پەرداخەکەدا بوو، هەمووی خواردەوە).

(گرێبەر) پەرداخەکەی پڕ کردەوە، نیوەی بەقومێک هەڵدا، ئەوی دیکەی لەنێوان خۆی و ئەلیزابێثدا دانا.

(ئەلیزابێث) باوەشی بەهەردوو ئەژنۆیدا کردبوو، ماتی ڕوخساری گرتبۆوە.. گەڵا تازە پشکوتووەکان، وەک پۆلە پەپوولەی زێڕین دەبریسکانەوە.

– بنوارە چەند تاریکە (ئەلیزابێث دەستتی بۆ شارەکە ڕاکێشا).. لێڵ و وێڵە..

– لە کانە ڕەژوویەکی سووتاو دەچێت.

– بنوارە ئەم دیو، جیهانێکی دیکەیە.

جێگەکە بە بەرزاییەوە بوو، دەینواڕییە سەر هەردوو دیوی گردەکە، دیمەنەکانی ئەودیو لە جۆرێکی دیکە بوون، کێڵگە و ڕێگاکان لەبەر ڕووناکی مانگدا دوور و فراوان درێژ دەبوونەوە، ڕاستە ڕێیەک، ڕێک لە تەنیشت ڕیزێک درەختی شۆخەوە دەگەیشتە گوندێکی خنجیلانە، قوللەی کڵێسەی گوندەکە وەک پاسەوانێک پاسی ئاسایشی ئەو جیهانەی دەکرد، بەرامبەر بەهەموو دەستەڵاتێکی ئەو ئێوارە تاریک و ماتە وەستا بوو.

بێشە دوورەکان ڕەشیان دەنواند، لەگەڵ زنجیرە چیایەکی سەختی مۆر هەڵگەڕاودا، هێڵی ئاسۆیان کێشابوو، وەک شوورەیەکی تۆکمە و بەهێز ئەو پارچە هێمنەی سروشتیان دەپاراست..

– ئارامی هەموو گێتی تێدا گردبۆتەوە، ساکار و بێگەردە، وا نییە؟

(ئەلیزابێث) بەدەنگێکی خەواڵووەوە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ ساکار و بێگەردە بەمەرجێک ئەم دیو لەیادکەین.

– با وا بکەین، وا بنوارینە ژیان، جار جارێک دیوە شێواوەکانی فەرامۆش کەین.

– جا ئەو توانایەت هەیە؟

– ئەگەر نەمبوایە دەمێ بوو نەمابووم.

– خۆزگە منیش بمتوانیبایە.

– دەتوانیت، ژیان بەخۆی فێرمان دەکات، لە کاتی پێویستدا دەستەڵاتە شاراوەکانی دەخاتە گەڕ، لە ناسکترین باریشدا بێت، ڕادەپەڕێ و چۆک دانادات.

پەرداخە مەیەکەی دایەوە دەستت (ئەلیزابێث)..

– ئەم خواردنەوەیەش پەیوەندیی بەم بیرو ڕایەتەوە هەیە؟

– بەڵێ، پەیوەندییەکی تەواویشی بەم ئێوارەیەمانەوە هەیە.

(ئەلیزابێث) پەرداخەکەی نا بەدەمیەوە، (گرێبەر) لێی ورد دەبۆوە:

– با لە جەنگ و ڕووداوەکانی نەدوێین.. (ئەلیزابێث پاڵی دایەوە):

– با لە هیچ نەدوێین.

– بەڵێ باشە.

خامۆشی ڕەگی داکوتا، وەک درەختێکی تەلیسماوی گەشەی کرد و پەلی هاوێشت، سێبەری گشت لایەکی گرتەوە، شەو بەخەبەر هات، تا دەهات نەرم و ناسکتر دەبۆوە، سۆزی سروە و سرپەی ئەو پیشەیە، بووە هەناسەی سروشت، خوێندنی پەپوو و چپەی گەڵای درەختەکان و باڵە فڕکێی باڵندە بێدارەکان و چاوەشارکێی مانگ و ئەستێرەکانی نێو پەڵە هەورەکان، بوونە هێزێکی بەزەبر، بێ ئازاردان و سەرکوتکردن دایمرکاندنەوە.. خاوبوونەوە، بەبێ هیچ یاخیبوون و بەربەرەکانییەک خۆیان دایە بەر شەپۆلی ئەو دەریا خامۆش و کپە، باوەشی پیاکردن، هێمن بلندی کردنەوە، لەگەڵ هەموو هەناسەیەکی شەودا پتر دەچوونە ناخییەوە، دەتوانەوە، خامۆشی تێکەڵ بەخوێنیان دەبوو، دەبووە خەوێکی نەرم و قووڵ.

(ئەلیزابێث) بەدەم خەوەوە جووڵەیەکی کرد، (گرێبەر) هەستایە سەرپای، بەدەم خۆکێشانەوەوە لە دەوروبەری ورد دەبۆوە:

– خەوگرتوومی بەرم نادات!

– منیش (ئەلیزابێث هەردوو چاوی کردەوە، ڕۆشناییە پەرەوازەکانیان تێدا گردبوونەوە، ڕوون و ڕۆشن بوونەوە، بەسەر سوورمانێکەوە وتی) دەمێکە وا نەخەوتووم، لە ڕووناکیدا نەبێ خەوم لێ ناکەوێت، لە بەخەبەر بوونەوەی جێی تاریک دەترسم..

(گرێبەر) هیچی نەگوت، دانیشتەوە، ئارەزووی زۆر گوتنی لەمێژەوە نەمابوو.. بەڵام ئەمیش ڕام و سەرسام بوو.. چی بوو وا بەدانیشتنانەوە خەوی لێخست..؟! پیادا لکاو وەک تاوێرێکی قورس ڕایکێشایە ناو گۆمێکی مەنگ و قووڵەوە.. لەوەتەی لە ڕووسیاوە گەڕاوەتەوە وا نەخەوتووە، یەکەم جاری بوو بەو شێوەیە گیانی خاو بێتەوە، لە لانکی خامۆشییا تامی ئاسوودەگی بنۆشێ و پێی خومار



بێ، هەموو ئارەزوویەکی بڕەوێنێتەوە، هەستی کرد شتێک لە دەروونیەوە هەڵدەقوڵێ، دەبێتە گۆمێک، گۆمەکە دەبێتە دەریایەک، دەریایەکی هێمن و بەرین، دوورگە شادە بزرەکانی خەونەکانی تێدا دەبووژێتەوە، شەپۆڵە بەسۆزەکانی نەرم نەرم لە یەکیان نزیک دەکردنەوە، گرد دەبوونەوە، دەبوونە دوورگەیەکی گەورەی چەسپ و دامەزراوی پڕ ئارام و ئاسوودەگی..

***

ڕێی شاریان گرتەوە بەر، خۆیان هاوێشتەوە نێو گەرووی ڕەش و برسیی کەلاوە تاریکەکانەوە، سینگ و کەپوویان پڕ بۆی سووتەکی کەلاوە سووتاوەکان بۆوە.

بەبن پەنجەرە تاریک و گێراوەکاندا ڕەت دەبوون، هەستی کرد دڵی تەنگە، وەک دووی تەرمێک کەوتبێ وایە.. (ئەلیزابێث) وتی:

– جاران هەموو لایەک ڕووناک بوو، شەوانی شارەکە بەچرای بەهێز و ڕەنگاو ڕەنگ دەڕازایەوە، وا ڕاهاتبووین، بۆیە ڕووناکیمان بەلاوە گرنگ نەبوو، مەگەر ئێستاکە بزانین چەند بەنرخ بوو.

(گرێبەر) نواڕییە ئاسمان، هەورەکە دەڕەوییەوە، شەوێکی زیاد لە پێویست ڕووناک بوو..!

شەوی فڕۆکە و بۆمبباران بوو!

– ئێستاکە لە هەموو ئەوروپادا تەنها سویسرا بەشەو ڕووناکە، ئەوێ بۆ ئەوەی بۆمبباران نەکرێ ڕووناک دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی بزانرێ وڵاتێکی بێ لایەنە، دەڵێن ئەوێ وەکو دوورگەیەکی گەش و داگیرساوی نێو دەریایەکی ڕەش و تارە.. ئاشتی و ڕووناکی..؟! ڕووناکی ئاشتییە.. جەنگ هەر چوار دەوری سویسرای گرتۆتەوە، وەک ئامێرێکی هار و بەلەسە ئادەمیزاد و شارستانییەت دەهاڕێ.. ئەڵمانیا، فرانسا، ئیتاڵیا، باڵکان، ئوستریا.. گشتیان بەکفنی ڕەشی شەوگارێکی بێ ئاکام پێچراونەتەوە..

– دەستتمان لەو ڕووناکییە هەڵگرت کە پێی بووینە مرۆڤ..! جەنگمان هەڵبژارد، گەڕاینەوە چاخی ئەشکەوت و بن تاوێرەکان..

(گرێبەر) بیری کردەوە.. (بە ڕووناکی بووینە مرۆڤ؟! مەسەلەکە هێجگار وانییە، دیارە ئەلیزابێث شت زۆر قووڵ دەکاتەوە.. بەڵام لەوانەشە وابێ.. مەگەر تەنها ئاژەڵ لەتوانایدابێ، بێ ڕووناکی بژی)..

کاتێک کە (ئەلیزابێث) دایە پرمەی گریان، لە شەقامی (ماری) بوون.. بەدەم هەنسکی گریانەوە دەیگوت:

– تەماشام مەکە.. نەدەبوو ئەوەندە بخۆمەوە، دروست نییە، من غەمبار نیم، بەڵام هەست دەکەم گەلێ شتی بزرم تێدا دۆزراوەتەوە..

– لێیان گەڕێ با ئاشکرا بن، منیش وەکو تۆم بەسەرهاتووە (بیری کردەوە و بەدەم خۆیەوە گوتی).. کاتی هاتووە..!

– کاتی چی؟

– ئەوانەی باسمان کردن.. کاتی ئاوڕدانەوەکەیە لە دیوەکەی تری ژیان (لە چاوەکانی ئەلیزابێث ورد بۆوە) سبەی ئێوارە وەکو ئەمشەو ناکەین، ئاوەها وەکو دەربەدەر و ئاوارەکان بەکووچە و شاقەمەکاندا

ناخولێینەوە، سبەی دەچینە ڕووناکترین شوێنی ئەم شارە، سبەی زوو لەدووی شوێنێکی وا دەگەڕێم..

– بۆ من؟ دەتوانیت هاوڕێی لە من گەشتر و کراوەتر بگریت!

– هاوڕێی گەشم ناوێ.

– ئەی چی؟

– پێویستیم نە بەهاوڕێی گەشە، نە بەوانەش کە هەمیشە خەریکی دڵدانەوە و سەرەخۆشی کردنن، بەدرێژایی ڕۆژ لەو نموونانەم دەبێ بەتووشەوە، ئەوەی لەسەر زاریانە بەپێچەوانەی دڵیانە، لێم تێدەگەیت، وا نییە؟

(ئەلیزابێث) چاوەکانی سڕی:

– تێدەگەم.

– ئێمە واین، ناتوانین بەپێچەوانەی هەستمانەوە بدوێین، کارێکی گرانە.. سبەی ئێوارە وەکو ئەمشەو ناکەین، ئاوەها وەکو ئاوارە و خانەبەکۆڵەکان بەکووچە و شەقامەکاندا ناخولێینەوە، دەچینە ڕووناکترین شوێنی ئەم شارە، بەئارەزووی دڵ دەخۆین و دەخۆینەوە، شەوێکی تەواو خۆمان لەم ژیان و بوونە نفریتە ئەدزینەوە..

– مەرجە ئەو خۆدزینەوەیە بەشێکی پرۆگرامی سبەی شەومان بێ.

– بەڵێ، دەبێ قەشەنگترین بەرگیشت بپۆشیت.

– بەڵێ باشە، سبەی کاتژمێری هەشتی ئێوارە چاوەڕوانت دەبم..

لە ناکاودا شتێکی ناسک و نەرم وەک ئاوریشم لە ڕووی (گرێبەر)ی دا، پرچی (ئەلیزابێث) بوو! هەستی بەلێوەکانی کرد گەرم بە ڕوومەتیا دەنووسێن، بەر لەوەی بزانێ چ باسە (ئەلیزابێث) بە پەلە خۆی کردبووەوە بەماڵا..

قاپە مەیەکەی لە باخەڵی دەرهێنایەوە، سەرەونخوون بەرزی کردەوە، دڵۆپی تێدا نەمابوو، لەبەردەم قاپیی ماڵێکدا قووت داینا..! ڕێگەی سوپاگەکەی گرتەوە بەر.. بیری دەکردەوە.. (ڕۆژێکی دیکەی مۆڵەتەکەم بەسەرچوو.. ئاخۆ «ڕۆیتەر» و «فیلڵدمان» ئاگایان لەم کەینوبەینە بوایە، چییان پێ بکردمایە؟!..).

---

١– کۆڵکۆڵە: نافورە.

٢– ئاوزێڵ: ئەستێڵ– حەوز– حوض.

٣– تیولیپ: جۆرە گوڵێکی بەهارەیە، بەسەلک.

٤– جنێڤا: جۆرە خواردنەوەیەکی ئەلکهولییە.

٥– مەبەست ئەوەیە کە خواردنەوە نەخۆشییەکەی خەستتر دەکات، تا چاکیش نەبێتەوە ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی ناکەنەوە.

٦– کازانۆڤا: (جیۆڤانی کازانۆڤا ١٧٢٥–١٧٩٨) نووسەری جەربەزە و قومارچیی بەناوبانگی ئیتاڵیا، بەداوێن پیسی ناوبانگی لە هەموو ئەوروپادا بڵاوبۆوە، دەڵێن گوایە سیخوڕێکی بلیمەتی جیهانیش بووە، پاش مردنی یاداشتەکانی بڵاوکرانەوە، هەندێک دەڵێن ئەو یادداشتانە هەڵبەستراون.



## 12

(بووتشەر) لە تەنیشت ڕەختی خەوەکەی (فیلڵدمان)ەوە دانیشتبوو، قاوەی دەخواردەوە، هەردوو پێی نابووە سەتڵێک ئاوی ساردەوە، بنی پێی یەکپارچە زام و تلۆق بوو.. سەریان کردبۆوە سەری، ئەمیش گرمەی دەهات:

– بەڵێ لای خانمی ڕیستۆرانەکە بووم، ئەی چی بکەم؟ دەبوایە شتێکم هەر بکردایە، ئەی گوایە بۆ هاتوومەتەوە؟ بەتەما نین وەکو گوێرەکە لۆش لۆش بچمەوە؟! (ڕووی کردە گرێبەر، دەیویست خۆی لەو سەرتێکردنە قورتار بکات..) ئەی تۆ.. پێم ناڵێیت خەریکی چیت.. چیت کرد، بۆ هیچ لایەک نەچوویت؟

– نەخێر.

– نە...خێیر!؟

(بۆلمان) هەر زوو هاتە وەڵام:

– تا چێشتەنگاو خەوتووە، چۆن خەوتنێک، زرمەی تۆپیش خەبەری نەدەکردەوە.. خەریکە فام دەکاتەوە..

(بووتشەر) پێی لە سەتڵەکە دەرهێنا، سەیرێکی پاژنەی پێی کرد، یەک پارچە تلۆقێکی گەورە بوو.. هەردوو دەستتی پان کردەوە:

– چاوتان لێیەتی؟ ڕاستە پیاوێکی قەیرە و بەکارم، بەڵام پێم لە پای ساوایەک ناسکترە.. چاریشم نییە هەر دەبێ بەکاریان بهێنم..

– بۆچی بۆ ماوەیەک ناحەسێیتەوە؟ پشوویەک بەخۆت بدە.. ئەوەتا ئەو مانگایەشت بۆ خۆت ڕاهێناوە، لەهیچت کەم نییە.

– ترحێو..! ئاخر کابرا نابێ نەختێک مێشکت بێ؟.. ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بەمەسەلەکەوە نییە، ئەوەش کە لە کەللەی پووتتایە هیچی تیا بەسەر نییە.

– مەرج نییە هەر لە یەکەم جارەوە هیچی تیا بەسەربێت، بەتایبەتی کاتێک کە پیاو ماندوو دەبێت.

– مەبەستم ئەوە نییە گەمژە، زۆر چاک گەیشتمە ئەنجام.. بەڵام ئەو خانمە لەو جۆرانە نییە کە دڵم قایل کەن.

– ئەوەی تۆ گەرەکتە هەمووی بەجارێک نالوێ (ئەمجا فیلڵدمان بەزۆرزانییەکەوە وتی).. ماوەیەکی هەر دەوێ تا بەیەک ڕادێن..

– ئاخ.. نازانم چۆن چۆنی گوێدرێژێکی وەک تۆ حاڵی بکەم؟.. ئەو خانمە خانمێکی جوانە، بەڵام سەبارەت بەڕاهاتنەکەوە، مەسەلەکە خراپ شکایەوە، هەموو شتێک ڕێتمی خۆی وەرگرتبوو، خۆم لەبیر چۆوە و بە (ئەلما) ناویم هێنا..! ئەم ناوی (لویزە)یە، (ئەلما) ناوی هاوسەرەکەمە.. ئیتر حاڵی بوویت گەلۆر؟

– بەڵێ.

یەکێ لە پۆکەرچییەکان لەجێی خۆیەوە هەڵی دایێ:

– جا ئەمە چ زیانێکی پێ گەیاندوویت بەراز؟

یەکێکی دیکە وتی:

– ئەوە سزای ناپاکی و داوێن پیسییە.

(بووتشەر) بەدەم درێژکردنی لاقیەوە وەڵامی دانەوە:

– ناپاکی؟!.. کێ باسی ناپاکی کردووە؟

– تۆ.. ئەی سەعاتێکە چی دەڕێسیت، یان خلافاویت و نازانیت دەڵێیت چی!

پۆکەرچییەکە بوودەڵەیەکی سەر خڕ بوو، کەللەی لەهێلکە دەچوو، (بووتشەر) چاوێکی مۆنی تێبڕی، تێر مۆڕەی لێکرد، هەستی دەکرد لە کەڕامەتی دراوە.

– توخوا کوڕینە لەوەتەی هەن گوێتان لە زەڕینی ئاوەها بووە؟ باسی ناپاکی دەکات..! قسەی پووچ، ناپاکی؟ کاتێک ئەوە ناپاکییە ئەگەر ئەوەی خۆمم لە لا بێت.. ئەوەی خۆم لا بوایە هەرگیز بەلای شتی وا نەدەچووم..

(فیلڵدمان) وتی:

– گوێی مەدەرێ، ئەوە پیاوێکی گومڕایە، ئیرەییت پێ دەبات.. ئێ، پاش ئەوەی پێت گوت (لویزە) چی ڕوویدا؟

– لویزەی چی؟ خۆی ناوی وایە.. من وتم ئەلما.

– ئێ (ئەلما).. ئەمجا؟

– ئەمجا لەبری ئەوەی لێم تووڕە ببێت یان پێبکەنێت، دایە پڕمەی گریان، باوەڕتان بێ بەو فرمێسکە زلانەیەوە هەر لە تیمساح دەچوو.. خانمی قەڵەو چۆن دەبێ بگرین، گریانیان لێ نایەت..

(ڕۆیتەر) نەرمە کۆکەیەکی بۆکرد، کتێبەکەی دەستتی خستە لاوە و بەچاوێکی پڕ بایەخ پێدانەوە پرسیاری لێکرد:

– بۆچی؟

– ناگونجێ، شتی زل و گریانیان نەگوتووە، پێکەنین ئا، بەڵام گریان هەرگیز نا..

سەرهێلکەکە وتی:

– ئەی ئەگەر بە (ئەلما)ت بگوتایە (لویزە).. پێدەکەنی؟

(بووتشەر) بەتەکانێکەوە ڕووی تێکرد:

– نەء، یەکسەر نزیکترین قاپە ئاوجۆی تێدەکردم.. ئەیدا بەتەوقی سەرما، ئەمجا چیدیکەی بەدەستتەوە بهاتایە گشتی تێدەگرتم، بەر لەوەی بزانم بۆ وا دەکات لەناوی دەبردم! تەنها پۆستاڵەکانم لێ دەمایەوە.. تێگەیشتیت گوێدرێژ؟

سەرهێلکەکە ماوەیەک مت بوو، لەوە دەچوو دیمەنی ئەو حاڵەی (بووتشەر) باسی کرد، بهێنێتە بەرچاوی، پاشان وتی:



– جا چۆن زات دەکەیت لەگەڵ ژنی وا ناپاک بیت؟

– کابرا من ناپاک نیم، ئەگەر (ئەلما)م لا بوایە هەرگیز شتی وام نەدەکرد، ئەمە داوێن پیسی نییە.. پاراستنی بوونە!

(ڕۆیتەر) ئاوڕێکی لە (گرێبەر) دایەوە:

– ئەی تۆ.. ئارمانیاکەکە گەیاندیتیە چی؟

– هیچ.

(فیلڵدمان) بەناڕازیبوونێکەوە وتی:

– چۆن هیچ؟! ئەی چی بوو وا خپی کردیت؟

– مەگەر شەیتان بزانێ بۆ ئەوەندە خەوم دەهات، هێندە شەکەت و ماندوو بووم هەستم دەکرد هەفتەیەکە نەخەوتووم.

– کەواتە بخەوە.. لەسەر خەوتن بەردەوام بە.

( ڕۆیتەر) وتی:

– فیلڵدمان ڕاست دەکات، پسپۆڕە کەس لە بواری خەوتندا هێندەی ئەو شارەزا نییە..

سەرهێلکەکە گوێی لێدەکردن، لەپڕێکا گوتی:

– پسپۆڕ نییە.. تەڕەماشە، لەوەتەی لێرەیە لە جێدا کەوتووە، وەک لێرە نەبێت وایە، خۆ لەوێش دەیتوانی بخەوێ و خەو بەئێرەوە ببینێ!

– بەخوا زەلامێکی نەفامە.. نەخێر وا نییە، من لێرەم، لێرە دەخەوم، ئەگەر خەو بە بەرەکانی جەنگیشەوە ببینم، خەوە.. حاڵی بوویت؟

(ڕۆیتەر) خێرا وتی:

– ئەرێ بەڕاست، ئێستا لە کوێیت؟

– چی..؟ لێرەم، بۆ لە تۆ وایە ئێرە کوێیە؟(١)

– کوێیە؟

سەر هێلکەکە منجە منجێکی کرد و ئەمجا وتی:

– لە هەر کوێیەک بێ یەک شتە.. خەوتووە، ئاگای لە دونیا نییە:

(فیلڵدمان) تووڕە بوو:

– نەخێر وا نییە، یەک شت نییە، حاڵی بوون بێ فەڕینە (هەردوو لاقی لێ درێژ کردەوە و تەخت ڕاکشا).

(ڕۆیتەر) لایەکی لە (گرێبەر) کردەوە:

– ئەی ئەمڕۆ چی دەکەیت.. بۆ قایل کردنی گیانی پیرۆزت بڕیاری چیت داوە؟

– باش بوو خستتەوە بیرم.. پێم بڵێ پیاو ئەگەر شیوێکی چاک لە شوێنێکی چاک بخوات، ڕووبکاتە کوێ؟

– بە تەنها؟
– نەء.
– میوانخانەی جێرمانیا، شوێنێکی تاکە، لەوانەیە ڕێگەت نەدەن بچیتە ژوورەوە.. بەرگی جەنگاوەران بپۆشە، ئەوێ شوێنێکی تایبەت بەئەفسەرانە، لەوانەیە ڕێز لە میدالیاکانت بگرن، ڕێگەت بدەن بچیتە ژوورەوە!
(گرێبەر) لە جلوبەرگەکەی بەری ورد بۆوە، هێجگار شڕوچەپەڵ بوو:
– دەتوانیت بەرگەکەی خۆتم بدەیتێ؟
– ئەی بۆ نەء؟ بەڵام پڕ بە بەری دووانی وەک تۆیە، بۆیە سەرنجیان ڕادەکێشیت و وەکو مشک فڕێ ئەدرێیتە دەرەوە.. بەڵام دەتوانم چاکەتێکی سەرپەلانت بۆ پەیدا بکەم پڕ بە بەرت بێ.. پانتۆڵێکیش، بەڵام تا لێرە دەچیتە دەرەوە، پاڵتۆیەک بکە سەریاندا، (نواڕییە چاوی گرێبەر).. تێناگەم بۆ دواکەوتوویت، هاوڕێیانی تۆ گشتیان ئەفسەرن!؟
– سەرپەل بووم، لە ئەفسەرێکم دا.. پلەکەمیان دابەزاند، باش بوو بەو سزایە لێم گەڕان، دەبوایە ڕەوانەی ئۆردووگایەکی تەمێ کردن بکرامایە.. ئیتر لەو کاتەوە لەم پلەیەمدا ماومەتەوە.
– کەواتە مافی خۆتە بەرگی سەرپەلان بپۆشیت (سەری دانەواند، بیری دەکردەوە).. ئەگەر خانمەکەی دۆستت میوانت بوو، داوای مەی بکە، جۆری -یوهانز بێرگەر کوکسبیرگ ٣٧- داوا بکە، ئەمە بابەتێکە مردوو زیندوو دەکاتەوە..!
– زۆر چاکە.. پێویستیم بە بابەتێکی وا هەیە.

***

تەم شارەکەی پێچابۆوە، (گرێبەر) لەسەر پردەکەوە دەینواڕییە ڕووبارەکە، ئاوەکە دار و بەرد و چلوچێوێکی زۆری ماڵەوێرانەکانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا.. لێڵ و خەست، سست و قورس دەهات.. هەر لەوێوە نواڕییە قوتابخانە کۆنەکەی، لەناو تەم و مژەکەدا دێز و کەتە دیار بوو.. چاوی تێبڕی، یادی ڕابووردوویەکی بەسەرچووی دەکردەوە..
بەرەو قوتابخانەکە ڕێی گرتە بەر، شێی تەمەکە دەروازە ئاسنینەکەی تەڕ کردبوو، کرابۆوە..! دەرەنگ بوو کەس لەو دەوروبەرە نەبوو.. لە حەوشی قوتابخانەکەوە چووە سەر ڕۆخی چەمەکە، لقوپەلی درەختەکان لەنێو تەمەکەدا لە ڕەژوو دەچوون، تەخت و کورسییەکانیان وەک جاران بە پرش و بڵاوی لە ژێریاندا دانرابوون، ئەو دەمە کە قوتابی بوو، هەمیشە ئارەزووی لە دانشتنی ئەوێ بوو، لەوێ بیری لە داوڕۆژی دەکردەوە.. ئاواتەکانی نەهاتنە دی، هەر ئەوەندە دوا پۆلی بڕی، ڕەوانەی بازگەکانی مەرگ کرا.
ڕووبارەکە چەرپایەکی بەدۆشەکێکەوە هێنابوو، لە قەراخ چەمەکە گیرسابۆوە، ئاوسا بوو! لە گیانلەبەرێکی چەرەنی(٢) دەریاکان دەچوو، تەزوویەک بەگیانیا هات، ڕووی کردە قوتابخانەکە دەرگاکە کرابۆوە، هەرچەندە دوودڵ بوو بەڵام خۆی پیاکرد، هەڵوێستەیەکی کرد، نواڕییە پلیکانە تاریکەکە.. لە دەرگا دێزەکانی پۆلەکان ورد بۆوە، چاوی بەهۆڵەکەدا گێڕا، سارد و خامۆش، بۆنێکی نا ئاساییان



لێدەهات، پەژارە بوو.. هەڵوێستێک بوو جگە لە خەم و پەژارە هیچی دیکەی تێدا نەبزواند..
(لۆدفیگی) هاتەوە یاد، ئامۆژگاری سەردانی قوتابخانەکەیان نەکات، بەگوێی نەکرد، ئەوەتا هاتووە و لە نابووتی پتر هیچی دیکەی دەست نەکەوت، گشت ئەو زانیارییانەی بەدرێژایی ساڵانی مەشق و فێربوون لە مێشکیا چێندران زڕ دەرچوون، لەگەڵ ئەو سەردەمەیا نەدەگونجان، بەربەستێکی پان و بڵندیان لە نێواندایە، یاسای دوو جیهانی جودان، دوو ڕێبازی دژ بەیەکن.
هاتەوە دەرەوە، لەو دیو دەروازەی قوتابخانەکە، دوو کێلی یادگارییان(٣) لە هەردوو بەری ڕێگەکە هەڵبەستبوو.. ئەوەی لای ڕاستەوە بەیادی کوژراوانی جەنگی یەکەمەوە بوو، بەسەدان ناو ڕەش بۆوە.. بەر لەم جەنگەی ئێستایان لە کوڕ و ئاهەنگە نازییەکاندا، بەدەیان تاجە گوڵینە دەیان ڕازاندەوە.. (شمێل)ی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان وتاری دەخوێندەوە، وتاری چی؟ هەر نەڕە و شیڕە و هاندان و بانگەوازی تۆڵەسەندنەوە بوو، هەمیشە دەربارەی ئەڵمانیای مەزن و گەورە ئەدوا.. پیاوێکی قەڵەوی ورگ پفەڵ بوو، هەر فریای ئارەق سڕینەوە دەکەوت..
کێلەکەی دی نوێ بوو، بەیادی لەناوچووانی ئەم جەنگەیانەوە بوو، هەر لە تەنیشتییەوە جێگەیان بۆ یەکێکی دیکە ئامادە کردبوو.. گەلێکن ئەوانەی لەناوچوون.. لەپڕێکا پاسەوانە پیرەکەی قوتابخانەکەی لێ پەیدا بوو:
– ها چیت دەوێ؟
– هیچ، هیچم ناوێت..
زۆر دوور نەکەوتبۆوە کاتێ شتێکی کتوپڕی هاتەوە یاد، ئاوڕی لە پاسەوانەکە دایەوە، پرسیاری لێکرد:
– مامۆستا (بۆلمان) لەکوێ دەژی؟.. مامۆستا (بۆلمان) ئەوەی لێرە مامۆستا بوو؟
– مامۆستا بۆلمان ئێستا مامۆستا نییە.
– بەڵێ، بەڵێ.. ناونیشانی نازانیت؟
پیرەی پاسەوان لە (گرێبەر) ورد بۆوە، (گرێبەر) سەرێکی بۆ لەقاند، هانی دا.
– دەی پێم بڵێ، تەنها خۆم و خۆتین، کەسێکی دیکەی لێ نییە.
– زوو لە گۆڕەپانی (بیان) خانووی ژمارە (٦) بوو، ئیتر نازانم لەوێ ماوە یان نا (لە گرێبەر نزیک بۆوە، ملی بۆ درێژ کرد) تۆش لێرە بوویت؟
– بەڵێ، ئەی (شمێل) چۆنە.. ماوە؟
بەسەر سوورمانێکەوە وەڵامی دایەوە:
– بەڵێ ماوە، ئەی گوایە بۆ نەماوە؟
(گرێبەر) دوورکەوتەوە، بەدەم ڕۆیشتنەوە بیری دەکردەوە.. وەڵامی پاسەوانە پیرەکە لە گوێیدا دەزرنگایەوە.. (ماوە، ئەی گوایە بۆ نەماوە..؟).

***

گیرۆدەی لێکدانەوەیەکی قووڵ ببوو، بەهۆشێکی پەرشوبڵاوەوە کووچەو شەقامەکانی گرتبووە بەر، کاتێک بەخۆی زانی، بزر بووە، ڕێگەکەی لە تەمومژەکەدا لێ گۆڕا.. دیمەنەکان یەک جۆر بوون..

هەستی کرد لە نێو خۆیدا بزر بووە..!

زۆر گەڕا تا شەقامێکی دییەوە شارەزای بوو، لەوێوە بەرەو گەڕەکە وێرانەکەیان ڕێی گرتەبەر..

باری کەش گۆڕا، بایەکی توند هەڵی کرد، تەمەکەی وەک دەریایەکی مەنگی پڕ خێو ڕادەماڵی.. هاتەوە سەر شوێنەوارەکەی ماڵی باوکی، هیچی نوێ نەبوو، هەنگاوی نا دووربکەوێتەوە بەڵام زرمەیەکی ناوازە لەجێی خۆیدا سڕی کرد! زایەڵەی ئاوازێکی ناساز بوو.. دەنگی ئەدایەوە، چاوی گێڕا نواڕییە دوور، کەسی بەدی نەکرد، ژاوە ژاوەکەی بەرزتر هاتەوە گوێ.. پڕ بەو ناوە بوو، هاژەی دەهات، لە هاوارێک دەچوو، دوور وەک لە دەریایەکی تەماوییەوە بێت، وا دەهاتە گوێی، وا بەبیریا هات یەکێ لە بانەکانەوە ساز ئامێرێک[٤] تاقی بکاتەوە! هەردوو گوێی شل کرد، دوای شەپۆڵی ئاوازەکە کەوت، سەرچاوەکەی بۆ نەئەدۆزرایەوە، لە هەموو لایەکەوە دەهات.. شتێکی غەمناک بوو، چاودێرە خلّفاوەکەی بەبیردا هاتەوە، ئاخۆ ئەمەیش بەزمی ئەو نەبێ؟! لەو زیاتر کەسێکی دیکە شتی وای لێ ناوەشێتەوە.. بەغار خۆی گەیاندە خانووەکەی تەنها ڕووکارەکەی مابوو، دەرگاکەی بەپرتاو کردەوە، زەلامێک لەسەر کورسییەک دانیشتبوو.. داچڵەکی! هەڵبەزیەوە و هەستایە سەر پێی.. (گرێبەر) کورسییەکەی ناسییەوە، شێتەکە هاواری لێکرد:

– ها؟ چییە، چی ڕوویداوە؟

نواڕییە دەستتی، هیچی پێ نەبوو، ئاوازە ناوازەکەش هەر بەردەوام بوو!

– ئەم بەزمە چییە؟ ئەم ئاوازە لە کوێوە دێت؟

شێتەکە ڕوخسارە بەتەم شۆڕاوەکەی لە دەموچاوی (گرێبەر) نزیک کردەوە..

– دیسانەوە پاسدارە بلیمەتەکەی نیشتمانە؟.. ئەزانیت ئەوە چییە؟.. ئەوە سرووودە، سروود و ئاوازی نێژراوەکانە، گوێت لێیانە چی دەڵێن؟.. پڕ بەدەنگیان هاوار دەکەن.. قورتارمان کەن، ڕزگارمان کەن.. بەسیە ئیتر، بەسیەتی کوشتن و کوشتار..

– قسەی پووچ.. (نواڕییە ئاسمان، تەمەکە دەڕەوییەوە، تەنافێکی ڕەشی بەدی کرد، بەدەم ڕەشەباکەوە دەلەرییەوە، ئاوازەکەش بەدەم لەرینەوەی تەنافەکە بەرز و نزم دەبۆوە..! لە پڕێکا پیانۆ هەڵواسراوەکەی هاتەوە یاد.. پیانۆکە بوو!!، ڕەشەباکە تەنافی کارەباکەی بەڕیزە دوگمەکانی پیانۆکەی ئەدا و ئەو ئاوازە نامۆیەی لێ دەردەچوو.. بەدەم خۆیەوە وتی:) پیانۆکەیە!!

شێتەکە دەمی لار کردەوە، لاسایی گرێبەری کردەوە:

– پیانۆکەیە..! پیانۆکەیە.. هەی خوێنخۆرە چارەڕەشە شوومەکان، تا کەی فام ناکەنەوە، کەی تێدەگەن.. پیانۆی چی؟.. ئەم دەنگەی دێتە گوێت، سەدای زەنگی کوژراوەکانە، هاوار دەکەن، ئاسمانیش وەڵامیان ئەداتەوە، داوای سۆز و بەزەیی دەکەن، هاواری داد دەکەن، تکاتان لێدەکەن ئەمەی لە جیهاندا ڕوو ئەدات کۆتایی پێ بێت، جارێکی دی ڕوونەداتەوە، تۆ تێناگەیت، تێکدەرێکی خوێنڕێژی



وەکو تۆ چی لە ژیان تێدەگات؟ چۆن لە شتێک حاڵی دەبێ. بەهای نەزانیت؟! (خۆی قیت کردەوە، چاوێکی بەو دەوروبەرەدا گێڕا..) لە هەموو لایەکن، لە پەنا هەموو تاوێر و بەردێکدان، بەکەللە و دەموچاوی پلیشاوەیانەوە بەبێ نووزە لە ژێرەوە، لە قووڵاییییەکاندا چاوەڕوانن، چاوەڕوانی ژیانەوەن..! زیندوو دەبنەوە، ڕاست دەبنەوە و دواتان دەکەون، ڕاوتان دەنێن، جا ئەوسا ڕوو دەکەنە کوێ؟ بۆ کوێ دەچن، دەرچوونتان نییە..

(گرێبەر) پشتی تێکرد، دوورکەوتەوە، دەنگی پیاوەکەی بەچپەیەکی ڕوون، تیژ بەگوێیدا دەهات.

– داوای سزا دەکەن، داوای تۆڵە دەکەن.. تۆڵە، تۆڵە..

چاوی لێی نەبوو، بەڵام گوێی لە دەنگی بوو، لێی ببووە هەناسەی ئەو کەلاوە سووتاوانە.. دەیگوت:

– چیتان کرد؟.. ئەوەی بە برا بچووکەکەتان کرد بەمنتان کرد.. ئەوەی بەسەر برا بچووکەکەتان هات، بەسەر من هات[٥]..

(گرێبەر) هاواری لێکرد:

– بڕۆ ملت بشکێنە، بۆ لای شەیتان بچۆ با لە یەکێ لەم کەلاوانەی وەکو بایەقووش بەسەریانا دەخوێنی، بتنێژێ..

دوورکەوتەوە.. شانی داکەوتبوو، کەوتبووە ژێر هەرەسی قورسی خەمەوە.. (مەرگ، مردووان، بەش بەحاڵی خۆم.. زیاد لە پێویستیش مەرگ و مردنم دیوە.. بۆ گەڕامەوە ئێرە؟ ئەم شارە وێرانە ژیانی لێبڕاوە، لەدووی چی دەگەڕێم؟..).

***

لە دەرگاکەی دا، وەک خۆی لەمێژەوە مات دابێ، خاتوو (لیزەر) یەکسەر کردیەوە.

– ئۆی.. دیسان تۆیت؟

– بەڵێ منم.. (بەتەما بوو ئەلیزابێث دەرگای لێ بکاتەوە، ئەویش لەو کاتەدا لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە..).

ژنەکە بێ ورتە کشایەوە ژوورەکەی خۆی و دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست.. (ئەلیزابێث) وتی:

– فەرموو ئەرنەست وەرە ماڵەوە، ئا ئێستا لە خۆگۆڕین بوومەوە..

(گرێبەر) دوای کەوت، لێی ورد دەبۆوە، دەینواڕییە جلوبەرگەکەی بەری.

– ئەمە چییە لەبەرت کردووە، ئەمەیە هەموو دڵ تەڕییەکەت؟

(چاکەتێکی خوری و تەنوورەیەکی ڕەشی پۆشیبوو).. وا دیارە چوونە دەرەوەکەی ئەمشەومانت لە یاد کردووە..؟

– بۆچی بەڕاستت بوو؟

– ئەی چی؟.. بنواڕە من، ئەها چۆن خۆم گۆڕیوە، ئەم دەستتە جلەم لە برادەرێک خواستووە.. کەوتوومەتە فڕوفێڵ، لەوانەیە بەم بەرگەوە ڕێمان بدەن بچینە میوانخانەی جیرمانیا، گرفتەکە لەوەدایە تەنها بۆ ئەفسەرانە؟ لەوانەیە بەهۆی تۆوە ڕێگەمان بدەن.. کراسێکت نییە لەبری ئەمەی پۆشیوتە لە

بەری بکەیت؟

– هەمە.. بەڵام؟

(گریبەر) چاوی بەقاپە ڤۆدگاکە کەوت کە بیندینگ پێشکەشی کرد، لەسەر مێزێک دانرابوو:

– نازانم چیت بەخەیاڵدا هاتووە؟ ئەوەی لە مێشکتایە لەبیری خۆتی ببەوە، گوێ مەدە کەس، نە خاتوو لیزەر، نە دراوسێکان، ئەمەی دەیکەین زیان لە کەس نادات.. نابێ هەموو شتێک بەقورسی بگریت، لە ماڵ دەرچۆ، بگەڕێ، خۆت لەم ژوورە تەنگە قەتیس مەکە.. شێت دەبیت، دەی قومێک ڤۆدگا هەڵدە (پەرداخێکی پڕ کردبوو، دەی هەمووی بەجارێک هەڵدە).

– چاکە، هەر ئێستا خۆم ئامادە دەکەم، نیوە ئامادەبوونێک خۆم ئامادە کردووە، بەڵام نازانم لەوانەیە شتێکم لەبیرچووبێ.. تەنها ژوورەکە بەجێ بهێڵە، با خۆم بگۆڕم، نامەوێ لیزەر بەئافرەتێکی خراپم بداتە قەڵەم.

– ناتوانێ، چوونە دەرەوە لەگەڵ جەنگاوەراندا، ئاکارێکی نیشتمانی بەرزە، دەچمە بەر دەرگای دەرەوە، لەوێ چاوەڕوان دەبم..

لەبەردەم خانووەکەدا کەوتە پیاسەکردن، دەهات و دەچوو، تەمەکە تەنک ببۆوە، بەڵام هێشتا شەقام و کووچەکانی بەرنەدا بوو، شارەکە لە گەرماوێکی گەورە دەچوو.. پڕ هەڵاوێکی سارد بوو.. لە پڕێکا، شڵپەیەک لەژوور سەریەوە هات، پەنجەرەیەک کرایەوە، سەری هەڵبڕی، (ئەلیزابێث) شانوملی لە پەنجەرە ڕووناکەکەوە هێنابووە دەرەوە، لە تابلۆیەکی داگیرساو دەچوو، هەردوو دەستتی بەدوو کراسەوە ڕاوەشاند وەکو ئاڵا بەدەم باکەوە دەشەکانەوە، کراسێکیان لە والایەکی زێڕین دوورابوو، دەبریسکایەوە، ئەوی دیکەیان هیچ ڕەنگێکی دیاری نەبوو، هەر لەوێوە پرسیاری لە (گریبەر) کرد:

– کامیان؟

دەستتی بۆ کراسە زێڕینەکە ڕاکێشا، (ئەلیزابێث) سەرێکی بۆ لەقاند و پەنجەرەکەی داخستەوە.

(گریبەر) چاوێکی بەترسەوە بەو ناوەدا گێڕا، کەس دیار نەبوو، کەسیش ئاگای لەم سەرپێچی کردنەی یاسای تاریککردنی شارەکە نەبوو.. کەوتەوە پیاسەکردن.

سروشت تاریکتر بوو، ماندوویێتی ئەو ڕۆژە و ڕەوشوکەشی تەلیسماوی ئەو ئێوارەیە و بڕیاری خۆ قورتار کردنی لە ڕابردوو لەکەللەیدا پەنگیان خواردبۆوە، ببوون بەخواست و ئارەزوویەکی ناسک و چاوەڕوانییەکی بە پەرۆش.

(ئەلیزابێث) هاتە دەرەوە، کراسەکەی لە ڕووناکاییە کزەکەدا ورشەی دەهات، بەگریشمە و نازەوە لە (گریبەر) نزیک بۆوە، شۆخ و شەنگ، مل و گەردنی ڕووتی لە ملوانەی تەنگی کراسەکەیەوە ئازاد بلّند ببۆوە، کراسەکەی چەسپ ل ەقەدی باریک و ڕێکی ئاڵا بوو، باڵای بەرزتر دەنواند..

– خاتوو لیزەر چاوی پێت نەکەوت؟

– با، حەپەسابوو، بەڵام هیچی نەگوت، بەو بێت، کفنێک لە خۆمەوە بئاڵێنم، تەشتێکیش خۆڵەمێش بکەم بەسەرما و لە ماڵ دەرنەچم.. بەڵام نازانم هەر تەریقیشم.



– گوناهباران تەریقن.

– هەر تەریقی نییە.. ترسیشە، تۆ بڵێیت..

– نەخێر هیچ ناڵێم، هیچیش نازانم، تەنها ئەوە نەبێ کە نابێ ئەمشەو بیر لە هیچ بکەینەوە، زۆرمان بیر کردەوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کەمێک دڵمان شادکەین..

***

میوانخانەی جێرمانیا کەوتبووە نێوان دوو ساختمانی ڕووخاوەوە، هەردوو کەلاوەکەیان زۆر بەرێکوپێکی خاوێن کردبۆوە، بۆی مەرگیان لێ نەدەهات، جووتێ کەلاوەی بۆرژوانە بوون، دەرگەوانەکە لە(گریبەر) ورد بۆوە، (گریبەر) ڕێی نەدا هیچ بڵێ، گورج بەڕوویەکی گرژەوە پرسیاری لێکرد:

– هۆڵی خواردنەوەکە لە کام لایە؟

– ناوەوە.. لای ڕاست بگرە، (ڤێرتس) لەوێیە، پرسیاری لێ بکەن، نیشانتان ئەدات.. (ڤێرتس سەرخزمەتچییانی میوانخانەکە بوو..)..

بەفیزێکەوە قۆڵی بەقۆڵی (ئەلیزابێث)دا کرد، چوونە ژوورەوە، دایان بەلای کۆڵۆنێل[٦] و سەرهەنگێکدا[٧] سڵاوی بۆ کردن.. بەگوێی (ئەلیزابێث) دای چپاند:

– پڕی لە پلەدارانە، نهۆمەکانی سەرەوە چەند نووسینگەیەکی بەڕێوەبەرایەتی سوپای لێیە.

(ئەلیزابێث) دەترسا:

– ئەمە سەرکێشییە، ئاخۆ پێمان بزانن چیمان لێ بکەن؟

– مەترسە، زۆر بەئاسانی دەتوانم وەکو سەرپەلان ڕەفتار بکەم، بەر لە ئێستا سەرپەل بووم..

سەردارێک[٨] لەوپەڕی ڕاڕەوەکەوە دەرکەوت، قۆڵی لە قۆڵی خانمێکی بنێسی بوودەڵە نابوو، چاوی لە (گریبەر) و (ئەلیزابێث) نەئەترووکان، (ئەلیزابێث) بەچپە گوتی:

– دەترسم پێمان بزانن.

– مەترسە، هیچ ڕوونادات..

– ئەگەر پێت بزانن گوللەبارانت ناکەن؟

پڕمەیەکی کرد، خۆی گرت:

– باوەڕ ناکەم، ئێمەومانانیان بەزیندوویێتی پێویستە.

– ئەی چیت لێدەکەن؟

– ئەوپەڕەکەی دوو هەفتە لە بەندیخانەیەکم دەنێن، منیش ئەو ماوەیە بەخەوتن دەبەمە سەر، بەهەرحاڵ پاش دوو هەفتە هەر دەبێ بڕۆمەوە..

(ڤێرتس)یان دۆزییەوە، لە ڕاڕەوەکەبوو، (گریبەر) بە دزییەوە شتێک بەخشیشی پێدا، (ڤێرتس) بێ گیروگرفت وتی:

– وا بزانم لە هۆڵی خواردنەوەکە شیو دەخۆن؟

بەرێزەوە پێشیان کەوت، ڕێی نیشان ئەدان، لەسەر مێزێکی تەریک لە پەنا پایەیەکدا دایمەزراندن،

ئەمجا بە ڕێوڕەسمێکی تایبەتەوە دووركەوتەوە.
(گریبەر) چاوی بەهۆڵەکەدا گێڕا:
– شوێنێکی خۆش و دڵگیرە، ماوەیەکی گەرەکە تا پێی ڕادێم (نواڕییە ئەلیزابێث) ئەی تۆ.. دیارە پێویستیت بەڕاهاتن نییە.
سفرەچییەکیان هاتە خزمەت، پیاوێکی بچکۆڵانە بوو، بەسەروسەکوتی لە فەیلەسووفێکی خەواڵوو دەچوو! لیستی خواردنەکانی دایە دەست (گریبەر)، بەرگەکەی کردەوە، هەر زوو شتێک بەخشیشی بۆ ئەمیش خستە نێوانیانەوە و دایەوە دەست خزمەتچییەکە:
– بابەتێکمان دەوێ لەم لیستە تۆمار نەکرابێت.
سفرەچییەکە بەساردییەکەوە وەڵامی دایەوە:
– تەنها ئەو خواردەمەنییانەمان هەیە لە لیستەکەدا تۆمار کراون.
– زۆرباشە، بەڵام بەر لەوەی خواردن داواکەین، قاپێک مەیمان بۆ بێنە.. یوهانس بێرگەر کوکس بیرگی(٣٧)مان بۆ بێنە.. با زۆر ساردیش نەبێ..
ژیان لە نیگای فەیلەسووفە خەواڵووەکە بووژایەوە، بەڕێزەوە دانەوییەوە:
– بەڵێ گەورەم.. بەڕێکەوت، هەر بە ڕێکەوت ئەمڕۆ جۆرێک ماسی ڕۆژهەڵاتی نوێمان هەیە، بەزەلاتەیەکی بەلژیکی و پەتاتە و مەعدەنووسەوە ئامادەی دەکەین..
– بەتامە، چیدی..؟ وا بزانم کافیار و مەی پێکەوە ناگونجێن؟
چاوەکانی مام فەیلەسووف بریسکەیان دەهات:
– برێ جەرگی قازیشمان هەیە، بەشێوەی ستراسبۆرگ ئامادەی دەکەین.
(گریبەر) سەری بۆ دەلەقاند، خزمەتچییەکە چووبووە هەوای خۆیەوە:
– پاشان پارچەیەک پەنیریشتان بۆ دێنم، تامو چێژی مەیەکە ساغ دەکاتەوە.
– زۆرباشە.
سفرەچییەکە بەگەشی بەلای داواکەیانەوە چوو، لەوانەیە لە پێشان وای زانیبێ (گریبەر) سەربازێکە و بەهەڵە ڕێی کەوتۆتە ئەوێ، بەڵام کاتێ کە داواکارییەکانی ئاڕاستە کرد، دڵنیا بوو لەوەی کە هەر لەو جۆرە جێگایانە کاتی بردۆتە سەر و بەڕێکەوتیش بووە بەسەرباز.
(ئەلیزابێث) حەپەسابوو!
– ئەرنەست..؟ ئەمانەش دەزانیت؟
– هیچ گوناهبارێک بێ مامۆستا نییە، مامۆستاکەی منیش ڕۆیتەرە، هەتا ئەم بەیانییەش هیچم نەدەزانی.. ڕۆیتەر هاوڕێمە، ئەویش لە قشڵەکەیە، لاقی نەخۆشە بۆیە لێرەیە..
– ئەی شێوەی بەخشیش دانەکە و ئاڵوگۆڕی لیستەکە؟
– هەمووی گوناهی ڕۆیتەرە، هەر ئەویش بوو هانی دام وەکو ناودارێکی جیهانی خۆم بەم میوانخانەیەدا بکەم..



(ئەلیزابێث) دایە قاقای پێکەنین، گەرم و ئازاد.. نەرم و ناسک لە دەروونییەوە هەڵقوڵا:
– قەت بەبیرما نەدەهات ئەم جۆرە کارانە لە تۆ بوەشێتەوە.
– تۆش ئەلیزابێثەکەی دوێنێ نیت (لێی ورد بۆوە، وا نەیدیبوو، کاتێکیش پێکەنی شێوەی بەجارێک کرایەوە، وەک هەموو پەنجەرە داپۆشراوەکانی شار بەتەوژمێک ڕووناک ببنەوە، شتێک بوو لە جۆرە، شڵەژا بوو).. ئەم کراسەت زۆر لێهاتووە، زۆر جوانە.
– کراسی دایکمە، نەختێک دەستکاریم کرد تا بەبەرم بگونجێت (نەرمە پێکەنینەکەی بۆ هاتەوە).. ئەو ساتەی هاتیت بەشوێنما، واتزانی خۆم ئامادە نەکردووە.. بەڵام لە دوێنەوە خەریکی خۆم بووم:
– دەست و دروومانێکی ڕەنگینت هەیە، منیش قەت بەبیرما نەدەهات خاوەنی ئەم بەهرەیەش بیت.
– نەمدەزانی، بەڵام فێربووم، ڕۆژێ هەشت سەعات لە کارگەیەکی درووومان کاردەکەم، بەرگی سەربازی ئەدوورین.
– بەڕاست..؟ کاردەکەیت؟!
– بەڵێ، کەس زۆری لێنەکردم، بەئارەزووی خۆم چووم، هەڵوێستێکە بەشکەم لە ڕێیەوە بتوانم یاریدەیەکی باوکمی پێبدەم.
(گریبەر) سەرێکی بادا:
– تۆ و ئەم جۆرە کارانەیان نەگوتووە، وەک خۆت و ناوەکەت وان.. ناگونجێن، بەڕاست چۆن ناوی ئەلیزابێثیان لێنایت؟
– دایکم ناوی نام، خانمێکی نەمساوی بوو، بەشێوە لە ئیتاڵی دەچوو، ئاواتی بوو کچێکی پرچ زەردی سپیکەڵەی ببێت و ناوی بنێ ئەلیزابێث، کاتێک لەدایک بووم مەرجەکانی ئەلیزابێث ناوم تێدا نەبوو.. بەڵام هەر بەو ناوە ناوی نام..
سفرەچییەکە مەیەکەی هێنا، بەبایەخێکی زۆرەوە شووشە مەیەکەی وەک پارچە گەوهەرێکی هەڵاوێردە هەڵگرتبوو:
– جووتێ پەرداخی کریستاڵی ناسکم بۆ هێناون، ڕەنگی مەیەکە تیایاندا ناشێوێ.. پەرداخی ڕۆمانییتان بە دڵە.
– پەرداخێکی ساکاری تەنک و بێگەردمان دەوێ.
سەرێکی بۆ دانەواندن، ئەمجا سەرقاپی خوانچەیەکی زیوینی هەڵدایەوە، جەرگە توێ توێ کراوەکە ئاڵ دەرکەوت، دەوری بەجێلییەکی مەییوی لەرەدار گیرابوو.. بەشانازییەوە پێشکەشیکردن:
– نوێیە، ئەلزاسییە.
(ئەلیزابێث) بەدەم پێکەنینەوە وتی:
– نایابە.
(گریبەر) پەرداخەکەی بەرز کردەوە:
– بەڵێ نایابە، ئەوە دێنی پێکێک بەخۆشییەوە هەڵدەین، دوو ساڵی ڕەبەقە لە بنە تەنەکەیەکدا نان

دەخۆم، هیچ ژەمێکیش بەتەما نەبووم تەواوی بکەم، ئەمەی دەیبینین تەنها نایابی نییە، ئاسایش و دڵنیاییە، شادمانی و خۆشەویستییە، هەموو ئەو شتانەیە کە لەبەرە نین.. (قومێکی لە مەیەکە دا، دەینواڕییە ئەلیزابێث، مەیەکەش لەو شتە بەتەما نەبووانە بوو، ئارام و شادییان پێدەبەخشی.. لە پڕێکا بووە شێوە هەستێک بەهەموو ئەو شتانەی کە دەمێ بوو لە لیستی پێداویستییەکانیا سڕابوونەوە.. پێویست نەبوون، بێ سوود بوون، سەر بەڕووەکەی دی ژیان بوون، ڕووە گەشە بریقەدارەکەی.. کە سەرچڵی و بێباکییە، خۆشگوزەرانی و دەستبڵاوییە!

ئەم مەیە کە پاش ساڵانێکی دوورو درێژی ڕووبوونەوەی ترس و مەرگێکی چەپەڵ، لێی دەنۆشێ، تەنها مەی نەبوو!.. زیوەکەش تەنها کانزایەکی خام و سادە نەبوو! ئەو ئاوازەش کە لە لایەکەوە دەهات و نەرم نەرم لە پەردەی گوێی ئەدان، ئاوازێکی ئاسایی نەبوو.. (ئەلیزابێث)یش، ئەلیزابێثەکەی جاران نەبوو.. هەموو ئەوانە هێما و ئارایشی ژیانێکی دیکە بوون، ژیانێک بوو بۆ ژیان، دوور لە مەرگ و وێرانکاری، شتێک بوون لە جۆری خەون و ئەفسانە شادەکان..

– زۆر جار لە یادمان دەچێ کە لە ژیانداین!

(ئەلیزابێث) بەدەم پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– منیش شتێکی وام لە مێشکدا بوو، بەڵام توانای دەربڕینم نەبوو..

سفرەچییەکەیان لێ پەیدا بۆوە:

– گەورەم بادەکەی چۆنە، بەدڵتانە؟

– شتێکی نایابە، وا نەبوایە گشت ئەو شتانەی لە هزر و بیرم تەرە ببوون، هەر هەمووی بەجارێک نەدەبووژانەوە..

– هەتاوە.. هەتاو گەورەم..! ئەو تام و بەرامە و ڕەنگە تەنها لە بادەی ترێ و ڕەزی پەروەردەی بەر خۆری پاییزاندا هەیە، تینی ئەو خۆرەیە بەرەگوڕیشەی مرۆڤدا دەگەڕێ و دەیبووژێنێتەوە.. دانیشتوانی ناوچەی ڕاین ناوی ئاگردانیان لەم مەیە ناوە.

– بەڵێ.. دەڵێی ئاوی زێڕە، پرژ دەهاوێژێ..

– بەڵێ وایە.

– هەر لەیەکەم قومەوە، هەست دەبزوێنێ.. ئەی وانییە؟.. خۆرێکی هەڵاتووە.

– ناگاتە گەدە..! ڕاستەوخۆ سەردەکەوێ.. دونیا لەپێش چاودا دەگۆڕێ.

– شارەزاییەکی چاکت دەربارەی مەی هەیە گەورەم (سەری لە گرێبەر نزیک کردەوە).. ئەوانەی لە وڵاتانەوە دانیشتوون هەر لەم مەیە دەخۆنەوە، وەک ئاو ڕۆبکەنە پەرداخەوە، کاسەکانیان پڕ دەکەن، قەدری نازانن... شیریان بخواردبایەوە چاتر بوو..

سفرەچییە فەیلەسووفەکە بەئاغری کشایەوە دواوە، (گرێبەر) وتی:

– دیارە ئەمڕۆ لە فێڵبازانە.. مەیەکەت بەدڵە؟ بەلای تۆشەوە ئاگردانە؟

– هەست دەکەم لە زیندانێکی تەنگوتاریک قورتار بووم، لە هەمان کاتیشدا وا هەست دەکەم تاوانم



کردووە و ڕووەو زیندانەکەم دەچمەوە.

(گرێبەر) بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– ترسەکەیە..! ئەو شتەیە ڕەگی لە بوونماندا داکوتاوە و وای لێکردووین سڵ لە خۆشمان بکەینەوە، لەهیچ حاڵی نەبین، گەیشتووینە باوەڕێک هەمیشە وا هەست دەکەین بوونێکی ساختەین..

سفرەچییەکە خواردنەکەی هێنا، کەوتە ڕێکخستنی خوانەکە، دەستتە ڕاهاتووەکانی نەرم و خێرا دەگێڕا، لە یەکێ دەچوو بەسەر شەختەی گۆمێکی مەییەوەوە هەنگاو بنێ دڵنیا بێ سەهۆڵەکە بەرگەی قورسایی دەگرێ، بۆیە ئازا و گورج دەجووڵا، بەبێ هەڵە هەموو شتێکی لە جێی خۆی دادەنا.

– کەسێک وەکو من، بەساڵ ژیانی لەناو قوڕوچڵپاودا، لە توێی دووکەڵ و بڵێسەی ئاگردا بردبێتە سەر و لەناکاودا لەو گوزەرانە قورتار بێ، هەرچییەک ببینێ وا دەزانی یەکەم جارە دەیبینێ.. ئێستاکە وا هەست دەکەم دەستی خۆم نەبێ هیچ دەستێکی دیکە لەم پەرداخەی ناودەستمی نەداوە.. ئەم سەرمێزە خاوێن و بێ لەکەیە یەکەم جارە بەکار بێت.. هەست دەکەم لە وێنەی ئەم سەرمێز و پەرداخە ل ەهیچ لایەکی دیکەی ئەم دونیایە نییە..

سفرەچییەکە وەک دایکێکی بەسۆز دەستتی دایە قاپە مەیەکە، گواستیەوە لایەکی دیکەی مێزەکە.. دەیگوت:

– نەریت وایە ماسی بە مەیی (مۆزڵ)ەوە بخورێ، بەڵام ماسی (موسا) شتێکی ترە، گۆشتی وەک بەڕوو وایە، ئیتر مەیەکەش ئەو شتە نایابەیە کە هەیە، پەخشی یەزدانە..

خزمەتچییەکە دوورکەوتەوە، (ئەلیزابێث) وتی:

– ئەرنەست؟ پارەی ئەم هەموو شتەت پێ ئەدرێ؟! گرانن، زۆری تێدەچێ..

– مووچەی دوو ساڵم بە مۆڵی لە گیرفاندایە، ڕاستە بەرگەی ماوەیەکی زۆر ناگرێ ئەگەر بەم شێوەیە خەرجی بکەین، بەڵام ژیانیش کورتە، بواری دوو هەفتەیە.. سەروبەر بەشی دوو هەفتە دەکات..

***

لەبەر دەرگای خانووەکەی ماڵی (ئەلیزابێث)ی تێدا بوو، وەستابوون، ڕەشەباکە هێور ببۆوە، تەمومژەکە دیسانەوە خەست دەبۆوە، (ئەلیزابێث) پرسیاری لێکرد:

– کەواتە تەنها دوو هەفتە دەمێنیتەوە.

– کەمتر.

– ماوەیەکی کەمە.

– زۆرە و کەمیشە!.. هەرکەسەو بەشێوەیەک لێکی ئەداتەوە، ڕۆژگار لەجەنگدا ئەو ڕۆژگارە نییە لە ئاشتیدا بەسەر دەچێ، ئەمە بزانە.. ئێرەش وەکو بەرەکانی جەنگی لێهاتووە، وەکو ڕووسیا وایە..

– ئێرە و ئەوێ نابنە یەک.

– یەک بارە (ماوەیەک بێدەنگ بوو، ئەمجا وتی).. ئەمڕۆ، بڵێ لەم ئێوارەیەوە، مۆڵەتەکەم دەستت پێدەکات.. لە خودا دەپاڕێمەوە ئەو فەیلەسووفە نامۆیە و ڕۆیتەر و ئەم کراسە قەشەنگەی بەرت و

مەییش بپارێزێ.

– من و تۆش..

بەرامبەر بەیەک وەستابوون، بریسکەیەکی نەرم لە پرچ و کراسە زێڕینەکەی (ئەلیزابێث)ـەوە دەهات، شێی تەمەکە ڕووی تەڕ کردبوو، لە گوڵێکی دڵڕفێنی بەئاوونگ شۆردراو دەچوو، لە پڕێکا جیابوونەوەیان بووە کارێکی ستەم و مەحاڵ، دەبووە هۆی شێواندنی ئەو هەموو سۆز و ئارامەی قۆزاخەی بەدەوری بوونیاندا دەچنی، سێبەری ئاسایشی ئەو ئێوارەیەی تێک ئەدان، ستەم بوو بەلایەوە بەتەنها ڕێگەی سوپاگەکە بگرێتەوە بەر، بچێتەوە بەر شاڵاوی تەشخەڵەی هاوڕێکانی.. بگەڕێتەوە دۆخی کزی و پشێوییەکەی جارانی، دۆخی چاوەڕوانی و بیرکردنەوە لە دوارۆژێکی تاریک و وێڵ..

نەڕەیەکی ڕەقوتەق خامۆشییەکەی شکاند!

– چاوت نییە، کوێریت؟

(گرێبەر) ئاوڕی دایەوە، ئەفسەرێکی کورتە باڵای ڕدێن سپی وەکو خێو لێیان قووت ببۆوە.. ڕدێنی لە فلچە دەچوو.. لە دڵی خۆیدا گوتی (لە یەدەکە ئەمبارکراوەکانی نیو سندووقە پڕ مۆرانەکانە و خۆی لێ کردووینە شت).. وەکو سەربازێکی ئەزموون دیدە دانی بەخۆیا گرت، هیچی نەگوت لەباری ئامادەباشیدا وەستا...

پیرە ئەفسەری یەدەک چرا دەستتییەکەی هەڵکرد، ڕووناکییەکەی ئاراستەی دەموچاری (گرێبەر) کرد، ئەمجا بەجەستەی دای گێڕا، هەستی کرد بەچاوێکی سووک تەماشای دەکات... لوورەی ئەفسەرەکە بەرز بۆوە:

– بەە بەە بەە، بەرگی تایبەتیشت پۆشیوە، هیچ کارێکی جەنگاوەریی تایبەتت پێ سپێردراوە تا ئەم بەرگەی بۆ بپۆشیت؟ ئەمە یەک شتی وا ڕوو بدات، شتی وا نەبووە و نابێ ببێ.. بۆ لەبەرە نیت، چی دەکەیت لێرە؟

(گرێبەر) هیچی نەگوت.. لە یادی چووبوو میدالیا و نیشانەکانی هەڵگرێت تا بەهۆیانەوە بیسەلمێنێ کە لە بەرەکانی جەنگ بووە.. ئەفسەرە یەدەکە نەڕاندیەوە:

– دیارە هەر خەریکی پیاسە و گەڕان و خۆ بادانیت، لەوە پتر هیچی دیکەت لە بارا نییە..

لە پڕیکدا، (ئەلیزابێث) لەپیرە ئەفسەرە چووە پێشەوە، چووە ناو بازنەی ڕووناکی چرا دەستتییەکەیەوە، چاوەکانی بێ تروکاندن لێ زەق کردەوە، هێدی هێدی لێی نزیک بۆوە، ئەفسەرەکە یەک دوو هەنگاوێک گەڕایەوە دواوە.. ئەمجا پشتی تێکردن و لێیدا ڕۆیشت..

(ئەلیزابێث) وتی:

– لە وزەما نەما.

(گرێبەر) هەردوو شانی بەرز کردەوە..

– پیاو نازانێ چی بەم پیرە بزنانە بڵێ، هەر بۆ ئەوەی سڵاو و تەمەننایان بۆ بکرێ بیست و چوار سەعاتە بەشەقامەکاندا دەستووڕێنەوە، سروشت ملیۆنەها توخم و ڕەگەزی خاوێن کردەوە کەچی ئەم جۆرانە وەکو خۆیان ماونەتەوە..



(ئەلیزابێث) پێی ڕادەبوارد:

– بۆچی لەبەرە نیت.. چی دەکەیت لێرە؟

(گرێبەر) بەدەم ورتە ورتێکەوە وتی:

– ئەم بەزمەم بەهۆی ئەم بەرگە تایبەتییە بوو بەتووشەوە، هەر سبەی زووتر نییە، بەرگێکی شارستێنی پەیدا دەکەم.. لە سڵاوکردن و پێ بەزەمین داندا تەواو بێزار بووم.. بەو چاکەت و پانتۆڵەوە دەتوانین بەبێ ترس و سڵەمینەوە لە جێرمانیا دانشین.

– چی.. ناشێ بەتەمابیت بچیتەوە؟

– بەڵێ ئەلیزابێث، دەچینەوە.. هەر ئەم کاتانەن پیاو لە بەرەکانی جەنگ یادیان دەکاتەوە، دەبنە تێشووی شەوگاری ترس و نائومێدی.. مرۆڤ لەو ژیانە دژوارە بەپێوە ڕادەگرن، سبەی ئێوارە کاتژمێری هەشت دێم بەشوێنتا، ئێستاش دەبێ بڕۆم، لەوانەیە ئەو بزنە پیرەمان بێتەوە سەر داوای پێناسەمان لێبکات، شەوباش (ئەلیزابێث).

دەستتی درێژ کرد، (ئەلیزابێث) شل بەدەستتیەوە هات، هیچ سنوورێکیان لەنێواندا نەما، بەربەستەکان توانەوە، تەنها (ئەلیزابێث)ی دەویست و هیچی دیکە، باوەشی پیا کرد، ماچی کرد.. ئارەزووی چوونەوەی نەبوو، بەڵام هەردوو باسکی شل بوونەوە، (ئەلیزابێث) بەغار خۆی کردەوە بەماڵا..

سەرێکی لە شەقامی هاکن دایەوە، ماوەیەک بەدیار کەلاوەکەیانەوە وەستا.. مانگ لەو دیو تەمەکەوە بڵند ببۆوە، دەستتی دایە نامەکەی لەناو دار و پەردووەکەدا دایینابوو، لێی وردبۆوە، چەند وشەیەکی بەدی کرد، لە سووچێکیا تۆمار کرابوون، بەپەلە چرا دەستتییەکەی داگیرساند، وشەکانی خوێندەوە..(پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی پۆستەوە بکە، پەنجەرەی ژمارە (١٥)..!).

ئارامی لێبڕا، نواڕییە کاتژمێرەکەی، درەنگ بوو، دەبێ تا کاتژمێری (٨)ی سەر لەبەیانی چاوەڕوان بێت.. سبەی شتێکی نوێ دەربارەی دایک و باوکی دەبیستێ..

شەقامەکانی شارە دەروون ساردەکەی بەرەو قشڵەکە گرتەوە بەر.. هەستی دەکرد لە بۆشەڕۆگییەکی هێجگار فراواندا دەخولێتەوە.. بێ کێش و بێ سەنگ، ڕووبەڕووی ئاوارەییە بێ سنوورەکەی و بوونە پووت و نابووتەکەی بۆتەوە..

---

(١) مەبەست ئەوەیە کە ناو ئەڵمانیا و بەرەکانی جەنگ وەکو یەکیان لێهاتووە.

(٢) چەڕەن– خرافی.

(٣) کێلی یادگاری – نصب تذكاري.

(٤) ساز ئامێر – آلة موسيقية.

(٥) لە کتێبی پیرۆز وەرگیراوە – وادەی دێرین – سەربوورنامەی دروستبوون، بەشی (٣٨،٣٧..هتد) کارەساتەکەی یوسف پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ براکانیا.

(٦) کۆڵۆنێڵ– مقدم

(٧) سەرهەنگ– عقید

(٨) سەردار– عميد.

# 13

لایەکی ساختمانەکەی بەڕێوەبەرایەتی پۆستەی تێدابوو مابوو، ئاگر و تەقینەوە بەشەکەی تری وێران کردبوو، خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێدەکرد، دەستتە دەستتە دەهاتن، گرد دەبوونەوە، هەر یەکە و گێرۆدەی بارێ خەم و گرفت بوو.

ماوەیەکی زۆری خایاند تا گەیشتە بەر پەنجەرەی ژمارە (١٥)، کاغەزەکەی نیشان دان، فەرمانبەرێک تەماشای کرد و هەر زوو دایەوە دەستتی:

– ناسنامەت پێیە؟

ناسنامە سەربازییەکەی و فەرمانی مۆڵەتەکەی نیشان دان، فەرمانبەرەکە لە جێگەکەی هەڵسا، ماوەیەک بزر بوو، زۆری پێ نەچوو بە پێچراوێکی[١] پۆستەوە گەڕایەوە، ناو و ناونیشانێکی لەسەر تۆمار کرابوو، فەرمانبەرەکە لەگەڵ ناسنامە و فەرمانی مۆڵەتەکەی (گرێبەر) بەراوردی کردن، بەر لەوەی پێچراوەکەی بداتێ، پتەیەکی[٢] خستە بەردەستت.

– ئیمزایەکمان بۆ بکە.

پتەکەی ئیمزا کرد، چاوێکی هەر لە پێچراوەکە بوو، بەدەستوخەتی دایکی بوو.. بۆ ڕووسیا نێردرابوو، لەوێوە بەناونیشانی ماڵە وێرانەکەیان نێردرابۆوە.

– تەنها ئەمەیە؟

فەرمانبەرەکە بە پەستییەکەوە وەڵامی دایەوە:

– هەر ئەوەیە، هیچمان گل نەداوەتەوە.

– مەبەستم خراپ نییە، دەڵێم ئەگەر ناونیشانی نوێی ماڵی باوکمتان لەلا بێت؟

– ئەوە پەیوەندی بەئێمەوە نییە، بچۆ نهۆمی سەرەوە لە بەشی نامەکان پرسیار بکە:

نهۆمی سەرەوەش، نیوە بانێکی بەسەرەوە مابوو، ئاسمانیان لێوە دیار بوو..

خانمێک وەڵامی دایەوە:

– ناونیشانی نوێمان لا نییە، لامان بوایە پێچراوەکەمان بە ناونیشانی شەقامی هاکن تۆمار نەدەکرد، دەتوانیت پرسیار لە پۆستەچییەکەی گەڕەکی خۆتان بکەیت..

– لەکوێیە؟

خانمەکە تەماشایەکی کاتژمێرەکەی کرد:

– ئێستا لێرە نییە، سات چواری پاش نیوەڕۆ سەربدەوە، لەوانەیە چاوت پێی بکەوێ..

بەدڵێکی ساردەوە پرسیاری کردەوە:

– ئاخۆ ئەو ناونیشانی نوێیان بزانێت؟

– لەو باوەڕەدا نیم.. پۆستەچییەکان ناونیشانەکان لە ئێمە وەردەگرن، بەڵام خەڵکەکە هەر بۆ دڵنیایی پرسیار لە هەموو کەسێک دەکەن.. ئیتر ئەوە حاڵەکەیە، دوودڵین باوەڕ بەکەس ناکەین..

بەپلیکانەکە هاتەوە خوارەوە، نواڕییە بەروارەکەی لەسەر پێچراوەکە تۆمار کرابوو، سێ هەفتە دەبوو



نێردرابوو، هەر ئەو ڕۆژەی گەیشتۆتە ڕووسیا، خێرا ڕەوانە کراوەتەوە لە پەنایەکدا وچانێکی دا، بەرگە قاواییە ئەستوورەکەی دڕاند، کێکێکی وشکەڵاتوو و جووتێک گورەوی و پاکەتێک جگەرە و نامەیەکی تێدا بوو، نامەکەی خێرا کردەوە، بە پەرۆشەوە خوێندیەوە،هیچی دەربارەی بارکردن و بۆمببارانی شارەکە تێدا نەبوو.. پشتی نا بەدیوارەکەوە، هەردووچاوی قوچاند، دڵخۆشی خۆی ئەدایەوە..(نامەی دیکەیانم پێدەگات.. بەم زووانە نامەیەکی دیکەم بۆ دەنێرن، لە ناونیشانی نوێیان ئاگادارم دەکەنەوە..) بێ لە نائومێدی هیچی دیکە لە ڕوخساریا نەدەخوێنرایەوە..

(بیندینگی) هاتەوە یاد.. بڕیاری دا سەرێکی لێ بدات نەوەکو ئەو شتێکی نوێی دەربارەی دایک و باوکی بیستبێت:

***

کاتێ کە چاوی بە(گرێبەر) کەوت کردی بەهەرا:

– فەرمووو، فەرمووو وەرە ماڵەوە، ئەوە تۆ لە کوێیت کابرا.. میوانم هەیە، ل ەکاتێکی باشدا هاتیت، قاپێک مەیی نایابمان کردۆتەوە، دەبێت لێی بخۆیتەوە..

(بیندینگ) تەنها نەبوو، یەکێکی لە لێپرسراوانی نازی میوانی بوو.. پەکی کەوتبوو: هەردوو دەستتی بەلادا شۆڕ ببوونەوە، لەوە نەدەچوو توانای ڕاستبوونەوەی مابێت، پیاوێکی ڕیوەڵەی مووسپی دەمولێو ورد بوو، بەو پێستە کاڵ و کرچەی و مووە سپییەکانیەوە لە پەنیر دەچوو: برۆ و برژانگی هێندە تەنک و بێ ڕەنگ بوون نەدەبینران..

(بیندینگ) بەرێزێکی تایبەتییەوە ڕووی تێکرد:

– ئەمە (هاینی)یە، بە (هاینی) مارگر ناسراوە (ڕووی کردەوە گرێبەر) ئەمیش (ئەرنەست)ە، خۆشەویسترین هاوڕێمە، بە مۆڵەت لە ڕووسیاوە هاتۆتەوە..

(هاینی) بەجارێک خومار بوو، چاوی بۆ هەڵنەدەهات، زمانیشی گۆی نەدەکرد، ورتەیەکی لێوەهات:

– ڕووسیا؟.. ڕووسیا، منیش لەوێ بووم، خۆش بوو، لێرە خۆشتر بوو!

(گرێبەر) بەنیگایەکی پڕ پرسیارەوە تەماشای دەکرد، (بیندینگ) وتی:

– قاپێکی خواردۆتەوە، کەچی دڵی هێشتا تەنگە..! بۆمبێک لە ماڵی باوکی داوە، تەختی کردووە، باش بوو خۆیان لە پەناگەکەیاندا بوون، بەسەلامەتی دەرچوون.

ورتە ورتەکەی (هاینی)ی هاتەوە گوێ:

– چوار ژووری پڕ کەلوپەلی تێروتەسەل و نوێ، پیانۆیەکی بێ وێنەی دەنگ خۆش، هەمووی بەئاسماندا چوو.. داخ لەو بەرازانە..

(ئەلفۆنس) وتی:

– سوێندی خواردووە کە تۆڵەی پیانۆکەی بەهەر شێوەیەک بێ بسێنێتەوە (دەستتی بۆ تاکێ قەنەفە درێژ کرد..) دانیشە ئەرنەست، بۆ بەپێوە وەستاویت؟.. لاقت درێژکە و پێم بڵێ چی دەخۆیتەوە.. (هاینی) کۆنیاک دەخواتەوە، ڤۆدگا و کۆمیڵشم هەیە، ئارەزووت لە هەر چییەک بێت هەیە.

– ڕاستییەکەی وا نەهاتووم دانیشم، نازانم هیچ هەواڵێکی نوێی دایک و باوکت نەبیستووە؟

– هیچی نوێ نییە، پێی دەچێ لەم شارە نەبن، ناویان لە هیچ لایەک تۆمار نەکراوە، یا ئەوەتا پەنایان بردۆتە لایەک، یان لەلایەن میرییەوە ڕەوانەی جێیەک کراون، بەخۆت ئاگاداری گوزەرانەکەیت، ئەو بەرازانە هەموو ئەڵمانیایان خستۆتە بەر زەبری هێزە ئاسمانییەکانیان، ماوەیەکی گەرەکە تا ڕێکدەخرێتەوە.. وەرە دەی قومێکمان لەگەڵ بخۆرەوە، ئارەزووت لە چییە؟

– ڤۆدگا.

گرمە گرمێک لە (هاینی) بەرز بۆوە:

– ڤۆدگا..! بەڕووبار ڤۆدگامان لەبەر دەستت بوو، ئای چەندمان لێخواردەوە، چەندیشمان لێ کردە گەرووی ئەو ڕووسە ئاژەڵانەوە، بە زۆر ورگیانمان پڕ ڤۆدگا دەکردن، دەئاوسان، ئەمجا ئاگرمان تێبەرئەدان.. بۆخۆیان دەبوونە ئادەمیزادێکی ئاگر پژێن(٣).. لە تاوانا وا هەڵدەبەزینەوە کۆست کەوتووانیان دەهێنایە قاقای پێکەنین، ئەوەندە پێدەکەنین، ئەوەندە پێدەکەنین.. هەناسەمان لێدەبڕا..

(گرێبەر) بەواق وڕماندنێکەوە وتی:

– چی؟!

(هاینی) وەڵامی ئەوی نەدایەوە، چاوی بڕیبووە هەردوو نووکی پێی و بەدەم خۆیەوە دەیگوت:

– .. ئاگرپژێن..!! ناوێکە پڕ بەپێستیان.

(گرێبەر) ڕووی کردە (بیندینگ):

– ئەوە چی دەڵێت؟!

(بیندینگ) لچێکی هەڵقورتاند و بەدەم شان هەڵتەکاندنێکەوە وتی:

– هاینی لەگشت چالاکییە تایبەتەکاندا بەشدار بووە، ئەندامی نووسینگەی ئاسایشی پارتە.

– نووسینگەی ئاسایش؟!.. لە ڕووسیا؟

– بەڵێ.. دەی پەرداخەکەت پڕکەوە.

(گرێبەر) دەستی دایە قاپە ڤۆدگاکە، بڵندی کردەوە، وێنەی گوێرەکەیەکی پێوە لکێندرا بوو، شووشەکەی لە ملەوە گرت، سەربەرەو خواری کردەوە..

چاوی بڕیبووە شلە بێ گەردە شڵەقاوەکە:

– ئەمە لە سەدا چەندی ئیسپرتۆیە؟

(ئەلفۆنس) بەدەم قاقایەکەوە وەڵامی دایەوە:

– لە سەدا شەست.. ڕووسەکان بەخەستی ئارەزووی دەکەن..

(گرێبەر) بیری دەکردەوە.. (تا خەستتربێ، کلّپەی بەتینترە..) تەماشایەکی (هاینی) کردەوە.. زۆری دەربارەی کردەوەکانی نووسینگەی ئاسایش بیستبوو، (هاینی)ش مەستە، زمانی کراوەتەوە، مەستی و ڕاستی، درۆ ناکات، نووسینگەکانی ئاسایش بەهەزاران مرۆڤیان قەلاچۆ کردووە، لەژێر دروشمی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەڵمانیا هەزارانیان بەگەلەکوژی لەناوبردووە.. گومانیان لە کێ بووایە



دەیانکوشت، سەرەتا گوللەبارانیان دەکردن، پاشان شێوەی دیکەی قەلاچووکردنیان داهێنا.. کوشتن و بڕینیان بەلاوە ڕابواردن و کات بردنە سەر بوو!..

(گرێبەر) ئاگاداری هەندێ لەو کردەوانە بوو، (شتاین بێرنەر)یش هەندێکی لا باس کردبوو.. ئەوەتا ئێستاکەش باسی ئادەمیزادە ئاگر پرژێنەکان دەبیستێ..!

هەر لە ڤۆدگاکە ورد دەبۆوە، (بیندینگ) بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– خراپ لەو گوێرەکەیە ورد دەبیتەوە؟ مەترسە ناتخوات، دەی تۆ بیخۆ.. پێکێکی دیکەی لێ هەڵدە..

قاپە ڤۆدگاکەی نایەوە سەر مێزەکە، دڵی گیرابوو، پەستی دایگرت، زۆری لە خۆی دەکرد دانیشێ.. جاران خۆی لەو کردەوانە گێل دەکرد، وای دەزانی بەچاو قوچاندن و خۆکەڕ کردن، ئۆقرە بەدڵ و ویژدانی دەدات.. نەء، ئیتر وا ناکات.. نابێ دڵتەنگ بێ، بۆ ئەوە نەگەڕاوەتەوە دڵی بکاتە ئەمباری خەم..

گوێی لە (ئەلفۆنس) بوو:

– بەڕاست، بۆ پێکێکی دیکە ناخۆیتەوە؟

(گرێبەر) سەیرێکی (هاینی)ی نیمچە بێ هۆشی کردەوە:

– ئێستاش هەر لە نووسینگەی ئاساییشە؟

– نەء، لێرەیە.

– لە کوێ؟

– لێپرسراوی یەکێ لە قەلابەندەکانە(٤).

– قەڵابەند؟!

– بەڵێ..! دەی ئەوە چیتە؟ بۆ ناخۆیتەوە؟ تا جارێکی دیکە بە یەک دەگەینەوە ئەم هێزو توانایەی ئێستات نامێنێ.. دانیشە، بۆ کوێ دەڕۆیت؟

(گرێبەر) هەر لە هاینی ورد دەبۆوە:

– نەخێر، چیدی هەڕا ناکەم..!

– ئافەرین.. ئاکامەکەی هاتیتە سەربار، خەریکە فام دەکەیتەوە، چی دەخۆیتەوە؟.. ڤۆدگا.

– نەء، کۆمێڵ یان کۆنیاکم بدەرێ.. ڤۆدگام ناوێ..

(هاینی) بەدەم جووڵەیەکەوە بۆڵەی هات:

– ئاشکرایە ڤۆدگا بۆ ناخواتەوە، داخی گرانم زۆرمان لێخواردەوە، بانزینە.. بانزینی چی؟ کلّپەی لە بانزین بەهێزترە.

(هاینی) لە ئاودەستەکەی تەنیشت دەرگەی سەر باخچەکە ڕشایەوە! (ئەلفۆنس) و (گرێبەر) چاوەڕوان بوون لێ بێتەوە، هەورێکی مەنگ لە ئاسۆ گرد دەبۆوە، گوێیان لە مەلێک بوو لە باخچەکە دەیخوێند، باڵندەیەکی خڕیلانەی ڕەش و دەنووک زەرد بوو، لە تۆپێکی گچکە دەچوو، بەئاوازێک دەیجریواند هەموو ماناکانی بەهاری تێدا بوو.. (ئەلفۆنس) وتی:

– ئەم (هاینی)یە شتێکی بلیمەتە.. وا نییە؟ (سەروسەکوتی لە منداڵێک دەچوو، بەپەرۆشەوە بەشانوباڵی سەرکردەیەکی جەربەزەی هیندۆکە سوورەکان هەڵبدات، پڕ دەنگی لەرەی ترس و ڕێز بوو).

– بلیمەتە؟!.. لەنێو بێ دەستەڵاتاندا جوامێرە.

– قۆڵێکی سڕە، بۆیە وەکو ئێمەومانان ڕەفتار ناکات.. ساڵی **١٩٣٢** لە شەڕە چەقۆیەکدا لە یەکێ لە مەیخانەکان، کۆمونیستەکان چەقۆیەکیان لێدا و شادەمارێکی باسکیان بڕی، ئیتر لەو ڕۆژەوە باسکی شەپرە بووە، بۆیە ڕقێکی وای کەوتۆتە دڵ بەهیچ جۆرێک دانامرکێتەوە.. بەڵێ بەخۆڕاییی وا ناکات، ناهەقی نییە.. چیرۆکی وا دەگێڕێتەوە سەری ساوا سپی دەکات.. (مژێکی لە چرووتەکەی نێو پەنجەی دا، کوژابۆوە، هێندە هۆشی بەلای «هاینی»یەوە بوو چرووتەکەی لەیاد چوو بوو..) مرۆیەکی ناوازەیە.. ئەی وانییە؟

– زۆر.. تۆش حەزت لەو کردەوانەیە؟

(ئەلفۆنس) بڕێ بیری کردەوە، ئەمجا سەرێکی بادا:

– باوەڕ ناکەم، لەوانەیە بۆ جارێک وەکو تاقیکردنەوەیەک بەشدارییان تێدا بکەم، ئەویش تەنها بەتەماشا کردن.. نەء لەو جۆرانە نیم بەشدارییان تێدا بکەم.. من مرۆیەکی هێجگار دڵ ناسکم ئەرنەست..

(هاینی) لە ئاودەستەکە هاتە دەرەوە، ڕوخساری هێندەی تر سپی ببوو.. نەڕاندی:

درەنگە.. کاتی کارکردنە.. کاتی پلیشاندنەوەی بەرازەکانە، دەیانهاڕم، کەللەیان پان دەکەمەوە.. (دەستتە ساغەکەی بڵند کردەوە، ماڵئاوایی لێکردن، بەهەنگاوێکی تێکەڵوپێکەڵ دوورکەوتەوە، هەتا گەیشتە ناو دەرگای باخچەکە چەند جارێک ڕەتی دا، بڕێ لەناو دەرگاکەدا وەستا، شەپقە گچکەکەی نایە سەر کەللەی، ملی قووت کردەوە و سینگی دەرپەڕاند، ئەمجا کەوتە ڕێ..).

(بیندینگ) وتی:

– خۆزگەم بەوانە نەبێ نەختێکی دی دەکەونە بەر دەستی، ئاخۆ چ بێ شانسێک یەکەم کەس بێ؟

هەمان بیر لە مێشکی (گرێبەر)دا پەنگی خواردبۆوە، پرسیاری کرد:

– ئەلفۆنس؟.. ئەم کردەوانەت بەلاوە ڕەوایە؟

(بیندینگ) هەردوو شانی هەڵتەکاند:

– تەنها ئەوانە سزا دەدرێن کە بەرامبەر بەنەتەوە ناپاکن، هیچ کەسێک بەبێ هۆ بەند ناکرێت.

– بۆرمایستەریش؟

(ئەلفۆنس) پێکەنی:

– ئەو شتێکی دیکە بوو، کوا چیمان لێکردووە؟ هیچی بەسەر نەهات..

– ئەی بەسەریا بهاتایە چۆن دەبوو؟

– ئەوسا دەمانگوت بێ شانس بوو.. (ئەرنەست)، باوەڕت بێ کەوتووینەتە وادەیەکەوە جگە لە کلۆڵی و بەدبەختی هیچی دیکەی تێدا نییە! هەر لەم شارەی خۆمان هەتا ئێستا پێنج هەزار کەس



بەبۆمبباران لەناوچوون، هیچ نەبێ ئەوانەی لەناوچوون لەوانەی لە بەندیخانە و قەڵابەندەکان نراون نیشتمانپەروەرتر بوون، بەڵام بێ شانس بوون بۆیە لەناوچوون.. من نازانم، ئەم پرسیارانە بۆ لە من دەکەیت؟! من هیچ پەیوەندییەکم بەو باسانەوە نییە، نەخێر، پەیوەندییان نە بەمنەوە نە بەتۆشەوە هەیە.

پۆلێک بولبول لەسەر لێواری حەوزە خنجیلانەکەی ناو هەرێزەکە بەڕیز نیشتنەوە، یەکێکیان خۆی هاوێشتە ئاوەکەوە، هەر زوو فرتەیەکی کرد و، لە ئاوەکە هاتەوە دەرێ، بەلێواری حەوزەکەوە هەڵنیشتەوە.. گیڤ ببۆوە.. بولبولەکان سامیان شکا..! ئەوانیش کەوتنە مەلەکردن، هەموو هۆش و بیرێکی (ئەلفۆنس)یان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا.. (هاینی)ی لەبیرچۆوە..!

(گرێبەر) لەو دەموچاوە ساویلکە و بێ تاوانەی ورد دەبۆوە، ڕوخساری ئادەمیزادێکی بێباکی لەخۆ قابیل بوو.. لەپڕێکا، نا ئومێدییە بێ سنوورەکەی سەقامگیر بوونی ماف و ئاواتەکانی مرۆڤی هاتەوە یاد.. مرۆڤایەتی بەهۆی تەنپەروەری و کەم تەرخەمی و ترس و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانە ئەو هەموو مەرگو وێرانکارییە دەچێژی.. خۆشی لە تاوانکاری بەدەر نییە، تاوانبارە، هەرچەندە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەمان نییە، بەڵام لە تاوانەکانیان بەشدارە.. هەستی دەکرد سەر بە بیندینگە..! ئەگەر چیش بەربەرەکانی ئەم بیرەشی دەکرد..

بەسڵێکەوە گوتی:

– هەڵە لە بەرپرسیارەتی تێگەیشتوویت ئەلفۆنس، مرۆڤ بەرامبەر بەهەموو کردەوەیەکی بەرپرسیارە، ئەو کردەوانەی لە سایەی فەرمانێکدا ئەنجام بدات یان نەء، هەر بەرپرسیارە.. ئەی گوایە دیلەکان، ئەوانەی لەسەر تاوانی کەسانێکی دیکە یەخسیر دەکرێن.. گوللە باران ناکەین؟.. لەسەر تاوانی بەرپرسیار بوونەوەیان لە تاوانی تاوانبارە ڕاستەقینەکان، گوللەباران ناکەین؟!

– بۆ هیچ کەسێکت گوللەباران کردووە ئەرنەست؟ (بەدەم پرسیارەکەیەوە چاوێکی خێرای بەو دەوروبەرەدا گێڕا، گرێبەر وەڵامی نەدایەوە، ئەلفۆنس لەسەری ڕۆیشت).. گوللەبارانکردنی ئەوانە شتێکی دیکەیە، هەڵوێستێکی زەرووڕە..

(گرێبەر) بە ئاوازێکی تاڵەوە وتی:

– هەموو کردەوەکانمان لە سایەی ئەم هەڵوێستە لێ دەوەشێتەوە.. ئەگەر شارێک تەختوتاراج بکەین هەڵوێستێکی جەنگاوەریی زەرووڕە، ئەگەر لەوانیش بوەشێتەوە تاوانێکی دڕندانەی دژ بەمرۆڤ و شارستانییەتە..!

– بەڵێ وایە.. خەریکە دروست بیر دەکەیتەوە (تەشخەڵەی بەگرێبەر دەکرد) ڕامیاری نوێ ئەمەیە کە تۆ دەیڵێیت، شالیاری داد(٥) دەڵێت – ماف تەنها بەلای ئێمەوەیە – ئیتر ئەو دەزانێ چی دەڵێت، پێویستە ئێمەش بزانین چی دەکەین..! ئێمە تەنها فەرمانەکان ئەنجام ئەدەین، بەرپرسیار نین.. (لەپڕێکا ملی ڕووەو باخەکە درێژ کرد).. بنواڕە ئەو مەلە ڕەشە، یەکەم جارە کاری وای لێ بوەشێتەوە.. خۆی دەشوات..! تەماشاکە چۆن ئەو بولبولانەی تەرە کرد..

***

لەپڕێکا، بەچەند هەنگاوێک لەپێش خۆیەوە، چاوی بە (هاینی) کەوت، شەقامەکە چۆڵ بوو، تیشکی خۆر بەئاستەم پۆپەی درەختی باخچەکانی دەگرتەوە.. پەپوولەیەکی زەرد، نەوی بەسەر ڕاڕەوە لمەلآنەکاندا دەفڕی.. (هاینی) سەد مەترێک دوور بوو! لای دایە سەر شەقامێکی دیکە (گرێبەر) هەر بە ڕاڕەوەکەوە بوو، نووزە لە سروشتەوە نەدەهات، کپ و خامۆش تەنها تەپەی خنکاوی پێی دەهات، لمەکە تەپەی پێی دەمـژی، بیـری کـردەوە.. (هەلە و بۆی ڕێکەوتووە! زۆر بەئاسـانی دەتوانێت «هاینی» لەناوبەرێت.. بەتەنهایە و چۆڵە، کەس بەدەرەوە نییە.. پاش ئەوەی لەو کارە دەبێتەوە دەتوانێ بەبێ دەنگ لەم ڕاڕەوە بەلم فەرشکراوەوە بۆی دەرچێ.. دەمانچە بەکارهێنان هەڵەیە، خەڵکەکە ئاگادار دەکاتەوە.. «هاینی»ش پیـاوێکی بەهێـز نییـە، بێ بەربەرەکـانی دەتوانێت دەسـتت بنێـتـە گـەرووی و پرزەی لێ ببـڕێ..) هەنگاوەکـانی خـێـراتر بوون.. هەر بیـری دەکـردەوە.. (کـەس پێم نازانێ، «ئەلفـۆنس»یش گـومـانم لێناکـات..! وا دەزانن یەکێ لە تۆڵەخـوازە داخ لە دڵەکانی لەناوی بردووە.. دوشمنی زۆرە.. هەلی تۆڵە سەندنەوەیە، هەلێکە بەئاسانی ڕێناکەوێتەوە، کاتی لەناوبردنی خوێنخۆرێکە.. کاتی نووزەبڕینی یەکێکە کە لە کورتە ساتێکدا بەدەیان ئادەمیزای بێ دەستەڵات، هەتا مردن ئازار دەدات..).

جەستەی گەرم داگەڕابوو، ئارەقێکی خەستی دەرئەدا، گەیشتە سەرسووچی شەقامەکە، تەنها سێ مەتر لە نێوانیاندا بوو، کەس دیار نەبوو.. دەتوانێ چەقۆیەکی کوشندەی لێ بدات و بۆی دەرچێ.. تەپەی دڵی دەهات، بەپەلە لێی ئەدا، هەسـتی دەکرد وەکـو دەهۆڵ زرمـەی دێت و بەگـوێی (هاینی)دا دەدات.. هەر بیری دەکردەوە.. (هەقم چییە بەسەریەوە.. خۆم بۆ بهاوێژمە گێژی واوە..؟!).. ئەوەی تا چەند چرکەیەک پێشتر، پرۆژەی ئاسانی لەناوبردنی یەکێک بوو، بووە لێکدانەوەیەکی دوودڵی غـەمناک و بێ دەستەڵات! بیرێک بوو بەمێشکیا هات، وای دەزانی هەمـوو شـتێکی پێوە بەندە، هۆکارێکە گشت تاوانەکانی پێ دەسترێتەوە، هەمـوو بیرەوەرییەکی ستەمی پێ دەسترێتەوە.. بەهۆشێکی پرشوبڵاوەوە بیری دەکردەوە.. (..تۆڵە..؟! بەڵام هاینی یەکێکە ناسینێکی ئەوتۆ نایناسم، هیچ خراپەیەکی دەرهەق بەمن نەکردووە.. تۆڵەی چی لێ بسێنمەوە..؟ لەوانەیە باوکی «ئەلیزابێث» یەکێ بێ لەوانەی پاش نەختێکی دی دەکەونە بەردەستتی..؟) بەدەم و لێوێکی وشکەوە دەینواڕییە پشتی ملی (هاینی)..

حەپەی سەگێک دایچڵەکاند، بەترسەوە چاوی گێڕا، هەر بیری دەکردەوە.. (سەرخۆشم، دەبێ ئەم بیرە لەمێشکم دەرکەم، چیم داوە لەم بەزمە، ئارەزوویەکی شێتە مێشکمی تێکداوە..).

نەخێر خێراتر کەوتە ڕێ، وەک ڕاویان نابێ، هەنگاوی دەنا.. جێبەجێ کردنی ئەو نیـازەی بەدروست دەزانی، مـافی تۆڵـە سەندنەوەیە، تۆڵەی هەمـوو ئەو ژیانانەیە (هاینی) لەناوی بردوون.. بڕیاری تەواوی نەدابوو، بیست مەترێک لە (هاینی) نزیک بۆوە، خانمێک لە پێشە سەری شـەقامـەکەوە دەرکەوت، لە مـاڵێکەوە هاتە دەرەوە، چاکـەتێکی نارنجی دابوو بەسـەر شـانیـا، سـەبەتەیەکی بەدەسـتـەوە بوو، ڕووەو ئەمان دەهات، لەجێی خۆیدا چەقی تینی نیازەکەی دامرکایەوە، هەنگاوەکانی خاو بوونەوە.. خانمەکە سـەبەتەکـەی بەدەم ڕۆیشـتنەوە با ئەدا، لە (هاینی) ڕەت بوو، لەم نزیک دەبۆوە، خـانمێکی گـەنم ڕەنگی شـان و سـینگ بەرین بـوو، پرچە نەرمـە قـاوایییـەکەی بەهێـڵـێکی ڕاست لە تەوقی سـەریەوە پەخشـان



کردبوو، بریقەیەکی کزی لێدەهات..

لەپڕێکا، هیچ دیار نەمـا! دیمەنەکـان لەبەر چاویا تـوانەوە، تەنهـا خـانمەکـەی ئەدی.. دیمەنەکـانی تر، لەیەک ئاڵۆزان، نەمـان.. تەنهـا ئەو ژنە ڕاسـتی بـوون و ژیان بوو، ژیانێکی گـەش و بێ گـەردی نێـو بیابانێکی خاکـەساری پڕ مـەرگ و هەرەس بوو.. بەیەک گـەیشتن، نواڕییانە یەک، خانمەکە بەڕوویەکی گەشەوە سڵاوی لێکرد.. گەرووی وشک داگەڕابوو، بەسەر لەقاندنێک وەڵامی دایەوە، گوێی لە تەقەی پاژنەی پێڵاوەکانی بوو، دوور دەکەوتەوە.. بەتەنها لە بیابانەکەدا مایەوە!.. (هاینی)ی لەنێوان بڵێسەی ساردی ئەو سارا ماتەدا هاتەوە پێش چاو، لە خێوێکی ڕەش دەچوو!..

لای دایە سـەر شـەقـامـێکی دیکە.. (گـرێبـەر) لەجێی خـۆیدا سڕ ببـوو، چاوی دەگـێـڕا، ژنەکـە دوور کـەوتبـۆوە.. بیـری کـردەوە.. (هێـشـتـا هەلەکـەم لەدەست نەچووە، دەتوانم بیگرمـەوە..) خـۆی دەناسی، دەیزانی ئەوەی بەبیریا هاتووە لە دەستی نایەت.. (ئەو خانمە چاوی پێم کەوت، دەمناسێتـەوە.. نەخێر کارەکە تێکچوو..).

ئاخـۆ ئەو ژنەشـیـان نەبوایە بەتووشـەوە ئەو کـارەی لێ بوەشـایەتەوە!؟.. لەدووی بیـانووی دیکە، نەگەڕایە..؟

گەیشـتـە سەرسووچەکـەی (هاینی)ی لێ بزر بوو، چاوی پێی کەوتەوە، لە چەقی شەقامەکـەدا لەگەڵ نازییـەکی دیکە لە شـتێک ئەدوان، پێکەوە کەوتنە ڕێ، پۆسـتـەچییـەک لە مـاڵێکەوە هاتە دەرەوە، دوو پایسکل سوار پایسکلەکانیان لە تەک شۆستەکە ڕاگرتبوو، لە شتێک ئەدوان..

بەم شێوەیە کۆتایی بەمەسەلەکە هات، (گرێبەر) هاتەوە هۆش خۆی، چاوێکی بەو ناوەدا گێڕا، لە دڵی خۆیدا دەیگوت.. (چیبوو بەمێشکما هات؟ چ نیـازێک بوو لە دڵما کڵپەی کرد، ئەوەندەی نەمابوو لێم بوەشـێـتـەوە، چی ئەو بیـرەی بەمـێـشکما هێنا؟! چ ئارەزوویەکی مـەنگ و شـاراوە بـوو لە ناخـمـەوە هەڵچوو؟..) کەوتەوە ڕێ.. (دەبێ جڵەوی ئارەزووەکانم توند بگرم، نەوەکو بەقەڵبەیەک دام بدەن..!).

***

مـات و کەشەنگ، بێ هێز و شەکەت هەنگاوی دەنا، گەیشـتـە بەر کوشکی ڕۆژنامە فرۆشێک.. لەو ڕۆژەوە گەڕاوەتەوە، خۆی لە هەمـوو یاد و بیـرەوەرییـەکی بەرەی جەنگ دزیبـۆوە، تەنانەت هاوڕێکانیـشی لەبیری خۆی بردبۆوە، نەیدەویست هیچ دەربارەی ئەوێ بزانێ.. بەڵام ڕۆژنامـەیەکی هەر کڕی، ڕاستەوخۆ لاپەڕەی پەیامەکانی جەنگی تەمـاشا کرد، چاوێکی بەنەخشەکاندا گێڕا لەدووی مۆڵگەی نوێی هێزەکەیان دەگەڕا.. کشانەوەی لەشکرەکانی ڕووسیایان بەردەوام بوو، هێزەکەیان بەلایەنی کەمەوە، لەو جێیەی ئەم بەجـێی هێـشـت سـەد کـیلۆ مـەترێک کـشـابۆوە دواوە.. لەپڕ، هاوڕێکانی هاتنەوە یاد، یادیان وەک لافاوێکی کـتـوپڕ، خوورِ بەسەریا هات، دڵ و دەروونی گرتەوە، هەستی بەدووری ئەوان و تەنهـایی خۆی کـرد، بێ کـەس و بێ هاوەڵە، تەنهـایی زۆری لێدەکـات، زەبرێکی مـات و خـەمناکە، هەمـوو توانایەکی بەربەرەکانی تێدا دامرکاندبۆوە.. دوورە! کەوتۆتە دوورگەیەکی گۆشەگیر و چۆڵەوە، کوژراوان گەمارۆیان داوە، زامـە قـوڵەکـانیـان وەک هەزاران چاوی زەق، کـرابوونەوە، پڕ لە هاوارێکی خنکاو بوون، وەک

هەزاران هەزار چاوی مەیبیو، بەبێ بریقە تێیان دەڕوانی.. دەیان سمی، بەناخیا دەچوون، ڕووتیان دەکردەوە، دەهاتن، لێی نزیک دەبوونەوە و لە ناکاودا توانایان دەپسا لە جێی خۆیاندا گرمۆڵە دەبوون و بەردەبوونەوە سەر زەمین، تێکەڵاوی خاک و خۆڵێکی دێز دەبوون و بەو خاک و خۆڵەوە کلڵپەیان دەکرد و بلێسەیان دەچووە ئاسمان.. خاک و گۆشت، ئێسک و بەرد بەچاو و زام و ژان و هاواریانەوە پێکەوە کلڵپەیان دەکرد، دەبوونە گەردەلوولی بۆکرۆز و دوکەڵێکی بێ سنوور، هەناسەی لە ئاسمان دەبڕی، دەبووە هەورێکی مەنگ وتار، خەم و خۆڵەمێشی بەسەردا دەباران، هەموو سروشتی دەگرتەوە.. گشت کەنارەکانی پڕ ناسۆری و پەژارە دەکرد.. (.. ناپاک بوون، ناپاکییان لەتەک کردین، درۆیان کرد، دەستتیان بڕیین.. لەهەر هەموویا هەڵخەڵەتاو بووین.. تەنانەت لەخۆ بەکوشتنە بەئازارە پڕ جوامێرییەکەشماندا تەفرەدراو بووین، مەرگێکی بێ بەر و ئەنجام بوو..).

خۆی مالّی بەیەکێکدا، وریابۆوە، ژنێک بوو پڕیاسکەیەکی توند گرتبوو بەسینگیەوە، وەک بترسێ لێی بفڕێنن بەهەردوو دەستی باوەشی پیا کردبوو، بەتوند و تیژییەکەوە خوڕییە (گرێبەر).

– چیتە، چاوت نییە؟

– با.

– دەگ کوێر بیت باشە؟ بۆ وەکو بت لە چەقی ڕێگەکەدا وەستاویت؟

وەڵامی نەدایەوە، هۆشی بەلای خۆیەوە نەبوو.. ئەمجا زانیی بۆچی دوای (هاینی) کەوت! ئەو تاریکییەی بەرچاوی گرتبوو، پرسیارێک بوو نەیدەوێرا وەڵامی بداتەوە، گومانێک بوو لە مێشکیا دەهات و دەچوو، خۆی لێ گێل کردبوو، بەغار خۆی لێ ئەدزییەوە، ئەوەتا ئێستاش گرتوویەتییەوە، بەرۆکی گرتووە و بەری نادات، نەخێر ئیتر هەڕا ناکات، خۆی گێل ناکات، بە پەرۆشەوە لەدووی ڕاستی دەگەڕێ..(بۆلمان)ی هاتەوە یاد.. (فریزنبۆرگ ڕایسپاردم سەردانی بکەم، دەبێ چاوم پێی بکەوێ، پێویستیم بەدەم ڕاستێکە ئامۆژگاریم بکات..).

بۆڵەی ئافرەتەکەی خۆی لێدا جارێکی دی هاتەوە:

– تێکچووە..!

خانمەکە ئەمەی گوت و بەپەلە دوورکەوتەوە..

***

تەواوی خانووەکانی لای ڕاستی گۆڕەپانی (یان) وێران ببوون، ئەوانەی بەشە لێ نەدراوەکەش تەنها شووشەی پەنجەرەکانیان شکابوو..

ژیانی ڕۆژانە بەئاسایی بەڕێوە دەچوو، ژنان خەریکی ماڵ خاوێن کردنەوە و خواردن ئامادەکردن بوون، نهۆمە بەرزەکانی خانووە ڕووکار تەپیوەکان وەک بەئاسمان هەڵواسرا بن وا دەهاتنە پێش، کاغەزە ڕەنگینەکانی دیواری ژوورەکانیان پێ تێگرتبوون وەک ئاڵای شڕی پاش شەڕێکی دۆڕاو، بەدەم باوە دەشەکانەوە.

خانووەکەی (بۆڵمان)ی تێدا دەژیا دەکەوتە بەشە وێرانەکەوە، نهۆمەکانی سەرەوەی داتەپیبوون



بەسەریەکدا، لەوە دەچوو چۆڵ بێ، کەسی تێدا نەژی.. ویستی لەو دەوروبەرە دوورکەوێتەوە، بەڵام پێبازێکی باریکەلەی لەنێو چڵوچێوەکەدا بەدی کرد، ئەگەرچی خاوێن کرابۆوە بەڵام تۆز و گەردی لێنشتبوو، جێ پێی هاتووچۆکەرانی پێوە دیار بوو..

پێبازەکەی گرتە بەر، گەیاندییە ئەو دیو کەلاوەکە، لەوێ لەبەردەم دەرگایەکی گچکە کۆتایی دەهات.

لە دەرگاکەی دا، وەڵام نەبوو، جارێکی دی لێیدایەوە، پاش نەختێک گوێی لە زرنگدانەوەی ئەڵقەڕێزێک بوو، یەکێک دەرگاکەی بەترسەوە کردەوە:

– مامۆستا بۆلمان؟

– بەڵێ، چیت دەوێ؟ (پیرەمێردێک بوو وەڵامی دایەوە):

– من گرێبەرم، ئەرنەست گرێبەر.. قوتابی خۆت بووم.

– بەڵێ چیت دەوێ؟!

– بەمۆڵەت لە بەرەی جەنگ گەڕاومەتەوە، دەمەوێ دیدەنییەکت بکەم.

– ئێستا مامۆستا نیم.

– دەزانم.

– ئاخۆ ئەوەش بزانیت کە بەدەرکردن دەرکراوم، مافی ئەوەم نییە پێشوازی لە قوتابیان بکەم؟

– منیش ئێستا قوتابی نیم، سەربازم، بۆ ماوەیەکی کەم گەڕاومەتەوە.. فریزنبۆرگ سڵاوی هەیە، ئەو ڕایسپاردم بێمە خزمەتت.

(بۆڵمان) لە (گرێبەر) وردبۆوە.

– فریزنبۆرگ؟!.. ماوە؟

– دە ڕۆژ نابێت کە پێکەوە بووین..

بەدوو دڵییەکەوە دەینوارییە (گرێبەر):

– چاکە، فەرموو وەرە ژوورەوە (پاشەو پاش گەڕایەوە دواوە، «گرێبەر» دوای کەوت..)

(بۆلمان) پێشی کەوت، چوونە شوێنێکەوە لە چێشتخانە دەچوو، لەوێوە خۆیان بەکونێکی دیکەدا کرد، (بۆلمان) گوڕێکی دایە خۆی، دەرگایەکی کردەوە، بەر لەوەی خۆی بەژوورەکەدا بکات، وەک یەکێکی دیکە ئاگادار بکاتەوە بەدەنگێکی بەرز وتی:

– فەرموو، وامزانی لە پیاوانی پۆلیسیت.

(گرێبەر) بەسەر سوورمانێکەوە دەینوارییە (بۆلمان)، لە گوڕبەستنەوە و دەنگ بەرز کردنەوەکەی (بۆلمان) حاڵی بوو بۆ چییە.. بۆیە چاوی بە ژوورەکەدا نەگێڕا..

لالەیەکی بلوور سەوز داگیرسابوو، ڕووناکاییەکی لاوازی بەژوورەکە ئەدا.. هەرەسەکەی دەرەوە بەر پەنجەرەکەی گرتبوو:

– ئێستا دەتناسمەوە، چاوم لەبەر ڕووناکییەکەی دەرەوە باش نابینێ، بەم تاریکییە ڕاهاتووم، کەم دەچمە دەرەوە، تەنها ئەم لالەیەم هەیە، نەوتیش کەم دەست ئەکەوێ، بۆیە زۆربەی کاتەکە بەتاریکی

دەبەمە سەر، هێڵە ئەلەکتریکەکان پساون!..

(گرێبەر) هەر لێی ورد دەبۆوە، ئەگەر لە دەرەوە بیدیبایە هەرگیز نەیدەناسییەوە، پیر ببوو، شێوەی بەجارێک گۆڕا بوو، ئەمجا چاوێکی بەژوورەکەدا گێڕا، هەستی دەکرد لە جیهانێکی ترە، نەیزانی چی ئەمەی بەبیریا هێنا، لالە کزەکە بوو یان ئەو شوێنە کە لە ئەشکەوت دەچوو، یان دیمەنی ئەو هەموو کتێب و نامیلکانە بوو کە لە هەموو لایەکی ژوورەکەدا دانرابوون.. یا دیمەنی (بۆلمان) خۆی بوو، کە بەو ڕووخسارە ماندوو و ترساوەیەوە لە دیلێک دەچوو لەوانەی هەتا هەتایە زیندانی کراون..

(بۆلمان) چاوی لە (گرێبەر) بوو لە کتێبەکانی ورد دەبێتەوە:

– بەختەوەرم بەوەی کە ئەم کتێبانەم بۆ ماونەتەوە.

(گرێبەر) خولێکی بەدەوری خۆیدا خوارد:

– دەمێکە هیچم نەخوێندۆتەوە، بگرە لەو ساڵانەی دواییدا هەر هیچم نەخوێندۆتەوە.

– قورسن، لە تووربەی سەربازیدا جێیان نابێتەوە .

– لە توانای مێشکمدا نین! لەگەڵ ئەم ڕووداوانەی ئێستاماندا ناگونجێن، ئەوانەش کە دەگونجێن ئارەزووی خوێندنەوەیانم نییە..

(بۆلمان) چاوی بڕیبووە لالە سەوزەکە.

– گرێبەر..؟! بۆچی هاتوویت؟

– فریزنبۆرگ ڕایسپاردم.

– باشی دەناسیت؟

– تەنها ئەو جێی باوەڕمە، ئامۆژگاری کردم بێمە خزمەتت، تا ڕاستیم پێ بڵێیت؟

– ڕاستی؟! ڕاستی چی؟

(گرێبەر) چاوی بڕیبووە ئەو پیرەمێردە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان مامۆستای بوو.. دەمێکە، کەچی ئەوەتا ئێستاش وەک قوتابییەکەی جاران دڵی لە ئاستیا دەلەرزی، پڕ لە شەرم و ڕێزە، لەو کونجە تاریک و تەنگە پڕ کتێبەدا پرسیاری لێ دەکات، لەدووی چارەنووسیا دەگەڕێ، وەکو جاران تامەزرۆی وەڵامێکی دروستو ڕەوانە، بۆیە بەنیگایەکی پڕ تەماوە دەینواڕییە ئەو مامۆستا دێرینەی.. ڕابووردووی هاتەوە یاد، سەردەمێکی گەش و شاد بوو، هەموو ئەو ڕابووردووەی لەو ئەشکەوتە تاریکەدا دییەوە.. کەلاوەکانی دەرەوەش دیمەنی سەردەمی نوێیان بوو، تەنها هەرەسی خانە و ساختمانەکان نەبوون، هەرەسی هەموو ڕەوشت و ئاکارێکی مرۆڤانە و شارستانیانە بوون!

– هاتووم یاریدەم بدەیت، گوێم لە ئامۆژگارییەکی دروست و ڕەوان بێت، دەمەوێ لە خۆم تێبگەم! بزانم تا چ ڕادەیەک تاوانبارم، چەند بەشداریی تاوانەکانی ئەم ساڵانەی دواییم کردووە؟ دەمەوێ بزانم لەمەودوا چی بکەم..

(بۆلمان) زەق تەماشای دەکرد، هەستایە سەرپێ، دەستتی بۆ یەکێ لە خانە پڕ کتێبەکان درێژ کرد، کتێبێکی داگرت، کردیەوە، هەر زوو نایەوە جێی خۆی، نواڕییە (گرێبەر):



– ئەمەی تۆ دەیلێیت مرۆڤی لەسەر هەڵدەواسن، زۆرن ئەوانەی لەسەر هۆی لەمە گچکەتر بەسێدارەدا دەکرێن..

– ئێمەی سەرباز لەبری هیچ بەکوشت ئەدرێین.

(بۆلمان) بەدەم دانیشتنەوە وتی:

– مەبەستت لە تاوانەکان چییە؟.. ئەم جەنگە؟

– مەبەستم لە هەموو ڕووداوەکانە، مەبەستم لە چەوساندنەوە و ئازاردانە، مەبەستم لە سەرکوتکردن و ڕاونانە، لە زۆر و زۆرداری و درۆ و بەفریودانە، مەبەستم لە هێز بەکارهێنانە، لە جەنگ و لە کردەوەکانمانە، مەبەستم ئۆردووگا زۆرەملێییەکان و قەڵابەندەکانی ئازار و ئەشکەنجەدانە، مەبەستم لە قەلاچۆکردن و گەلەکوشتنە..

(بۆلمان) هیچی نەگوت، (گرێبەر) لەسەری ڕۆیشت:

– زۆرم دیوە، زۆریشم بیستووە، باوەڕیشم بەسەرکەوتن نەماوە، زۆر چاک دەزانم کە ئەم جەنگەشمان دۆڕاندووە، ئێستاش لە پێناوی مانی ڕژێمی نازییە دەجەنگێین، لەپێناوی ئەوانەیە کە بوونە هۆی ئەم هەموو کارەساتە، خۆمان بۆ ئەوە ئەدەین بەکوشت حوکمڕانییان بڕێکی دیکە بەردەوام بێت و.. پتر ئازاری مرۆڤ و مرۆڤایەتی بدەن.

(بۆلمان) سەری بەکەساسییەکەوە بادا:

– هەموو ئەمانەش دەزانیت؟

– بەڵێ، بەڵام درەنگ فامم کردەوە.

– مەرجە بچیتەوە؟

– بەڵێ.

– کارێکی ستەمە!

– زۆر ستەمە، مێشک تێک ئەدات، هەموو ئەوانە دەزانم، ناچاریشم بچمەوە.. بچمەوە و پتر بەشداری لە تاوانەکان بکەم، ئەی وا نییە؟

– مەبەستت چییە؟

– دەزانیت مەبەستم چییە، جەنابت مامۆستای ئایینییت، حاڵیم کە تا چ ڕادەیەک تاوانبارم؟.. ئێستاکە لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەم جەنگەشمان نەدۆڕاندبێ.. دەبێ بیدۆڕێنین، بۆ ئەوەی چیتر تۆوی کۆیلایەتی و ئەشکەنجەدان و وێرانکاری لەسەر ڕووی ئەم زەمینە نەمێنێ.. بۆ ئەوەی کۆتایی بەنازی و نووسینگەکانی ئاسایش و گەلە کوشتن بێت.. ئەگەر بێت و مرۆڤ هەموو ئەمانە بزانێ و ڕوو بکاتەوە بەرەکانی جەنگ..؟ لە پێناویاندا بجەنگێت؟! بەتاوان دەژمێردرێ یان نەء؟

ماتییەک (بۆلمان)ی گرت، وەک کوژابێتەوە تەنها چاوی ڕەنگی ئەدایەوە.. لە شتێکی شینی نامۆی بێگەرد دەچوون، جووتێ چاوی دیکەیان هێنایەوە یاد، نەیدەزانی لەکوێ دیونی.. (بۆلمان) پرسیاری کردەوە:

– مەرجە بچیتەوە بەرە؟

– دەتوانم یاخی ببم، بەڵام ئەوسا یا بەقەنارەدا دەکرێم، یان گوللەبارانم دەکەن..

ماوەیەک بێدەنگ بوون، (گرێبەر) چاوەڕوانی (بۆلمان) بوو بدوێ، (بۆلمان) بەدوودڵییەکەوە وتی:

– پیاو چاکەکانی چاخە دێرینەکان سەریان بۆ زەبروزەنگی زۆرداران دانەئەنەواند.

– ئێمە ئەوان نین (بیری کردەوە).. تاوانەکان، نازانم لە کەیەوە دەستتم تیایاندایە، تاوان لە چییەوە دەست پێدەکات؟ ئەو ڕەوشتەی ناوی جوامێریمان لێ ناوە، لە چییەوە دەبێتە تاوانی کوشتن؟ ئایا لەو ساتەوەیە کە باوەڕمان بەهۆکار و ئەنجامەکانی نامێنێ؟ سنووری نێوان جوامێری و پیاو کوشتن چییە؟!

(بۆلمان) بەپەژارەیەکەوە وتی:

– نازانم بڵێم چی؟.. بەرپرسیارەتییەکی گەورەیە، لە توانای مندا نییە.

– مەبەستت ئەوەیە مرۆڤ بەخۆی لێکی بداتەوە؟

– ئەی چی؟ لەوە زیاتر هیچی دیکە هەیە؟

(گرێبەر) هێمنتر بۆوە، بیری دەکردەوە.. (بۆچی وا بەگیرم هێناوە، بەپرسیار و لێکۆڵینەوە دامگرتۆتەوە، بێزارم کردووە، تاوانبارەکە منم کەچی وەکو پەسادەر[٦] خستوومەتە بەر لێکۆڵینەوە، سەرم کردۆتە سەری و بوومەتە هۆی پەژارە و ئازاردانی، ئاخۆ پێویستم بەیەکێ هەبێ وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە؟.. ئایا بەخۆم وەڵامی خۆمم نەداوەتەوە..) سەیری (بۆلمان)ی کردەوە، ژیان و گوزەرانی ئەو پیرەمێردە زۆر لێکراوەی لەبەر چاو بوو، چۆن لەو کونە تاریکە شەو و ڕۆژگاری دەباتە سەر، لە فەلا ڕاونراوەکانی چاخی دەستەڵاتدارێتی ڕۆمانەکان دەچوو، لە قووڵایی ئەشکەوتێکی تاریکدا خۆی حەشار داوە، دەستتی لە بیروباوەڕ و ئایینی هەڵنەگرتووە.. لە پیشە پیرۆزەکەی دوور خراوەتەوە، دەرکراوە.. هەمیشە لە چاوەڕوانییەکی ترسناکدا دەژی.. ها ئێستا، ها نەختێکی دیکە، نازییەکان ئەدەن بەسەریا.. سەرەڕای ئەو هەموو ترس و تاریکی و ڕاونانە، کۆڵی هەر نەداوە، ناو کتێبەکانی دەپشکنێ، لەدووی ئاسایش و ڕاستی و ڕوناکییا دەگەڕێ..

(گرێبەر) وتی:

– ڕاست دەفەرموون، دەبێ بەخۆمان وەڵامی خۆمان بدەینەوە، بەخۆمان بڕیار بدەین، گەلێ جار بەپرسیار خۆمان لە وەڵام ئەدزینەوە، خۆمان گێل دەکەین، پشت دەکەینە ڕاستی.. بەتەما نەبووم وەڵامم بدەیتەوە! چونکە پرسیارم لە خۆم دەکرد.. بەڵام جار جارێکیش پرسکردن بەدانایاکی دونیادیدە یارمەتیمان ئەدات، وەڵامی دروست بدۆزینەوە.

(بۆلمان) سەرێکی بادا:

– مافی خۆتە پرسیار بکەیت (نەختێک بیری کردەوە).. بەشداری کردن لە تاواندا؟.. چی لەم ڕووەوە دەزانیت..؟!..

منداڵ بوویت چاوت لە وادەیەکی چەوت و چەویلّدا کردەوە، توانای بڕیاردانت نەبوو، مێشکت بەجۆرەها پڕوپاگەندەی درۆ و دەڵەسە پڕکرا، خام بوویت، هیچت نەدەزانی چاوتیان لەسەر ڕێیەکی چەوت



کردەوە، بەڵام ئێمە..! ئێمەی گەورە و ئەزموون دیدە چی بڵێین؟ خۆ چاومان لە هەموو شتێک بوو، گوێمان لە هەموو شتێک بوو، توانای لێکدانەوە و بەراوردکردنیشمان هەبوو.. بۆ ڕێمان بەو تاوانانەدا ڕوو بدەن؟ بۆ وامان کرد؟ کەم تەرخەمی و ڕاراییی بوو؟ یان تەنپەروەری و بێ باوەڕی بوو؟ (کەوتە سەر لەقاندن).. ئیتر تاوانەکان پەرەیان سەند، وەک پەتاو درمێکی کوشندە تەشەنەیان کرد، هەموو لایەکیان گرتەوە.. بۆ لە تۆ وایە بیری لێ ناکەمەوە؟.. لێکدانەوەی شەو و ڕۆژمە..

(گرێبەر) شتێکی هاتەوە یاد، ئێستا زانیی ئەو جووتە چاوەی لە چاوەکانی (بۆلمان) دەچوون، لە کوێی دیوە.. چاوی ئەو پیرەمێردە ڕووسە بوو لە ڕووسیا گوللەبارانی کرد.. هەستایە سەر پێ:

– دەبێ بڕۆم، سوپاسی ئەم ئاخاوتن و میواندارییەت دەکەم.. بێرێتەکەی[٧] هەڵگرت، (بۆلمان) بەوریابوونەوەیەکەوە وتی:

– چییە؟ دەڕۆیت؟ گەیشتیتە هیچ ئەنجامێک؟

– نازانم، دوو هەفتەم لەپێشە بیریان تیادا بکەمەوە، بوارێکی باشە بۆ بیرکردنەوە، بەتایبەتی بۆ یەکێک بەساڵ هەموو کاتێکی لەبەر چنگی مەرگدا بردبێتە سەر.

– سەردانم بکەوە، بەر لەوەی بچیتەوە با چاوم پێت بکەوێتەوە، گفتم پێ بدە کە دێیتەوە؟

– بەڵێ دێمەوە.. دەبێ بێمەوە خزمەت جەنابت.

(بۆلمان) بەکزییەکەوە وتی:

– خەڵکی بەرێکەوت لە دەرگام ئەدەن.

(گرێبەر) وێنەیەکی فۆتۆگرافی لەبەردەم ڕیزێک کتێبدا بەدی کرد، وێنەی لاوێک بوو لە تەمەنی خۆیا، بە بەرگی سەربازییەوە وەری گرتبوو.. (بۆلمان) کوڕێکی هەبوو، وای بەباش زانی پرسیاری نەکات.

گوێی لە (بۆلمان) بوو:

– ئەگەر نامەت بۆ فریزنبۆرگ نووسی، سڵاوی منی پێ بگەیەنە.

– دەیگەیەنم.. ئەویشت وەکو من دواندووە؟

– بەڵێ.

– خۆزگە زووتر بمدیباتیایە.

– پێم بڵێ، فریزنبۆرگ هێمنتر نەبووە؟

– لە جاران یاخیترە.

(بۆلمان) سەرێکی بادا:

– بمبەخشە، نەمتوانی شتێکی ئەوتۆت بۆ ڕوون بکەمەوە، نامەوێ وەڵامێکی کاڵ و ساکارت بدەمەوە، وەڵامێک لەو جۆرانەی خۆ دزینەوە و دڵ ڕاگرتنیان لە توێدایە.. لەو وەڵامە بریقەدارانە گەلێک هەیە..

– وەڵامەکانی کلێسەش[٨] لەو جۆرانەن؟

(بۆلمان) بە پەشۆکاوییەکەوە وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ.. (کەوتەوە سەرلەقاندن)، کتێبی پیرۆز دەوڵەمەندە، وەڵامی هەموو پرسیارێکی تێدایە.. بەڵێ جگە لە -هاوسێکەت خۆش بوێ و خوێن مەڕێژە[9].. گەلێ پەند و ئامۆژگاری دیکەشی تێدایە وەکو -چی هی سیزارە[10] بیدەرێ و چیش هی یەزدانە بیدەوە بەیەزدان-[11].. ئیتر بەم شێوەیە دەتوانین لە گەلێ شت بکۆڵینەوە.. (خەندەیەکی بەلێوەوە بوو).

یەکەمین جار بوو، (گرێبەر) مامۆستاکەی وا بەتەشخەڵە کردنەوە ببینی.. (بۆلمان) هەستی پێ کرد، خێرا وتی:

- بۆچ وا کپ و بێدەنگیت.. بۆ هاوار ناکەیت؟

(گرێبەر) گورج وەڵامی دایەوە:

- من هاوار دەکەم، بەڵام تۆ گوێت لێم نییە..[12].

***

ڕووناکییەکەی دەرەوە، وەک نووکە ڕمێکی بریقەدار لە چاوی دا، تەلەزم و پارچەی چیمەنتۆ سپییە هەڵتەکاوەکان دەبریسکانەوە، هەردوو چاوی قوچاند.. بێ جوڵە بۆ ماوەیەک لەبەر دەرگاکە وەستا.. هەستی، هەستی یەکێک بوو پاش دادوەرییەکی دوورودرێژ و دژوار گەشتبێتە بڕیاردان، ئیتر بەلایەوە گرنگ نەبوو سزا بدرێ یان نەء، ئەوەی گرنگ بوو دادوەرییەکە بوو کۆتایی هات.. بەخۆی ئەمەی گەرەک بوو، دەیویست لە ماوەی مۆڵەتەکەیا بیری لێ بکاتەوە.. بیری کردەوە، ئەگەرچی نائومێدیش بوو بەڵام وەک جاران خۆی گێل نەکرد، ئەوەی لەدڵیا بوو دەری بڕی..!

هەر لە دامێنی چاڵە بۆمبایەکدا تەختێکی دانیشتنی لە پاشماوەی باخچەکەیدا دییەوە، دانیشت، هەردوو لاقی درێژ کرد، جەستەی خاو بۆوە.. دیسانەوە هەستی بەپووتییەکەی کردەوە، توانای بنیاتنانی بڕیارێکی دیاری نییە.. نەیدەزانی لە خۆی قایلە یان نەء!..

ویستی خۆی لە بیرکردنەوە بدزێتەوە، ملی شل بوو، سەری بەسەر سینگیا شۆڕ بۆوە، هەردوو چاوی قوچاند، گەرمیی خۆرەکە نەبێ هەستی بەهیچی دیکە نەدەکرد.. بەبێ جووڵە پاڵی لێدابۆوە، لەسەرخۆ هەناسەی ئەدا، ئارامی لە تینی خۆرەکە دەنۆشی، کەش باری گۆڕیبوو.. سروشت لەسەر یاساو دەقی خۆی مابوو، پەیوەندیی بەهەق و ناهەقەوە نەبوو، هەزاران هەزار ساڵە یاسا و نەریتی نەگۆڕیوە..

هەردووچاوی کردەوە، گۆڕەپانەکەی ڕووناکتر هاتە پێش چاو، درەختە کافورێکی بەدی کرد، لەبەردەم خانوویەکی وێراندا شۆخ و بڵند ڕووەو ئاسمانێکی بەرین هەڵچوو بوو، پەلی بۆ ڕووناکی و پەلە هەورە بێ لەکەکان دەهاوێشت، ئاسمانێکی گەش لەنێوان پەلە هەورەکانەوە شینی دەکردەوە، وەک باران بارببێ، سروشت ورشەی دەهات، هێزێکی نامۆ مانای مان و بەردەوامی دەبەخشی، بوونێکی ئاسان و بێ گرێ، مەزن و جاوید، بەبێ ترس و سڵکردنەوە، بەبێ گومان و لێکۆڵینەوە، دوور لە پرسیار و وەڵامی قەتیسماو.. بوونێک بوو دەر لە قۆزاخەکانی نائومێدی و ورەبەردان..

وەک لە خەونێکی سامناکەوە بەخەبەر هاتبێ، چاوی دەگێڕا.. هەستی دەکرد وەڵام دراوەتەوە، بەخامۆشی، بەبێ وشە و بێ چرپە وەڵام درایەوە، وەڵامێکە پرسیارەکانی ڕەت کردۆتەوە، لەو جۆرانە بوو



کە چەندین جار بەدەم ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگەوە ڕاست بوونەتەوە.. مان و نەمان، مەرگ و ژیان...

هەستایە سەر پێ، کەوتەوە ڕێ، لەبن درەختی کافورەکەوە ڕەت بوو، هەستی دەکرد چاوەڕوانە، بەهەموو تاسە و خواستێکیەوە چاوەڕوانە، چاوەڕوانی ئێوارە بوو دابێ، چاوەڕوانییەکەی لە وێنەی چاوەڕوانی یەکێک بوو کە هەموو تەمەنی لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا بردبێتە سەر و بەتەمای ئاشتی بێت..

---

١- پێچراوی پۆستە: طرد بريدي.

٢- پتە: وصل.

٣- ئاگر پژێن: قاذفة لهب.

٤- قەڵابەند: معسكر اعتقال.

٥- شالیاری داد: وزير العدل

٦- پەسادەر: محقق

٧- بێریتە: بیرتە- قبعة عسكرية.

٨- کلیسە: مەبەست ئاینی عیسا پێغەمبەرە.

٩- ......: کتێبی پیرۆز- دە ئامۆژگارییەکە.

١٠- سیزار: قیصر.

١١- ........: کتێبی پیرۆز- ئینجیلی مەرقۆس- بەشی ١٢/١٧.

١٢- ........: ئاخاوتنەکەی نێوان (پرسیار و وەڵامەکانیان) لە کتێبی پیرۆز وەرگیراوە (بۆچی وا بێ دەنگ پێدەکەنیت؟ ............. من هاوار دەکەم بەڵام تۆ گوێت لێم نییە..).

## 14

فەیلەسووفە خەواڵووەکە وتی:

– ئەمشەو گۆشتێکی تەڕوبڕ و ناسکمان هەیە، بەشێوازی ڤیانناییەکان ئامادەی دەکەین.

– زۆرباشە لەو گۆشتە دەخۆین، با شتێکی دیکەی لەگەڵ بێت.. بەخۆت پەسەندی کە.

– ئەی چی دەخۆنەوە گەورەم؟

– ئەویش ئەخەینە ئەستۆی تۆ.

سفرەچییەکە بەڕوویەکی گەشەوە دوورکەوتەوە، (گریبەر) پاڵی لێ دایەوە، بەنیگایەکی پڕ ئارام و ئاسوودەگییەوە دەینواڕییە (ئەلیزابێث).. لە یەکێ دەچوو بەبێ ئەوەی بەتەما بێ، ڕاستەوخۆ لە بەرەیەکی بەئاگر تەنراوی پڕ مەرگەوە فڕێنرابێتە شوێنێکی بێ ئاشووبی پڕ ئاساییشەوە..

دوا هەناسەی ڕووناکی ئەو ڕۆژە بوو، پێشەنگی ئۆردووی شەو و ڕۆشناییبیە جێماوەکانی ڕۆژگارێکی دیکەی بەسەرچوو ئاڵۆزابوونەیەک، درەختەکان لەنێو داروبەردی خانووە ڕووخاوەکانەوە پەلیان بۆ ئاسمان ڕادەکێشا، تا دوا ترووسکە، دەستیان لە ڕووناکی بەر نەئەدا.. بیری دەکردەوە (.. دوو هەفتەیە، تەنها دوو هەفتە ژیانە! بەفیڕۆی نادەم، توند دەیگرم، چۆن درەختە کافورەکە بەرۆکی ڕووناکی بەر نەئەدا منیش دەست لەیەک چرکەی ئەم دوو هەفتە مۆڵەتە هەڵناگرم..).

سفرەچییەکە گەڕایەوە، پرسیاری لێکردن:

– چۆنە ئەمشەو بۆ خواردنەوە (یوهانس بیرکەر)تان بۆ بێنم؟ شامپێن لە ئاستیا ئاوێکی ڕوونە:

– یوهانس بێرگەر..؟ یۆهانس بێرگەرمان بۆ بێنە.

– بەڵێ گەورەم، بەڕێزتان بادە ناسن، تەنها مەی لەگەڵ گۆشتی سوورەوەکراودا دەگونجێ، سەلاتەیەکی سەوزی گەشیشتان بۆ دێنم، تام و چەژی مەیەکە ساغ دەکاتەوە.. بادەیەکی بێ وێنەیە، دڵۆپ دڵۆپ لە کانگایەکی ئاسمانییەوە هەڵقوڵاوە..

(گریبەر) بیری دەکردەوە.. (ژەمی بەر لەناوچوونە..) بەبێ پەژارە بیری دەکردەوە، بەر لە خوێندنەوەی پەیامە جەنگاوەرییەکە، گوێی نەدابووە ماوەی مۆڵەتەکەی چۆن چۆنی بیباتە سەر.. بەڵام پاش ئەوەی (بۆلمان)ی دی و ئەو پەیامەی خوێندەوە، باوەڕی تەواوی بەوە هێنا کە ماوەیەکی هێجگار کورتی لەبەرە، ئەوە دێنێ بایەخی تەواوی پێ بدات..

(ئەلیزابێث) گەردەنی شۆخ و ڕوونی هەڵبڕیبوو، دەینواڕییە قوولایی هۆڵەکە، لە سفرەچییەکە ورد دەبۆوە.. بەگریبەری وت:

– خودا تەمەنی ئەو هاوڕێیەت درێژ بکات ئاوەها کردینیە دوو مرۆڤی تاموچەژ ناس.

– ئێمە نەوسن نین، ئێمە جووتێ چاو نەترسی یاخین، ئەوەی جاران ئاکارێکی ئاسایی بوو ئەمڕۆ جەربەزەیی و سەرچڵییە..!

(ئەلیزابێث) بەدەم نەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

– خۆمان وای لێک ئەدەینەوە..



– نە ء.. کارتێکردنی ڕۆژگارە، لەو گۆڕانکارییانەن کە جێ دەستی ڕووداوەکانی ئەم سەردەمەیان پێوە دیارە.. ئەو ڕووداوانەی کە تەنانەت دەستەڵاتی سکاڵاکردنیشمان لە ئاستیاندا نییە..!

بەسۆزێکی نەرم و قووڵەوە دەینواڕییە (ئەلیزابێث)، کراسێکی چەسپی پڕ بەجەستەی پۆشیبوو، لێی دەهات.. پرچیشی لە ژێر شەپقەیەکی گچکەدا گرد کردبۆوە، لە مێردمنداڵێکی تازە پێشگەیشتوو دەچوو.. بە(گریبەر)ی وت:

– بڕیارت دابوو ئەمشەو چاکەت و پانتۆڵ بپۆشیت، چی پەشیمانی کردیتەوە.

– نەمتوانی.. شوێنێکم دەست نەکەوت خۆمی تێدا بگۆڕم.

نیازی وابوو لای (ئەلفۆنس) خۆی بگۆڕێ، بەڵام دیتنی (بۆلمان) پەشیمانی کردەوە.. (ئەلیزابێث) وتی:

– ئەی بۆچی لای من خۆت ناگۆڕیت؟

– لای تۆ؟!.. ئەی چی بەشاگردەکەی شەیتان بڵێین، مەبەستم خاتوو (لیزەر)ە؟

– ئەزانم، سەری دای لە بەرد، با بچێتەوە لای مامۆستاکەی.

– منیش گەلێ شتم لە کەللەدایە هەواڵە بەشەیتانیان بکەم.

(میرابۆ)ی سفرەچی مەیەکەی هێنا، دەمەوانەی شووشەکەی هەڵپچڕی.. لێی ڕۆ نەکرد..! هۆشی تەرە بوو! هەردوو گوێچکەی قووت بوونەوە، وەک گوێ لە دەنگێکی دوور بگرێت ملی لار کردەوە، بەترسێکەوە وتی:

– بەداخەوە گەورەم، دیسان بەزمەکەیە!

پێویستیی بەڕوونکردنەوە نەدەکرد، لوورەی ناسازی فیکەی ئاگادارییەکان بەرز بۆوە، تەوژمیان بەشەپۆڵ دەهات، شەپۆڵ شەپۆلی حول ئەدا، دەبوونە شەپۆلێکی زەبەلاح، هەموو دەنگێکی دیکەی ژیانیان حول ئەدا..

پەرداخەکە بەدەست (ئەلیزابێث)ەوە دەلەرزی:

– هیچ پەناگەیەکی نزیک لەم دەوروبەرە نییە؟

– یەکێکمان لێرە هەیە گەورەم.

– ئەی تایبەت بەمێوانەکانی میوانخانەکە نییە؟

– ئێوەش میوانن گەورەم، دەتوانن پەنای بۆ بەرن، جێیەکی تۆکمە و قایمە، گەلێ لە پەناگەکانی دی چاترە.. ئێرە ئەفسەری زلە زلەی لێیە..

– چاکە.. ئەی گۆشتە ڤیانناییەکەمان؟

– نەخراوەتە سەر ئاگر، دەتوانن پاش تاوەکە بیخۆن.. خواردن لە پەناگەکە نادەین.

– بەڵێ.. بەڵێ وایە.. (قاپە مەیەکەی لە مێرابۆ سەند و خێرا پەرداخەکانی پڕ مەی کرد و بە ئەلیزابێثی وت..) بیخۆرەوە، بەیەک قوم هەڵیدە..

(ئەلیزابێث) سەرێکی بادا:

– برۆین چاترە.
– جارێ زووە، ماوەیەکمان هێشتا لەبەرە، ئەمە یەکەم ئاگادار کردنەوەیە، لەوانەیە وەکو جاری پێشوو هیچ لەدووی ڕوونەدات.
(میرابۆ) لایەنی (گرێبەر)ی گرت:
– ڕاست دەکات، هەر چەندە گوناهیشە ئەم مەیە بەقومێک هەڵدرێ، بەڵام بارەکە نا ئاساییە.. (ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو، زۆری لە خۆی دەکرد خەندەیەکی بەدەم و لێوەوە بێ، بێ سوود بوو.. بەگرێبەری وت).. گەورەم جاران بۆ نزا ڕوومان دەکردە ئاسمان، ئێستا بۆ نەفریت کردن..! ئەمە هەموو دەستکەوتێکمان بوو لە ژیاندا...
(گرێبەر) نواڕییە (ئەلیزابێث):
– بیخۆرەوە، ماوەمان هەیە، ئارەزوومان لێی بێ هەمووی دەخۆینەوە.
(ئەلیزابێث) پەرداخەکەی بەرز کردەوە، بەسێ چوار قومی بچووک چی تێدا بوو هەمووی خواردەوە، شێوە زەبر و پێداگرتنێکی لە سیمادا بوو.. بێباکی و دەستبلاویش بوو!
پەرداخەکەی دانایەوە و وتی:
– با سام و ترسیش هەواڵەی شەیتان کەین.. دەبێ دان بەخۆما بگرم، بێمەوە سەرخۆم.. بنواڕە چۆن گیانم دەلەرزێ.
– لەرز..؟ نەء تۆ نالەرزیت، ئەوە ژیانە تیاماندا دەبزوێ، پەیوەندیی بەترسنۆکی و ئازایەتییەوە نییە، مرۆی جوامێر ئەوەیە لە کات و جێگەی گونجاودا خۆی بپارێزێت، ئەگەر وا نەکات گەمژێکی لەخۆبایی بووە، ژیانمان لە خۆمان داناترە، بەڵێ.. ژیانە لە قووڵاییییەکانی بوونماندا دەلەرزێ، هۆشیارمان دەکاتەوە.
– کەواتە پەرداخەکەم پڕکەوە.
(میرابۆ) وتی:
– تەنها کوڕێکم هەیە، یازدە ساڵانە، ئیفلیجە، دەبێ بە کۆڵ بیگوێزمەوە، ماڵیشمان لە نهۆمی سەرەوەی باڵەخانەیەکدایە، هاوسەرەکەشم ژنێکی لاوازی بێ هێزە، توانای گواستنەوەی کوڕەکەی نییە، ئەوەتا وەکو دەمبینێ، منیش لێرەم، دەستتم پێیان ناگات..
(گرێبەر) پەرداخێکی لە مێزەکەی تەکیانەوە هەڵگرت، پڕی لە مەی کرد و دایە دەست (میرابۆ):
– هەڵی دە، پەندێکی سەربازی کۆن هەیە دەڵێ: ئەگەر هیچیشت لە دەستەڵاتدا نەما، هەر مەشڵەژێ!
– گەوره مئەو جۆرە هەڵوێستانە بەگوتن زۆر ئاسانن.
– ڕاستە وایە، بەڵام چیش لە پەرداخەکەتدایە بیخۆرەوە..
– ناتوانم گەورەم کاتی کارکردنمە.
– ئێستا بارێکی نائاساییە.. بەخۆت ئەمەت نەگوت؟
– بەڵێ گەورەم.. (تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد و ئەمجا پەرداخەکەی لە گرێبەر وەرگرت)



بەبۆنەی ئەم پلە نوێیەتەوە دەینۆشم..
– پلەی چی؟
– ئەی نەبوویتە سەرپەل!؟ (دیار بوو میرابۆ هەر لەمێژەوە پێی زانیبوو):
– سوپاست دەکەم، پیاوێکی زیرنگ و زیرەکیت..
(میرابۆ) قومێکی بچووکی لە مەیەکە دا، هەر زوو پەرداخەکەی دانایەوە:
– ناتوانم بەقومێک بیخۆمەوە، بادەیەکی کۆنە ناکرێ بەقومێک بخورێتەوە.. ڕاستییەکە ئەوەیە لەم ڕەوش و گوزەرانەدا بۆم ناخورێتەوە.
– زۆر لە خۆت مەکە، پەرداخەکە ببە بەئارەزووی خۆت لە پەنایەکدا بیخۆرەوە.
– سوپاست دەکەم.
(گرێبەر) هەردوو پەرداخەکەی خۆی و (ئەلیزابێث)ی پڕ کردەوە:
– مەبەستم ئەوە نییە خۆم بەئازا و بەجەرگ نیشان بدەم، بەڵام بەپێویستی دەزانم بەر لە دەستپێکردنی تاوە بۆمببارانەکە ئەم قاپە مەیە تەواو بکەین.. پیاو نازانی پاشان چی بەسەر دێ.. ئەدۆزرێتەوە یان نەء..
(ئەلیزابێث) لە بەرگە سەربازییەکەی (گرێبەر) ورد دەبۆوە، وتی:
– ئاخۆ لە پەناگەکە پێمان نەزانن؟.. بەرگی پلەی خۆت نەپۆشیوە..! ئەوێش پڕی لە ئەفسەرانە.
– نەء نازانن.
– چۆن نازانن؟
– چونکە گرنگ نییە بەلامەوە.
– بۆ ئەگەر بەلاتەوە گرنگ نەبوو ئیتر پێت نازانن؟!
– لەوانەیە.. ترس سەرنج ڕاکێشەرە.. ئێستاش پاش ئەوەی گیانمان لە ترس خاوێن کردەوە فەرموو با بچین خۆمان بشارینەوە!

***

دەستێکی ڕێکوپێکیان بەلایەکی بەرینی ئەمباری میوانخانەکە هێنابوو، پەناگەیەکی لەبار و تۆکمەیان لێ دروست کردبوو، هەندێ کورسی و قەنەفە و چەند مێزێکیان تێدا بلاوکردبۆوە، چەند مافوورە کۆنێکیشی تیادا ڕاخرابوو، دیوارەکانی خاوێن و تەمیز ورشەیان دەهات، بەڕەنگێکی سپی، خەست بۆیە کرابوون، بۆفیەیەکی گچکەیان خزاندبووە سووچێکەوە، ڕادیۆیەک و هەندێ قاپە مەیی نرابووە سەر.. پەناگەیەکی تایبەتی لەبار بوو!
(گرێبەر) جێگەیەکی لە نزیک دەرگای گەنجینەی مەیەکە دیبەوە، پەنابەران دەستتە دەستتە دەهاتن، بەپلەکاندا دەهاتنە خوارەوە، خانمێکی شۆخ و شەنگیان لەنێو بوو، کراسێکی سووری دامێن بەرینی پشت ڕووتی لەبەر بوو، دەستومەچەکی بەژمارەیەک بازنی نقێمدار ڕازاندبۆوە.. ژنێکی پرچ زەردیش بەدەم تریقوهوڕی پێکەنینەوە دابەزی، بەدەم ڕۆیشتنەوە خۆی بائەدا، دەم و شەویلگی لە دەم و شەویلگی ماسی

دەچوو.. پاشان کۆمەڵێک پیاو و ژنی قەیرە ئەمجا ژمارەیەک ئەفسەر لە پلەی جۆراوجۆر، هاتنە پەناگەکەوە..

مەیگێڕێک بەیاریدەی بەردەستتێکی میوانخانەکە کەوتنە ئامادەکردنی پەرداخ و قاپە مەیەکان.. (گرێبەر) بە پەشیمانییەکەوە وتی:

– بەداخەوە، مەیەکەی خۆمان نەهێنا (ئەلیزابێث سەرێکی نارەزایی بادا، گرێبەر هەر زوو پەشیمان بۆوە)..

– ڕاست دەکەیت، مەی خواردنەوە و ئەم بارەیان نەگوتووە.. باش نییە.

– نەهامەتی لەدوایە.

(گرێبەر) لە دڵی خۆیدا وتی.. (ڕاست دەکات وایە..) چاوی بەناو پەناگەکەدا گێڕایەوە، مۆڕەیەکی لە مەیگێڕەکە کرد.. (ئازایەتی نییە، سەرکێشی و خۆخافڵاندنە.. سامی مەرگ گەورەیە، مەنگ و قورسە.. مەگەر پاش مردن لێی حاڵی ببین چییە!!).

دەنگی یەکێ لە پەنابەرەکان بەرز بۆوە

– ئەوەتا، ئەمەیان ئاگاداری دووهەمە.. هاتن (گرێبەر) کورسییەکی ڕاکێشا، (ئەلیزابێث) وتی:

– ئەترسم.. سەرەڕای ئەو هەموو غیرەت و خۆڕاگرییەی لەو مەیە چاکەم نۆشی، هەر دەترسم..

– منیش.

باسکی لە شان و ملی (ئەلیزابێث)ەوە ئاڵاند، بەسۆز و بەزەییەوە تێیدەڕوانی، وەک گیانلەبەرێکی بێ دەسەڵات دەهاتە پێش چاوی.. ترس دڵی پێکاوە، پەنای بۆ لای ئەم هێناوە.. تەنها چەکی (ئەلیزابێث) جوامێرییەکی ساکار بوو بەربەرەکانی خێوەکانی ترسی پێ بکات..

فیکەی ئاگادارییەکە پچڕ پچڕ و خێراتر بوو، هەواڵی پەلەی نزیک بوونەوەی وەیشوومەیەکی دیکەی مەرگیان بەهەموو کون و قوژبنێکی شارەکە دەگەیاند، ژیان لە جەستەیاندا تورت بۆوە، چووەوە خۆی! دەکشایەوە پەناگەکانی، دەیویست لە قووڵاییەکانی بوونیەوە بەربەرەکانی بکات..

(گرێبەر) هەستی بەهاوڕێی ژنە دەم ماسییەکە کرد، خێسەی لێدەکات! ئەفسەرێکی نوێی بنێسی چەناگە باریک بوو، خانمەکە دایەوە تریقوهوڕ، دەستتەکەی لە دەوری مێزەکەی تەکیانەوە دانیشتبوون، بەشەیداییەکەوە لایان لێکردەوە..

زەبرێکی بێ هێز پەناگەکەی لەراندەوە، هەموو کڕبوون، ئەمجا هەستیان بەلەرینەوەیەکی بەهێزتر کرد.. زرمەی سێ تەقینەوە، بەپەلە یەک بەدووی یەکدا هاتن، نزیک بوون..! (گرێبەر) باوەشی بەشانوملی (ئەلیزابێث)دا کردەوە، پتر لە خۆی نزیک کردەوە.. چاوی بڕیبووە بنمیچە کۆنکریتییەکە، لە یەکێ دەچوو گەرەکی بێت بەنیگای ئەو بنمیچە ئەستوورە بسمێت، بگاتە ئاسمان تا بزانێ چ باسە.. خانمە پرچ زەردەکە لە پێکەنین چووبۆوە!

لەپڕێکا لێدانێکی بەهێز ژێر زەمینەکەی هەژاند، هەموو پەناگەکەی بەجارێک هێناو برد، چی بەدەستتی بەردەستتی مەیگێڕەکەوە بوو بە ئاسماندا هەڵیدا و گورج خۆی خزانە پەنا بۆفیەکەوە، لەوێ



گرمۆڵە بوو..

یەکێک دڵنیای کردنەوە:

– مەترسن دوورە.

لە ناکاودا، هێزێکی سامناک دیوارەکانی هێنایە قرچە قرچ، درزیان تێکەوت، سپیکاریی بنمیچ و دیوارەکان لە گەڵێ لاوە هەڵتەکان، تۆز و گەردێکی زۆریان بەسەردا داباری، ڕووناکییەکەی ناو پەناگەکە کەوتە گیانەڵان، چراکان پچڕ پچڕ دادەگیرسان و دەکوژانەوە، تەوژمی هەناسەیەکی شپرزە و ترساو بوون، جووڵەی شانوملی دانیشتوانی سەرمێزەکان لەو ڕووناکاییە لەرزۆکە خنکاوەدا لە شریتێکی خاوکراوی سینەمایی دەچوو، بەسستی لایان دەکردەوە، خاو دەجوولانەوە، چاویان بۆ هەڵنەدەهات، لە بوارێک ترسی قووڵیان دابوو، بوارێک بوو پەڕینەوەی نەبوو..

خانمە پشت ڕووتەکە جێی بەخۆی نەدەگرت، بەپێوە وەستابوو، چاوی بەپەلە دەگێڕا.. زرمە و شریخەی تەقینەوەش هەر بەردەوام بوو، ژنەکە بازێکی دا، دەیویست پەنا بەرێتە بەر شوێنێکی تاریکترەوە، بەنیازی هێور کردنەوە دەستومەچەکیان گرت، ئەویش بەدەم قریشکە و زریکەوە کەوتە خۆ ڕاپسکاندن..

لە ناکاودا، زرمەیەکی هێجگار گەورە دەنگی دایەوە، گشت سامەکانی دۆزەخی بەسەریاندا داباران، تروسکەی لە پەناگەکە بڕی، هەستیان کرد بە ئاسمانەوەن، بەزەمینەکەی ژێر پایانەوە بەئاسماندا چوون و هەرەسی هەموو گێتیشیان بەسەردا هاتووە.. (گرێبەر) بەگوێی (ئەلیزابێث) دای چپاند:

– هیچ نییە، تەنها چراکان کوژاونەتەوە.. تەوژمی تەقینەوەیەکی دوور بوو، دەبێ تەنافی ئەلەکترێکەکە لەلایەکەوە پسا بێت.. هیچ نییە، میوانخانەکە بەر نەکەوتووە..

(ئەلیزابێث) توند باوەشی بە(گرێبەر)دا کردبوو..

هاوارێک بەرز بۆوە:

– مۆم.. بۆ مۆمی لێ نییە، هەی بەد.. دەبوایە هەندێ مۆمیان لەم پەناگەیە دابنایە، بۆ کاتێکی وا باش بوو.. کەس چرایەکی دەستتیی پێ نییە؟

چەند دەنکە شقارتەیەکیان داگیرساند، هەنێ دەست و مەچەکێکی تێکترنجاو و ڕوخساری لێڵ و تەڵخ لە ڕووناکاییە لاوازەکەدا دەرکەوتن، وەک لە تاریکاییە ڕەشەکەدا هەڵواسرابن وا دەهاتنە پێش چاو..

– خودا بیانگرێ، دەبوایە پێکهێنەرێکی ئەلەکتریکی لێ بوایە.. کوا، مەیگێڕەکە چیی لێهات؟!

ورشەی چیلکەی شقارتە داگیرساوەکان بەدیوارەکانەوە دەلەرزین، تاریک و ڕوون تێکەڵاو دەبوون، پشتی خانمە پشت ڕووتەکە بریقەی دەهات، نقێمی خشڵی هەندێ لە خانمەکان دەبریسکانەوە.. دەمێکی زلەی ڕەش دەرکەوت..! هەر هەموویان بەقووڵایی تەمێکی ڕەش و خەستدا چوو بوون، تێدا تواببوونەوە، ورتە و سرپەیان لە جیکەجیکی مشکە کوێرەی کێڵگەکان دەچوو.. جیکەیەکی کپ بوو، ئاوازی غەمناکی لانەیەکی وێران بوو..

لەپڕێکا! لوورەیەک بەرز بۆوە! شریخەیەک بوو لەوانەی دیکە نەدەچوو! لە هیچەوە هات و بووە هەموو شتێک، تا دەهات بەرزتر و تیژتر دەبوو، زریکەیەک بوو ناو گوێی دەستمی، کەللەی ئەتاسان، لە

شریخەی بەربوونەوەی هەسارەیەکی پۆڵایین دەچوو، ڕووەو پەناگەکە دەکشا، وەک برووسکەیەکی سەرکێش دەهات، نزیک دەبۆوە.. هیچ نەما نەیەتە لەرزە، ئەمجا گشتی لە تاریکاییە چڕەکەدا سڕ بوو.. شتێکی مەزن هەرەسی هێنا!.. لە ڕەگوڕیشەیانەوە هەڵکەندران بەئاسماندا چوون، کەللەی (گرێبەر) توند لە بنمیچەکەی دا، دیمەنێکی ناوازە و ترسناک بوو، دەستی (ئەلیزابێث)ی هەر لە دەستتدا بوو، بەری نەئەدا.. (ئەلیزابێث)یش لە یەکێ دەچوو گەرەکی بێ بەهەموو توانایەکی خۆی لەو دەستە قورتار بکات و هیچی پێ نەکرێ..

(گرێبەر) بەربۆوە، هەر زوو هەستایەوە سەرپای و (ئەلیزابێث)ی ڕاکێشا بەپەلە لەسەر زەوییەکە درێژی کرد، خێرا کورسییەکی هەڵگێڕایەوە، سەری (ئەلیزابێث)ی نایە ژێری، کەللەی (ئەلیزابێث)ی لە ئەگەری ڕۆچوونی بنمیچەکە دەپاراست، تەلەزمی چیمەنتۆ و گەچە هەلتەکاوەکەی بنمیچ و دیوارەکان بەخۆڵ و گەردێکی زۆرەوە بەسەریاندا داباری..

هەموو گێتی هاتبووە لەرزین، وەکو جۆلانە دەهات و دەچوو، هەڵدەوەشا..! سەروژێر دەبوو، بەر چەپۆکی شووم و زەبەلاحی جیهانێکی دیکە کەوتبوون، نە کێش نە سەنگ، هیچ پەیوەندییەکیان بەزەمینەوە نەما، هەستیان دەکرد ناوسکیان پساوە، تەوژمی نائاسایی خوێنیان کەللە و دڵیانی ئاوساندووە.. چاوەڕوانی ناشتن و تاریکییەکی جاوید بوون..

هیچی دیکە ڕووی نەدا.. هەموو شتێک خامۆش و کپ دامرکایەوە.. بەبێ نووزە لەو ژێر زەمینە تاریکەدا خۆیان دابووە دەست دابڕانێکی ساردو سڕەوە.. هەتا ئەو کاتەی ڕووناکاییە شپرزەکە بەگژ تاریکاییەکەدا چوو نەیان زانی ئەو گوزەرانە چەندێکی خایاندووە.. هۆشیار بوونەوە..! ورشەیەکی خەست لە زەمینەوە هەڵقولا..!

بڵێسەی کلپەیەک بەباڵای خانمە پشت ڕووتەکەدا هەڵگەڕا، ژنەکە بەدەم قریشکەوە لەخۆی ئەدا:

– فریام کەون.. سووتام، ئاگرم تێبەر بوو (بەئاگرەکەوە لە جێی خۆیدا هەڵدەبەزییەوە و بەهەردوو دەستتی لە خۆی ئەدا! دەیویست ئەو ئاگرەی بەربووە گیانی بکوژێنێتەوە، پرژ و پزیسکی ئاگرەکە بەهەر چوار دەوریا پرشوبڵاو دەبۆوە، ترس و ژان ڕەنگیان لە ڕوخساری بڕیبوو، ورشەی دەهات، سپی هەڵگەڕابوو..!

هەر پاڵتۆ و چاکەتی سەربازی بوو بەسەریا داباری، یەکێک پەلی گرت و دای بەئەرزا، گرمۆڵە بوو، بەڵام هەر دەیقریشکان.. زریکە و قریشکەکانی بەسەر شریخەی فیکەی ئاگادارییەکان و گرمە و قرمە قرمی دژە ئاسمانییەکان، زاڵ ببوون! هاوار و ناڵەی گیانلەبەرێک بوو ڕووبەڕووی ڕوخساری بەیووم و ڕەشی مەرگ ببۆوە.. زۆری نەخایاند، هاوار و ناڵەی لەژێر تەپکەی پاڵتۆ و چاکەتە سەربازییەکاندا، هاتە کزی.. پچڕ پچڕ و کپ وەک لە نێو گۆڕێکەوە بێت، وا دەهاتە گوێ..

(گرێبەر) سەری (ئەلیزابێث)ی نابوو بەسینگیەوە، نەیدەهێشت چاوی لەو کارەساتە بێ.. ئاگرەکەیان کوژاندەوە، کلپەکە بووە خەستە دووکەڵێکی ڕەش، لە تاریکاییەکەدا بزر دەبوو، بۆسۆی واڵا و بۆ چڕووکی پێست و گۆشتی سووتاو پەناگەکەی گرتەوە..



– پزیشک، پزیشکێکمان پێویستە، یەکێکمان فریاخەن، بۆ پزیشکی لێ نییە؟

– چی؟!

– کەم تەرخەمییە، دەبێ زوو فریای خەستەخانەیەکی بخەین.. کوا، چاوم لە هیچ نییە، بیگوێزنەوە ئێرە.

خامۆشی جارێکی دی باڵی بەسەریاندا کێشایەوە، گوێیان دەگرت، هاڕە و زرمەی دژە ئاسمانییەکان هەر بەردەوام بوون.. دەنگی تەقینەوەی بۆمبی فڕۆکەکان نەدەهات..

– ڕۆیشتن.. تاوەکە تەواو.

(گرێبەر) بەگوێی (ئەلیزابێث) دای چپاند:

– جارێ لە جێی خۆت مەجووڵێ.. تاوەکو کۆتایی هات، بەڵام مەجووڵێ، خەڵکەکە شپرزەن، با نەبیت بەژێر پێوە.. نەجووڵێی ئێ؟!

یەکێ وەک مامۆستا بێت و ئامۆژگاری قوتابییەکانی بکات، دەنگی لێ بەرز کردەوە:

– کەس پەلەی چوونە دەرەوەی نەبێ، چاوەڕوان بن، لەوانەیە فڕۆکەکان بگەڕێنەوە سەرمان.. کەس نەچێتە دەرەوە، ئارام بن، تەڵەزم و پارچەی گوللەی دژە ئاسمانییەکان ئێستاکە لە دەرەوە وەکو تەرزە دەبارێت..

بازنەیەکی ڕووناک ناو دەرگای پەناگەکەی گرتەوە، هاوار هاوار لە ژنە سووتاوەکەوە بەرز بۆوە:

– نا.. نا.. ئەو ئاگرە بکوژێننەوە.. بیکوژێننەوە.

– ئارام بە، ئاگر نییە، چرایە.

پەڵە ڕووناکاییە زەردەکە لە تاریکاییەکەدا دەگەڕا، لە چرایەکی دەستتی گچکەوە دەهات.

– ئێرە.. وەرە ئێرە، تۆ کێیت؟ ناوت چییە؟!

بازنە ڕووناکەکە بەبنمیچەکەدا هات، بەدیوارێکدا شۆڕبۆوە، بریسکەی لە ملوانەی کراسێکی سپییەوە هێنا، کەوڵێکی گرانبەهای ژنانە دەرکەوت، ئەمجا بافتەیەکی ڕەش و ڕوخسارێکی شپرزە کەوتنە بەر ڕووناکییە ئاراستە کراوەکەوە.. (ڤێرتس) بوو چراکەی ئاراستەی دەموچاوی خۆی کردبوو..

– من (ڤێرتس)م.. سەرخزمەتچییانی میوانخانەکە.. هۆڵە گەورەکە تەپیوە، خواردن نادەین، تکایە کێ خواردنەوەی خواردۆتەوە با پارەکەی بدات..!

– چی؟!!

– تاوەکە کۆتایی هاتووە، بۆیە چرا بەکاردێنم.. پتەی هەمووتانم پێیە.

– چی؟.. بەڕاستی بێ شەرمییە!

(ڤێرتس) بەبێ دەستەڵاتییەکەوە وتی:

– گەورەم دەبێ منیش بەرەو ڕووی بەڕێوەبەری میوانخانەکە ببمەوە، ئەوسا دەبێ پارەکە لە گیرفانی خۆم بدەم!

بۆڵەی ناڕەزایی لە هەموو لایەکەوە بەرزبۆوە:

– بۆچی لە ئێوە وایە خۆمان لەو پارەدانە ئەدزینەوە، ئەو ڕووناکییە لەسەر دەموچاوت لادە، ڕوخساری تەڵخ و ناشرینتمان نیشان مەدە، ئازا وەرە ئێرە برینداریکی لێیە..

تاریکی دەموچاوی (ڤێرتس)ی حول دایەوە.. بازنە ڕووناکەکە بەدیوارێکەوە بوو، نەوی بۆوە، بەژێر زەمینەکەدا گەڕا لە پرچی (ئەلیزابێث)ی دا، بریسکەی هات، ئەمجا بەسەر تۆپەڵە چاکەت و پاڵتۆ سەربازییەکانەوە گیرسایەوە، پیاوێک بەتوێی کراسێکەوە لەسەر ئەژنۆ و بەدیار خانمە سووتاوەکەوە دانیشتبوو، سپی هەڵگەڕابوو..! دەمولێوی دەلەرزی و زوو زوو دەیگوت:

– خودای گەورە، ئەمە چی بوو بۆمان بوو؟

(ڤێرتس) شڵەژابوو، دەستتی دەلەرزی، چراکەی چەسپ بۆ ڕانەدەگیرا، واڵا و بەرگەکانیان لەسەر ژنەکە لادا، (گرێبەر) بە(ئەلیزابێث)ی وت:

– تەماشای مەکە، شتێکی ئاساییە، زۆر ڕوو ئەدات، لە هەموو شوێن و کاتێکدا ڕوو ئەدات، پەیوەندیی بەبۆمبارانەکەوە نییە (دەستتی بەسەری ئەلیزابێث دا دەهێنا)... دەبێ لەم شارەت دووربخەمەوە، لە یەکێک لەو گوندانەی دەوروبەری شار لای ناسیاوێک شوێنێکت بۆ دابین بکەم.. ئەو گوندانە بۆمبباران ناکرێن.. جێگەشیان زۆرە، بەبێ ترس و خەم دەتوانیت لەوێ بژیت..

پیاوەکەی لەسەر ئەژنۆی بەدیار خانمەکەوە دانیشتبوو، وتی:

– دەستە بەرەیەک نییە؟.. یەکێک پەیداکەن.

– هەیە گەورەم.

(ڤێرتس) بوو وەڵامی دایەوە، نەیدەزانی پلەی ئەو ئەفسەرە چییە، چاکەتی لەبەر نەبوو، پانتۆڵێکی ئەفسەرانی لەپێدا بوو، شمشێرێکیشی بەقەدەوە بوو..

(ڤێرتس) داوای لێبوردنی لێ کردن:

– ببەخشن کە داوای پارەم کرد.. نەمزانی برینداری لێیە.

– دەی گورج بە، دەستە بەرەیەک پەیداکە.. یا چاوەڕوان بە، منیش دێم.. ڕەوشەکەی دەرەوە چۆنە؟ ڕێی هاتوچۆ هەیە؟

– بەڵێ گەورەم.

ئەفسەرەکە ڕاست بۆوە، چاکەتەکەی لەناو کۆمەڵە جلوبەرگەکەدا دییەوە، خێرا کردیەوە بەری.. کۆڵۆنێل بوو!

دوای (ڤێرتس) کەوت، لەژێر زەمینەکە چوونە دەرەوە، دیسانەوە تاریکی ناو پەناگەکەی گرتەوە، ڕووناکی چرا دەستتییەکەی (ڤێرتس)یان وەک دوا ترووسکەی هیوا لێبڕا! مت بوونەوە، ورتە لە دەم کەسەوە نەدەهات.. تەنها نرکە نرکی ژنە سووتاوەکە دەهات.

– سەرۆک، چی بکەین سەرۆک؟

یەکێکی دیکە وتی:

– کەی ڕێمان ئەدەن بچینە دەرەوە؟



پیاوەکەی وەکو مامۆستایان ئەدوا وتی:

– دەرەوەی چی؟.. هێشتا فیکەی ئاسایی بوونەوەی بارەکە لێ نەدراوە..

– خۆت و فیکەکەت بە دۆزەخ.. باشە؟ ڕووناکیمان دەوێت، بۆ نییە؟

– پێویستیمان بەپزیشکێکە.. مۆرفین!

دەنگی کابراکەی کۆڵۆنێلەکەی بەسەرۆک بانگ دەکرد بەرز بۆوە:

– سەرۆک.. چی بە (ئیبەرهارد) بڵێین؟

ژنە سووتاوەکە کەوتەوە هاوار و ناڵە:

– نەء.. نەء، ڕووناکیم ناوێت.. نامەوێ.

کۆڵۆنێلەکە بە لالەیەکی داگیرساوەوە گەڕایەوە، دووانیشی لە خزمەتچییانی میوانخانەکە دوای خۆی خستبوو، دەستەبەرەیەکی بریندار گواستنەوەیان هەڵگرتبوو.

– هێڵی تەلەفونەکان پساون، نووزەیان تێدا نییە (ڕووی کردە دوو خزمەتچییەکە).. دەی بجووڵێن، ئەو دەستەبەرەیە لێرە دانێن..

چراکەی لەسەر زەمینەکە دانا، دەم بەهاوارەکە دەنگی هاتەوە:

– چی بکەین سەرۆک؟.. چی بڵێین؟.

– لاچۆ جارێ.. پاشان.. پاشان باسی لێدەکەین.

لە تەنیشت ژنە سووتاوەکەوە چۆکی دادایەوە، باسکی ژنەکەی ڕووت کرد، دەرزییەکی لێدا.. برێ لێی وردبۆوە ئەمجا هەستایەوە سەر پێی.

– ئەم دەرزییانە شتێکی چاکن، بۆ هەموو شتێک دەست ئەدەن، هەر ئێستا چی ژانی هەیە نامێنێ، خەوی لێ دەکەوێ.. دەی لەسەرخۆ هەڵیبرن..

(ڤێرتس) وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ گەورەم، هەر ئێستا دەیگوێزینەوە..

ژنەکەیان بەدەستە بەرەکەوە بڵند کردەوە، سەروپرچە سووتاوە ڕەش هەڵگەڕاوەکەی شل ببوو، ملی بەسەر دەستەبەرەکەوە دیلانێی دەکرد.. بەسەرمێزێک جەستەیان داپۆشیبوو..

(ئەلیزابێث) پرسیاری لە (گرێبەر) کرد:

– مردووە؟

– نەء.. پرچیشی درێژ دەبێتەوە.

– ئەی دەموچاوی؟

– کوێر نەبووە، چاک دەبێتەوە، مرۆی سووتاوم زۆر دیوە، سووتاوییەکەی ئەم سەخت نییە.

– تێناگەم! ئەم ئاگرەی چۆن تێبەر بوو؟

– بەشقارتە.. ئەو چیلکە شقارتانەیان دانەگیرسانایە، ئاگری تێبەر نەدەبوو.. پەناگەکە قایم بوو، بەرگەی لێدانێکی ڕاستەوخۆی گرت..!

دەستی دایە کورسییەکەی سەری (ئەلیزابێث)ی نابووە ژێر، هەستایە سەرپای، یەک دوو هەنگاوێکی بەناو شووشە شکاوەکانی دەوروبەریان نا، چاوێکی گێڕا، دەرگەی ئەمباری مەیەکە هەڵتەکا بوو، تەخت لەناو فەرشی ژێر زەمینەکەدا کەوتبوو، ناو ئەمبارەکە بەسەریەکدا داڕووخابوو، بەدەیان شووشەی مەی شکابوون، بادەی ڕژاو وەکو گۆمێک خوێنی ڕەش پەنگی خواردبۆوە.. بە (ئەلیزابێث)ی وت:

– لێرە مەجووڵێ، هەر ئێستا دێمەوە.

چاکەتەکەی دا بەشانیا و خۆی بە ئەمبارەکەدا کرد، زۆری پێ نەچوو گەڕایەوە..

– با بڕۆین، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لەم شوێنە دوورکەوینەوە..!

***

ژنە سووتاوەکەیان بەسەر دەستەبەرەکەوە لەسەر شۆستەی شەقامەکە دانابوو، دووان لە مەیگێڕانی میوانخانەکە بەدیارییەوە وەستا بوون، لەگەڵ ڕەت بوونی هەر ئۆتۆمبیلێک هەڵمەتیان بۆ دەبرد، بەدەم فیکە لێدانەوە دەستیان بۆ شوفێرەکە ڕادەوەشان.. کەس نەدەوەستا.. گشتی پەلەی بوو..

دەم بەهاوارەکەش هەر دەکڕووزایەوە:

– خودای گەورە چی بە(ئیبەرهارد) بڵێم.. ئەمەی چۆن تێبگەیەنم.. ئای چ شەوێکی شووم بوو تێی کەوتین!؟

(گرێبەر) لە دڵی خۆیدا گوتی.. (دەبێ ئیبەرهارد مێردی ئەم خانمە بێ.. ئاگای لەم کەینو بەینانەی خانمەکەی نەبێت..).

مەیگێڕێکی ڕاگرت، پرسیاری لێکرد:

– ئەرێ سفرەچییەکەی هۆڵی خواردنەوەکەت نەدیوە؟

– کامیان؟

– قەیرەیەکی بچکۆلانەیە، هەر لە سەقاکوژ دەچێت؟

– میرابۆ، بەڵێ (میرابۆ) دەڵێیت.. قوربان، میرابۆ مرد!

تەزوویەکی ساردوسڕ گیانی (گرێبەر)ی هەژاند.. وتی:

– پارەی قاپێک مەیی لەلامە.

مەیگێڕەکە نێوچەوانی سڕی:

– دەتوانیت بەمنی بدەیت.. لە کام جۆر بوو گەورەم.

– یۆهانس بێرگەر.

– لە جۆرە هەڵاوێردەکەی؟

– نەء.

مەیگێڕەکە لیستێکی لە باخەڵی دەرهێنا، لەژێر ڕۆشنایی چرا دەستییەکەی نرخەکەی نیشانی (گرێبەر)ی دا..

هەر چەندە تەواو دڵنیا بوو کە پارەکە بۆ خۆی گل ئەداتەوە، بەڵام قەرزەکەی میرابۆی پێ دایەوە..



ئەمجا چاکەتەکەی بەگرمۆڵەیی نایە بن دەستی و قۆڵی بە قۆڵی (ئەلیزابێث)دا کرد و لەو ناوە دوورکەوتنەوە..

باشووری شارەکە دەستووتا، ئاگرێکی گەشی تێبەر ببوو، لە ئاسماندا ڕەنگی ئەدایەوە، دووکەڵ لە هەموو لایەکی شارەکەوە بەرز دەبۆوە.. زۆر بڵند نەدەبۆوە.. بایەکی توند دووکەڵەکەی لە سەرەوە ڕادەماڵی لە ژێریشەوە ئاگرەکەی خۆشتر دەکرد..

– بۆ دڵنیا بوون با سەرێک لە ماڵەکەت بدەینەوە..

(ئەلیزابێث) سەرێکی بادا:

– شەوێکی دوورو درێژمان لەبەرە، با جارێ نەچینەوە..

گەیشتنە گۆڕەپانەکەی جارێکیان خۆیان لە پەناگەکەیدا شاردەوە، ناو دەرگاکەی پڕ دار و بەرد بوو، ڕەش و تاریک کرابۆوە، لە دەرگەی دۆزەخ دەچوو..!

لەباخچەکەی گۆڕەپانەکەدا دانیشتن، (گرێبەر) وتی:

– فریای هیچ نەکەوتین بیخۆین.. برسیت نییە؟

– گرنگ نییە، دڵم هیچ نابات.

چاکەتەکەی کردەوە، دەزرنگایەوە..!، دوو قاپ مەیی لە توێدا دەرهێنا..!

– با بزانین چیمان دەستکەوتووە؟.. دەبێ ئەمەیان کۆنیاک بێ..

(ئەلیزابێث) حەپەسابوو:

– ئەمانەت لە کوێ بوو؟!

– گەنجینەی میوانخانەکە.. قاپە مەییێکی زۆری لێ شکابوو، گوتم با ئەمانەش بچنە پاڵ شکاوەکان.

– ئاوەها؟!

– بەڵێ ئاوەها.. ئەو سەربازەی بەدەستتی بەتاڵ لە ئەمبارە مەی بێتە دەرەوە، یا گوێدرێژە یان زۆر نەخۆشە، ئێمەی جەنگاوەر وا فێرکراوین هیچ هەلێک بەفیرۆ نەدەین.. دە ئامۆژگارییەکەمان لەسەر نییە.

(ئەلیزابێث) هەر لێی ورد دەبۆوە:

– بێ گومان وایە، دەبێ وابێ، ئێوە لە ئێمە نین، لە ئێمە ناچن، کەس هیچ شتێک دەربارەتان نازانێ.

– تۆ دەیزانیت؟

– نەء، کەس هیچ دەربارەتان نازانێت! ئێوە لێرە خۆتان نین، کاتێک خۆتانن کە لەو شوێنە دەبن کە لێی دێنەوە.. کەس لێتان تێناگات، هەمیشە جێی گومانن..

دوو قاپی دیکە مەیی لە چاکەتەکەی دەرهێنا..!

– فەرموو، ئەمەیان پێویستیی بەئاچەر نییە بیکاتەوە، شامپێنە (کەوتە ترازاندنی تەپەدۆرەکەی).. ئومێدەوارم کە ڕەوشتی بەرز و دەستپاکی ڕێی خواردنەوەیت لێ نەگرن.

– نەء.. تازە کار لە کار ترازاوە.

– کەواتە با بەخۆشی هیچەوە بخۆینەوە، نەوەکو گوناهەکانمان دوو قات بەسەردا ساغ بێتەوە.. ئەم شامپانیایە تەنها بۆ شکاندنی تێنوتیمان دەخۆینەوە (هەر خەریکی دەموانەی قاپەکە بوو).. بەڵام بەش بەحاڵی خۆم بەبۆنەی قورتار بوونیشمانەوە دەیخۆمەوە.

خەندەیەک بەدەمی (ئەلیزابێث)ەوە بوو:

– پێویست بەم زۆر گوتنە ناکات.. تێدەگەم، بەڵام پێم بڵێ، کاتێک کە ئەم چوار قاپە مەیەت لە چاکەتەکەتدا شاردبۆوە، پارەی ئەوەی (میرابۆ)ت بۆ دا؟

– ئەوەیان جیاوازە، پارەنەدانی مانای دزییە (تەپەدۆرەکەی لەسەرخۆ ڕادەکێشا.. بەبێ ئەوەی شڵپە لە شووشەی بادەکەوە بێت، تەپەدۆرەکەی بەنەرمی دەرهێنا).. ئێستاش با فێری شتێکی دیکەت بکەم.. ڕاستەوخۆ لە دەمی شووشەکەوە دەخۆینەوە..

*– سروشتی ئەو ئێوارەیە چووبووە دۆخێکی ئەفسووناوییەوە، سووراوی ئاوا بوون ئاسۆی ئاڵتر کردبۆوە، لانکێکی ئارام و خامۆشی بۆ بێداران خۆش دەکرد.. گوێی لە (ئەلیزابێث) بوو:

– بنواڕە ئەو درەختە چی گوڵی پێوە گەشاوەتەوە!

بۆمبێک لایەکی درەختەکەی بردبوو، لاکەی تری بەرەگوڕیشەیەکی کەمەوە مابۆوە.. گوڵێکی هێجگار زۆری پێوە بوو، سپی و ناسک، ورشەیان دەهات.. بەشێکیان کەوتبوونە بەر شەپۆڵی نەرمی ڕووناکاییە سووربا‌وەکەی شارەکەی گرتبۆوە.. پەمەیی هەڵگەڕابوون.

– خانووەکەی تەنیشتی بەتەواوەتی سووتاوە.. لەوانەیە زەبری تەقینەوەکە هەڵیکەندبێ.. زیانی زۆر پێ گەیشتووە.. بەڵام سەرسەختە و دەست لە ژیان بەرنادات.

شوێنەکەی لێی دانیشتبوون دەکەوتە تاریکاییەوە، وەختێ (ئەلیزابێث) هەستا و ڕووەو درەختەکە هەنگاوی نا، کەوتە نێو شکاندنەوە و گێژی بازنەی ڕۆشنایی ئاگرە دوورەکانەوە، لە سەماکەرێکی بالێت(١) دەچوو لەبەر ڕووناکییەکی دەستکردی شانۆیەکدا لەنێو تەمێکی سووربا‌وی تەنکدا سەما بکات.. یان ئەستێرەیەک بوو لە دوورەوە بۆ دیتنی وێرانەکانی جیهانێکی کاول کراوەوە هاتبێتە سەر زەمین؟! یان، پەیامێک بوو مژدەی زایشتی مەسیحێکی نوێی دەهێنا؟!

(ئەلیزابێث) لە تەک درەختەکەوە وتی:

– تازە پشکوتوون.. بەهارەو وەرزی ژیانەوەیە، دارودرەخت لەمە پتر بیر لە هیچی دیکە ناکەنەوە.. بایەخ بەهیچی دیکە نادەن.

– ئامۆژگاریمان دەکەن! ئامۆژگارییەکی قووڵ و پڕمانایە.. ئەم پاش نیوەڕۆیەش درەختێکی دیکە سەرنجی ڕاکێشام، کافوورێک بوو، شۆخ ڕووەو ئاسمان هەڵچووبوو، دەستی توند لە بەرۆکی ژیان و ڕووناکی گیر کردبوو، بەری نەئەدان.. ئەوەتا ئێستاکەش ئەم درەختە سەرسەختە بە مشتێک ڕەگەوە لە ژیان ئاڵاوە، خۆی ڕازاندۆتەوە و بەپیر بەهارەوە دەچێ.. گەشە.. بەبێ هیچ سکاڵا و گلەییییەک بەرگەی نەهامەتیی گرتووە، بەزەیی بەخۆیدا نایەتەوە، باوەڕشی بەکۆتایی هاتن نییە.. نایەوێ لەناو بچێ..!

(ئەلیزابێث) گەڕایەوە لای (گرێبەر)، وەکو بەتەلیسمێک ئارایشت کرابێ، ڕوخساری گەش و



مەنگی، وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار ئەدرەوشایەوە، ژیان لە ناخیا هاتبووە هەڵچوون، وەرزی هەڵچوونی بوونی بوو، بەپیر بانگەوازێکی خامۆشەوە دەهات گشت مانا زەقەکانی مان و بەردەوامی لە توێدا گرد ببۆوە..

هەستی بەهەناسەی گەرم و تەوژمی لاویی کرد لە پاڵیەوە قوڵپ ئەدات.. درەختەکە گەش و قەشەنگ بڵندبۆوە، باوەشی بەئاسمانێکی نەوی و زامداردا کرد.. بۆی گوڵەکان خەستتر بوونەوە، هۆش ڕفێن بوون، دارە کافوورەکەی هاتەوە پێش چاو.. درەختەکە نەوی بۆوە، ئاسمانێکی شینی لێ دەرکەوت، زەوی و زارێکی سەوز و بەر فراوانی لێ ئاشکرا بوو..

لەپڕێکا..!

وێنە و ڕاستی بوونی (ئەلیزابێث) هەموو وێنە و بوونێکی گێتیی لەبەرچاو تەرە کرد..

باوەشی پیاکرد..

(ئەلیزابێث)یش بەرەنگاری نەکرد.

---

١– بالێت: سەمای بالێ.

# 15

هۆڵی ژماره (٤٨)ی قشڵە کۆنەکە، ژاوەی دەهات.

سیان لە پۆکەرچییەکان.. دەستتیان لە قومارەکە هەڵگرتبوو، ئەوەی کەللەی لە هێلکە دەچوو یەکێکیان بوو، پەست و زویر لەتەک دوو هاوەڵەکەی وەستابوو.. لەسەر ڕۆیشتن بوون بەرگی تەواوی جەنگاوەرانیان پۆشیبوو، بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکەکان چاک ببوونەوە، مافی ئەوەیان نەمابوو چیتر بمێننەوە، دەبوایە ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ بکرێنەوە..

چاوەڕوانی کاروانەکەی دەرەوە بوون بجمێ.

کەللە هێلکەییەکە بە ڕوویەکی گرژ و مۆنەوە بە(ڕۆیتەر)ی وت:

– لەگەڵ تۆمە، بەڵێ خۆت و ئەو لاقەت کە کردووتە بەهانەی خۆ دزینەوەت٠٠ شتی وەکو تۆ لێرە گل ئەدەنەوە، منی خاوەن ماڵ و منداڵیش دەهاوێژنەوە گەرووی ئاگرە سوورەکە..!

(ڕۆیتەر) هیچی نەگوت.. (فیلڎمان) وەڵامی دایەوە:

– ئەقلت بێ کابرا، خۆ تۆ لە بری ئەم نانێرنەوە٠٠! تەنها لەبەر ئەوەیە کە چاک بوویتەوە و توانای شەڕکردنت هەیە، خۆ ئەگەر ڕۆیتەرش ڕەوانە بکرێتەوە، تۆ هەر ڕەوانە دەکرێیتەوە، تێگەیشتیت؟٠٠ ئیتر دەمت داخە و ئەم قسە پووچانە مەکە..

سەر هێلکەییەکە پتر پەست بوو، دەنگی بەرزتر کردەوە:

– دەمم داناخەم، چی بەزمانمدا بێت دەیڵێم، ئێوە هیچتان لەبارا نییە، ئەوەتا یان قومار دەکەن، یان دەخۆن و دەخەون، منی خاوەن دەستتەیەک منداڵی وردیش دەبێ خۆم بە کوشت بدەم (ڕووی کردەوە ڕۆیتەر)، ئەم خۆ دزەرەوە پڕ پیوەش بۆیە هەر خەریکی خواردنەوەیە بۆ ئەوەیە لاقی چاک نەبێتەوە!

(ڕۆیتەر) وەڵامی دایەوە:

– تۆش بۆت ڕێکەوتایە وات دەکرد٠٠

– کێ؟ من؟! نەخێر من لەو جۆرانە نیم کە خۆیان ئەدزنەوە٠٠

– کەواتە بڕایەوە، پێویستیی بەم درێژدادڕییە ناکات..

دەمی کەللە هێلکەییەکە بووە تەڵەی تەقیو:

– ها ٠٠ چی؟!

– تۆ شانازی بەوەوە دەکەیت کە خۆت نادزیتەوە، کەواتە لەسەر ئەم هەڵوێستە نەبەردەت بەردەوام بە، بەبێ بۆڵە و سکاڵا کردن بیپارێزە٠٠

– چی!؟.. ئێوە تەماشای ئەم بەرازە بکەن چۆن قسەکانم هەڵدەگێڕێتەوە و ئەیانداتەوە بە گوێما.. نەخێر دەبێ ئاشکرات بکەم، با عالەمەکە پێت بزانن و وەکو سەگ پەتت کەن٠٠ هەموو شتێکیان پێ دەڵێم٠٠

یەکێ لەوانەی بڕیاری ناردنەوەیان درابوو هەڵی دایێ:

– گەوج مەبە و هەڵە مەکە، دەبێ بڕۆین، دەی بجووڵێ.



– من هەڵە نیم، ئەمانە هەڵەن، زۆر شوورەییە یەکێکی وەکو من لە بری ئەم بەرازە سەرخۆشە بنێرنەوە.. کەی ئەمە ڕەوایە؟

– ڕەوا؟! مێشکت بێ، سەربازی و ئەم جۆرە شتانەیان نەگوتووە!.. وەرە دەی بابڕۆین، هاوڕێیان بەدوعا.. لێی مەگرن بەڕاستی نییە، ناوی کەس ناهێنێ، هەر ئەوەیە بڕێ هەڵەوڕە، خزمەتی خۆتان بکەن، تا لە تواناتاندایە ڕابوێرن، جار جارێکیش یادمان بکەنەوە، گۆڕەپانی پۆکەرەکەش چۆڵ مەکەن٠٠

پەلی کەللە هێلکەییەکەی گرت و بەدوای خۆیاندا ڕایکێشا، لە ناو دەرگەی هۆڵەکەوە ئاوڕی دایەوە، ویستی شتێک بڵێ، دوو هاوڕێکەی ڕێگەیان نەدا، لەگەڵ خۆیان بردیان.

(فیلڎمان) وتی:

– مرۆیەکی بەرەڵایە! ئەکتەرێکی بلیمەتە، دێتەوە یادتان چۆن لەسەر خەوتن بەزمی پێگێڕام؟

لە پڕێکا! دەنگی (ڕۆمێل) بەرز بۆوە؟

– قومارچییەکی بێ شانسە، پارەیەکی زۆری دۆڕاندووە٠٠ نەمکرد بیدەمەوە.

– کاروانەکە هێشتا نەکەوتۆتە ڕێ.. دەتوانیت بیگریتەوە و پارەکەی بدەیتەوە٠٠

– چی؟

– ماشێنەکان نەجوولاون، ئەوەتان، جا ئەگەر دەزانیت ئەو پارەیەی بردووتەوە ویژدانت سەغڵەت دەکات، فریاکەوە بیدەرەوە.

(ڕۆمێل) بەپەلە چووە دەرەوە، (فیلڎمان) وتی:

– ئاخر ئەو پارەیەی بۆ چییە.. لەوێ بەچیی ئەدات؟!

– پۆکەریان پێدەکات و دەیاندۆڕێنێتەوە.

(گرێبەر) لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، کاروانە سەربازییەکە گرد دەبۆوە، (ڕۆیتەر) وتی:

– تەماشایانکەن، یا منداڵن یا پیر، پاش کارەساتەکەی ستالینگراد بووە ڕەشبگیری، کێیان چنگ کەوێ بەرگێکی سەربازیی دەکەنەبەر و یەکسەر ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی دەکەن.

– بەڵێ.

کاروانەکە پێکدەهات، (فیلڎمان) بە سەرسوڕماندنێکەوە وتی:

– ئەرێ بەڕاست کوڕینە، ئاگاداری (ڕۆمێل) بوون٠٠؟! خۆ زمانی بەر بوو!! (بە بەرگە خەوتنانەکەی بەریەوە چووە بەر پەنجەرەکە) ئەوەتا ئەوە کەللە هێلکەییەکەیە، مەگەر ئێستا تێبگات کە خەوتنی ئێرە و خەو بە بەرە بینینەوە وەکو خەوتنی ئەوێ و خەو بەئێرەوە بینینەوە نییە.

(ڕۆیتەر) وتی:

– بەم زووانە هەموو ئەوە تاقی دەکەینەوە، ئەمجارە بێتەوە نۆرەی منە بچمەوە، پزیشکەکە دواجار کە تەماشای قاچمی کرد باسی ئەوەی بۆ کردم کە ئەڵمانی ڕەسەن پێویستی بە لاقی نییە شەڕی پێوە بکات! لاقیشی نەبێت دەتوانێ بجەنگێ٠٠

نەڕە نەڕێکیان لە دەرەوە هاتە گوێ، یەکێک بوو فەرمانی بەکاروانەکە دا بجووڵێت.. ڤڕە ڤڕی

ماشێنەکان بەرز بۆوە، هێدی هێدی کەوتنە ڕێ، سەربازە پیادەکان دەستتە دەستتە لە نێوان ماشێنەکاندا بەڕیز و ڕێتمێکی ڕێکوپێک ڕێیان گرتە بەر.. دوور کەوتنەوە، وەک لە دووربینێکی هەڵەوگێڕاوەوە تەماشایان بکات، وردوگچکە دەهاتنە پێش چاوی (گرێبەر).. لە بووکەدارینەیەک دەچوون بە چەکی گەمە چەکدار کرابن..

(ڕۆیتەر) وتی:

– بەزەییم پیادا دێتەوە.

– بە کێ؟

– ئەو سەرهێلکەییە، لە من زویر نەبوو.. لە ژنەکەی زویرە، دڵی پیسە، بۆیە هەمیشە وا قارسە، لەو وایە مووچەی ژنە سەربازانەکەی بۆ دۆستەکانی خەرج دەکات.

(گرێبەر) پرسیاری کرد:

– موچەی ژنە سەربازانە؟!.. ئەمەیان چییە؟

(فیلدمان) سەرێکی بادا:

– ئەرێ پێم ناڵێیت تۆ لە کوێوە هاتوویت.. دەڵێی خەوتوویت و ئاگات لە دونیا نییە!.. هەموو ژنە سەربازێک مانگی (٢٠٠) مارک مووچەی بۆ بڕاوەتەوە.. پارەیەکی خراپ نییە، گەلێ سەربازی زوگورتی هانداوە ژن بێنن، چاک ئەکەن، ئەی ئەم پارەیە بۆ بۆ میری بێت؟

(ڕۆیتەر) بەر پەنجەرەکەی بەردا، وەک شتێکی بەبیردا هاتبێ، بە (گرێبەری) گوت:

– (بیندینگی) برادەرت لێرەبوو، پرسیاری کردیت..

– چی دەویست؟.. هیچی نەگوت؟!

– داوەتێکی هەیە، تۆشی داوەت کردەوە.

– هیچی دیکەی نەگوت؟

– نەء.

(ڕۆمێل) گەڕایەوە، هەر زوو (فیلدمان) پرسیاری لێکرد:

– فریای کەوتیت؟

(ڕۆمێل) بە پەژارەیەکەوە وەڵامی دایەوە:

– پیاوێکی سەیرە! بۆ وا دەکات، خۆ هیچ نەبێ ئەو ژنەکەی ماوە، ئەی وەکو منی بەسەربهاتایە چی دەکرد؟ (پشتی تێکردن، خێرا لەسەر دەم خۆی دا بەسەر جێگەی خەوتنەکەیدا..).

خۆیان لە پرمەو هەنسکی گریانی کەڕ کرد.. (فیلدمان) بە چپە وتی:

– کەللە هێلکە ئەمەی نەدی!.. گرەوی کردبوو، لەسەر ئەوەی کە ئەمرۆ (ڕۆمێل) ورە بەر ئەدات و زمانی بەردەبێت:

(ڕۆیتەر) تووڕە بوو:

– لێی گەڕێن، خوا دەزانێ کەی تۆش ورە بەر ئەدەیت (ڕووی کردە گرێبەر).. چەند ڕۆژت ماوە؟



– یازدە.

– ماوەیەکی باشە.

– تا

دوێ ئێوارە وام دەگوت، کەچی ئێستاکە هەست دەکەم کەمە، ماوەیەکی هێجگار کورتە..

***

(ئەلیزابێث) وتی:

– کەس لە ماڵ نییە، خۆی و کیژەکەی لە دەرەوەن، ماڵەکە هەمووی بۆ خۆمانە..

– سوپاس بۆ یەزدان، وا هاتبووم بۆڵەیەکی لە دەم دەرچێ و دەستبەجێ بیخنکێنم، دوێ شەو شەڕی پێ نەفرۆشتیت؟

– بە خراپی دامە قەڵەم.

– بۆچی..؟ خۆ تەنها سەعاتێک مامەوە.

– داخی پیرێی پێ ڕشتم، تا درەنگ مایتەوە.

– چی کون و درز لە دەرگاکەدا بوو گشتیمان گرتبوو، بەدرێژایی کاتیش ئەو مارشانەمان لێداوە!.. ئیتر ئاگاداری چی بووە؟!

(ئەلیزابێث) چاوێکی زۆرزانانەی بەبالای (گرێبەر)دا گێڕا، ئەمجا بەسەربادانێکەوە وتی:

– بەڵێ چۆن؟!

(گرێبەر) چاوی لێ نەئەترووکاند، هەستی کرد نێو چەوانی گەرم داگەڕاوە، لە دڵی خۆیا دەیگوت.. (بۆ زووتر هەستم بەم هەموو جوانییەی نەکرد..؟).

– ئاخۆ ئەو بەد ڕوخسارە بۆ کوێ چووبێت؟

– بۆ دەرەوەی شار، گوندەکان دەگەڕێ، نازانم یارمەتییە چییە گردی دەکاتەوە! بۆ سبەی ئێوارە ئەمجا بێتەوە، ئەمشەو و هەموو بەیانی بۆ ئێمەیە..

– هەموو بەیانی؟! ئەی کارەکەت؟

– سبەی یەک شەممەیە؟ پشووی هەفتەیە، ناچمەوە.

– یەک شەممە؟! بەڵێ.. بەڵێ وایە، ئەمەم لەیاد نەبوو، ئاخرییەکەی بەدرێژایی ڕۆژێکی تەواو لە ڕووناکاییدا دەتبینم، هەتا ئێستا هەر لە تاریکاییدا یەکترمان دیوە.

– چۆن هەتا ئێستا هەر لە تاریکیدا یەکترمان دیوە؟

– وایە، جاری یەکەم کە چووینە دەرەوە ئێوارەی دووشەممە بوو، نەبوو ئارمانیاکەمان پێ بوو؟

– ڕاست ئەکەیت، منیش بە ڕۆژی ڕووناک تۆم نەدیوە.. (بەشەرمەوە دەینواڕییە گرێبەر).. ژیانێکی ناتەواو دەژین.. وا نییە؟

– تەنها ئەم شێوە ژیانەمان لەبەرە.

– بەڵێ.. ئاخۆ شێوەمان لەبەر ڕووناکی هەتاودا چۆن بێ؟

– ئەویش ئەدەینە دەست ڕۆژی خۆی.. پێم بڵێ ئەمشەو چۆن بەرینە سەر؟ بچینەوە شوێنەکەی دوێ ئێوارە؟.. شوێنێکی نالەبار بوو.. داخەکەم جێرمانیا ڕووخا..

– لێرە دەبین، بەشی خۆمان مەیمان هەیە، بۆ شێوکردنیش شتێک ئامادە دەکەم.

– بەڕاست، ئێرەت پێ خۆشە؟ ئارەزووت لە چوونە دەرەوە نییە؟

– کاتێ خاتوو (لیزەر) لێرە نابێت، ئێرە وەک بەهەشتە..

– کەواتە لێرە دەبین، کاتەکەش بە بێ زرم و هوڕی مارشەکان دەبەینە سەر، وەکو شەوانی ڕابوردووش ناچار نابم بەدزییەوە خۆم بکەمەوە بەقشڵەکە.. بەڵام چی بخۆین؟.. بەڕاست دەزانیت خواردن ئامادە بکەیت؟.. باوەڕ ناکەم؟!

– شتێک ئامادە دەکەم، ئازووخەیەکی ئەوتۆم نییە.. هەر لەو کەرەستانەن کە بەکارت پێمان ئەدەن.. چێشتخانە گچکە هاوبەشەکەیان پشکنی، هیچی وای تێدا نەبوو، بڕێ نان و کەمێ هەنگوینی ناساغ و، پارچەیەک کەرەی(مەرگرین)[1].. و دوو هێلکە و چەند سێوێکی تفتی کاڵ..

(ئەلیزابێث) وتی:

– هەموو بەشە ئازووخەکەم وەرنەگرتووە، دەتوانم بچم هەندێکی دیکە بسێنم، کۆگایەک شارەزام تا کاتێکی درەنگ دەکرێتەوە..

(گرێبەر) بەدەم داخستنی دۆڵابی ئازووقەکەوە وتی:

– ئەمانە بۆ کاتی پێویست هەڵگرە، خواردنی ئەمشەومان بخەرە ئەستۆی من..

(ئەلیزابێث) بەسڵەمینەوەیەکەوە وتی:

– بە تەمای چیت؟.. هیچ نادزین وا نییە؟ خاتوو (لیزەر) هەموو ئازووخەکەی خۆی بەژمارە و پێوان داناوە، یەک گرام کەم کەن پێی دەزانێ..

– ئەزانم ئەم جۆرە ئەژدەرانە ئەوە ڕەفتاریانە، مەترسە دزی ناکەم.. نەء نیازی دزیم نییە، ئەمجارە بە زەوت کردن پێداویستییەکانمان دابین دەکەم، بەڵێ وەکو جەنگاوەرێکی برسی هەڵدەکوتمە سەر ئەمبارەکانی دوژمن، خواردنەکانیان لێ زەوت دەکەم!.. (ئەلفۆنس) داوەتی کردووم، دەچم و ئەوەی دەبێ لەوێ بیخۆم دەیهێنمەوە و لێرە دەیخۆین، ماڵەکەی ئەمبارێکی گەورەی پڕ لە ئازووخەی جۆراوجۆرە.. نیو سەعات زیاترم پێ ناچێ.

***

(ئەلفۆنس) بەسەرە سوورەکەی و باوەشێکی کراوەوە پێشوازیی لە (گرێبەر) کرد..

– فەرموو (ئەرنەست) فەرموو، ساڵڕۆژی لەدایک بوونمە، چەند برادەرێکی زۆر نزیکم بانگهێشت کردووە.. لە ژوورەوەن.. چاکت کرد هاتیت..

هۆڵەکەی دیوارەکانی بە چەک و جۆرەها کەرەستەی ڕاو و شکار ڕازابۆوە پڕی دووکەڵ و میوان بوو. (گرێبەر) پەلەی بوو، هەر لە ڕاڕەوەکەی دەچووە سەرهۆڵەکە وتی:

– دانانیشم، دەڕۆم.



– دەڕۆیت؟! مانای چی.. شتی وا نییە (ئەرنەست).

– گفتێکم بەر لە داوەتەکەت بەبرادەرێک دا بوو.

– مەچۆ، پاشان داوای لێبوردنی لێ بکە، بڵێ کۆبوونەوەیەکی گرنگم بوو بەتووشەوە، یان بڵێ لەلایەن گستابۆوە بانگ کرام بۆیە دواکەوتم! (بەدەم پێکەنینەوە تەگبیری بۆ دەکرد) وەرە، دوو ئەفسەری گستابۆ میوانمن، با بەیەکتریتان بناسێنم.. گفت..؟ ئاخر گفتی چی؟ وەرە دانیشە، کاتێکیش چوویتەوە بڵێ تووشم بوو بەتووشی پیاوانی گستابۆوە.. درۆ نییە..! (ئەلفونس بڕێ بیری کردەوە ئەمجا وەک چارەیەکی دیبێتەوە وتی) ..ئەی بۆ هاوڕێکەت ناهێنیت؟ داوەتی بکە و بۆ خۆتان کاتێکی خۆشمان لەگەڵدا ببەنە سەر؟

– شتی وا نابێ!

– بۆ نابێ؟ شت نییە بە لامانەوە نەبێ.

(گرێبەر) وا بە چاکی زانی ڕاستییەکەی پێ بڵێت:

– نەمزانی ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونتە، وا هاتم هەندێک خواردەمەنیت لێ داوا بکەم، ناشتوانم ئەوەی گفتم پێ داوە بۆ ئێرە بێنم، خۆ ئەگەر بێتو شتێکی وا بکەم مانای وایە گوێدرێژێکی زلەم.

(بیندیگ) ورتە ورتێکی کرد، ئەمجا وتی:

– تێگەیشتم، دیسانەوە ئەفسانەکەی حەوایە، ئاکامەکەی گەرم بوویت، دەستتم لێت شتبوو.. تێگەیشتم ئەرنەست، ئەمجارەش دەتبەخشم هەر چەندە لێرەیش دەستتەیەک خانمی خانومانی هەڵبژاردەی لێیە.. بۆ سەیرێکیان ناکەیت (هەر لەوێوە دەستتی درێژکرد) ئەوەیان ئیرمایە، بەڵایەکی جوانی بێ وێنەیە.. یان ئەمشەو بۆ لەگەڵ گودرن نابەیتە سەر؟ هەمیشە ئامادەیە پێشوازی لە جەنگاوەران بکات، بۆی باروت و بۆگەنی کەندەکە کەڕوواییەکان هاری دەکات..

– من هار ناکەن.

(ئەلفۆنس) دایە قاقای پێکەنین:

– ئیرماش بۆی قەڵابەندەکانی لێ دێت.. بۆنێکە (سینگمان) دەباتە ئاسمان.. ئەو لاوە تێکسمڕاوەیە لەسەر قەنەفەکە دانیشتووە، من وەکو ئەو نیم، مرۆیەکی ساکارم، حەزم لەو بانووە لەش پڕەیە لەو سووچەوە تەماشامان دەکات، چۆن خانمێکە، بە دڵتە؟

– هەڵاوێردەیە.

– ئەگەر بمێنیتەوە پێشکەشتی دەکەم.

(گرێبەر) سەری بادا:

– ناتوانم.. بەداخەوە.

– تێگەیشتم، وا دیارە هاوڕێکەت لە جۆرێکی جودایە، خەمت نەبێ، دڵ لە دڵیش مەدە، ئەلفۆنسی برادەرت مرۆیەکی دلاوەرە، وەرە با بچینە چێشتخانەکە بزانین چیمان هەیە، لەوێش پێکێک بەبۆنەی لەدایکبوونمەوە هەڵئەدەین.. باشە؟!

خاتوو(کلاینێرت) لە چێشتخانەکە بوو، بە بەرکۆشێکی سپییەوە دەهات و دەچوو، (بیندیگ) وتی:
– شانست هەیە، خواردنەکان بابەتی ساردن، ئارەزووت لە چییە؟ یان چاکتر وایە.. (رووی کردە خاتوو کلاینێرت).. ژەمێکی تێروتەسەلی لەمانە بۆ بپێچەرەوە.. (رووی کردەوە گرێبەر).. وەرە ئەرنەست، با سەرێکیش لە گەنجینەکەم بدەین..
ئەمبارێکی سیخناخ بوو..
– ئێستاش مەسەلەکە بدەیتە دەستت (ئەلفۆنس)ی برادەرت، پەشیمان نابیتەوە، فەرموو ئەمە قوتوویەک شۆربا، گەرم دەکرێتەوە و دەخورێ!.. لە فرانساوە هاتووە، بگرە ئەوە دوو قوتوو.. (گرێبەر دوو قوتووەکەی لێ وەرگرت، ئەلفۆنس هەر خەریکی پشکنین بوو..) بەهێی هۆڵەندی، دوو قوتووی لێ ببە، بەگەرمی یان بەساردی دەخورێ، ئەمەش قوتوویەک گۆشت بەرازی پراگییە.. چیکییە.. (بە پەیژەیەکی گچکەدا هەڵگەڕا..) پارچە پەنیرێکی دانیمارکیش.. قوتویەک کەرەی نایاب، ئەم کەرەیە پاش هەڵپچڕانی قوتووەکە بشمێنێتەوە خراپ نابێ.. گرنگی خواردنی قوتوو لەوەدایە کە خراپ نابن.. پارێزراون، فەرموو ئەمەیش قۆخ.. یان دۆستەکەت ئارەزووی لە تووی فەرەنگییە؟
(گرێبەر) چاوی بڕیبووە قاچە کورتەکانی (ئەلفۆنس)، لە جووتێ جزمەی چەرمی بریقەداری درێژدا بوون، خانەیەکی پڕ لە جۆرەها خواردەمەنیی قوتوو لە نێوانیاندا دیاربوو، ئازووخە نابووتەکەی (ئەلیزابێث)ی هاتەوە یاد، خێرا وەڵامی (بیندینگ)ی دایەوە:
– هەردووکی تووە فەرەنگییەکە و قۆخەکەش.
(ئەلفۆنس) دایە قاقای پێکەنین:
– جوانە.. مافی خۆتە، ئێستا (ئەرنەستەکەی) جارانیت، خەم و پەژارە پیرمان دەکەن، دەمرین.. بەشادی بژین یان بەغەمباری هەر دەبێ بمرین، جا ئیتر تا لە تواناماندابێت بۆ ڕانەبوێرین؟ ئاکامەکەشی ئەدەینە دەست قەشەیەک، ئەو هەمووی جێبەجێ دەکات.. ئەمە دروشمی منە لە ژیاندا.. (لە پەیژەکە دابەزی، چووە لایەکی دی).. ئەمەش غەزنەی دەستکەوتەکانمانە، دوژمنان دەستێکی باڵایان لە مەی خۆشکردندا هەیە.. حەزت لە چییە؟.. ڤۆدگا؟ یان ئارمانیاک..؟ بگرە ئەمە (سیلڤۆڤیتس)ی پێ دەڵێن.. پۆڵۆنییە..
(گرێبەر) بەتەمای خواردنەوەش نەبوو، بەوەی لە ئەمبارەکەی جیرمانیا زەوتی کردبوو قایل بوو، بەشی دەکردن، بەڵام دەستکەوت دەستکەوتە، پیاو لە کوێ چنگی کەوێ دەستتی بۆ درێژ بکات چاکە.. (ئەلفۆنس) وتی:
– شامپێنشم هەیە، بە خۆم حەزی لێناکەم، بەڵام لە دانیشتنی دووقۆڵیی دڵداراندا هیچ بادەیەکی دیکەی ناگاتێ، قاپێکی لێ ببە، پێویستیت پێی دەبێ، (دایەوە قاقای پێکەنین) دەزانیت بەندە چیی بەلاوە پەسەندە؟ (کۆمێڵ).. (کۆمێڵێکی) خۆماڵی کۆن.. قاپێکیش لەو هەڵگرە و بەدەم نۆشینیەوە یادم بکەوە..
(گرێبەر) قاپە مەیەکانی نابووە بن باخەڵیەوە، پێکەوە گەڕانەوە چێشتخانەکە، (بیندینگ) بە



خاتوو(کلاینێرت)ی گوت:
– خواردنەوەکان بەجودا بپێچەوە، کاغەز لەنێوانیاندا دانێ با نەشکێن، پاوەندێکیش قاوەی چاکیان بۆ بپێچەوە، (رووی کردەوە گرێبەر).. ئەمانەت بەسە ئەرنەست؟
– زۆرە، نازانم چۆن بیانبەمەوە؟
(بینندینگ) کەیفی بەوەڵامەکەی (گرێبەر) هات، بەشادمانییەکەوە وتی:
– (ئەلفۆنس) هەموو کارێک بەتێروتەسەلی دەکات.. وا نییە؟.. دەست ناگرێتەوە بەتایبەتی لە ڕۆژی لەدایکبوونیا.. هەمیشە هاوڕێ کۆنەکانی لەیاد ناکات.
بەرامبەر (گرێبەر) وەستابوو، چاوەکانی بریسکەیان دەهات، دەموچاوی هێندەی تر سوور هەڵگەڕابوو، سەرکوڵمەکانی بریقەیان دەهات، گەش و کراوە، هێندەی منداڵێک لانە چۆلەکەیەکی پڕ هێلکەی دیبێتەوە شادبوو، چاوتێری و دەستبڵاوییەکەی (گرێبەر)یان جووڵاند بوو، ئەگەرچی ئەو ڕۆژەشی لە یاد نەدەچوو، کاتێک (هانیی) مارگری وەک جوامێرێکی مەزن ستایش و خزمەت دەکرد.
– قاوەکە بۆ سبەی بەیانیتان.. ئومێدەوارم سوودێکی تەواو لەم یەک شەممەیە وەرگریت، لە سوپاگاکە مەیبە سەر.. ئێستاش وەرە با بەهەندێک لە میوانەکانمت بناسێنم.. (شمیدت) و(هوڤمان) سەر بە دەزگای گستابۆن، ناسینی ئەم جۆرانە شتێکی خراپ نییە، برێ دانیشە لەگەڵمان، پێکێک بۆ تەندروستی و تەمەن درێژیم و ئەم حاڵ و گوزەرانەم هەڵدە.. ئەم ماڵە و چیی تێیدایە و.. (هەر دووچاوی پڕ فرمێسک بوون.. بە خەندەیەکەوە وتی).. بەڕاستی گیانلەبەرێکی بەسۆز و بێ دەستەڵاتین.

***

ئەلیزابێث حەپەسابوو..
– ئەم هەمووە لە کوێ بشارمەوە، خاتوو (لیزەر) پێی بزانێت دەستبەجێ بەتاوانی سەوداکردن لە بازاڕی ڕەشدا تاوانبارم دەکات..
– هەی بەد.. ئەمەم بەبیردا نەهات.. بۆ بەهەندێکی.. ئەوەی پێویستیمان پێیان نییە دەمی چەور نەکەین؟
– پێویستیمان بەهەمووی هەیە؟
لە دڵی خۆیدا لێکی ئەدایەوە..(هەندێکی تا سبەی ئێوارە دەخۆین و دەخۆینەوە).. بەئەلیزابێثی وت:
– گشتیمان پێ ناخورێت، چی لەوە بکەین کە دەمێنێتەوە؟
– لەناو کتێب و جلوبەرگەکانما دەیانشارمەوە.
– ئەی بۆنیان نایەت؟!
– هەموو سپێدەیەک بەر لەوەی بۆ کارەکەم بچم، دەرگای ژوورەکەم بەکلیل قایم دەکەم..
– ئەی ئەگەر ئەویش کلیلێکی دەرگای ژوورەکەتی هەبوو؟

(ئەلیزابێث) چاوەکانی بەبێزارییەکەوە بڕیبە بنمیچەکە، هەناسەیەکی پەستی هەڵکێشا:

- ڕاست ئەکەیت، ئەوەم بەبیردا نەهات.

(گرێبەر) قاپێک مەیی کردەوە:

- دەی، بیری لێ مەکەوە، سبەی پاش نیوەڕۆ تەگبیرێکیان لێ دەکەین.. جارێ تا لە تواناماندایە با بخۆین.. هەر هەمووی دانێ، با مێزەکە وەکو خوانی ئاهەنگێکی لەدایکبوون بڕازێتەوە.. بەڵێ هەمووی دانێ..

- قوتووەکانیش؟

- بۆ جوانی دایاندەنێین، جارێ نایانکەینەوە، با لە پێشان ئەم خواردنە ساردانە بخۆین.. زوو خراپ دەبن، قاپە مەیەکانیان لە نێواندا دادەنێین.. ئەم سامانەمان بەئابڕووی سواڵکردن و دزی دەستکەوتووە..

- ئەوانەی جێرمانیاش دانێم؟

- بەڵێ ئەوانیش.. سامێکی جەرگبڕمان لە پێناویانا تاقی کردەوە..

مێزەکەیان لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕازاندەوە، بابۆڵەکانیان کردەوە، (سیلڤوڤیتش)و کۆنیاک و کومێڵەکەیان هەڵپچڕی، شامپێنەکەیان نەکردەوە.. شامپێن هەرئەوەندەی هەڵپچڕا دەبێ دەمو دەست بخورێتەوە..!

(ئەلیزابێث) وتی:

- ئاهەنگێکی نایابە.. ناوی چی لێ بنێین؟

- هەموو شتێک، کاتی ئەوەمان نییە هەر شتە و ئاهەنگێکی تایبەتیی بۆ بگێڕین.. بەڵام ئەم شەو و ڕۆژەی پێکەوە دەیبەینە سەر دەکەینە تەوەرەی ئەم ئاهەنگەمان..

بەدەوری مێزەکەدا سووڕا، لە(ئەلیزابێث) نزیک بۆوە، باوەشی پیا کرد، هەستی دەکرد پارچەیەکە لە خۆی.. لە بوونی، بەشێکی گەرموگوڕی پڕ لە ئاواز و گەشی و ڕوح سووکیی بوونیەتی، بەشێکی بێ ڕابووردووە.. بەشێکی خاوێن و بێگەردی هەستەکانیەتی.. دوورە لە تاوان، لە گوناە و خراپەکاری..

(ئەلیزابێث) سەری نابووە سەر شانی (گرێبەر) پرسیاری کرد:

- بەزۆری نازانیت ئەم هەموو خواردنە بەژەمێک دانێین؟

- بیری لێ مەکەوە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە پێکەوەین، دەبێ شاد بین..

(ئەلیزابێث) چی لە کاسەکەیدا بوو نۆشی:

- هاتوومەتە سەر باوەڕێک ئەگەر بێتو لێمان گەڕێن دەتوانین سەرلەنوێ.. لە سەرەتاوە ژیانمان بنیات بنێینەوە.

- ئەوەتا، با لەم سەرەتا چاکەوە دەستت پێبکەینەوە..

***

پەنجەرەکە کرابۆوە، دەینواڕییە سەر وێرانەی خانوویەک، شووشەی پەنجەرەکانی ڕیزە خانووەکانی ماڵی



ئەلیزابێثیان لە نێواندا بوو نەمابوو، (ئەلیزابێث) جێی شووشە شکاوەکانی پەنجەرەکەی بەمقەبای ڕەش گرتبوو.. پەردەیەکی نەرموشلی ڕەنگینیشی بەپەنجەرەکەدا دادابۆوە.

بەدەم سروەیەکی هێمنەوە، شل شل دەشەکایەوە، دۆخێکی ناسکی بەژوورەکە دابوو، چراکەیان کوژاندبۆوە، جارجارێک ورتەورت و تەپەی پێی ڕێبوارانیان لە شەقامەکەوە دەهاتە گوێ.. دەنگی ڕادیۆیەک تاوتاوێک بەرز دەبۆوە، دەرگایەک توند داخرا، یەکێک لە ناکاودا کەوتە کۆخین، پەنجەرەی یەکێک لە ماڵەکان بەتوندی داخرا.. چپەی خەواڵووی (ئەلیزابێث)ی بەگوێ داهات:

- شارەکە خەو دەیباتەوە.. منیش مەستم!

ڕاکشابوون، مێزەکەیان لە خۆیان نزیک کردبۆوە، هیچیان لەسەر لانەدابوو، نەوەکو برسییان بێتەوە.. گشت خواردنەکانیان ئامادە لەبەر دەستتدا بوو.. (ڤۆدگا)کەیان خواردبۆوە، لە کۆنیاکەکەشیان نۆشیبوو، قاپەکەیان لە تەنیشت چەرپاکەیانەوە دانابوو، (شامپێنیە)کەیش لەناو دەستشۆرگەی چێشتخانەکە دەزوولەیەک ئاویان بۆ ساردکردنەوەی بەسەردا بەردابۆوە..

(گرێبەر) پەرداخەکەی نایە سەر مێزەکە، پاڵی دایەوە، هەردوو چاوی قوچاند، هەستی دەکرد گەڕاوەتەوە وادیەکی دێرینی بەر لە جەنگ، لە شارۆچکەیەکی خنجیلانەیە، خوڕەی ئاوی لە کوڵکوڵەیەکی دێتە گوێ.. هەنگێک ڕێی بزر کردووە، ویزەی دێ.. گریەی ساوایەک بەدەم ئاوازی کەمانچەیەکەوە دەهات.. زۆر بەئاسانی کەوتبووە بەر تەوژمی نەرمی ئەو خەیاڵانە، زۆری لەخۆی نەدەکرد.. ئاسوودەگییەکی خەواڵوو تێکەڵ بەخوێنی دەبوو، نەرم نەرم هزر و هۆشی ڕادەژان.. شنەیەکی بەسۆز بوو، باوەشی بەبوونیا دەکرد، ئاخاوتنەکەی (بۆلمان)ی هاتەوە یاد، هەستی کرد دەمێکە نەیدیوە.. بیری کردەوە.. (هەستێکی نامۆیە باوەش بەهەموو بوونی مرۆڤدا دەکات، کاتێ دوا ترووسکەی ئومێدەکانی لە ژیاندا دەکوژێتەوە و دەست لە هەموو شتێک دەشوات.. لە ناکاودا بەبێ ئەوەی بەتەما بێ هەموو خواست و ئارەزووەکانی گەش و ئاسان ببووژێنەوە..! لەوانەیە واش نەبێ، یاساکە خۆی وابێ! مرۆڤ چەند خۆی بەکارێکەوە ماندوو بکات، ئەوەندە ئەنجامەکەی لێ عاسی ببێت.. نەگاتە هیچ، کاتێکیش بێ باکانە بیداتە بەر، زۆر بەئاسانی بەبێ هیچ گرفت و تەگەرەیەک بگاتە ئەنجام..).

ڕووناکاییەک ناو پەنجەرەکەی گرتەوە.. نەما..! جارێکی دی پەیدا بۆوە.. چەسپ بوو.

- تیشکی.. مانگە؟

- تیشکی مانگ هێندە ڕۆشن و سپی نییە.

دەنگە دەنگێکیان لە شەقامەکەوە هاتە گوێ، (ئەلیزابێث) ڕاست بۆوە، پێی نایە جووتێ سۆلەوە، خۆی گەیاندە پەنجەرەکە، لەوێوە تەماشای دەرەوەی کرد.. هیچی نەپۆشیبوو، ڕووت و قەشەنگ، باوەڕی بەجوانی خۆی هەبوو، بۆیە لە کۆتەکانی شەرم و تەرییق بوونەوە قوتار ببوو.. وتی:

- پیاوانی بەرگری شارستانین، لە کەلاوەکەی ئەوبەرمانەوەن، پرۆجەکتەرێکیان هەڵکردووە و خەریکی پاچ و خاکەنازکارین.

- دەبێ هێڵی ئەلەکتریکەکە ببەستنەوە.

– لەوانەیە، بەهەڵکەندنەوە خەریکن (گەڕایەوە لای گرێبەر) ٠٠ زۆر جار ئاوات بەوەوە دەخوازم بەسەر وێرانە و خۆڵەمێشی ئەم ماڵەما بێمەوە، ئاگری تێبەر بووبێ، بەهەموو کەلوپەل و جلوبەرگ و یادگارەکانەوە بسووتێ٠٠ هەموو شتێک٠٠ لێم تێ ئەگەیت؟

– بەڵێ.

– مەبەستم یادی باوکم نییە، بەڵکو هەموو ئەو بیرەوەری و ڕابووردووەی پەیوەندیی بەم نەهامەتی و ڕق و کینەیەی ئێستاوە هەیە.. ئەگەر ئەم خانووە بسووتێ هەموو ئەوانە دەبنە خۆڵەمێش، بەبادا دەچن، لێیان قورتار دەبم.. ئەوسا دەتوانم بەئاسانی ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەمەوە.

(گرێبەر) لێی ورد دەبۆوە، سەرشانە خڕە ڕووتەکانی بریقەیان دەهات، ژاوەژاوەکەی دەرەوە هەر بەردەوام بوو.

– شامپێنەکە بێنە.

– ئەوەی جێرمانیا.

– بەڵێ٠٠ بەر لەوەی بە بادا بچێ با بیخۆینەوە، ئەوەی (بیندینگ) بخە جێیێ، کەس نازانێ کەی بۆمبباران دەکرێینەوە، ئەم جۆرە خواردنەوانەش پڕ گازی کاربۆنن، بەلاوازترین پاڵەپەستۆ دەتەقنەوە، گلدانەوەیان باش نییە، نیمچە بۆمبایەکن!.. پەرداخی شامپێن خواردنەوەمان هەیە٠٠

– هی ئاو خواردنەوە دەستت نادات؟

– با.. لە پاریس هەر بە پەرداخی ئاو خواردنەوە شامپێنمان دەخواردەوە.

– پاریست دیوە؟

– بەڵێ٠٠ سەرەتای جەنگ بوو کە چووم.

(ئەلیزابێث) پەرداخەکانی ئامادە کرد، لە تەنیشت (گرێبەر)ەوە دانیشت.

تەپەدۆرەکەی بەوچان دەرهێنا، شامپێنەکە هەڵچوو.

– چەند لە پاریس مایتەوە؟

– سێ چوار هەفتەیەک.

– پاریسییەکان ڕقیان لێمانە؟

– نازانم، ئەو دەمە ئەم شتانەمان لێک نەئەدایەوە، ئامادە نەبووین هەست بەهەستی کەسانی دیکە بکەین، باوەڕمان بەو شتانەی خنرابوونە کەللەمانەوە پتەو بوو، دەمانویست بەزووترین کات لە جەنگ ببینەوە، تا لە قاوەخانە و ڕیستۆرانەکانی سەر شۆستەی شەقامەکانی پاریس دانیشین، لە بەر خۆری پاریسدا بحەسێینەوە و ڕابوێرین.. ئەو بادە و مەیانەی تامان نەکردبوون بەئارەزووی دڵ بنۆشین٠٠ لاو بووین.

– لاو بوون!؟.. وەک ڕابوردوویەکی هێجگار دێرین بگێڕیتەوە، وا ئەدوێیت!

– وا هەست دەکەم.

– ئەی ئێستا لاو نیت؟



– با، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە.

(ئەلیزابێث) پەرداخەکەی بڵندکردەوە.. ڕووناکیی پروجەکتەرەکە دزەی کردبووە ژوورەکە، بە دیوارەکانەوە دەشکایەوە، پەرداخەکەی بادا٠٠ مەیەکەی شڵەقاند، بەهەزاران بڵقی ورد لەبن پەرداخەکەوە هەڵچوون٠٠ سەردەکەوتن و دەتەقینەوە٠٠

(گرێبەر)یش چاوی لە جەستەی ڕووتی (ئەلیزابێث) نەئەترووکاند، چاوی لە نێوان سەر شانە خڕوپڕەکانی و تەنگەی سفت و ڕێکیا دەگێڕا، بیری دەکردەوە٠٠(هیچ بەربەستێک نییە ڕێ لە دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێی لێ بگرێ.. کەس زۆری لێ ناکات خۆی لەم ژوورە قەتیس بکات، بگرە دەتوانێ کارگەکە و شارەکەش بۆ خاتوو «لیزەر» بەجێ بهێڵێ٠٠ ئەلیزابێث سەر بەم ژیانە نییە، لە جیهانێکی دیکەیە، هیچ پەیوەندییەکی بەئێرەوە نییە، پەیوەندیی بەبوون و ژیانێکی تەڕوپاراو هەیە، پەیوەندیی بەخەم و لێکدانەوەی بێ ئاکام نییە، (ئەلیزابێث) پەیوەستی قوڵپی گەرم و تەوژمی کوێرانەی خوێنە، ئەو خوێنە گەرم و گوڕەی بەگیانیا دەگەڕێ٠٠ پەیوەندیی بەم گوزەرانە سەرلێشێواوەوە هەیە کە کەس سەری لێ دەرناکات!٠٠ پەیوەندیی بەو ژاوەژاوەی دەرەوە هەیە٠٠! ئەلیزابێث بۆ ژیانە سەر بە ژیانە.. بگرە پەیوەندیشی بەو مردووانەشەوە هەیە کە لە ژێر دار و پەردووی وێرانەکەی ئەو بەرەوەن٠٠ بەڵام بەهیچ شێوەیەک پەیوەندیی نە بەرێکەوت و نە بەئەم بزربوون و نابووتییەوە هەیە٠٠ نەء، ئێستا سەربەمانە نییە٠٠ کوێرانە پەیڕەوی یاسایەک دەکات لێی حاڵی نییە..

(ئەلیزابێث) وتی:

– خۆزگە پێکەوە لە پاریس بووینایە..

– بریا پاش جەنگ بمتوانیبایە بۆ ئەوێت ببەم.

– جا ڕێمان ئەدەن؟!

– لەوانەیە.. هیچ زیانێکی ئەوتۆمان لە پاریس نەدا..

– ئەی ناوچەکانی دیکەی فرانسا.

– وەکو وڵاتەکانی دیکەیان بەسەر نەهات.. زوو خۆیان دا بەدەستەوە، شتێکی ئەوتۆیان بەسەر نەهات.

– ئاخۆ هیچ شوێنێک مابێ چنگی ئەم جەنگەی پێ نەگەیشتبێ؟ شوێنێک بێ، دوور لە جەنگ٠٠ بەبێ گیروگرفت بۆی بچین؟

– بە دەگمەن٠٠ قاپەکە هیچی تیا ماوە بیخۆینەوە؟

– ماوە.. کوێی دی چوویت؟

– ئەفریقیا؟

– ئەفریقیاش؟! گەلی شوێن چوویت.

– بەڵێ، بەڵام بەو شێوەیە نا، کە ئارەزووم لێی بوو.

(ئەلیزابێث) پەرداخەکانی پڕ کردەوە،(گرێبەر) لە دەستومەچەک و پەنجەکانی ورد دەبۆوە، هەموو

شتێکی وەکو خەون دەهاتە بەرچاو٠٠ کاری مەیەکە نەبوو٠٠ ئاخاوتنێکی بێ مانا و پووچیان لە نێواندا بوو..! ئەوەی مانای هەبوو بەبێ وشە دەریان دەبڕی، هەستێک بوو، بەوشە دەرنەئەبڕا، شتێک بوو وەکو ڕووبارێکی بناوان بزر، لە پڕ هەڵدەقولا، هەڵدەچوو دەهات، لە پڕێکیشدا دادەمرکایەوە و بزردەبۆوە٠٠ وشەکانیان کەشتییەک بوو، خۆیانیان لەو ڕووبارە پێ ئەدا٠٠

– کوێی تر چوویت؟!

– بایەوان(٢) ؟! لە کوێ بوو.. لە کوێ؟.. کەشتییە بایەواندارەکان لە کوێ بوون؟ بەسەر کام چەم و کام ڕووبارەوە دەهاتن و دەچوون؟! بەڵێ، بەڵێ.. هۆڵاندا، ئەوێش لە سەرەتای جەنگدا بوو چووم٠٠ کەشتییەکان بەبایەوانە ڕەنگاو ڕەنگەکانیانەوە وەک بەسەر زەمیندا بخلیسکێنەوە، بەسەر ڕووبار و کەناڵەکان بەخامۆشی دەهاتن و دەچوون، وەک پەپوولەی نێو مێرگەکان، کاتی زەردەپەڕ خۆیان ئەدا بەدەم شنەی شەماڵەوە٠٠

– هۆڵاندا٠٠ ئەوێ، لەوانەیە پاش جەنگ بتوانین بچینە ئەوێ، تێر کاکاو و پەنیر و نانی سپی بخۆین.. ئێوارانیش بنواڕینە ئەو کەشتی و بەلەمە دڵڕفێنانە٠٠

ماتییەک (گرێبەر)ی گرت٠٠ لە دڵی خۆیدا دەیگووت٠٠(خواردن٠٠ بۆ دەبێ خواردن لە جەنگدا هێمای ئارام و شادومانی بێ٠٠؟).. گوێی لە ئەلیزابێث بوو دەیگوت:

– یان ڕێی ئەوێشمان لێ گیراوە؟

– زۆر بەغافڵگیری پەلامارمان دان٠٠ خراپ دەستتمان لێ وەشاندن٠٠ (ڕۆتردام)مان تەخت و خاپوور کرد٠٠ بەردی بەسەر بەردەوە نەما٠٠ بەچاوی خۆم ئەو شارەم دی چی بەسەر هات، کەلاوەیەکی پان و بەرین بوو٠٠ سێ هەزار مرۆڤی بێ تاوانمان کوشت.. نەء باوەڕ ناکەم ڕێمان بدەن بچین٠٠

پەستییەک ڕوخساری (ئەلیزابێث)ی گرتەوە، لە ناکاودا دەستتی بلند کردەوە، تا هێزی تیابوو پەرداخەکەی بەزەمینەکەدا دا، وردوخاشی کرد:

– هەموو دەرگایەکمان لێ داخراوە٠٠ هەتا ماوین دەبێ خەو بەو وڵاتانەوە ببینین، کەس دەرگامان لێ ناکاتەوە! دیلین، لە زیندانێکی دابڕاوی نفریتدا حەشار دراوین٠٠

(گرێبەر) خێرا ڕاستبۆوە، چاوەکانی (ئەلیزابێث) لە ئاست تۆزاڵە ڕووناکییەکەی دزەی کردبۆوە ژوورەکە دەبریسکانەوە، لە توێی تەنکی شووشەیەکی خۆڵەمێشی دەچوون، هەر لە ژوور شانوملی (ئەلیزابێث)ەوە چاوی بەناو فەرشی ژوورەکەدا گێڕا، شووشەی شکاو بەهەموو لایەکدا پرشوبڵاو بووبۆوە..

– دەبێ چراکە بۆ گردکردنەوەی ئەم وردە شووشەیە هەڵکەین، بەر لە هەموو شتێک با پەنجەرەکە داخەین..

(ئەلیزابێث) چراکەی داگیرساند، کراسێکی بەبەر سینگیەوە گرتبوو، ڕووناکی شەرمی تێدا زیندوو کردبۆوە.

– تەماشام مەکە٠٠ نازانم چیبوو بەسەرما هات؟ قەت شتی وام لێ نەوەشاوەتەوە!



– وا وەشایەوە.. ناهەقت ناگرم، بەئارەزووی خۆت چی بەدەستتەوە دێ وردوخاشی بکە٠٠ ئێرە جێی تۆ نییە.

– خۆزگە دەمزانی شوێنی من کوێیە؟

بەدەم پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– سێرکە.. سێرکێکە یان تەلارێکی بێ وێنەی بەرز و قەشەنگە٠٠ یا دەوارێکی چۆڵەوانی کۆچەرانە؟.. نازانم، ئەوەی من لێی دڵنیام تەنها ئەوەیە کە ئەم ژوورە جێی تۆ نییە، هەر لە یەکەم جارەوە کە تۆم ناسی، زانیم کە تەنها و بێ دەستەڵاتیت، پێویستیت بەکۆمەک و توانای یەکێکی دڵسۆز هەیە..

– بەڵێ وایە.

– هەموو پێویستیمان بەپشتیوانێکی دڵسۆز هەیە..

(گرێبەر) ڕۆژنامە کۆنێکی دییەوە، کردی بەدوو پارچەوە، پارچەیەکی فڕێ دایە سەر زەوییەکە بە پارچەکەی دی شووشە شکاوەکەی لەسەر کۆکردەوە، چاوی بەمانشێتێکی سەرەکی کەوت٠٠(گرد کردنەوەی هێڵەکانمان بەردەوامە–٠٠ کوشتارێکی قورس و گەورە دەوروبەری ـ ئۆریل ـ ی[٣] گرتۆتەوە) ڕۆژنامەکەی بە وردە شووشەکەوە تۆپەڵ کرد و هاوێشتیە سەبەتەیەکی خۆڵەوە.. هەستی کرد ڕووناکاییەکە ژوورەکەی گەرم داهێناوە، ژاوە ژاوەکەی دەرەوە بەردەوام بوو.. لە دیارییەکانی (بیندینگ) ورد بۆوە٠٠ زرموکوتی کرێکارەکانی دەرەوە خێراتربوو٠٠ بیری کردەوە.. (..پیاو لە توانایدایە لە یەک کاتدا بیر لە کۆمەڵێک شتی جیاواز بکاتەوە!..).

ئەلیزابێث وتی:

– دیمەنی ئەم خواردەمەنییانە خەریکە تێکم ئەدەن، خۆزگە لامان ئەدان٠٠

– بۆ کوێیان لادەین؟

– چێشتخانەکە، تا سبەی ئێوارەمان لە بەرە.. ئەوسا چیمان لێ مایەوە دەیشارمەوە.

– هەتا سبەی ئێوارە شتێکی ئەوتۆیان لێ نامێنێتەوە، بەڵام پێم بڵێ، ئەگەر خاتوو (لیزەر) زوو هاتەوە چی بکەین؟

– ئەگەر زوو هاتەوە مانای وایە زوو هاتۆتەوە..! (گرێبەر بەسەرسوڕماندنێکەوە نواڕییە ئەلیزابێث).. سەرت نەسوڕمێ، خۆشم سەرم لە خۆم سوڕماوە! هەست دەکەم ڕۆژ لەدووی ڕۆژ پتر دەگۆڕێم.

– بلێ چرکە لە دووی چرکە.

– ئەی تۆ؟

– منیش.

– جا ئەمە باشە؟

– بەڵێ، خۆ ئەگەر نەشگۆڕێین گرنگ نییە.

– بێباکین، هیچمان بەخەیاڵدا نایەت٠٠! ئەی وا نییە؟

– وایە.

(ئەلیزابێث) چراکەی کوژاندەوە:

– ئێستاش دەتوانین پەنجەرەکان بکەینەوە.

شنەیەکی نەرم پەردەکەی لەراندەوە، (ئەلیزابێث) پەنجەی بۆ دەرەوە ڕاکێشا:

– ئەوەتا.. ئەوە مانگە.

لە ژوور خانووە وێرانەکەی ئەوبەریانەوە سوور بەئاسمانەوە هەڵواسرابوو..! لە کەللەی ئەژدەرێکی ئاگرینی برسی دەچوو.. (گرێبەر) دوو پەرداخی تا نیوە پڕ کۆنیاکی کرد:

– ئەمجا نۆرەی کۆنیاکە.. مەی و تاریکییان نەوتووە..

مانگ بەدەم بڵندبوونیەوە، ڕوونتر دەبۆوە و گەشتری دەنواند.. ورشەیەکی زیوینی لێ دەهات..

نەیانزانی چەندێکە وا بەخامۆشی ڕاکشاون.. (ئەلیزابێث) کەوتەوە پرسیار:

– ئاخۆ ئێمەش بەشاد بژمێردرێین؟

– شادین، لە هەمان کاتدا ناشادیشین، دەبێ هەست بە هەردوو دیوەکەی ژیان بکەین.. تەنها مانگا هەست بەشادمانییەکی ڕووت دەکات.. لەوانەیە ئەویش وانەبێ.. مەگەر بەرد..!

(ئەلیزابێث) هەردوو چاوی تەسک کردەوە.. بەدەم خەنینەوە وتی:

– ئەمەیش گرنگ نییە.. وانییە؟

– نەء.

– ئەی چی گرنگە؟

(گرێبەر) چاوی بەناو ژوورەکەدا گێڕا، لە پەنجەرە کراوەکەوە نواڕییە مانگ، ڕەنگی گۆڕیبوو..! ورشەیەکی زێڕینی ساردی لێ دەهات..! هێدی هێدی ناو ژوورەکەی دەگرتەوە.. وتی:

– ئەوەی ئێستا گرنگە ئەوەیە کە دەژین.. هێشتا لە ژیانداین.

---

١– کەرەی مەرگرین: جۆرێک کەرەیە لە پاشماوە پتروکیمیاوییەکان دروست دەکرێ.

٢– بایەوان: شراع (بەلەمە بایەواندارەکان – زوارق شراعیة).

٣– ئۆریل: دەکەوێتە ڕۆژئاوای مۆسکۆ، لەشکرەکانی ئەڵمانیای نازی دووەمین شکستی گەورەیان پاش تێکشانەکەی ستالینگراد لە دەوروبەری ئەم شارە هێنا.



## 16

لەگەڵ سپیدەی بەیانی ڕۆژی یەک شەممە، خۆی گەیاندە شەقامی (هاکن)..

بەحەپەساوی، بەدیار شوێنەوارەکەیماڵی باوکییەوە وەستا.. لە گەلێ لاوە خاوێن کرابۆوە، چڵوچێوەکەیان لەلایەکەوە گرد کردبۆوە، بانیۆی حەمامەکە و داروتەختەکەی بەپاشماوەی پلیکانەکەوە بوون نەمابوون.

ڕاڕەوێکیان خۆش کردبوو، لە تەنیشت شوورە داڕووخاوەکەوە درێژ دەبۆوە، لە حەوشەکە ڕەت دەبوو دەچووە سەر پاشماوەی نهۆمەکانی خوارەوە.. گرتیە بەر و لەبەر دەرکی نیمچە ژوورێکی داڕووخاودا گیرسایەوە.. برێ لە کونەکە وردبۆوە، ئەمجا خۆی پیاکرد.. تاریک بوو، چیلکە شقارتەیەکی داگیرساند.. لە پڕ نەڕەیەکی لە دەرکی کونەکەوە هاتە گوێ!

– ئەوە چی دەکەیت؟! وەرە دەرەوە دەی.

ئاوڕی دایەوە، کەسی بەدی نەکرد، هاتەوە دەرەوە، پیاوێک جووتێ دارشەقی لەبن دەستتدا بوو، دەرکی کونەکەی لێ گرتبوو.. کەم ئەندامێک بوو، پانتۆڵێکی شارستێنی لەپێدابوو، پاڵتۆیەکی سەربازیشی کردبوو بەسەرا:

– چیت دەوێ زەلام؟

– ماڵی خۆمە، تۆ چیت دەوێت؟

– ماڵی منە، لە من زیاتر کەسێکی دیکە خاوەنی نییە.. لە دووی چی دەگەڕێی؟ بۆ دزی هاتوویت؟

(گرێبەر) پەست بوو:

– بیبڕەوە کابرا (چاوی بڕیبووە پاڵتۆ سەربازییەکەی و دارشەقەکانی..) تا ئەم کەلاوەیە خانوو بوو ماڵی ئێمە بوو، تا ئەو کاتەش ڕووخا دایک و باوکم لێرە دەژیان.

– هەموو کەسێک دەتوانی ئەمە بڵێت..

(گرێبەر) لە وزەیا نەما، هەردوو دەستتی درێژ کرد، پیاوەکەی بە هەردوو دارشەقەکەی بن هەنگڵییەوە هەڵبڕی و لە سەر ڕۆخی ڕاڕەوەکە داینا.. ویستی دوورکەوێتەوە، ژنێک ڕێگەی پێ گرت، منداڵێکی بەباوەشەوە بوو، شپرزە ڕووەو ئەم دەهات، پیاوێکی تەور بەدەستتشی لەدواوە بوو، ژنەکەی لای چڵوچێوە کۆمەڵ کراوەکەی لێ گرت، کابرای تەور بەدەستیش لاکەی دیی، لەگەڵ کەم ئەندامەکە گەمارۆیان دا..!

تەور بەدەستەکە پرسیاری لە پیاوە کۆڵەکە کرد:

– چییە؟ چی ڕووی داوە؟

– ئەم زەلامەم لە ژوورەوە گرت، دەڵێت گوایە ئێرە ماڵی باوکێتی.

(بە خەندەیەکی ڕقاوییەوە ڕووی کردە گرێبەر):

– چیدی؟؟

– هەر ئەوەیە کە گوتم.. ماڵی باوکمە.

– بێ لەوە هیچی دیکەت بەبیردا نەهاتووە؟ (تەورەکەی ڕادەوەشاند، بەدەم دەنگ بەرزکردنەوە تەورەکەشی بڵند دەکردەوە).. تا سێ دەژمێرم، ئەگەر بێت و لەبەرچاوم لانەچیت بەم تەورە چارەت دەکەم٠٠ دەی، یەک.. د

(گرێبەر) لەلاوە بازێکی بۆ دا و تا هێزی تیابوو مشتێکی دا بەناو دەمیا، پیاوەکەی دا بەئەرزا و تەورەکەی لە دەستت سەند:

– ئێستا بارەکە تەواوە، جا ئەگەر بەدڵشت نییە فەرموو پڕ بەدەنگت هاوارکە، پۆلیسمان لێ گرد بکەوە٠٠چییە لەوە ناچێ گردبوونەوەی پۆلیست بەدڵ بێت؟

پیاوەکە قورس هەستایەوە سەر پێی، دەمو لووتی پڕ خوێن ببوون، (گرێبەر) هەڕەشەی لێکرد:

– هەوڵی هیچ نەدەیت ها٠٠ با ئەمەت بەس بێ.. مەشقی تەواوم لەم جۆرە زۆرانبازیانە کردووە، چاکتریش وایە حاڵیم بکەن بۆچی لێرەن؟

ژنەکەی لێ هاتە پێشەوە:

– تاوانە ئەگەر پەنا بەرینە ئەو کونە و تیادا بژین؟

– ئەی تاوانە ماڵی باوکم بێ؟

کەم ئەندامەکە وتی:

– بۆ بەڕاستت بوو؟

– ئەی چی، گوایە یەکێکی وەک ئێوە چیی هەیە شایستەی دزی بێت؟

– نامەیەک لەناو داروپەردووەکەدا بوو.. هی تۆ بوو؟

– بەڵێ.

– کەواتە باسەکە شتێکی دییە.. برای بەڕێز دەبێ ئەوە بزانیت کە کەوتووینە ڕۆژێکەوە کەس باوەڕی بەکەس نەماوە، ئێمەش ماڵ وێران و دەربەدەرین، بۆیە پەنامان هێناوەتە ئێرە٠٠ خۆ دەبێ مرۆڤ پەنایەکی هەبێ گردی بکاتەوە.

– بەخۆتان خاوێنتان کردەوە؟

– بەڵێ، هەندێکی بەخۆمان، هەندێکیشی یاریدەیان داین.

– کێ یاریدەی دان؟

– ناسیاو و برادەران.. پاچ و خاکەنازیان هەبوو.

– هیچ کەسێکتان لە ژێر هەرەسەکە نەدییەوە؟

– نەء ..

– بەڕاست؟

– درۆ ناکەم، ئێمە هیچمان نەدییەوە، جا نازانم ئەگەر بەر لە ئێمە کەسێکیان دیبێتەوە٠٠ نەخێر ئێمە کەسمان نەدییەوە.

– منیش ئەوەم گەرەکە.



ژنەکە هەڵی دایێ:

– جا ئەوەی دەهێنا کەپووی زەلامێکی بۆ بشکێنیت؟

– مێردتە؟

– ئەوە پەیوەندیی بەتۆوە نییە، برامە و خوێنی ڕژاوە..!

– کوا هیچ شتێکی ئەوتۆی بەسەر نەهاتووە، هەر کەپوویەتی نەختێ خوێنی لێهاتووە.

– دەم و ددانیشی شکاوە.

– خانم.. وا فێر نەبوومە، چاوەڕوان بم تا بەرامبەرەکەم دەستتم لێ بوەشێنێت، بۆ ئەوەی بزانم بەڕاستیتی یان نەء (تەماشایەکی تەوەرەکەی دەستتی کرد، ئەمجا بەچی هێزی هەبوو، بۆ دوور فڕێی دا.. هەموو چاویان بڕیبووە تەورەکە، منداڵەکە تەکانێکی دا بچێ هەڵیگرێتەوە، دایکی ڕایکێشایە دواوە..).

(گرێبەر) چاوێکی بە کەلاوەکەدا گێڕایەوە، بانیۆکە لەتەک چلوچێوەکە دانرا بوو.. لە دڵی خۆیدا گوتی.. (دەبێ دار و تەختەی پلیکانەکەشیان بۆ خۆ گەرم کردنەوە سووتاندبێ..!) هەنێ قوتووی خواردەمەنی بەتاڵ و گەلێ شووشەی شکاو و والا شڕی لەناو چلو چێوەکەدا بەدی کرد، سندووقێکی گەورەی شکاوشی لێ بوو، دیاربوو ئەوەی پێویست بووە و بەکەڵکیان هاتووە گلیان دابۆوە.. ئیتر چییان لە تواناد‌ا بووە کردبوویان، ئەو کونەیان بەلاوە وەک پەخەشێکی خودایی چاوەڕوان نەکراو دەستکەوتووە.. گەزۆیە و لێیان باریوە! نە تاریکی، نە تەنگەبەری و خۆڵ و تۆزەکە، هیچیان بەلاوە گرنگ نەبوو، ئەوەی ئەمڕۆ گرنگە بنمیچێکە ژیانی لە ژێردا ببەنە سەر، منداڵەکە تێروتەسەڵ و بزێو بوو.. تەندروستیی چاک بوو..

بەو شێوەیە ئەو خێزانە بەسەر مەرگ و وێرانکارییا زاڵ ببوون، ئەو کەلاوە وێرانەیان بەسروەیەک ژیان ئاوەدان کردبووەوە.

(گرێبەر) وتی:

– ئیشێکی باشتان تێدا کردووە.

– بۆ ئەوەی بنمیچێکمان بەسەرەوە بێت دەبێ گورج و چالاک بین٠٠

پرسیاری لێ کردنەوە:

– ئەرێ پشیلەیەکتان لەم دەوروبەرە نەدیوە؟ پشیلەیەکی ڕەشی پەل سپییە؟

منداڵەکە بەیاخی بوونێکەوە وەڵامی دایەوە:

– ئەوە(ڕۆزا) دەڵێ.. پشیلەی خۆمانە!

ژنەکەش بەسەرتوندییەکەوە وتی:

– نەء، هیچ جۆرە پشیلەیەکمان نەدیوە.

پشتی تێکردن، بەتەپۆڵکە چلوچێوەکەدا هەڵگەڕا، بەو دیویا بەرەو خوار بۆوە، بیری دەکردەوە٠٠ (بەتەنها خاوێنیان نەکردۆتەوە، دەبێ تیپە کۆمەککەرەکان یاریدەیان دابن، زۆر جار دیلەکانی

جەنگیش.. ئەم کارانەیان بەشەو بەسوخرەگیری پێدەکەن.

دوور کەوتبۆوە، دیسانەوە کەوتبووە داوەکانی خەمەوە، هەستی دەکرد نابووت و وێرانە.. گەیشتە شەقامێک، دەستی وێرانکاری پێ نەگەیبوو، بەهۆشێکی پڕشوبڵاوەوە هەنگاوی دەنا، لە پڕێکا داچڵەکی..! تەزوویەکی سارد بە گیانیا گەڕا، بووە سامێکی قورس و لەدڵیا گردبۆوە.. چاوی بەیەکێک کەوت، بەڕوخسارێکی شپرزە و شێواوە وە جووتێ چاوی ماندووی بەقووڵاچووی تێبڕیوە، ڕووەو ئەم دەهات.. تا لێی نزیک نەبۆوە نەیناسی..

خۆی بوو!

وێنەی خۆی بوو لە ئاوێنەیەکی درێژکۆڵەی بەر قاپیی بەرگ دروویەکدا شکابۆوە..

هەڵوێستێکی ناوازە بوو، هەستی دەکرد خۆی نییە.. نەء خۆی بوو، بەخوێن و ئێسک و پروسکی ناو دەروونیەوە تێی دەڕوانی..! هەستی کرد یادگارێکە ئەگەر بێت و هەنگاوێکی دی بنێ شی دەبێتەوە و نامێنێ..

لەبەردەم ئاوێنەکەدا سڕ وەستا، لەو وێنە کرچوکاڵەی خۆی ورد دەبۆوە، سێبەرێکی ڕەش و تاریک هەردوو چاڵی چاوی گرتبۆوە.. چاوی نەبوو..! هەروەک لە ئەزەڵدا چاوی نەبووبێ.. نەبوون! سامێکی تەزی جەستەی مەیاند، ڕەگی بەناخیا داکوتا، سامێکی شپرزە و هەڵەشە نەبوو! زەبرێکی خامۆش و بێ ڕەنگە .. هێمن و مت دەهات، نەدەبینرا، نە قەوارەی هەبوو نە شێوە! نەدەگیرا، وا دەهات بەجارێک داگیری بکات..! لە هەموو سنوورەکانی بوون و دەستەڵاتیەوە دەهات و گەمارۆی ئەدا.. لە ترومپایەکی ناهەموارەوە هەڵدەقولا، کپ، بەبێ وچان کاری دەکرد، خوێنی و مەغزی جەستەی دەمژی، لە ڕەگ و ئێسکەوە هەڵی دەمژێ و جێگەیانی پڕ سام و ترس دەکردەوە..

هەر دەینواڕییە خۆی و بیری دەکردەوە.. (تارماییەکی تەڵخ و لەرزۆکم، ئەم سنوورە لاوازەی بوونمی تێدا داڕێژراوە، دەبێ نەمێنێ، دەبێ بتوێتەوە، بچێتە گەرووی ترومپا سامناکەکەوە، ئەم شێوە کاتییەی بۆ ماوەیەک ناوی (گرێبەرە) نەمێنێ.. لەو دەریالووشە بێ کەنارەی کە تەنها مەرگ نییە.. بگرە لە مەرگ بەرینترە و هەموو مانا ستەمەکانی کۆتایی تێدایە، کۆتایی بەماناکانی -خۆم و من- بێت، ئەم گەردیلانەی بوونمیان پێکهێناوە لە یەک بترازێن، لە بۆشاییەکانی گەردوونا تەفروتوونا بن..!

ئاوێنەکەی هەر بەر نەئەدا.. نەدەجووڵا، بیری دەکردەوە.. (چی دەمێنێ؟ پاش نەمانم چیم لێ جێدەمێنێ؟ مەگەر یادگاری ڕوخسارێک لە بیری چەند کەسێکدا.. دایک و باوکم ئەگەر مابن.. هاوڕێکانم، ئەوانیش یەک دووانێکیان.. لەوانەیە بۆ بوارێکیش لە یادی (ئەلیزابێث)یشدا بمێنمەوە.. بەڵام تاکەی؟) تەماشای ئاوێنەکەی کردەوە، هەستی دەکرد کێشی نەماوە.. پووشێکە، لە پووشێکیش سووکترە.. سێبەرێکە، ترومپاکان دەمێکە هەڵیانلووشیوە، تەنها توێکڵێکی پووتی لێ ماوەتەوە، چی دەمێنێ.. چی دەمێنێ؟.. دەست بەچییەوە بگرێ، کوا ئەو دوورگە چەسپەی توند لەنگەرەی بگرێتە خۆی؟ کوا ئەو پەنا بەتوانایەی لە فشار و تەوژمی ئەم زریانە هارەی دەیپارێزێ.. گوێی لەناوی خۆی بوو!

- ئەرنەست؟!



ئاوڕێکی خێرای دایەوە، یەکێک بوو بەجووتێ دارشەق و تاکە لاقێکەوە تەماشای دەکرد.. نەء کەم ئەندامەکەی شەقامی (هاکن) نییە..! ناسییەوە، مۆتسیکە..(کارل مۆتسیک)ی کۆنە هاوڕێی قوتابخانەیە، هاواری کرد:

- کارل! ئەمە تۆیت..؟ لە کەیەوە لێرەیت؟

- دەمێکە، شەش مانگ دەبێ.

بەرامبەر یەک وەستابوون، لە یەک ورد دەبوونەوە.. (مۆتسیک) وتی:

- هەرگیز بەبیرما نەدەهات.

- چی؟

دارشەقەکانی بەرزکردەوە و هەر زوو داینانەوە:

- ئەمانە.

- هیچ نەبێ لەم جەنگە نفریتەیان دوور خستوویتەوە.. من دەبێ بچمەوە.

- هەریەکە بەجۆرێک لێکی ئەداتەوە.. ئەگەر جەنگ درێژە بخایێنێ ئەوە بەختەوەرم بەمەی بەسەرما هاتووە، ئەگەر لە ماوەی شەش مانگیشدا کۆتایی پێ بێت بێ شانس و چارە ڕەشم!

- بۆ شەش مانگ.

- نازانم!.. دەڵێم ئەگەر.

- بەڵێ.. بەڵێ.

بۆ سەردانێکمان ناکەیت،(بیرگمان)یشمان لەگەڵە.. هەردوو دەستتیان لە ئانشکیەوە بڕیوەتەوە؟

- بۆ ئێوە لە کوێن؟

- خەستەخانە.. لە خەستەخانە گەورەکەین، لەوێ قاوشێکی گەورەیان بۆ تەرخان کردووین.. سەردانێکمان بکە..

- دێم.

- چاکە، هەموو وا دەڵێن، کەچی گوێدرێژێکیش نییە خاوەنی ئەو گفتەی بێت.

- دڵنیابە، دێم..

- پەشیمان نابیتەوە، کۆمەڵێکی قۆشمەچی لێیە، کاتێکی خۆش دەبەیتە سەر.. لەیەک ورد دەبوونەوە، بۆ سێ ساڵ دەچوو کە یەکترییان نەدیبوو.. بەڵام ئەوەی پێویست بوو لە ماوەیەکی کەمدا دەریان بڕی..

- کەواتە هەتا بەیەک دەگەینەوە.

دەستتی یەکتریان گوشی، (موتسیک) وتی:

- ئاگاداری (زیبەرت)هەیت چی بەسەرهات؟

- نەء.

- کوژرا، شەش هەفتەیە نەماوە.. (لاینەر)یش.

– (لاینەر) ؟! ئەویش؟

– لاینەر و لینگین لە ڕۆژێکدا کوژران، پێکەوە بوون، براوننگ و هۆلمانیش تێک چوون.

– نا..؟! دیارە ئاگاداری هیچ نیم.

– منیش لە بیرگمانم بیست·· بەدوعا ئەرنەست، بەتەماتم..

بەتەقـەتەق دوور کـەوتەوە، (گـرێبـەر) لە دڵـی خـۆیدا دەیـگوت.. (بەشـێـوە شـادمـانیـیـەکـەوە باسی کـوژراوەکـان دەکـات، دڵخـۆشی خـۆی بەمـەرگی ئەوان ئەداتەوە..) لەدواوە تەمـاشایەکی (مـۆتسـیک)ی کـردەوە، لاقـێکی لە ژێر ئەژنـۆیەوە بڕابۆوە، وادەی خـوێندن و قـوتابخـانەی هاتەوە یاد.. (مـوتسـیک) پاڵـەوانێکی وەرزشکار بوو، لە غـارداندا هەمـیـشـە لە پێـشـەوە بوو، خـەڵاتی یەکـەمی وەردەگـرت.. نەیدەزانی بەزەیی پیابێتەوە یان ئیرەیی پێ بەریت؟ (مـۆتسـیک) ڕاست دەکات هەر یەکە بەشێوەیەک دەنوارێتە کارەساتەکەی، بەختەوەری و چارەڕەشی پەیوەندییان بەئایندەوە هەیە.. بەئاکامی جەنگەوە..

***

کاتێک خـۆی کـردەوە بەژوورا، (ئەلیزابێث) لەسەر تاکێ قـەنەفە شـانی دادا بوو، بڕنوسـێکی سپـیی حەمامی لە جەستەی ئاڵاندبوو، خاولییەکی نەخشینی زلەشی وەک مێزەر بەسەریەوە بەستبوو، قەشەنگ، لە باڵندەیەکی گـەورە دەچوو پەنای بردبێـتـە ئەو کـەنارە، بۆ ئەوەی بەبێ ترس و سڵـەمـینەوە بەئارەزووی دڵـی خەریکی خۆی بێت·· بە(گرێبەر)ی وت:

– بەشی یەک هەفتـە ئاوی گـەرمم بەکـارهێناوە، خۆشگـوزەرانییـە، خـاتـوو(لیزەر) لێـرە نیـیـە، کـاتێ دێتەوە ئاوازە خۆشەکانی پڕ گوێمان دەکاتەوە..

– سـەری دای لە بەرد، باوەڕ نـاکـەم زۆر بەلایەوە گـرنگ بێت.. نازیی ڕەسـەن هێندە بەتەنـگ ئاو و سابوونەوە نایێن، بەدەگمەن خۆیان دەشۆن، چونکە خاوێنی ڕەوشتی بەدنژادانە!

چووە بەر پەنجەرەکە، تەماشایەکی دەرەوەی کرد، پیاوێکی تیسکن لە یەکێ لە پەنجـەرەکانی ئەوبەرەوە دەینوارییە شەقامەکە، تەنها پانتۆڵێکی لە پێدابوو، ئاوازی پیانۆیەک لە پەنجـەرەیەکی دیکەوە دەهات، جارجارێک یەکێک بەدەنگێکی گڕ، گۆرانییەکی بەدەم ئاوازەکەوە دەگوت.. هەر چاوی دەگێڕا، لە پەناگە گشـتییەکە ورد بۆوە.. بیری لەو سامە سارد و نامۆیە دەکردەوە لەبەردەم ئاوێنەکەدا گرتی: مچـوڕکەکە بەگـیـانـدا هاتەوە، چیی لێ مـاوەتەوە!؟ دەبێ شـتـێکی لەپاش جێ بمێنێ.. شـتـێک بوونی ڕاگـرێ، بەر لەوەی تەوژمی یەکێ لەو زریانە هارانەی ئەو چاخـە دژوارەیان هەراسـان کـردووە هەڵـی کـەنێ.. بوونی چەسپ بکات.. ئەو شتە چییە؟ چۆنە؟ کێیە..؟!

(ئەلیـزابێث)، ئایا (ئەلیـزابێث) هی ئەمـە؟.. دەمێ نییـە یەکـتـریان ناسـیـوە، چەند ڕۆژێکە، بەم زووانەش تا چەند ســاڵێکی تر، چەند ســاڵێکی دوورو درێژ، چەند ســاڵێکی بێ ئاکــام، دوور ئەکەوێتەوە·· ئاخۆ لە یادی (ئەلیزابێث)دا بمێنێ؟

(ئەلیـزابێث) بەچی خـۆیەبەن بکات، ڕەگـوڕیشـەی بوونی بە چی لە بیـر و هۆشی ئەلیـزابێث دا داکوتێ..؟



ئاوڕێکی کتوپڕی لە (ئەلیزابێث)دایەوە، بەپەشۆکاوی پرسیاری لێکرد:

– (ئەلیزابێث)، شووم پێ دەکەیت؟

– چی؟!··شوو؟ ببینە ژن و مێرد؟ بۆ چی ڕوویداوە؟

– چونکە شتێکی بێ مانایە.. لەبەر ئەوەی ئەوەندە نییە یەکتری دەناسین، پاش چەند ڕۆژێکی دیکە لە یەکتری دوور دەکەوینەوە.. با بڵێین لەبەر ئەوەیە کە هەتا ئێستا حاڵی نەبووین ئایا دەتوانین پێکەوە بژین یان نەء.. دەزانم کە ئەم جۆرە داوایانە پاش ماوەیەکی کورتی یەکتری ناسین ناگوترێن.. ئیتر لەبەر ئەم هۆیانەیە.

چاوی لە(گرێبەر) نەئەترووکاند:

– مەبەستت ئەوەیە بڵێیت کە هەردووکمان تەنها و بێ ئومێدین لەوە پتر هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە.

– نەء.

(ئەلیزابێث هیچی نەگوت، گرێبەر خێرا وتی):

– تەنها لەبەر ئەوە نییە.

– ئەی چی؟

زەق دەینوارییـە (ئەلیـزابێث)، (ئەلیـزابێث)یش هەناسـەی سـوار ببـوو، سـینگی بەپەلە بەرز و نەوی دەبۆوە.. هەستی کرد گۆڕاوە، هەناسەیان جودایە، دەست و پەنجەی لەوانەی ئەو ناکەن، یەک بیر و یەک ژیان نین.. لەوانەیە (ئەلیـزابێث) لێی تێنەگـات، لە چی تێـبگا؟ بۆ خـۆی لە خـۆی تێـدەگـا تا ئەو لێی تێبگا؟! نەیزانی ئەو داوایەی بۆ کرد·· وتی:

ئەوسـا بۆخۆت لەم زۆردارییـەی خـاتوو لیـزەریش ڕزگـارت دەبێ، لێی ناترسـیت، دەتوانیت بەرەنگاری بیتەوە و وەکو هەموو ژنە سەربازێکی ئەڵمانی لە ئاسایشدا بژیت..

– بەڕاست؟

– بەڵێ (شێوە تێڕوانینەکەی ئەلیزابێث ساکاندبووی).. بەڵێ.. تاڕادەیەک و..

– کـەی ئەوانە هۆن، بەبێ تۆیش دەتـوانم بەرەنگاری خـاتـوو (لیـزەر) ببـمـەوە.. خـۆڕاگـر بم و چۆک دانەدەم.. (سەرێکی بادا).. شوو؟! کەی ماوەی ئەوەمان هەیە؟·

– بۆچی؟

– تا پێکدێ مـاوەیەکی دوورو درێژی دەوێت، دەبێ جـۆرەها بەڵگەنامـە و فـەرمـانی ڕەزامـەندی ئەم لێپـرسراو و ئەو دەزگـا ئامـادە بکەیـن.. دەبێ بێگەردی خوێن و خاوێنی توخم و ڕەسەنمان بسـەلمێنین·· گێرمە و کێشەی زۆرە·· چەند هەفتەیەکی پێدەچێ..

– وا نیـیـە، بۆ جـەنگاوەران درێژەی پێ نادەن، تەنهـا یەک دوو ڕۆژێکە.. لە سـوپاگـەکـە وایان تێگەیاندم.

– جا ئەوەت لەوێ بەبیردا هات؟

– نەء، ئەم بەیانییە بیرم لێ کردەوە، بەڵام سەربازانیش لەم باسانە ئەدوێن.. زۆرن ئەو جەنگاوەرانەی لە سەردانەکانیاندا ژن دێنن.. ئەی بۆ نەیهێنن؟ هەموو ژنە سەربازێک مووچەی بۆ دەبڕێتەوە، وا بزانم (٢٠٠) مارکە.. ئەم پارەیە بۆ میری بێ؟، میرییەک کە ژیانمان لە پێناویا بەخت کردووە، مافی خۆمانە، بۆ سوودی لێ وەرنەگرین؟

– بێگومان وایە!.. تۆ بەم شێوەیە بیر بکەیتەوە دەبێ منیش بڵێم وایە..

(گرێبەر) ئارامی لێ بڕا بوو:

– بێ لەوە (١٠٠٠) مارکیشمان بەقەرز پێ ئەدەن، بەمەش دەتوانیت دەستت لەکاری ئەو کارگەیە هەڵگریت.

– نەخێر کارەکەم پەیوەندیی بەم باسەوە نییە، بەبێ ئەو کارە ڕۆژگاری دوورو درێژم بەچی بەرمە سەر.

– ڕاست دەکەیت..

دۆش دامابوو، قەت ئەوەندە بێ دەسەڵات نەبووە، بیری دەکردەوە.. (ڕژێم چی پێ نەکردووین، هەردووکمان لاوین، دەبوایە ئێستا ژیانمان پێکەوە بنیاتنایە، بمانڕازاندایەتەوە، بە بێ خەم، بە شادی و بەکامەرانی بمانبردایەتە سەر.. ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بەم جەنگەوە نییە، جەنگێکە باپیرانمان هەڵیانگیرساند و بەرۆکی ئێمەی گرت.. وتی):

– پاش چەند ڕۆژێکی کەم دەچمەوە، ئەگەر بێت و شووم پێ بکەیت، لێکدانەوە غەمناکەکانی دووری و تەنهاییم تاڕادەیەک کەمتر دەبنەوە.

(ئەلیزابێث) سەرێکی بادا، (گرێبەر) پرسیاری کردەوە:

– ناتەوێت شووم پێ بکەیت؟

– خەمەکانی دووری کەم ناکاتەوە.. بگرە خەستتری دەکاتەوە.

دەنگی گۆرانیبێژەکە بەرزبووەوە، لەرەیەکی گڕی تێدابوو، دەنگی ئەدایەوە، (گرێبەر) وتی:

– ئەگەر لە ئاکامەکەشی دوودڵیت ئەیدەمە دەست خۆت، کەی بتەوێ، دەتوانیت جیا ببیتەوە.

– ئیتر شووی چی ؟!

– ئەی ئەو پارەیە بۆ بۆ میری بمێنێتەوە؟

(ئەلیزابێث) ڕاست بۆوە، هەستایە سەر پێی.

– لە گرێبەرەکەی دوێنێ ناچیت؟

– چۆن؟

– با واز لەم باسە بێنین، ئەوەتا پێکەوەین، ئەم گوزەرانەمان بەسە.

– بەڕاست، ناتەوێ شووم پێ بکەیت؟

– نەء.

زەق لە (ئەلیزابێث) ورد دەبۆوە، هەستی دەکرد شتێکی مەزنی لەدەست داوە:

– هەی بەد، خۆ من مەبەستم خراپ نەبوو.



خەندەیەک بە لێوی (ئەلیزابێث)ەوە بوو:

– ئاخۆ چی ئەمەی خستبێتە مێشکتەوە، زیاد لە پێویست بەسۆز و دڵنەرمیت (باسەکەی گۆڕی)، هیچمان ماوە بیخۆینەوە؟

– سیلڤۆڤیتسەکەمان ماوە.

– پولۆنییە؟

– بەڵێ.

– شتێکم دەوێت تاڵانی نەبێ.

– کۆمێڵی خۆمانەشمان هەیە.

– کۆمێڵم بدەرێ.

ماتییەک (گرێبەر)ی گرتبوو، لە خۆی زویر بوو، چووە چێشتخانەکە، ماوەیەک بەدیار پاشماوەی خواردەمەنییەکانەوە وەستا، بۆنیان ئەو ناوەی گرتبۆوە.. گەڕایەوە لای (ئەلیزابێث)..

(ئەلیزابێث) لە پەنجەرەکەوە دەینواڕییە دەرەوە، بە(گرێبەر)ی وت:

– هەورەکەی خەست کردووە، داخی گرانم وا دیارە دائەکاتە باران.

– جا بۆ جێی داخە؟

– یەکەم ڕۆژە پێکەوە ببەینە سەر، دەمانتوانی بچینە دەرەوەی شار، بەهار لەو دەشتودەرە دیاری داوە.

– حەزت لەوێیە؟

– من؟.. نەء، هەر خاتوو لیزەر دووربێ، بەسە.. من خەمی تۆمە، دەڵێم لەوانەیە ئەوێت بەلاوە خۆشتر بێت؟

– گرنگ نییە، دەشتودەرم زۆر دیوە.. حەزم لە ژوورێکی ئاوەها گەرم و دانەڕووخاوی پڕ کەلوپەلە، ئاواتێکە هاتۆتە دی، ئەوە دەهێنێ پیاو خۆی بۆ تەرخان بکات.. ئەگەر حەزت لێیە دەچینە سینەما..

(ئەلیزابێث سەرێکی بادا) کەواتە با لێرە بین، بچینە دەرەوە ڕۆژەکەمان لێ تێکدەچێ، پچڕ پچڕ دەبێ و هەر زوو بەسەر دەچێ (لە ئەلیزابێث نزیک بۆوە باوەشی پیا کرد، هەستی بەزەبری بڕنوسەکەی بەری کرد، نواڕییە هەردووچاوی، پڕ فرمێسک بوون.. شڵەژا).. خۆ من هیچی وام نەگوت دڵت زویر بکات..

– نەء

– نەخێر، دەبێ شتێکی قەڵبم لێ وەشابێتەوە، بۆ دەگریت؟.

(توند باوەشی پیا کرد.. شەقامەکەی لێ دیاربوو.. پیاوە تیسکنەکە دیار نەما بوو، منداڵە ورتکە کەلاوەکەی ئەو بەرەوەیان کردبووە یاریگەیان، بەتفەنگی دارینەوە بەرامبەر یەک وەستا بوون، گەمەی جەنگی کەندەک و مەتاریزەکانیان دەکرد.

بەگوێی (ئەلیزابێث) دای چپاند:

– با خەم نەخۆین، دڵمان تەنگ نەکەین.

دەنگە گرەکەی گۆرانیبێژەکەیان هاتەوە گوێ.. دەیگوت (خۆشم دەوێیت.. خۆشم دەوێیت، ئەم ژینە

چەند سەخت و دژوار بێ.. ڕۆژگاری چەند ڕەش و نالەبار بێ، پتر دەمەوێیت.. زیاتر خۆشم دەوێیت.

ئەلیزابێث وتی:

– نەء، نەء با خەم نەخۆین، غەمبار نەبین.

***

پاش نیوەڕۆ، دایکردە باران، سروشت زوو تاریکی کرد، هەورەکە تا دەهات مەنگ و خەستتر دەبۆوە، پێکەوە ڕاکشابوون، پەنجەرەکە کرابۆوە، بارانەکە لە پەردەیەکی تەنک دەچوو، نەرموشل دەباری..

(گریبەر) بەهۆشێکی ئاوارەوە گوێی بۆ خوڕەی بارانەکە شل کردبوو.. لەدڵی خۆیدا دەیگوت: (وەرزی قوڕوچڵپاوە شوومەکەی ڕووسیاش دەستی پێکردەوە، ڕاستەوخۆ بۆ ئەوێ دەچمەوە.. بۆ نێو گۆمی قوڕاوە خەستەکان..) پرسیاری لە (ئەلیزابێث) کرد:

– ئاخۆ خاتوو لیزەر کەی بگەڕێتەوە؟

– کەی دێتەوە با بێتەوە.. درەنگە؟

– بەڵێ، دەبێ ئەم بارانە دوای خستبێت.

– لەوانەیە، لەوانەشە سبەی بێتەوە (سەری نایە سەرسینگی گریبەر، هەستی بەهەناسەی گەرم و هێمنی کرد..).

– لەوانەیە بووبێ بەژێر ماشێنێکی قورسەوە، ئەگەر بێت و وابێ، ئەوە ئیتر دەرگەی شادومانیمان بەجارێک لێ دەکرێتەوە.

ورتەیەک لە دەمی ئەلیزابێثەوە هات:

– بەپێچەوانەی تێگەیشتنم لێت، مرۆڤێکی هێندە دڵ نەرم و بەسۆز نیت..

(گریبەر) دەینواڕییە بارانەکە، دڵۆپە زلەکانی دەبریسکانەوە.. وتی:

– ئەگەر ئێستا ژن و مێرد بووینایە، ناچار نەدەبووم بەم تۆف و بارانە ڕێی قشڵە کۆنەکە بگرمەوە بەر.

– بۆ دەتەوێ شووت پێ بکەم؟.. خۆ هێشتا شارەزاییەکی ئەوتۆ شارەزام نەبوویت.

– ئەوەندەی من دەمەوێ شارەزات بووم.

– چەندێکە یەک دەناسین؟.. چەند ڕۆژە؟

– ساڵێک زیاترە..

– چۆن ؟! وا دیارە سەردەمی منداڵیشمانت خستۆتە سەر.

– نەء (کەمێک بیری کردەوە).. دوو ساڵی خایاند تا ئەم مۆڵەتەیان پێدام، بەرامبەر بەو دوو ساڵە کە لە بەرەکانی شەڕ بردوومەتە سەر، سێ هەفتە مۆڵەتیان پێ داوم، دوو هەفتەم لێ بردۆتە سەر بەرامبەر بە(١٥) مانگی ئەوێیە.. کەواتە ساڵێک و سێ مانگە پێکەوەین.

– ئەم جۆرە خەملاندنەم قەت بەبیردا نەهاتووە و نایەت!

– منیش، ئێستا بەبیرما هات.

– کەی؟



– ئێستا، تۆ خەوتبوویت.. لەم تاریکاییەدا بەدەم خوڕەی بارانەوە گەلێ شتی سەیر بەبیری مرۆڤدا دێت.

– جا بۆ ئەوەی ئەم جۆرە بیرانەمان بەبیردا بێت، مەرجە سروشت تاریک بێ و باران ببارێت؟

– نەء، بەڵام لە ڕەوشی وادا قوڵتر بیر دەکەینەوە.

– ئێ چیدیت بەبیردا هاتووە؟

– چەند خۆش دەبوو مرۆڤ دەست و مەچەکی بۆ تفەنگ تەقاندن و نارنجۆک هەڵدان بەکارنەهێنایە.

(ئەلیزابێث) ملی قووت کردەوە، چاوی بەدەموچاوی (گریبەر)دا گێڕا:

– ئەی بۆ ئەم نیوەڕۆیە وا بیرت نەدەکردەوە.

– ئەم باسانە لە ڕووناکییدا ئاشکرا نابن.

– لە باسی مووچەی ژنە سەرباز و قەرزی ژن هێنان چاترن.

(گریبەر) سەری بڵند کردەوە:

– گشتی یەکێکە، لە بنەوانێکەوەن.

– پێویستە مرۆڤ بزانی وشە چۆن بەکاربێنێ.

– ڕاستە.. شێوە دەربڕینێکی لاوازم هەیە، لەمەودوا هەوڵ ئەدەم بەشێوەیەکی دروستتر داوا و خواستەکانم بخەمە ڕوو.. جا تا ڕادێم برێ کاتم پێویستە.

(ئەلیزابێث) هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا:

– کات..! بوارێکی کورتمان لەبەرە.. وا نییە؟

– بەڵێ.. بەڵێ، دوێنێ زیاترمان لەبەر بوو، سبەی کەمتر.

گیانی (گریبەر) خاو ببۆوە، دەستی لە ملی (ئەلیزابێثدا) بوو، پرچی (ئەلیزابێث) بەسەر سەرینەکەدا ڕژابوو.. بارانەکە لە شووشە ساغەکانی پەنجەرەکەی ئەدا، سێبەری دڵۆپەکانی بەمل و گەردنی (ئەلیزابێث)ەوە تاریک و ڕوون دەلەرزین.. (ئەلیزابێث) بۆ ماوەیەک نواڕییە (گریبەر) پاشان وتی:

– کاتێک داوات لێکردم شووت پێ بکەم، بیری تەواوت لێ کردبۆوە.

– نازانم! پیاو تا لە هەستونەستی خۆی دڵنیا دەبێ ماوەیەکی گەرەکە.

– لەوانەیە وابێ، بەڵام بۆ دەتەوێ شووت پێ بکەم؟

– چونکە ناتوانم لە ژیانم جودات بکەمەوە.

(ئەلیزابێث) شتێکی گوت، (گریبەر) لێی حاڵی نەبوو، پرسیارێکی هاتە گوێ:

– ئەگەر خانمێکی دیکەت بەر لە من بناسیبایە، هەمان پەیوەندییت لەگەڵیا دەبەست؟

(گریبەر) دووی شەپۆلی تەنکی باراناوی سەر شووشەکان کەوتبوو.

– تۆم نەناسیبایە لەوانە بوو شتی وا ڕووی بدایە، کێ دەزانێت چی لە چارەی نووسراوە؟ بەڵام پاش ئەم پەیوەندییەی لە نێوانماندا دروست بوو، باوەڕ ناکەم ئەمەی لە نێوانماندایە لەگەڵ یەکێکی دیکە دروست بێتەوە.

(ئەلیزابێث) سەری لەسەر سەرینەکە جوولاندەوە، ماوەیەک مت بوو ئەمجا وتی:

– خەریکە فێر دەبی وشە بەدروستی بەکاربێنیت، وەکو نیوەڕۆ نادوێییت.. شەوە، ناشکرێ هەموو تەمەنم لە چاوەڕوانی شەودا بەرمەسەر تا بەم شێوەیە بمدوێنێ..

– نەء.. فێر دەبم، ئیتر باسی مووچەی ژنە سەربازانش ناکەم.

– ناشکرێ بایەخی پێ نەدەین.

– بە چی؟!

بەپێکەنینێکی نەرمەوە وەڵامی دایەوە:

– مووچەی ژنی سەربازەکان:

(گرێبەر) هەناسەی لە خۆی بری.. شڵەژا، بەشپرزەییەکەوە وتی:

– بەڕاستتە، ئەو مووچەیەت بەلاوە گرنگە؟

– لەبەر ئەوەی لە ساڵێک زیاترە یەکتری دەناسین.. ناچارم ملکەچی داواکارییەکەت بم (بەزۆر زانینەکیشەوە وتی): کەی ئارەزووشمان لێی بوو جیا دەبینەوە.. باشە؟

– نەء.. جیابوونەوە نەء.. (باوەشی بەئەلیزابێثدا کردەوە).

بارانەکە خوڕەی دەهات، (ئەلیزابێث) خەوی لێکەوتبوو، (گرێبەر)یش خەوی لێ زڕابوو.. شاد بیری دەکردەوە..

ئاکامەکەی (ئەلیزابێث) قابیل بوو شووی پێ بکات.



## 17

(بیندینگ) لەو دیو دەرگای سەرشۆرگەکەوە[1] هانی ئەدا:

– ماڵی خۆتە، گەرماوەکە و چی تێدایە لە خزمەتدایە، بەئارەزووی خۆت بەکاریان بێنە..

– سوپاست دەکەم.

ماسوولکەکانی جەستەی لەناو ئاوە شڵەتێنە خاوێنەکە خاو ببوونەوە، لەناو بانیۆ پڕ ئاوەکەدا درێژ ببوو، تەنها سەری بەدەرەوە بوو، بەرگە سەربازییەکانی بەسەر کورسییەکەوە گرمۆڵە کردبوو، شتێکی دێزی سەوز باو بوون، هیچ جوانی و گەشییەکی تیادا نەدەبینین، لە والای شڕی بەر داهۆڵێک دەچوون، هەر لە تەنیشت ئەو کورسیەوە، قاتێک چاکەت و پانتۆڵی شین باو بەرێکوپێکی بەکورسییەکی دیکەوە هەڵواسرابوون. (رۆیتەر) بۆی پەیدا کردبوو.

گەرماوێکی فەرەح و دڵگیر بوو، دیوارەکانی بەقاشانییەکی سەوز تێگیرابوون، کاشی ناو فەرشەکە و نیکڵی لوولە و بەلووعەکان هێندە تەمیز و خاوێن بوون، ورشەیان دەهات.

گەرماوەکانی سوپای هاتەوە یاد، بەناو گەرماون، تەنها دوشێکن بەپەلە خۆیان ئەدەنە بەری، لە توانای کەس نەبوو خۆی لە ئاست بۆی پاکۆکەرە[2] کیمیاوییەکاندا ڕاگرێ، هێندە خەست و تیژن کەللە کاس و وڕ دەکەن.. بەڵام بۆن و بەرامەکەی ئێرە، شتێکی دیکەیە، هێندە بەهێزە مرۆڤ دەبەنە جیهانێکی دیکە، بۆی کوڵۆنیا و سابوونە فرانساییییە نایابەکان بۆنی گوڵ و گوڵزاری مێرگە بەهارییەکانیان لێدەهات..

دەستتەیەک خاولیی کارنەکراوی هەمە جۆرەی بۆ ئامادە کرابوو، هەر ئەوەندەی لەسەر شتێ بۆوە نەرم و شل خۆی پێیان وشک بکاتەوە، ئاوێکی خوڕ بەبێ حساب لەبەردەستیا بوو، سارد و گەرم، بەئارەزووی دڵی تێکەڵی دەکرد و بەکاری دەهێنا..

سەرشۆرگەیەکی تێروتەسەل بوو، پڕی لە جۆرەها کەرەستەی نایابی گەرماو و خۆڕازاندنەوە بوو، شووشەیەکی گەورە لەو دەرمانانەی ئاوی نێو بانیۆکانیان پێ ڕەنگ و بۆندار دەکرێ لە ژوور سەریەوە، چاوەڕوانی ئارەزووی بوو.

ماسوولکەکانی نەرم بوونەوە.. بیری لە هیچ نەدەکردەوە، لە ڕەگوریشەیەوە لە گەرمی و هەڵاوی ئاوەکەی دەنۆشی، گرژیی قوڵترین خانەی لە جەستەیا خاو دەکردەوە.. وا هاتبوو بەبیریا کە تەنها خواستە گچکەکان دێنە دی، لە ئادەمیزاد یاخی نابن.. پەنایەکی گەرم و خاوێنی پڕ ئاسایش و ئارام.. نان، ئاو.. هەموو ئاواتێکی هاتبووە سەر ئەوەی ئەو چەند ڕۆژەی لە مۆڵەتەکەی ماوە، لە ئاسایشدا بباتە سەر، بیر لە هیچ نەکاتەوە.. (ڕۆیتەر) ڕاست دەکات، جارێکی دی دەرفەتێکی وای بۆ ڕێناکەوێتەوە.. دەستێکی درێژ کرد، پاڵێکی بەو کورسییەوە نا کە بەرگە سەربازییەکانی پیا کردبوو.. دووری خستەوە، ئەمجا دەستی دایە شووشەکەی لەژوور سەریەوە بوو، پڕ مشتێکی لەو کریستاڵە وەنەوشەیییە بۆندارە کردە ئاوەکەی دەوریەوە.. ئەمیش شتێک بوو لە بابەتی پەرداخ و سەرمێزە پاکژەکانی (جێرمانیا)، وەک بادە کۆنەکە و خواردنە نایابەکان، شتێکە وەک ئەو شەوانەی لەگەڵ (ئەلیزابێث) دەیباتە سەر.. خۆش

گوزەرانی و دەستبڵاوییە.

خۆی وشک کردەوە، پەلەی نەدەکرد، لەسەرخۆ خۆی پۆشتە دەکردەوە، بەرگە شارستێنییەکە نەرمو شل بەجەستەیدا نووسا، دەمێ بوو بەرگی وای نەپۆشیبوو، هەستی دەکرد لەوەتەی هەیە، لە بەرگێکی زبری دێزدا بووە.. بەو چاکەت و پانتۆڵەوە هەستی دەکرد هیچی لەبەردا نییە، پۆستاڵی قورس و تەنگ پێی نەدەگوشی، کەمەربەندی پان و جیرِ کەمەری نەجەڕاندبوو.. دەمانچەیەکی قەبەش قەدی لاسەنگ نەکردبوو.. بە بەرگو پۆشاکی وا ڕانەهاتبوو..! چووە بەر ئاوێنەکە، خۆی نەناسییەوە، لاوێکی تازە پێگەیشتووی لەپێش چاو بوو، بەنیگایەکی حەپەساوەوە نواڕییە خۆی، شێوە و دیمەنی لە ئاوێنەکەدا.. شێوە و دیمەنی یەکێکی دیکە بوو، یەکێک بوو ئەگەر لە دەرەوە بیدیبایە لە دڵی خۆیدا دەیگوت، ئەم پیاوەم لە کوێ دیوە؟

(ئەلفۆنس) وتی:

– بەجارێک گۆڕاویت، لە سەربازان ناچیت؟ چ باسە.. ژن دێنیت؟

بەتەمای پرسیاری وا نەبوو، پەشۆکا، خێرا وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ چۆن زانیت؟!

(ئەلفۆنس) دایە قاقای پێکەنین:

– ئەی ئەم خۆ تاسولووسکردنەت لە چییە؟ مرۆیەکی دیکەت.. وەک سەگە گێژەکەی جاران نیت کە دەتگوت پارچە ئێسکێکی بزر کردووە و لەدووی دەگەڕێت.. (دایەوە قاقای پێکەنین) بەڕاست (ئەرنەست)، بەتەمای ژن هێنانیت؟

– بەڵێ.

– جا باش بیرت لێکردۆتەوە؟

– نەء.

چاوەکانی (بیندینگ) زەق کرابوونەوەوە، (گرێبەر) وتی:

– زۆر دەمێکە بیر لە هیچ ناکەمەوە، کاتی بیر کردنەوەم نییە.

لەپڕێکا سەری لووتی (ئەلفۆنس) قرچ بوو، نێوچەوانی چرچ کرد و، بەخەندەیەکی زۆرزانانەوە سەری لە(گرێبەر) نزیک کردەوە، بۆنی پێوە دەکرد:

– بۆنی شتێک بە لووتمدا دێ.. ئای فێڵباز لە تۆوەوە دێت، هەبێ و نەبێ لەو دەرمانە وەنەوشەییەت بەکارهێناوە.. نازانیت چ بۆنێکت لێوە دێ؟

(گرێبەر) هەردوو دەستی خۆی بۆن کرد:

– کوا، من بۆنی هیچ ناکەم؟

– تۆ؟!.. تۆ هەستی پێ ناکەیت، بەڵام من چاک بۆنی دەکەم، بەهەر حاڵ زوو دەڕوات، لە جۆرێکی زۆر باش نییە، برادەرێکم لە پاریسەوە بۆی هێنام، ئەوەی بەکاری دێنێ زوو هەستی پێ ناکات، بەڵام پاش ماوەیەک وەک درەختێک هەموو خونچە گوڵەکانی بەجارێک گەشابنەوە ئاوەها بۆنی دێ.. وەرە



دەی با برێ بۆی کۆنیاکێکی چاکیشی بکەین بەسەرا..

کۆنیاکەکە و دوو پەرداخی ئامادەکردبوو:

– بەتەندروستی تۆوە دەخۆینەوە (ئەرنەست)، لە دڵەوە پیرۆزبایی ئەم ژن هێنانەت لێ دەکەم، من ژن ناهێنم، هەر بەتەمانیم.. پێم بڵێ ئایا دەستتگیرانەکەت ناناسم؟

(گرێبەر) کۆنیاکەکەی بەقومێک هەڵدا:

– نەخێر نایناسیت.

(لە خۆی پەست بوو، ئەم باسەی بۆ لە دەم دەرچوو.. پرسیارەکەی لە ناکاودا لێکرد و زمانی بۆ نەگیرا..)

– پەرداخێکی دیکە هەڵدە، پیاو هەموو ڕۆژێک ژن ناهێنێ..

– بەڵێ..باشە.

(بیندینگ) پەرداخەکەی دانا، ژن هێنانەکەی (گرێبەر) جووڵاندبووی..

– ئەگەر تەگەرەی تێکەوت ئاگادارم بکەوە، دەتوانیت پشت بەمن ببەستیت.

– تەگەرەی چی؟ شتەکە ئاسانە!

– لەبەر ئەوەی جەنگاوەریت ئەوەندە ئەمسەر و ئەوسەرت پێ ناکەن.

– بە دەستتگیرانەکەشمی ناکەن، ئەمە ژن هێنانی جەنگە، زوو ڕاییمان دەکەن..

– ئەوەی من دەیزانم، دەبێ ئەو هەندێ کاغەز و بەڵگەنامەی ئامادە بکات.. دەی، ئێوە دەست پێبکەن لە کوێوە تەگەرەی تێکەوت ئاگادارم بکەوە.. هاوڕێی دەستڕۆیشتووم لە گستابۆ هەیە..

– گستابۆ؟! ئەوان چ پەیوەندییەکیان بەژن هێنانەوە هەیە؟.. نەء شتی وا نییە، هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە..

(ئەلفۆنس) بەدەم پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– شت نییە پەیوەندیی بەوانەوە نەبێت، تۆ سەربازیت بۆیە هەستی پێ ناکەیت.. دەی خۆتی پێوە ماندوو مەکە، خۆ تۆ بەتەما نیت کچە جوویەک یان کۆمۆنیستێک مارە بکەیت، گستابۆ هەر دەپرسنەوە، وافێر بوون، ڕۆتینە دەبێ مەسەلەکە بەواندا ڕەت بێ.

(گرێبەر) دامرکابۆوە، دەترسا.. ئەگەر بێت و گستابۆ بکەونە پرسیار و لێکۆڵینەوە پێی دەزانن کە (ئەلیزابێث) کیژی دکتۆر کرۆزەی لە ڕژێم یاخییە.. چۆن ئەمەی بە بیردا نەهات؟!

– بەڕاست پێم بڵێ، پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ئەو لایەنانە هەیە؟

(بیندینگ) پەرداخەکانی پڕ کردەوە.. لە(گرێبەر) ورد بۆوە:

– بەڵێ.. بەڵام وەکو وتم گوێی مەدەرێ، خۆ تۆ بەتەمانیت خوێنی ئاریت تێکەڵ بەخوێنی چەپەڵی دوژمنانی نەتەوە و نیشتمان بکەیت (کەوتەوە پێکەنین).. دیارە زۆر بەپەرۆشیت..؟

– بەڵێ.

– چاکە، دەبا بەخۆشیتەوە بخۆینەوە، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر یەک دووانێکت لە پیاوانی گستابۆ لێرە

دی.. ئەوانە دەتوانن کارەکەمان بۆ ئاسان بکەن، دەستیان دەڕوات، هەموو شتێکن، بەتایبەتی(ڕێزە) باریکەلە چاویلکە لە چاوەکەیان.

چاوی لەدەم و لێوی (بیندینگ) نەئەترووکاند، لە دڵی خۆیا دەیگوت.. (کارێکی خراپم کرد، بۆ نەگبەتیش ئەم بەیانییە زوو «ئەلیزابێث»م بەزۆر ناردە شارەوانی بۆ ئەوەی دەست بەئامادەکردنی بەڵگەنامەکانی بکات.. ئای چ هەڵەیەکی گەورەم لێ وەشایەوە، هەر ئەوەندە بزانن کیژی دکتۆر کرۆزەیە ئیتر دەکەوێتە بەرچاوانیان، ناوی دەکەوێتە ناو ناوی گومان لێکراوانەوە، سەردەکەنە سەری لە کۆڵی نابنەوە.. ئاخۆ چی لێ بکەن؟ پێشینان گوتوویانە ئەگەر گومانت لە شتێک کرد خۆتی لێ دوور بخەرەوە.. دەترسم ئەمیش وەکو باوکی بگرن، سەرەونگومی بکەن..). هەستی دەکرد تای لێهاتووە، هەموو گیانی داهێزراوە، هەر بیری دەکردەوە (٠٠ئەگەر بکەونە لێکۆڵینەوە، پرسیار لە کێ دەکەن٠٠؟ خاتوو «لیزەر»..! بەڵێ پرسیار لەو دەکەن، ئەو ئەندامێکی نازی توندڕەوە..)(بیندینگ) وریای کردەوە:

– ئەوە چیتە؟ بۆ کۆنیاکەکەت ناخۆیتەوە، ژن هێنان ئاوەها پیاو حۆل دەکات؟!

دایەوە قاقای پێکەنین، هەردوو چاوی پڕ ئاو بوون.. دەینواڕییە (گرێبەر)و تەشخەڵەی پێ دەکرد، (گرێبەر)یش (بیندینگی) لێ ببووە هێزێکی بەزەبر و سامناک.

– بە تەندروستیتەوە (ئەلفۆنس).. (پێکەکەی بەقومێک هەڵدا و کاسەکەی دانایەوە).. (ئەلفۆنس) ئەم چاکەیەشم لەگەڵ بکە.. دوو پاوەند شەکرم بدەرێ، با هەر پاوەندێکیشی لەکیسەیەکدا بێ.

– شەکری کلۆ؟

– لە هەر جۆرێک بێ دەست ئەدات..

– بەسەرچاوان.. بەڵام شەکرت بۆ چییە، خۆت شەکریت.. لە شەکر شیرینتریت.

– دەیکەمە بەرتیل.

– بەرتیل! هیچ کارێک پێویستی بەبەرتیل نییە، هەڕەشە، هەڕەشە بەکارترین چەکە، پیاو کاروباری پێ ئەنجام بدات، ئەم بەرتیلخۆرە کێیە؟ پێم بڵێ، بەخۆم چارەی دەکەم..

– پێویست بەهەڕەشە ناکات.. مەبەستم ئەوەیە ئەو شەکرە وەکو دیارییەک بیدەم بەیەکێک.

– تێگەیشتم (ئەرنەست)، بەڵام ئاهەنگی ژن هێنانەکەت لەسەر منە، لێرە، لای خۆم دەیگێڕین، خۆشم دەبمە شایەتی مارە بەستنتان.

(گرێبەر) لە دڵی خۆیا دەیگوت.. (ئەم هەڵوێستەی بەر لە چارەکە سەعاتێک پێشتر نیشان بدامایە، بیانوویەکم ئەدیبیەوە خۆمی پێ لێ بدزمەوە.. نازانم ئێستا چی پێ بڵێم..).

– بڕیارمان داوە ئاهەنگ نەگێڕین.

– شتی وا نییە، ئەوە بخەنە ئەستۆی من، ئەمشەو لای من دەبیت وا نییە؟.. خۆت بەهاتوچۆی سوپاگەکە خەریک مەکە، بەشەو لای من بە، ئیتر پێویستیش بەوە ناکات بۆ خۆ گۆڕینیش هەموو جارێک ئەو ڕێگە دوورە بگریتە بەر.. لێرەبە، کلیلێکی دەرگاکەشت پێ ئەدەم، سەربەخۆ وەرە و بچۆ.

(گرێبەر) بە دڵێکی ساردەوە وەڵامی دایەوە:



– بەڵێ باشە.

(بیندینگ) بە وەڵامەکەی شاد بوو:

– ئەمەیان تەواوە، ئاخرییەکەی دەتوانین دوو بەدوو پێکەوە دانیشین و بۆخۆمان تێر بدوێین! هێشتا دەرفەتێکی وامان بۆ نەڕەخساوە دووقۆڵی پێکەوە دانیشین وەرە با ژوورەکەت نیشان بدەم٠٠(دەستی دایە بەرگە سەربازییەکانی گرێبەر، تەماشای میدالیاکانی کرد)..

– دەبێ باسی ئەم میدالیایانەشم بۆ بکەیت.. چۆن خەڵاتیان کردوویت، ئاخۆ چ کارێکی مەزنت لێ وەشابێتەوە٠٠

(گرێبەر) لەدەموچاوی (بیندینگ) ورد دەبۆوە، هەمان شێوەی ئەو ڕۆژە بوو کە (هاینی) چیرۆکەکانی بۆ دەگێڕایەوە:

– شتێکی ئەوتۆ نین، پیاو بەدەم تێپەڕبوونی ڕۆژگارەوە وەریان دەگرێت.

***

خاتوو (لیزەر) بەچاوێکی مۆنەوە دەینواڕییە (گرێبەر)، وەک نەیناسیێتەوە، لە هەموو گیانی ورد دەبۆوە.. پاشان بەساردییەکەوە وتی:

– ئەمە تۆیت؟!.. دەبێ ئەوە بزانیت کە(ئەلیزابێث) لەم کاتانەدا لە ماڵ نییە٠٠

– بەڵێ خانم دەزانم.

– ئەی بۆ هاتوویت؟ (بە سینگێکی دەرپەڕاو و جووتێ چاوی ئاگرینەوە دەینواڕییە «گرێبەر»، خاچێکی نازیی بەسینگیەوە هەڵواسیبوو، پەنجەکانی دەستیشی توند لە دەستکی گسکێکەوە ئاڵابوون.. پاسدارێکی مۆن و فشەڵی نازیی بوو..!)

– ئەم کیسە شەکرەم بۆ کەنیلە (کرۆزە)[٣] هێناوە، ئەگەر بە ئەرکی نەزانن بەڵکو بیدەنێ.

خاتوو(لیزەر) بە گومانێکەوە نواڕییە (گرێبەر)، لە کیسە شەکرەکە ورد بۆوە و ئەمجا لێیی وەرگرت.. (گرێبەر) وتی:

– کیسەیەکی دیکەم پێیە، کەنیلە کرۆزە هەمیشە باسی ئەوەم بۆ دەکات چۆن چۆنی هەموو ژیانت بۆ خزمەت کردنی پارت و نەتەوە تەرخان کردووە، منیش ئەم کیسە شەکرەم پێیە، نازانم چی لێ بکەم، تۆش منداڵێکت هەیە پێویستی بەم جۆرە شتانە هەیە، جا لە کانگای دڵمەوە تکات لێ دەکەم کە لێم قبووڵ بکەیت..

ماسوولکەکانی دەموچاوی خاتوو (لیزەر) تورت بوونەوە، بەفیزێکەوە وتی:

– پێویستیمان بەکەرەستەی دەرەکی نییە، شانازی بەو ئازووقەیەوە دەکەین کە سەرۆک بۆمانی دابین دەکات.

– منداڵەکەشت؟

– منداڵەکەشم.

– ئەمەیە بیروباوەڕی ڕاست و دروست (بەدەم هەڵدان و مەرایی کردنەوە، دەینواڕییە چاکەتەکەی..

فرانسایی بوو..)، ئەگەر ئەندامەکانی دیکەی کۆمەڵ ئاوەها وەکو تۆ خاوەن هەڵوێست بن، وەکو تۆ بەم ڕەوشتە بەرزە نیشتمانپەروەرەوە بیریان بکردایەوە ئێمەی سەرباز و جەنگاوەران شادتر و چالاکتر دەبووین، ئەم شەکرەش لە دەرەوەی وڵات نەهاتووە، لەو دیارییانەیە سەرۆک بەسەربازە مۆڵەت دراوەکانی ئەدات تا بەدیاری بۆ کەسوکاریانی بهێننەوە.. فەرمووە دەتوانیت بەئەوپەڕی دڵنیاییەوە لێم وەرگریت.

گرژییەکەی ڕوخساری خاتوو( لیزەر) بڕێک خاو بۆوە:

– لە بەرەکانی جەنگ هاتوویتەوە؟

– بەڵێ، ئەی گوایە لە کوێوە؟

– لە ڕووسیاوە؟

– بەڵێ

– مێردەکەی منیش لەوێیە.

(گرێبەر) وا خۆی نیشان دا کە باسەکەی زۆر بەلاوە گرنگە:

– بەڕاست.. ئەویش؟ لە چ قۆڵێکەوە خەبات دەکات؟

– لە ڕیزەکانی لەشکری ناوەندە.

– چاکە.. جارێ ئەو لایەی بەرە خامۆشە.

– نەخێر وا نییە، ئەوان لە چەقی فەرتەنەکەدان، مێردەکەشم لە ڕیزی پێشەوەیە.

(گرێبەر) لە دڵی خۆیا دەیگوت.. (ریزی پێشەوە؟ پێشی چی و پاشی چی، گشتی بەسەریەکدا ترشاوە.. وا هات بەسەریا چی لە هەمبانەکەدایە هەڵی ڕێژی، بەتایبەتی ئەو درۆ و فیشاڵە پووتانەی پەردەی ئابڕووی نیشتمانیان بەسەردا دراوە.. دانی بەخۆیدا گرت، وتی:

– ئومێدەوارم بەم زووانە سەردانێکتان بکات؟

– با لە نۆرەی خۆیدا بێتەوە، ئێمە دووی هەل و بەرژەوەندیی تایبەتی ناکەوین..

(گرێبەر) بەلەرەیەکی برێ تووڕەوە وتی:

– منیش لەو جۆرانەم، ئەم هاتنەوەیەشم پاش دوو ساڵی ڕەبەقی نێوکەند و مەتاریزەکانی بەرەکانی شەڕ بۆ ڕەخساوە.

– بە درێژایی ئەو هەموو ماوەیە لە بەرەکانی جەنگ بوویت؟

– بەڵێ.. ئیتر یان بریندار بووم یان لە ڕیزەکانی پێشەوەی هێرش بردن و بەرگری کردندا بووم..

خراپ لە خاتوو (لیزەر) ورد دەبۆوە، بیری دەکردەوە.. (ئەندامێکی چالاکی نازییە، گیرە، قوفڵێکی ژەنگاویی داخراوە، لە کەلی شەیتان دانابەزێ، بۆ خۆم خستە ئەم هەڵوێستەوە، مەرایی و پاکانە بۆ شتی وا بکەم.. ئەم جۆرانە دەبێ بێ یەک و دوو گوللەباران کرێن، تۆویان لەسەر ڕووی زەمیندا نەمێنێ)..

کیژەکەی خاتوو (لیزەر) لە ژوورێکەوە هاتە دەرەوە، سیسێکی قژ بژ بوو، بەجووتێ چاوی زەقەوە دەینواڕییە (گرێبەر)و بەپەنجەیەکیشی ناو کونە لووتی دەپشکنی.. خاتوو (لیزەر) پرسیاری لێ کردەوە:

– ئەی بۆ بەرگە سەربازییەکانت نەپۆشیووە؟



– ناردوومن خاوێنیان بکەنەوە.

– ئاااا!! وامزانی.

پرسیاری لێ نەکرد چیی زانیوە و چی نەزانیوە، چاوی لە دەمو لەوسی بوو پان دەبێتەوە، ڕیزێک ددانی شاش و کرمۆڵی لێ دەرکەوت، ترسا!.. خاتوو(لیزەر) بەدەم خەندە ترسناکەکەیەوە دەستتی درێژ کرد:

– چاکە، سوپاست دەکەم، ئەم شەکرە بۆ کچەکەم وەردەگرم.. چاوی لێیی بوو هەردوو کیسەکان بەدەستتی هەڵدەستەنگێنێ.. لەو باوەڕەشدا بوو هەر ئەوەندەی پشتی تێکرد، خێرا کیسەکەی (ئەلیزابێث) دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ ئایا ئەویش شەکرە؟!.. خۆشی ئەمەی مەبەست بوو، چونکە لە شەکر زیاتر هیچی دیکەی تێدا نەبوو.. وتی:

– شادت کردم خانم، ئێستایش دەبێ بچم، ژوانێکی گرنگم هەیە.

ژنەکە لە پڕ گیڤ بۆوە، ملی درێژ کرد و بەجووتێ چاوی دەرپەڕیوەوە نەڕاندی:

– بژی هیتلەر.

(گرێبەر) بۆی سەندەوە:

– بژی هیتلەر..

***

دابەزییەوە سەر شەقامەکە، دەرگەوانەکە لە تەنیشت دەرگا سەرەکییەکەوە وەستابوو، پشتی نابوو بەپایەیەکی دەرگاکەوە، پیاوێکی شان داکەوتووی ورگنی سینگ تەسک بوو.. پانتۆڵە کۆنێکی سەرەک ڕێکخراوان و جووتێ پێڵاوی پاژنە ئەستووری کردبووە پێی.. ئەو پیاوە بوودەڵەیەش لێیی ببووە شت، بەو نیازەی بیدوێنێ لێیی نزیک بۆوە:

– ڕۆژەکەی خۆشە، بەهارە.. (پاکەتێک جگەرەی لە باخەڵی دەرهێنا، جگەرەیەکی بۆ خۆی لێ دەرکرد و ئەمجا پاکەتەکەی بەکراوەیی ئاراستە کرد، ئەویش هەر لە چاکەت و پانتۆڵەکەی (گرێبەر) ورد دەبۆوە.. بەدەم ورتەورتێکەوە جگەرەیەکی هەڵگرت:

– پێی دەچێ لە سوپا نەمابیت؟

(گرێبەر) سەرێکی بادا، لە دڵی خۆیدا دەیگوت.. (نابێ هیچ شتێکی دەربارەی «ئەلیزابێث» لە لا باس بکەم):

– ماوم، پاش هەفتەیەک دەبێ پەیوەندی بەهێزەکەمان بکەمەوە، ئەمە چوارهەم جارە.

دەرگەوانەکە جگەرەکەی بەبێباکییەکەوە لە دەمی ڕاکێشا، لە ئاگرەکەی ورد بۆوە، وردە تووتنەکەی بە لێویەوە لکابوو، تفی کردەوە.

(گرێبەر) پرسیاری لێ کرد:

– ناخۆشە؟

– نەخێر، ڕاستییەکەی من جگەرەکێش نیم، چرووت کێشم..

– دەستت ناکەوێت وا نییە؟

– ئەم جۆرە باسانە بەچپە بکرێن باشە.

– برادەرێکم هەیە وابزانم چەند قوتوویەک چرووتی باشی هەیە؟ ئەمجارە بێمەوە چەپکێکت بۆ دێنم.

– دەرەکین؟

– وا بزانم، بەڵام من چرووت ناس نیم، ئەوەی من دیومە لە ناوەڕاستەوە بەبافتەیەکی باریک بەستراوە.

– ئەوە هیچ نییە، دەتوانن گەڵا سڵقیش لوول بکەن و بافتەیەکی وای تێوە بئاڵێنن.

– ئەو جۆرە تەنها لای لێپرسراوی هەرێمەکەمان هەیە، باوەڕ ناکەم ئەو بابەتی خراپ بەکار بهێنێ.

– کێ..؟! لێپرسراوی هەرێم؟!

– بەڵێ.. (ئەلفۆنس بیندینگ)، برادەرمە.

– بیندینگ برادەری تۆیە؟

– بەڵێ، دەمێکە، برادەرین.. بەر لەوەی بێمە ئێرە پێکەوە بووین، ڕیزەی سەرۆک گستابۆشمان لەگەڵ بوو، ئێستاش بۆ لای ئەو دەچم گفتم پێ داوە سەردانێکی بکەم.

دەرگەوانەکە لە(گرێبەر) ورد دەبۆوە، ئەمیش دڵنیا نەبوو باوەڕی پێ کردووە یان نەء.. کە(ڕێزە)و (بیندینگ) برادەرین، کاتیش پێکەوە دەبەنە سەر، کەچی دکتۆر کرۆزەی باوکی (ئەلیزابێث)یش بێ سەروشوێنە، لە یەکێ لە قەڵابەندەکان بزره‌٠٠ بەبێ باکییەکەوە وتی:

– لە ڕاستیدا چەند هەڵەیەک ڕووی داوە، ئێستاکە خەریکی ئەوەین ڕاستیان بکەینەوە.. هەموو شتێک بەم زووانە دەچێتەوە سەر باری دروستی، جا ئەوساش گەلێ کەس سەریان دەستوڕمێ٠٠ پیاو پەلە نەکات چاکە، ئەی وانییە؟

دەرگەوانەکە بەباوەڕ هێنانێکی تەواوەوە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، بەڵێ بێگومان وایە.

(گرێبەر) تەماشایەکی کاتژمێرەکەی کرد:

– ئێستا دەبێ بڕۆم، دڵنیابە چرووتەکەت فەرامۆش ناکەم..

بەدەم ڕۆیشتنەوە بیری دەکردەوە٠٠ (نیشانەی ڕەوشتە نەوییەکانم تێدا دەرکەوتووە، ئاخۆ ئەمەی لێم وەشایەوە هەڵە نەبێ؟!) شەکرەکەی بەدیاری بۆ خاتوو(لیزەر)ی برد و ئاخاوتنەکەی لەگەڵ دەرگەوانەکە کردی، وەک دوو ڕەفتاری منداڵانە هاتنەوە پێش چاوی٠٠ (دەبوایە وام نەکردایە..)، هەڵوێستەیەکی کرد برێ لە قەڵافەتی خۆی ورد بۆوە!٠٠ (هەموویم بەهۆی ئەم بەرگە خوا گرتووەوە لێ وەشایەوە..) خستیە ئەستۆی چاکەت و پانتۆڵەکە..! دەیویست خۆی لە کۆتێکی سەربازی قورتار بکات، بەڵام ئەوەتا هەڵەوەڕی هاوێشتییە جیهانێکی گوماناویی پڕ هەڵوێستی هەڵەشەوە٠٠

ئەمجا کەوتە مەراقی ئەوەی کاتەکەی چۆن بباتە سەر، هەتا ئێوارە، ئەو ساتەی بە(ئەلیزابێث) دەگاتەوە چی بکات؟.



هەر پەست بوو، خۆی سەرکۆنە دەکرد.. پەلەی کرد، نەدەبوو زۆری لە (ئەلیزابێث) بکردایە دەست بە ئامادەکردنی بەڵگەنامە پێویستەکانی شووەکەی بکات و داواکەی بەرز بکاتەوە..! هەر بیری دەکردەوە٠٠ (زۆرم لێکرد، گوتم شوو دەیپارێزێ، کەچی لەوەدەچێ وانەبێ، بارەکە قلّپ بۆتەوە٠٠!).

لە ناکاودا دەنگێکی گڕی تووڕە هەژاندی!

– بەھ بەھ بەھ، ئەم خۆ تاسو لووس کردنەت لە چییە؟.. هەی قەشمەری بێ ئابڕوو، شەرم ناکەیت ئاوەهات لە خۆت کردووە..

سەری هەڵبڕی، ڕووانیی ئەفسەرێکی پیری لێ ڕاستبۆتەوە.. پیرە ئەفسەر لەسەری ڕۆشت:

– دیارە تۆ کابرایەکی بێ هەست و بەرەڵایت، شتێکی پیس و ڕەوشت سووکیت، ئاخر نابێ ئەو برە فامەت هەبێ، هەست بەگرنگی ڕەوشی ناسکی ئەمڕۆی نیشتمان بکەیت؟

(گرێبەر) هەر بەخۆی کاسو وڕ بوو، هەڵوێستەکەش هێندەی دیکە شپرزەی کرد، هۆشی بەلای خۆیەوە نەبوو، بۆیە هەر بەو چاکەت و پانتۆڵە شارستێنیەوە سڵاوێکی سەربازانەی قیتی بۆ پیرە ئەفسەر کرد! زرمەکەی پای زرمە نەبوو..! بۆیە لە ئەفسەرەکە وایە پێی ڕادەبوێرێ.. (گرێبەر) هاتەوە هۆش خۆی، بەپەلە داوای لێبوردنی لێ کرد:

– ببەخشە گەورەم، مەبەستم خراپ نەبوو.

– چی..؟ هێشتا زاتی ئەوەشت ماوە لەسەری بڕۆیت..؟ تۆ سەرباز نیت بۆت نییە..

(گرێبەر) لە وزەیا نەما، لە ئەفسەرەکە ورد بۆوە، ناسییەوە، هەر ئەوەبوو شەوەکە لەبەرچاوی (ئەلیزابێث)دا سەرکۆنەی کرد.. لوورەی ئەفسەرەکە لە پەردەی گوێی دایەوە:

– خوێڕیی وەکو تۆ دەبێ لە تەرییقیا بەناخی زەمیندا بچێ..

ئیتر (گرێبەر) لەوە زیاتر خۆی پێ نەگیرا، پڕ بەدەنگی بەسەر ئەفسەرە پیرەکەدا نەڕاندی:

– ئەوەندە خۆت بەمنەوە ماندوو مەکە.. دەی تا زووە لاچۆ لەبەرچاوم، ڕاستەوخۆ بگەڕێوە ناو سندووقە پڕ مۆرانەکەی تێدا عەمبار کرابوویت..

هەردوو چاوی ئەفسەرەکە لە تاواندا سپی هەڵگەڕان، دەمی کەفی چاند، هەردوو لێوی هاتنە لەرزین و وەک ڕۆبیانێکی دەریا سوور هەڵگەڕا٠٠ بەهەناسەیەکی سوارەوە کەوتە هەڕەشەکردن:

– چارەت دەکەم.. بەسزای خۆت دەگەیەنم.

– فشەفش.. دەی لاچۆ ڕێکە بەردە، کارم هەیە پەلەمە..

– ئاوەها.. (ویستی زیاتر بڵێ، هەنگاوێکی دی لە «گرێبەر» نزیک بۆوە، لە پڕێکا هەردوو کونە پڕ مووەکانی کەپووی فش بوونەوە، کەوتە مشەمش و بۆن کردن..! ماسوولکەکانی دەموچاوی هێندەی دی گرژبوونەوە.. بێزی لە شتێک دەهاتەوە..)

– هەی های!؟.. ئەمجا دەزانم تۆ چیت!.. دەڵێم بۆچی سەرباز نییە.. تۆ پیاونیت.. نێرەمووکیت، دەگ داڕزێیت.. هەی نێرەمووکی کونی.. (تفێکی کرد و ڕدێنی بەپشتی دەستتی سڕی، بەچاوێکی سووکەوە دەینواڕییە گرێبەر.. لە ناکاودا پشتی تێکرد و دوورکەوتەوە)..

بۆنی دەرمانە وەنەوشەییەکە بوو لە (گریبەر)ەوە دەهات، هەردوو دەستتی خۆی بۆن کرد، بۆنێکی هێجگار خەستیان لێوە دەهات.. لە دڵی خۆیا گوتی.. (جا ئەو ئەفسەرە پیرە ڕاستی نەکرد؟.. ئەوەنیم کە ئەو گوتی.. ئەی سووک و ڕیسوای زەبر و دەستەڵاتی ترس و گومان نیم؟.. ترس٠٠ لەوە ناترسم خۆم شتێکم بەسەر بێ..!) بۆ خۆی نەدەترسا.. ترسەکەی بۆ یەکێکی دیکە بوو، یەکێکی نزیک و خۆشەویستە٠٠ دەترسی ئەو تووشی بەڵایەک بێ.. بەڕادەیەکی وا دەترسا، مەرایی و ماستاوی بۆ هەموو جۆرە کەسێک دەکرد.. خاتوو (لیزەر)، دەرگەوانەکە، مەگەر هەر خودا خۆی بزانێت چیدی ئامادەیە لەم جۆرە ئاکارانەی لێ بوەشێتەوە.. بۆ پارێزگاری خۆشەویستەکەی هەموو شتێکی لێ دەوەشایەوە٠٠ لە دڵی خۆیدا دەیگوت٠٠ (ئەوەتا، ڕەوشتە بەها بەرزەکانیشمان بەرە بەرە لەدەست ئەدەین، نەوی دەبنەوە و بەناخی بۆگەناوی ترس و بێ دەستەڵاتییدا دەچن)..

***

دوورەوپەرێز وەستابوو، لە سووچێکی شەقامەکەوە دەینواڕییە دەروازە ئاسنینەکەی بەڕێوەبەرایەتی گستابۆ.. پاسدارێکی لاو بەدەم باوێشکدانەوە بەبەر دەرگاکە دەهاتو دەچوو، دوو ئەفسەر بەدەم قاقای پێکەنینەوە لە ساختمانەکەوە هاتنە دەرەوە.. پیاوێکی بەتەمەن لە پەنا دەرگاکەوە سەرە تاتکێیەکی کرد، ئەمجا لە ناکاودا فرتەیەکی کرد و لەو ناوە دوورکەوتەوە..

دوودڵ بوو، هەر لەو قوژبنەی لێی وەستابوو دەینواڕییە دیوارە بڵندەکانی ئەو ساختمانە، سامناک بوون، ماوەیەکی بەو شێوەیە پێچوو، کارتێکی لە باخەڵدا بوو، دەری هێنا، تەماشای کرد، نواڕییە ئاسمان.. ئەمجا جووڵا سست لە دەرگەی ساختمانەکە نزیک بۆوە.. پاسەوانێک لە کارتەکە وردبۆوە، دایەوە دەستتی و ڕەوانەی ناوەوەی کرد، کاتێکی زانی لە حەوشی ساختمانەکەیە، چاوێکی لینج و قورسی هەڵبڕی، بەسامەوە دەینواڕییە پەنجەرە بەرزەکان٠٠ گەلێ جۆر ترسی تاقی کردبۆوە، لە هەموو ڕەنگ و قەوارەیەک، گەورە، گچکە.. هێمن و شپرزە.. بەخورپە و لەسەرخۆ٠٠ بەڵام ئەمەی ئێستا کە هەستی پێدەکات لە جۆرێکە هەناسەی تەنگ دەکات، لە دەروونیا پەنگ دەخواتەوە! لە جۆرێکە مرۆڤ بە ناخی ڕیسوابووندا دەبات و دەیتلیسێنێتەوە، سامێکە سنووری بەربەرکانیی دەستمێت، دوا گەردیلەی ئەو گیانەی تێدا دەهاڕێت، هێزێکە گەمارۆی داوە، هەموو دەرکێکی قورتار بوونی لێ قوفڵ ئەدات.. هەرەس و گومان و کرمۆڵ بوونە، ترسێکە زەبری گشتی ترسەکانی دیکەی تێدا گردبۆتەوە.. ترسی تووشبوونی خۆشەویستانە، ترسی چارەنووسی تاریک و ڕەشی هەلاتووان و دەربەدەران و زیندانی کراوەکانە.. ترسە لە مەرگ، لە ژیان، لە خۆ٠٠! لە زەبر و دەستەڵاتی دڕندەی خۆپەرستانە٠٠ ئەو ترسە بێ وێنەیەیە چاخێکی بەگیر هێناوە، مرۆڤ و مرۆڤایەتی یەخسیری شێوەکانی کردووە.

***

لەو بەرەوە، بەرامبەر کارگەی دروومانەکە، چاوەڕوانی (ئەلیزابێث) بوو دەرکەوێت.. فیکەی کۆتایی کاری ئەو ڕۆژەش لێدرا، وەختێ چاوی بە(ئەلیزابێث) کەوت، سام و ترسەکانی هرووژانەوە..

(ئەلیزابێث)ش چاوی بە(گریبەر) کەوت، بەغار لە شەقامەکەوە پەڕییەوە، بەڕوویەکی گەش و



حەپەساوەوە وتی:

– چەند گۆڕاویت؟ بەم چاکەت و پانتۆڵەوە بەجارێک گەنج بوویتەوە.

– دڵم پێی خۆش نییە.. وا هەست دەکەم تەمەنم سەدساڵە..

– چی ڕوویداوە٠٠؟! ڕەوانەتان دەکەنەوە؟!

– نەء.

– ئەی هەر لەبەر ئەم چاکەت و پانتۆڵەیە کە پۆشیوتە.

– نازانم! ترسێک لە دڵمایە.. هەست دەکەم پەلەمان لە بڕیاری ئەم ژنهێنانە کرد، دەترسم بەهۆیەوە تووشی بەڵایەک ببیت.

– من تووش بم؟! چۆن؟

(گریبەر) شڵەژابوو:

– گستابۆ لە ژن هێنانیش دەکۆڵنەوە، وا هاتووە بەبیرما پەشیمان ببینەوە چاترە، نامەوێ ناوت بکەوێتە ناو ناوانەوە.

(ئەلیزابیث) هەڵوەستەیەکی کرد، نواڕییە چاوی (گریبەر):

– ئێ چیتر؟

– ئەی ئەوە بەس نییە، ترس و خەم لەوە گەورەتر هەیە؟ دڵمی داڕزاندووە.

– دەترسیت زیندانیم بکەن.

– شتی وام نەبیستووە.

– ئەی چی؟.. دەترسیت بزانن کە کیژی دکتۆر کرۆزەم.

– نامەوێ ناوت بکەویتە ناوناوانەوە، بکەوێتە بەرچاوان، تۆ ئەمانە ناناسیت چەند دڕندە و چەپەڵن، کەللەیان بۆگەنە، پڕی جۆرەها نیاز و ئارەزووی قەڵبە.. نەدادیان هەیە نەڕەوا.

بڕێ مت بوو، (ئەلیزابێث) پرسیاری لێ کرد:

– ئێستا بەڕای تۆ چی بکەین باشە؟

– بەدرێژایی ئەمڕۆ بیرم لێ کردۆتەوە، وا بزانم کار لەکار ترازاوە، خۆ ئەگەر لێشی پەشیمان ببینەوە گومانمان زیاتر لێدەکەن! ئەوسا هەر بەرۆکمان بەرنادەن (سەری داخست، ئەلیزابێث هەر لێی ورد دەبۆوە):

– با هەوڵێک بدەین..

– نەخێر، شتەکە لە دەست دەرچووە، با چاوەڕوان بین بزانین چی ڕووئەدات..

کەوتنەوە ڕێ، بیری دەکردەوە.. (داخی ئەم کارگەیەش، لەم گۆڕەپانە ڕووتەنییەدا زۆر دیارە، فڕۆکە بەئاسانی دەیپێکێ..).

– ئەم کارگەیە هەتا ئێستا بۆمبباران نەکراوە؟

– نەء!

– زۆر بەئاسانی دەزانرێ کە کارگەیە٠٠

– پەناگەی تۆکمەمان هەیە.

– بەرگە دەگرن..؟

– بەڵێ٠٠ وا بزانم.

(گرێبەر) بەدەم ڕۆیشتنەوە دەینواڕییە ئاسمان، شانیان نابوو بەشانی یەکەوە، پێکەوە هەنگاویان دەنا.

– بەهەڵە لێم تێ مەگە.. من لەوە ناترسم خۆم شتێکم بەسەر بێت، دەترسم تۆ تووش بیت، ئەوسا خۆم بە تاوانبار دەزانم٠٠ هەتا هەتایە دەبێ پێوەی بناڵم.

– مەترسە.

– ئەی تۆ ناترسیت.

– هەموو جۆرێکیم تاقی کردۆتەوە، دڵ و کەللەم هێندەیان تێدایە جێگەی ترسێکی دیکەیان تێدا نابێتەوە..

– منیش، بەڵام کاتێک یەکێک یەکێکی خۆش دەوێت، جۆرەها شێوازی نوێی ترس تاقی دەکاتەوە، نازانێ لەکوێوە دێن و چۆن چۆنی بەرۆکی دەگرن..

(ئەلیزابێث) گەردەنی بەرزکردەوە، خەندەیەکی گەش ڕوخساری ڕازاندبۆوە، (گرێبەر) نواڕییە چاوەکانی:

– ئاخۆ ئەم ترسەش مەرجێ بێ لە مەرجەکانی خۆشەویستی؟.. لەوانەیە خۆشەویستییەکە خۆی بێت بەم شێوەیە هەستی پێ بکەین.

– نازانم، بەڵام گشت ئەو بیرو لێکدانەوانەت کارم تێدەکەن.

– هەمووی بەهۆی ئەم بەرگە نەگبەتەیە کە پۆشیومە، بەیانی زوو فڕێیان ئەدەم، وامدەزانی مرۆ بەم جلوبەرگانەوە کات زۆر بەئاسوودەگی و شادمانیەوە دەباتەسەر.

(ئەلیزابێث) بەدەم پێکەنینەوە پرسیاری لێکرد:

– ئێستاکە گشت خەم و پەژارەکانت بەهۆی ئەم چاکەت و پانتۆڵەیە کە لەبەرت کردووە؟

لەوە دەچوو پەژارەکانی ڕەویبنەوە:

– نەء، بەهۆی ئەوەیە کە حەزم لە ژیانە.. بەڵێ هەر ئەمەیە هۆی ڕاستەقینەی هەموو ترس و مەراقێکم.. کاتێکیش چاوم پێت کەوتەوە هەموو ترس و پەژارەکانم پەرەوازە بوون، ئەگەر چیش هیچ لە هەڵوێستەکە نەگۆڕاوە.. وادەیەکە ترس تیادا پێویستی بەهیچ هۆیەک نییە تا بکەوێتە دڵەوە.

– دەبێ سوپاسی یەزدان بکەین کە خۆشەویستیش هەمان ئاکاری هەیە.

بەدەم ڕۆیشتنەوە لە یەک ورد دەبوونەوە، (ئەلیزابێث) شاد و بێباک شانی نابوو بەشانی گرێبەرەوە بەگوێرەی هەنگاوەکانی هەنگاوی دەنا، (گرێبەر) لە دڵی خۆیدا دەیگوت.. (گۆڕاوە..! ڕۆژ لەدووی ڕۆژ پتر دەگۆڕێ، لە پێشان ئەو دەترسا، ئێستاکە من..!).



لە گۆڕەپانی (هیتلەر) پەڕینەوە، زەردەپەڕی ئێوارە ئاسمانی لەودیو کڵێسەکەوە ڕەنگ کردبوو٠.

(ئەلیزابێث) پرسیاری کرد:

– ئاخۆ کوێ بێ، ئاگری تێ بەر بووە؟

– ئاگر نییە، ئەوە خۆرە ئاوا دەبێ..

– ئاوابوون..!؟ دەمێکە ئاوابوون و ڕەنگەکانیمان لەیاد چووە، وا نییە؟

– بەڵێ وایە..

پێکەوە هەنگاویان دەنا، ئارایشتەکەی ئاوابوون تا دەهات خەستتر و تێرتر دەبوو، بەڕوخسار و گەردن و دەست و پەلی ڕووتیانەوە ڕەنگی ئەدایەوە.. تەماشای ڕێبوارانی سەر شەقامەکەی دەکرد، دەهاتن و دەچوون، وەک جاران نەدەهاتنە پێش چاوی، هەر یەکەیان مرۆڤێکی جودا بوو، تایبەت بوو بەخۆی، خاوەنی بوون و قەوارەی خۆی بوو، بیری دەکردەوە٠٠ (خاکساران زۆر زوو دەگەنە بڕیاردان، بەڵام هەر ئەوەندەی بوونە خاوەنی شتێک، خێرا دەکەونە گێژاوی گومان و ڕاڕاییییەوە، ترسیان پێ فێر دەبێ، باری ژیانیان قورستر دەکات.. لەوانەیە واش نەبێت!؟.. نەخێر توانای بڕیاردانیان بەیەکجارەکی دەپسێ، خۆ ئەگەر جەربەزە و چاونەترسیش بن، هەرگیز وەکو جاران بڕیاریان بەئاسانی بۆ نادرێت..)، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی، هەستی دەکرد وەک لە کردەوەیەکی پەی بردنی[٤] دژواری سەربازی گەڕابێتەوە وایە، کردەوەیەک بوو لە گشت کردەوەکانی پێشتر سەخت و سامناکتر.. بۆیە هەستی بە ئارام و ئاسوودەگییەکی قووڵ دەکرد..

(ئەلیزابێث) بەسەر سوڕماندنێکەوە وتی:

– سەیرە، تا چاو بڕ دەکات درەختێکی زیندوو بەدی ناکەم، گشتی سووتاوە، کەچی بۆنێکی خەستی گوڵم بەخەستی بەکەپوودا دێ.. وەنەوشەیە.. سەیرە کەس سەری لە زەبر و بەهرەکانی وەرزی بەهار دەرناچێت..!

---

١– سەرشۆرگە: گەرماو، حەمام.

٢– پاکۆکەرە کیمیاوییەکان: معقمات کیمیاویە.

٣– کەنیلە: دوێتە– آنسة.

٤– پەی بردن– پەی پێ بردن: استطلاع.

## 18

له دەوری (بووتشەر) گردببوونەوە، ئەویش خۆی کۆ دەکردەوە، (گرێبەر) پرسیاری لێکرد:

– بەڕاست، دۆزیتەوە؟!

– بەڵێ، بەڵام چۆن دۆزینەوەک.

– لە کوێ بوو؟

– شەقامەکان، شەقامی (کیللار)، لە تەنیشت کۆگایەکی چەتر فرۆشییەوە وەستا بوو.. نەمناسییەوە..

– ئەی بەدرێژایی ئەو هەموو ماوەیە لە کوێ بوو؟

– لە ئۆردووگایەکی نزیک شاری (ئیرفۆرت).. (سەرێکی بادا).. ئەوەندە پرسیارم لێ مەکەن، باسەکەم پێ مەبڕن.. لە تەک کۆگایەکی چەتر فرۆشیدا وەستا بوو، من نەمدی، بەلایا ڕەت بووم، ئەو بانگی کردم، گوتی نامناسیتەوە؟! (بڕێ بێ دەنگ بوو، چاوی بەهاوەڵەکانیا گێڕا، هەموو گوێیان بۆ شل کردبوو).. ئاخر چۆن بیناسمەوە.. چل کیلۆ گۆشتی ڕەبەقی کەم کردبوو..!

– لە کام ئۆردووگا بوو؟

– نازانم، وا بزانم لە ئۆردووگای (ڤالْدلاگەر)ی ژمارە (٢) بوو.. پرسیاری تەواوی لێدەکەم لە کوێ بووە..؟ بەڵام توخوا ئەگەر گوێم لێ نەگرن.. گەیشتمە کوێ..؟ ئا.. وەختێ بەناوی خۆم بانگی کردم ئاوڕم لێ دایەوە، هەردوو چاوم تێبڕی، ئەمجا ناسیمەوە، گوتم: ئەوە تۆیت؟ وەڵامی دامەوە: بەڵێ ئازیزەکەم ئەوە منم، هاوسەرەکەی خۆتم، دڵم خەبەری دابوو کە گەڕاویتەوە، بۆیە منیش گەڕامەوە ئێرە، منیش هەر لێیی ورد دەبوومەوە، خانمێکی کەتە و زلەی وەکو ئەو کە هێندەی ئەسپی عەرەبانەیەک دەبوو، بەچی ئاوەها وشک هەڵگەڕاوە.. پەیکەرێک ئێسکی ڕەقوتەقی لێ مابۆوە و بەرگێکی دەڵب و فشی بەبەردا کرابوو.. (مرقەیەکی کرد).. (فیلْدمان) چووبووە باسەکەوە، بەبایەخ پێدانێکەوە پرسیاری لێ کرد:

– باڵای چەندە؟

– چی؟

– ژنەکەت، باڵای چەند بەرزە؟

– مەترێک و شەست سانتیمەترە..! پرسیاری باڵای بۆ دەکەیت؟

– کەواتە ئەم سکاڵا و تاڵاو ڕشتنەی نەگەرەکە.. هاوسەرەکەت ئا ئێستا لە سەنگ و باڵای سروشتی خۆیدایەتی.

(بووتشەر) مۆڕەیەکی لێ کرد:

– ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت، سەنگی چی و سروشتی چی؟ وەکو چیلکە وشک هەڵگەڕاوە، من ئەو سەنگە سروشتییەم نەگەرەکە کە لە کەللەی تۆدایە، من ژنەکەی جارانم گەرەکە، خانمە پانوپۆڕە تێکسمڕاوەکەم.. گوایە بۆ کێ دەجەنگێم، بۆ چەقەڵ؟



(ڕۆیتەر) هەڵی داییێ:

– تۆ بۆ پێشەوا و نیشتمانی پیرۆزت دەجەنگێیت نەک بۆ چەند کیلۆیەک گۆشتی زیادە.. دەبوایە بەو سێ ساڵەی کە لە بەرەکانی جەنگدا بردتە سەر بگەیبایەتە ئەم ئەنجامە..

(بووتشەر) نیگایەکی بێ دەستەڵاتانەی پیاگێڕا، ئەمجا وەڵامی (ڕۆیتەر)ی دایەوە:

– کێ باسی زێدە گۆشتی کردووە، من باسی ژنەکەم دەکەم بەقەوارە و کێشەکەی جارانیەوە..

(ڕۆیتەر) پەنجەی هەڵبڕی بەدەم ڕاوەشاندنیەوە وتی:

– ئیتر کۆتایی بەم باسە بێنە، چی لە کەللەتدایە با تیادا بمێنێتەوە، سوپاسی یەزدان بکە کە ژنەکەت ماوە.

– سوپاسم کردووە.. بەڵام ئاخۆ وەک جارانی لێ بێتەوە؟

(فیلْدمان) وەڵامی دایەوە:

– دەتوانیت وەک جارانی لێ بکەیتەوە.. خواردنی چاکی بدەرێ..

– ئاوەها..!؟ کام خواردن، ئەوەی بە کارت دابەشی دەکەن!..

– هەوڵ بدە لەملاو ئەولاش خواردنی دیکەی بۆ پەیدا بکەیت.

– پەیداکردنی بەگوتن ئاسانە.. بەهەر حاڵ ئامۆژگارییەکانتان جێگەی ڕێزن و لەسەر سەرن بەڵام من تەنها سێ ڕۆژم لێرە ماوە.. ئیتر پێم نالێین بەم سێ ڕۆژە چۆن چۆنیی قەڵەوی بکەمەوە، خۆ ئەگەر لە ڕۆنی نەهەنگیشدا بیگەوزێنم یان ڕۆژێ حەوت مریشک بکەم بەگەروویدا ناچێتەوە سەر قەوارەکەی جارانی، نەخێر بێ سوودە.. برایان، لێتان ناشارمەوە، بەڕاستی کەوتوومەتە گوزەرانێکی هێجگار نارەحەتەوە.

– بۆچی.. ئەگەر ئەوەندە بەعەزرەت پیو و بەزەوەیت، ئەوەتا ئەوە خانمی ڕیستورانەکەت هەیە، یەکپارچە دووگ و ڕۆنە.

– ڕاست دەکەیت.. لەمن وایە بەدیتنەوەی هاوسەرەکەم ئەوم لەبەرچاو دەکەوێت، بڵێم چی، من پیاوێکی داوێن پیس نیم، بەتەنگ خاوێنی ژیانی ژن و مێردایەتییەوە دێم، بەڵام چی لەم دڵە قەڵبەم بکەم ئەوەتا ئێستاکە بۆ خانمی ڕیستورانەکە لێ ئەدات.

(ڕۆیتەر) بەتووڕەبوونێکەوە وەڵامی دایەوە:

– تۆ پیاوێکی خراپیت.. توێکڵ پەرستیت.

– نەء وانیم، من هەموو هەست و نەستێکم بەلاوە قووڵ و پڕ بەهایە، هەر ئەمەشە هۆی هەموو نەهامەتییەکم، ئێوەش کۆمەڵێک پیاوی بێ کارەی قەشمەرن، تەشخەڵە بەهەموو شتێک دەکەن، گەمژەشن لە هیچ تێناگەن.

(گرێبەر) پرسیاری لێکرد:

– ئایا پەنایەکتان هەیە ئەم چەند ڕۆژەی لە مۆڵەتەکەت ماوە تیادا بیبەنەسەر، یان دەچنەوە ماڵەکەی خۆتان؟

– ماڵی چی و حاڵی چی، خشتی بەسەر خشتەوە نەماوە، بەڵام کەلاوەکۆنێکی سەد ساڵەم بەلاوە لێرە خۆشترە، تەنها خەم لە دڵما بێت ئەوەیە کە ژنەکەم وەک جاری جاران بەدڵ نییە، ناڵێم خۆشم ناوێت.. خۆشم دەوێت، بەر لەوەی مارەی کەم خۆشم دەویست، بەڵام ئەم حاڵەی ئێستایم بەدڵ نییە، چی بکەم بەدەست خۆم نییە، دڵم لە هەموو شتێک ساردبۆتەوە، ئەویش هەستی پێ کردووە.

– چەند ڕۆژت لە مۆڵەتەکەت ماوە؟

– سێ.

– هەوڵ بدە بەشادومانی لەگەڵیا بیانبەیتە سەر.. وا خۆت نیشان بدە کە شادومانیت..

(بووتشەر) بە کزییەکەوە وەڵامی دایەوە:

– تەنها ژن دەتوانێت بەپێچەوانەی هەستیەوە خۆی نیشان بدات، ئەم بەهرەیە لە نێرینەدا نییە.. باوەڕتان بێ وا چاکتر بوو خۆمان لە یەکتری هەڵە بکردایە.. یەکمان نەدیبایەوە، ئێستاکە هەردووکمان پێوەی دەناڵێنین.

توربەکەی دا بەکۆڵیا، ڕێی دەرەوەی گرتەبەر، (ڕۆیتەر) لێی ورد دەبۆوە، ئاوڕێکی لێ دانەوە و بە (گرێبەر)ی وت:

– ئەی تۆ بڕیاری چیت داوە؟

– بەتەمام سەردانێکی کارگێڕیی سوپا بکەم، بزانم هیچ بەڵگەنامەیەکی دیکەیان بۆ ژن هێنانەکەم پێویست نییە..

(ڕۆیتەر) بەتەشخەڵەوە پێی گوت:

– ئەی ناترسیت وەکو بووتشەرت بەسەر بێ؟

– زۆرن ئەو شتانەی لێیان دەترسم، بەڵام لەوەی بووتشەر هەرگیز نەء.

***

بۆڵە لە نووسەرەکە بەرز بۆوە:

– کەشەکە تەواو نییە!.. مەبەستم لە بەرەیە (ڕووی کردە گرێبەر تەنها هەردووکیان لە نووسینگەکەدا بوون).. پیاو لە کەشی خراپدا چی بکات باشە؟

– خۆی بشارێتەوە.. منداڵیش ئەمە دەزانێت.. ئەوە چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیە، من سەربازێکی مۆڵەت دراوم، بەفەرمان گەڕاومەتەوە!

– ناشێ بەتەمابیت تەواوی ماوەی مۆڵەتەکەت لێرە تەواوکەیت؟ دەڵێیت چی ئەگەر ئائێستا فەرمانێکت نیشان بدەم!.. نوێیە ئەمڕۆ پێمان گەیشتووە.

– دەکەوێتە سەر ناوەڕۆکی ئەو فەرمانە (پاکەتێک جگەرەی لە باخەڵی دەرهێنا، فڕێی دایە سەر مێزەکە، هەستی دەکرد گەدەی گرژ دەبێتەوە و گەرووی بەیەکدا نووساوە..).

دەنگی نووسەرەکەی هاتەوە گوێ:

– کەشەکە زۆر خراپە، بەجارێک ئاڵۆزاوە، زیانەکانمان هێجگار گەورەن، چی زووە دەبێ پڕ بکرێنەوە،



ئەو سەربازە مۆڵەت دراوانەی هیچ پاساوێکی گرینگی مانەوەیان نییە، دەبێت هەر ئێستا پەیوەندی بەهێزەکانیانەوە بکەنەوە.

– پاساوی وەکو چی؟

– مردنی کەسێکی زۆر نزیک، یان کارێکی خێزانی هێجگار گرینگ کە پێویستی بەمانەوەی ئەو کەسە بێت، یان نەخۆشییەکی وا قورس کە پیاو لە پەلوپۆ بخات.. (پاکەتە جگەرەکەی نایە گیرفانییەوە).. خۆت دەرمەخە با لەبەر چاو نەبیت.. هەتا نەدۆزرێیتەوە ڕەوانە ناکرێیتەوە، خۆت لە سوپاگەکان دوور بخەوە، چۆن چۆنی خۆت لە دەردێکی کوشندە دەپارێزیت ئاوەها خۆت لەو تەرحە شوێنانە بپارێزە.. دەی ئازابە، بڕۆ خۆت لە کونێکدا حەشاردە، کەی ماوەکەت کۆتایی هات ئەوسا دەرکەوە، جا ئەوجاش چییان لە دەست دێ با بیکەن.. بەتاوانی نەدانی ناونیشانی دروستەوە سزات ئەدەن؟.. با بیدەن، هەر ڕەوانە کردنەوەکە نییە؟

– ئەی ژن هێنان بەهانە نییە پیاو خۆی پێ گلبداتەوە؟

– ژن هێنان؟

– بەڵێ، هەر بۆ ئەو مەبەستەش هاتووم، دەمەوێ بزانم ئەو کارە پێویستی بەچییە تا ئامادەی بکەم..

– ژن هێنان..! لەوانەیە.. دەڵێیم لەوانەیە، وەکو پاساوێک دەست بدات و ببێتە هۆی مانەوەت.. (جگەرەیەکی داگیرساند).. بەڵام چی ئەمەی خستۆتە کەللەتەوە.. بەهەرحاڵ بێ لە کارتی سەربازییەکەت باوەڕ ناکەم پێویستیت بەهیچی دیکە هەبێت.. ئەگەر شتێکی دیکەیان لێ داوا کردیت سەر لە خۆم بدەوە.. بەخۆم بۆت جێبەجێ دەکەم، هەروەکو ئەمجارە چۆن هاتیت، وا وەرە.. با کەس چاوی لێت نەبێ.. بەرگێکی سەربازی ڕێکوپێکت نییە؟.. بەم شڕەیەی بەرت ژن نەهێنراوە..

– دەتوانم بیانگۆڕمەوە؟

– لەوانەیە، سەرێک لە ئەمباری جلوبەرگە سەربازییەکان بدە، لێرەیە، لە ژێرزەمینەکە، گامێشە زلەکەی ئەوێ حاڵی بکە کە ژن دەهێنیت، بەناوی منەوە داوای لێ بکە.. جگەرەی دیکەت پێیە..؟

– نەء، بەڵام دەتوانم هەندێک پەیدا بکەم.

– بۆ خۆمم ناوێ، بۆ ئەو چاوەشەمە کە ئەمینداری عەمباری جلوبەرگەکەیە.

– زۆر باشە.. بەڵام وەکو بزانیت ئاخۆ دەستگیرانەکەشم پێویستیی بەو بەڵگەنامە و بەزموڕەزمانە بێت؟

– نازانم، ڕێوڕەسمی ژن هێنانی سەربازان دەبێ خێرا ئەنجام بدرێ (تەماشایەکی کاتژمێرەکەی کرد) دەی زووبە، خۆت بگەیەنە ئەمبارەکە، چاوەشەکە ئێستاکە لەوێیە..

***

(گرێبەر) خۆی بەعەمباری بەرگە سەربازییەکاندا کرد، چاوەشەکی زەبەلاحی لێ بوو، چاوەکانی ناوازە و سەرنج ڕاکێشەر بوون، هەر یەکەیان لە ڕەنگێ بوو.. هەستی بە(گرێبەر) کرد لە چاوی ورد دەبێتەوە بەپەستییەکەوە نەڕاندی بەسەریا:

– چییه؟ چاوی شووشەت نەدیوە؟

– دیومە؟ بەڵام کەسێکم نەدیوە یەکێ بەکاربێنێ لەگەڵ ڕەنگی چاوە ساغەکەیدا نەگونجێ.

چاوەشەکە پەنجەی بۆ چاوە شینەکەیان ڕاکێشا:

– گەمژە ئەوەی خۆمم لێ بەربۆوە، شکا.. ئەمەم خواستووە، ئەم جۆرە شتانە دەبێ لە شتێک دروست کرێن نەشکێن، شتێکی وەکو باغە و ئەو بابەتانە.

– ئەوانیش چاک دەستووتێن.

بەتەوسەوە دەینواڕییە میدالیاکانی (گرێبەر)، گاڵتەی پێیان دەهات، (گرێبەر) پرسیاری لێ کرد:

– دەتوانم ئەم بەرگەی بەرم بەیەکێکی دیکە بگۆڕمەوە؟

– ئەی بۆ نا؟.. بەڵام هەرچییەکمان هەیە لەوەی بەرت شڕترە.

جار جارێک بریسکەیەک لە چاوە شینەکەیەوە دەهات، (گرێبەر) پاکەتێک جگەرەی لە دیارییەکانی بیندینگ نایە سەرمێزەکە، چاوەشەکە خێرا هەستایە سەرپێ، خۆی بەعەمبارەکەدا کرد، زۆری پێ نەچوو بەچاکەتێکەوە گەڕایەوە.

– تەواو ئەمە هەموو توانایەکمانە.

(گرێبەر) دەستی بۆ چاکەتەکە نەبرد، شووشەیەک کۆنیاکی پانکەلەشی لە باخەڵی دەرهێنا، ئەویشی لە تەک پاکەتە جگەرەکە دانا.. چاوەشەکە جارێکی دی خۆی بەعەمبارەکەدا کردەوە، ماوەیەکی پێچوو ئەمجارە بەچاکەتێکی چاکترەوە گەڕایەوە، پانتۆڵێکیشی پێ بوو شتێ لە پانتۆڵێکی نوێ گەڕابۆوە.. پانتۆڵەکەی بەری هێجگار شڕ بوو، بۆیە بەپەرۆشەوە دەستی دایە پانتۆڵەکەی دەست چاوەشەکە، ئەمیش بەشێوەیەکی وا پێچابوویەوە پەڵەیەکی زڵەی شاردبۆوە.. بەبێ ورتە نواڕییە پەڵەکە.. لایەکی لەقاپە کۆنیاکەکە کردەوە، ئەمجا نواڕییە چاوی چاوەشەکە..

چاوەشە زلەکە خێرا وتی:

– خوێن نییە.. چەورییە، ڕۆن زەیتوونێکی ساغە، لە ئیتاڵیا چەور بووە، بەبڕێ بانزین خاوێن دەبێتەوە.

– ئەی بۆ خاوەنەکەی خاوێنی نەکردۆتەوە.. بەیەکێکی دیکەی گۆڕیوەتەوە؟

چاوەشەکە ددانی جیڕ کردەوە:

– پرسیارێکی جوانە، لە جێی خۆیدایەتی، بەڵام ئەگەر بێت و بزانیت خاوەنەکەی بۆچی گۆڕیویەتەوە سەرت دەستوڕمێ.

– ئادەی بزانم بۆ؟

– خاوەنەکەی لەدووی پانتۆڵێک دەگەڕا لەوەی بەرت زۆر شڕتر بێ!

– مانای چی؟!.. بۆچی؟

– لەو جۆرانەیە کە هەتا ئێستا بەشداری شەڕێکیان نەکردووە، لە (میلانۆ) بووە، لەوێ لە یەکێ لە نووسینگەکانی سوپا کاری کردووە، زوو زووش نامەی بۆ ژنەکەی نووسیوە، خۆی هەڵکێشاوە گوایە لە



چەقی شەڕەکەدایە، کاتێکیش گەڕایەوە نەیوێرا بەم پانتۆڵە ڕێکوپێکەوە خۆی بکاتەوە بەماڵا نەوەکو درۆکانی ئاشکرا بن، بۆیە هاتە ئێرە و بەپانتۆڵە شڕێکی گۆڕییەوە.. باوەڕم پێ بکە، لەم پانتۆڵە باشتر پانتۆڵێکی دیکەت دەستناکەوێت..

باوەڕی پێ نەکرد، بەڵام هیچ بەرتیلێکی دیکەی پێ نەبوو سەودای چاکتری پێ بکات، سەرێکی لەقاند.. چاوەشەکە بیری دەکردەوە لە پڕێکا گوتی:

– ئەوەی بەریشت هەر بۆ خۆت.. باشە؟.. ڕێکەوتین؟

– ئەی عەمبارەکەت نوقسانی ناهێنێ؟

بریسکەیەک لە چاوە شینەکەیەوە هات.. بەبێ باکییەکەوە وتی:

– دەمێکە نوقستانی هێناوە؟ بۆ هیچ ماوە کورتی نەهێنابێ.. چی بەساغی ماوە؟.. گوایە ئەمە نازانیت؟!

– نەء.

– باشتر.. دەبڕۆ دەی.

***

بەڕێکەوت بەبەردەم خەستەخانە گەورەکەی شاردا ڕەت بوو، گفتەکەی هاتەوە یاد کە بە (مۆتیسک)ی دابوو، هەرچەنە دوودڵیش بوو بەڵام خۆی بە خەستەخانەکەدا کرد، وا هات بەبیریا کە کارێکی خێرە و لەڕاهی خودادا دەیکات، دەرهەق بەم ڕەوشتەی لە بەڵای دەپارێزێ..

دەست و لاق بڕاوەکانیان لە نهۆمی سەرەوە دانابوو، بریندارە نوێکان و ئەوانەش کە توانای جووڵەیان نەبوو لە نهۆمی خوارەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر هات و بۆمبباران کران بەئاسانی بگوێزرێنەوە پەناگەی خەستەخانەکە.. پەل بڕاوەکان بەیارمەتیدانی یەکتری دەتوانن خۆیان بگەیەننە ئەوێ.. یەکێ هەردوو لاقی قرتابێ، لە توانایدایە خۆی بەملی دووانی بێ قۆڵدا هەڵواسی..! ئیتر بەم شێوەیە هەرسێکیان خۆیان دەگەیەننە پەناگەکە.. نەخۆشەوانەکانیش لەبری ئەوەی بەو کەم ئەندامانەوە خەریک بن دەتوانن کۆمەکی بارە سەختەکان بکەن..!

(موتسیک) بە(گرێبەر)ی وت:

– باوەڕ ناکەم هاتوویت؟!

– ئەوەتا بەچاوی خۆت دەمبینیت.

– ڕەوشتێکی بەرزە.. وەرە، وەرە (ئەرنەست) (شتۆگمان)یش لێرەیە، ئەوەتا.. وا بزانم لە ئەفریقیا پێکەوە بوون.

– بەڵێ.. بەڵێ پێکەوە بووین.

– دەستتی ڕاستی پەڕیوە، ئەوەتا لەگەڵ دوو کۆڵی دیکە پۆکەر دەکەن..

(شتۆگمان) وتی:

– ئەی تۆ بۆ هاتوویت ئەرنەست، چیتە؟ (چاوی بەگیانی گرێبەردا دەگێڕا).

– هیچ، من هیچم نییە.

(گرێبەر) شڵەژا بوو، هەموو وەکو (شتۆگمان) چاویان تێبڕیبوو! تەنها ئەم لە ناویاندا جەستەی تەواو بوو، بۆیە هەستی بەشێوە تاوانێک دەکرد.

– لەمن وایە تۆش وەکو من لە هەراکەی ئەفریقیا ئەوەت بەسەر هاتووە لێرە گل بدرێیتەوە.

– ڕاستییەکەی منیش بریندار بووم، بەڵام لەوێ تیماریان کردم، هەر زووش ڕەوانەی بەرەی ڕووسیایان کردم.

– شانسمان هەبوو، هەریەکەمان بەشێوەیەک، ئەوانەی لەوێ مانەوە، تاقیان لێ دەرنەچوو، ئەوەی کوژرا کوژرا ئەوەشی نەکوژرا بەدیلی گیرا (جووڵەیەکی بەپاشماوەی قۆڵە بڕاوەکەی کرد) بەڵێ شانسمان هەبوو.. ئەگەر بەم حاڵە بگوترێ شانس..

پیاوەکەی لەنێوان (شتۆگمان) و پۆکەرچییەکەی تری دانیشتبوو لە ناکاودا تووڕە بوو! کارتەکانی دەستتی توند بەمێزەکەدا دا و نەڕاندی:

– ئەرێ خەریکی یارییەکە بین یان چەنەبازی؟

هەردوو لاقی لە ژوور ئەژنۆیەوە بڕابوونەوە، دوو پەنجەی دەستی ڕاستیشی نەمابوو، سەرباری ئەو حاڵە شڕەشی، سووتا بوو.. پێستی دەموچاوی بەڵەک و پەمەیی هەڵگەڕابوو.

(گرێبەر) وتی:

– بەردەوام بن، خەریکی پارییەکەتان بن، من نەختێک دادەنیشم و دەڕۆم.

(شتۆگمان) وتی:

– تەنها ئەم سووڕەمان ماوە، هەر ئێستا کۆتایی پێ دێنین.

(گرێبەر) لای (موتسیکەوە) لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشت، (مۆتسیک) بەگوێی (گرێبەر) دای چپاند:

– ئەو پیاوە تووڕەیە ناوی (ئارنۆڵد)ە.. گوێی مەدەرێ، ئەمڕۆ لە ڕۆژە خراپەکانێتی.

– ئەوەی کە لە ناوەڕاستدا دانیشتووە؟

– بەڵێ، دوێنێ ژنەکەی سەردانی کرد، هەموو جارێک پاش هاتنی ژنەکەی بەزمان پێ دەگێڕێ، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکیش پەستی دای ئەگری.

(ئارنۆڵد) هاواری لێ کردن:

– ئەوە چپە چپی چیتانە؟

– باسی خۆمان و ڕۆژانی دێرینمان دەکەین، ئەوەشمان لێ قەدەغە ناکەیت؟

بۆڵە بۆڵێک لە (ئارنۆڵدەوە) هات لێی حاڵی نەبوون، کەوتەوە پۆکەر کردن، (مۆتیسک) هەر بەگوێی (گرێبەر) دای دەچپاند:

– ئیتر بێ لەم وردە مشتومڕە، جێیەکی ناخۆش نییە و کاتێکی شادی تێدا دەبەینە سەر.. (ئارنۆڵد) وەستای بیناسازی بوو، ئەم گوزەرانەی بەدڵ نییە، بەتایبەتی پاش ئەوەی دایکی حاڵیی کرد کە



هاوسەرەکەی خوێڕییە و بەجارێک دەستی داوەتە بەرەڵایی.

(شتۆگمان) کارتەکانی فڕێ دا، ئەویش کەوتە بۆڵە بۆڵ:

– شانسێکی قۆڕ و قەڵبم هەیە، دەبێ ئاس بیباتەوە، کەچی سێ کوڕم لێ ڕاست دەکاتەوە.

(ئارنۆڵد) شتێکی گوت، کارتەکانی بەپەلە تێکدایەوە، (مۆتیسک) پرسیاری لە (گرێبەر) کرد:

– بۆ ژیانی ژن و مێردایەتی پیاو کامیانی هەبێ باشترە، دەست یان لاق؟

(شتۆگمان) وەڵامی دایەوە:

– دەستتێکی نەبێ.. نەخێر وا نییە، پیاو چۆن بەتەنها دەستێک دەتوانیت باوەش بەهاوسەرەکەیا بکات.

– ئەوانە گرنگ نین، گرنگ ئەوەیە پیاو نەمرێت.

– ڕاستە وایە، بەڵام کوێرەوەریشە پیاو هەتا ماوە ژیانی بەجەستەیەکی ناتەواوەوە بەرێتە سەر.. ئێستا بارەکە جودایە. بەڵام کاتێ کە ئەم جەنگە کۆتایی دێت، بارەکە قلێپ دەبێتەوە، لە جەنگاوەرە فیداکارە خۆبەختکەرەکانەوە دەبینە مەردمێکی ناتەواوی بێ کارە و بێ کەڵک.

– باوەڕ ناکەم، ئێستا پەلوپۆی دەستتکردی چاک دروست دەکەن، پیاو بەهۆیانەوە دەتوانیت ژیانێکی ئاسایی بژی..

– مەبەستم ئەوە نییە، مەبەستم لە کار و توانای کارکردنە.

(ئارنۆڵد) هەڵی دایێ:

– ئەگەر هەموو پەل ساغە خۆ دزەرەوەکان وەکو ئا ئەمەی ئێستاکە لەناوماندایە، سەنگەرەکانیان چۆڵ نەکردایە، قەت ناچار نەدەبووین ئاوەها بەبەردەوامی بکشێینەوە دواوە.

(گرێبەر) هیچی نەگوت، لە ڕەوشتیا نەبوو بەگژ کەم ئەندامانیدا بچێ، هەرچییەک بڵێن هەقیانە.. دەتوانێ دەستت بداتە یەخەی یەکێک گوللەیەکی لە سنگدا بێ یان پارچەی نارنجۆکێکی لە گەدە جێ مابێ.. بەڵام لەگەڵ یەکێکی بێ دەست یا بێ لاق هەرگیز هیچی پێ ناکرێت..

(ئارنۆڵد) هەر خەریکی پۆکەرەکە بوو، (مۆتسیک) بە(گرێبەر)ی گوت:

– ئەرنەست، شتێکم بەبیردا هاتووە، دەمەوێ پرسێکت دەربارەی پێ بکەم؟.. لەگەڵ کیژێکی مۆنستەریدا حەزمان لەیەک کردووە، دەمێکە گفتمان بەیەک داوە کە بۆیەک بین، ئێستاکە ئەو وا دەزانێ تەنها گوللەیەک بەرِامەوەیە، منیش ڕاستیی حاڵەکەم پێ نەگوتووە.. جا نازانم پێی بڵێم باشترە یان نەء؟

– پەلە مەکە.. دەبێ سوپاسی یەزدانیش بکەین کە جارێکی دیکە ناتنێرنەوە بەرە، لەو دۆزەخە ڕزگارت بووە..

– بەگوێت دەکەم؟ بەڵام تا کەی لێی بشارمەوە؟.. ناتوانم هەموو تەمەنم بەچاوەڕوانی بەرمە سەر..

لەپڕێکا دەنگی یەکێ لە پۆکەرچییەکانی هاتە گوێ:

– مەست بن و پیاو بن..!

ئەمجا دایە قاقای پێکەنین، (ئارنۆڵد) لێی تووڕە بوو:

– ئەوە تێکچوویت کابرا؟

– نەء، بەڵام وا هاتووە بەبیرما کە ئەمشەو بۆمبایەکی زلەمان بەسەردا بەردەبێتەوە.. بووم–دەتەقێتەوە، تەنها نەختێ تەڕاییمان لێ جێ دەمێنێ و هیچی تر.. ئیتر ئەم هەموو خەم و خەفەتەی بۆ چییە؟

(گرێبەر) هەستایە سەرپای، تەماشایەکی ئەو زەلامەی کرد، ئەویش هەردوو قاچی نەمابوو.. دەبێ بەهۆی بەفر و بەستەڵەکەوە یان تەقینەوەیەک نەمابن.

بارەی (ئارنۆڵد) بەرز بۆوە:

– نازانم دژە ئاسمانییەکانمان لە کوێن، بۆچی هەموویان ناردۆتە بەرەکانی شەڕ؟

(گرێبەر) زمانی بۆ نەگیرا.

– لەوێش نین.

– چۆن؟!

هەستی کرد وەڵامێکی گەمژانەی لە دەم دەرچووە، ویستی ڕاستی بکاتەوە:

– لەوێ پێویستیمان پێیان نییە، چاوەڕوانی چەکە نهێنییەکانمانین بکەونە کار.. ئاخۆ چی بن، دەبێ زۆر کاریگەر بن..

(ئارنۆڵد) بەجارێک هار بوو:

– هەی بەد، سەد بەد، ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟ دەزانیت ئەمەی تۆ دەیلێیت مانای چییە؟ مانای ئەوەیە هیچمان لە دەستەڵاتدا نەماوە، جەنگمان دۆڕاندووە (مۆڕەی لە گرێبەر دەکرد).. نەخێر وا نییە، درۆ ئەکەیت، ئێمەش جارێکی دی وەکو کۆڵەوارەکانی جەنگی پێشوو ناکەوینە پاکەت و شقارتە فرۆشتن؟ نەخێر مافمان هەیە و بەفیڕۆ ناچێ، سەرۆک بەخۆی گفتی داوە..

تووڕە ببوو کارتەکانی فڕێ دایە سەر مێزەکە، پیاوەکەی لاقی نەمابوو بە (مۆتسیک)ی وت:

– ڕادیۆکە بۆ ناکەیتەوە، ئارەزووم لە ئاوازێکی هێمن و لەسەرخۆیە.

(مۆتسیک) ڕادیۆکەی کردەوە، چەند وشەیەکی زلەیان لە دەمی بێژەرێکی دەنگ گڕەوە هاتە گوێ.. خێرا ئێستگەکەی گۆڕی، لەدووی ئاوازێکدا دەگەڕا، (ئارنۆڵد) نەڕاندی:

– بیخەوە سەر وتارەکە.

– بۆ؟

– با گوێمان لێی بێ، وتارێکی ڕامیارییە! ئەگەر بەدڵ و دەروون گوێمان لەم وتارانە بگرتایە قەت بەم حاڵە نەدەگەیشتین.

(مۆتسیک) میلی ڕادیۆکەی بەبێزارییەکەوە گۆڕی، گەڕایەوە سەر وتارەکە، دەنگی بێژەرەکە دەنگی ئەدایەوە، شووشەی پەنجەرەکان دەزرنگانەوە، (ئارنۆڵد) شەویلگ و قەپۆزی جیر کردبۆوە گوێی لێدەگرت، (شتۆگمان) شانێکی هەڵتەکاند و چاوێکیشی لە (گرێبەر) داگرت، (گرێبەر) چووە لای،



بەگوێیدای چپاند:

– دەبێ بچم، ئومێدەوارم شاد بیت.

– بۆچ وا زوو جێمان دێڵی؟ هیچ جێیەکی دیکەی لێرە خۆشترت هەیە بۆی بچیت؟

– نەء، بەڵام دەبێ بڕۆم.

زۆر لەسەرخۆ، بەهەنگاوی کورت بەرەو دەرگای هۆڵەکە جما، لەو شێوازە ڕۆیشتنە هیچ شێوازێکی دیکەی بەبیردا نەهات بواری نێو ئەو کۆمەڵە مرۆڤە کەم ئەندامەو دەرگاکەی پێ ببڕێت، (مۆتسیک) بەڕێی کرد، تا ناو دەرکی قاوشەکە لەگەڵیا چوو.. لەبەر ڕووناکاییە کزەکەی ڕاڕەوەکەی گرتبۆوە هەڵوێستەیەکیان کرد:

– سەردانمان بکەوە ئەرنەست، ئەمڕۆ لە تۆ نەبوو.

سروشت تاریک ببوو، دێوەزمەکانی ترس گەمارۆیان دایەوە، دڵی لای (ئەلیزابێث) بوو، بەدرێژایی ئەو ڕۆژەی خۆی لە داوەکانی ترس و گومان پاراستبوو، ئەوەتا دیسانەوە لە ڕووناکاییە لەرزۆکەکانی ئەو ئێوارەیەدا تێوەی ئاڵاون.. توند بەرۆکیان گرتووە و بەری نادەن..

***

(بۆلمان) وەک چاوەڕوانی یەکێ بێ، یەکسەر دەرگاکەی کردەوە!

– ئەوە تۆیت گرێبەر؟!

– بەڵێ، نامەوێ ماوەت زۆر لێ بگرم، هاتووم لە کارێکدا یارمەتیم بدەیت.

– لە دەرەوە مەوەستە، فەرموو وەرە ژوورەوە.

بۆی شتێکی سووتاوی بەکەپوودا هات.. جگەرە بوو! (بۆلمان) هیچی بەدەستتەوە نەبوو..

– فەرموو (گرێبەر) بزانم چیت دەوێ؟

(گرێبەر) چاوێکی بەو ناوەدا گێڕا:

– هەر ئەم ژوورەت هەیە؟

– بۆچی؟

– ئەگەر جێگەت هەبێ لەوانەیە یەکێک بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە لات بشارمەوە.. (بۆلمان هیچی نەگوت، گرێبەر لەسەری ڕۆیشت..) یەکێکە لەوانەیە پیاوانی ڕژێم لەدووی بگەڕێن.. گەرەکمە بەر لەوەی کار لەکار بترازێ، جێیەکی بۆ بدۆزمەوە.. لەوانەیە هیچیش ڕوو نەدات، بەڵام ترسێکم هەیە تووش بێت.

– بۆ ئێرەت بە بیردا هاتووە!؟

– لەتۆ زیاتر کەسێکی دیکە ناناسم.

خۆیشی نەیدەزانی بۆ (بۆلمان)ی بەبیردا هاتووە، ئەوەی مەبەستی بوو تەنها دیتنەوەی پەنایەک بوو، (ئەلیزابێث)ی تێدا بشارێتەوە.

– کێیە؟

– کیژێکە دەمەوێ مارەی بکەم، باوکی دەستبەسەرە، لە یەکێ لە قەڵابەندەکان نراوە، دەترسم ئەمیش بگرن، هیچی نەکردووە، ئاگاداری هیچ نییە.. نازانم چی بڵێم، لەوانەیە ترسەکەشم لە جێی خۆیدا نەبێ و بەهەڵەدا چووبم!

– هەڵە نییە پیاو وریا و دووربین بێ، خۆپاراستن لە پەشیمانی چاترە، هەر کاتێک بەپێویستت زانی دەتوانیت ئەم ژوورە بەکاربهێنیت.

(گرێبەر) هەستی بەئارامییێک کرد گرژییەکانی دەروونی خاو دەکاتەوە:

– سوپاست ئەکەم، سوپاسێکی بێ سنوورت دەکەم.

خەندەیەکی بەرین دەموچاوی (بۆڵمان)ی گرتەوە، ڕەنگە پیرە ماندووەکەی لە ڕوخساری سڕییەوە..

(گرێبەر) وتی:

– جارێکی دی سوپاست دەکەمەوە، ئومێدیش دەکەم کە پێویستیم پێی نەبێت..

لەبەر خانەیەکی پڕ کتێبدا وەستا بوون، (بۆلمان) وتی:

– لەم کتێبانە ئارەزووت لە کامیانە بیبە، جار جارێک یاریدەمان ئەدەن کاتیان پێ بەرینە سەر.

(گرێبەر) سەری بادا:

– یارمەتی من نادەن، تێناگەم.. چۆن ئەم هەموو زانست و هۆنراوە و هونەر و پەندانە لەگەڵ کردەوە ڕەشەکانی نازی و ئەم سەردەمە قەڵبەدا دەگونجێن.

– نەگونجاون، بەڵام پێکەوە لە چاخێکدا سەریان هەڵداوە، خاوەنی ئەم بەرهەمانە ئەگەر ئێستاکە لە ژیاندا مابن، یا لە بەندیخانەکانن یان هەڵاتوو و دەربەدەرن..

– دەبێ وابێ..

(بۆلمان) لە (گرێبەر) ورد بۆوە.

– کەواتە نیازی ژنهێنانت هەیە؟

– بەڵێ.

(بۆڵمان) کتێبێکی پانی بەرگ تێگیراوی لەنێو ڕیزە کتێبەکاندا دەرهێنا، پێشکەش بە (گرێبەر)ی کرد:

– جگە لەم شتانە هیچی دیکەم نییە پێشکەشتانی بکەم، ئەم دیارییەم لێ وەربگرە، نووسین نییە، گشتی وێنە و دیمەنی سروشتییە، پێکەوە تەماشایان بکەن.. خۆم چەندەها شەوی دوورو درێژم بەتەماشا کردنیان بردۆتە سەر، هۆنراوەم بەسەردا هەڵداون، هەتا نەفتم هەبوو شەوانم بەو شێوەیە دەبردە سەر، ئێستاش لە تاریکاییبا تەنها نوێژ و نزام لە دەست دێ.

– بەڵێ (باوەڕی پێ نەکرد!).

– گرێبەر.. زۆر بیرم لە پرسیارەکانت کردەوە، هەر نە گەیشتمە ئەنجام (دەنگی نەوی کردەوە).. تەنها شتێکمان بەدەستتە ئەوش بیروباوەڕە، لەوە زیاتر هیچ شتێکی دیکەت بەبیردا دێت؟!

– باوەڕ بە چی؟



– بەیەزدان و بەکرداری چاک.

– جا قەت لەم بۆچوونەت دوودڵ نەبوویت؟

– با (خێرا وەڵامی دایەوە).. بەڵێ دوودڵ بووم، ڕاڕای ئەوە بووم چۆن چۆنی باوەڕ بێنم؟ باوەڕ بە چی بێنم؟

***

ڕەشەبایەکی توند هەڵی کردبوو، دوور لە دەرگای کارگەوە وەستا بوو، چاوەڕوانی (ئەلیزابێث) بوو کاری تەواو بێت و بێتە دەرەوە، با ڕەشەکە هەورەکەی لە ئاسماندا دابووە پێش خۆی، پارچە پارچە لە ژوور بانی خانووەکانەوە ڕایدەماڵی.. دەستتەیەک سەرباز دەرکەوتن، بەرگی تەواوی کوشتاریان پۆشیبوو، هەگبە و توربەکانیان کردبۆوە شان، لە گۆڕەپانە تاریکەکە پەڕینەوە، ڕووەو وێستگەی شەمەندەفەرەکە ڕێیان گرتبووە بەر، بەپەلە گرد کرابوونەوە، ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکرانەوە..

لە دڵی خۆیدا دەیگوت.. (هێندەی نەما بوو منیش بکەومە ناویانەوە).. تەماشایەکی درەختە کافوورەکەی بەردەم خانووە سووتاوەکەی کرد، تاریکی باوەشی پیا کردبوو، بەڵام هەر شۆخ و بڵند بوو.. هەستی بەبوون و ژیانی کردەوە، هەستێکی گەرموگوڕ بوو، پەرەی دەستەند و دەیبووژاندەوە، هەر لەو هەستە بوو کە یەکەم جار بەدیتنی ئەو درەختە لە بوونیا هەڵقولا.. ئەوەتا ئێستاش بەئەوپەڕی جۆشیەوە لە دەروونیا بووژاوەتەوە..

لە دڵی خۆیدا دەیگوت.. (سەیرە، بەزەییم بە بۆڵمان دا دێتەوە..! هیچ توانا و دەستەڵاتێکی نییە، کەچی هەموو جارێکیش پاش دیتنی زیاتر هەست بەتەوژمی ژیان دەکەم گەرموگوڕ لە گیانمدا قوڵپ ئەدات..).

# 19

فەرمانبەرەکە دەستتی لەنێوان شیشەکانی پەنجەرەکەوە بۆ درێژ کردن، کاغەزەکانی لە (ئەلیزابێث) وەرگرت، چاویلکەکەی کردە چاوی، هەردوو چاوی هەڵبڕی، لە (ئەلیزابێث) وردبۆوە:

– هی تۆن؟

(ئەلیزابێث) سەرێکی بۆ لەقاند:

– چاوەڕوان بە..

هەستایە سەرپێی، بەفیزێکەوە پشتی تێکردن، چووە ئەودیو پەردەیەکەوە ژوورەکەیان لە بەشەکەی بەر پەنجەرەکە پێ جیا کردبۆوە..

ترس و گومان (گرێبەر)ی سڕ کردبوو، چاوەکانی شپرزە بەو ناوەدا دەگێڕا، هەندێ خەڵکی لێ بوو.. بە (ئەلیزابێث)ی گوت:

– لێرە دوور ناکەویتەوە؟.. بڕۆ لەودیو دەرگاکەی دەرەوە چاوەڕوان بە، هەر لەوێوە تەماشام بکە، ئەگەر هاتو بێرێتەکەم[١] لە سەرم داگرت، بڕۆ و ئازا خۆت بگەیەنە (بۆلمان) لای ئەو خۆت بشارەوە، چاوەڕوانی من مەبە، بڕۆ منیش دێم.. دەی بجووڵێ کاتی سەهەندی[٢] نییە.

– ئەی ئەگەر پێویستی بەچەند پرسیارێک کرد لە خۆمی بکەن؟

– خەمت نەبێ.. دەڵێم بڕێک ناساغیت و چوویت هەوایەکی پاک هەڵمژیت؟

(ئەلیزابێث) دوورکەوتەوە، (گرێبەر) چاوی لێ نەئەترووکاند.. بەدەم خەندەیەکەوە ئاوڕێکی لە (گرێبەر) دایەوە و لەناو حەشاماتەکەدا بزر بوو..

– کەنیلە کرۆزە، کوا کەنیلە کرۆزە لەکوێیە؟

بەپەشۆکاوی ئاوڕی لە پەنجەرەکە دایەوە، فەرمانبەرەکە گەڕابۆوە جێگەکەی خۆی..

– هەر ئێستا دێتەوە.. هەموو شتێک تەواوە؟

فەرمانبەرەکە سەری بۆ لەقاند، دڵنیای کرد:

– کەی مارەی دەکەیت؟

– ماوەم بەدەستتەوە نییە.. بەزووترین کات.

فەرمانبەرەکە بەڕوویەکی گەشەوە پێی گوت:

– دەتوانیت هەر ئێستا مارەی بکەیت، بۆ سەربازان ئاسانە.. (کاغەزەکانی بەدەستەوە بوو، ڕایدەوەشاندن).

هەستی کرد سەری سوڕ دەخوات، هێزی لێ بڕاوە و هەموو گیانی گەرم داگەڕاوە، چین چین ئارەقەی دەرئەدا، دەموچاوی بەبێریتەکەی سڕی، وەک وڕێنە بکات پرسیاری کردەوە:

– کەواتە هەموو شتێک تەواوە؟

– بەڵێ، کوا کەنیلە کرۆزە لەکوێیە؟

بێریتەکەی نایە سەر لێواری پەنجەرەکە، چاوی بەخەڵکەکەدا گێڕا، قەڵەبالغ بوو، (ئەلیزابێث)ی



نەدیبیەوە، تەماشای ناو پەنجەرەکەی کردەوە.. چاوی بەبێریتەکەی خۆی کەوتەوە، خێرا دەستتی دایێ و دایی بەنێوچەوانیا..! تەگبیرەکەی هاتەوە یاد کە بۆ (ئەلیزابێث)ی کرد.. بەشپرزەییەکەوە بەفەرمانبەرەکەی وت:

– هەر ئێستا دەچم بانگی دەکەم.

خۆی هاوێشتە نێو ئاپۆرای خەڵکەکەوە بەشان کوتان خۆی گەیاندە دەرگاکەی دەرەوە.. (ئەلیزابێث) لەوێ بوو، خۆی خزاندبووە پەنایەکەوە، بانگی کرد، ئاوڕێکی پەلەی لە (گرێبەر) دایەوە..

– سوپاس بۆ خوا، باش بوو نەڕۆیشتیت، وەرە هەموو شتێک تەواوە..

گەڕانەوە بەر پەنجەرەکە، فەرمانبەرەکە کاغەزەکانی دایەوە دەست (ئەلیزابێث):

– تۆ کیژی دکتۆر کرۆزەیت؟!

– بەڵێ.

تف لە دەمی (گرێبەر)دا وشک بوو، هەستی کرد گەرووی بەیەکدا نووساوە، خەریکە جەستەی سڕ دەبێ و هەناسەی لێ دەبڕێ..! دەنگی فەرمانبەرەکەی کپ و قورس دەهاتە گوێ.

– من باوکت دەناسم.

(ئەلیزابێث) چاوی لێ نەئەترووکاند.. پاش بڕێ خامۆشی، پرسیاری لە فەرمانبەرەکە کرد:

– چی دەربارەی دەزانیت؟

– ئەوەی تۆ دەیزانیت.. هیچ هەواڵێکی نوێی نییە؟

– نەء.

فەرمانبەرەکە چاویلکەکانی لە چاوی داگرت.. کورتە باڵایەکی چاو پڕ لە فرمێسک بوو..

– ئومێدەوارم ژیانێکی ئارام و بەختەوەر پێکەوە ببەنە سەر، داواکەتانم گرتبووە ئەستۆی خۆم، بەخۆم ڕامپەڕاند.. ئێستاکە دەتوانن لای دادنووسێک تۆماری بکەن..

(گرێبەر) بە پەرۆشییەکەوە وتی:

– ئامادەین.

(ئەلیزابێث) ڕایەکی دیکەی هەبوو:

– پاش نیوەڕۆ.. کاتژمێری دوو زۆر باشە.

– کەواتە کاتژمێری دوو بچنە یاریگەی قوتابخانە ئامادەییەکە، گرێبەست نووسەکان لەوێ دادەنیشن.

– سوپاست دەکەین.

لەبەر دەرگا سەرەکییەکە هەڵوێستەیەکیان کرد، (گرێبەر) بەدەم نەرمە بۆڵەیەکەوە دەیگوت:

– ئەی بۆ ئێستا نەچین بیبڕینەوە؟.. هیچ بەربەستێک نییە و..

(ئەلیزابێث) بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– پێویستیم بەیەک دوو سەعاتێک هەیە دەستێک بەخۆما بێنم، تۆ لەم بەزمانە حاڵی نابیت.. وا

نییە؟

– لە نیوەی حاڵیم.

– کەواتە کاتژمێری دوو چارەک کەم چاوەڕوانت دەبم، وەرە بەدواما.

– ئێستاش باوەڕ ناکەم ئاوەها بەئاسانی ڕزگارمان بووە؟.. نازانم بۆ ئەوەندە دەترسام؟ پێکەنینم بەخۆم دێ.. ئەی تۆ پێکەنینت نەدەهات؟

– نەء.

– نەخێر تۆش پێکەنینت دەهات.

(ئەلیزابێث) سەرێکی بادا:

– باوکم بەر لەوەی زیندانی کرێ گاڵتەی بەهەموو ئەو کەسانە دەهات کە ئاگاداریان دەکردەوە زمانی خۆی بگرێ، بێ سوود بوو.. من و تۆش ئەمجارە شانسمان هەبوو، فەرمانبەرەکە دۆستی باوکم دەرچوو..!

***

شەقامەکانی بەپیاسە گرتە بەر، بەرگدروویەکی بەرێکەوت دیبیەوە، لەبەر جامخانەکەیدا وەستا تەماشایەکی ناوەوەی کرد، بەرگدرووەکە بەرگێکی سەربازی بەدەستتەوە بوو.. زەلامێکی جەستە ناوازەی نارێک بوو بەکەللە و قەلافەتی هەر لە کۆنگۆر(٣) دەچوو..

خۆی کرد بەژوورا، بەرگدرووەکە سەری هەڵبڕی، (گرێبەر) پرسیاری لێ کرد:

– دەتوانن ئەم پانتۆڵەی بەرم خاوێن بکەنەوە:

بەرگدرووەکە بەنیگایەکی مۆنەوە وەڵامی دایەوە:

– ئێرە جێی بەرگ دروینە.. جلوبەرگ خاوێن ناکەینەوە.

– ئەزانم، دەمەوێ لە ئوتووش بدرێ؟!

– ئەمەی بەرت؟

– بەڵێ.

بەرگدرووەکە مرقەیەکی کرد، (گرێبەر) پانتۆڵەکەی لە پەنایەکی دوکانەکەدا داکەند و دایە دەستت بەرگدرووەکە، ئەویش برێ لە پەڵەکە ورد بۆوە، (گرێبەر) خێرا وتی:

– خوێن نییە، چەورییە، ڕۆن زەیتونە، بانزین خاوێنی دەکاتەوە.

– جا کە ئەمە دەزانیت، بۆ بەخۆت خاوێنت نەکردۆتەوە؟.. نەخێر بانزین ئەم جۆرە پەڵانە لانادات.

– لەوانەیە، تۆ شارەزا تریت.. (تەماشایەکی قاچوقوڵی خۆی کرد).. هیچ پانتۆڵێک، شتێک شک نابەیت لەپێی کەم؟

بەرگدرووەکە لەودیو پەردەیەکەوە چاکەتێکی سپی و پانتۆڵێکی دێزی خەت خەتی بۆ هێنا، (گرێبەر) بەسڵەمینەوەیەکەوە تەماشای کردن، شتێکی ناشرین و نەگونجاو بوو.

– کەی تەواوی دەکەیت؟ دەستوبردێکت بکردایە لە چاکەت دەرنەئەچووم، بەتەمای ژن مارەکردنم..



– سەعاتێک دەخایێنێ.

– زۆر باشە، دەچم پاش سەعاتێکی دیکە دێمەوە.

بەرگدرووەکە بەگومانەوە تەماشایەکی کرد، بەتەما بوو (گرێبەر) بەدیاریەوە دابنیشێت، (گرێبەر) لەو تێڕوانینەی حاڵی بوو.

– مەترسە، لە بری ئەم چاکەت و پانتۆڵە عەنتیکەیەی لەبەرم کردووە، بەرگە سەربازییەکانت لەلایە.

بەرگدرووەکە دەمی داچەقاند:

– ئەوەی جێی دێڵی ماڵی میرییە.. دەی قەیناکە، برۆ سەریشت تراش کە، پێویستییت بە سەرتراشینێک هەیە.

– ڕاست ئەفەرموویت، دەبێ دەستێک بەخۆما بهێنم.

***

سەرتاشەکە خانمێکی باریکەلە بوو! بە (گرێبەر)ی گوت:

– پیاوەکەم لە بەرەی شەڕە، من لەجیاتی ئەو کارەکە بەڕێوە دەبەم، فەرموو دانیشە، ڕدێنت دەتراشیت؟

– نەء، سەرم.. دەیزانیت؟

– خوا مەرگ.. هەموو ئەو پرسیارەم لێ دەکەن، ئەی بۆ نایزانم، زۆر شارەزام، بۆ سەرت ناشۆریت، سابوونێکی چاکمان هەیە.

– باشە دەیشۆم.

خانمە سەرتاشێکی گورج بوو، هەر زوو سەری (گرێبەر)ی چاک کرد، بۆی شۆرد و پاشانیش بەخاولییەکی نەرمو شل وشکی کردەوە.

– ڕۆنە پرچێکی فرانسایی نایابمان هەیە، بریقە بەقژت دێنی، خاو و نەرمی دەکاتەوە، بۆ نەختێکی لێ بەکار ناهێنیت؟

(گرێبەر) چاوی کردەوە، نواڕییە ئاوێنەکەی بەردەمی، تەزوویەکی بەگیاندا هات..! گوێچکەکانی قوت و درێژ هاتنە بەرچاوی، هەردوو لاجانگیشی بەجارێک کورت کرابوونەوە.. دەنگی خانمە سەرتاشەکەی بەگوێدا هات:

– ڕۆنی بریقەت ناوێ؟

دەرمانە وەنەوشەییییەکەی (بیندینگی) هاتەوە یاد.

– بمدەرێ با بۆنێکی بکەم.

بۆنی کرد، لە دڵی خۆیدا وتی.. (کۆنە، هێندەی وادەی سەرکەوتنەکانمان کۆنە..) تەماشایەکی ئاوێنەکەی کردەوە، هەنێ لە تاڵە مووەکانی سەری وەکو درکی ژیشک ڕەپ وەستا بوون.

– نەختێک بۆ نەرم کردنەوەی ئەم تاڵە مووانە بەکار بهێنە.. زۆر کەم..

گەڕایەوە لای بەرگدرووەکە.

– زوو گەڕایتەوە؟

بەبێ ورتە لە پەنایەکدا دانیشت، بەرگدرووەکە پانتۆڵەکەی لە ئوتوو ئەدا، گەرمی شوێنەکە و خامۆشی ناوچەکە سستیان کرد، خەو دەیبردەوە.. هەستی دەکرد لە جەنگەوە دوورە، جەستەی تا دەهات خاوتر دەبۆوە، ویزە ویزی مێشکی زلەی هاتە گوێ، گێژ دەفڕی.. جار جارێکیش چزە چزی ئوتوویەک دەهات.. هەر چەندە شوێنەکە شوێنێکی تەنگ و گچکە بوو، بەڵام هەستی دەکرد هەموو ئاسایشی گێتی تێدا گرد بۆتەوە.. ئاسایشێکی لەیاد چوو بوو..!

– تەواو، لەمە زیاترم لە دەستەڵاتدا نییە.

چاوێکی قورسی هەڵهێنا، بەرگدرووەکە لە بەردەمیا قووت ببۆوە، پانتۆڵەکەی بەباری درێژی بۆ شۆڕ کردبۆوە.. پەڵەکە نەمابوو:

– دەست خۆش.. (بۆی بانزینی لێدەهات، توانجی نەدا..).

خێرا پانتۆڵەکەی لە پێ کردەوە:

– پرچت لای کێ چاک کرد؟

– خانمێک بوو، لەجیاتی مێردە سەربازەکەی کاری دەکرد.

– ئەوە بۆیە وا قۆچکەتاش کراویت.. ئادەی مەجووڵێ.. (گرێبەر ملی بۆ لار کردەوە، بەرگدرووەکە هەندێ مووی نارێکی بەمەقەسی دروومانەکەی بڕی..) ئێستا لە یەکێک دەچیت لای سەرتاش هاتبێتەوە..

– سوپاست دەکەم (دەستتی نایە باخەڵیەوە).. کردیە چەند؟

بەرگدرووەکە هەردوو دەستی پان کردەوە:

– دەکاتە هەزار مارک..! نیتە، وا نییە؟.. کەواتە هیچ، لەسەرخۆمە، دیاری ژن هێنانەکەتە.

– سوپاسی هەستت دەکەم.. هیچ گوڵفرۆشێک لەم دەوروبەرە نییە..

– یەکێک لە شەقامی (شبایشەر) هەیە، هەر لای ڕاستی شەقامەکە بگرە دەیگەیتێ.

***

پێشانگای گوڵفرۆشییەکە کرابۆوە، دوو پیرەژنی لێ بوو، خەریکی سەوداکردنی گوڵ بوون، کیژە فرۆشیارەکەیان بێزار کردبوو، دەیانویست لە نرخی چەپکێ گوڵی پێ کەم بکەنەوە، کیژەکە گیر بوو:

– شتی وا نییە، ئەم چەپکە گوڵە بۆیە گرانە چونکە نایاب و ڕەسەنە.

پیرەژنێکیان زۆر بەفیز و مۆن بوو، سووکایەتی بەگوڵفرۆشەکە دەکرد.. کوڵمە چرچە شۆڕەکانی هاتنە لەرزین:

– ئەم نرخەی تۆ باسی لێدەکەیت گیرفان بڕینە، تاڵانییە (ڕووی کردە هاوڕێکەی) لێی گەڕێ، دەچین لە شوێنێکی دیکە بەهەرزانتر دەستمان دەکەوێت.

کیژە گوڵفرۆشەکە هەر لەسەر هەڵوێستەکەی خۆی بوو:

– ئارەزووی خۆتانە، مەیبەن، موشتەری خۆی هەر ئێستا پەیدا دەبێ بەبێ قڕە و درێژەپێدان



دەیفرۆشم، بابەتی وا نامێنێتەوە.

– بەو نرخەی بۆت داناوە؟

– ئەی چی، تا ئێوارە چڵکێکی لێ نامێنێتەوە.. کوانێ، گوڵ لە کوێ دەست ئەکەوێ.

– ئەمەی تۆ دەیکەیت، بازاڕی ڕەشە.

هەردوو پیرەژنەکە بەپەلە چوونە دەرەوە، کیژەکە ئۆفێکی بەدوودا کردن، دەمولێوی دەلەرزی لەوە دەچوو لەژێر لێوەوە جنێویان پێبدات، ئاوڕێکی پەستی لە (گرێبەر) دایەوە:

– فەرموو گەورەم، تۆچی دەفەرموویت.. هیچ بابەتێکی مردوو بەڕێ کردنمان نییە.

– شتی وام ناوێت!

– ئەی چیت دەوێ؟

– گوڵ.

– گوڵ..! گوڵی (لیلی)[٤]مان هەیە.

– لیلیم ناوێ، شتێکم گەرەکە بۆ ژنهێنان بشێ.

– لیلی دەشێ، هێمای پاکی و بێ گەردییە گەورەم.

– ڕاستە وایە.. ئەی گوڵە باختان نییە؟

– گوڵە باخ و ئەم وەرزەیان گوتووە؟ لە کوێی پەیدا کەین، ئەو شووشە بەندانەی[٥] تێدا پەروەردە دەکران ئێستاکە سەوزەیان تێدا دەچێنن.. نەخێر گوڵەباخمان نییە، لەهیچ لایەک دەست ناکەوێت.

کەوتە تەماشاکردنی گوڵە نمایش کراوەکان، بەدەوری مێزێکدا گەڕا، چەپکێک گوڵە نێرگسی بەدی کرد لە شێوەی خاچێکی نازیدا ڕێکخرا بوو..

– ئەو چەپکە نێرگسەم بۆ بپێچەوە..

کیژەکە دەستی دایە چەپکە نێرگسەکە، تەڕ بوو، بەنەرمی تەکاندی:

– ناچارم بەپارچە کاغەزێکی ڕۆژنامەی بپێچمەوە، کاغەزی پێچانەوەمان نییە.. دەست ناکەوێ.

– گرنگ نییە.

پارەکەی دا و شوێنەکەی بەجێهێشت..

چەپکە گوڵەکە گرفتی بۆ نایەوە، وای دەزانی هەرچی هەیە و نییە چاویان بڕیووەتە دەستی و تەماشای دەکەن.. لەپێشان چەپکە گوڵەکەی سەربەرەوخوار هەڵگرتبوو، ئەمجا گواستیەوە دەستەکەی دیی، کاتێکیش ویستی بینێتە بن هەنگڵی، چاوی بەمانشێتە پانەکەی سەر پارچە گۆڤارەکە کەوت، وێنەی پیاوێکی دەم زلی لەژێردا بوو، دەمی داچەقاندبوو، لە کونە ئەشکەوتێکی قووڵ و تاریک دەچوو.. سەرۆکی دادگای گەل بوو!.. بەدەم ڕۆیشتنەوە کەوتە خوێندنەوەی هەواڵەکە، چوار مرۆڤیان لەسەر پروپاگەندەی دژ بەپارت و نەتەوە لەناو بردبوو.. بەتەور لە ملیان دابوون.. باوەڕیان بەسەرکەوتنی ئەڵمانیا نەبوو..

پارچە گۆڤارەکەی لە چەپکە گوڵەکە کردەوە، گرمۆڵەی کرد و تا هێزی تیا بوو، دوور فڕێی دا..

***

هەروەکو ناسیاوەکەی باوکی (ئەلیزابێث) بۆی هەڵدان لە یاریگەی قوتابخانە ئامادەییەکە گرێبەست نووسێک نووسینگەکەی لە بازگەی جومناستیکەکەدا دامەزراندبوو، مێزەکەی لەبەردەم ڕیزێک گوریسی شۆڕەوەبووی بازی کردندا دانا بوو، وێنەیەکی پانوپۆڕی هیتلەریشی بە بەرگی سەربازییەوە بە گوریسەکاندا هەڵواسیبوو، هەر لە دامێنیا دروشمی خاچە چەماوەکەی نازی و داڵە جێرمانییەکەشی چەسپ کردبوو..

سەربازێک و دەستگیرانەکەی لە پێشیانەوە بوون، سەربازەکە لە نێوەندی تەمەنیا دەبوو، دەستگیرانەکەی لە خۆی منداڵتر بوو، پیاوەکە شپرزە دیار بوو خانمەکەش هێمن و ئاغر لە تەنیشتیەوە وەستا بوو، سینگی بە بروشێکی زێڕین ڕازاندبۆوە.. زوو زوو بەدەم خەندەیەکی شادەوە تەماشایەکی ئەلیزابێثی دەکرد، مارەنووسەکە وتی:

– کوا؟ شایەتەکانتان لە کوێن؟

سەربازەکە هێندەی تر شپرزە بوو:

– لە من وایە پێویستی بە گەواه نییە.

– وا بوایە داوام نەدەکردن.. ئەمە یاسایە یاسا، هەموو شتێک بەگوێرەی یاسا ئەنجام ئەدەین.

سەربازەکە ئاوڕێکی لە (گرێبەر) دایەوە:

– هاوڕێ.. دەتوانیت یارمەتیمان بدەیت؟ خۆت و ئەو کەنیڵە بەڕێزەی دەستگیرانت ئیمزایەکمان بۆ بکەن؟

– قەیدی چییە، ئەڵبەتە ئێوەش یاریدەمان ئەدەن، منیش وەکو تۆ وامزانی پێویستی بەگەواهان ناکات.

– ئەمە بەبیری کەسدا نایێت.

نووسەرەکە وتی:

– یاسا یاسایە کەس لە کەس جیا ناکاتەوە، هەموو بەیەک چاو تەماشا دەکرێن، دەبێ وردبین بین تا دروست بیر بکەینەوە، ئایا ئێوە بەبێ چەک دەتوانن بچنە گۆڕەپانی جەنگەوە؟

– ئەوە باسێکی ترە، نە گەواهان چەکن، نە ژنهێنانیش جەنگە.

– مەبەستم ئەوە نییە، تەنها بەراورد کردنێکە، نمونەیەکە بۆ ڕوونکردنەوە.. دەی گەیشتنە کوێ، گەواهتان پەیدا کرد؟ دووانتان پێویستە.

– بەڵێ، ئەم هاوەڵە و دەستگیرانەکەی ئامادەن.

نووسەرەکە بەلایەکی چاوی نواڕییە (گرێبەر)، بەدڵی نەبوو مەسەلەکە وا زوو کۆتایی پێ بێت، پرسیاری لە (گرێبەر) کرد:

– پێناسەت پێیە؟

– بەڵێ، منیش بۆ ژن مارەکردن هاتووم.

پێناسەکەی بەدەم خووتە و بۆڵەوە لێ وەرگرت، ناوی (گرێبەر) و (ئەلیزابێث)ی تۆمار کرد:



– سەرو ئیمزایەک لە ژوور ناوەکانتانەوە بکەن.

ئیمزاکانیان کرد، نووسەرەکە بەئاوازێکی ساردەوە وتی:

– بەناوی پێشەوا (هیتلەر)ەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم.. (ڕووی کردەوە گرێبەر).. ئەی گەواهەکانی ئێوە کامانەن.

– ئەم بەڕێزانەن.

مارەنووسەکە سەرێکی بادا:

– تەنها یەکێکیان مەرجی تێدایە.

– بۆ؟ ئەی ئیمزای ئێمەت بۆ وەرگرت؟

– ئێوە هێشتا ژن و مێرد نین، ژن و مێرد تەنها یەکێکیان مافی گەواهی هەیە.. (بەنیگایەکی سەرکەوتووانەوە دەینواڕییە «گرێبەر»، ئەمیش نەیدەزانی بەڕاستێتی یان درۆ..!)

– ئەی کەسێک لەم ناوە نییە ئەم ئیمزایەمان بۆ بکات؟ بێ لەخۆت فەرمانبەرێکی دیکە لێرە نییە.

– ئەوە کاری من نییە، تا یەکێکیش پەیدا نەکەن ناتوانم گرێبەستەکەتان تۆمار بکەم..

(گرێبەر) بەدۆش داماوییەکەوە چاوی دەگێڕا، لە ناکاودا دەنگی یەکێکیان هاتە گوێ، هەموو لایان لێ کردەوە:

– چیتان پێویستە؟ (پیاوێکی قەیرە بوو، دیار بوو ئاگای لەو کێشە و مشتومڕە بوو) گەواهتان دەوێ؟ من ئامادەم (لێیان نزیک بۆوە، لە تەنیشت ئەلیزابێثەوە وەستا، فەرمانبەرەکە بەساردییەکەوە تەماشای کرد):

– پێناسەت پێیە؟

– بێ گومان، (دەستێکی بەخاووخلیچکی کرد بەباخەڵیا، پاسپۆرتێکی دەرهێنا و هاوێشتیە سەر مێزەکە)..

فەرمانبەرەکە پاسپۆرتەکەی کردەوە، چاوێکی بەناوی خاوەنەکەیدا خشاند، لەپڕێکا وەک شتێکی پیادا چزابێت ڕاچڵەکی، هەڵبەزییەوە و هەڵسایە سەر پێی، بەبێ لەرە باسکی درێژ کرد و نەڕاندی.

– بژی هیتلەر.. سڵاوت لێ بێ گەورەم، بەخێر بێن (ڕووی کردەوە ئەلیزابێث و گرێبەر.. شڵەژابوو).. وریابن، ڕێز و ستایش لە بەڕێز فەرماندەی گشتی هێزەکانی شڵێوە بگرن.. بژی هیتلەر..

(هیلڵدا براندنت) بەپەستی وەڵامی دایەوە:

– بژی هیتلەر، دەی دەستوبردکە، ئیتر گرفت بۆ بووک و زاواکانمان مەنێرەوە، جارێکی دی تەگەرە مەخەرە بەرێکردنی کاری جەنگاوەرانەوە، تێگەیشتیت؟

– بەڵێ گەورەم، ئەگەر بەئەرکی نەزانن بفەرموون ئیمزایەکمان ئا لێرەدا بۆ بکەن.

فەرماندەی گشتی هێزەکانی شڵێوە بووە گەواهی دووهەمی مارەبەستنیان، (کلۆتس)ی سەربازیش گەواهی یەکەمیان بوو.

(هیلڵدا براندنت) پیرۆزبایی لێ کردن و لەو ناوە دوور کەوتەوە، فەرمانبەرەکە ساکا بوو، دەستی بۆ

دریژ کردن، دوو بەرگی لە کتێبی خەباتنامەکەی هیتلەر پێشکەش کردن..

– ئەم دوو کتێبەش دیاری کارگێڕی شارەکەمانە.. (هێلدا براندنت دوور کەوتبۆوە، نووسەرەکە تەماشای دەکرد..) ئاخر کێ بەو جلوبەرگەی بەریەوە دەیناسێتەوە!؟

***

هەر چواریان، پێکەوە بەناو کەلوپەلە وەرزشییەکاندا ڕێیان دییەوە، لە بازگەکە دەرچوون، (گرێبەر) پرسیاری لە (کلۆتس) کرد:

– کەی دەگەڕێیتەوە بەرەی جەنگ؟

(کلۆتس) ددانی جیڕ کردەوە:

– سبەی.. دەبوایە ئەم ژنهێنانەم لەمێژا ئەنجام بدایە، ئەی ئەو مووچەیە بۆ بۆ میری بمێنێتەوە، ئێستاکە دلنیام، ئەگەر شتێکم بەسەر بێت، (ماری) پەکی ناکەوێت، وا بزانم تۆش هەمان بیرت بەمێشکدا هاتووە؟

– بەلێ.

(کلۆتس) هەگبەکەی کردەوە..

– هاوەڵە ئازیزەکەم، فەرموو ئەم پارچە سۆسێجەت پێشکەش دەکەم، وەری گرە، تەریقم مەکەوە، جۆرێکی نایابە، بەخۆمان ئامادەی دەکەین، من جووتیارم، ئێمەومانان زۆرمان لەم بابەتانە هەیە، گەرەکم بوو بەدیاری بیدەمە ئەو گرێبەندنووسە نالەبارە.. بەڵام بەئێوە ڕەواترە.

(گرێبەر) سۆسێجەکەی لێ وەرگرت:

– فەرموو تۆش ئەم کتێبەم لێ وەربگرە، هیچی دیکەم پێ نییە پێشکەشتانی بکەم.

– دانەیەکیشیان بەئێمە داوە!

– قەیدی چییە، بیگرە با لەبری یەکێک دووانتان هەبێ، یەکێکیان بۆ تۆ ئەوی دیشیان بۆ هامسەرەکەت، بۆ خۆتان بەشەو بیخوێننەوە.

(کلۆتس) لە کتێبەکە ورد دەبۆوە:

– بەڕاست خۆت پێویستیت پێی نییە؟

– دانەیەکم لە ماڵەوە هەیە بەچەرمێکی نایاب تێگیراوە، ناونیشانەکەشی بەزێڕ نووسراوە.

– کەوابوو سوپاست دەکەم، لە کانگای دلمانەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەینەوە.

– ئێمەش هەروەها، پیرۆزبێ، بەشادی و بەختەوەری..

***

(گرێبەر) بە(ئەلیزابێث)ی گووت:

– ئەلفۆنس بیندینگم بۆیە ئاگادار نەکردەوە بۆ ئەوەی خۆی لە مارەبەستنەکەمان هەلنەقورتێنێ، ناوی نەکەوێتە تەک ناومانەوە، کەچی ئەوەتا ناوی سەرۆکی گشتی هێزەکانی شلێوەمان بوو بەتووشەوە.

(ئەلیزابێث) بەدەم پێکەنینەوە وتی:



– تۆش لە پاداشتی ئەم چاکەیە ئینجیلی نازییەکانت بەپارچە سۆسێجێک گۆڕییەوە!

لە گۆڕەپانی بازاڕەکەوە پەڕینەوە، پەیکەرەکەی بەسمارک تەنها لاقی مابوو.. پۆلێ کۆتر لە دەوری یەکێ لە قوولەکانی کلێسەی مارییا دەخولانەوە، (گرێبەر) لە (ئەلیزابێث) ورد دەبۆوە و لە دلی خۆیدا دەیگوت.. (دەبوایە ئێستاکە دلم زۆر خۆش بوایە.. کەچی هەست بەهیچ ناکەم!).

لە بێشەکەی دەرەوەی شار، نزیک یەکێ لە ڕاڕەوەکان درێژ ببوون، بریسکەیەکی مۆر لە درەختەکانەوە دەهات، گوڵە وەنەوشە و دەمەشێرێکی زۆر لە دامێنی چڕەکەدا گەشابوونەوە..

(ئەلیزابێث) چاوی کردەوە، شتێکی بریقەدار بەچلوچێوی درەختەکانەوە هەلواسرابوو، چاوی بەدرەختەکاندا گێڕا، دەزوولە و بافتەیەکی زۆر وەک لە ئاسمانەوە بارییێ بەدرەختەکانەوە دەبریسکانەوە، بەدەم دانیشتنانەوە وتی:

– ئەوانە چین؟! خەو دەبینم یان لە بێشەیەکی تەلیسماوین، ئەو بافتە و دەزوولانە چین، چاوت لێیانە؟

شنەبایەکی هەبوو، دەزوولە بریقەدارەکانی هێنا بووە لەرینەوە، (گرێبەر) ملی لار کردبۆوە، لێیان ورد دەبۆوە.

– لە بافتە زیوییەکانی جێژنی زایشت[٥] دەکەن.

– ئاخۆ چی بن؟

– کاغەز نین، فافۆنن، تەنک و باریک چنراون و، ئەم بافتە و دەزوولانەیان لێ پێکهاتووە.

– لە هەموو شتێکەوە ئالاون، لەکوێوە هاتوون، وەک لە ئاسمانەوە باریبن وایە.

– فڕۆکە.. فڕۆکەکانی دوژمن بەریان داونەتەوە، بەم دەزوولانە پەیوەندی نێوان ئامێرە بێ تەلەکانمان دەشێوێنن، شەپۆلەکانیان تێک ئەدەن بەتایبەتی لە کاتێکدا کە ئاوەها بەدەم تەوژمی باوە دەلەرێنەوە و لوول دەبن.

– داخی گرانم، لە بێشەیەک درەختی جێژنی زایشت دەچوو، هەستم دەکرد لە جەنگ دوورکەوتووینەتەوە، نەمزانی لە هەموو لا و شوێنێکەوە، هەزاران شێوە و ڕوخساری هەیە.

هەر تەماشایان دەکردن، لە لقوپۆپی گشت درەختەکانی سەر ڕاڕەوەکەوە ئالا بوون، تیشکی خۆر لەنێو پەلە هەورەکانەوە پەلی درێژ دەکرد، دەزوولەکان هاتنە باقوبریق، دیمەنێکی ئەفسووناوی بریقەدار بوو، ئەو بافتە و دەزوولانەی لەگەڵ مەرگدا لە ئاسمانەوە بەردرابوونەوە، ببوونە زیو و بریسکە بریسکی ئاهەنگەکانی وادەی منداڵی، جێژنەکانی سەردەمی ئاشتی و ئاسایشێکی لەیادچوویان دەهێنایەوە یاد.

(ئەلیزابێث) سەری نابوو بەسینگی (گرێبەر)ەوە، بەنووزەیەکی خەواڵوەوە وتی:

– چۆن دێنە پێش چاومان، باوا تەماشایان بکەین، لە بنج و بناوانیان نەکۆڵینەوە.

(گرێبەر) کتێبەکەی بۆلمانی لە توربەکەی دەرهێنا.

– وا دەکەین.. (پەڕەکانی هەلدایەوە).. داخەکەم کە ناتوانین مانگی هەنگوینیمان لە وڵاتێکی قەشەنگ ببەینە سەر.. (بۆلمان) ئەم کتێبە پڕ وێنە ڕەنگاو ڕەنگەی پێشکەش کردووین، لە دیمەنە سروشتییەکانی سویسران، کاتێ ئەم جەنگە کۆتایی دێت دەچین، لەوێ هەموو ئەم دیمەنە چاپکراوانە

بەچاوی خۆمان دەبینین و دەگەڕێین.

– سویسرا؟! ئەو وڵاتە نییە کە هێشتا بەشەو ڕووناکە؟

– ئەوێش وا نەما، تاریکیمان بەسەر ئەوانیشدا سەپاند، شەوگاری ئەوێشمان ڕەش کرد.

– بۆچی، خۆ وڵاتێکی بێ لایەنە.

– کاتێک کە فڕۆکەکانی ئێمە کەڵکیان لە شەوگاری ڕووناکی ئەوێ وەردەگرت هیچ گلەییەکمان نەبوو، بەڵام پاش ئەوەی فڕۆکە جەنگاوەرییەکانی هاوپەیمانەکانیش فێر بوون بەشەو لە ئاسمانی سویسراوە بێنە سەرمان، بەهەڕەشەوە داوامان لە سویسراییەکان کرد شارەکانیان بەشەو تاریک بکەن.

– کەواتە سەردەمی ڕووناکی ئەوێش کۆتایی هات.

– بەڵێ، بەڵام ئەو کاتەی ئێمە دەچین ئەم جەنگە کۆتایی هاتووە، هەموو ئەم شوێنانە دەچین، وەکو خۆیان ماون چنگ و چەمۆڵەی جەنگیان پێ نەگەیشتووە، ئەم شوێنانە ئەگەر لە ئیتاڵیا یان فرانسا یان ئینگلتەرا بوونایە جارێکی دی نەدەبینرانەوە، دیمەنەکانی ئەوێ بەجارێک گۆڕاون، وەکو خۆیان نەماون.

– لای ئێمەش هەمووی گۆڕاوە، کاول بووە.

لاپەڕەکانیان نەرم نەرم هەڵئەدایەوە:

– چیا.. هەر کەژوچیایە، بێ لە کەژ و چیا هیچی دیکەی لێ نییە؟ دەشتاییان نییە.

– هەیانە، بنواڕە ئەم دیمەنانە، لە باشووری سویسران، سویسرای ئیتاڵیی پێ دەڵێن، ئەمە شاری (لۆسرن)ە.

– (لۆسرن)..؟ لەوێ نەبوو پاش جەنگی یەکەم کۆنگرەیەکیان بەست؟.. بەڵێ زلهێزەکان بڕیاری ئەوەیان مۆر کرد کە جارێکی دیکە گیروگرفتەکانی نێوانیان بەجەنگ و کوشتار چارەسەر نەکەن.

– بەڵێ وایە.

– بڕیارێکی پووچ بوو.

– بەڵێ تەماشای ئەم وێنەیە بکە، ئەم درەختانە دارخورمان! بنواڕە ئەو کڵێسە کۆنە و ئەو دوورگە و دەریاچە پیرۆزەیە.. ئەی ئەم گوڵانە بۆ ناڵێیت، چەند قەشەنگ و ڕازاوەن، ئەمانە ئەزالیان ئەوانەش میمۆزان.

– بەڵێ، بەڵێ، ئەی ئەوە کوێیە؟

– پۆرتۆ ڕۆنکۆ.

(ئەلیزابێث) پاڵی دایەوە:

– چاکە، با ئەمانە لەیادماندا تۆمارکەین، کاتێک چووینە سویسرا سەردانیان دەکەین.. (ئەمجا بەناز و مەکرێکەوە وتی).. بەڵام ئێستا ئارەزووم لەو جۆرە گەشتانە نییە.

***

کتێبەکەی داخست، تەماشایەکی بافتە بریقەدارەکانی کردەوە، بەدەم باوە لوولیان دەخوارد، بریسکەیان دەهات، دەستی کردە ملی (ئەلیزابێث) هەستێکی بەهێزی بەبوون و مانی کرد.. لەپڕێکا، پانتاییەکی سەوز و بەرینی پڕ گژ و گیای بەهارەی لێ دەرکەوت، ئەمجا ڕووەکە خۆهەڵواسەکانی هاتە بەرچاو،



بەدرەختەکانەوە هەڵگەڕابوون، تەرزیان هاوێشتبوو توند و چەسپ لە قەد و لقەکانەوە ئاڵا بوون، گوڵێکی سووری پەڕە تەنک هێدی هێدی لە ئاست چاویا گەش بۆوە، گەشەی کرد، تا دەهات گەورەتر دەبوو، بەری هەموو جیهانی لێ گرت.. هەردوو چاوی قوچاند.

باکەی خست، سروش تاریکی کرد، گرمەیەکی دووری هاتە گوێ، خەوالوو بوو، وای زانی دژە ئاسمانییەکانن!.. (لە کوێوە هات؟.. ئێرە کوێیە؟.. بەرە لە کوێیە..؟) کاتێک هەستی بە(ئەلیزابێث) کرد لە تەنیشتیەوەیەتی وشیارتر بۆوە.. بەڵام ئەو تۆپانە لە کوێوە دەتەقێنن؟.. بۆ زرمەیان دێ، ئاخۆ مەشق بکەن؟!..

(ئەلیزابێث) جووڵەیەکی کرد، خەو بەری نەدابوو:

– کوان لە کوێن؟ بۆمبباران دەکەن یان ڕۆیشتن؟

– فڕۆکە نییە.

گرمە گرمەکەیان هاتەوە گوێ، (گرێبەر) ڕاستبۆوە، ماوەیەک گوێی هەڵخست، ئەمجا وتی:

– نە بۆمبە، نە تۆپە، فڕۆکەش نییە.. ئەلیزابێث، وا بزانم تاوێک بارانی خەست بەڕێوەیە.

– کەی وەرزی ئەم جۆرە بارانانەیە.

– با و باران یاسایان نییە.

چاویان بەیەکەمین هەورە برووسکەی تاوە بارانەکە کەوت، لە تەک برووسکەی وەیشوومە دەستتکردەکانی مرۆڤدا شتێکی بێ زەبری لاواز بوو!

دایکردە باران، پەنایان بردە ناو چڕەکەوە، بارانەکە بەخوڕی، توند لە گەڵای درەختەکانی ئەدا، وەک هاڕەی چەپڵەڕێزانێکی دوور دەهاتە گوێیان.. دەزوولە زیوینەکان لە پرچی ئەلیزابێثەوە ئاڵا بوون، دەبریسکانەوە، سەروقژی لە تۆڕێک دەچوو ڕووناکیی ڕاو کردبێت!

***

گەڕانەوە ناو شار، بارانەکە نم نم دەباری، گەیشتنە بەر چەترێک، کۆنە وێستگەیەکی ترام بوو، خەڵکێکی زۆر چووبوونە ژێری، دوو پاسداری لاوی نازیان لەنێو بوو، زەق لە (ئەلیزابێث) ورد دەبوونەوە، بارانەکە نیو سەعاتێکی خایاند، (گرێبەر) بە (ئەلیزابێث)ی وت:

– شارەزای ئەم دەوروبەرە نیم، کام ڕێگە بگرینە بەر باشە؟

– لای ڕاست.

لە شەقامەکە پەڕینەوە، لایان دا، تووشیان بوو بەتووشی ژمارەیەکی زۆر کرێکارەوە، ڕیزێکی دوور و درێژیان بەستبوو، هەر هەموویان یەک جۆر بەرگیان پۆشیبوو، کالایەکی دێزی میلدار بوو، سەرو ژمارەیەک لەسەر سینگ و ناوشانیان تۆمار کرابوو!، سەرقاڵی بەستنی هێڵێک بۆ ڕێی ئەستووری ئاو گەیاندن بوون.. هەر ئەوەندەی (ئەلیزابێث) چاوی پێیان کەوت، لە (گرێبەر) جیا بۆوە، خێرا ڕووە و ڕیزی کرێکارەکان هەنگاوی نا، کاتێک گەیشتە سەرەتای ڕیزەکە، هەنگاوەکانی خاوبوونەوە، بەپێ دزکە یەک یەک وەک لەدووی یەکێکدا بگەڕێ لێیان ورد دەبۆوە.. لە دیلەکانی جەنگ بوون، بۆ کاری سوخرە لە ئۆردووگایەکی چڕووساندنەوەوە هێنرابوون، کۆمابوونەوە بەر پێی خۆیان نەبێ بۆیان نەبوو بنواڕنە هیچ

لایەکی دیکە، بەبێ ورتە کاریان دەکرد، مات و چەپەڵ، ڕەنگ زەرد و لاواز، کەللەی تراشراویان لە کەللەی وشکی مۆمیاکان دەچوو، بەو بەرگە شڕوشۆڕەی بەریانەوە لە توخمێک زیندەوەری نامۆ دەچوون، لە دۆخی نێوان مردن و ژیاندا بوون.. بەجارێک شەکەت و ماندوو بوون، دووانیان لە بەردەم بەرمیلێکی پڕ لە ئاوی خواردنەوە کەوتبوون، تێنوێتی پەکی خستبوون، ئاویان نەئەدانێ، کاتی ئاو خواردنەوە هێشتا مابووی!

پاسەوانێک چاوی لە (ئەلیزابێث) بوو، نەڕاندی:

– هێی کچێ تۆ!.. وەرە دواوە قەدەغەیە.

(ئەلیزابێث) خۆی گێل کرد، هەنگاوەکانی خێراتر بوون، لە دەموچاوی دیلەکان ورد دەبۆوە!

– لەگەڵ تۆمە کچێ.. هەی بەد، گوێت لێ نییە؟

پاسدارەکە بەجنێودانەوە بۆ (ئەلیزابێث) چوو، (گرێبەر) ڕێی لێ گرت:

– چییە ئەوە، چی بووە؟

– لاچۆ، گوێتان نییە، نازانن قەدەغەیە نابێ لەوانە نزیک ببنەوە؟!

پاسدارێکی دیکە هاتە کۆمەکی، ئەمیان ئەفسەر بوو.. (گرێبەر) نەیدەوێرا (ئەلیزابێث) بانگ بکات، دەیزانی بەگوێی ناکات، بەپاسدارەکەی گوت:

– شتێکمان بزر کردووە لەدووی دەگەڕێین.

– چیتان بزر کردووە، دەی زوو بیڵێ.

– لەم دەوروبەرە بزر بووە، بڕوشێکی سەرسینگە لە شێوەی بەلەمێکی گچکە داڕێژراوە، هەندێ نقێمی وردیشی پێوەیە، دوێنێ لێرەوە بۆ لایەک چووین لەوانەیە لەم دەوروبەرە کەوتبێت.. نەتاندیوە؟

– چی؟!

باسەکەی سەرلەنوێ بۆ گێڕایەوە، درێژەی پێ دا، چاوێکیشی هەر لە (ئەلیزابێث) بوو، لە نیوەی ڕیزەکە ڕەت ببوو، پاسدارێکیان وتی:

– هیچمان نەدۆزیوەتەوە.

ئەوی دیکەیان هەڵی دایێ:

– درۆ دەکات، بزانە پێناسەی پێیە، داوای پێناسەی لێ بکە.

(گرێبەر) مۆڕەیەکی لێ کرد، بەدڵ ئارەزووی دەکرد دەستت بنێتە گەرووی و پرزەی لێ ببڕێ، لاوێکی بیست ساڵانەبوو، (شتاین بێرنەر) و (هاینی)ی دەهێنایەوە یاد، نموونەیەک بوو لەوان، وەڵامی دایەوە:

– پێناسەم پێیە، بگرە لە پێناسەشم گرنگتر پێیە، ئەگەر بەلاتانەوەش گرنگ بێ، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی شلێیوەش برادەرمە، مەبەستم (هێڵدا براندانە)، هاوڕێیەکی فرە نزیکمە.

– ئەی هیتلەر؟

– ئەو نەء.

بەلاچاو تەماشایەکی (ئەلیزابێث)ی کردەوە، زۆری نەمابوو ڕیزەکە تەواو بکات، بەخاووخلیچکییەکەوە بەڵگەی ژنهێنانەکەی لە باخەڵی دەرهێنا..



– فەرموون.. وەرنە بەر ڕووناکاییەکە، خوێندەواریت هەیە؟! بنواڕە ئەمە، ئیمزای کێیە؟ بە بەرواری ئەمڕۆیە، هیچ پرسیارێکت ماوە؟

پاسدارەکە زەق دەینواڕییە بەڵگەنامەکە، ئەوی دیکەشیان ملی بۆ تەماشاکردن لە ژوور شانی هاوەڵەکەیەوە درێژ کردبوو.

– بەڵێ ئیمزای بەڕێز هێڵدا براندنتە، دەیناسمەوە.. بەڵام قەدەغەیە لەوێوە بڕۆن، دەبێ بمان بەخشن ناتوانین ڕێتان بدەین، بۆ بڕوشەکەش زۆرمان پێ ناخۆشە کە بزر بووە.

(گرێبەر) چاوی لە (ئەلیزابێث) بوو دەگەڕایەوە، نزیک دەبۆوە:

– چار نییە، یاسا یاسایە، دەبێ پەیڕەوی بکەین.

ویستی خۆی بدزێتەوە، بەپیر (ئەلیزابێث)ەوە چوو، پاسدارێکیان دوای کەوت، وتی:

– ئەگەر بڕوشەکەمان دییەوە ڕەوانەی کوێی بکەین؟

– بۆ هیلڵدابراندنت، ئەو بۆمان ڕەوانە دەکاتەوە.

پاسدارەکە بەڕێزەوە وتی:

– بەڵێ باشە، ئەگەر دیمانەوە، هەر لە ڕێگەی بەڕێز هیلڵدا براندنتەوە دەینێرینەوە (ڕووی کردە ئەلیزابێث).. دیتەوە؟

(ئەلیزابێث) وەک لە خەونێکی قووڵ بەخەبەر هاتبێت، چاوی پیادەگێڕان نەیدەزانی چ باسە، (گرێبەر) فریای کەوت:

– ئەم برادەرانەم دەربارەی بڕوشەکەت ئاگادار کردۆتەوە، هەر ئەوەندەی دییانەوە، لەڕێی هێڵدا براندنتەوە بۆمان دەنێرنەوە.

(ئەلیزابێث) حەپەسابوو:

– سوپاسیان ئەکەم!

یەکێکیان لە (ئەلیزابێث) وردبۆوە، بەکەشوفشێکەوە وتی:

– دڵنیابە دەتوانیت پشت بەئێمەی شۆڕەسوارانی شلێیوە ببەستیت..

(ئەلیزابێث) لایەکی لە دیلەکان کردەوە، پاسدارەکە هەستی پێکرد، بەهەلی زانی دلاوەریی خۆی نیشان بدات:

– ئەگەر لای یەکێ لەو بەرازانەش بێ، بەخۆم دەزانم چۆن چۆنی لێی دەستێنمەوە.

(ئەلیزابێث) پەشیمان بۆوە:

– ڕاستییەکەی دڵنیا نیم، نازانم لێرە بزرم کردووە یان نەء، لەوانەیە لە بێشەکە (دەستتی بۆ دوور ڕاکێشا) بزرم کردبێت، یان.. نازانم؟!!

زەردەخەنەیەکی ناشرین کەوتە سەر ڕووی پاسدارەکە، (ئەلیزابێث) تەرییق بۆوە، سوور هەڵگەڕا، بەشەرمێکەوە وتی:

– بەڵێ لەوانەیە لەوێ بزرم کردبێت.

دەمولەوسی پاسدارەکە ناشرینتر پان بۆوە.

- ئێمە هەقمان بەو شوێنانەوە نییە.
(گرێبـەر) لەژوور سەری دیلێکەوە وەستا بوو، بەدزە پاکەتێک جگەرەی لە باخەڵی دەرهێنا، لەتەک دیلەکەوە بەدەم دواندنی پاسەوانەکانەوە، بەری دایەوە، بەپاسدارەکانی دەگوت:
- سوپاستان دەکەین، دەچین بەخۆمان ناو بێشەکە دەگەڕێین..
- شایانی نییە.. بژی هیتلەر، پیرۆزبایی شووەکەتان لێ دەکەین.
- سوپاستان دەکەینەوە..

١- بێرێتە: کڵاوی سەربازی.
٢- سەهەند: عناد.
٣- کۆنگور: ئاژەڵی کەنغر.
٤- لیلی: جورە گوڵێکی پەروەردەکراوی ڕازاندنەوەیە، جۆرێکە لە گوڵاڵە سوورە (شقائق).
٥- شووشەبەند: بیت زجاجي.



# 20

بۆمب هاوێژەکان دەمەو ئێوارە بەری ئاسمانی شاریان گرتەوە.. ڕۆژێکی بەهاری تەڕ و شێداربوو، هەورێکی تار و نەوی بەری ئاسمانی گرتبوو، فڕۆکەکان دیار نەبوون، بۆمبەکانیان لەو دیو هەورەکەوە بەر ئەدایەوە، ئاگر لە هەموو لایەکی شارەکە کەوتەوە، کڵپە و بڵێسەی بەگڕ ئاسماندا دەچوو، لە دەستوپەلێک دەچوون گەرەکیان بێ بەرۆکی ئەو دوژمنەی بەدزە لەودیو هەورەکەوە هاتووە، بگرن و ڕایکێشنە خوارەوە تا لە گەرووی دۆزەخینیاندا حولی بدەن..
دانیشتوانی شارەکە بەبیریاندا نەهاتبوو لەو کاتوساتە بۆردومان کرێن..!
کاتی پشووی ژەمە خواردنی کرێکارانی کارگەی دروومانەکە بوو، خەڵکێکی زۆریش بەشەقامەکانەوە بوون.. چاودێرانی پەناگە گشتییەکان بەکووچە و شەقامەکاندا بڵاو بوونەوە، شپرزە و سەرقاڵ بوون.. دەستتە دەستتە خەڵکەکەیان ڕەوانەی پەناگەکان دەکرد، فریا نەدەکەوتن.. کاتێک کە لوورەی فیکەی ئاگادارییەکان بەرزبۆوە، لە گرێبەر وابوو تەنها ئاگادارییەکە و هیچی دیکە، بەڵام کاتێک کە زرمە زرم و لەرینەوە دەستتی پێکرد، کەوتە بەرتەوژم و شاڵاوی شپرزەی خەڵکە تۆقیوەکە، کاتێک بەخۆی زانی لە پەناگەیەکدا حەشار دراوە! خۆی پێ نەگیرا، هەر ئەوەندەی دەرگاکەی پەناگەکەیان بۆ دەستتەیەک پەنابەری دیکە کردەوە، فرتەی کرد و خۆی لە پەناگەکە قورتار کرد.. چاودێرەکە هاواری لێ کرد؟
- بۆ کوێ؟ وەرە مەڕۆ قەدەغەیە، تەنها بۆ چاودێران هەیە لە دەرەوە بن.
- منیش چاودێرم.. (بەغار ڕێگەی کارگەی دروومانەکەی گرتەبەر).
شپرزە بوو، دەیویست بەهەر شێوەیەک بێ بگاتە (ئەلیزابێث) فریای کەوێت..! گەیشتە شەقامێک، خانوویەک لە پەڕی ئەوبەری شەقامەکە بەئاسماندا چوو! قورس و خاو لە بناغەکەیەوە بڵند بۆوە و لە ئاسماندا هەڵوەشا!.. شریخەی هەرەس و نەعرەتەی تەقینەوەکە نووزەی لە گێتی بڕی، (گرێبەر) زوو فریای کەوت، لەسەر دەم خۆی فڕێ دایە ناو ئاوەڕۆگەکەی ڕۆخی شەقامەکەوە، دەمی داچەقاند و بەلەپی هەردوو دەستتی پشتی سەری و هەردوو گوێی شاردەوە، فشاری تەقینەوەکە هەڵیبڕی!
تەپاو تل هاوێشتیە چەقی شەقامەکە، دارو بەردی خانووە هەڵتەکاوەکەی بەسەردا باری، زرمە و تەقەی ڕەقوتەقی بەربوونەوەی دار و پەردووە داڕووخاوەکە لەهەموو لایەکیەوە بەرزبۆوە، هەستی کرد کەللەی ئاوساوە، ناو گوێی دەزرنگایەوە، توند کەللەی ڕاوەشاند، بەلەپی دەستتی ماڵی بەنێوچەوانیا.. هەردوو گوێی خۆی ڕاکێشا ٠٠ گەرەکی بوو بێتەوە هۆش خۆی..!
هەستابووەوە سەرپای، لەبەر تۆز و چەڕە دووکەڵەکەی ئەو دەوروبەرەی گرتبۆوە، چاوی لە هیچ نەبوو، شەقامەکە ببووە ڕووبارێک ئاگری هارو بەلەسە، دەستووتاو دەکولاً!.. سەری لێ شێوا، نەیدەزانی ڕوو بکاتە کوێ، لە کوێوە خۆی دەرباز کات، هەموو ڕێیەکی قورتار بوونی لێ ئاڵۆزا.. تارمایی ڕەوەیەک گیانلەبەری شپرزەی لە ناو چەڕە دووکەڵەکەدا لێ دەرکەوت!.. ئادەمیزاد بوون، بەدەمێکی داچەقاو و ڕوخسارێکی ژاکاو و تۆقیوەوە ڕووەو ئەم بەغار دەهاتن، سامێکی وشک ڕوخساریانی تەزاندبوو، یەک شێوە بوون، سامی مەرگ و لەناوچوون شێوەیانی یەکخستبوو، لێی نزیک بوونەوە، گشتیان هاواریان

دەکرد، هاوارێکی کپ و بێ نووزە بوو، سرک و تەرە، شپرزە و سەر لێشێواو بەهەڵەداوان دایان بەلایا.. دوور کەوتنەوە، لە ناکاودا تاقە زەلامێک بەلاقێکی دەستکردەوە لە دووکەڵەکەوە دەرکەوت، دوا کەوتبوو، کاتژمێرێکی دیواری بەدەستتەوە بوو، لەپڕێکا چۆڵەکە دارینەکەی کاتی دیاری دەکرد کەوتە سەرەتاتکێ کردن و خوێندن! کەم ئەندامە هەڵاتووەکە کاتژمێرەکەی لەدەست بەربۆوە، دانەوییەوە هەڵی بگرێتەوە، بەشەلەشەل لە غاردانەکەی بەردەوام بوو، سەگێک دووی کەوتبوو، بەگوێرەی هەنگاوە شەلەکانیەوە هەڵدەقونیەوە..

کیژێکی پێنج ساڵانی لەسەر پلیکانەی بەر دەرگەی ماڵێکدا بەدی کرد، خۆی خزاندبووە قوژبنێکەوە و مەلۆتکەیەکی توند نابوو بەسینگیەوە:

– لاچۆ لەوێ، بڕۆ پەناگەیەکی نزیکەوە، کوان.. دایک و باوکت لەکوێن؟ بۆ بەجێیان هێشتوویت؟

منداڵەکە سەری بڵند نەکردەوە، لەجێی خۆی نەجووڵا، توند خۆی ترنجانبووە سووچی نێوان پلیکانە و دیوارەکەوە، چاودێرەکەی دووی (گرێبەر) کەوت، پەیدا بۆوە، لە دوورەوە هاواری لێ کرد، گوێی لێ نەبوو، خۆی هاواری کرد، گوێی لە خۆیشی نەبوو!.

چاودێرەکە بەدەستێکی باوەشی بەکیژۆڵەکەدا کرد، دەستەکەی تری بۆ (گرێبەر) ڕاکێشا، بۆی نەگیرا..

لە ناکاودا (گرێبەر) کێشی نەما، بەئاسماندا چوو، وەک تۆپەڵە قورقوشمێکی نەرم گرمۆڵە بوو، قورس بەربۆوە، هەستی کرد بەمێکوتێکی پۆڵایین لێدراوە و بەشەقامەکەوە پاندەبێتەوە..

دۆڵابێک لە ئاسماندا دەخولایەوە، چی دەرگای هەبوو، کرابوونەوە، لە باڵندەیەکی زەبەلاح دەچوو، کەوتبێتە داوی گێژەلۆکەیەکی ناهەموارەوە. ستوونێک ئاگری شێت لە ناخی زەمینەوە هەڵقولا، تەمێکی بۆگەن و چەپەڵ بەری ئاسمانی گرت، کڵپەی کرد، بووە بریقە و بریسکەیەک چاوی دەستمی، زرمەیەکی گەورە هات و زنجیرەیەک تەقینەوەی بەدوادا هات، هەناسەیەکی هەڵکێشا، هەستی کرد ناو سییەکانی کڵپە دەکەن، بەهەردوو دەستی کەللەی خۆی دەگوشی.. سەری گێژی خوارد، هێزی لێ بڕا و تەخت بەربۆوە سەر زەمین، ژانێکی تیژ کەللەی هەڵدەکۆڵی، وای دەزانی کەللەی پژاوە، تلێکی دا کەوتە سەر پشت، جووتێ چاوی ماندووی بڕییە ئاسمان، تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، لەنێوان موژگانە قوڕاوییەکانی چاویەوە.. وێنەیەکی لێڵ و لەرزۆکی لەناو ئاگر و دووکەڵەکەدا لێ دەرکەوت، بەرە بەرە زەق و ئاشکراتر دەبوو، دیوارێک بەسەر پلیکانەکەدا ڕما بوو، کیژۆڵە پێنج ساڵانەکە تەخت کەوتبوو، کراسەکەی هەڵدڕابۆوە، لاقە باریکەلە و لاوازەکانی هەریەک و بەلایەکدا درێژ ببوون باسک و مەچەکە وردیلە خۆڵاوییەکانیشی ڕاستوچەپ لە ژوور سەریەوە ڕاکێشابوو، سیخێکی ئاسنینی پلیکانەکە سینگی سمیبوو و لە پشتیەوە دەرچوو بوو.. چاودێرەکە کەللەی پەڕیبوو! وەک گیانلەبەرێکی بێ ئێسک و بێ جومگە بێت، لوول ببوو، هەردوو لاقی لە شانیەوە ئاڵابوون..! خوێنی زۆر لێ نەڕۆیشتبوو..!

مەلۆتکەکەش دیار نەبوو.. زریانی ئاگر و تەقینەوەکە بردبووی.. دەریا ئاگرینەکانی دۆزەخ دیسانەوە هەڵچوونەوە، وەیشوومەکانیان بەگژ ژیان و شارستانییەتدا کردەوە، هاوارێکی دووری هاتە گوێ..نەء زۆر دوور نەبوو! یەکێک بوو جنێوی ئەدا..



– هەی دڕندە خوێنخۆرەکان.. بەدکارە خواگرتووەکان.. بەسە، بەسیەتی خوێن ڕشتن و تاوان..

خۆی بوو هاواری دەکرد!

هەستایەوە سەرپای، خۆی نەتەکاند، خێرا کەوتەوە ڕێ... بەهەر شێوەیەک بوو خۆی گەیاندە کارگەی دروومانەکە، لێنەدرا بوو.. تەنها چاڵە بۆمبێکی نوێ نەبێ لە لای ڕاستی گۆڕەپانەکەوە دەمی کردبۆوە، هەموو شتێک لە جێی خۆیدا بوو..

ویستی خۆی بەکارگەکەدا بکات، دەرگەوانەکە ڕێی نەدا، تووڕە بوو:

– ڕێم بدە بچمە ژوورەوە، خێزانەکەم لەوێیە.

– قەدەغەیە، بڕۆ لەو پەناگەیەی ئەوبەرەوە خۆت بشارەوە.

– هەی بەد.. هەموو شتێک لەم وڵاتە قەدەغەیە؟ پێم بڵێ چی قەدەغە نییە؟ دەی ڕێم بدە تا نەمە..

دەرگەوانەکە هەنگاوێک گەڕایەوە دواوە، پەنجەی بۆ ناو حەوشی کارگەکە درێژ کرد، تەپکەیەکی(١) کۆنکریتیی بەئاسن داڕێژراوی نیشان دا، بازنەیەک پەنجەرەی بچووک بچووکی لەدەور بوو، هەڕەشەی کرد:

– بنوارە ئەوێ.. شەست تیرێکی بەلەسەی زامن نەکراوی لێیە، بەدەست پاسدارێکی لە تۆ کەللەپووتترەوەیە، جا ئەگەر حەزت لە پێشوازییەکی گەرمو گوڕە، فەرموو بچۆ ژوورەوە!

(گرێبەر) تێگەیشت کە کارگەکە لەژێر چاودێری و پاسێکی بەهێز دایە، بەپەستییەکەوە وتی:

– پاس..؟ پاسکردنی چی؟ ئەو کارگەیە چی تێدایە شایەنی پاسکردن بێ؟ کارگەیە یان بەندینخانە!.. پێم ناڵێیت چییان تێدا شاردۆتەوە وا لە سایەی شەستیر و پاسداراندا دەیپارێزن.. ئەمە لە کەیەوە داو و دەرزی  پاس دەکرێن؟!

دەرگەوانەکە هەردوو چاوی تەسک کردەوە، بەڕوویەکی گرژەوە وەڵامی دایەوە..

– لەوەی بەکەللەی پوتتا هاتووە گرینگتری لێیە، بێ لە کرێکارەکانی خۆمان، بەدەیان دیلی لێیە.. لە کارگەی تەقەمەنییەکاندا کار دەکەن.. حاڵی بوویت گەلۆر؟

– بەڵێ.

ئەمجا تێگەیشت کە بێ لە کارگەی دروومانەکە کارگەیەکی تەقەمەنیشی لێیە، پرسیاری کرد:

– پەناگەتان هەیە.. بەرگە دەگرن؟

– من نازانم، ئاگاداری هیچ نیم، کاری من لێرەیە، پرسگەکە.. (باسەکەی گۆڕی).. ماڵمان لەناو شارە، ئاخۆ ژنەکەم ئێستاکە چی بەسەر هاتبێت.

– پەناگەکانتان بەرگەی لێدانی بەهێز دەگرن؟

– دەبێ بەرگە بگرن، میری پێویستی بەکرێکارە، دەیانپارێزێ، ئێستاش لەم ناوە دووربکەوە، وەستان لێرە قەدەغەیە، ئەوانە چاویان لێتە، گومان لە هەموو جموجۆڵێک دەکەن هەر هەمووی بەنیاز و بزێویی تێکدەرانە ئەزانن، فەرمانی هەموو جۆرە شتێکشیان پێ دراوە..

تەقینەوە گەورەکان کپ بوونەوە، بەڵام دژە ئاسمانییەکان هەر زرمەیان دەهات، ئاسمانیان بەئاگرێکی

چرووپڕ دەتەنی..

(گرێبەر) دوور کەوتەوە، لە گۆڕەپانەکە پەڕییەوە، نەچووە پەناگە گشتییەکە، لە چاڵە بۆمبایەکدا خۆی حەشار دا! پڕی بۆی بارووت بوو، جارجارێک ملی درێژ دەکرد و تەماشەیەکی کارگەکەی دەکرد.. بیری دەکردەوە.. (ئەمەی ئێرە جەنگێکی دیکەیە.. لەوێ لە بەرەکانی شەڕ، هەر یەکە خەمی خۆیەتی، ئەو کەسە ئەوپەڕەکەی ناسیاوێکی یان خزمێکی هەبێت، بەڕێکەوت لە هەمان هێزدا بێت خەمی بخوات.. بەڵام لێرە پیاو سەری لێ دەشێوێ، ناپەڕژێتە سەر هیچ، هۆشی پەرەوازەی هەزاران لا دەبێ، نازانی خەمی کێ بخوات، دڵی لای کێ بێ و کێ بپارێزێ.. خۆی؟ ماڵ و منداڵی.. یان باوک و دایکی یا خوشک و براکانی؟!.. ترس و خەمەکانی ئێرە دووقاتن، بگرە سێ قات و چوار قاتە.. نەخێر بەسەدان جار لەوەی بەرەکانی جەنگ سەختتر و سامناکترن، ئەمەی لێرە ڕوو ئەدات مرۆ دەکاتە کاغەز.. کاغەزێکی تەنکی بێ سەنگ و کێش..)

کیژە پێنج ساڵانەکەی هاتەوە پێش چاو.. دڵی بەجارێک تەنگ و پەست بوو، قێزی دەهاتەوە.. چی بکات دەستتی ناگاتە ئەوانەی بوونە هۆی ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتییە.. شتێکی بێ دەستەڵاتە، بوونێکی بێ ئەمەک و لاوازە.. بێ دەستەڵاتییەکەی ببووە کێوێک ڕق و قێز کردنەوە، ڕقێک بوو پڕ بە هەموو ئەڵمانیا، لەو سنوورەش ڕەت دەبوو، شتێک بوو پەیوەندیی نە بەبیرەوە هەبوو نە بەباوەڕ، نە بەدادەوە و نە بەیاسا..

دایکردەوە باران، بەدڵۆپی زلە زلە، خوڕ وەک فرمێسکێکی زێڕین لە ئاسمانێکی مات و ڕەشپۆشەوە بەردەبۆوە، پڕ تام و بۆی دووکەڵ و بارووت بوو، قورس و خێرا بەردەبوونەوە، توند بەزەمینیاندا دائەدا، پڕشوبڵاو دەبوونەوە.. خاک تەڕ بۆوە، ڕەنگی تەڵخ هەڵگەڕا..

بۆمبا هاوێژەکان گەڕانەوە، ئەمجارە دۆزەخیان هاوردەوە.. هەستی کرد سینگی هەڵتەکاوە، فیکە و لوورەی بۆمبا بەردراوەکان و ناڵە و نەعرەتەی تەقینەوەیان و لەرز و مچوڕکی زەمین، ترسیان گەیاندە ئەو ڕادەیەی تێدا دەبێتە دەردێکی پەڕۆکی کوشندە..

بەشێکی کارگەکە بەئاسماندا چوو! تەقییەوە، داروبەرد و دووکەڵێکی خەستی ڕەش ئاسمانی گرتەوە، لەنێوانیاندا بڵێسەیەکی تیژ وەک پەروانەیەکی زەبەلاح دەخولایەوە، پارچە و تەڵەزمی هەموو شتێک لە ئاسمانەوە داباری، چاوی لە پەنجەرەیەک بوو لە ئاسماندا تەقلەی لێ ئەدا!.. زەرد، سپی، سەوز، هەزار ڕەنگی گۆڕی و هەر بەرنەبۆوە.. خۆی پێ نەگیرا، وەکو شێت لە چاڵەکە دەرپەڕی و ئامبازی گیانی دەرگەوانەکە بۆوە.. پیاوەکە تێی خوڕی:

– بەزمە دیسانەوە!..ئەرێ تۆ بۆ وا دەکەیت نەگبەت؟ چاوت لێ نییە چی دەبارێ؟

– ئەزانم، ئەزانم.. بەڵام پێم بڵێ کارگەی دروومانەکە کامەیە؟

– پرسیاری هیچ و پووچ دەکەیت کابرا.. ئەوەیانە کە هیچی لێ نەهاتووە..

– باوەڕت پێ بکەم؟ دڵنیابم؟ هاوسەرەکەم..

– هەی بەد، خۆزگە خۆت و هاوسەرەکەت بەر بۆمبێک دەکەوتن.. باشە؟ گشتیان لە پەناگەکەن، دەبڕۆ



لاچۆ ئیتر، بەرۆکمان بەردە، هەندێ پێوە بوون دەبێ بچمە کۆمەکیان..

– پێوە بوون کەواتە کوژراو و بریندار هەیە؟.. ئەی بۆ گوتت لە پەناگەکەن؟

– لەوانەی دیکەن بێ مێشک.. لە دیلە بەسوخرە گیراوەکانن، ئەمانە ناچنە پەناگەکانەوە، بۆ لە تۆ وایە میری پەناگە بۆ ئەمانیش تەرخان دەکات؟

– نەء.

– زۆر باشە خەریکە حاڵی دەبیت، دەبڕۆ دەی لێرە دووربکەوەرەوە، خۆ تۆ بەناخێری گیانت جەنگاوەریت، چۆن دەبێ ئەمەندە بێ ورە بیت، هەرچەندە هیچی واش نەماوە، پیاو ورەی پێ بەرز بکاتەوە..

(گرێبەر) نواڕییە ئاسمان، تەنها زرمەی دژە ئاسمانییەکان دەهات:

– ئەم چاکەیەم لەگەڵدا بکە؟.. یان دڵنیام بکە.. ڕێم بدە بچمە ژوورەوە، یان خۆت بچۆ و پرسیارێکم بۆ بکە، ئەوەندە دڵنیابم کە کارگەی دروومانەکە بەرنەکەوتووە؟.. چییە، تۆ ژنت نییە؟

– ئەی پێم نەگوتیت هەمە، بۆ لە تۆ وایە منیش دڵم لای ژن و منداڵەکانم نییە؟

– دە پرسیارم بۆ بکە، خێرت دەگا.. ژنەکەت لە هەموو بەڵایەک دەپارێزرێت..

– تۆ یان تێکچوویت، یا خۆت بەیەزدان دەزانیت..(خێرا خۆی بەژووری بەپرسگەکەدا کرد، زۆری نەخایاند گەڕایەوە).. تەلەفۆنێکم بۆ ناوەوە کرد، بەشی دروومانەکە بەر نەکەوتووە، بۆمبەکان لەناو دیلەکاندا تەقیونەتەوە، تاقیان لێ دەرنەچووە.. ئیتر بڕۆ با لەبەرچاوم نەتبینم.. چەندێکە ژنت هێناوە؟

– سێ ڕۆژە.

خەندەیەک کتوپڕ دەمو چاوی دەرگەوانەکەی گرتەوە:

– ئەی بۆ زوو ئەمەت نەگوت.. نەخێر ئەمەیان باسێکی دیکەیە.

(گرێبەر گوێی لێ نەبوو، بیری دەکردەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت.. دەمویست ببمە خاوەنی شتێک بمپارێزێ، دامەزرێنێ، نەمزانی زیاتر شپرزە و بێ ئارامم دەکات)..

***

تاوێ بۆمببارانەکە کۆتایی هات، باڵندەکانی مەرگ پاش دەستت وەشاندنێکی بەزەبر کشانەوە!.. شارەکە بۆنی مەرگی لێدەهات، بڵێسەی سەوز، سوور زەرد و سپی لە هەموو لایەکەوە بڵند دەبوونەوە هەندێکیان وەکو عەزیا زمانیان لە وێرانەکانەوە درێژ دەکرد، جۆرێکی دیکەیان لە بنمیچەکانەوە پەلیان بۆ ئاسمان ڕادەکێشا، جۆرێکیان تەریق بوون، بەشەرمەوە بەڕووکاری خانە ڕماوەکاندا هەڵدەگەڕان و ئەمجا باوەشیان بەهەموو خانووەکەدا دەکرد، جۆرێکی دیکەشیان وەکو شێت لە ناکاودا فیێیان لێدەهات، پەنجەرە بڵندەکانیان هەڵ دەتەکاند و بەهاژەیەکی ترسناکەوە پەلیان دەهاوێشتە دەرەوە.. هەڕەشەیان دەکرد.. وەیشوومەی ئاگر و دووکەڵ، بەگەڕەک، ماڵ و خانووبەرەی قووت ئەدا، شارەکە کڵپەی دەکرد، داگیرسابوو، هیچ لایەکی لە بریندار و کوژراو بێ بەش نەبوو، ئادەمیزادی گۆشت و خوێن نێچیری بێ دەستەڵاتی بەر کەڵبە و چنگی ئاگرێکی دڕندە و برسی ببوون، بەردەبووە گیانیان، بەبێ جیاوازی،

بەجلوبەرگ و پێـڵاوەکـەی پایانەوە دەیخـواردن، نەدەکـوژانەوە، ترس و ئازاریش هێندەی تر سـەرشـێـتی دەکـردن.. ڕووبەڕووی ڕوخسـاری گـرژ و بەسـامی مـەرگ ببـوونەوە، بەدەم هاوار و قـریشکەوە دەهاتن و دەچوون، بەرۆکی بەرنەئەدان، تا دەهات کـڵـپـەی خـۆشـتـر دەبوو، بەهێـزتر دەبوو، هێـزی لێ دەبڕین، بەردەبوونەوە سـەر زەمین، دوا توانایان دەبووە سکە خشکەیەکی سست و نووزەیەکی کپی خۆ بەدەستت مەرگەوە دان.. ئەمجا دەبوونە خۆڵەمێش.. ئاگرەکەی بەردەبووە گیانـیان لە جۆرێک بوو کوژاندنەوەی هەر نەبوو..

یەکێک لە تەکیەوە وتی:

– ناکوژێنەوە.. ئەو شتە بەدەی لەو بۆمبە سووتێنەرانەوە[٢] دەپڕژێ، بەگیانیانەوە دەنووسێ، تا نەبنە خۆڵەمێش دانامرکێنەوە.

– بۆچی؟

– هەریەکەیان دەستگایەکی تەواوی ئاگر کوژاندنەوەی پێویستە، ئەو فسفۆرە نالەبارەش کوژاندنەوەی هەر نییە، بەهەرچییەکەوە بنووسێت ئاگری تێبەر ئەدات.. وایش لە هاوار و قریشکەی ئەو نەگبەتانە..

– کەواتە بکوژرێن چاکـترە، هیچ نەبێ بەو کـوشتنە لەو ئێش و ژانە دۆزەخینە قورتاریان دەکات.. خۆ هەر دەمرن ئیتر ئەو هەموو ئازارە بۆ بچێژن؟

– فەرموو گوللەیەک بەیەکێکیانەوە بنێ، جا ئەوسا خۆت دەیبینیتەوە چۆن چۆنی وەکو پیاو کوژێکی دڕندە سزا دەدرێیت، لە هەمووی ستەمتر دیمەنیانە، بەو ئاگرەوە کە بەر بۆتە گیانیان بەدەوری خۆیاندا دەخولێنەوە، شپرزە و بێ ئومێد پەل دەهاوێژن، هەڵدەبەزنەوە و پتر بەگەرووی مەرگێکی سووردا دەچن، هەتا بجوولێنەوە ئاگرەکەی گیانیان زیاتر خۆش دەبێ، سەرباری هەمووی ئەم ڕەشەبایەشی هاتۆتە بان (نواڕییە ئاسمان) باکەش چۆتە پاڵ ئەوان.. ئاگات لێیە چۆن پاش هەموو بۆمبارانێک بەتوندی هەڵدەکات؟! ئەوان ئاگرەکە بەر ئەدەنەوە باکەش خۆشتری دەکات و ماڵ بە ماڵی دەگوێزێتەوە..

(گرێبەر) لێی ورد دەبۆوە، پیاوێکی کورتە باڵای تاس کڵاو[٣] لەسەر بوو، تاس کڵاوەکە گەورە بوو بەسـەری، تەنهـا جـووتێ چاوی زەق و مـاندوو دەمـێکی بێ ددانی لە ژێردا دیار بوو هیـچی دیکە..! پرسیاری لێ کرد:

– مەبەستت ئەوەیە، ئەوانەی ئاگریان تێبەر دەبێ نەجوولێن چاترە؟

– بەڵێ، هەوڵ بدرێت لە جێی خۆیاندا بەهێمنی بە بەرگێکی ئەستوور یان پەتوویەکی خوری ئاگرەکەی گیـانیـان بکوژێنرێتـەوە (دەسـتـێکی بادا).. بەڵام کێ لە گـوزەرانی وادا خـۆی پێ دەگـیـرێ یان بەرگی ئەستوور و پەتووی بەبیردا دێ، کێ هەیە ئاگر بەربێتە گیانی و بەهێمنی فریای خۆی کەوێت؟

– لە توانای کەسدا نییە (برێ بێ دەنگ بوون، پاشان گرێبەر پرسیاری لێ کردەوە).. کاری تۆ چییە؟ لە چاودێرانی پەناگاکان ناچیت؟!

– نەء لەوان نیم، لەو جۆرانە نیم بەناوی پەنادانی خەڵکەکە خۆم لە کونێکدا حەشار بدەم، ئێمە کوژراوەکان کۆ دەکەینەوە، جار جارێکیش کۆمەکی بریندارانیش دەکەین.. ئەوەتا ئەوە عەرەبانەکەمانە،



ئاخرییەکەی گەیشت..

عـەرەبانەیەکی پانکەڵە بەتەقـەتەق لەنێـوان دووکـەڵ و تەپوتۆزی وێرانەکـانەوە دەرکـەوت، ئەسـپـێکی کەتەی سپی ڕایدەکێشا، تاس کڵاو لەسەرەکە هاواری لێ کردن:

– (گۆستاف)، لەوێ لای خۆت بوەستە، هەندێکی لێیە با باریان کەین.. دەستەبەرەکانتان هێناوە؟

– بەڵێ.

(گـرێبـەر) دوایان کـەوت، لە پەنا دیوارێکدا، ژمـارەیەک کـوژراویان گـردکـردبۆوە، بۆی نەژمـێـردران، بەسەریەکدا کەوتبوون، پەلیان لە یەک ئاڵابوو.. تەزوویەکی سارد دڵی تەزاند، بەهەموو گیانیا تەشەنەی کرد، ترس بوو یان خەم؟ نەیزانی کامیانە، بەدەم خۆیەوە دەیگوت.. (قەسابخانەیە.. نەء، قەسابخانەش لێـرە خـاوێنتـرە، لەوێ بەگـوێرەی یاسـا و نەریتـێکی پەیڕەوکـراو، ئاژەڵان دەکـوژن، بەگـوێرەی پێـویست لەناویان دەبەن، بەشینەیی، پوخت کەوڵ دەکرێن، هەموو شتێک لە جێی خۆیدایەتی.. بەڵام ئەمەی ئێرە گەڕەلاوژەیەکی بێ سەروبەرە، مەرگێکی پۆخڵ و شپرزەیە، مەرگێکە تەنها بۆ مەرگ، هیچ مـانایەکی دیکەی نیـیـە، بەبێ جیـاوازی، گەورە و بچووک، نێـر و مێ، گشـتی پێکەوە، بەجلوبەرگ و ڕیخـۆڵە و گۆشت و ئێسکەوە ئەنجن ئەنجن دەکرێن، بەئاگر کەوڵ دەکرێن! چۆن ڕێکەوێ، لە هەر کـوێیەک بێ فـڕێ ئەدرێن، ئەمیـان پساوە، ئەوەیان برژاوە، ئەم کەللەی نەماوە ئەو خنکاوە.. زۆربەیان بەرگە سووتاوەکەی بەریان بەگیانیانەوە لکابوو، چاوی بەدەرلنگێکی خوێناوی پانتۆڵێک کەوت بەلاقە پەڕیووەکەی ناویەوە لە لایەکەوە فڕێ درابوو، هەر لە تەنیـشـتـیەوە سـوخـمەیەکی سینگی ژنانە، بافـتـەکـانی لە مەمکێکی پچڕاوەوە ئاڵابوون..

منداڵە کوژراوەکانیـشیـان لە حەوشەی خانووچکەیەکدا گرد کردبۆوە، خەرمانێکیـان لێ هەڵدرابۆوە! پێکەوە لەناو پەناگەیەکدا لەناوچوو بوون، بوو بوون بەژێرپای گەورەکانەوە، کەللە و سینگ و دەست و لاقیان هاڕدرا بوو، موو بەکەللەی وردیلەیانەوە نەمابوو! لە خاک و خوێن و ژانێکی بێ بەزەییدا گەوزا بوون.. سەبەتەیەک بەپشیلەیەکی تۆپیوەوە لە تەنیشت هەگبەیەکی خوێناوی قوتابخانەوە فڕێ درابوو.. منداڵێکیـان هیچ زامێکی بەجەستەوە نەبوو، تەخت لەسەر پشت، وەک بەدەم خەوتنانەوە تا دوا دڵۆپ، خوێنیان مژیبێت، سپی هەڵگەڕابوو، یەکێکی دیکەیان سوور ببۆوە! تەنها بنی پێی نەبێ هەموو گیانی بەیەکسانی سووتابوو.. نێر بوو یان مێ؟ نەدەناسرا، ئەڵقەیەکی زێڕینی لە پەنجەدا بوو..

یەکێک وتی:

– بنواڕنە چاوەکانی، هەرگیز نەمدەزانی چاویش ئاوەها دەستووتێ؟!

کـەوتنە گـواسـتنەوەی تـەرمـەکـان، شین و شـەپۆڕ لە خـانمێکەوە بەرز بۆوە، دوای تەرمی منداڵێک کەوتبوو:

– لیندا.. لیندا؟!!

***

خۆر لەنێوان پەڵە هەورە سووتاوەکانەوە دەرکەوت، شەقامەکان تەڕ بوون، ورشەیان دەهات، درەختە

سەوزەکان گەشتریان دەنوان.. خۆری پاش باران بووژێنەر و کاریگەرە..

ئاخێکیان لەپشتیەوە هەڵکێشا، خانمێکی کڵاوسوور بوو. کڵاوەکەی بریقەی دەهات، بەنیگایەکی پڕ فرمێسکەوە دەینواڕییە تەرمی منداڵەکان.. دەیگوت:

– لەم دونیا بێ یان لەو دونیا، نابێ ئەم تاوانەیان بەسەرەوە بچێ، ئەم هەموو خوێنە نابێ بەفیڕۆ بڕوات..

تیپێکی فریاکەوتن گەیشتە جێ، کەوتنە دوور خستنەوەی حەشاماتەکە..

– دەی ئەوەی کاری نییە با لێرە نەوەستێ، بڵاوەی لێ بکەن.

(گرێبەر) دوور کەوتەوە، بیری دەکردەوە.. (چییان بەسەرەوە ناچێ.. بەسەر کێوە ناچێ؟.. چی بەفیڕۆ ناڕوات..؟ گەلێ زۆرن ئەو شتانەی پاش ئەم جەنگە بەفیڕۆ دەچن، هەندێکیشی بێ هوودە ناڕوات!.. تۆڵە، ئەمیش تەنها مافی سەرکەوتووانە.. منداڵی کوژراوم زۆر دیوە.. لەم دیمەنانەش ستەمتر و خراپترم دیوە..) لەو دیمەنانەی لە گەلێ جێ دیبوو، فڕانسا، هۆڵەندا، پوڵەندا، ئەفریقیا، ڕووسیا، ئەوانیش وردیلە و تەمەن بچووک بوون، خوشک و دایک و نەنکیان هەبوو، بۆیان دەگریان و دەیانلاواندەوە، فرمێسکی تاڵ و خەستیان بۆ دەڕشتن، خەم دایڕزاندبوون، بەپەنهانی و بەئاشکرا، ڕوویان دەکردە ئاسمان، لە یەزدان دەپاڕانەوە.. داوای تۆڵەیان دەکرد، داوای سزای دەکرد.. نەء ئەمەی ڕووی داوە تەنها لە مان نەقەوماوە.. تۆڵە و سزا.. تاوان و تاوانباران، شتێکن پەیوەندییان بەئاکامی جەنگەوە هەیە، سەرکەوتووان بێ تاوانن! خاوەنی هەموو داد و مافێکن، ژێرکەوتووانش هەمیشە تاوانبار بوون و دەبێ سزا بدرێن.. بۆ وا بیر دەکاتەوە؟ کێ بوو بەر لە سەعاتێک بەگژ ئاسماندا دەچوو و داوای تۆڵەی دەکرد؟.. هەر ئەم نەبوو؟!

خانووەکەی ماڵی (ئەلیزابێث)ی تێدا بوو، ڕاستەوخۆ بەرنەکەوتبوو، پرژی بۆمبێکی سووتێنەر گەییبووە خانەکەی دراوسێیان، ئاگری تێبەردابوو، دەستووتا و باکەش ئاگرەکەی خۆشتر دەکرد، بانی هەر سێ خانووەکەی گرتبۆوە..

دەرگەوانەکەی دییەوە، خێرا پرسیاری لێکرد:

– ئەو ئاگرە بۆ ناکوژێننەوە؟.. ئاو نییە؟

– هەیە، بەڵام بێ هێزە، سەرناکەوێت، بانەکانیش ئەوەندەیان نەماوە بڕمێن.

شەقامەکە شپرزە بوو، چی کەلوپەلی ماڵەکانی هەردوو بەری شەقامەکە هەبوو، گشتی بەسەریەکدا لەو ناوە فڕێ درابوون.. گوربەیەکیان نابووە قەفەسێکەوە، بەحۆلی لە خەڵکەکە ورد دبۆوە، سەر شۆستەکان بەجۆرەها تابلۆ و بوخچەی هەمەچەشنە و باوەڵی پڕ لە جلوبەرگ و بەستەکە نوێن و دار و تەختەی ناو ماڵ گیرابوون..

دانیشتوانی نهۆمەکانی خوارەوە بە بەردەوامی خەریکی کەلوپەل دەرکردن بوون، ڕوخساری تۆقیو و پشێویان لە ئارەقەدا خنکابوو.. هەندێ سەردەکەوتن، هەندێکی دیکە دەهاتنە خوارێ، هەموو پەلەیان بوو، ماندوو بوون، بەڵام گورجوگۆڵ دەهاتن و دەچوون..



(گرێبەر) هەر دەرگەوانەکەی ئەدواند:

– ئاخۆ ئاگرەکە بگاتە نهۆمەکانی خوارەوە..

– لەوانەیە، بەڵێ ئەگەر ئاگرکوژێنەرەکان فریانەکەون، گشتی ئاگری تێبەردەبێ، باکە جارێ توندی نەکردووە، بۆڕی سەرەکی گەیاندنی گازی ماڵەکانیشمان گرتۆتەوە، هەرچییەکیش قایلی سووتانە دەرکراوە، ئیتر ئەوەی لە دەستەڵاتماندا بووە کردوومانە، تەنها ئەوەمان لەسەرە چاوەڕوان بین (لە گرێبەر ورد بۆوە).. کوا چرووتەکەی گفتت پێ دام؟ بۆ ئێستام باش بوو، بۆخۆم یەکێکم لێ دەکێشا.

– بەیانی.. بەیانی چەپکێکی گەورەت بۆ دێنم..

لەوێوە تەماشایەکی پەنجەرەی ماڵەکەی (ئەلیزابێث)ی کرد، دوو نهۆم لە خوار بانە ئاگر تێبەربووەکە بوو.. لە پەنجەرەکەی تەنیشتیەوە (خاتوو لیزەر)ی بەدی کرد، وەک شتێکی قورس ڕاکێشی، زۆر شپرزە و ماندوو دیار بوو.. وتی:

– منیش بچم شتێک دەرکەم باشە، خۆ ئەگەر ماڵەکەش نەسووتا باشتر..

– بەڵێ وایە.. دروستە.

ئازا بەپلیکانەکەدا سەرکەوت، یەکێک بەغار دەهاتە خوارەوە، خۆی پیا ماڵی، باوەڵێکی قورس و مەقاشێکی بەدەستەوە بوو! پیاوێکی بەڕەوشت بوو، بەتەریقییەکەوە داوای لێبوردنی لێ کرد و بەپەلە بەرەوخوار بۆوە، دەرگەی ماڵەکە کرابۆوە، ناو دەرگاکە پڕی لە بووخچە و پریاسکە بوو، خاتوو (لیزەر) بەدەم هەنسک و لێوە کرۆشتنەوە لە ژوورەکەیدا دەگەڕا، (گرێبەر) خۆی بەژوورەکەی (ئەلیزابێث)دا کرد و دەرگاکەی لەدووی خۆیدا داخست..

***

کورسییەک لەبەر پەنجەرەکەدا بوو، لەسەری دانیشت، پشتی کردبووە پەنجەرەکە و چاوی بەژوورەکەدا دەگێڕا.. لانەیەکی پڕ ئارام و ئاسایش بوو..

بیری لە هیچ نەکردەوە، ماوەیەک بەو شێوەیە دانیشت، پاشان کەوتە پشکنینی ژوورەکە، دوو باوەڵی لەژێر چەرپاکەدا دییەوە، بەتاڵ بوون، سەرێکی بەدیاریانەوە خوراند، بیری دەکردەوە چییان تێ بخات، بەر لە هەموو شتێک جلوبەرگە پێویستییەکانی (ئەلیزابێث)ی تێ فڕێدان.. دەستتەیەک نامەی لە چەکمەجەیەکدا دییەوە، ئەوانیشی دانا.. ژاوەژاوێک لە دەرەوە بەرز بۆوە، ملی لە پەنجەرەکە بردە دەرەوە، نەء پیاوانی ئاگر کوژاندنەوە نەبوون، خەڵکەکە گوریان دابووە خۆیان، پەلەیان بوو، هەریەکە و کۆڵێکی دابوو بەشانیا، خانوەکانیان چۆڵ دەکرد، خانمێک لەوبەری شەقامەکەوە لەسەر تاکێ قەنەفەیەکی بەرگ سووردا پاڵی لێدابۆوە، جانتایەکی گچکەی توند نابوو بەسینگیەوە..(دەبێ خشڵەکانی بن)..

کەوتەوە پشکنینی ژوورەکە، چەند پارچە خشڵێکی سووکەڵە و دوو بازنی تەنکۆڵەی زێڕین و دەرزییەکی نقێمداری دییەوە، کراسە زێڕینەکەشی لەیاد نەچوو! جلوبەرگەکانی (ئەلیزابێث)ی بەخۆشەویستی و سۆزێکی زۆرەوە دەپێچایەوە، تەریق بوو! چونکە بێ ئاگاداری خاوەنەکانیان دەستتی ئەدانێ.

وێنەیەکی (دکتۆر کرۆزە)ی دییەوە، ئەویشی خستە باوەڵێکیانەوە، لەژوور کەلوپەلەکانەوە داینا.

باوەڵەکانی توند کرد و ئەمجا دانیشتەوە و کەوتەوە یادکردنەوەی ئەو ئاسوودەگی و ئارامە بەسەرچووەی ماوەی چەند ڕۆژێکی کورت لەو لانە گچکەیەدا نۆشی.. نوێن و پێخەفەکانی بەلاوە گرنگ بوون، بۆیە پەستەکێکی وەک ئەوانەی (خاتوو لیزەر)ی لێ پێچانەوە و لە پەنجەرەکەوە فڕێی دایە سەر شەقامەکە.. تۆربەکەی خۆی لەودیو چەرپاکە دۆزییەوە، لەیادی چووبوو، کاتێک ڕایکێشا، تاس کڵاوەکەی لێ بەربۆوە، وەک یەکێک لەژێرەوە بەمێکوتێکی قورس لە بنمیچەکە بدات، زرمەی هات.. بۆ ماوەیەک هەردوو چاوی تێبڕی، مۆڕەی لێ دەکرد، ئەمجا بەنووکی پێی فڕێی دایە نێو کەلوپەلەکەی ناو دەرگاکەوە..

چیی پێچابۆوە بەیەک دوو کاروان بردیە سەر شەقامەکە..

خانووەکان لەسەرخۆ دەستووتان! ئاگرەکە نهۆم نهۆم نەوی دەبۆوە، ئاگرکوژێنەکانیش هەر نەهاتن.. فریا نەدەکەوتن، گیرۆدەی سەدان لای دیکە بوون، خانە و گەڕەکەکان وەک کارگەکان نین.. چی گرنگە ئەوە لە پێشان بایەخی پێ دەدرێت.

ئەوەی لە توانایاندا بوو کردیان، ئەو کەلوپەلەی بەلایانەوە پێویست بوو دەریان کرد، بەڵام لێیان بووە تەوق!، نەیاندەزانی چی لێ بکەن! بۆ کوێی ببەن؟ کەس جێیان ناکاتەوە، هیچ هۆیەکی گواستنەوەش نییە، هاتوچۆیان لە گەڕەکەکە قەدەغە کردبوو، بەگوریسێکی ئەستوور سەر شەقامەکەیان گرتبوو.. کەلوپەلی خەڵکەکە بەشەقامەکەدا بڵاو ببۆوە، چاوی پیا دەگێڕان، کورسییەکی گرانبەها و قەنەفەیەکی نایابی بەچەرم تێگیراو سەرنجیان ڕاکێشا، کۆرپەیەکی وردیلە لە لانکەکەیدا خەوی لێکەوتبوو، خێزانێک لە دەوری مێزێکی نانخواردن گرد ببوونەوە، خێزانێکی دیکە خۆیان خزاندبووە قوژبنێکی شەقامەکەوە، بەداگیرکردن داگیریان کردبوو، وەک لە حەوت پشتەوە بۆیان جێمابێت ڕێیان بەکەس نەئەدا توخنی ئەو ناوە بکەوێت.. دەرگەوانەکەش لەسەر تەختێکی درێژکۆڵە پاڵی لێدابووەوە، هەردوو لاقی لێ درێژ کردبوو، پرخەی دەهات..

کیژەکەی (خاتوو لێزەر) لە باوەشی دایکیا بوو، لەنێوەندی کەلوپەلەکانیاندا دانیشتبوون، (خاتوو لیزەر) وێنەکەی هیتلەری لەیاد نەچووبوو، لەپشت خۆیەوە بەدیوارێکەوەی هەڵپەسارد بوو..

(گرێبەر) کەلوپەلەکەی لێ ببووە گرفت، نەیدەزانی چیی لێ بکات، زۆری هەوڵ دا لەلایەک جێیان بۆ دابین بکات، بێ سوود بوو، لە دەرگای چەند ماڵێکی دا، لێیان نەکردەوە، ئەوانەش کە دەرگایان لێ کردەوە جێگایان نەبوو! دوا دەرگا کە لێی کرایەوە، خانمێکی ڕووگرژ و مۆن بوو، لە گرێبەر تووڕە بوو:

– هەر ئەوەندە جێگەی کەلوپەلەکەتمان کردەوە، لێمان دەبیتە خاوەن ماڵ، ئەی وا نییە؟.. لاچۆ جێگەمان نییە..

کۆڵی دا، گەڕایەوە دیار کەلوپەلەکەی، ڕووانیی بابۆڵەیەکی لێ دزراوە! خواردن بوو، چاوی گێڕا، خێزانەکەی لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون دەمیان دەجوولا، شتێکیان بەدزییەوە دەخوارد.. لەوانەیە ئازووقەی خۆشیان بێت و نەیانەوێ بەشی کەسی لێبدەن..

ئاکامەکەی (ئەلیزابێث) دەرکەوت، دوور بوو، لە گوریسەکانەوە کە سەری شەقامەکەیان پێ گرتبوو،



هات بەم دیودا، لە ڕووتەنییەکی چەقی شەقامەکەدا بڕێ وەستا، ئەویش چاوی دەگێڕا، ڕوخساری ئاڵ هەڵگەڕابوو، کەوتبووە بەر ورشەی ئاگرەکانەوە، (گرێبەر) هەڵقونییەوە هەستایە سەرپای و، لە جێگەی خۆیدا هەڵدەبەزییەوە و هاواری دەکرد:

– ئەلیزابێث.. ئەوەتا لێرەم، ئەمە منم، (گرێبەر)م.

(ئەلیزابێث) چاوی هەر دەگێڕا، (گرێبەر)ی هەر نەدی، ئەمجا (گرێبەر) بەدەم دەست بادانەوە هاواری دەکرد:

– ئەوەتام لێرەم.. منم (گرێبەر)م.

هەر ئەوەندە چاوی بە (گرێبەر) کەوت، بەغار هاتە لای، هەناسەی توند ببوو، بەدەم هەناسە بڕکێوە وتی:

– ئەوە تۆیت؟ سوپاس بۆ تۆ خودایە..(باوەشیان بەیەکدا کرد).

– نەمتوانی بێم بە دواتا، گیرۆدەی ئەم کەلوپەلانە بووم.

– وام زانی پێوە بوویت!

– بۆ؟ چی ئەم بیرەی بەمێشکتا هێنا؟

هەناسەی (ئەلیزابێث) نەهاتبۆوە سەرخۆی، قوڕگی پڕ گریان بوو، (گرێبەر) بەسۆزەوە دواندی:

– منیش هەموو هۆشێکم لای تۆ بوو.

(ئەلیزابێث) نیگا فرمێسکاوییەکانی کردە ئاسمان، تەماشایەکی ماڵەکەی کرد:

– چ باسە؟

– بانەکان ئاگریان تێبەر بووە.

– ئەوەی بەلامەوە گرنگە تۆیت کە هیچت لێ نەهاتووە.. هەزاران بیرو لێکدانەوەی ڕەشم بەمێشکدا هاتووە..

– منیش دڵم لە لات بوو، وەرە ئێرە، لەسەر ئەم کورسییە دانیشە.. پشوویەک بدە..

(ئەلیزابێث) دانیشت، هەناسەی هەر توند بوو، (گرێبەر) سەتڵێک ئاو و پەرداخێکی لەنزیک خێزانەکەی دەوری مێزەکە بەدی کرد، گورج پەرداخێک ئاوی بۆ (ئەلیزابێث) هێنا.

– دەی قومێک ئاو بخۆرەوە.

خوتەخوت و بۆڵەی ژنێکیان هاتە گوێ، لەگەڵ ئەمانی بوو:

– لەگەڵ ئێوەمە.. ئەوە ئاوی ئێمە بوو.

(گرێبەر) ئاوڕێکی لێدانەوە، ژنێک بوو منداڵێکی دوازدە ساڵانەی خستبووە باوەش، بەرگێکی هاوینەیان کردبووە بەر.. منداڵەکەش مۆڕەی لێدەکردن:

– پەرداخەکەش هی خۆمانە.

گوێی پێ نەدان، هەر خەریکی (ئەلیزابێث) بوو:

– بیخۆرەوە دەی..(ژنەکە هەر بۆڵەی دەهات، «گرێبەر» ئاوڕێکی لێدایەوە).. ئەی هەواکەش هی

ئێوە نییە؟

(ئەلیزابێث) وتی:

– بیاندەرەوە، یان وا بزانم سەتڵە ئاوەکەیان بەسەردا قلّپ بکەیتەوە چاکترە..

پەرداخەکەی لە دەمی (ئەلیزابێث) نزیک کردەوە:

– بیخۆرەوە، وا دیارە لە کارگەکەوە هەتا ئێرە بەغار هاتوویت.

– بەڵێ هەر لەوێوە هەتا ئێرە.

(گرێبەر) پەرداخەکەی پڕکردەوە، نای بەسەریەوە، ئەمجا بەتوندی لە تەک سەتڵەکەوەی دانا، تەقەی هات.. ورتە لە دەم خێزانەکەوە نەهات..

(گرێبەر) هێشتا نەگەیشتبۆوە لای (ئەلیزابێث)، منداڵەکە هەڵمەتی هێنا پەرداخەکەی بردە سەر مێزەکەی خۆیان.. دەرگەوانەکە چاوی کردەوە، باوێشکێکی درێژی بەدەنگی بەرزدا، ئەمجا نەڕەیەکی بەسەر خێزانەکەدا کرد:

– دەگ دارزێن دزینە..(خێرا هەردوو چاوی قووچاندەوە و کەوتەوە پرخەپرخ)..

نهۆمی سەرەوە تەپی.. (گرێبەر) بە(ئەلیزابێث)ی وت:

– هەنێ جلوبەرگ و وێنەیەکی باوکت و بەستەکێک نوێنیشم دەرکردووە، تۆ لێرەیت.. بەدیاریانەوەبە دەچم هەندێ کەلوپەلی دیکە دەرئەکەم.

– با بسووتێن.. هەموو شتێک کۆتایی پێ بێت.

– کۆتایی بە چی؟

– بەڕابووردوو.. ناتوانین ژیانێکی نوێ بەو ڕابووردووەوە دەستت پێ بکەینەوە، بارێکی قورسە، ستەمە، بەیادگارە خۆشەکانیشیەوە، کۆتێکن دەبێ بپسێ بۆ ئەوەی سەرلەنوێ، لە سەرەتاوە.. لە هیچەوە دەست پێ بکەینەوە.

– دەتوانین ئەوەی دەری دەکەین بیفرۆشینەوە!

– لە کوێی دەفرۆشیتەوە؟.. ئێرە؟! (ئەلیزابێث چاوێکی بەحەشاماتەکە گێڕا) بۆ بەتەمانیت شەقامەکە بکەیتە هەڕاجخانە؟ تەماشاکە چی کەلوپەلی لێیە گشتی لە خاوەنی تەوقە، جێی نییە، کەس نازانێ ئاکامی ئەم ماڵوێرانی و دەربەدەرییە چییە..! چەند دەخایێنێ؟

دایکردەوە باران، (خاتوو لیزەر) چەترێکی هەڵدا، زوو پەشیمان بۆوە، چەترەکەی پێچایەوە و شاردیەوە.. (گرێبەر) چاوی بەهیتلەر کەوت، دەگریا..! وێنەکەی هیتلەر بوو بارانەکە بەسەریا دەباری دڵۆپ دڵۆپ وەک فرمێسکێکی ڕەش بەشووشەکەیدا دەهاتە خوارێ، دووکەڵ و سووتەکی بەباداچووی خانووە سووتاوەکان تێکەڵ بەبارانەکە ببوو.. پاڵتۆکەی و بارانییەکی لەتوربەکەی دەرهێنا، پاڵتۆکەی بەشانوملی ئەلیزابێثدا دا، نوێنەکانشی لەژێر بارانییەکە شاردەوە..

– دەبێ خەمی جێگەیەک بخۆین ئەمشەوی تێدا بەرینە سەر.

– بەشکەم ئەم بارانە ئاگرەکە بکوژێنێتەوە.. (ئەلیزابێث بیری کردەوە) ئەم هەموو خەڵکە شەوێ ڕوو



دەکەنە کوێ؟!

– نازانم..وا دیارە کاربەدەستتانیش ئەم گەڕەکەیان لەیاد چووە؟

– دەتوانین شەو لێرە بەرینە سەر، ئەم پاڵتۆیە و نوێنی خۆمان پێیە.

– جا لە جێ و ڕێی ئاوەها خەوت لێ دەکەوێ؟

– مرۆڤی ماندوو لە هەر جێیەک بێ خەوی لێ دەکەوێ.

– بیندینگ جێمان دەکاتەوە، بۆ نەچینە ئەوێ؟

(ئەلیزابێث) سەرێکی بادا، قایل نەبوو:

– لەوانەیە بولمانیش جێمان بکاتەوە، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بۆ شتێکی وا سەردانم کرد.. ئیتر لەو دوو شوێنە هیچ جێگەیەکی دیکە شک نابەم، ئەو مۆلگایانەی دەربەدەرانی وەکو ئێمەیان تەرخان کردووە جێی یەکێکی دیکەیان تێدا نابێتەوە، جێ نییە، با چاوەڕوان بین.. هێشتا نهۆمەکەی ئێمە نەسووتاوە..

(ئەلیزابێث) پاڵتۆکەی لەخۆیەوە ئالآند، بارانەکە نم نم خامۆش مات دەباری..

– تینوومە.. هیچت پێیە بیخۆمەوە؟ ئاوم ناوێ.

– هەیە، قاپێک ڤۆدگام لەپشت نووسینگەکە دییەوە، خۆی لێ شاردبووینەوە..

قاپە ڤۆدگاکەی لە بەستەکە نوێنەکەدا شاردبۆوە..

– دەبێ بەدزییەوە بیخۆینەوە، (خاتوو لیزەر) چاوی لێمان بێ بەتاوانی تەشخەڵەکردن بەکارەساتە نەتەوایەتییەکان شکاتمان لێدەکات.

– بۆ ئەوەی سەرنجی کەس ڕانەکێشین، دەبێ بەبێ سڵکردنەوە ڕەفتار بکەین (ئەلیزابێث پەرداخە پڕ ڤۆدگاکەی لە گرێبەر وەرگرت، قومێکی لێدا..) نایابە.. شتێکی وام پێویست بوو، لە مەیخۆرانی مەیخانەی سەر شۆستەکان دەچین، وا نییە؟.. جگەرەت پێیە؟

– چیمان هەبوو هێناومە.

– زۆر باشە، ئەوەی پێویستە هەمانە.

– با بچم هەندێ کەلوپەلی دیکە دەرکەم.

– ڕێت نادەن، خۆ ئەگەر ڕێگەشت بدەن هەر بێ سوودە، یان بەتەمایت قەنەفە و مێزەکان لەم شەقام بۆ ئەو شەقام بەدووی خۆماندا ڕاکێشین.

– لێرە دایاندەنێین، یەکێکمان بەدیاریانەوە دەبین، تا ئەوی دیکەمان جێیەکیان بۆ ئەدۆزیتەوە.

(ئەلیزابێث) بەم پێشنیارەش قاییل نەبوو.. چی لە پەرداخەکەیدا بوو بەقومێک هەڵیدا..

ڕاژە و دارەڕای بانە سووتاوەکە ترازان، بانەکە تەپی.. نهۆمی سەرەوە لە ناکاودا سووتا، هاوار هاوار لە خەڵکەکە بەرز بۆوە، بڵێسەی ئاگرەکە لە پەنجەرەکانەوە وروژمی هێنایە دەرەوە، پەردەکان بوون کلّپەیان کرد، بوونە پارچەیەک ئاگری شەکاوە.. (گرێبەر) وتی:

– هێشتا لە ژوورەکەی ئێمە دوورە.

یەکێک هەڵی دایێ:

– پەلەتان نەبێ، نۆرەی ئەوەی ئێوەیش دێت.

(گرێبەر) ئاوڕێکی بەسەرسامی لێدایەوە:

– بۆ؟!

– لە ئێمە چاکتر نین و چاکتریش نابن، بیست و سێ ساڵە لەو نهۆمە دەژیم کە ئێستاکە بەدیار چاوتانەوە دەستووتێ.. ئیتر گوایە ئەوەی ئێوەش بۆ نەسووتێ..

(گرێبەر) بڕێ لەو پیاوە ورد بۆوە، بوودەڵەیەکی سەر ڕووتاوە بوو:

– لەمن وایە مەسەلەکەت داوەتە دەستت ڕێکەوت، نەمزانی ئاوەها ئاواتی پێدەخوازیت.

– نەء ئاوات خواستن نییە، دادە، دادێکی ڕەوایە.. تێگەیشتیت؟

(گرێبەر) تەوسە پێکەنینێکی بۆ کرد:

– نەء لەم دادەی تۆ تێناگەم، بەڵام هیچ دەستەڵاتێکیشم بەرامبەر بەبیروبۆچوونت نییە، ئەوەی من دەیزانم ئەوەیە کە مرۆڤی وەکو تۆ هەتا ماوە بەشادومانی ناژی.. ڤۆدگا ناخۆیتەوە؟.. خواردنەوە لە هەڵەوەڕی چاترە.

– ناخۆمەوە، دەستتی پێوە بگرە، کاتێک کە ئاگرەکە دەگاتە ماڵەکەی ئێوەش پێویستیتان پێی دەبێت.

(گرێبەر) دەستتی گێڕایەوە:

– گرەو ئەکەیت کە ئەوە بەچاوی خۆت نابینی!

– چی؟!

– گرەو.

(ئەلیزابێث) خۆی پێ نەگیرا، دایە قاقای پێکەنین، سەر ڕووتاوەکە پەست بوو، خێسەیەکی لە (ئەلیزابێث) کرد و بە(گرێبەر)ی وت:

– گەمژە خۆت بە قسەزان دەزانیت؟.. ئەی کەنیلە تۆ بەچی پێدەکەنیت؟ بەڕاستی بێ ئابڕوویی گەیشتۆتە ئەوپەڕەکەی..

(گرێبەر) وەڵامی دایەوە:

– ئەی بۆ پێنەکەنین؟ هەرچەندە بێ سوودیشە، بەڵام لە گریان چاترە.

– دەبوایە ئێستا چۆکت دابایە، لە یەزدان بپاڕایەتەوە..

نهۆمێکی دیکەی خانووەکە ڕووخا، ئاگرەکە گەیشتە نهۆمەکەی ئەمان، زوڕە زوڕێکی ناساز و پچڕ پچڕ لە ژنێک بەرز بۆوە، (خاتوو لیزەر) بوو دەگریا.. خێزانەکەی دەوری مێزەکە، قوتیلەیەکی گچکەیان داگیرساندبوو، قاوەیان لەسەر ئامادە دەکرد، خانمەکەی لەسەر تاکە قەنەفە سوورەکە دانیشتبوو، قۆڵی قەنەفەکەی بەگۆڤارە شڕ دادەپۆشی، کۆرپەکە بەخەبر هاتبوو، دەگریا:

– ئەوەتا، لانەکەی دوو هەفتە ژیانمان تیادا بردەستەر، نەما.

سەر ڕووتاوەکە بەخۆشحاڵییەکەوە وتی:



– دروستە، دادێکی ڕەوایە.

– ئەی کە ماڵەکەی خۆت سووتا بۆ گریایت؟

– چونکە ماڵی خۆم بوو.. تۆ لە شتی وا حاڵی نابیت.

– چاکت دەناسم، باشیش تێدەگەم، بەهۆی ڕایخی سێهەمەوە[٤] گەلێ شوێنم دی، جۆرەها خەڵکم ناسی، بەڵام شتی وەکو تۆ قەڵبم نەدیوە، ناهەقت ناگرم، دەردەکەت دەردی ئەم چاخەیە.

– تا ماویت دەبێ سوپاسی ڕایخی سێهەم بکەیت، چونکە ئاوەها چاوی کردیتەوە (دەستتێکی بەدەم و چەناگەیدا هێنا).. ئێستاش دەتوانیت پەرداخێک ڤۆدگام بدەیتێ.

– ڤۆدگا مەخۆرەوە، ڕووبکە یەزدان چاترە.

لە پێشان ژوورەکەی (خاتوو لیزەر) سووتا، (ئەلیزابێث) بەگوێی (گرێبەر) دای چپاند:

– ئەوەتا ئەوە نووسینگەکەیە دەستووتێ، ئەمباری سیخوڕی و بەدکارییەکەیە ئاگری تێبەر بووە.

– ئومێدەوارم تا دەبێتە خۆڵەمیش نەکوژێتەوە، بەر لەوەی ئەوێ بەجێ بهێڵم قاپێک نەوتم پیا کرد.. ئێستا چی بکەین؟

– لەدووی پەنایەکدا بگەڕێین، ئەگەر هەر نەبوو ئەمشەومان لە کەلاوەیەک دەبەینە سەر، جێیەک هەر ئەدۆزینەوە.

(گرێبەر) نواڕییە ئاسمان:

– خێوەتێکی گچکەم پێیە، لە بارانمان دەپارێزێ، بەڵام دەبێ شوێنێکی وشک بدۆزینەوە، نازانم چی لەم مێز و کورسییە بکەین؟!

– با لێرە بن، ئەگەر تا بەیانی مانەوە، چارەیەکیان دەکەین..

***

توربەکەی نایە سەرشانی، بەستەکەکەشی دا بەکۆڵیا، (ئەلیزابێث) دەستی دایە باوەڵەکان، (گرێبەر) ڕێی نەدا:

– لێیان گەڕێ، بەخۆم ئەوانیش هەڵدەگرم.. ڕاهاتووم.

بانی دوو خانووەکەی تریش داتەپین، پرژ و پزیسکی ئاگر لە هەموو لایەکەوە دەبارییە سەر شەقامەکە، زریکە لە (خاتوو لیزەر)ەوە هەڵسا، هەڵدەبەزییەوە و دەیلووران، پشکۆیەک بەملیا چزا.. بانی خانووەکەی ماڵی (ئەلیزابێث)ی تێدا بوو بەجارێک ڕووخا..

– با بڕۆین.

(گرێبەر ئاوڕێکی لە خانووەکە دایەوە):

– وادەیەکی شاد بوون ئەو ڕۆژانەی تیادا بردمانە سەر.

– چاکترین ڕۆژانی ژیانمان بوون.. با بڕۆین.

ورشە و تینی ئاگرە بەرپابووەکان سەر کوڵمەکانی (ئەلیزابێث)یان ئاڵ کردبۆوە.. لەنێو کەلوپەلە پەرشو بڵاوەکانەوە هەنگاویان دەنا و، جەماوەرەکە دەستتەوئەژنۆ کزۆڵەیان کردبوو، بەنیگایەکی ئومێد لێ

براوەوە دەیاننوارییە ماڵە ئاگر تێبەربووەکانیان، یەکێک لەسەر لێواری شۆستەکە دانیشتبوو، کۆمەڵە کتێبێکی لە تەنیشت خۆیەوە هەڵچنیبوو، دانەیەکیشی بەدەستەوە بوو دەیخوێندەوە، لە جیهانێکی تر بوو! دوو زەلامی دیکە شانیان نابوو بەشانی یەکەوە، هەر بەدانیشتنانەوە بارانییەکی گەورەیان دابوو بە سەریاندا، لەمشکە کوێرەیەکی دووسەر دەچوون.. (ئەلیزابێث) وتی:

– چەند بەئاسانی دەستتمان لە کەلوپەلەکانمان هەڵگرت، تا دوێنێش هەرگیز باوەڕم نەدەکرد شتی وام لێ بوەشێتەوە.

(گرێبەر) هەر ئاوڕی ئەدایەوە، منداڵەکەی بەرگە هاوینەکەی پۆشیبوو لەسەر کورسیەکەیان دانیشتبوو، بە(ئەلیزابێث)ی وت:

– پڕ یەک توورەکەم لە کاغەزە نهێنییەکانی (خاتوو لیزەر) پێیە، بۆ فڕێیان نەدەمە ناو ئاگرەکەوە؟

(ئەلیزابێث) سەرێکی ڕەزامەندی بۆ لەقاند.

***

(گرێبەر) زۆر لە دەرگاکەی دا، گەلێکیشی ڕاتەکاند، هەر نەکرایەوە، گەڕایەوە تەک (ئەلیزابێث):

– دەبێ مامۆستا (بۆڵمان) لە ماڵ نەبێت، یان نایەوێ دەرگا لە کەس بکاتەوە!

– یان باری کردووە، لێرە نەماوە.

– لێرە زیاتر هیچ پەنایەکی دیکەی نییە، کەس پەنای نادات (گەڕایەوە بەر دەرگاکە)، باوەڕیش ناکەم گستاپۆ هاتبنە سەری، وا بووایە دەرگاکە لە جێی خۆیدا نەدەما.. ئێستاکە چی بکەین باشە؟! ڕوو بکەینە کوێ؟.. بچینە یەکێ لەو پەناگانەی میری بۆ خانەبەکۆڵی وەک ئێمەی تەرخان کردووە؟

– نەء با لە یەکێ لەم خانووە وێرانانە جێیەک بۆ خۆمان خۆش کەین.

سروشت لێڵتر بوو، تاریکی باوەشی بەکەلاوە وێرانەکاندا کرد، شارەکە بەرگی شەوی دەپۆشی، (گرێبەر) وتی:

– ئەوە پاشماوەی ژوورێکە، بنمیچی هەیە، ژێری وشکە، ئەگەر بەچادر و پاڵتۆکەم بەری بگرین، لانەیەکی گچکەی لێ پێکدێت.

بەدار و پەردووەکەدا هەڵگەرا، چووە سەربانی نیمچە ژوورەکە، بڕێ هەڵبەزییەوە و پێی کوتا، تلە بەردێکی گەورەشی پیادا.. دڵنیابوو کە نارووخێ بەسەریانا..

خێرا بەری ژوورەکەی گرت، دوو سیخی ئاسنینی لەناو دیبیەوە وەک مێخ دایکوتان و چادرەکەی پێوە بەند کردن.

– ئەمە دیوارێکیان تەواو، ئەملاش بەپاڵتۆکە دەگرین، بۆ خۆمان دەبینە خاوەنی ماڵی خۆمان.. چۆنە ئاوەها؟

– یارمەتیت نەدەم؟

– تۆ چاوت لە کەلوپەلەکانمانەوە بێ.

ناو ژوورەکەی خاوێن کردەوە، چی داروبەردی داڕووخاوی تێدا بوو گشتی فڕێ دایە دەرەوە،



باوەڵەکانی بردە ژوورەوە، نوێنەکانی ڕاخست، توربەکەشی کردە سەرین:

– تەواو، بووینە خاوەنی ماڵی خۆمان، بەش بەحاڵی خۆم بەم جۆرە گوزەرانە ڕاهاتووم، ئیتر نازانم تۆ دەڵێیت چی؟

– دەبێ منیش ڕابێم.

مشەماکەی دەرهێنا، ڕایخست، قوتیلەیەک و شووشەیەکی گچکە پڕ ئیسپرتۆی پێ بوو، کەوتە ئامادەکردنی شیوی ئێوارە:

– نانەکەمان دزرا، بەڵام خواردنی قوتوومان هەیە.

– هیچ دەفرێکی خواردن ئامادەکردنمان پێ نییە؟

– تەشپییە سەربازییەکەم هەیە، باراناوێکی خاوێنیش لە دەرەوە هەیە، ڤۆدگاکەشمان ماوە.. دەڵێی چی، با نەختێک ڤۆدگا و ئاوی کولاوت بۆ تێکەڵ بکەم، بیخۆرەوە ماڵی سەرمایە.

– بەبێ ئاو بمدەیتێ چاترە.

قوتیلەکەی داگیرساند، بڵێسە شینەکە کونجەکەی ڕووناک کردەوە، قوتوویەک دەنکە بەزالیای هەڵپچڕی، گەرمی کردەوە و لەگەڵ پارچە سۆسێجەکەی (کلۆتس) بەدیاری پێی دان، خواردیان..

(گرێبەر) وتی:

– چاوەڕوانی گەڕانەوەی (بۆڵمان) بکەین، یان بخەوین؟

– با بخەوین چاترە، زۆر ماندووم.

– دەبێ بەم جلوبەرگەی بەرمانەوە بخەوین.. دەتوانیت؟

– ئەوەندە ماندووم لە توانامدا نییە خۆم بگۆڕم..

پێڵاوەکانی لە تەک توربەکەوە دانا، (ئەلیزابێث)یش گۆرەوییە نایلۆنەکانی لوول کرد و نایە جانتا دەستییەکەیەوە، (گرێبەر) بەسۆزەوە داپۆشی:

– جێگاکەت چۆنە، لەبارە؟

– لە جێوڕێی چاکترین میوانخانە خۆشترە.

(گرێبەر) پاڵی دایەوە، هەر پرسیاری دەکرد:

– خەم بۆ ماڵەکەت ناخۆیت؟

– نەء، هەر لە یەکەم بۆردوومانەوە چاوەڕوان بووم بسووتێ، ئەوسا کە بیرم لێدەکردەوە خەمم دەخوارد، بەڵام ئێستاکە شتێکی ئاساییە، ئەو ماوەیەی تێدا ژیام بەدەستکەوتی دەزانم..

– بەڵێ وایە، دروست بیر دەکەیتەوە، بەڵام ژیانیش بەم جۆرە بیرکردنەوانە بنیات نانرێ و نابڕێتەسەر.

(ئەلیزابێث) سەری نابووە سەر سینگی (گرێبەر)، خەو زۆری بۆ هێنابوو، بەنووزەیەکی خەواڵووەوە دەیگوت:

– نازانم.. بەڵام لەوانەیە بۆ بێ ئومێدان بلوێ..! هیچ بیرسایەک وەکو خۆی نەماوە.. هیچ شتێک، شیرازەی هەمووی پچڕاوە.

تا دەهات، هەناسەی هێمنتر دەبۆوە، نەرم نەرم لە قووڵایی سینگییەوە دەردەچوو.. خامۆش و کپ خەوی لێکەوت.

(گرێبەر) خەوی لێ زڕا، بیری دەکردەوە.. (کاتێک لە بەرەی شەڕ بووم.. لەگەڵ هاوڕێکانما ئاواتمان بە زۆر شت دەخواست، هەر چەندە ساکاریش بوون، بەڵام قەت لەو باوەڕەدا نەبووین ڕۆژێ لە ڕۆژان بێنە دی.. ئەم حاڵ و گوزەرانەی ئێستاش یەکێکە لەو ئاواتانە.. پەنایەکی سەربەخۆ، هاوسەرێکی چاوتێر و شادکام[5].. شەوگارێکی دوورو درێژی خامۆشیش...).

---

(١) تەپکە: ڕبیە- دشمە.

(٢) بۆمبی سووتێنەر: قنابل حارقة- ناپاڵم، قنابل فوسفورية.

(٣) تاس کڵاو: خوودە- خوذە.

(٤) ڕایخی سێهەم: بواری حوکمڕانی هیتلەر لە ئەڵمانیادا.

(٥) شادکام: قانع.



# 21

لەخەو ڕاپەڕی، تەپە تەپو خشەخشێکی هاتە گوێ..! یەک دووانێک بوون، بەدزە و ماتەماتە لەو دەوروبەرە دەجووڵانەوە، بەبێ دەنگ لە جێگەکەی هاتە دەرەوە، (ئەلیزابێث) ئەمدیو ئەودیوێکی بەدەم خەوەوە کرد، بەخەبەر نەهات.. (گرێبەر) لە درزی نێوان پاڵتۆ و چادرەکەوە تەماشایەکی دەرەوەی کرد.. لەوانەیە (بۆلمان) بێت، یان دزە! یا گستابۆ.. بەڵێ تەنها پیاوانی گستابۆ لە ئانوساتی وادا دێن و دەچن، هەڵدەکوتنە سەر ماڵی خەڵکی.. ئەگەر لەوان بن دەبێ دەستبەجێ (بۆلمان) ئاگادار بکاتەوە..

تارمایی دوو زەلامی بەدی کرد، بەدزە هەنگاویان دەنا، بەپای پەتی لەسەر نووکی پەنجەی دوایان کەوت، چەند هەنگاوێکی لە تاریکاییدا بەو شێوەیە نا، لە پڕێکا خۆی دا بەبنە بەدیوارێکی هەڵتەکاودا، دیوارەکە ئەو لێدانەی بەس بوو، هەرەسی هێنا داڕووخا.. لە جێی خۆیدا سڕ بوو، نقە و هەناسەی لە خۆی بڕی، تارماییەکانیش لە جووڵە کەوتن، بەترسەوە ئاوڕیان دایەوە، ئەمجا یەکێکیان بەپەلە پەنای بردە کەلاوەیەکەوە، خۆی شاردەوە، ئەوی دیکەیان هەنگاوێک گەڕایە دواوە، بەترسەوە پرسیاری کرد:

- کێیە ئەوە؟!.. (بۆلمان بوو..)

- منم.. ئەرنەستم.. ئەرنەست گرێبەر.

- گرێبەر؟! چی دەکەیت لێرە؟ چی ڕووی داوە؟

- هیچ ڕووی نەداوە.. خانووەکەمان ئاگری تێبەربوو، سووتا، وا هات بەبیرما یەک دوو شەوێک جێگەمان بکەیتەوە.

- جێگەی کێ بکەمەوە؟!

- من.. خۆم و ژنەکەم.

- بەڵێ.. بەڵێ.

لە (گرێبەر) نزیک بۆوە، (گرێبەر)یش لێی ورد دەبۆوە.. ڕوخساری (بۆلمان) سپی هەڵگەڕابوو، دەبریسکایەوە.

- کەواتە پەناتان بۆ لای من هێناوە؟

(گرێبەر) هیچی نەگوت، بیری دەکردەوە.. (بۆ وا دەترسێ، هیچ پێویستی بەم ترس و لەرزە ناکات؟.. لە چی دەترسێت؟ ئاشکرا بوونی ئەو پیاوەی لەگەڵیا بوو؟! یان لە (ئەلیزابێث) دەترسێ کە ئێستاکە لە جێگە خەوەکەیدا پڕخەی دێت و ئاگاداری هیچ نییە..).

(بۆلمان)ی دڵنیا کرد:

- بەڵێ بۆ لای تۆ هاتووین، باوەڕت بێ هەر بۆ ئەوەیە کە گوتم.

(بۆلمان) نێوچەوانی سڕی:

- باوەڕت پێ دەکەم (هەر دوودڵ بوو).. وەک چاوت لێی بوو، تەنها خۆم نەبووم؟

- بەڵێ.

- .. وەرە.. با لێرە دووربکەوینەوە (ئاوڕێکی لە کەلاوە تاریکەکە دایەوە، هاوڕێکەی دڵنیا کرد..)

هیچ نییه، مەترسە.

زەلامێک لە کەلاوە تاریکەکەوە دەرکەوت، بەبێ ورتە دوایان کەوت..

هەرسێکیان خۆیان بەماڵەکەی (بۆلمان)دا کرد، (بۆلمان) دەرگاکەی قایم کردەوە، پرسیاری لە (گرێبەر) کرد:

– ئەی خێزانەکەت لەکوێیە؟!

لە دەرەوەیە، خەوتووە.. جێیەکی پەلەمان لە کەلاوەیەکدا بۆ خۆمان خۆش کرد.

(گرێبەر) کەوتبووە بەشە تاریکەکەی ژوورە داڕووخاوەکە، (بۆلمان) ڕووی تێکرد:

– بەباشی نازانم لێرە بتبینن، ئێرە شوێنێکی گومان لێکراوە.

– ئەوە دەزانم.

(بۆلمان) ورتە ورتێکی کرد، ئەمجا گوتی:

– بەهۆی منەوە تووش دەبیت، ئەوان منیان دەوێ، هەر کەسێکیش پەیوەندی پێمەوە هەبێ دەیبەن!!

– بەڵێ ئەوەش دەزانم.

– لەوانەیە ژنەکەشت تووش ببێت.

(گرێبەر) ئەمجارەیان زوو وەڵامی نەدایەوە:

– بەڵێ..

هاوڕێکەی (بۆلمان) لە پشت (گرێبەر)ەوە وەستا بوو، گوێی دەگرت.. (بۆلمان) لالەکەی داگیرساند، پەردەکانی دادابۆوە.. وتی:

– با بەیەکتریتان بناسێنم، پێویستی بەناوی تەواو نییە.. بگرە پیاو هیچ ناوێک نەزانێت چاترە.. تەنها (ئەرنەست) و (یوسف) بەسە.. (ماندوو بوو، -یوسف-یش پیاوێکی دەموچاو باریکی ڕوخسار ئاغر بوو، تەمەنی چل ساڵێک دەبوو، بەڕوویەکی گەشەوە دەینواڕییە «گرێبەر» و زوو زوو بەلەپی دەستی ئەیدا بەلا ڕانیا، خۆی لە گەرد و تۆزی کەلاوەکان لە گیانی دەتەکاند.. «بۆلمان» بەدەم دانیشتنەوە وتی..):

– ئێرە جێیەکی بەرچاوە، (یوسف)یش تەنها ئەمشەو لێرە دەبێ، ئەو جێیەی تا ئێستا خۆی لێ دەشاردەوە نەما..! دەبێ هەوڵی دابینکردنی پەنایەکی دیکەی بۆ بدەین، گستابۆ لەدووی دەگەڕێن، (ڕووی کردە یوسف).. دەترسم لێرە تووش بن.. تەنها لەبەر ئەمەیە..

(یوسف) خێرا وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ.. بەڵێ دروستە.

هەروەکو بەبیری (گرێبەر)دا هاتبوو چاوەڕوان، دەنگێکی قوڵ و مەنگی هەبوو، (بۆلمان) ڕووی کردەوە (گرێبەر):

– دەڵێی چی؟.. ئیتر بەخۆت ئاگاداری ڕەوشەکە هەیت.

– بەڵێ..



– با بڵێین ئەمشەو هیچ ڕوونادات، شارەکە هێجگار شپرزە و خرۆشاوە، هەرچەندە گستابۆش گوێیان نەداوەتە ئەم جۆرە بارە نائاساییانەش.. بەڵام پرسیارت هەر لێدەکەمەوە.. دەوێریت ئەمشەو لێرە بەریتە سەر..؟

(گرێبەر) هیچی نەگوت، هەرسێکیان لە یەکتری ورد دەبوونەوە، پاش ماوەیەک گوتی:

– بۆ خۆم ناترسم، من پاش چەند ڕۆژێکی دیکە دەگەڕێمەوە بەرەی شەڕ، بەڵام حاڵ و گوزەرانی خێزانەکەم مەبەستە، دەبێ بەر لە چوونەوەم جێوڕێیەکی بۆ دابین بکەم، هیچ نەبێ پەنایەکی هەبێ شەو ڕۆژی تیا بکاتەوە..

– من مەبەستم ئەوە نییە جێگەتان نەکەمەوە.

– بەڵێ، ئەزانم.

(یوسف) پرسیاری لێکرد:

– باشە، دەتوانن ئەمشەو لە دەرەوە ببەنە سەر؟

– بەڵێ، پەنایەکمان خۆش کردووە.

– کەواتە ئەمشەو لەوێ بن، خۆتان لە ئێمە دوور ڕاگرن.. سبەی کە ڕۆژ بۆوە، زوو کەلوپەلەکانتان بدەن بەکۆڵتانداو ڕوو بکەنە (کاتێدرای کاترین) ئەگەر چی بەشێکی ڕووخاوە، بەڵام ژێرزەمینێکی چاک و تۆکمەی هەیە، قەشەکەی ئەوێ پیاوێکی بەڕێز و باشە، بەهەر شێوەک بێت جێگەیەکتان بۆ دابین دەکات.. (برێ بیری کردەوە).. کەلوپەلەکانتان بەوێ بسپێرن، ئەمجا بەشێنەیی لەدووی پەنایەکی گونجاودا بگەڕێن..

– بەگوێی (یوسف) بکە (گرێبەر)!.. ئەو، ئەم شتانە لە ئێمە چاکتر دەزانێت..

***

بریسکەیەک لە چاوی (گرێبەر)ەوە هات، هەستی بەدەریایەک سۆز و خۆشەویستی کرد لە دەروونیەوە هەڵدەقوڵی و باوەش بەو مامۆستا پیرە ماندووەی دەکات کە ئامۆژگارییەکەی خۆی لەبیر چۆوە و (گرێبەر)ی بەناوی خانەوادەی ناوهێنا..!

– جێگەی باوەڕە.. ڕێزیشم بۆی هەیە، داوای لێبوردنتان لێدەکەم، سەرتانم یەشاند.. (بۆلمان) وتی:

– سبەی بەیانی ئەگەر پێویستیتان بەشتێک بوو، وەرە لام، دوو جار بەسووکی جارێکیش خێرا لە دەرگاکە بدە.. بەتوندی نا.. گوێم لێ دەبێت.

– وا دەکەم.. جارێکی دی سوپاست دەکەمەوە..

***

گەڕایەوە لای (ئەلیزابێث)، خەوتبوو، بەبێ دەنگ خۆی بەژێر پەتووەکەدا کردەوە، (ئەلیزابێث) نیمچە وریابوونەوەیەک وریا بۆوە، بەڵام هەر زوو خەوی لێکەوتەوە..

ڕۆژ بۆوە، (ئەلیزابێث) زووتر خەبەری بۆوە، عەرەبانەیەک لەو دەوروبەرە ڕەت بوو، پێچکەکانی تەقەتەقێکی ڕەق و ناسازیان لێدەهات، بەدەم خۆکێشاندنەوەوە بە (گرێبەر)ی گوت:

– خەوێکی هێجگار قووڵ خەوتم.. ئاخۆ ئێرە کوێ بێت؟
– وێرانەکانی دەوروبەری گۆڕەپانی (یان)ـە.
– ئەی ئەمشەو بێتەوە بچینە کوێ؟
– جێیەک هەر ئەدۆزینەوە.
(ئەلیزابێث) پاڵی دایەوە، تیشکی بەیان لە درزی نێوان بارانی و پارچە چادرەکەوە دەهاتە ژوورێ، ئاسمانێکی زەرد باوی ڕووناک دەرکەوت.. (ئەلیزابێث) وتی:
– یەکەمین ڕۆژی ژیانی نوێمانە.. ژیانی قەرەجە کۆچەرەکانە، پڕی جەربەزەیی و بێ باکییە.
– بەڵێ.. دەزانیت ئەمشەو درەنگ (بۆلمان)م دی.. ؟! هەرچییەکمان پێویست بێت، دەتوانین لێی داوا بکەین.
– هەموو شتێکمان هەیە، دەتوانین بەرچایی خۆمان لێرە ئامادە بکەین.. ئەی وانییە؟
– وایە و دروستیشە.. وەکو هەموو شتێکی دیکەی دروستی ئەم جیهانەش، قەدەغەیە..!! جا لەبەر ئەوەی قەدەغەیە، پەیڕەوی دەکەین، ئەی گوایە چۆن بیسەلمێنین کە جووتێک قەرەجی یاخین؟
(ئەلیزابێث) کەوتە شانەکردنی پرچی، (گرێبەر) وتی:
– تەشتێک باراناوی خاوێن لەو دیومانەوە هەیە، بەشی دەموچاوشتنێکی چاک دەکات..
(ئەلیزابێث) هەر بەکراس و تەنوورەکەیەوە خەوتبوو، ئازا کراسەکەی داکەند:
– هەر ئێستا دەچم، ژیانی ئێرەش وەک ژیانی دەشتودەرەکانی لێ هاتووە، ڕاستەوخۆ ئاو لە سەرچاوە سروشتییەکانیەوە بەکاردێنین.
(گرێبەر) بەدەم لەرینەوەی پێکەنینێکی نەرمەوە وتی:
– بەڵێ، خۆ ئەگەر لەگەڵ لیتە و چلپاوەکەی ڕووسیای بەراوردکەین زۆری زیادە، بەڵێ شتەکە بەراورد کردنە..
کەوتە پێچانەوەی نوێنەکان، ئەمجا قوتیلە ئیسپرتۆیەکەی داگیرساند، قوتوویەک ئاوی خاوێنی نایە سەر ئاگرەکە.. لە ناکاودا شتێکی هاتەوە یاد..! کۆبۆنی ئازووقەکانی لە ماڵەکەی (ئەلیزابێث) لەبیرچوو..
(ئەلیزابێث) بەڕوخسارێکی کەشی ختجیلانەوە گەڕایەوە، (گرێبەر) پرسیاری لێکرد:
– کۆبۆنی ئازووقەکانت پێیە؟
– نەء، لە چەکمەجەی نووسینگەکە دامنابوون!!
– چەند بێ هۆشم.. لەیادم چوو ئەوانیش بێنم.. ئێستاکە بوونەتە خۆڵەمێش.
– گوێی مەدەرێ.. لەوە گرنگترت دەرکردووە، کراسە زێڕینەکەشت فەرامۆش نەکردووە!.. کۆبۆنی دیکەمان دەست ئەکەوێ، ئەمە زۆر ڕوو ئەدات.
– هەتا پێمان ئەدەنەوە دیقمان پێدەکەن، فەرمانبەرانمان هێندە ڕۆتین پەروەرن، هیچ کارێکیان لەبەر دەست ناڕوات..



(ئەلیزابێث) بەدەم پێکەنینەوە دڵنیای کردەوە:
– مۆڵەتێک لە کارگەکە وەردەگرم، دەچم دەرگەوانەکەمان لەگەڵ خۆم دەبەم، شایەتی ئەوەم بۆ ئەدات کە کۆبۆنەکانمان لە ماڵەکەدا سووتاون.
– چۆن.. ؟! ناشێ بەتەمابیت ئەمڕۆش بچیتە سەر کارەکەت؟
– دەبێ بچم، هیچ بەهانەیەکم نییە، بۆمبباران و ماڵوێرانی بوونەتە ڕووداوێکی ئاسایی.
– خۆزگە ئەو کارگەیەش دەستووتا، خشتی بەسەر خشتەوە نەدەما.
– خۆزگە.. بەڵام ئەوسا دەمانگوێزنەوە کارگەیەک لەمەی ئێستا قەڵبتر.. نامەوێ لە کارگەی تەقەمەنییەکاندا کاربکەم..
– ئەی بۆچی بەیەکجاری دەست لەکاری ئەم کارگانە ناکێشیتەوە، مەچۆ، کارەکە ئاسانە، ڕۆژ نییە بەسەدان کەس بێ سەروشوێن بزر نەبن.. نازانن چیت بەسەر هاتووە.. نەخۆشیت؟.. برینداریت.. بزربوویت.. ئەمانە گشتی هەیە.
– هەموو کارگەیەک بەشێکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەم جۆرە مەسەلانەی تێدایە، هەر ئەوەندەی زانییان یەکێک فێڵی لێکردوون، ئیتر لە کۆڵی نابنەوە.. ئەوەی بزر بێ و نەچێتەوە تا سۆراخی تەواوی نەکەن و دڵنیا نەبن لەوەی چی بەسەر هاتووە لێی ناگەڕێن.. ئەگەر شتێکی بەسەر هاتبێ، ئەوا دەزانن، ئەگەر درۆیشی کردبێت، یان خۆی شاردبێتەوە، ئەیدۆزنەوە.. ئەوسا چی خراپە بەسەریا دێنن، لە بری دوازدە سەعات کارکردن، بیست و چوار سەعاتی تەواو کاری پێدەکەن.. یان ڕەوانەی ئۆردووگایەکی تەمێ کردنی دەکەن[١] لەوێ دەروون و جەستەی بەکاری سوخرەگیری و وانە درێژدادڕەکانی (پەروەردەی نیشتمانی) بەڕادەیەک شەکەت و ماندوو دەکەن ببڕای ببڕای جارێکی دی بەبیرکردنەوەش وشەی خۆ دزینەوەی بەبیردا نەیێت.. بەڵێ مەگەر ئەوانەی دیویانە بیگێڕنەوە چییان بەسەر هاتووە.. ئەگەر زاتی ئەوەیان مابێ ئەم جۆرە باسانە بکەن.. (ئاوە کولاوەکەی بەسەر قاوە وشکە هاڕدراوەکەدا کرد، بۆ و بەرامەی بەهەڵاوێکی گەرمەوە، پەناکەیانی گرتەوە..) نابێ ئەوەشت لەیاد بچێ کە ئەوەندە نییە سێ ڕۆژ مۆڵەتیان پێدام.. ئیتر تا چەند مانگێکی دیکە مافی مۆڵەت وەرگرتنم نییە..
بۆچوونێکی دیکە لە کەللەی (گرێبەر)دا بوو، وایدەزانی (ئەلیزابێث) بۆیە هێندە پەیوەستی کارکردنە لەو کارگەیە، تەنها بۆ ئەوەیە بۆ کاربەدەستتانی بسەلمێنێ کە دڵسۆزی کارەکەیەتی، بەمەیەش بارەکەی باوکی ڕاستبکاتەوە.. زەمەنێکە ئەم جۆرە هەڵوێست و ئاکارانە وەکو مار لە ملی ئادەمیزادەوە ئاڵاون، وای لێدەکەن پەنا بۆ هەموو جۆرە هەڵوێست و خۆنواندنێک بەرێت، لە هەموو کەسێک بپارێتەوە و دەست پانبکاتەوە.. بەتەنها بێت یان لە نێو کەسانی دیکە، بەپەنهانی بێ یان بەئاشکرا، بەڕاستی بێ یان بە ڕەواڵەت خۆی نیشان بدات کە چاپووک و دڵسۆزە..
بەغەمۆکییەکەوە وتی:
– ئەم دەستتە جەردە خوێنخۆرانە چیمان پێ ناکەن، وەک بووکە سەماکەرە قورمیشمان دەکەن، بەئارەزووی خۆیان هەڵماندەپەڕێنن.

– دەی قاوەکەت بخۆرەوە، پەست مەبە، کاتی زویری نییە.
– کات.. هیچ وشەیەک هێندەی وشەی (کات) قارسم ناکات.
(ئەلیزابێث) بەئاوازێکی غەمگینەوە وەڵامی دایەوە:
– بەڵێ، کاتێکی کورتمان بەدەستەوەیە، سەرجەمی بەچاوەڕوانی دەبەینە سەر.. دەبوایە مرۆڤێکی جەربەزە و چاونەترس بوومایە، هەموو ئەو ماوەیەی لە مۆڵەتەکەت ماوە، پێکەوە بمانبردایەتە سەر..
– نەء، تۆ بێ دەسەڵات و ترسنۆک نیت..! دەی گوێی مەدەرێ.. بەهەر حاڵ مرۆڤ چاوەڕوانی شتێک بێت چاترە لەوەی چاوەڕوانی هیچ بێت!
(ئەلیزابێث) (گرێبەر)ی ماچ کرد:
– زمانت چاک کەوتۆتە کار، ئێستاش دەبێ بڕۆم.. پێم بڵێ ئێوارە لەکوێ یەک بگرینەوە..؟
–.. بەڵێ.. بەڵێ، لەکوێ!؟ پەنایەکمان نییە بۆی بچینەوە، دەبێ لە سەرەتاکانەوە دەست پێبکەینەوە، لەبەر کارگەکە چاوەڕوانت دەبم.
– ئەی ئەگەر شارەکە بۆمبباران کرایەوە و، ڕێی هاتوچۆ بەسترا؟
بیری کردەوە:
– ئەم کەلوپەلە لە (کاتێدرای کاترین) دادەنێم، هەر لەوێ یەک دەگرینەوە..
– ئەی بەشەو دەرگای کاتێدراکە داناخەن؟
– شەوی چی؟! خۆ بەتەمانیت بەشەو بۆم بێیتەوە؟
– نازانم بڵێم چی.. جارێکیان شەش سەعاتی ڕەبەق دەرگای پەناگەی کارگەکەیان لەسەر داخستین..
– وا دروستە کەسێکی دیکەمان لەنێواندا بێت ئاگاداری هەواڵمان بێ.. بۆ ئەوەی ئەگەر هات و کارێکی ناکاو هاتە پێش بەهۆی ئەو کەسەوە هەواڵی یەکتری بزانین.. تەنها شوێن دیاریکردن بەس نییە..
– مەبەستت ئەوەیە ئەگەر شتێک بەسەر یەکێکماندا بێت؟
– بەڵێ..
(گرێبەر) بەکەساسییەکەوە سەری داخست، بیری لەوە دەکردەوە، مرۆڤ چەند بەئاسانی لە کەسوکار و خۆشەویستانی دائەبڕێ.
– لای (بۆلمان) یەک دەگرینەوە، نەء.. باوەڕ ناکەم چاوم پێی بکەوێت.
(–بیندینگ–ی هاتەوە یاد.. وەک وەڵامی پرسیارێکی گرانی دیبێتەوە، خێرا گوتی:)
– (بیندینگ)، لای (بیندینگ) یەکتری دەبینینەوە، ماڵەکەی لە جێیەکی ئەمینوئومانە، پەنایە، لە دەرەوەی شارە، ناونیشانەکەیم بۆ هەڵداویت، دەزانیت لەکوێیە.. هەر چەندیشە ئەو هێشتا نازانێت کە مارەم کردوویت، بەڵام گرنگ نییە، هەتا ئێوارە لە دەرفەتێکدا سەردانێکی دەکەم و هەموو شتێکی تێدەگەیەنم.
– بەڕاست؟! بۆ ئەوە سەردانی دەکەیت، یان گەرەکتە دیسانەوە هەندێ لە ئازووقەکانی زەوت



بکەیتەوە..؟
(گرێبەر) بەدەم قاقای پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:
– نەء، مەبەستم ئەوە نەبوو، بەڵام باش بوو خستتەوە یادم.. شتێکمان بۆ خواردن هەر پێویستە.. بەمەیش پلەیەکی دیکە بەناخی ڕیسوابووندا شۆڕ دەبینەوە..
– ئەمشەویش هەر لێرە بخەوین؟ (لەوە دەچوو ماڵی بیندینگی بەدڵ نەبێت).
– ئومێدەوارم وا نەکەین، ڕۆژێکی دوورو درێژم لەبەرە، گشتی بۆ دۆزینەوەی پەنایەکی گونجاو تەرخان دەکەم.
خەمێک ڕوخساری (ئەلیزابێث)ی گرتەوە:
– بەڵێ ڕۆژێکی دوورو درێژت لەبەرە..! دەی، ئێستاش دەبێ بڕۆم..
– پەلە مەکە، ئەم کەلوپەلە لە ماڵی بۆلمان دادەنێم و لەگەڵت دێم..
– درەنگە، کاتی ئەوەم نییە، بەیەزدانت دەسپێرم.. لەبەردەم کارگەکە، یان کاتێدراکە.. یان ماڵی (بیندینگ) یەک دەبینینەوە (هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەکزییەکەوە وتی:).. بەە کە ژیانێکی خۆشە.
– لەوەدا نییە! گەرموگوڕە، لە دۆزەخ گەرمترە.
چاوی لە (ئەلیزابێث) بوو لە گۆڕەپانەکە دەپەڕێتەوە، چاوی لێ نەئەترووکاند.. دەمەو بەیانێکی زوو بوو، ئاسمان تا دەهات شینتر و گەشتر دەبۆوە، شەونمی دەمەوبەیان گژوگیای بەهارێکی کۆرپەی گرتبۆوە، وەک تۆڕێکی زیوینیان بەسەردا درابێت، ورشەیان دەهات..
(ئەلیزابێث) لەوبەر گۆڕەپانەکەوە ئاوڕێکی لێ دایەوە، دەستێکی بەبڵندی بۆ بادا، ئەمجا گورجتر کەوتەوە ڕێ، (گرێبەر) وەڵامی دایەوە..

***

دڵبەست و شەیدای شێوازی ڕۆیشتنی (ئەلیزابێث) بوو، هەنگاوەکانیی بەلاوە گەلێک قەشەنگ و دڵڕفێن بوون، کورت و خێرا، ئەوەندەی پایەکی هەڵدەبڕی گورج پاکەی تری دەنایە جێی، وەک بەسەر هێڵێکی کێشراودا بڕوات وا دەهاتە پێش چاوی..
ئەفریقیای هاتەوە یاد.. لەوێیش خانمێک سەرنجی ڕاکێشا، بەهەمان شێوە هەنگاوی دەنا..
(ئەلیزابێث) سلاوێکی دیکەی لێکردەوە و لەنێو پاشماوەی خانووە وێرانەکاندا بزر بوو..

***

وەکو ڕووسیا ئەوانەی لێرەش جیا دەبوونەوە، بەتەمای دیتنەوەی یەکتری نەبوون!
کاتژمێری نۆ، (بۆلمان) سەردانی کرد..
– حەزم کرد چاوم پێتان بکەوێت، بزانم هیچتان پێویست نییە، هیچتان بۆ خواردن ناوێت؟.. بڕێ نانی وشکم هەیە..
– سوپاست ئەکەم، بەشی خۆمان هەیە، بەتەمام سەردانێکی کاتێدراکە بکەم.. ئەتوانم ئەم کەلوپەلە لە ماڵەکەت دانێم؟

– بەڵێ.
(یوسف) لەوێ نەبوو، (بۆلمان) وتی:
– کاتێک دێیتەوە لەوانەیە لە ماڵ نەبم، بەڵام هەر وەکو پێم گوتیت، بەو شێوەیە لە دەرگاکە بدە، (یوسف) دەرگات لێدەکاتەوە..
(گرێبەر) توربە سەربازییەکەی کردەوە:
– وەک قەرەجە کۆچەرەکانمان لێ هاتووە، ئەم شێوە ژیان گوزەراندنەم قەت بەبیردا نەهاتووە.
(بۆلمان) بەپێکەنینێکی پەستەوە وەڵامی دایەوە:
– سێ ساڵە (یوسف) وا دەژی، بەر لەوەی هێڵی ترامەکان تێک بچن، چەند مانگێکی لەناو ترامەکاندا بردە سەر، هەموو ڕۆژێک لەگەڵ جووڵەی یەکەم ترامدا سوار دەبوو تا دوا ترام دەمایەوە..! لەم ترام بۆ ئەو ترام بەشارەکەدا دەگەڕا، بەو شێوازە ڕۆژگارەکەی دەبردە سەر.. ئێستاش هێڵەکان تێک وون، ترامەکان ناگەڕێن.. ئەو پەنایەی نەما!
(گرێبەر) قوتوویەک گۆشتی لێنراوی لە هەگبەکەی دەرهێنا:
– پێویستیم پێی نییە، بیدە بە (یوسف)..
– گۆشت؟!.. پێویستیت بەگۆشت نییە؟!
– نەء، بیدە بە یوسف، مرۆڤی وەکو ئەو پێویستی بەخواردن هەیە، ئەم جۆرە پیاوانە دەبێ بژین.. بەڵێ کاتێک کە هەموو شتێک کۆتایی پێ دێت.. چی ڕوو ئەدات؟! ئایندە چۆن دێتە پێش؟ بێ ئێوەومانان، ژیان بەکێ دەست پێبکەینەوە؟ (–بۆلمان– چووە تەک نموونەیەکی گچکەی خڕکەی زەمینەوە، گۆکەی خولاندەوە، ئەمجا سەر پەنجەی نایە سەر ناوچەیەکی نەخشەکە..):
– بنوارە ئێرە، دەزانیت ئەم جێیەی پەنجەم ناوتە سەر کوێیە..؟ ئەڵمانیایە!.. شوێنێکی گچکەی ئەم جیهانە پان و بەرینەیە.. وانییە؟
– گچکەیە.. بەڵام تواناى داگیرکردنی هەموو جیهانی هەبوو، ئەگەر چیش لە توانایدا نەبوو ئەو داگیرکردنە بەسەر مرۆڤایەتیدا بسەپێنێت..
– بەڵێ، ئێستاش ئەگەر بێت و هەتا بیست یان پەنجا ساڵی دیکە ئەم وڵاتە بپارێزین و نەیدەین بەدەستەوە، چی ڕوو ئەدات؟.. بەڵێ تەنها بەسەرکەوتن یان بە بەرخودان و بەربەرەکانییە دەتوانین کۆڵ بەدوژمنان بدەین، بەرۆکمان بەردەن..! ئەی کاتێک کە خۆمان ڕووبەڕووی خۆ بەدەستەوە نەدانی ئەو میللەتانە بووینەوە کە وڵاتیانمان داگیر کردبوو، ئەم بۆچوونەمان تاقی نەکردەوە؟ سەرکەوتوو نەبووین؟ وەکو خۆت گوتت هەموو جیهانمان داگیر نەکردبوو؟.. بەڵێ بەرخودانی ژێردەستەکان بوو ئێمەی گەیاندە ئەم ڕەوش و حاڵە..
– مەرج نییە وابێ.
– با مەرجە!، مەرجێکی نەگۆڕی گرنگە، تەنها بەخۆڕاگرتن و مقاوەمەت دەتوانین بوونمان بپارێزین، بمێنین.. (خڕکەی زەمینەکەی خولاندەوە، پشتی دەستی ئاوسا بوو، دەمارە شینەکانی هەڵتۆقیبوون..) نە



ژیان کۆتایی پێ دێت، نە زەمینیش لە خولانەوەی خۆی دەوەستێ، ئادەمیزادیش ئەگەر باوەڕ.. بەڵێ باوەڕی بەوڵاتەکەی نەبوو، دەبێ باوەڕی بەگێتی هەبێ، خۆرئاوا دەبێت، بەڵام شەو تا سەر نییە.. ئەم هەسارەیەش کە لە سەری دەژین، هەتا هەتایە لەم تاریکاییەدا نامێنێتەوە.. نابێ ئومێد ببڕین (گۆی زەمینەکەی خێراتر خولاندەوە..) دەبێ ئەوەمان بۆ بمێنێتەوە کە بیکەینەوە دەستمایە.. کڵێسە[٢] لەژێر دەستی دەستتەیەک ڕاوچی[٣] دامەزرا، تاقمێکی گچکەی بێ هێز و بێ دەستەڵات بوون، بەڵام خاوەنی باوەڕێکی پتەو بوون، بەو ڕاوچییانە و بەو باوەڕە و چەند ئەشکەوتێکی تاریک و قووڵ و ئەوانەی گۆڕەپانی زۆرانبازییەکانی (ڕۆما) لە چنگ و کەڵبەی شێر و بڵنگە برسییەکاندا قورتار دەبوون، کڵێسە پارێزرا و گەشەی کرد.
– بەڵێ، مەزەبی نازیش لەژێر دەستی هەندێ مرۆڤی بەرگری هەڵچووی بێ کارەوە، لە مەیخانە کۆنێکی (میونیخ)دا گەشەی کرد..!
بزەیەک کەوتە سەر لێوی (بۆلمان):
– ڕاست ئەکەیت، بەڵام هیچ دەستەڵاتێکی دیکتاتۆری تا سەر بڕی نەکردووە، شارستانییەتیش لە ڕێگەیەکی تەخت و ئاسانەوە پێش نەکەوتووە، مرۆڤایەتی هەر لە یەکەم هەنگاویەوە بەڕێگەیەکی دژواردا هاتووە، بەرەو پێش هاتبێ، یان پاشەکشەی کردبێت، هەر لە خەبات و کۆششدا بووە، ڕێیەکی پڕ مەینەتی گرتۆتە بەر، پڕ ئێش و ئازار، سەرکەوتن و ژێرکەوتن، ڕێیەکی پڕ لە گرژی و هێور بوونەوەی گرتۆتە بەر، بەبێ وچان بەردەوامە.. هەرگیز وچانیش نادات.. ئێمەی لەخۆبایی بووش وامان دەزانی بەسەر ڕابوردووی خوێناویی پڕ ژانماندا زاڵ بووین.. کەچی خراپترمان بەسەرهات.. هێشتا ماومانە.. ناوێرین ئاوڕێک لە ڕابوردووشمان بدەینەوە بۆ ئەوەی بزانین چیمان بەسەر هاتووە..! ناوێرین ئاوڕ بدەینەوە نەوەکو ئەو ڕابوردووە بەرۆکمان بگرێتەوە (دەستی دایە شەپقەکەی).. دەبێ بڕۆم..
(گرێبەر) کتێبی دیمەنەکانی سویسرای بە (بۆلمان) دایەوە:
– فەرموو ئەمە کتێبەکەیە، تەماشای دیمەنەکانمان کرد، گەلێک قەشەنگ و هۆش فڕێنن، داخەکەم باران تەڕی کرد، بزرمان کردبوو، بەڵام باش بوو زوو دیمەوە.. بەدڵ هەوڵم داوە بیپارێزم.
– خەونەکان پێویستیان بەپاراستن نییە، ئەوە ناهێنن.
– ئەوە بەڕاستتە؟!! بێ لە خەونەکانمان چیدیمان بۆ ماوەتەوە؟
– هەوڵ و تێکۆشان، بیروباوەڕ.. خەونەکان گەر لە یادیش بچن خەونی دیکەیان دێنە جێ.
– خۆزگە وا دەبوو، دەبێ شتێک هەبێ مرۆڤ ڕێگەی بۆ بگرێتە بەر.. مرۆڤی بێ ئومێد خۆی بخنکێنێ چاترە.
(بۆلمان) وتی:
– هێشتا تۆ منداڵیت ژیانت لەبەرە.. ئەی پیرێکی پەککەوتەی وەکو من بڵێ چی؟ (پاڵتۆکەی لەبەر کرد).. سەیرە! من هەمیشە لاوانم بە شێوەیەکی دیکە دێنە پێش چاو.
– منیش..!

***

(یوسف) ڕاستی کرد، قەشەکە کەلوپەلەکەی لێ وەرگرت، توربەکەشی هەر بەو سپارد.

(گرێبەر) خۆی گەیاندە (دەزگای کۆمەکی بێ لانەکان) ئەوانیش لە جێی خۆیان نەمابوون، باروبنەیان گواستبوۆوە هۆڵی قوتابخانەیەکەوە، شوێنەکە پڕی لە جۆرەها کەرەستە و هۆکاری فێرکردنی وانەی زیندەوەرانی بوو، خانمێک لەپشت مێزێکی پانەوە دانیشتبوو، هەندێ کاسە و پەرداخی بەدەمەونخوونی لەسەر کاغەزەکانی بەردەستتی دانابوو.. چاوی بەهۆڵەکەدا گێڕا، مارێک و چەند خشۆکێکیان لەنێو هەندێ سوراحی پڕ لە ئیسپرتۆدا نمایش کردبوو، جووتێ چاوی گچکەی خڕ سەرنجیان ڕاکێشا، دەبریسکانەوە، لە شووشە بوون کەللەی مۆمیای سمۆرەیەکیان دەڕازاندەوە، سمۆرەکە شابەڕوویەکی بەهەردوو دەستی لە دەم و ددانە تیژەکانی نزیک کردبۆوە..

خانمەکە فەرمانبەرێکی ڕووخۆش بوو، بە(گرێبەر)ی گوت:

– ناوت تۆمار بکە.. دیارە ناونیشانێکی دیاریشت نییە؟

– نەء.

– زوو زوو سەردانمان بکەوە، بزانین چی دەبێ..

– بەتەمابم؟

– شەش هەزار کەست لەپێشە..! ئەگەر لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵ بدەیت چاکترە..

***

لە دەرگەی ئەشکەوتەکەی (بۆلمان)ی دا، نەکرایەوە، ماوەیەک چاوەڕوان بوو، بێ سوود بوو.. کەسی لێ نەبوو، بەپیاسە ڕێگەی شەقامی (ماریان)ی گرتەبەر.. وا هات بەبیریا سۆراخێکی ماڵە سووتاوەکەی (ئەلیزابێث) بکات.. لەو خانەیە تەنها ژووری دەرگەوانەکە مابوو، ئاگرکوژێنەکان درەنگ فریا کەوتبوون، دار و بەردیان خوساندبوو، ماڵەکەی (ئەلیزابێث) بەتەواوی سووتا بوو، مێز و کورسییەکەش کە دەری کردبوون، دزرابوون، جووتێک دەستکێشی لە ئاوەڕۆگەی ڕۆخی شەقامەکە دییەوە، هەڵیگرتن، ئیتر ئەوە هەموو دەستکەوتێکی بوو..

دەرگەوانەکەی لەودیو پەنجەرەی ژوورەکەیەوە لێ دەرکەوت.. گفتەکەی هاتەوە یاد.. چرووتەکان.. هەستی کرد زۆر دەمێکە ئەو بەڵێنەی داوە، گفتێکی بەسەر چووە.. بەڵام کێ دەزانی ئایندە چی لە توێدایە.. کێ نالێ ڕۆژێ لە ڕۆژان کارێکی ناکەوێتە لای ئەو دەرگەوانە..

بڕیاری دا سەردانێکی (ئەلفۆنس بیندینگ) بکات، چەپکێکی باش چرووتی لێ بسێنێ.. بۆ شیوکردنیش پێویستی بەهەندێ خواردەمەنی هەیە.

***

لەو گەڕەکە، تەنها ماڵەکەی (بیندینگ) بەرکەوتبوو! ڕووناکی ئەو سبەینانە خامۆشە، باخچەکەی پڕ ئاسایش کردبوو، سروەیەکی فێنک و نەرم گەڵای درەختەکانی هێنابووە لەرزین، گوڵە نێرگزەکان تەڕ و بڕ ورشەیان دەهات، خونچەی درەختە بەردارەکان هاتبوونە پشکووتن، پەڕەی تەنک و ناسکی گوڵ وەک پەپوولەی ڕەنگین لەنێوان گەڵا سەوزە خاوێنەکاندا سەمایان دەکرد.

خانووەکەی کە لە چەقی باغەکەدا بوو.. نەما بوو! لە بری ئەو چاڵێکی گەورە هەڵدرابۆوە پڕی دار و



پەردووی خانووە هەڵتەکاوەکە بوو.. بارانەوێکی ڕوون لە بنی چاڵەکەدا کۆببۆوە، وەک ئاوێنەیەکی بێ گەرد و شینایی ئاسمانی لەسەر شکابۆوە..

نواڕییە ئاسمان.. باوەڕی بەو دیمەنە نەدەکرد! نەیزانی بۆ باوەڕ بەو دیمەنەی لەبەر چاویدایە ناهێنێ.. هەرگیز بەبیریا نەدەهات (ئەلفۆنس بیندینگ) کارەساتی وای بەسەر بێت..

ئاوزێڵە(٤) بەردینە گچکەکەی ناو هەرێزەکە وردوخاش ببوو، دەرگایەکی هەڵکەندراو بەدرەختێکەوە گیرسابۆوە، سەرو کەللەی ئاژەڵەکان لە چیمەنەکەدا پرشوبڵاو ببوونەوە، دیمەنێکی نامۆ بوو، لە ڕەوەیەک ئاژەڵ دەچوون تا ملیان بەژێر خاکدا کرابن.. تەنها کەللەیان بەدەرەوە بوو!

مافوورێکی ڕەنگین بەشاخەوپەلی درەختێکەوە دەشەکایەوە، لە ئاڵای هەڵکراوی داگیرکەرێکی دڕندە دەچوو..

قاپێک بادەی ساغی لە دێراوێکدا بەدی کرد، وەک بەئەنقەس دانرابێ، قووت ببۆوە، کۆنیاک بوو، جۆری (ناپلیۆن)، بەڕەنگە تەڵخەکەی لە کوولەکەیەک دەچوو، هەر بەو شەوە گەشەی کردبێ.. هەڵیگرت و نایە گیرفانیەوە..

بیری کردەوە.. (لەوانەیە ژێرزەمینەکە زیانی پێ نەگەیبێ..) خولێکی بەدەوری خانووە وێرانەکەدا خوارد، دەرگەی چێشتخانەکە لە جێی خۆیدا بوو، تارماییەکی بەدی کرد، خێرا بانگی کرد:

– خاتوو (کلاینێرت).

گریانێکی کپ و بەکوڵی هاتە گوێ.. چێشتخانەکە زۆر وێران نەبوو، خاتوو (کلاینێرت) بە پیر (گرێبەر)ەوە هات، بەدەم پرمەی گریانەوە وتی:

– ئاغا بەسۆزەکەم.

– چییەتی..؟ بریندارە؟!!

– نەء، مرد.. بەڵێ گەورەم ئەو پیاوە ڕووخۆشە زمان شیرینەی دڵی فرە بەژیان خۆش بوو نەما.. ڕۆیشت، لە ژیاندا نەما..

– مرد؟!

– بەڵێ.. هەرگیز باوەڕیش ناکەم.

(گرێبەر) بەدەم سەربادانەوە وتی:

– کەس لەم مەرگە حاڵی نابێ، لەوەتەی هەین بەربەرەکانێی دەکەین.. هەر لێی تێنەگەیشتووین.. پێم بڵێ چۆن مرد؟

– لەژێر زەمینەکە بوو؟ ئەو بەشەی ئەو لە ژێریا بوو بەسەریا ڕما.

– چۆن؟ گەنجینەکە قایم نەبوو؟ بەرگەی نەگرت؟ ئەی بۆ خۆی نەگەیاندە پەناگە گشتییەکەی گۆڕەپانی (زایدڵ)، خۆ لێرەوە نزیکە.

– کاتێک کە یەکەمین فیکەی ئاگادارییان لێدا، گوتی تەنها ئاگادار کردنەوەیەکە و هیچی دیکە، ئە.. (خاتوو کلاینێرت لەوە دەچوو شتێکی لە دڵدا بێ و بیەوێ بیدرکێنێ.. دوودڵ بوو، ئاکامەکەی خۆی پێ نەگیرا و گوتی..).. میوانی هەبوو، خانمێک میوانی بوو!

– چی..؟ خانم بەو نیوەڕۆیە؟
– لە پێرێوە میوان بوو، پرچ زەردێکی شۆخ بوو.. خوالێخۆشبوو دڵی زۆر بەخانمانی پرچ زەرد و باڵا بەرز دەکرایەوە.. کاتێک کە فرۆکەکان هاتن، مریشکێکم بەدەستەوە بوو چاکم دەکرد..
– خانمەکەش مرد؟
– بەڵێ، فریای جل گۆڕینیش نەکەوتبوون، بەبەرگی خەوتنانەوە مردن.. فریای هیچ نەکەوتم، بۆم پۆشتە نەکرانەوە، هەر بەو بەرگ و پۆشاکەوە لەژێر دار و پەردووەکەوە دەرهێنران.. دەشێ شتی وا ڕوو بدات؟
– چی؟
– جەنگاوەران بە بەرگی خەوتنانەوە بمرن؟!
– ئادەمیزاد نازانی چۆن و کەی دەمرێت، کاتێکیش دەمرێت هیچی بەلاوە گرنگ نییە.. پێم بڵێ، قاوەڵتییان کردبوو؟
– بە ئەوپەڕی دڵبردنەوە، بادەشی بەدەم خواردنەکەوە نۆشی، شیرینییە پەسەندکراوەکەشی کرد بەسەرا..
– چاوت لێیە چ مردنێکی نایاب مردووە؟.. خاتوو (کلاینێرت)؛ پیاو هەر مردنی وا بمرێت چاکە، کێ مردنی وا بەخۆیەوە دەبینێ.. نە.. نە هیچ پێویستیی بەم شین و گریانە نییە.
– ئاخر کاتی مردنی نەبوو.
– مەرگ لە نەوەت ساڵیشدا بێت کاتی نییە، بەڵام هەر دەشبێ بمرین.. کەی دەینێژن؟
– دووسبەی کاتژمێری نۆی سەرلەبەیانی، ئێستاکە لە سنووقە تەرمێکدایە.. حەز دەکەیت چاوت پێی بکەوێت؟
– لەکوێیە؟
– گەنجینەکە، لەو بەشەی کە زیانی پێ نەگەیشتووە، ئەوێ فێنکە، سندووقە تەرمەکەش سەری نراوەتەوە..
خاتوو (کلاینێرت) پێش کەوت، بەپلەکاندا چوونە خوارەوە، پارچەی قاپ و شووشە شکاوەکانیان ماڵیبوو، لە پەنایەکدا گرد کرابوونەوە، بۆی بادە و شەرابی ڕژاو تێکەڵاوی بۆی میوەی بەشەکر خۆشکرا و ببوو، ژێرزەمینەکەیان گرتبۆوە، سنووقە تەرمێکی دار گوێزی تۆکمە و قایم لە ناوەندی ژێرزەمینەکەدا دانرابوو.
ئازووقە و کەرەستە خواردەمەنییە هەڵگیراوەکانی نێو خانە و ڕەفەی سەر دیوارەکان بەسەریەکدا ڕژابوون، پارچە شووشەیەکی زۆر لە نێوانیاندا دەبریسکانەوە..
– ئەم سندووقە تەرمەتان زوو ئامادەکرد؟
– بەڵێ پارت ئامادەی کرد.
– لێرەوە بەرێی دەکەن؟
– بەڵێ، دووسبەی کاتژمێری نۆی بەیانی.



– منیش ئامادە دەبم.
– بێ گومان.. زۆری پێ خۆش دەبێ (گرێبەر زەق چاوی تێبری، خاتوو کلاینێرت درێژەی پێدا..) بەڵێ لەو دونیا دڵی بەم هەڵوێستەت زۆر شاد دەبێت، خۆشەویستییەکی تایبەتی لەدڵدا هەبوو بەرامبەرت..
– چۆن؟
– دەیگوت تەنها هاوڕێیت کە بەبێ هیچ مەبەست و بەرژەوەندییەکی تایبەتی سەردانی دەکەیت، زۆر شانازی پێوە دەکردیت، لای هەموو کەس باسی دەکرد چۆن چۆنی ئەم هەموو ساڵە جوانانەی تەمەنت لە بەرەکانی جەنگدا دەبەیتە سەر.
ماوەیەک بەدیار تەرمەکەوە ڕاوەستا، بڕێ دڵتەنگ بوو، هیچی دیکە..! شەرمی لە خاتوو (کلاینێرت) دەکرد..
بێ لەو دڵتەنگییەی کە مەگەر هەر خودا خۆی بزانی هی چییە، هەستی بەهیچ شتێکی دیکە نەدەکرد.. تەماشای ناو ڕەفە و تاقە شێواوەکانی کردەوە، پرسیاری کرد:
– گەرەکتانە چی لەو قوتووبەند و خواردەمەنییانە بکەن؟
خاتوو (کلاینێرت) برێ بووژایەوە، گورج وەڵامی دایەوە:
– چەندیان لێ دەبەیت لێیان ببە گەورەم، بەڵێ بەتۆ ڕەوایە، با دەستی بێگانەیان پێ نەگات.. هەر ئەوەندەی پەیدا بوون تاقی لێ دەبرن..!
– زۆربەی زۆریان بەخۆت ئامادەت کردوون، بۆ نایانبەیتەوە؟
– بەشی خۆم هەڵگرتووە، زۆرە چییان لێ بکەم.. تۆ بەئارەزووی خۆت حەزت لە چییە ببە.. پیاوەکانی پارت کاتێک هاتن و چاویان بەم هەموو ئازووقەیە کەوت حەپەسان..! دەبوو چاویان پێی نەکەوتایە، مەسەلەکە لە ئازووخە پەسمەندە کردن[٥] دەچێ!
– ڕاست دەکەیت.
– جا لەبەر ئەوە و تا نەکەوتوونەتە دەست کەسانی دیکە، حەزت لە چییە ببە.. تۆ هاوڕێی بوویت، لە گشت هاوڕێکانی خۆشەویستتر بوویت.
– ئەی هیچ کەسێ.. خزمێکی نزیکی نییە؟
– باوکی لە ژیاندا ماوە، بەڵام بەخۆت دەزانیت پەیوەندیی نێوانییان چۆن بوو.. بەهەرحاڵ بەشی ئەویش هەیە.
خانمەکە کەوتە قوتوو داگرتن، لەسەر سندووقە تەرمەکە ڕیزی دەکردن، گەرەکی بوو هەندێکی دیکە داگرێ.. بەڵام هەڵوێستەیەکی کرد و پاش برێ بیرکردنەوە چیی لەسەر سندووقە تەرمەکە دانابوو هەڵیگرت و ڕووەو چێشتخانەکە جما..
(گرێبەر) وتی:
– زۆرە.. ئەم هەمووەم بۆ نابرێتەوە (چاوی بە بابەتەکانیاندا دەگێڕا).. ئەمەیان بەهێیە نامەوێت، ساردینەکانیش نابەم.. هەروەها پێچکە لێنراوەکانیش..

– بەڵێ ڕاست دەکەیت وایە.. ببەخشە برێ شپرزەم هەر ئێستا دەچم بابەتی دیکە لە بری ئەمانە دێنم. کۆمەڵێکی گەورەی هەمە ڕەنگەی بۆ ئامادەکرد، لەسەر مێزی چێشتخانەکە ئامادە داینان..

– زۆرە، نازانم چۆن بیبەمەوە؟

یەک دوو کاروانی بۆ بکە.. گشتی ببە با نەکەونە دەست بێگانەوە، تۆ سەربازیت، بەتۆ ڕەوایە نە بەو نازیبیانەی لە نووسینگە نەرم و شڵەکاندا ترشاون.

***

لە دڵی خۆیدا دەیگوت.. (بەڵێ، بە ئێمە ڕەوایە.. من و ئەلیزابێث، یوسف و بۆڵمان.. جا ئەگەر بێت و نەیانبەم مانای وایە گوێدرێژێکی زلەم، ئەلفۆنسیش بەمە هیچ زیانێکی لێ ناکەوێت..

ماڵە وێرانەکەی (بیندینگی) بەجێ هێشت، دوورکەوتەوە.. بیری لەوە دەکردەوە، چۆن خۆی و ئەلیزابێث بەڕێکەوت شەوی پێشتر پەنایان بۆ نەهێنا.. لەوێ بوونایە ئەمانیش لەناو دەچوون..

***

(یوسف) دەرگای لێکردەوە:

– زوو کردتەوە!

یوسف کونێکی گچکەی لەناو دەرگاکە نیشان دا..

– بەر لەوەی دەرگاکە بکەمەوە، لەم کونەوە تەماشایەک دەکەم، زانیم تۆیت، بۆیە زوو کردمەوە.. شتێکی بەسوودە وانییە؟

(گرێبەر) بارەکەی نایە سەر مێزەکە..

– چوومە کاتێدراکە، قەشەکە بەڵێنی پێ دام کە ئەمشەو جێگەمان بکاتەوە.. دەبێ سوپاسی تۆ بکەم..

– قەشەیەکی لاو بوو؟

– نەء..

– ئەوە مرۆیەکی زۆر باشە، جارێکیان ماوەی یەک هەفتە لەوێ شاردمیەوە، تا ئەو کاتەی پیاوانی گستابۆ پەیدا بوون و کەوتنە پشکنینی کون و کەلەبەری کاتێدراکە.. من خۆم لەو دیو (ئۆرگەنە)(٦) کە شاردبۆوە.. پاشان بۆم ڕوون بۆوە کە قەشە لاوەکە خەبەری لێدابووم.. قەشەیەکی نازی پەڕگرە.. تەماشاکە چ وادەیەکە، ئاخر پیاوی یەزدان و توندڕەوییان گوتووە!؟ لەم جۆرەشمان زۆر دی..!

(گرێبەر) بوخچەکەی کردەوە، (یوسف) بەبێ ئەوەی خۆی تێکبدات وتی:

– ئەمەی تۆ هێناوتە سامانێکە!

– بەشی دەکەین.

– بۆ هیچت لێ زیادە؟

– زۆرە، جا نازانم ئەگەر بێت و بزانیت لە میراتی لێپرسراوی هەرێمەکەمانە لە وەرگرتنیان پەشیمان نابیتەوە؟

– نەء.. لەبەر ئەوەی میراتی ئەوە، تاموچەژەیان خۆشترە (بەشادومانییەکەوە لە گرێبەر ورد دەبۆوە..)



دیارە پەیوەندییەکی گەرموگوڕتان هەبووە.

– بەڵێ ڕێک بووین.. مرۆیەکی خێرەومەند بوو..! (یوسف توانجی نەبوو، گرێبەر پرسیاری لێکرد..) ئاخۆ لێپرسراوانی نازیش خێرەومەندیان تیا هەڵکەوێ..

– بەخۆت چۆنی بۆچوویت؟

– کەسایەتی لاواز و ڕاڕا، بێ بەهرە و ترسنۆک هەمیشە خاوەنی کۆمەڵێک ئاکار و کردەوەی دژ بەیەکن!

– جا ئەم جۆرە کەسایەتییانە شایستەی ئەوەن لێپرسراو بن؟

– شتی وایش ڕوو ئەدات.

بزەیەک کەوتە سەر لێوی یوسف، وتی:

– سەیرە.. من هەمیشە خاوەنی ئەو باوەڕەم کە پیاوکوژ هەر پیاوکوژە، تەنها پیاوکوشتنی لە دەست دێ، خۆ ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش پیاوکوژی کردبێ، یان پیاوکوژی لایەنێکی گچکەی ئاکارەکانی بێ.. هەر پیاوکوژە.. جێی گومان و سڵکردنەوەیە..

– کەمتیار هەر کەمتیارە، بەڵام مرۆڤ بریتییە لە کۆمەڵێک هەست و ڕەوشتی جۆراوجۆر.

(یوسف) سەری بادا:

– بەرپرسانی قەڵابەندەکان لەوانەیە مرۆی ڕوح سوکیان تیا هەڵکەوێت! لەنێو ڕیزەکانی هێزی شڵێوەشدا مرۆڤی دڵ و دەروون باش و دەست پاک هەیە.. ئەمە ئەگەر لەنێو خۆیاندا بەراوردیان بکەین.. دەزانی ئەڵێم چی؟.. (گرێبەر سەرێکی بۆ لەقاند)، جا هەندێکیان بەپیاوچاک ئەدرێنە قەڵەم، ئەم جۆرانە هەست بەناڕەوایی یان ناشرینی کردەوەکانیان دەکەن بەڵام بەڕووداوێکی کاتی دادەنێن، دەڵێن ت سەر نییە.. یان چاک دەبێ.. خۆ ئەگەر بەتاوانیشی بزانن، بەچارەنووسێکی دادەنێن کە دەبێ ڕووبدات.. ویژدانی ئەو جۆرانە وەکو لاستیک وایە بەگوێرەی گرژی و نەرمی ڕووداوەکان دەکشێ.

– هەندێکیشیان دەترسن.

– بەڵێ.

ماوەیەک بێ دەنگ بوون، پاشان (گرێبەر) وتی:

– زۆر شادومان دەبووم ئەگەر بمتوانیبایە بەشێوەیەک لە شێوەکان یارمەتییەکم بدایتایە..

– بێ سوودە، من ئادەمیزادێکی بێ کەسم، هیچ پەنا و دەرفەتێکم نییە.. یان ئەوەیە بەم شێوازە ژیانم ببەمە سەر یان ئەوەتا لە ناوم بەرن.

– هیچ کەسێکت نییە؟!

– هەمبوو، برایەک و دوو خوشک، باوک و ژن و منداڵیشم هەبوو.. نەمان، دووانیان تا مردن ئازاردران، یەکێکیان بەمەرگێکی ئاسایی، ئەوانی دیکەش بەگاز خنکێندران..

(گرێبەر) چاوی بڕیبووە دەم و لێوی (یوسف):

– لە ئۆردووگاکان بوون.

(یوسف) لە دڵێکی کەساسەوە بەڵام بەسەهەندی وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ لەوێ لەناوچوون، گەلێک شێوەی هەڵاوێردەی لەناوبردنیان هەیە.

– تۆش قورتار بوویت؟

– بەڵێ دەرفەتێکم بۆ ڕێکەوت و هەڵاتم.

(گرێبەر) چاوی لێ نەئەترووکاند:

– ئاخۆ ئێستاکە چەند ڕقت لێمان بێ؟

– ڕق!؟.. چ هۆشمەندێ ڕێ بەڕق ئەدا لە دڵیا لانە بکات؟ مرۆڤی دڵ بەقین کەمتەرخەمن، سەرکێشن، سڵ لە هیچ ناکەنەوە بۆیە خۆیان بۆ ناپارێزرێ، زوو تێدەکەون.

(گرێبەر) لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی داروپەردووە دارووخاوەکەی دەرەوەی کرد، ڕۆشنایی چرا بچکۆڵەکە بەرەو لاوازی دەچوو، بریسکەیەک لە گۆی زەمینەکەی سەر مێزەکەوە هات، لەو جێگەیەبوو کە بۆ یەکەمین جار دی.. (یوسف) بەشەرمەوە پرسیاری لێکرد:

– بڕیاری تەواوت سەبارەت بەچوونەوەت بۆ بەرە داوە؟

– بەڵێ.. دەچمەوە، بۆ درێژە پێدانی تەمەنی نازی دەچمەوە..! ئەوانەی کە لە دووت دەگەڕێن.. لە پێناوی درێژە پێدانی حوکمڕانیان خۆم بەکوشت ئەدەم.. بوارێکی دی بمێننەوە.. بەڵێ بوارێکە لەوانەیە تیادا دەستتگیرت کەن و لەناوت بەرن (یوسف سەری بۆ ئەلەقاند).. ئەگەر نەچمەوە گوللەبارانم دەکەن.. (یوسف هیچی نەگوت) دەچمەوە و لەپێناوی هیچدا خۆم بەکوشت ئەدەم.. ترس و بێدەستەڵاتی ڕیسوایان کردووین، پاڵیان بەملیۆنەهای وەک من ناوە لەوێ بین.

– مەسەلەکە هێجگار بەو ڕادەیە نییە.. تۆ خراپ لە خۆت تێگەیشتوویت؟

(گرێبەر) شڵەژا.. زەق تەماشای دەکرد، تێنەگەیشت! (یوسف) بەردەوام بوو:

– کەس بەچاوێکی سووک تەماشاتان ناکات، خۆت وای لێک ئەدەیتەوە، بۆ ئەوەندە بایەخت بەم مەسەلەیە داوە؟.. من بەچاوێکی سووک تەماشای بۆلمان دەکەم؟ ئایا دەشێ بەو چاوە تەماشای ئەوانە بکەم پەنام ئەدەن و ژیانیان لە پێناوما دەخەنە مەترسییەوە..؟ بەبێ ئەمانە بواری هەناسەیەک ژیانم لە ژیاندا دەبێ؟.. ئای کە نەفام و ساویلکەیت! (خەندەیەکی بەلێوەوە بوو، لە بزەی خێوێکی ماندوو دەچوو!).. لە باسەکە لامان دا، نابێ زیاد لە پێویست بلێێن یان بیر بکەینەوە.. هێشتا وادەی گوتن و بیر کردنەوە نەهاتووە.. کاتیان نییە، لە هێز و توانامان کەم دەکەنەوە، ئەوەی ئەمڕۆ گرنگە ئەوەیە مرۆڤ خۆی بپارێزێ، بزانێت چۆن لە کاتی پێویستدا خۆی قورتار بکات (دەستی بۆ قوتووی خواردەمەنییەکان درێژ کرد).. ئەمانەش بەسوودن، یاریدەمان ئەدەن بۆیە وەریان دەگرم، سوپاست ئەکەم.

دەستی دایە قوتووەکان، دەیویست لەپشت نووسینگەکەوە بیانشارێتەوە، قوتووەکانی باش بۆ نەدەگیرا، (گرێبەر) لە دەست و پەنجەی ورد بۆوە، سەرپەنجەکانی قرچ و کۆڵ بوون.. (یوسف) هەستی بە (گرێبەر) کرد چاوی بڕیوەتە پەنجەکانی.. هەردوو دەستی بڵند کردەوە:

– یادگاری قەڵابەندەکانە.. یەک شەممۆوان لێپرسراوی ئۆردووگاکە هیچ ڕابواردنێکی نەبوو کاتی پێ بباتە سەر، ئیتر بەخۆی گەمە و یارییەکی داهێنا.. ناوی (مۆمەکانی جێژنی زایشتی) لێنا.. دەنکە شقارتەی دادەتاشی، نووکە تیژەکەی دەچەقاندە ژێر نینۆکی ئەنگوستمانەوە ئەمجا دایدەگیرساند.. حەزم



دەکرد وای لە پەنجەی پام بکردایە.. پەنجەکانی پێ وەکو ئەوانەی دەست نیین، شاردراوەن کەس نایانبینێ و بەدیتنیان گۆمان لەوە ناکات کە خاوەنیان ڕۆژێ لە ڕۆژان میوانی میوانخانەکانی نازی بووە.. ئێ ناکرێ بە بەردەوامیش دەستکێش لە دەست کەم..!

(گرێبەر) هەستایە سەرپای:

– بۆ ئەم بەرگە سەربازییە و پێناسەکەم لێ وەرناگریت؟.. دەتوانی بەبڕێ دەستکاری کردنی پێناسەکەم کەڵکی لێ وەرگریت.. ئەگەر لە منیشیان پرسیەوە، دەڵێم سووتان.

سوپاست ئەکەم، پێویستیم پێیان نییە، (بۆلمان) شتێکی لەو بابەتە بۆ دروست کردووم.. بەناوی ئەندامێکی (بەرەی پۆلایین)[٧] هاتوچۆی پێ بکەم، شێوە و تەمەنم لەگەڵ ئەوەی بۆلمان گونجاون، بۆ ئەم پەنجانەشم کۆمۆنیستەکان تاوانبار دەکەم.. (بڕێ مت بوو، چاوی بەژوورەکەدا گێڕا، ئەمجا تەماشای گرێبەری کردەوە..) بۆ کەلوپەلەکەت هاتبوویت..

هەستی کرد دەستی پێوە دەنێ، خێرا گوتی:

– لێرە دەمێنیتەوە؟

– بۆ؟

(گرێبەر) پاڵی بە بەشە خواردەمەنییەکەی خۆیەوە نا، لە (یوسف)ی نزیک کردەوە:

– ئەمانەش بۆ تۆ، بیانشارەوە، من دەتوانم پەیدای کەم، هەر ئێستا دەچم ئەوەندەی دیکە دێنم.

– زۆرە، نیازیشم نییە لێرە بمێنمەوە، دەبێ هەگبەکەم سووک بێت، توانای هەڵگرتنی کەلوپەلی زۆرم نییە.

– چرووت..! چرووتم لەیاد چوو، چرووتیش دێنم، زۆری لێیە..!

شتێک بەسەر ڕوخساری یوسفدا هات، ماسوولکەکانی خاو بوونەوە، بەسۆزەوە وەک هاوڕێیەکی دێرینی یاد بکاتەوە وتی:

– چرووت..!؟ ئەمەیان باسێکی دیکەیە، شتێکی زەرووره، لە خواردن گرنگترە.. بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکەم..

---

١- ئۆردووگای تەمێ کردن: ئۆردووگاکانی چرووساندنەوە و ئازاردان (معسكر تأديبي- معسكرات التعذيب).

٢- کڵێسە: مەبەست ئاینی مەسیحییە.

٣- دەستتەیەک ڕاوچی: مەبەست هاوڕێیان و قوتابیانی حەزرەتی مەسیحە لە سەرەتاکانی بڵاوکردنەوەی پەیامی مەسیحییەت.

٤- ئاوزێڵ: ئەستێڵ- حەوز، گۆمە ئاوی دەستکرد.

٥- پەسمەندە کردن: عەمبارکردن و شاردنەوە (اكتناز- احتكار).

٦- ئۆرگەن: ساز ئامێرێکی هەوائییە زیاتر لە کڵێسەکاندا بۆ هاریکاری سرووده ئایینییەکان بەکار دەهێنرێت.

٧- بەرەی پۆلایین: لە ڕێکخراوە هیتلەرییەکانی دوا ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بوو.

## 22

حەشاماتێکی گەورە ڕژابۆوە حەوشە و ڕاڕەوەکانی کاتێدرای کاترینەوە، ژن و منداڵێکی زۆریان لە نێواندا بوو، زۆربەیان لەسەر باوەڵ و سەبەتەکانیان دانیشتبوون، ئەوانی دیکە بەپاوە بەدیار بوخچە و هەگبەکانیانەوە وەستا بوون، زۆربەی زۆریان ژن و منداڵ بوون..

(گرێبەر)یش لەوێ بوو، لە تەک خانمێکی دەموچاو قەبەوە چاوەڕوانی دەکرد، دەم و قەپۆزی خانمەکە لە لمووزی ئەسپ دەچوو.. وەک لەگەڵ گرێبەری بێت.. یان بیەوێ باسێک بۆ کات بردنەسەر بکاتەوە، وتی:

– زۆر دەترسم ئێمەش وەک پەنابەرەکان ڕەوانە بکەن..! خۆزگە وا نەدەبوو، زۆر چیرۆکی ناخۆش دەربارەیان دەگێڕنەوە.. وەکو ئاژەڵ لە گەوڕ و کۆزەکاندا حەشاریان ئەدەن، نەخواردنیان خواردنە، نەگوزەرانیان گوزەران.. سەرباری ئەو حاڵەشیان ڕەفتار و مامەڵەی ناشرینی ئەو جووتیارە گەلۆرانەیە کە گوایە پەنایان داون و جێگەیان کردوونەتەوە.. زۆر بەچاوێکی سووک تەماشایان دەکەن..

خانمێکی باریکەلە وەڵامی دایەوە:

– ئەوە گرینگ نییە.. ئەوەی گرنگە بەلامەوە بەهەر شێوەیەک بێ لەم شارە دەرچم، لێرە مەرگ دەبارێ.. هەموو شتێک لە مەرگ چاترە... ماڵ و سامانمان تیاچوو، دەبێ میری چاوی لێمانەوە بێ.

– پیرێ شەمەندەفەرێک لێرەوە ڕەت بوو، سیخناخ ببوو، گشتیان لە هەڵاتووەکانی هەرێمی ڕاین بوون، هێندە کەساس و داماو بوون کافر بەزەیی بەحاڵیان دەهاتەوە.. بۆ (میگلن بۆرگ)یان دەبردن.

– میگلن بۆرگ؟! جووتیارەکانی ئەوێ دەوڵەمەندن.

– جووتیارە دەوڵەمەندەکان..!! (خانمە دەموچاو قەبەکە بەدەم خەنینێکی پەستەوە لەسەری ڕۆیشت)، دەبێ وەکو وڵاخ لە کێڵگەکانیاندا کار بکەین، هەتا هەموو گیانمان دەتاوێتەوە، ئێسک و پرووسکمان بەجارێک شەکەت دەبێت.. شەو و ڕۆژ کار بکەین، ئەمجا ئەگەر ژەمێک خواردنمان پێ بدەن، ئەویش تێرمان ناکات.. دەبێ هیتلەر لەو حاڵ و گوزەرانە ئاگادار بکرێتەوە..

(گرێبەر) بەلایەکی چاوی تەماشای کرد، ئەمجا نواڕییە کیژە باریکەلەکە.. پشتیان کردبووە باخچە بەرینەکەی کاتێدراکە، نوخشەی بەهارێکی زووی لێ دیاری دابوو، گوڵە نێرگزی دەوری پەیکەرە بەردینەکانی سەر ڕاڕەو و پێبازەکان گەشابوونەوە.. پەیکەرەکەی مەسیح لە نێوانیاندا لەسەر ئەژنۆ، بەدانیشتنەوە داتاشرابوو، جەڵدە دەکرا.. چۆلەکەیەکی لەسەر نیشتبۆوە..

کەنیلەکە گوتی:

– نابێ ڕێ بەو دەوڵەمەندانە بدرێ بەئارەزووی خۆیان بجووڵێنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی زۆریان هەیە و بەکرێ جێگەی پەناهەندەکان دەکەنەوە.. ئێمە لێقەوماوین.. بووینەتە قوربانی هەموو لایەک..

***

پیرە قەشەیەکی ڕوخسار زەردی کەپوو سوور دەرکەوت، بەو قەڵافەت و شانە داکەوتووانەیەوە هەرگیز لەو مەردمە جوامێر و چاو نەترسە نەدەچوو یاخیبووان لە نازی بشارێتەوە.. داوای لە حەشاماتەکە کرد



ڕیزبگرن و بەبێ گەڕەولاوژە بچنە ژوورەوە..

هەر یەکەیان ژمارەیەکی وەرگرت، هەمان ژمارەشیان بەکەلوپەلەکانیانەوە چەسپ دەکرد.

قەشەکە بەگرێبەری وت:

– مەکەوە درەنگ، ئێوارە زوو وەرەوە.

– بۆ؟! جێگە نییە؟ (کاتێدراکە ساختمانێکی گەورە و بەرین بوو..)

– جێمان تەنگە، هۆڵە گەورەکە شوێنی نوێژکردنە، بۆ خەوتن و حەسانەوە ناشێ، تەنها ژێرزەمینەکەمان بۆ خەوتنی پەنابەران تەرخان کردووە.

– ئەی ئەگەر یەکێک بەهۆی کارێکەوە دواکەوت.. لە کوێی دەنوێنن؟

– مەگەر تارمەکان.. ئەوانیش یا سەریان نەگیراوە، یان ڕووخاون.. یان لە باخچەکە.

– ژێرزەمینەکە قایمە..؟ بەرگە دەگرێ؟

قەشەکە برێ لێی وردبۆوە، سەرێکی بادا، ئەمجا بەسۆزێکەوە پێی گوت:

– کوڕم، کاتێک ئەم کڵێسەیەیان دروست کرد، فڕۆکە و بۆمبباران کردنیان بەبیردا نەدەهات.. ئەم کڵێسەیە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەیە (بەڕوخسارێکی مەییوەوە ئەدوا، هیچ جۆرە هەست و نەستێکی لەگەڵ ئەوەی دەیگوت نیشان نە ئەدا)..

(گرێبەر) لە دڵی خۆیدا دەیگوت (..بەهرەیەکی بلیمەتی خۆ گێل کردنمان تیادا دەرکەوتووە، ئەوەی لە دەرووندایە بەپێچەوانەی ئەوەی سەر زارە.. چاومان باش کراوەتەوە..).

باخچەکەی لە لاڕێیەکەوە قەدبڕ کرد، کاتێدراکە خۆی بۆمبای بەر نەکەوتبوو بەڵام یەکێ لە قوڵەکانی لێدرا بوو، ڕووناکی ڕۆژ لە کون و دەلاقەکانیەوە دەچووە ژوورەوە، گورزێک ڕووناکی بەلاری تاریکاییەکەی ناوەوەی کەرت کردبوو، چی شووشە بەپەنجەرەکانی قولەکەوە بوو، هەمووی شکابوو، چۆلەکەیەکی زۆر پەنایان بردبووە ژوورەوە، پڕی هێلانە و جریوە جریو بوو.. هەر لە تەنیشت قولەکەوە دار و پەردووی ژوورێکی داڕووخاو هەڵدرابۆوە.

پەناگەکەش لەو دەوروبەرە بوو.. خۆی پیا کرد، ژێرزەمینێکی کۆن بوو، بەر لەوەی بکرێتە پەناگە، ئەمباری مەیی کڵێسەکە بوو، هیچ هێمایەکی ئەو مەبەستە کۆنەی پێوە دیار نەبوو مەگەر سێپای بەرمیلی بادەکان، لە زەمینەکە چەسپ مابوونەوە، شوێنێکی فێنک بوو، بۆی بادە و مەیی لێدەهات، بۆنێک بوو لە وادەیەکی هێجگار دێرینەوە هێندە بەهێز و بەزەبر دەهات، سام و ترسی بۆڕ ئەدا.. ئەو سام و ترسەی جارێکی دی لە شەوگاری پڕ لە مەرگ و ئاگری ئەم چاخە نوێیەدا سەری هەڵدابۆوە..

نواڕییە دیوارەکان.. سەری بڵند کردەوە لە بنمیچەکە ورد بۆوە، چەند ئەڵقەیەکی پۆڵایینی لێ شۆڕ ببۆوە، بیری کردەوە.. (..نەء، بەر لەوەی ئەمباری مەی هەڵگرتنیش بووبێ، زیندان بووە.. شوێنی ئەشکەنجەدان و چەوساندنەوە بووە..) یەکێ بووە لەو زیندانە ناوبانگ ڕەشانەی چاخە تاریکەکان، ئادەمیزادیان تیادا بەتاوانی جادووگەری و ڕەف کردنەوە تا مردن ئازار داوە، بەو قوڵاپە سامناکانەوە شۆڕ دەکرانەوە، سەنگی قورسیان بەگیانیانەوە دەبەست، ئێسک و ماسوولکەکانی جەستەیان لە یەک

دەترازا.. لەتاو ئێش و ئازار دانییان بەتاوانێک هەر دەنا..! ئەوجا پارێزەرانی کلێسە بەناوی یەزدان و خۆشەویستی مەسیحەوە لەناویان دەبردن، ئەوانەی کە لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردانداا دەرئەچوون بەزیندوویێتی دەستووتێنران..

لەنێوان ئەوسا و ئێستا، هیچ نەگۆڕاوە، میراتی ئەو دەمە بۆ نازی جێماوە، وەک نەوەیەکی ڕەسەن ئەو کەلەپوورە ڕەشەیان پاراستووە، پێشیان خستووە و پێداوە و پێشینانیان بۆڕداوە.. ڕۆژ نییە بەهەزاران ئادەمیزادی بێ تاوان لە ئۆردووگاکاندا کۆمەڵکوژ نەکرێن..!

***

دەمە دەمی ئێوارەی ماتی ئەو شارە، لە شەقامی (ئەدلەر) پیاسەی دەکرد، توانای هەنگاونانی سست ببۆوە، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لە دووی دابینکردنی پەنایەکدا گەڕا، بێ سوود بوو، گشتی وەکو ئەم دەربەدەر و بێ لانە بوون، هەر کوێیەک دەچوو کەلاوە و وێرانە بوو..

ورەی بەردا، بەبێ مەبەست هەنگاوی دەنا، شارەکەی لێ ببووە سارایەکی وشک و برینگی خامۆش، کز و ماندوو چاوی دەگێڕا.. لە ناکاودا، چاوی بەشتێک کەوت! باوەڕی بەخۆی نەکرد! هەردووچاوی قوچاند، زەق کردنیەوە، نەخێر خانوویەکی ساغ.. ئەگەرچی کۆن بوو بەڵام ڕێکوپێک و تەواو بوو هیچ ڕووخاوی و وێرانییەکی پێوە دیار نەبوو، چەسپ و بڵند لە چەقی باخچەیەکی زیندوو و ئاوەدانەوە قوت ببۆوە.. دیمەنێکی ناوازە بوو! وەک سەرابی نێو لمەڵانە ئاگرینە بێ سنوورەکان دەهاتە پێش چاوی..

شوورەیەکی بەردینی بەرزی لە دەور بوو لەیلاکێکی[1] گەش و چڕی پیادا شۆڕ ببۆوە، بێ باک و ئارام لە باوەشی مانگدا پشت بەتوانایەکی تەلیسماوی پارێزرا بوو، توانایەک بوو لەو جۆرە توانا سەر سروشتیانەی[2] دەستبەجێ ساتوکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی زەقی نەمان و لەناوچوونی یەکجارەکیدا ڕادەپەڕن و یاساکانی فەنا دەبەزێنن..

یافتەیەکی گچکە لە تەنیشت دەرگە سەرەکییەکەوە هەڵواسرابوو، خوێندیەوە.. (میوانخانەی ڤیتە)..! چووە ژوورەوە، لە باخچەکەوە نواڕییە پەنجەرەکان، تاقە شووشەیەک چییە..؟ شووشەی شکاوی بەدی نەکرد..! نەحەپەسا، دەبێ وابێ، ئەو هێزە سەر سروشتییانە هەمیشە لە دوا هەناسەی بێ ئومێدیدا سەر هەڵئەدەن..

تانجییەکی بەڵەک لە تەک دەرگەکەی ناوەوە درێژ ببوو، دێراوەکانی ڕۆخی باخچەکە پڕ نێرگز و گوڵە وەنەوشە بوون، هەستی بزووت، وا بەبیریا هات کە بەر لە ئێستا ئەو شوێنەی دیبێت..! لەوانەیە لە یەکێ لە خەونەکانیا بووبێ..

خۆی کرد بەژوورا، چووە سەر هۆڵێکی نانخواردنی پان و بەرین، چۆڵ بوو، مێزەکان کاسە و پەرداخی خاوێنیان لەسەر دانرابوو، هیچ قاپە مەیێکی بەرچاو نەکەوت، بۆڕیی بیرە ڕۆکردنەکە دەبریسکایەوە، پالاوتگەکەی ژێریشی وشک و برینگ ورشەی دەهات، سێ مێزی لە پەنایەکی هۆڵەکەدا بەدی کرد، کورسی تەواویان لە دەور بوو، لەژوور مێزەکەی ناوەڕاستیانەوە تابلۆیەکی سروشتی بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو، ڕاوچییەک بوو گوێی لە کیژێکی تارژەن دەگرت..



هەروەکو چۆن پلێکی دابۆوە هیچ وێنەیەکی هیتلەری بەدیوارەکانەوە نەدی..! خانمێکی قەیرە دەرکەوت، چاکەتێکی شینی قۆڵ چنراوی لەبەر بوو، بە (بژی هیتلەر) پێشوازی لێ نەکرد، زۆر بەئاغری و لەسەرخۆ بەخێرهاتنی کرد:

– ئێوارەت باش (ڕۆژێکی دژواری بردبووە سەر، پێویستییەکی تەواوی بەئێوارەیەکی بەئارام هەبوو)، بیری کردەوە.. (ژیانی ڕابوردووی پڕی لە ئێوارانی وابوو).. تینووی بوو هەستی دەکرد، گەرووی وشک هەڵگەڕاوە، پڕی لە گەرد و تۆزی کەلاوە سووتاوەکانە.. پێویستیی بەخواردنەوە هەیە، پێویستیی بەئێوارەیەکە لەگەڵ (ئەلیزابێث)دا لەو شوێنە بیباتە سەر، ئێوارەیەکی بێ خەم، دوور لە لێکدانەوەی غەمناک و تاریک، دوور لەو هەموو ئەو پەژارە و خەمەی لەودیو شوورەی ئەو میوانخانە کۆنەوە هەموو جیهانی گرتۆتەوە.

پرسیاری لە ژنەکە کرد:

– دەتوانین شیوێک لێرە بکەین؟

خانمەکە لەوە دەچوو برێ دوودڵ بێت، (گرێبەر) لەسەری ڕۆیی:

– کۆبۆنی ئازووقەم هەیە، دەتوانم هەندێکیان لە بری ئەوەی دەیخۆین بدەین.. پیاو بەدەگمەن شوێنی وەکو ئێرە ئەدۆزێتەوە.. بەتایبەتی باخچەکەتان.. من سەربازم بۆ ماوەیەکی کەم گەڕاومەتەوە وڵات، پاش چەند ڕۆژێکی دی دەبێ بچمەوە، ئارەزووم لێیە خۆم و هاوسەرەکەم ئێوارەیەکی ئارام لێرە ببەینە سەر، ژەمێکی بێ خەم بخۆین.. کۆبۆنی ئازووقەمان هەیە، ئەگەر ئارەزووشت لێی بێ خواردنی قوتووشمان هەیە.. لە بری ئەوەی دەیخۆین دایدەنێین..!؟

– تەنها شۆربای نیسکمان هەیە، دەمێکە خواردن ئامادە ناکەین.

– نیسک..!؟ تاسووقە.

خەندەیەکی ساکار ڕووی ژنەکەی ڕازاندەوە.. خەندەیەکی سەرسروشتی بوو! لەخۆیەوە هەڵقوڵا.

– ئەگەر بەو نیسکە قایلن، خۆشحاڵ دەبین بەهاتنتان.. لە باخچەکە.. یان ئەگەر ئەوێ سارد بوو، دەتوانن لە ژوورەوە دانیشن.

– باخچەکە.. لەوێ دادەنیشین، کاتژمێری هەشت لێرە ئامادە دەبین.

– شۆربای نیسک پێویستی بەژوان و کات دیاریکردن نییە.. هەر کاتێک دێن، بەخێر بێن..

***

نامەیەکی لە تەنیشت بانگەوازەکەی لەناو وێرانەکەی ماڵی باوکی داینابوو، دییەوە..!

دایکی نووسیبووی، گەیشتبووە ڕووسیا، لەوێوە نێردرابۆوە، نامەیەکی کورت بوو، بەڵام بەهۆیەوە زانی کە دایک و باوکی بەڕۆژێک پاش ناردنی ئەو نامەیە باریان کردووە و لە ماڵەکەی خۆیان نەماون.. دایکی بۆی نووسیبوو کە هێشتا نازانن دەچنە کوێ، هەر ئەوەندەی لە لایەک دامەزران ئاگاداری دەکەنەوە، داوای لە (گرێبەر) دەکرد دڵی هیچ نەکات، چونکە بۆ پاراستنی خۆیان بار دەکەن.. ئاماژەیان بۆ شاڵاوە ئاسمانییەکانی سەر شارەکەیان بەهیچ شێوەیەک نەکردبوو.

نامەکە بەهەفتەیەک بەر لە هاتنەوەی لە ڕووسیا نووسرابوو..

کاغەزەکەی قەد کرد، خستیە باخەڵیەوە..

ئیتر دڵنیا بوو لەوەی کە دایک و باوکی ماون، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی، چاوی بەگەڕەکە وێرانەکەدا گێڕا، وەک بارێکی قورس لەسەر شانی لادرابێ، هەستی دەکرد گیانی سووک بووە..

ئێستاکە شەقامی (هاکن)ی وەک هەموو شەقامێکی دیکەی شارەکە دەبینێ، ئەو سام و خەمەی لە خانەی ژمارە (١٨)ەوە هەڵدەقولا و تەنگەنەفەسی دەکرد.. نەما، تەنها تەپۆڵکەیەک داروبەردی داڕووخاوە..

هەناسەیەکی قۆڵتری هەڵمژی.. هەستی بەشادومانی نەکرد! هەر دڵتەنگ بوو، برێ لە بارەکەی کۆڵی سووک بۆوەو هیچی تر.. بەڵام بیریشی لەوە نەدەکردەوە کە لەوانەیە ئەو ماوەیەی کە لە مۆڵەتەکەی ماوە بەبێ دیتنی دایکی بچێتە سەر..

ئەوەی بەلایەوە گرینگ، ئەوە بوو کە ماون و دڵنیایە.. بەم شێوەیە لە فشاری هەندێ لە لێکدانەوە ڕەشەکان قورتار بوو..

دوا هێرشی ئاسمانی چەند بەشێکی دیکەی شەقامەکەی هەڵگێڕابۆوە، تەقینەوەیەک دەرگای پەیامەکانی هەڵتەکاندبوو، دەرگاکەیان بەدیوارێکەوە هەڵپەساردبوو، نامە و پەیامەکانی پێوە مابوو..

شێتەکەی هاتەوە یاد.. وەک مووی بۆ هەڵکرووزاندبێ لەوبەر شەقامەکەوە دەرکەوت، بۆ لای ئەم دەهات.. ئەوەندەی چاوی بە (گرێبەر) کەوت، دەنگی هەڵبڕی:

– ئۆ هۆ.. خۆ ئەمە کاکەی جەنگاوەرە! هێشتا ماوە؟!

– تۆش ماویت..

– نامەکەت دییەوە؟

– بەڵێ.

– دوێنێ ئێوارە گەیشت (برێ بیری کردەوە).. ئیتر دەبێ ناوت لە لیستەکەمان بسڕینەوە، جێ نییە، پێنج کەسی دیکە سرەیان گرتووە چاوەڕوانی جێیەکی چۆڵن.

– پەلەم لێ مەکە، یەک دوو ڕۆژێک لەسەرم بوەستە.

– نابێ.. دەبێ هەر ئێستا نامەکەت لادەین، ئیتر مافی ئەوەت نەماوە (وەک مامۆستایەکی تووڕە قوتابییەکەی سەرکۆنە بکات، دەنگی بەرز کردەوە).. تا ئێستا چاوم لێ پۆشیبوویت.. ئیتر تەواو لە توانامدا نەماوە.

– تۆ..؟ ناشێ جەنابت خۆت بەسەرنووسەری ئەو گۆڤارە بزانیت (مەبەستی دەرگاکە بوو..).

– ئێمەی چاودێران هەموو شتێکین، یاسا دەپارێزین، ڕێ و شوێنی خەڵکی دیاری دەکەین، با درێژەشی پێ نەدەین، دایکێک سێ منداڵی لەم بۆمببارانەی دواییدا بزر بوون، پێویستیمان بەجێیەک هەیە بانگەوازەکەی ئەو دایکەی پیا هەڵواسین.

– باشە.. باش، چۆن بەباشی دەزانیت وا بکە، ئەگەر شتێکیشم بۆ هات هەر لەو شوێنەی نامەکەی



دایکمت لێ دانا، داینێ..

بانگەوازەکەی (گرێبەر)ی لە دەرگاکە کردەوە، دایەوە دەستتی، (گرێبەر) ویستی بیدڕێ، شێتەکە توند مەچەکی گرت:

– نەکەیت ها..!! کابرا تۆ شێت بوویت؟! چۆن کاری وا دەکەیت، نازانیت نەهامەتی لە دووە؟.. نەکەی بیدڕی، بیپارێزە، چەند بیپارێزیت ئەوەندە دایک و باوکت دەپارێزرێن.. بەڕاستی زەلامێکی ساویلکە و نەفامە!

– تا لە توانامدا بێ دەیپارێزم.. بەڵام پێم بڵێ، ئێستاکە پەنات بردۆتە کوێ، لە کوێ دەژیت؟

– ناچار بووم جێگەکەم بگۆڕم، ئێستاکە کونێکی لەبارم دیوەتەوە، بۆ خۆم لەگەڵ خێزانە مشکێکدا دەژیم، پێکەوە دەخۆین، دەخەوین، ڕادەبوێرین.. خۆش دەژین..

(گرێبەر) زەق تەماشای دەکرد، لە حەپۆلی پتر هیچی دیکەی لە چرۆچاوی ئەو مرۆیە بۆ نەخوێندرایەوە.. شێتەکە لە ناکاودا وتی:

– پڕۆژەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکم بەدەستتەوەیە، تەنها بۆ ئەوانەیە کەسوکاریان بەژێر هەرەسەوە بوون، لەژێر داروپەردووی خانووە وێرانەکاندا جێماون.. بەدامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەش دەتوانین هاریکاری و پشتگیری یەکتری بکەین و هەموو مافێکمان بپارێزین، شارەوانی هیچی لەدەست نایێت، هیچمان بۆ ناکات.. (دیار بوو لە شارەوانی پەست بوو).. ئاخر هیچ نەبوایە هەڵوێستێکیان وەرگرتایە، بهاتبانایە و نوێژێکیان لەسەر ئەم کەلاوانە بکردایە.. ئەگەر بێت و هەر یەکێک لە ئێمە نوێژیان لەسەر بکات بۆخۆیان دەبنە مەزارگەیەکی پیرۆز.. تێگەیشتیت؟!

– بەڵێ.

– چاکە.. هەندێک ئەو بیرۆکەیە بەگەلۆری ئەدەنە قەڵەم، تۆیش لەبەر ئەوەی ئەو نامەیەت بەدەست گەیشتووە بۆت نییە بێیتە ڕیزەوە.. هەوڵ مەدە و خۆشت ماندوو مەکە.. بەهیچ کلۆجێک وەرناگیرێیت.. (لە پڕێکا چی گرژی و حەپۆلی لە ڕوخساریا بوو، توانەوە، ماسوولکەکانی شەویلگ و کوڵمەکانی داکەوتن.. هەرەسیان هێنا! ژانێکی پڕ خەم و یاخیبوونێکی بێ دەستەڵاتیان چووە جێ.. توند بەگوێرەی نەریتە سەربازییەکان پای دا بەزەمیندا و خولێکی خێرای بەدەوری خۆیدا خوارد، پشتی کردە گرێبەر و بەتەپە تەپ دوورکەوتەوە..).

(گرێبەر) بۆ ماوەیەک چاوی تێبڕی.. پاشان ئەمیش لەو ناوە دوورکەوتەوە.. بڕیاری دابوو (ئەلیزابێث) لە هەواڵی دایک و باوکی ئاگادار نەکاتەوە..!

***

(ئەلیزابێث) لە کارگە هاتە دەرەوە، بەتەنها لە گۆڕەپانەکە پەڕییەوە.. لە منداڵێکی ونبوو دەچوو! گۆڕەپانەکە لە تارماییەکانی ئاوابووندا، فراوانتری دەنواند، خانە و کووچەکانی دەوری چۆڵ و هۆڵ بوون.

بەیەک گەیشتن، (ئەلیزابێث) بەکزییەکەوە وتی:

– مۆڵەتێکی دیکەیان پێدام.

بەرامبەر یەک وەستا بوون، بریسکەیەک لە چاوی (ئەلیزابێث)ەوە هات.. لە پڕێکا هەردوو نیگای خنکان، چاوەکانی پڕ فرمێسک بوون:

– هۆکەم بۆ ڕوونکردنەوە.. لە دووسبەیەوە سێ ڕۆژی دیکە مۆڵەتم پێئەدەن.. دەبێ بەکاری زیادە ئەو سێ ڕۆژە قەرەبۆ بکەمەوە.. دەی گرنگ نییە، چی دەبێ با ببێ.. بگرە پاش ئەو سێ ڕۆژە وا باشترە هەموو کاتێکم بەکارکردن بەرمە سەر..

زمانی چووبووە کلیلەوە، هیچی بۆ نەئەگوترا، ساتەکانی جیابوونەوەی زەق هاتبوونە پێش چاو، هەستی دەکرد سینگی بەژێر تاوێرێکی قورسەوە بووە.. هەمیشە ئەو ساتوکاتەی لەبیردا بوو، بەڵام قەت هێندەی ئێستا زەق و ئاشکرا نەبووە، ڕووداوە کتوپڕە جۆراو جۆرەکان بواری ئەوەیان نەئەدا ئاوەها بەوردی بیری لێبکاتەوە.. ئەوەتا ئێستاکە بەهەموو توانا و زەبرێکیەوە بیروفامی داگیرکردووە، بووەتە لێکدانەوەیەکی پڕ ژان، ئارامی لێ هەڵدەگرێ.. لەدەروونیا کڵپە دەکات، ڕوحی دەستمێ، وەک تیشکی ئێکس ئێسک و پرووسکی ڕووت دەکاتەوە، جوانی و گەشی ژیان لەبەر چاویا دەکاتە خۆڵەمێش..

بیری لە ئایندەی دەکردەوە، چارەنووسێکی ڕەش و نابووتی دەهاتە پێش چاو..

نیگایان لە نیگای یەکدا توایەوە، لە یەک تێدەگەیشتن، بەبێ وشە، چرووپر ئەدوان، کۆیلەی هەستی بەزەبری خەمێکی هاوبەش بوون، توانای پساویان نغرۆی گێژاوێک ببوو، کپ و بێ دەنگ گێژی ئەدان.. بەناخی نائومێدیدای دەبردن، ئەو نائومێدییەی چەندین جار خۆیان لێ گێل دەکرد، ئەوەتا لە ناکاودا باوەشی پیاکردن و حولی دان..

گوزەرانی پاش جیابوونەوەی لەبەرچاو بوو.. ئەلیزابێث بەتەنها لە چاوەڕوانییەکی کوشندەدا دەژی.. لە کارگەکە، لە پەناگەکاندا، بەدەم خواردن و خەوتنەوە، بەدەم هاتوچۆوە، بەدەم باس و ئاخاوتنەوە، بەدەم خەمێکی ناهەموارەوە، گیرۆدەی چاخێک چاوەڕوانیی ئاگام بزر بووە..!

(ئەلیزابێث)یش گرێبەری لەبەر چاو بوو.. گیرۆدەی گێژەڵووکەی ئاگرینی وەیشوومە ڕەشەکانی ڕێی هات و نەهاتە.. پەل دەهاوێژێ و کوێرانە هەنگاو دەنێت، چنگ و پەلی بۆ ژیان درێژ دەکات، لە پێناوی شتێکدا کە باوەڕی پێی نییە، ژیانی خستۆتە بەر کەڵبەی مەرگێکی چەواشە و گەلۆرەوە..

دوو مرۆڤی بەزیو بوون، نائومێدی هەرەسی پێ هاوردبوون.. شەپۆلێک سۆزی کوشندە هەڵیگرتن، بردنی.. خۆیان دابوو بەدەستتەوە، بەربەرەکانییان نەدەکرد، نەوەکو بەجارێک بەربنەوە هەپروون بەهەپروون ببن، بێ لەو خۆ بەدەستتدانە هیچ دەرفەتێکی دیکەیان نەمابوو، گشت دەرگەکانی قورتاربوونیان لێ داخرا بوو..

ماوەیەکی دوورو درێژ بەو شێوەیە لە یەک وردبوونەوە، کڵپە و بڵێسەکانی خەم و نائومێدی هێدی هێدی دامرکانەوە، ئەو بوارە پڕ ئەندێشەیەیان بەماتی، بەبێ وشە بڕی.. بەر لەوەی زمانی (گرێبەر) بەربێت، چاوەکانی (ئەلیزابێث) فرمێسکەکانیان خواردەوە، فرمێسکەکانی بەدیوی ئاگر و کڵپەکانی



دەروونیا ڕشت:

– کەواتە سێ ڕۆژی تەواو پێکەوە دەبین؟

(ئەلیزابێث) بەدەم خەندەیەکی غەمگینەوە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، لە سپێدەی بەیانەوە هەتا ئاوا بوون..

– زۆر باشە، بەچەند هەفتەیەک دەچن.

کەوتنە ڕێ، گەیشتنە بەر وێرانەیەک، دوا شەپۆلی ڕووناکی بەدزە لە پەنجەرەیەکی هەڵتەکاوەوە دەچووە ناو کەلاوەیەکەوە، نێو چڵوچێوە شێواوەکەی دەپشکنی.. (ئەلیزابێث) وتی:

– چی بکەین..؟ ئەمشەو بچینە کوێ؟

– لە کاتێدراکە.. ناو تارمەکان، یان ئەگەر کەشەکە زۆر سارد نەبوو لە باخچەکەی دەخەوین.. (زەردەخەنەیەکی کەوتەڕوو..).. فەرموو ئێستاش با بچین داوەتێکی شۆربای نیسکت بکەم..

***

میوانخانەکە هێدی هێدی لەگەڵ نزیک بوونەوەیاندا بڵند دەبۆوە! دیمەنێکی نامۆ و باوەڕ پێ نەکراو بوو، لە خەونێک دەچوو نەیەتە دی!

لەناو دەرکی حەوشەکە هەڵوێستەیەکیان کرد.. دەیاننواڕییە باخەکە:

– چۆن شوێنێکە؟

– لە دوورگەیەکی تەریکی پڕ ئاسایش دەچێ، دوورگەیەکە لە باوەشی دەریالووشێک وەیشوومەی مەرگ و وێرانکاریدایە!!

– بەڵێ بەڵام پارێزراوە، هەر کەسێکیش ڕێی تێکەوێ دەبێ ئارام و ئاسایشی بپارێزێ.. لە جەنگ، لە غەم، لە ئاگرو لێکدانەوەی ستەمی بپارێزێ..

هەر لە خۆیەوە، شنەبایەکی فێنک هەڵیکرد، بۆی گڵی دێراوە پاراوەکانی بەسەریاندا هێنا..

تانجییەکە بەدەم کلکە لەقێ و لەوس لێستنەوە، وەک لە خواردنی شتێک بووبێتەوە.. پەیدا بوو..

(خاتوو ڤیتە) بە بەرکۆشکێکی سپییەوە دەرکەوت، بەپیریانەوە هات، بەڕوویەکی گەشەوە پێشوازییەکی گەرموگوڕی لێکردن:

– لە باخەکە دائەنیشن؟

(ئەلیزابێث) وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، ئەگەر بەئەرکیشی نازانن دەمەوێ ئاوێکیش بکەم بەسەرما.

– بەڵێ.. بەڵێ، فەرموو گەرماوی گەرم و خاوێنمان هەیە..

(ئەلیزابێث) دوای (خاتوو ڤیتە) کەوت، (گرێبەر) لە چێشتخانەی میوانخانەکەوە چووە ناو باخەکە..

مێزێک ئامادەکرابوو، بەسەرمێزێکی ڕەنگین و خاوێن ڕازابۆوە، جووتێ پەرداخی بێگەرد و سوراحییەکی تەنکی پڕ ئاوی ساردی نرابووە سەر.. تێنووی بوو، پڕ پەرداخێک ئاوی خواردەوە، هیچ

بادەیەکی پێ نەدەگەیی، سارد و سازگار، گەرووی وشکی تەڕ و پاراو کردەوە..

باخەکە لە ناوەوە فراوانتر دەهاتە بەرچاو، هەرێزێکی بەرین و گەش، بەجۆرەها درەختی پڕشوبڵاو ڕازابۆوە، خونچە و گوپکەکان هاتبوونە پشکووتن، گەڵا وردیلەکان وەکو بەڕۆن سڕابن.. بریقەیان دەهات..

(ئەلیزابێث) گەڕایەوە، لە دوورەوە پرسیاری کرد:

– ئەم شوێنەت چۆن دۆزییەوە؟

– بەڕێکەوت، بەڕێکەوت نەبێ ئادەمیزاد ناکەوێتە شوێنی ئاوەهاوە..

دەست لەناو دەست پێکەوە بەناو باخچەکەدا کەوتنە پیاسە کردن، لە خونچە و چرۆی درەختەکان ورد دەبوونەوە زۆریان گەشابوونەوە:

– زۆر ناخایێنێ، ئەوانی دیکەش دەگەشێنەوە.

– بەڵێ، پاش دوو هەفتەی دیکە ئێرە وەکو بەهەشتێکی گچکەی لێ دێت.

(ئەلیزابێث) پتر لە (گرێبەر) نزیک بۆوە، بۆی سابوون و ئاوێکی بێگەرد و تەمەنێکی لاوی خوێن گەرمی لێدەهات:

– شوێنێکی قەشەنگ و دڵگیرە، سەیرە! وا هەست دەکەم بەر لە ئێستا ئێرەم جارێکی دیکە دیبێت.

– منیش، کاتێک دیمەوە هەمان بیرم بەمێشکدا هات.

– بەڵێ، وەک لێرە ژیابین، هەستێکی نامۆیە.. پێکەوە لەم باخچەیە پیاسەمان کردبێت.. تەنها شتێکی گچکەمان ناتەواوە، دوا شتە، ئەو پێداویستییەیە کە ئەم یەکبوونەی ئێستامان چەسپ دەکات (سەری نایە سەر سینگی گرێبەر).. ناوێرم ئاوات بەهیچ بخوازم، چونکە هەر ئەوەندەی هەستم کرد نزیکم لێیەوە، خێرا بەربەستێکی سەخت دەکەوێتە نێوانەوە (برێ مات بوو..) بەڵێ بەر لەم وادەیە من و تۆ لێرە پێکەوە ژیاوین.. هەمیشە لەگەڵ ژین و ژیانەوە، دەژین و دەبووژێینەوە.

(خاتوو ڤیتە) بەدەفرێکی گەورەی پڕ شۆربای نیسک دەرکەوت، (گرێبەر) هەندێ کۆبۆنی ئازووقەی بۆ درێژ کرد:

– فەرموو، وەریان گرە، هەرچەندیشە کەمن بەڵام وا بزانم بەش دەکەن؟

– پێویست ناکات، هەر بەخۆمان نیسکمان هەبوو، بەتایبەتی ئامادەمان نەکردووە.. هیچ ناخۆنەوە؟ ئاوجۆمان هەیە.

– نایابە، بەدڵ ئارەزووی دەکەم، گەرەکم بوو داوای بکەم.

بریقە و ورشەی ئاڵی ئەو ئێوارەیەش هاتە کزی، بوونە چەند تیشکێکی پڕشوبڵاوی کوژاوە.. مەلێک پڕ بەدەنگی کەوتە خوێندن.. (گرێبەر)، ئەو بەیانییە هەمان خوێندنی لە کاتێدراکە هاتە گوێ، باڵندەیەک بوو بەسەر خاچێکی بەردینەوە هەڵنیشتبوو.. لە بەیانییەوە هەتا ئێستا گەلێ ڕووداوی جۆراوجۆری دی.. سەرقاپی دەفرەکەی هەڵدایەوە:

– سۆسێجە، سۆسێجێکی پۆڵۆنیایی چاکە، شۆرباکەشی خەستە بەبۆن و بەرامەیا دیارە بەتامە..



شێوێکی هەڵاوێردەیە..

قاپە بەتاڵەکانی بەردەم خۆی و ئەلیزابێثی لە شۆرباکە پڕ کرد، هەستی دەکرد خاوەن ماڵوحاڵە، خاوەنی خێزان و خوانە.. ئارام و ئاسایشیش سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە..

بە (ئەلیزابێث)ی گوت:

– دەتوانیت دە ساڵ ژیانم بەم شێوازەی ئێستا لەگەڵدا بەریتە سەر..

– داوا دەکەم لە دە ساڵ زیاتر بێت.

– منیش.

(خاتوو ڤیتە) پەرداخەکانی پڕ ئاوجۆ کرد، سارد و بەتام بوو، کەوتنە خواردن، پەلەیان نەدەکرد، بە وچان شێوەکەیان دەخوارد.. کاتێکیش دەیاننواڕیبە یەک خوان و خواردنەکەیان لەبیر دەچۆوە.

شەو داهات تارای خامۆشیی بەسەر سروشتدا دادایەوە، تیشکە پشکنەرەکان کەوتنە پشکنینی ئاسمان، لەدووی فڕۆکە دەگەڕان، چەپکێکیان لە پەڵە هەورێکی دا، هەر زوو لە قووڵایی ئاسمانێکی تاردا بۆ دوور هەڵخلیسکا..

مەلەکە لە خوێندن کەوت، شەو دەستەڵاتی بەسەر سروشتدا سەپاند، (خاتوو ڤیتە) سەری لێدانەوە، دەیویست دەفرە شۆرباکە پڕ بکاتەوە:

– خواردنەکەتان کەم بوو، لاوان لە توانایاندایە بەئەوپەڕی دڵبردنەوە بخۆن.

– درێغیمان نەکردووە، هیچمان لێ نەماوەتەوە.

– نەختێک پەنیر و زەلاتەشتان بۆ دێنم.

مانگ بڵند بۆوە، ڕووی شەوی ڕازاندەوە:

– ئێستاکە تەواوە، مانگێکی درەوشاوە و باغێکی خەواڵوو سروشتێکی کشومات و زگێکی تێر و هێشتا ئێوارەیەکی دوورو درێژیشمان لەبەرە.. دەترسم بەرگەی ئەم هەموو ئارامە تەلیسماوییە نەگرم.

– جاران وا دەژیان، ئەم شتانەمان بەلاوە نامۆ نەبوو.

(ئەلیزابێث) سەرێکی لەقاند، لە دەوروبەری ورد بۆوە:

– خانووی وێران، کەلاوەمان لێوە دیار نییە، کەسیش بەهۆی ئەم دارودرەختەوە چاوی لێمان نییە، ئەم شوێنە هەر لەو وڵاتانە دەچێ کە جەنگ چوار دەوری گرتوونەتەوە، کەچی بەبێ تەنگوچەڵەمە و هیچ جۆرە ئاشووبێک ژیانیان تێدا دەبرێتە سەر..

– کاتێک کە ئەم جەنگە کۆتایی پێ دێت، سەردانی ئەو وڵاتانە دەکەین، هەموو ئەو شارانەی کە خاپوور نەکراون دەگەڕێین، لە شەوگاری ڕووناکیاندا بەترس و گومانەوە تەماشای ئاسمان ناکەین، شەقام بەشەقامیان دەگەڕێین، لەبەردەم کۆگا پڕ کەلوپەلەکاندا دەوەستین، تێر تەماشای کەرەستە نمایشت کراوەکان دەکەین.. شەوی ئەو شارانە ئەوەندە ڕووناکە زۆر بەڕوونی ڕوخساری یەکتری تێدا دەبینین.. ژیان لەوێ ڕۆژگارێکی ڕووناکی بەردەوامە.

– ئاخۆ ڕێگەمان بدەن بچین؟

– ئەی بۆ ڕێمان نادەن؟.. بەگەشت دەچین، دەچینە سویسرا..

– ئەی چی خەرج بکەین؟

– کامێرا..! کامێرا دەبەین لەوێ دەیفرۆشینەوە، لەوێ پارەی چاک دەکەن، بۆ خۆمان وەکو میرەکان هەفتەیەکی تەواو ڕادەبوێرین..

(ئەلیزابێث) بەدەم نەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

– یان خشڵ و کەوڵی نایاب دەبەین.. ئیتر ئەو بابەتانەی لەوێ پارە دەکەن، دەیانبەین و دەیانفرۆشینەوە.. هەرچەندیشە هیچمان لەو بابەتانەش نییە.

(خاتوو ڤیتە) زەڵاتە و پەنیرەکەی بۆ هێنان:

– دیارە شوێنەکەتان بەدڵە؟

– خۆش و دڵگیرە.. دەتوانین زیاتر بمێنینەوە؟

– بەئارەزووی خۆتان، قاوەشتان بۆ دێنم، قاوەی گەنمەشامیمان هەیە!

– قاوەشمان ئەدەیتێ؟! وا دیارە ئەمشەو وەک کەڵە دەربەگەکان دەبەینە سەر.

(ئەلیزابێث) بەپێکەنینەوە توانجی دا:

– هەر لەمێژەوە وەک دەربەگەکان دەستمان داوەتێ، بەجەرگی قاز و کافیار و بادەی کۆنی ڕاین دەستمان پێکرد.. (بیری کردەوە) ئێستایش وەکو مرۆڤ دەژین، ئەو ژیانەیە کە خەوی پێوە دەبینین.. خۆشە مرۆڤ بژی..!

– بەڵێ ژیان خۆشە (لە ئەلیزابێث ورد دەبۆوە.. کاتێک لە کارگەکە دەرچوو گەلێ ماندوو بوو، ئەوەتا ئێستاکە دەروونی شیرین و ڕوخساری گەشی بووژاونەتەوە.. لەدڵی خۆیدا دەیگوت.. گوڵێکی ناسکە، بووژاندنەوەی ئەرکێکی ئاسانە..).

(ئەلیزابێث) وتی:

– ئەوەی جاران ساکار و ئاسایی بوو، دەبێ ئەمڕۆ لە سەری ڕابێینەوە.. زۆری دەوێ تا بە ئارام و ئاسوودەگی ئاشنا دەبینەوە، ئەو ژیانە ڕابوردووە یادگارێکی بەسەرچووە، ئاوات و هیوای ئایندەشە، سەربورنامەیەکی شادی هێنە، هەلێکی چاوەڕوان نەکراوی قورتار بوونە، دەربازبوونە، لە وادەی هەرەس و خۆ بەدەستەوەدانەوە، سروەیەکی بووژێنەرە، پاکژ و خاوێن بۆی دووکەڵ و بارووتی لێ نایەت، شەوگاری ئارام و دڵنیاییە، دوور لە سام و دڵە خورپەی شریخە و تەقینەوەی بۆمب و بۆمبارانە، بێ داچڵەکینی دەرگا لێدانی درەنگانە.. ماڵێکی ئاوەدان وێران نەکراوە، زارێکی ئازاد و چاوێکی نەترسە.. ئەمانە تەمەنێکیان پێویستە تا دێنەوە سەر بار و پێیان ڕادێینەوە.. سام و قۆناغی دژواری ئەم چاخە سەختە دەبێ بەرەبەرە بڕەوێتەوە تا دەچێتەوە سەر یەکێ لە شێوەکانی شادومانی، ئەو دەمەی کە تیادا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە هیچ شتێک لەسەر ڕووی ئەم زەمینەدا ئەوە ناهێنێ سڵی لێبکەینەوە.. ئاخۆ ژیان و گوزەرانی وا بەباوەڕی تۆ هەبێت؟!

(گرێبەر) زۆری لە خۆی کرد وەڵامی بداتەوە..



– بەڵێ.. هەتا بەم شێوازەش بیر بکەیتەوە، ئەو ماوەیەی پێکەوە لەبەرمان ماوە، زۆر بەشادومانی دەیبەینە سەر..

تا درەنگ لەوێ مانەوە، بۆی شەو لە هەموو لایەکەوە هەڵدەقوڵا، تێکەڵاوی بۆی گوڵ و گەڵا کۆرپەکان دەبوو، باکەی خستبوو، بۆنی کەلاوەکان جارجارێک دەهات، خشەخشێکیان هاتە گوێ! گوربەیەک بوو مشکی ڕاودەکرد.. مشک زۆر ببوو، بەهۆی ئەو هەموو خۆراکەی لەژێر داروپەردووی خانووە وێرانەکاندایە، گوزەرانێکی تێروتەسەلیان بۆ لواوە.. هەر خەریکی خواردن و زاوزێکردنن..

***

کات دەوروبەری یازدەی شەو بوو کاتێک میوانخانەکەیان بەجێهێشت، هەستیان دەکرد دوورگەیەکی شادی دوور لەو جیهانە ئاڵۆزە پڕ خەمەیان بەجێهێشتووە..!

قەشەیەک بەبۆڵە بۆڵ ناو دەرگاکەی لێگرتن:

– کەی ئەمە کاتی هاتنەوەیە..! بۆ دواکەوتوون، جێگە نەماوە!

قەشەکەی سەرلەبەیانی نەبوو، لاوێکی ڕدێن تراشراوی ڕەوشت وشک بوو.. لەوانەیە ئەوە بێت کە (یوسف)ی تووش کرد..

– لە باخەکە دەخەوین؟

– گشت تارمەکانی سەر باخچەکەش گیراون، بۆ ناچنە دەزگای کۆمەکی بێدەرەکان؟

تەگبیرێکی گەمژ و بێ مانا بوو، (گرێبەر) وتی:

– پەنامان بۆ ئێرە هێناوە.. بۆ لای یەزدان.

قەشەکە مۆڕەیەکی لێکرد:

– بێ لە باخچەکە جێگەی ترمان نییە.

– گرنگ نییە، لەوێ دەخەوین.

– ژن و مێردن؟

– بەڵێ.. بۆ پرسیار دەکەیت؟!

– ئێرە جێگەیەکی پاکژ و پیرۆزە.. ژنانمان لە پیاوان جودا کردۆتەوە.

– ئەگەر ژن و مێردیش بن؟

– بەڵێ (ملێکی بۆ درێژ کردن..) لە ژن و مێرد ناکەن.

(گرێبەر) گرێبەندی ژن هێنانەکەی نیشان دا، قەشەکە چاویلکەیەکی لە باخەڵی دەرهێنا، کردییە چاوی.. لەبەر ڕۆشنایی مۆمێکدا کەوتە خوێندنەوەی..

– دەمێک نییە بوونەتە ژن و مێرد؟

– بۆ، ناشێ ئەوەش دژ بەیاساکانی کڵێسە بێت؟

– ژنەکەت لە کڵێسە مارە نەکردووە.

(گرێبەر) لە وزەیا نەما، کەلەی لە قەشەکە بردە پێشەوە:

– باش گوێم لێ بگرە.. خۆم و ژنەکەم ماندووین، بەدرێژایی ئەمڕۆ کاری کردووە، منیش وەکو سەگی پێ سووتاو هەموو شارەکە لەدووی پەنایەکدا گەڕاوم.. بۆیە پێکەوە دەچینە باخەکە و لەوێ دەخەوین، جا ئەگەر دەتوانیت ڕێگەمان مەدە.. بڕۆ لای کێش شکات دەکەیت شکاتی خۆت بکە.. باشە؟

لەپڕ، بەبێ ئەوەی کەس ئاگاداری بێت، قەشەیەکی دیکە پەیدا بوو، دیار بوو پلەی بەرزتر بوو، بەبێزارییەکەوە پرسیاری کرد:

– چییە ئەوە.. چ باسە؟

قەشە ڕوو گرژەکە ویستی هەڵوێستەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە.. بواری نەدا لەسەری بڕوات:

– خۆت مەخە ڕیزی یەزدانەوە! کاتی ئەوە نییە لەسەری بڕۆیت، ئەوەی لەسەر ئێمەیە، ئەوەیە پەنای لێقەوماوان بدەین.. (ڕووی کردە گرێبەر) ئەگەر بەیانی پەنایەکتان دەست نەکەوت، کاتژمێری نۆی ئێوارە سەردانم بکە.. لە ژووری ژمارە (٧)م، هەر لە حەوشی کڵێسەکە پرسیاری قەشە (بیدن دیک) بکە ئەمدۆزیتەوە..

– سوپاست دەکەین.

(بیدن دیک) سەرێکی بۆ دانەواندن و بەجێی هێشتن، (گرێبەر) ڕووی کردە قەشە (بلۆمەر):

– دەی سەربازەکەی یەزدان پێشمان کەوە، جێگەیەکمان نیشان بدە تیادا بحەسێینەوە.. ئەوەتا فەرماندەکەت فەرمانی پێداویت.. لە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکاندا تەنها کڵێسە تەمەن درێژە.. لەم جۆرە ڕژێمانەشدا دەبێ بچووک هەمیشە ملکەچی فەرمانی لە خۆی گەورەتر بێ.

(بۆمەر) پێشیان کەوت، لە هۆڵەکەوە بردنیە سەر باخەکە، بەڕوویەکی مۆنەوە کەوتە ڕێنمایی کردنیان:

– ڕەختی خەوتان لەسەر گۆڕی شەهیدانی کڵێسەکە ڕامەخەن (پەنجەی درێژ کرد).. بچنە ئەوێ نزیک تارمەکان بخەون.. مافی ژن و مێردایەتی قەدەغەیە، جێگەکانتان دوور لە یەکەوە ڕاخەن، جل گۆڕین قەدەغەیە..

– ئەی پێڵاو داکەندن؟

(بۆمەر) شڵەژا، بەپەستییەکەوە وەڵامی دایەوە:

– فڕێی دەن.

کەسانێکی زۆر پەنایان هاوردبووە کاتێدراکە، بێ لە ژێرزەمینەکە، ناو تارمەکانیش پڕ ببوون، هەریەکە و بەئاوازێک دەیپرخاند.. نەوی.. بەرز، کورت، درێژ..

لەناو هەرێزەکەدا کەوتە ئامادەکردنی جێگەی خەوتنیان، (ئەلیزابێث) دەستی نابوو بەدەمییەوە، جار جارێک پرمەیەک پێکەنینی لێ دەردەچوو، (گرێبەر) بەدەم جێگە چاککردنەوە ئاوڕێکی لێ دایەوە:

– بە چی پێدەکەنیت؟

– بەتۆ و قەشەکە..

– زۆر باشە.



باوەڵەکانی لە تەنیشت دیوارێکەوە دانا، توربە سەربازییەکەی کردە سەرین.. لە ناکاودا داچڵەکین..!

قریشکەیەک دەقی سیمفۆنیای پرخە پرخی ئەو شەوی شکاند، خانمێک بوو بەدەم خەوەوە هاواری دەکرد:

– نا.. نەء.. ئاا (هاوارەکەی جوییەوە).

بۆڵەی پیاوێک بەرز بۆوە..

– دەنگە دەنگ..

هاواری ژنەکە بەرزبۆوە، دەنگە گڕە پەستەکە بەرزتر نەڕاندی:

– خودا بتانگرێ باشە؟.. ئەڵێم دەنگتان نەیێت، دەمەوێ بخەوم.

خانمەکە بێدەنگ بوو:

(گرێبەر) بەگوێی (ئەلیزابێث) دای چپاند:

– ئەوەتا، بەهەردوو گوێی خۆت گوێت لێ بوو.. ئەوە ئێمەین.. ئێمەی ئەڵمانی، ئەوانەی خۆمان لە ژوور هەمووانەوە داناوە.. ئەوەتا بەدەم خەویشەوە بێ، ملکەچی هەموو نەڕە و فەرمانێکن.

***

شوێنەکەیان پەنا بوو، هەندێ تەپکەی بچووک بچووکیان لە دەور بوو، ئەوانیش پەناهەندە بوون، خەو گرمۆڵەی کردبوون..

تیشکی ساردی مانگ لەودیو قوولە لێدراوەکەوە هات، بەسەر گۆڕستانەکەدا شکایەوە، گۆڕەکان کۆن و داڕووخاو بوون، بەر بۆمب نەکەوتبوون.. تەمەنی خۆی لە هەندێکیان سەدساڵێک ئەدا گۆڕی! شەهیدانی کڵێسە بوون..

خاچێکی بەردینی زلە لەنێوان کۆمەڵێک گوڵی کێوییەوە بڵند ببۆوە، پلیکانەیەکی بەردینی دوورو درێژ بەپلەی پان بۆی دەچوو، لێژ نەبوو، نموونەیەکی –ڕێگەی ئەشکەنجەکان– بوو[٣] هەر پلەیەک لە پلەکانی هێمای یەکێ بوو لەو قۆناغانەی تیادا (عیسا)یان بەر لە خاچ کردندا ئازار ئەدا.. جێگەکەیان بە ڕێکەوت لەسەر یەکێ لەو پلانە ڕاخستبوو، ئەو جێیە بوو کە (عیسا)یان تیادا جەڵدە کرد، پلەکەی ژووروشیان ئەو شوێنە بوو کە تاجە دڕکە زبیەکەیان نایە بان سەری..

(گرێبەر) چپاندی:

– وەرە با ڕێنماییەکانی ئەو بزنە نالەبارە هەواڵەی دۆزەخ کەین..

---

١– لەیلاک– لیلەک: **Lilac**، گوڵێکی بنج گەورەی بۆنداره، بەسەر دیوار و کەپردا دەدرێت، ڕەنگی گوڵەکانی ئەرخەوانییە.

٢– سەر سروشت: خارق– ماوراء الطبیعة.

٣– ڕێگەی ئەشکەنجەکان: ئەو بوارەیە (عیسا) د.خ بەر لە بەخاچ کردنیا بڕی، هەر قۆناغە و بەشێوەیەک ئازار ئەدرا.

## 23

لەگەڵ یەکەمین هێڵی ڕووناکی بەیانا، چۆلەکەکان بەچڕی هاتنە جریوە جریو، لە دەوروبەری قولە پێککراوەکەدا فڕکەیان دەهات..

بەرایی تیشکی خۆری ڕۆژێکی نوێ بەداروبەردە دارووخاوەکەی قولەکەدا هات.. دەبریسکانەوە..

(گرێبەر) بەخەبەر هاتبوو، قوتیلەکەی داگیرساند، ئەو پەندە سەربازییەی پەیڕەو دەکرد کە دەڵی.. (ئەوەی بەبیرتدا دێ، بەر لەوەی قەدەغە بکرێ بیکە..!).

لەدووی ئاو گەڕا، بەلووعەیەکی لە تەنیشت یەکێک لە پلەکان دیبیەوە.. پیاوێکی ڕدێن سووری کەتە، تەخت لەسەر گازی پشت لە تەک بەلووعەکەوە ڕاکشا بوو، دەمی داچەقابوو پرخەی دەهات.. تەنها لاقێکی هەبوو! لاقە دەستکردەکەیشی لەپاڵ خۆیەوە درێژ کردبوو، پارچە نیکڵەکانی لەژێر تیشکی بەهێزی خۆری بەیاندا بریسکەیان دەهات.. لە لاق نەبێ لە زۆر شتی تر دەچوو!

قوتوویەکی نایە بەر بەلووعەکە، ئاوەکەی بەردایەوە، تەوژمی ئاوەکە بێ هێز بوو، بەدەم چاوەڕوانی پڕ بوونی قوتووەکەوە چاوی بەناو تارمەکاندا دەگێڕا.. (بلۆمەر) ڕاستی دەکرد، ژنانیان لە پیاوان جیا کردبۆوە..

کاتێک گەڕایەوە ڕوانیی (ئەلیزابێث)یش خەبەری بۆتەوە، ڕووگەش و چالاک چاوەڕێی دەکرد، تێر خەو ببوو، لە خانمە ڕوخسار زەرد و ژاکاوەکانی ناو تارمەکان نەدەچوو..

وتی:

– زووبە، تا خەڵکەکە بەخەبەر نەهاتوون و هروژمیان نەهێناوە، بچۆ خۆت بگەیەنە ئەو بەلووعەیە.. یان با بێم نیشانت بدەم..

(ئەلیزابێث) بەدەم پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– لێرە بمێنەوە نەوەک بەرچاییەکەمان لێ بدزن.. دەچم بەخۆم بەلووعەکە ئەدۆزمەوە.

(گرێبەر) چاوی لێ نەئەترووکاند، لە دڵی خۆیدا دەیگوت.. (چاک دەخەوێت، خرپ بەبێ جووڵە کپ دەبێت.. تەنانەت کراسەکەشی ناژاکێ..) لە هەنگاوەکانی ورد دەبۆوە، هەستی دەکرد کەسێکی دیکە نییە وەک (ئەلیزابێث) شیرین و خۆشەویست بێ..

قەشەکە بەدزە لێی نزیک ببۆوە، جووتێ سۆلی نەرمی لە پێدا بوو، دەنگی پێی نەدەهات..! دەنگی لە ناکاودا بەرزبۆوە.. (گرێبەر) داچڵەکی..

– ئاوەها.. سەیرانگەیە.. باخچەکەی عیساشتان کردۆتە چێشتخانە؟.. لە کوێیشدا..؟ لەسەر ڕێگەی ئەشکەنجەکان..! ڕاستەوخۆ لەو شوێنەی تاجە دڕکێنەکەیان لەسەریەوە ئاڵاند!.. سەیرانە، وا نییە؟

– ئەی ڕێگەی شادومانی کامەیە؟ نیشانم بدە با بچمە سەری..

– بست بەبستی ئەم کاتێدرایە پاک و پیرۆزە، شەهیدانی ڕێبازی عیسای تێدا نێژراوە.

(گرێبەر) زۆری لە خۆی دەکرد بەهێمنی وەڵامی بداتەوە..



– هەزاران جار خواردنم لە گۆڕستانەکاندا ئامادە کردووە، جیاوازی ئێرە و ئەو گۆڕستانانە چییە؟ ئاخر پێم ناڵێیت ڕوو بکەمە کوێ؟.. گازینۆیەک، یا ڕیستورانێک شارەزا نیت پیاو بچێ بەرچاییەکیان لێ بخوات؟..

– گازینۆ..!!؟ (وەک قەپی بەسێوێکی گەنیودا کرد بێت).. گازینۆ و ئێرە؟!.. ئەم خاکە پیرۆزە؟!

– ئەی بۆ..؟ چۆن تەگبیرێکە، جوانە وا نییە؟

– بەلای گوناهبارێکی وەکو تۆوە هەموو شتێک دروستە، سوپاس بۆ یەزدان کە نموونەی وەکو تۆ کەمن.. چ ڕەف کردن و بەدکارییەکە خودای گەورە؟! گازینۆی لەسەر خاکی عیسا گەرەکە.. تۆ پیاوێکی گومڕای بێ باوەڕیت.

– بێ باوەڕ نیم، (عیسا) هەزارانی بەنەختێک نان و تەنها دوو ماسی تێر کرد[1]، بەڵام هێندەی قەلەڕەشکەیەکی وەکو تۆ بەفیز و لەخۆبایی نەبوو.. دەی، ئێستاش تا زووە لاچۆ لەبەر چاوم.. دیارە لەیادت چوو کە لە جەنگداین، بارەکە گشتی نائاساییە..

– هەمووی بە (بیدن دیک) دەگەیەنم، با بتناسێ چ بێ ئاینێکی خودا نەناسیت..

– بەغار بچۆ، بەشکم ڕیسوات بکات، دیارە شکات و شکاتکاری پیشەتە هەی سیخوڕی کەللەپووت.

قەشەکە بەمۆنی و کەشوفشێکەوە پشتی تێکرد، بەدڵێکی پڕکینە و ڕقەوە، وەک گیسکێکی تووڕە دوور کەوتەوە..

(گرێبەر) سەری قوتوویەکی هەڵدایەوە، پڕی لە قاوە بوو، بڕێکی لێ کردە ناو ئاوە کوڵاوەکەوە، بۆ و بەرامەی لەگەڵ هەڵاوە گەرمەکە بەرز بۆوە.. کاریگەر بوو، یەکسەر کەللەیەک لە ناو گۆڕێکەوە بەرز بۆوە، کەوتە مشەمش و بۆن کردن، لە پڕێکا پژمی.. پیاوێکی بوودەڵە بوو لەودیو گۆڕەکەوە خەوتبوو.. ڕاست بۆوە و هەر زوو خۆی گەیاندە لای (گرێبەر)..

– قومێکم بدەرێ.

– لاچۆ، ئێرە ماڵی یەزدانە، گشتمان دەرۆزەکەرین و پەنامان بۆ هاوردووە.. دەرۆزەکەران خێر ناکەن..

چاوی لە (ئەلیزابێث) بوو، وەکو پیاسە بکات، بەگرێشمە و نازەوە دەگەڕایەوە.

– ئەم قاوەیەت لەکوێ بوو.

– (بیندینگ)! دەی با زوو بیخۆینەوە تا حەشاماتەکەمان بەسەردا دانەباریون..

خۆر بڵندتر بۆوە، هەموو ئەو ناوەی گرتەوە، ڕووناکی هێدی هێدی پەنا و قوژبنەکانی دەگرتەوە، گوڵە وەنەوشەیەکی زۆر لە هەر چوار دەوریان گەشابۆوە، بۆنیان تا دوور دەڕۆیشت..

نان و کەرێیان پێبوو، (گرێبەر) نانەکەی بەقەڵەمبڕەکەی پارچە پارچە کرد، کەرەی تێدەستوون.

– ئەم کەرێ خۆماڵییەش لە میراتییەکەی (بیندینگە)؟

– گشتی.. سەیرە، ئەو پیاوە گەلێ هەڵوێستی جوامێرانەی لە تەکما نواند، کەچی هەر نەچووە دڵمەوە!

– مەرج نییە هەموو خێرەومەندێک خۆشەویست بێت.. (لە تەنیشت گرێبەرەوە دانیشت..).. کە تەمەنم حەفت ساڵان بوو، شەیدای ئەم شێوازە ژیانە بووم.

– منیش هەموو ئاواتێکم ئەوە بوو ببمە نانەوا!

(ئەلیزابێث) بەدەم قاقای پێکەنینەوە وتی:

– ئەوە بۆیە ئەم ئازووخەوانە بلیمەتەت لێدەرچووە (ملێکی بادا و دەستێکی بەپرچیا هێنا) کاتمان کردە چەند؟

– وا دیارە پەلەتە.. کەلوپەلەکەمان کۆ دەکەمەوە، بەعەمباری کلێسەکەی دەستپێرم و تا کارگەکە دێم لە تەکتا.

– نەء، با ئەو ماوەیەی بەو کەلوپەلەوە خەریک دەبیت لێرە پێکەوە بیبەینە سەر، ئەوە پاش ڕۆیشتنم بکە..

(گرێبەر) بەتەوسەوە پرسیاری کرد:

– ئاخۆ جگەرەکێشانیش قەدەغە بێت؟

– قەدەغەیە.. بەڵام لە کەیەوە گوێت داوەتە قەدەغە و قەدەغەکاری..

– ئەی چاک ناکەم؟ پیاو ئارەزووی لە چی بوو دەستبەجێ بیکات باشە.. وا دیارە من و تۆ جێگەمان لێرە نابێتەوە، بەهەر کلۆجێ بێ دەبێ ئەمڕۆ پەنایەک بدۆزمەوە، شوێنێک بێ مرۆ تێدا بتوانیت بەبێ ئەم جلوبەرگەی بەریەوە تێر تێر بخەوێت.. بەتەماش نیم بچمە لای (بیندینگ)، تۆ دەڵێیت چی؟

– مەچۆ، بۆ سەردانێکی (بۆلمان) ناکەیتەوە؟

تیشکی خۆر ناو تارمەکانی گرتەوە، سێبەری کۆڵەکەکان بەدیوارەکانی ناوەوە بوون، بزێوی کەوتبووە ناو خەڵکەکە، لە دیل دەچوون.. منداڵێک دەگریا، کابرای یەک لاق بەشەلەشەل دای بەلایاندا، لێیان ورد دەبۆوە، (گرێبەر) نان و قاوەکەی پێچایەوە، وتی:

– کات هەشت دە خولەک کەمە.. دەبێ بڕۆیت، ئێوارە لە بەردەم کارگەکە چاوەڕوانت دەبم.. ئەگەر لەوێ نەبووم، یا لای خاتوو (ڤیتە)م یان ئێرە.

– بەڵێ باشە.

(ئەلیزابێث) هەستایە سەر پێی، بەدەم خۆ تەکاندنەوە وتی:

– تەنها ئەمڕۆ پێکەوە نابین، ئیتر سبەینان بەتەنها جێت ناهێڵم.

– هەق دەکەینەوە، ئەمشەو ناخەوین، تا درەنگ دادەنیشین، ئەوەی لە دەستتمان چووە دەیگێڕینەوە..

(ئەلیزابێث) (گرێبەر)ی بەپەلە ماچ کرد و بەهەنگاوی خێرا دوورکەوتەوە..

پێکەنینێکی هاتە گوێ، بەمۆنییەکەوە ئاوڕی دایەوە، خانمێک بوو، منداڵێکی نابووە سەر ڕۆخی دیوارێکی نەوییەوە، بەهەردوو دەستتی گرتبووی، منداڵەکە هەردوو دەستی بۆ سەروقژی خانمەکە دەهاوێشت، خانمەکەش خۆی بەدەستییەوە نەئەدا و بەتریقەوهوڕ بەمنداڵەکە بێدەکەنی.. دایکێک و کۆرپەکەی بوون، گەمەیان دەکرد..



تا ئەو کاتەی پێکەنینی دایکەکەی نەهاتە گوێ، (گرێبەر) هەستی پێ نەکردن..

***

کەلوپەلەکەی گرد کردەوە، قاپوقاچاغەکەی بۆ خاوێنکردنەوە بردە سەر ئاوەکە، کابرای یەک لاقی لێ پەیدا بۆوە، لاقە ساغەکەی تەپەی دەهات، لاقە دەستکردەکەیشی لەدووی خۆی بەخشەخش ڕادەکێشا:

– ڕۆژباش هاوڕێ.

وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە:

– تۆ بوویت قاوەت هەبوو؟

– بەڵێ گشتیم خواردەوە.

– دیارە.. (چاوە شینە گەورەکانی تروکاند).. هاوڕێ، من قاوەکەم ناوێت، تڵپەکەیم گەرەکە! ئەگەر بەتەمای فڕێدانیت، فڕێی مەدە.. بیدە بەمن، دەیکوڵێنمەوە!

– بەڵێ.. بەڵێ، فەرموو.

کەلوپەلەکانی بەعەمباری کلێسەکە سپارد، چاوەڕوانی دەمەقاڵێیەک بوو ببێ بەتووشیەوە.. باش بوو، لە بری (بلۆمەر)، قەشە کەپوو سوورەکە بوو، بەو سبەینانە زووە هێندەی خواردبۆوە بۆی دەمی ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت، زمانی گۆی نەدەکرد، بەبێ ورتە کەلوپەلەکەی لە (گرێبەر) وەرگرت..

***

دەرگەوانەکە لەپەنجەرەی ژوورە داڕووخاوەکەیەوە، چاوی بە (گرێبەر) کەوت، دەستی بۆ درێژ کرد، بانگی کرد!

(گرێبەر) پرسیاری لێکرد:

– هیچ نامەیەکمان بەناونیشانی ئێرە بۆ نەهاتووە؟

– با.. یەکێک بۆ خێزانەکەت هاتووە!.. وەری دەگریت؟

– بمدەرێ.

نامەکەی وەرگرت، هەستی بەدەرگەوانەکە کرد بەجووتێ چاوی شڵەژاوەوە تەماشای دەکات، نامەکەی ئەمدیو ئەودیو کرد، لە گستابۆوە هاتبوو..! هەڵیگێڕایەوە، پتر لێی وردبۆوە، کرابۆوە و زۆر ناشییانەش بەیەکدا لکێندرابۆوە.. تەماشایەکی دەرگەوانەکەی کردەوە.. (دەبێ ئەم کردبێتیەوە..).

– کەی گەیشت؟

– دوێ ئێوارە..

تەماشای نامەکەی کردەوە، دڵنیا بوو کە دەرگەوانەکە خوێندوویەتیەوە..

زەرفەکەی هەڵپچڕی، بۆ (ئەلیزابێث) نووسرابوو! داوایان لێدەکرد کە دەبێ کاتژمێری یازدە و نیوی ئەو ڕۆژە لە بارەگای گستابۆ ئامادەبێت، نواڕییە کاتژمێرەکەی، دەوروبەری دە دەبوو.. وتی:

– زۆر باشە.. لەمێژەوە چاوەڕوانی ئەم نامەیەین (نامەکەی نایە باخەڵیەوە).. هیچی دیکەمان بۆ نەهاتووە.

- بۆ؟! ئەمەتان بەس نییە؟!!

(گرێبەر) دایە قاقای پێکەنین (پێکەنینێکی دروست کراو بوو)، وتی:

- بەڕاست خانوویەکی چۆڵ شک نابەیت؟

- بۆ؟ پێویستیتان بەخانووە؟!

- بۆ خۆم نییە، من دەچمەوە بەرەی جەنگ.. بۆ (ئەلیزابێثم) دەوێت.

دەرگەوانەکە بەگومانەوە تەماشای دەکرد:

- ئاوەها؟!

- بەڵێ ئاوەها، ئامادەم پێشەکییەکی چاکیشی پێ بدەم..

کابرای بەجێ هێشت، ورد ورد هەنگاوی دەنا، هەستی دەکرد دەرگەوانەکە لە دواوە چاوی تێبڕیوە، لەپڕێکا ڕاوەستا، بەبیانووی تەماشاکردنی پاسار و گویسەبانەکانەوە ئاوڕێکی کتوپڕی لە دەرگەوانەکە دایەوە، کابرا شڵەژا، سەری داخست، (گرێبەر) لەسەرخۆ کەوتەوە ڕێ، هەر ئەوەندەی گەیشتە پێشەسەری شەقامەکە، خێرا خۆی خزاندە پەنایەکەوە، ڕەنگی بەجارێک تێکچووبوو، نامەکەی لە باخەڵی دەرهێنایەوە، ئاگادار کردنەوەیەکی چاپکراو بوو، تەنها ناوی (ئەلیزابێث) و بەروار و کاتەکە بەدەست نووسرابوونەوە، هیچ هۆ و مەبەستێکی تێدا ڕوون نەکرابۆوە.. کاغەزێکی دێزی هەرزانبەهای تەنک بوو.. بەڵام بەری ڕووناکی لێگرت! هەموو گێتی لەبەرچاودا تاریک کرد..

بۆی مەرگی لێدەهات!

***

نەیزانی چۆن ڕێی بردەوە سەر کاتێدراکە، یەکێک بەچپە بانگی کرد.. (ئەرنەست)!، بەپەلە ئاوڕی دایەوە.. (یوسف) بوو، چاکەتێکی سەربازی دابوو بەشانیا، بەبێ ئەوەی بنوارێتە (گرێبەر) خۆی بەهۆڵی کاتێدراکەدا کرد..

(گرێبەر) چاوێکی خێرای بەهەر چوار دەوریا گێڕا، ئەمجا ئەمیش بەپەلە چووە ژوورەوە، (یوسف) لەسەر تەختێکی تەریک بەرامبەر پەیکەرەکە دانیشتبوو، کۆکەیەکی کرد، (گرێبەر) ڕاستەوخۆ چووە بەردەم پەیکەرەکە، ماوەیەک بەپێوە ڕاوەستا، پشتی لە (یوسف) بوو، ئەمجا یەک دوو هەنگاوێک پاشەوپاش گەڕایەوە دواوە، خۆی لە یوسف نزیکتر دەکردەوە.. وەک نوێژ بکات چۆکی دادا.. هەناسە و چپەی (یوسف) دەگەیشتە گوێی:

- (بۆڵمان)یان گرت.

- چی؟!

- ئەم بەیانییە زوو هاتن، گرتیان و بردیان.

مێشکی بەجارێک ئاڵۆزا، نەیدەزانی گرتنی (بۆڵمان) پەیوەندی بەنامەکەی باخەڵییەوە هەیە یان نە.. هەموو شتێک لە کەللەیا ئاڵۆزا بوو، حاڵی نەدەبوو، سەری لە هیچ دەرنەدەکرد.. ئاوڕێکی پەلەی لە (یوسف) دایەوە:



- (بۆڵمان)یش!!

- بۆ.. کێی دیکەیان گرتووە!؟

- ژنەکەی منیشیان داواکردووە، گستابۆ نامەیەکیان کردۆتە سەر..

- جا چووە؟

- نە، دەبێ کاتژمێری یازدە و نیو لەوێ بێت.

- فەرمانی ئاگادارکردنەوەکەت پێیە؟

- بەڵێ.. (نامەکەی بەدزە خستە دەستی یوسفەوە).. بۆڵمانیان چۆن گرت..

- من لەوێ نەبووم، کاتێک چوومەوە بەردێکم بۆ نیشانە لەبەر دەرگاکە دانابوو، لە جێی خۆیدا نەمابوو، خۆم و بۆڵمان ئەو بەردەمان کردبووە نیشانە، ئەگەر هاتوو دەستگیر کرا لە جێگەی خۆی بجووڵێنێ.. دەبێ بەدەم بردنیەوە، بەردەکەی بەنووکی پێی جوولاندبێ.. تا کاتێکی درەنگ خۆم لەو دەوروبەرە حەشاردا، دەستتەیەکیان گەڕانەوە، کەوتنە پشکنینی ماڵەکە.. چی کتێبی هەبوو هەموویان برد.

- هیچی وا لە ماڵەکەیدا نەبوو لەسەری بکرێتە بەڵگە.

- نە، باوەڕ ناکەم، ئەوەی جێی مەترسی بوو هەر لەمێژا شاردبوومانەوە.. تەنانەت خواردنی قوتووەکانشمان لەوێ نەهێشتبوو.

(گرێبەر) تەماشایەکی ئاگادارکردنەوەکەی گستابۆی کردەوە، بەدەستتی (یوسفەوە) بوو.

- نیازم وابوو پرسێک بە (بۆڵمان) بکەم، ئێستا دۆش داماوم، نازانم چی بکەم؟!

- کەواتە باش بوو یەکتریمان دی، بۆ ماڵەکەی (بۆڵمان) مەچۆ، لە سەدا سەد ئێستاکە پیاوانی گستابۆ لەوێ خۆیان مەڵاس داوە، هەر کەسێ بچێ دەیقۆزنەوە.. (کاغەزەکەی دایەوە دەست گرێبەر).. بڕیاری چیت داوە.. چی دەکەیت؟

- نازانم..؟ تۆ لە جێی من بوویتایە چیت دەکرد؟ (چاوی بڕییە پەرستگە تاریکەکە، ڕۆشنایی مۆمە داگیرساوەکان لاواز و بێ هێز دەلەرزین..) وا بەبیرما هاتووە بەخۆم بچم پرسیاریان لێ بکەم، بزانم بۆچی داوایان کردووە..

- ئەگەر مەبەستیان گرتنی بێت، هیچ بەتۆ ناڵێن..

هەستی کرد تەزوویەکی سارد لەرز بەجەستەی دێنێ.. (یوسف) مرۆیەکی بێ پێچ و پەنایە، ئەوەی لە دڵیدایە ڕاستەوخۆ دەیخاتە ڕوو..

- بەڵێ، ئەگەر مەبەستیان گرتنی بووایە، وەکو (بۆڵمان) دەچوونە سەری، هەر لە کارگەکەوە دەیانبرد.. دەبێ بۆ مەبەستێکی دیکەیان بوێت.. بەخۆم دەچم، لەوانەیە بۆ مەبەستێکی هێندە گرینگ نەبێت.. هەڵەم ئەگەر بەخۆم نەچم.

- ژنەکەت جوو نییە؟

- نە.

– کەواتە دەتوانێ بەئازادی هاتوچۆ بکات.. ناتوانێ بەناوی گەشت و گەڕانەوە لەم شارە دەرچێت؟

– ناتوانێت، بەو کارگە نەگبەتەوە بەندە.

(یوسف) بیری کردەوە:

– لەوانەیە نەیگرن، ڕاست ئەکەیت، مەبەستیان گرتنی بووایە هەر لە کارگەکەوە دەیانبرد، هیچ هۆیەکی دیکەت بەبیردا نایێت.

– باوکی بەتاوانی یاخیبوون و پڕوپاگەندەی دژ بەڕژێم گیراوە، بێ سەروشوێنە، کرێچییەکی نالەبار لە ماڵیان بوو، لە سیخوڕانی نازی بوو، لەوانەیە هەر ئەو بەزمێکی بۆ ئەمیش نابێتەوە (بیری کردەوە).. یان دەربارەی ئەو شووەی بەمنی کردووە پرسیاری لێدەکەن؟!

– هەموو ئەو کەلوپەلانەی پەیوەندییان بەباوکییەوە هەیە.. کاغەز، یادداشت، کتێب، وێنە.. گشتی بشارنەوە، ئەمجا خۆت لە جیاتی(ئەلیزابێث) بچۆ، ئەمە ڕای خۆت نەبوو؟

– بەڵێ، دەچم و پێیان دەڵێم بۆیە لەجیاتی (ئەلیزابێث) هاتووم، چونکە ئاگادارکردنەوەکەم کاتێک بەدەست گەیشتووە ئەو لە کارگەکە خەریکی کاری خۆی بووە، ئەوانن ئەوە دەزانن کە کرێکاران بەهیچ شێوەیەک بۆیان نییە لە کاتی کارکردندا لە کارگەکانیان دەرچن.

– زۆرباشە، بچۆ بزانە چییان دەوێت، مەترسە هیچ لەتۆ ناکەن، سەربازیت پێویستیان پێتە، ناتوانن ڕێی بەرەت لێ بگرن، ئەگەر پێویستی بەپەنایەکیش کرد (ئەلیزابێث)ی تێدا بشاریتەوە، ناونیشانێکت ئەدەمێ.. دەی بڕۆ، منیش لێرە تا پاش نیوەڕۆ چاوەڕوانت دەبم (نەختێک دوودڵ بوو) خۆم لە ژووری تەختی پێ لێنانەکەی[٢] (قەشە بیدن دیک) دەشارمەوە.

(گرێبەر) تەماشایەکی کونجە داپۆشراوەکەی کرد، پارچە کاغەزێکی پیادا هەڵواسرابوو، بەپیتی گەورە لەسەری نووسرابوو –قەشە دانەنیشتووە– گوێی لە (یوسف) بوو:

– بۆ خۆم ماوەی چەند سەعاتێک بەبێ ترس لەو کونەدا دەحەسێمەوە..

***

لە هۆڵە فێنکە تاریکەکەوە، ڕاستەوخۆ دەرچوو هاتە سەر شەقامەکە، کەوتە بەر تەوژمی نووکی ڕووناکاییە تیژەکەی دەرەوە، توند لە چاویدا، هەستی کرد دەیسمێت، وەک لێکۆڵەرەوەکانی گستابۆ هەموو نهێنییەکانی دەروونی دەپشکنێت.. سست و شەکەت شەقامەکانی گرتە بەر، وەک لەژێر زەنگێکی شووشەییندا بێت لە خەڵکەکە دابڕابوو، بەڵام هەموو شتێکیشی لێ دیار بوو، نامۆ بوون..! لەم نەبوون، دەستی پیایاندا نەدەگەیشت..

وێنەی دڵ و دەروونێکی ئاسوودەی لە دایکێک و کۆرپەکەی باوەشیا بەدی کرد، بەبێ خەم بەلایا ڕەت بوون، بەغیلی پێ بردن، یان ئەو پیاوە بێ باکەی لەسەر کورسییەک پاڵی لێدابۆوە، مێشێک میوانی نەبوو، گۆڤاری دەخوێندەوە، ئەویش دیمەنێکی دیکەی ئارام و بێ خەمی بوو، ئەو ئارام و بێ خەمییەی زۆر لەمێژەوە لەم تەرە ببوون.. یان ئەو دەستتەلاوەی لە یەک گردببوونەوە، گەرموگوڕ لە باسێک ئەدوان و بەکوڵ پێدەکەنین.. سەر بەجیهانەکەی ئەم نین، لە جیهانێکی بەسەرچووی نەگەڕاوە بوون، تەنها ئەم



سەرگەردان و وێڵە، کەوتۆتە بەر شەپۆلی تاریکی دەریایەک خەم و پەژارەی دڕندەوە.. تەنهایە، وەک مرۆیەکی گەڕوگول، گشت خەڵکەکە دوورەوپەرێز لێی وەستاون!

***

نامەکەی نیشانی پرسگەکە دا، ڕەوانەی ژوورەوەیان کرد، توونێکی تەنگ و تاریکی گرتەبەر، پڕ بۆی کاغەز و دۆسیە و تەختە کۆن بوو..

خۆی کرد بەژوورێکدا، بۆ چاوەڕوانی تەرخان کرابوو، بێ لەم سێ کەسی دیکەی لێبوو، یەکێکیان بەپێوە لەبەر پەنجەرەیەکدا وەستا بوو، تەماشای دەرەوەی دەکرد، هەردوو دەستی نابووە پشتی زوو زوو بەپەنجەکانی دەستێکی لە پشتی دەستەکەی تری ئەدا.. دوو پیاوەکەی تر دوور لەیەکەوە دانیشتبوون، زەق زەق دەیاننواڕییە هیچ! یەکێکیان سەر ڕووتاوەیەکی لچ داقڵیشاو بوو، بەری دەستێکی بە بەردەوامی نابوو بەدەمییەوە، ئەوەی تریان دەموچاو پفەڵێکی ڕوخسار زەرد بوو، سمبێڵێکی هیتلەرییانەی هێشتبۆوە..

کاتێ کە خۆی کرد بە ژوورا هەرسێکیان بە پەرۆشەوە لایان لێکردەوە.. هەر زووش پشتیان تێکردەوە و چوونەوە قاوغی چاوەڕوانییە ماتەکەیانەوە.

ئەفسەرێکی چاویلکە لەچاو پەیدا بوو، هەر لەناو دەرگاکەوە، چاوی پیادا گێڕان، لە (گرێبەر)ەوە نزیک بوو، بەسەرسوڕماندنێکەوە پرسیاری لێکرد:

– تۆ بۆچی هاتوویت؟! چیت دەوێ؟

(سەربازان بۆ ئەو جۆرە شوێنانە بانگ نەدەکران، ئەگەر شتێکیان لەسەر بووایە، ڕەوانەی دادگا سەربازییەکان دەکران..)

نامەکەی نیشان دا:

– بۆ تۆ نەنووسراوە، بۆ خانمێکە ناوی (کرۆزەیە).

– خێزانی منە، زۆر نییە بووینە ژن و مێرد، نەمتوانی نامەکەی پێ بگەیەنم، کرێکارە، تا درەنگ لە کارگەکەی دەمێنێتەوە.. نامەکەشم ئەمڕۆ بەیانی پێگەیشت.

گرێبەندی ژنهێنانەکەی نیشان دا، ئەفسەرەکە چاویلکەکەی ڕاست کردەوە، بڕێ پەناگوێی خوراند و پاشان گوتی:

– چاکە.. بڕۆ ژمارە (٧٢)، لە نهۆمی خوارەوەیە.

(گرێبەر) بیری کردەوە.. (ژێر زەمینەکەیە..!).. ئەو شوێنە ناوبانگ ڕەشە بوو سامی خستبووە دڵی هەمووانەوە..

بەپلیکانەکەدا چووە خوارەوە، چاوی بەپاسدارێک کەوت دوو پیاوی دابووە پێش خۆی، کز و ماندوو، قورس سەردەکەوتن، هەردووکیان لە (گرێبەر) وردبوونەوە، بەچاوێکی پڕ ئیێرەییەوە تەماشایان کرد، پاسەوانی لەگەڵ نەبوو، ئەڵبەتە لە دڵی خۆیاندا دەیانگوت.. (قورتار بووە هیچی لەسەر نییە، دەرگەی ئازادی لێ کراوەتەوە.. ئێمە ماومانە.. هێشتا زۆرمان لەبەرە..).

ژمارە (٧٢) هۆڵێکی فراوان بوو، دیوارەکانی بەجۆرەها خانەی پڕ دۆسیە و قاغەز و شتی دیکە گیرابوو، شوێنێکی بەگومان بوو، دڵی تەنگ دەکرد..

چەند کورسی و مێزێکی تێدا ڕیز کرابوو، لەبەردەم یەکێکیاندا ڕاوەستا، ئاگادارکردنەوەکەی نیشان دان، فەرمانبەرێک بەخاو و خلیچکییەکەوە لێی وەرگرت.. جارێکی دی هۆی هاتنی خۆی لە بری ژنەکەی ڕوون کردەوە، گرێبەند و پێناسەکەی نیشان دا، فەرمانبەرەکە سەری بادا:

– دەتوانیت لە بری ژنەکەت ئیمزامان بۆ بکەیت؟

– بەڵێ.

دوو ئەنکێتی چاپکراوی خستە بەر دەست.

– ئەمەیان لێرە ئیمزا بکە (بەسەری پەنجەی جێگەی ئیمزاکەی نیشان دا) لە ژێر ئیمزاکەشدا بنووسە کە مێردی (ئەلیزابێث کرۆزەیت) بەروار و جێی مارەکردنەکەش تۆمار بکە، ئەمەیان لای ئێمە دەمێنێتەوە، ئەوی دیکەیان بۆ خۆتانە!

ئیمزاکەی کرد، خۆی گەمژوگێل نیشان دا، قاییل نەبوو ئیمزایەکی کوێرانە بکات، فەرمانبەرەکە پشتی کردبووە (گرێبەر)، ناو خانە و ڕەفەکان دەگەڕا.

– هەی بەد، دیسان ناو خانەکانیان شێواندۆتەوە، کوا.. خۆڵەمێشەکە لە کوێیە.. (یەکێکی بانگ کرد).. هۆڵمان، دۆسییەکەی کرۆزەم بۆ بهێنە..

(گرێبەر) خەریکی کاغەزەکە بوو کە ئیمزای کرد.. دەیخوێندەوە، پەتەی وەرگرتنی خۆڵەمێشی دکتۆر کرۆزە بوو! کاغەزەکەی تریش ڕاپۆرتێکی پزیشکی بوو، هۆی مردنی دکتۆر کرۆزەی تێدا ڕوون کرابۆوە، گوایە بەهۆی دڵ وەستانەوە مردووە!

فەرمانبەرەکە لە هۆڵەکە دەرچوو، زۆری پێ نەچوو، بەقوتوویەکی گچکەوە گەڕایەوە، بەکاغەزێکی دێز و بافتەیەکی باریبک ڕاستوچەپ پێچرابۆوە!

هەر چوار سووچی قوتووەکە بەدەرەوە بوون، قوتووە چرووتێکی زێڕینی سووربا و بوو..

فەرمانبەرەکە بەچاوێکی خەواڵووەوە نواڕییە (گرێبەر):

– ئەوەتا ئەمە خۆڵەمێشەکەیە! وا بزانم پێویستیت بەئامۆژگاری کردن نییە، نابێ هیچ کەسێک بەمردنی بزانێ، هەواڵی مردنی بەهیچ شێوەیەک بڵاو ناکرێتەوە.. نە لە گۆڤار و نە لە ڕۆژنامەکاندا، نە لە ئاگادارییەکانی پۆستە و تەلەگرافدا، پرسە و پرسەکاری نییە! تێگەیشتیت؟

– بەڵێ.

قوتووەکەی وەرگرت، هەر زوو لەو ژێرزەمینە سامناکەوە هاتەوە سەر ڕووی زەمین..

***

بڕیاری دا هیچ بە(ئەلیزابێث) نەڵێت، بیداتە دەست ڕێکەوت، لەوە دڵنیا بوو کە گستابۆ جارێکی دی (ئەلیزابێث) بۆ ئەو مەبەستە بانگ ناکەنەوە.. بەڵێ، چاتر وایە هیچی لا ئاشکرا نەکات.. ئەو خەمەی بەسە پاش یەک دوو ڕۆژی دیکە بەهۆی چوونەوەی بۆ بەرەی جەنگ بۆی جێ دێڵێ.. گەیاندنی هەواڵی



لەناوچوونی باوکی بەکردەوەیەکی دڕندانە دەزانی..

کز و دڵتەنگ ڕێی کاتێدراکەی گرتەوە بەر، خەڵکێکی زۆر بەشەقامەکانەوە بوون، ترسی بۆمببارانیان نەبوو.. بەهۆشێکی پەڕەوازەوە بیری لە مەرگ دەکردەوە..

باوکی (ئەلیزابێث)ی بەمنداڵی دیبوو، شێوەی بەتەواوی نەدەهاتەوە پێش چاو.. قوتووە سیغارەکەی ناو باخەڵی هاتەوە یاد.. لەوانەیە خۆڵەمێشی دکتۆر کرۆزەش نەبێت، لەوێ، لە ئۆردووگاکان کاتێک دیلەکان لەناو دەبەن بەکۆمەڵ دەیانسووتێنن، گشتیان پێکەوە دەبنە تەپۆڵکەیەک خۆڵەمێش، هەر قوتوویەک مشتێکی تێدەکەن و ناوی یەکێکی لێ دەنێن..

لە دڵی خۆیدا دەیگوت.. (ئەم پاشماوەیە بۆ ئەدەنەوە بەخاوەنەکانیان..) کردەوەیەکی گەمژی بێ مانایە، ڕەوشتێکە دڕندایەتی دڕندەتر دەکات..) بیری کردەوە.. چی لەو خۆڵەمێشە بکات..؟ دەتوانێ لە یەکێ لە کەلاوەکان بیشارێتەوە!.. هەر جێ زۆرە بۆ شاردنەوەی.. لە گۆڕستانەکانیشدا دەتوانێ بینێژێ، بەڵام ئەوسا دەبێ فەرمانی ناشتنی هەبێت، ئەو فەرمانەش بەنزیکترین کەسی مردووەکە نەبێ بەکەسێکی دیکە نادرێت.. نەء، نابێ (ئەلیزابێث) بەمردنی باوکی بزانێت..

***

گەڕایەوە هۆڵە تاریک و فێنکەکەی کاتێدراکە، یەکسەر ڕووی کردە تەختی پێ لێنانەکە.. کاغەزەکەی پێوە نەمابوو، پەردەکەی لادا (یوسف) داچڵەکی، چاوەکانی زەق ببوونەوە ئامادەی هەڵاتن بوو.. وا خۆی ئامادە کردبوو لە کاتی پێویستدا لەقەیەک بوەشێنێ و بۆی دەرچێت.. (گرێبەر) پەردەکەی دادایەوە، گەڕایەوە دواوە و لەسەر هەرزاڵەکەی بەرامبەر پەیکەرەکە دانیشت، زۆری نەخایاند (یوسف)یش پەیدا بوو و لە تەنیشتیەوە دانیشت..

قوتووە سیغارە پڕ خۆڵەمێشەکەی لە باخەڵی دەرهێنا:

– (ئەلیزابێث)یان بۆ ئەمە دەویست، خۆڵەمێشی باوکێتی.

– هەر بۆ ئەوە بوو؟ (بەچپە ئەدوان)

– بۆ؟ لەمە زێدەتر بەتەمای چی دیکە بوویت؟ ئەمەمان بەسە.. هیچ هەواڵێکی نوێی (بۆڵمان) نییە؟

– نەء (بەنیگایەکی غەمگینەوە دەینواڕییە قوتووەکە..).. قوتووی چرووتە.. جاران پاکەتی مقەبا، یان کیسەی کاغەزیان بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنا، ئەوەتا ئێستایش قوتووی چرووتیان کردۆتە تابووت..! لەکوێ دەینێژی؟.. لێرە؟

(گرێبەر) وریابۆوە، بیرێکی چاک بوو خرایە مێشکیەوە:

– بەڵێ، لە باغچەکە، لە تەنیشت خاچەکەوە دەینێژم، ئەوێش گۆڕستانە (مەبەستی گۆڕستانە دێرینەکەی کاتێدراکە بوو).

(یوسف) سەرێکی بۆ لەقاند، لەوە دەچوو شتێکی لەدڵدا بێت، (گرێبەر) پرسیاری لێکرد:

– پێویستیت بەهیچ نییە؟

– لەو دەرگە گچکەیەوە تەماشایەکی دەرەوەم بۆ بکە، بزانە کەسێکی وای لێ نییە جێگەی گومان

بێ؟ مەبەستم سیخوڕان و پیاوانی گستاپۆیە!.. دەمەوێت لەو دەرگەیەوە دەرچم، ئیتر کاتی قەشە سیخوڕەکەیە پەیدا بێت، دەی بڕۆ ئەگەر پاش پێنج خولەک نەگەڕایتەوە مانای وایە ڕێگە ئازاد و کراوەیە..

– باشە.

(گرێبەر) چووە دەرەوە، لەبەر بەربەرۆچکەیەکدا وەستا، خۆی دایە بەر تینی هەتاوەکە، چاوی دەگێڕا، لە خەڵکەکە ورد دەبۆوە، کەسێکی وای نەدی جێگەی گومان بێت.. چاوی لە (یوسف) بوو بەپەلە لە هۆڵی کاتێدراکەوە دێتە دەرەوە، کاتێ گەیشتە لای (گرێبەر) هەنگاوەکانی خاوبوونەوە، نەوەستا هەر بەدەم ڕۆیشتنەوە بەگوێی (گرێبەر) دای چپاند.

– ئومێدەوارم شاد و بەختەوەر بیت.

– تۆیش.

***

باخچەی کاتێدراکە چۆڵ بوو، دوو پەپوولەی زەرد بەدەوری گوڵێکدا دەخولانەوە، خاڵە سوورەکانی سەر باڵە تەنکەکانیان دەبریسکانەوە، بنجە گوڵەکە لە تەنیشت گۆڕێکی هێجگار کۆنەوە ڕوا بوو.. گۆڕی (یولیسیس بلیمار)ی پیاو چاک بوو.

(گرێبەر) بەگۆڕستانەکەدا دەگەڕا، لە گۆڕەکان ورد دەبۆوە، سێ گۆڕی تەپیوی دیکەی دیبەوە، زەمینەکە لە تەنیشت گۆڕەکەی (بلیمارەوە) ڕۆچوو بوو، کونێکی قووڵی تێ ببوو تا بن گۆڕەکە دەچوو، ئەو جێیەی پەسەند کرد..

پارچە کاغەزێکی سپی لە باخەڵی دەرهێنا..! بیری کردەوە.. ئەمجا لەسەر کاغەزەکەی نووسی –ئەمە خۆڵەمێشی جەستەی کاثۆلیکێکی ڕەسەن و بێ تاوانە، لە یەکێ لە ئۆردووگاکانی نازی، تا مردن ئازار درا– کاغەزەکەی لەژێر بەرگە دێزەکەی قوتووەکە چەسپ کرد، بەچەقۆکەی دەمی کونەکەی فراوانتر کرد، ئەمجا قوتووەکەی تێ ئاخنی.. تا لە توانایدا بوو بۆ قووڵایی کونەکەی برد.. کونەکەی پڕ خۆڵ کردەوە پاشان بەهەندێ گژوگیاش دەمی کونەکەی شاردەوە..

ماوەیەک بەدیار ئەو گۆڕە نامۆیەوە وەستا.. هەستی دەکرد هێلکەیەکی بزری خستۆتەوە لانەکەی خۆی..!

ئاکامەکەی (بیرنار کرۆزە) شوێنێکی لە خاکێکی پیرۆزدا بەرکەوت.. لە دڵی خۆیدا دەیگوت.. (شوێنێکی پاک و پیرۆزە، هەر بەبیرنار کرۆزە ڕەوایە).

لەسەر یەکێ لە پلەکانی ڕێی ئەشکەنجەکان دانیشت، بیری کردەوە.. (ئاخۆ ئەمەی کردم گوناه نەبێت؟.. نەء، خۆشەویستی هاندەرم بوو، بیرنار کرۆزە کاثۆلیک بوو، کاثۆلیکانش پاش مردن نابێ بسووتێنرێن! بەڵام کڵێسەش لەباری وادا دەبێ چاو بپۆشێ..) هەر بیری دەکردەوە.. (خۆڵەمێشی هەر کاثۆلیکێکی دیکە بێت، یان هەر فەلەیەکی تر بێت.. یا جوو بێت.. یان سەر بەهەر ئایین و ڕەگەزێکی دیکە بێت.. یەزدان یەزدانە، خودای هەمووانە، فەرموودەی خۆیەتی، مردووان دەبێ بنێژرێن، بکرێن



بەژێر خاکەوە، خاکیش خاکی یەزدانە..

تەماشایەکی گۆڕەکەی کردەوە، کاتێک کە (کرۆزەی) شاردەوە، هەستی بەشتێکی ئەوتۆ نەکرد، ئەوەتا ئێستاکە دەروونی هەژاوە پڕ لە پەژارە و خەمێکی تاڵە، مەراقێکە تەنها پەیوەندیی بە(کرۆزەوە) نییە..

هۆش و فامی پەرەوازە و عەوداڵی چارەنووسی (بۆڵمان) و (یوسف)و جەنگ و بێ ئومێدی و ئایندەی تاریکی خۆی بوون..

هەستایەوە سەر پای.. (پاریس)ی هاتەوە یاد، میلی سەربازی ونبووی هاتەوە پێش چاو.. قەشەنگ لە سێبەری (کەوانەی سەرکەوتندا)(۳) ڕاست ببۆوە.. شۆخ و خامۆش، مەزنترین داستانی پاڵەوانانی فرانسایی دەگێڕایەوە.. ئێرەیش، ئەم خاکە سەوزە، بەخۆڵەمێشەکەی کرۆزەوە، وەک ئەو کەوانە و میلەی دەهاتە بەرچاو، ئەگەرچی ئەمەی ئێرە وەکو ئەوەی پاریس بەڕەنگەکانی سەرکەوتن نەڕازابۆوە!

***

(ئەلیزابێث) پرسیاری لێکرد:

– ئەی ئەمشەو لەکوێ بخەوین؟ هەر لە کاتێدراکە؟

– نەء، پێی دەچێ شانسمان هەستابێتەوە، لای خاتوو (ڤیتە) بووم، ژوورێکی چۆڵی هەیە.. کیژەکەی تێدا بوو، ئێستاکە شاری بەجێهێشتووە.. دەتوانین بچینە ئەوێ، بگرە پاش ڕۆیشتنیشم دەتوانیت لەوێ دامەزرێیت.. کەلوپەلەکانم گواستۆتەوە ئەوێ.. بەڕاست پێم بڵێ، مۆڵەتی سێ ڕۆژەکەیان پێ دایت؟

– بەڵێ، ئیتر سبەینان بەجێت ناهێڵم.. ناچار نابیت تا درەنگان چاوەڕوانم بیت.

– ئەم مژدەیە ئاهەنگێکی گەرەکە، ئەمشەو ناخەوین، سبەی تا نیوەڕۆ دەخەوین، هەق دەکەینەوە.

– بەڵێ.. تا ئەو کاتەی گشت ئەستێرەکان لە ئاسماندا دەردەکەون لە باخچەکە دادەنیشین.. ئێستاش گورج بە، با بچین شەپقەیەک بکڕین.. ئەمڕۆ ڕۆژی شەپقە کڕینە.

– شەپقە؟! شەپقەت بۆ چییە؟ ئەمشەو لە باخچەکەی خاتوو (ڤیتە) دەیکەیتە سەرت؟

(ئەلیزابێث) بەدەم پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– لەوانەیە.. ئەوەی ئێستاکە بەلامەوە گرنگە، ئەوەیە کڵاوێک بکڕم.. هێمایەکە وەکو ئاڵا وایە! خەم یا شادومانیی پێ دەردەبڕین.. ئەی گوایە ئەمە نازانیت؟

– نەء.. بەڵام فەرموو با بچین شەپقەیەک بەبۆنەی ئەم سێ ڕۆژە ئازادییەمان بکڕین.. ئەوە لە شیو ئامادەکردن گرنگترە.. وان بییە؟.. ئاخۆ ئێستاکە هیچ کۆگایەکی شەپقە فرۆشی بەکراوەیی مابێ؟ درەنگ نییە..؟ ئەی پێویستیمان بەکۆبۆنی ئازووقە نابێت؟

– پێمە.. کۆگایەکیش شارەزام تا کاتێکی درەنگ هەر دەکرێتەوە..

– زۆرباشە.. شەپقەیەک دەکڕین لەگەڵ کراسە زێڕینەکەتدا بگونجێ.

– ئەو کراسە پێویستی بەشەپقە نییە.. دەی شەپقەیەک هەر دەکڕین.. سەیرە تێناگەم بۆچ وا ئارەزووم لێیەتی!..

***

جامخانەی کۆگاکە بەتەختە گیرابوو، لە درزێکەوە تەماشای ناوەوەیان کرد، دوو شەپقەیان لێوە دیار بوو، یەکێکیان بەگوڵێکی دەستکرد ڕازابۆوە، شەپقەیەکی تر پەڕێکی ڕەنگینی پیاکرابوو.. (گرێبەر) بەگومانەوە تەماشای دەکردن! زۆری لە خۆی کرد (ئەلیزابێث) بەیەکێک لەو کڵاوانەوە بخاتە پێش چاوی.. نەیتوانی! چاوی بەخانمێکی پرچ سپی کەوت دەیویست کۆگاکە دابخات.. بەپەلە بە (ئەلیزابێث)ی وت:

– تا دانەخراوە با خۆمانی پیاکەین.

خانمەکە پێشیان کەوت، چوونە ژوورێکی تاریکەوە خانمە فرۆشیارەکە، لەگەڵ (ئەلیزابێث)دا کەوتە سەودا و مامەڵە، (گرێبەر) لێیان حاڵی نەدەبوو، پیرەژنە شەپقە فرۆشەکە چرایەکی لەبەردەم ئاوێنەیەکدا داگیرساند، کەوتە نمایشت کردنی شەپقەکان، یەک یەک لە قوتووەکانی دەردەهێنان.. دەوروبەریان پڕ شەپقەی جۆراوجۆر بوو، دۆخێکی ئەفسووناوی ژوورەکەی گرتەوە، شەپقەی سوور، مۆر، شین، سپی.. هەریەکەیان بەتین و ورشەیەک ڕەنگی ئەدایەوە، لە کۆمەڵە تاجێک دەچوون بۆ ئاهەنگێکی تەلیسماوی ئامادە کرابن!

(ئەلیزابێث) چووبووە بەردەم ئاوێنەکە، شەپقەی تاقی دەکردەوە، بەدەم گۆڕینی شەپقەکانەوە هەموو گیانی وەک سەما بکات دەجوولا.. لەسەر لا دەوەستا، مل و گەردنی لار دەکردەوە، چەناگەی بڵند دەکردەوە ڕووی وەردەگێڕا، لە وێنەیەک دەچوو لە سنووری تابلۆیەکی مەیینەوە قورتار بووبێت، لە کۆت و کۆیلایەتی چوارچێوەیەکی ڕەقوتەقدا هەڵاتبێ و ڕووحی بەبەردا کرابێتەوە..

لەجێی خۆیدا سڕ ببوو، بەبێ ورتە تەماشای دەکرد، باوەڕی بەو ڕەوش و دیمەنە نەبوو، یەکەم جار بوو (ئەلیزابێث) وا بەئازادی ببینێت، تا ئەو کاتە هەر کۆیلەی زەبری یاساکانی کاروکارکردن بووە، ئەوەتا قورتار بووە بەهەموو هۆش و بیریەکییەوە، خەریکی خۆیەتی، خولیای گەمەیەکە ئەم شارەزای نییە بەڵام یارییەکی شاد و قەشەنگە.. بەجارێک سەرنجی ڕاکێشاوە، هەستی دەکرد (ئەلیزابێث) لە دەریایەک ڕووناکایی ڕەنگاو ڕەنگی پڕ سۆز و خۆشەویستییەکی بێ سنووردا مەلە دەکات، وەک ڕاوچییەکی دەهاتە پێش چاو.. چەکەکانی بەر لە ڕاووشکارەکەی تاقی بکاتەوە..

جار جارێک چپوهوڕی سەوداکردنێکی دەهاتە گوێ، گرنگ نەبوو بەلایەوە لە وشەکان تێبگات، دەنگی (ئەلیزابێث)ی وەک خوڕەی نەرمی کانییەکی بێگەرد دەهاتە گوێی، دەروون و مێشکی ماندووی لە ڕەگەوە پاراو دەکردەوە، ورشە و بریسکە بریسکە ڕەنگاو ڕەنگەکان باوەشیان پیا کردبوو، وەک لە (ئەلیزابێث)ەوە هەڵقوڵێن نەرم و بەسۆز تێکەڵاو دەبوون.. هەستی کرد لە جاران زیاتری دەوێت.. زیاتری خۆش دەوێت..

لەو بوارە شادومانییە خامۆشە چاوەڕوان نەکراوەدا تەنها (ئەلیزابێث)ی ئەدی، هەموو شتێکی دیکە لە هۆش و بیری تەرە ببوون، تابلۆیەکی لەبەر چاو بوو بەری تارمایی ئایندەیەکی تاریک و دژواری لێ شاردبۆوە.. قوڵ و گەش، بەهێز و دڵڕفێن، بەنرخ و تەمەن کورت بوو.. شتێک بوو وەک دەزوولە ئاوریشمییەکان و قەیفە نەرم و سفتە ڕەنگینەکان.. هێمای وادەیەکی بێ خەم بوو..



گوێی لە (ئەلیزابێث) بوو بەپەرۆشەوە دەیگوت:

– شەپقەیەکی سادەو ساکارم دەوێت.. یەکێکی زێڕین هەموو سەرو قژم بگرێتەوە..

---

١- کتێبی پیرۆز (الکتاب المقدس): ئینجیلی مەتی ١٦/٣٢-٣٨ (...حەشاماتێکی زۆر لە عیسا گرد دەبنەوە داوای لێدەکەن دەرد و گرفتەکانیان چارەسەر بکات، پاش چارەسەرکردنیان داوا لە قوتابییەکانی دەکات خواردنیان بۆ ئامادە بکەن، تەنها (٧) نان و دوو ماسییان دەبێت، عیسا نانو ماسییەکە بەسەر حەشاماتەکە دابەش دەکات هەموو تێر دەخۆن و پڕ بە (٧) قوڵینە قەراغە نان و ئێسکی ماسییان لێ جێ دەمێنێ..).

٢- تەختی پێ لێنان -کرسي الاعتراف: قەفەزێکی داپۆشراوە جێگەی قەشەیەکی تێدا دەبێتەوە، فەلەکان بەمەبەستی پاک بوونەوە لە گوناهەکانیان ڕووی تێدەکەن، بەبێ ئەوەی قەشەکە ببینن دان بە گوناهەکانیان دەینن، ئەویش لە گوناهەکانیان قورتار دەکات.

٣- کەوانەی سەرکەوتن- قوس النصر: ساڵی (١٨٠٦)ز لە پاریس بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی ناپلیۆنەوە دەست بەبنیات نانی کرا، ساڵی (١٨٣٦)ز پاش نەمانی ناپلیۆن تەواو کرا، بەگەلێک پەیکەر و تابلۆی نایاب ڕازاوەتەوە کە گرنگترین پەیکار و سەرکەوتنەکانی ناپلیۆنیان بۆ مێژوو تۆمار کردووە.

# 24

شەوێکی گەش و خامۆش سروشتی گرتبووە باوەش، پەنجەرەکە کرابۆوە، ئەستێرەکان ورشەیان دەهات، مێوێک تەرزی هاوێشتبوو لە شیش و باهوی پەنجەرەکەوە ئالاّ بوون، دوو هێشووی لێ شۆڕ ببۆوە وەک باندۆلی کاتژمێرێکی کپ بەبێ چرکە دیلانێیان دەکرد.

(ئەلیزابێث) دەیگوت:

– کوا گریاوم؟ من ناگریم، ئەگەر گریانیش بێ گوێی مەدەرێ.. نەء ئەمە گریان نییە، شتێکە لە دەروونما پەنگی خواردۆتەوە و دەیەوێت دەرچێت، ئازاد بێت.. گەلێ جار، کاتێک کە هەموو دەرگەیەکی هەست دەربڕینمان لێ دادەخرێت، ناچار دەبین بەگریان ئەو هەستە دەرببڕین.. پەیوەندی بەخەم و شادومانییەوە نییە.. مەرج نییە خەم بێت.. من ئێستاکە شادومانم!

دەستی کردبووە ملی (ئەلیزابێث)، ئەلیزابێتیش سەری نابووە سەر سینگی، لەسەر چەرپایەکی پان و بەرین درێژ ببوون.. دۆلاّبێکی گەورەی لایەکی ژوورەکەی گرتبوو لە داری گوێز دروست کرابوو، مێزێک و دوو کورسیش لەبەر پەنجەرەکەدا دانرابوون..

تاجێکی بووکێنی بەگوڵی دەستکرد ڕازابۆوە لە سندووقێکی شووشەییندا بەدیوارێکی ژوورەکەدا هەڵواسرابوو.. وێنەیەکی لێڵ و تەماوی مێوەکە لە ئاوێنە گەورەکەی بەرامبەر پەنجەرەکە شکابۆوە.. جار جارێک بریقەیەکی لەرزۆک لە ئاوێنەکەوە دەهات.

– بەڵێ شادومانم.. ئەم چەند هەفتەیەی ڕابووردن هێندە پڕ ڕووداوی کتوپڕ بوون لە هیچیان حاڵی نەبووم، زۆر هەوڵم دا تێبگەم، نەمتوانی.. (خۆی لە -گرێبەر- نزیکتر کردەوە) ئەمشەو دەبێ هەڵسوکەوتت لە تەکما زۆر هێمن و سەلار بێت.. بەرگەی نازم بگریت.

– دەبوایە ئەمشەومان لە دەرەوەی شار ببردایەتە سەر، بۆ گوندێک بچووینایە لەو گوندانەی دەوروبەر لەوێ بەبێ ترس ڕۆژمان بکردایەتەوە.

– لەگەڵ تۆ هەموو لایەک بەلامەوە وەکو یەک وایە.

– نەء وەکو یەک نین، گوندەکان بۆمبباران ناکرێن.

– ڕۆژێک هەر دێت ئەم بۆمبباراانەش کۆتایی پێ بێت، کوا چی ماوە شایەنی بۆمبباارانکردن بێت، شارەکە هەمووی وێرانە، من ناتوانم لەم شارە دوور بکەومەوە.. ناتوانم دەست لە کاری ئەو کارگەیە هەڵگرم (پتر جەستەی بەجەستەی گرێبەرەوە نووسان).. دڵم بەم ژوورە خنجیلانەیە زۆر خۆشە، بەناسینی خاتوو ڤیتەش گەلێک شاد و بەختەوەرم (هەناسەی هاتبووە سەرخۆی) ئەوەتا فرمێسکەکانیشم نەمان، بەسەریاندا زاڵ بووم.. بەشێتم تێمەگە.. بەڵێ شادم ئەگەرچی شادمانییەکی لەرزۆک و لەقە بەلاّم لەو جۆرانە نییە کە مانگاکان هەستی پێدەکەن!..

– مانگا؟! شادومانی و مانگا؟!! جا کێ هەیە بەو جۆرە شادومانییە خۆی هەڵخەڵەتێنێ..؟

– نازانم، بەلاّم لە تواناشمدایە هەست بەو جۆرە شادومانییەش بکەم.. خۆمی پێ گێل بکەم..

– منیش.. بەلاّم ئەو جۆرەم بەلاوە خۆش نییە.



– خراپیش نییە پیاو دە ساڵێک لەو ئاسایش و ئارامە بباتە سەر کە چینە ناوەندەکان لەسەر یەک دەق و یەک بار ژیانی پێ دەگوزەرێنن! ئاخۆ بەزۆری بزانین هەموو ژیانمان بەو شادومانییە ساردوسڕەوە بەرینە سەر؟

(گرێبەر) بەنەرمە پێکەنینێکەوە وەلاّمی دایەوە:

– بۆیە ئاوات بەو ژیانە دەخوازین چونکە ئەم ژیانەمان ڕووت و نابووتە، باپیرانمان بەشێوەیەکی دیکە بیریان دەکردەوە، ئارەزوویان لە ژیانێکی جەنجاڵی پڕ لە ڕووداوی کتوپڕ و ناگونجاو بوو، لەو شادومانی و گوزەرانە هێورەی تێدا دەژیان وەڕس و بێزار بوون..

– ئێستاکە پەشیمانین، بەو ژیانەی ئەوان قایلین، گەڕاینەوە چاخە کۆنەکان، بووینەوە بەو گیاندارە ساویلکەیەی خاوەنی برێ ئاوات و ئارەزووی کاڵ و ساکارە (تەماشای چاوەکانی گرێبەری دەکرد).. بۆ ناخەویت؟.. بخەوە، تا ڕۆژ دەبێتەوە تێر بخەوە، سبەی دەڕۆیتەوە، ئیتر خودا دەزانی کەی لانە و جێیەکی وەکو ئێرەت دەست دەکەوێتەوە.

– ڕێگەیەکی دوورو درێژم لەبەرە، بەدرێژایی ڕێ دەخەوم.

– لەوێ جێگەی خەوتنتان هەیە.

– نەء، بەختەوەر ئەو کەسەیە پارچەیەک تەختە و باوەشێک سرووتی بۆ خەوتن دەست دەکەوێ.. گرنگ نییە، ڕادێین.. بەرەو هاوین دەچین، مرۆ دەتوانی لە هەموو جێگەیەک بخەوێت.. زستانی ڕووسیا هێجگار سەختە..

– ئەی ئەگەر کەوتنەوە زستانێکی تر؟

– بەپێی ئەم جێ گۆڕکێ و کشانەوەیەی ئێستامان بێت، زستانی ئایندە لێرە نەبین لە پۆلاّنداین.. بەڵێ لێرە دەبین! ئەوساش هێندە گوێ نادەینە سەرماوسۆڵە، کەشی خۆمانە پێی فێرین.. (گرێبەر برێ مات بوو، بیری دەکردەوە -ئێستاش پرسیاری هاتنەوەم دەکات، کەی دێمەوە؟.. خۆزگە ئەم باس و ئاخاوتنە کۆتایی پێدەهات.. پرسیار دەکات و وەلاّمی ئەدەمەوە، خۆم لە خۆما نیم، بێزارم، هەست دەکەم لێرە نیم، قاوغێکی پووتم، بوونێکی کەوڵ کراوم، ئەگەرچی بریندار نیم بەلاّم لە زامێکی تازە بزماتە ناسکترم..

تەماشایەکی ناو پەنجەرەکەی کرد، دوو هێشووە ترێکە دەلەرینەوە.. نواڕییە ئاوێنەکە، سێبەرە لەرزۆکەکان تاریک و ڕوون دەشکانەوە، هەستی کرد گرێی نهێنییەکی شاراوەی تێدا ڕەویوەتەوە، ئەوەی لە دڵیایەتی کاتی ئاشکراکردنی هاتووە..

لە ناکاودا، شریخەی فیکەی ئاگادارییەکانیان هاتە گوێ!

(ئەلیزابێث) وتی:

– با لە جێی خۆمان نەجووڵێین، نامەوێ خۆم پۆشتە بکەمەوە و بەرەو پەناگەکان هەڵبێم.

– چاکە.

(گرێبەر) چووە بەر پەنجەرەکە، مێزەکەی لادا، تەماشایەکی دەرەوەی کرد، باخچەکە لەژێر تیشکی

زیوینی مانگدا ورشەی دەهات، شەوێکی هێجگار گەش و نایاب بوو.. شەوگاری خەون دیتن و بۆردومان بوو!

چاوی لە خاتوو (ڤیتە) بوو بەڕوخسارێکی سپیەوە دێتە حەوشەکە، (گرێبەر)ی لەناو پەنجەرەکەدا بەدی کرد، بەدەم ژاوە ژاوی فیکەکانەوە هاواری لێ کرد:

– ویستم خەبەرتان بکەمەوە (گرێبەر سەری بۆ دەلەقاند، گوێی لێ نەبوو).. پەناگەکە لە شەقامی (لیبنتزە)! (دەستێکی بۆ بادا، چاوی لێی بوو خۆی دەکاتەوە بە ماڵەکەیا..!).

ماوەیەک چاوەڕوان بوو، نەخێر (خاتوو ڤیتە) هەر نەهاتەوە دەرەوە.. ئەویش گەرەکی نەبوو لە ماڵ دەرچێت.. (گرێبەر) نەحەپەسا.. هەڵوێستەکەی بەلاوە ئاسایی بوو.. ئەی گوایە ئەو خانوو و باخچەیە بەدەستەڵاتێکی سەرسروشتی نەپارێزراون؟

خۆیان مت کرد، گوێیان لەو هەموو ژاوە ژاوەی زەمین و ئاسمانیان هەراسان کردبوو کەڕ کرد.. دار و درەختی باخچەکەش مت بوون!

ڕووناکاییەکی زیوین بەگەڵای دار و درەخت و هەرێزی باخچەکەوە نیشتبۆوە، بۆڵە ترێکانی بەر پەنجەرەکەش لە دیلانی کردن کەوتبوون.. دوورگەی ئارامی و ئاشتی لەژێر ورشەی زیوینی مانگدا وەک کرا بێ بەژێر زەنگێکی گەورەی شووشەیینەوە و لە هەموو بەڵا و نەهامەتییەکی پاراستبێ.. دڵنیا و بێ ترس ئۆقرەی گرتبوو.

***

(گرێبەر) ئاوڕێکی لەناو ژوورەکە دایەوە، (ئەلیزابێث) لەسەر چەرپاکە نیمچە ڕاستبوونەوەیەک ڕاست ببۆوە، خڕکەکانی شانی بریقەیان دەهات، مەمکە سفت و خڕەکانی یاخی و ڕووت.. قوت بەگژ تاریکایی ژوورەکەدا دەچوون، لە قەوەرای خۆیان گەورەتریان، سێبەرێکی تاریک دەمولێوی شاردبۆوە، هەرچەندەش ڕەنگ لە چاوی بڕابوو بەڵام بریسکەیان هەر دەهات!.. هەردوو ئانیشکی نابووە سەر سەرینەکەی پشتی، لە یەکێک دەچوو لە کەنارێکی دوورەوە هاتبێ و ئەوساتە گەیشتبێتە جێ، خامۆش و مەنگ پاڵی لێدابۆوە.. ئەمیش ئەلیزابێثیش وەک باخچەکەی دەرەوە بەدەم نۆشینی ڕۆشنایی بێگەردی مانگەوە، بەتاسەوە دەینواڕییە کاوڵکردنی گێتی..

(گرێبەر) وتی:

– خاتوو ڤیتەش نەڕۆیشت، لێرە مایەوە.

– وەرە!

ئاوڕی دایەوە، ڕوخساری خۆی لە ئاوێنە زیوینیە تەڵخەکەدا دییەوە.. نەیناسییەوە، یەکێکی دیکە بوو، دەنگی ئەلیزابێثی هاتەوە گوێ:

– وەرە!

(گرێبەر) دانەوییەوە، (ئەلیزابێث) نەرم و شل باوەشی پیاکرد:

– وەرە ئیتر چی دەبێ با ببێ..



– هیچ ڕوو نادات.. ئەمشەو هیچ ڕوونادات.

نەیزانی ئەم باوەڕەی لە چییەوە هێنا، هەرچەندیشە پەیوەندیی بەباخچەکە و تیشکی مانگ و شان و ملی (ئەلیزابێث) و سۆز و هەستێکی ئارام بەخشەوە هەبوو..

– نە ء، هیچ ڕوونادات.

(ئەلیزابێث) سەر جێگەکەی فڕێدا، ڕووت درێژ ببوو، لاقە درێژەکانی لەهەردوو ئەژنۆیەوە کەمێ قوت کردبۆوە، سینگ و شانی دەرپەڕاند.. قەدێکی باریک و ورگێکی سفت وتەخت.. جەستەی خانمێکی بچکۆلانە بوو، بوونەوەرێک بوو لەو تاریکاییەدا بەگژ مەرگدا دەچوو.. ژینی دەبووژانەوە..

باوەشی پیاکردەوە، نەرم خزایە باخەڵیەوە، هەستی کرد وەک هەزاران دەستتی درابێتێ، باڵ دەگرێتەوە، سنوور لە نێوانیاندا نەما، بوونە یەک، هەست و ئارەزوویان وەک جاران بەهەڵپە هەڵنەچوو، هێدی هێدی، لەسەرخۆ پێدەگەیی، خامۆش تەشەنەی دەکرد.. هەموو هێزو دەستەڵاتێک، هەموو شتێکی ڕامالی، لە هەموو سنوورێک ڕەت بوو.. وشە، بەربەست، ئاسۆ، بیرولێکدانەوە، ڕابووردوو و ئایندە.. تەنانەت خۆشیان لەبیرچۆوە..

هاتەوە سەرخۆی، سەری بڵند کردەوە، هۆش و بیری پەڕەوازەی گردکردەوە، نەیزانی لە کەیەکەوە خۆی لەبیرچۆتەوە، خۆی مت کرد، گوێی گرت.. نە تەقینەوە نە لوورەی بۆمبا، نە زرمەی دژە ئاسمانییەکان گوێی لە هیچ نەبوو.. هەردوو چاوی قوچاند و لە جێگەکەیدا دامرکایەوە..

بەخەبەر هاتەوە.. پرسیاری کرد:

– فرۆکەکان نەهاتن؟

چپەی (ئەلیزابێث)ی هاتە گوێ:

– هاتن.

لە باخەڵی یەکدا خەویان لێکەوتەوە.

چاوی کردەوە، نواڕییە بنمیچەکە، چاوی بەناوفەرشی ژوورەکەدا گێڕا، ئەمجا تەماشای ئاوێنەکەی کردەوە، لە پڕێکا ئاوڕێکی خێرای لە پەنجەرە کراوەکە دایەوە.. هەر شەو بوو.. هەستی دەکرد شەوێکی بێ پایانە..

کات لە ناکاودا بووژایەوە.. بەخاوی کەوتەوە جووڵە، بۆڵە ترێکان لە بۆشاییە سڕەکەی ئەودیو پەنجەرەکەوە کەوتنەوە دیلانێ کردن، لە ڕووی ئاوێنەکەدا دەهاتن و دەچوون.. ژاوە ژاوێکی لە دوورەوە دەهاتە گوێ، تەماشایەکی (ئەلیزابێث)ی کردەوە، چاوەکانی داخرابوون، دەم و لێویشی کەمێ کرابوونەوە، سینگی بەدەم هەناسەیەکی قووڵ و نەرمییەوە بەرز و نزم دەبۆوە.. هەمیشە لەم قووڵتر دەخەوێت، زووتر لەهۆش خۆی دەچێت.. بەهرەیەک بوو لە گرێبەردا نەبوو، بەغیلی پێدەبرد خۆشیشی دەویست، بگرە لەو توانایەشی دەترسا! چونکە هەستی دەکرد پێشی کەوتووە، گەیشتۆتە کەنارێک ئەم پێی ناگات، خێراترە، نایگرێتەوە.. لە توانایدا نییە ڕێگاکەی تا سەر لەگەڵ تەواو بکات.. بۆیە دەترسا چونکە هەستی دەکرد تەنهایە، هەر خۆیەتی، بێ هێز و توانایە لە گشت کەسێک کەمترە..!

***

(ئەلیزابێث) چاوی کردەوە:

– فڕۆکەکان چییان لێهات؟

– نازانم.

دەستێکی بەپرچیا هێنا:

– برسیمە، زۆرم برسییە.

– منیش، خواردنی چاکمان هەیە.

چییان هەبوو دەریان هێنا:

– مریشک، گۆشتی گوێلک، کەروێشک و میوەی لێنراویشمان هەیە.

– با کەروێشک و میوە لێنراوەکە بخۆین.

گرێبەر بەپەلە کەوتە ئامادەکردنی سفرەکە، نەیدەویست (ئەلیزابێث) یارمەتی بدات، مەبەستی بوو لە جێگەکە بمێنێتەوە چاوەڕوانی ئامادەبوونی خواردنەکە بکات، حەزی لەو خانمانە نەبوو کە لە ناکاودا لە دۆخێکی ئەفسووناوی پڕ سۆزەوە ڕادەپەڕن و ڕاستەوخۆ دەچنە دۆخی ماڵ و ماڵدارییەوە.

– هەرچەند چاوم بەم خۆراک و خواردنە دەکەوێت شەرمەزاری دەمگرێت، (ئەلفۆنس)م دێتەوە یاد، بەدبووم لەگەڵیا:

– ئەویش خراپەی بەرامبەر گەلێ کەس کردووە.. ئامادەی ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی بوویت؟

– چووم، بەڵام دوای تەرمەکەی نەکەوتم، ژمارەیەکی زۆر ئەندامانی نازیی لێبوو، گشتیان خۆیان ڕازاندبۆوە.. (هێڵدابراندنت)یش لەوێ بوو، وتارێکی خوێندەوە دەیگوت: دەبێ چاو لە خەبات و تێکۆشانی ئەلفۆنس بکەین.. کۆڵنەدەر بوو تا دوا هەناسەی کۆڵی لە تێکۆشان نەدا.. ئەو مەبەستی لەو تێکۆشانە بەربەرەکانی دوژمنان بوو.. بەڵام وا نەبوو.. تێکۆشانی چی؟ دوا هەناسەی ژیانی لە بەرگێکی خەوتندا لەگەڵ خانمێکی پرچ زەردا لە عەمبارێکی مەی هەڵگرتندا دەرچوو.. (دوو قاپی پەلی گەورەی بەخواردەمەنی جۆراوجۆر ڕازاندەوە، شووشەیەکیش مەیی کردەوە.. (ئەلیزابێث) ڕاست بۆوە، (گرێبەر) وتی:

– هەرگیز لە کرێکارێک ناچیت زۆربەی کات بەسەر مەکینەی دروومانەوە بێت.. لە خانمێک دەچیت هەموو کاتێکی بۆ مەشق و وەرزش تەرخان کردبێت.

– وەرزش؟! بێ ئومێدەکان وەرزش دەکەن.

– مانای چی؟ شتی وام نەبیستووە.

– با وایە.. وەختێ بێ ئومێد دەبێ خوو ئەدەینە شتێک.. هەیە بەوەرزشەوە دەیگرێ.. تا هەناسەمان لێ دەبڕی و لەهۆش خۆمان دەچین هەر مەشق دەکەین و دەیکەینەوە.. هێندە غار ئەدەین تا گۆت دەبین و توانای هەنگاوێکی دیکەمان نامێنێ بنێین.. یان خوو ئەدەینە ماڵ خاوێنکردنەوە و گسک دان، ژوورێکی ئەمەندەی ئێرە ڕۆژێ سەد جار گسک ئەدەین.. یان ئەوەندە پرچ شانە دەکەین موو بەکەللەمانەوە نامێنێ.. ئیتر ئا لەم تەرحە خووانە.



– جا بەرەنگاری نائومێدییان پێ دەکرێتەوە؟

– باشن.. مرۆڤ تا ڕادەیەک لە بیرکردنەوە و لێکدانەوە دوور ئەخەنەوە، بەڵام کاتێک ئادەمیزاد بەجارێک نائومێد دەبێ بێ سوودن.. لە حاڵی وادا مرۆڤ تەنها هەرەس و ڕووخانی بۆ دەمێنێتەوە..

– ئێ چی دیکە؟

– دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژگار بین ڕوخساری بگۆڕێ، دەرگەمان لێ بکاتەوە، ئەم خەمەی هەموو بوونمانی گرتۆتەوە نەمێنێ، سەر بڵند کەینەوە، هەناسەیەک هەڵمژین.. بژین.

(گرێبەر) کاسەکەی بڵند کردەوە:

– وا بزانم زیاد لەپێویست ڕەش بینین، هێندەی حەوت پیر لە نائومێدی تێگەیشتووین.. ئەم باسە لە بیری خۆمان بەرینەوە باشە.

– تۆیش دەربارەی شت لەیادکردن زۆر دەزانیت.. ئەوە لەبیر خۆت بەریتەوە باشە.

– بەڵێ باشە، ئەم پێکەش لە خۆشیی خاتوو (کلاینێرت) دەنۆشین، ئەو ئەم خواردنانەی ئامادەکردووە.

– لە خۆشی خاتوو (ڤیتە)یش چونکە ئەو ئەم ژوورە و ئەو باخچە قەشەنگەی پێداوین..

پەرداخەکانیان لەیەک دا، بادەکەیان خێرا هەڵدا، سارد و بەتام بوو، پەرداخەکانی پڕ کردەوە.. لێیان وردبۆوە، وێنەی مانگێکی زێڕین لەسەر ڕووی مەیەکە شکابۆوە.

(ئەلیزابێث) وتی:

– چەند خۆشە مرۆ شەوگار لەگەڵ ئازیزانیا بباتە سەر.. شەو هەست و وشە ناسکتر دەکاتەوە، شیرینتر و بەماناتریان دەکات.

– ڕاست ئەکەیت، تۆش لە فریشتەیەکی وردیلەی ڕوخسار شیرین دەچیت نەوەکو کرێکارێکی ماندووی توانا پساو، منیش سەربازێکی ئاکام ڕەش نیم.

– مرۆڤ بەشەو دەبێتە ئەو شتەی ئاواتی پێدەخوازێت.

– لەوانەیە (تەماشای خواردنەکەی کرد) مرۆڤ بەشەو بێباک و کەم تەرخەمە، تەنها مەراقی خواردن و خەوە.

– خۆشەویستیش.. نەء خۆشەویستی کەم تەرخەمی و بێباکی نییە.

– بادەش.

– بادەش (پەرداخێکی پڕ مەی کرد، دایە دەست گرێبەر، بەدەم خەندەیەکەوە وتی).. دەبووایە ئێستا لەژێر باری خەم و خەفەتدا بماننالاندایە.. هەزاران بیری ڕەش و تاریک بەمێشکماندا بهاتایە، تاڵاو لە وشەکانمان بتکایە.. کەچی ئەوەتا بەئەوپەڕی دڵبردن و زەوقەوە دەخۆین و دەخۆینەوە.. دڵمان بەژیان خۆشە و سوپاسی یەزدان دەکەین.

– وا باشە، ئەی وا نییە؟

– تەنها ئەوەمان لەدەست دێت، ئەوانەی دەست لە هەموو شتێک دەشۆن، هەموو شتێکی ساکار

بەدەستکەوتێکی گەورەوگران دەزانین.

– ئەمە لەبەرە فێر بوویت؟

– نەء لێرە.

– مەرجە منیش بیزانم وا نییە؟

– بەڵێ جگە لەم بیرانەی بەمێشکماندا دێن، نەختێک شانسیشمان پێویستە.

– ئاخۆ ئێمەش شاد بین؟

– بەڵێ، ئەوەی ئارەزوومان لێی بووە بەزۆری گەیشتووین.

– ئەی کاتێک کە بەرەی جەنگت دێتەوە یاد.. کۆتایی بەهەموو ئەمانە نابێت؟ خەمی پێ ناخۆیت؟

– ژیان کۆتایی نییە.. شێوەی دەگۆڕێ بەڵام ناوەستێ.

(ئەلیزابێث) لە (گرێبەر) ورد دەبۆوە، (گرێبەر) دەیگوت:

– دڵم تەنگە، هێندە خەمم لە دڵدایە لەوانەیە بمکوژێ، کاتێک بیر لە ئاییندە دەکەمەوە دەڵێم خۆزگە نەمناسیبایتایە تا هەستم بەو هەموو کلۆڵی و خەمە نەکردایە کە لە ڕێماندایە، خۆزگە لە توانامدا بووایە لە یادت کەم، لە بیرم بچیت، ئەوسا بەهەست و سۆزێکی پووچ و نابووتەوە دەڕۆیشتمەوە، قەت هەستم بەخەم نەدەکرد، لەو شادمانیە ڕەشەدا دەژیام کە دیوە نەیارەکەی شادمانییە.

(ئەلیزابێث) هەستایە سەرپای، (گرێبەر) دەیگوت:

– وا بزانم ئەوەی گەرەکم بوو بیڵێم بۆم ڕوون نەکرایەوە؟ لە مەبەستم حاڵی نەبوویت.

– تێگەیشتم، چاکت ڕوون کردەوە، من ئەو توانایەم نییە، چاوەڕوان بووم شتێکی وا بڵێیت.

لە (گرێبەر) نزیک بۆوە، هەستی بەجەستەی کرد.. (ئەلیزابێث) بەلایەوە تەنها ناوێک نییە، هەموو ناوێکە، بوونێکە لە دەروونیا گەرم دەگەڕێ، توانای پسا بوو، گشت شتێکی لە لا ئاڵۆزا بوو، تێکەڵ و پێکەڵ دەبوون، لە قۆزاخەیەکدا گرد دەبوونەوە، جیا دەبوونەوە و بەیەک دەگەیشتنەوە، دەستکەوت و زیان، مردن و ژیان، ڕابوردوو و ئاییندە، ژیان!.. وەک تاوێری چیا سەختە بەردینەکان جاویدە، لە هەموو ئاسۆ و کەنارێکدایە، بەردەوامە، دەمێنێ، لەناوچوونی نییە.

هەستی بەزەمین کرد لەژێر پایدا گرمۆڵە دەبێ، کێش و تەرازووی لا سەنگ دەکات، خۆی بۆ ڕانەگیرا، کاتێ بەخۆی زانی لە باخەڵی (ئەلیزابێث)دا گیرساوەتەوە!

***

دوا ئێوارەی مۆڵەتەکەی بوو.

لە باخچەکە دانیشتبوون، پشیلەیەک بەبێ خشە لێیان نزیک بۆوە، ئاوس بوو.. خەریکی خۆی بوو گوێی بەهیچ شتێکی دیکە نەئەدا، (ئەلیزابێث) وتی:

– خۆزگە سکم دەبوو..

– سک؟!.. بۆچی؟

– ئەی بۆ نەء.



– منداڵ؟ ئەم وادە ڕەشە و منداڵیان گوتووە..؟ بەڕاست ناشێ سکت هەبێ؟

– نازانم، خۆزگە وا دەبوو.

– و ابزانم لە بۆنەی وادا پێویستە شتێک بڵێم، یان ماچێکت بکەم.. نازانم ئەم باسە کتوپڕە بڕێ شپرژەی کردم.. زۆر خۆشم دەوێیت، بەڵام توانای دەربڕینم پساوە.. قەت بیرم لە منداڵ نەکردۆتەوە.

– پێویستی بە بیرکردنەوە نییە.. دڵنیا نیم.

– منداڵ..! دەبێ بەخێو کرێ، پەروەردە کرێ، گەورەی کەین تا ببێتە سووتەمەنی جەنگێکی دیکە، ئەم چارەنووسەی ئێمەی ببێت بەتووشەوە.. بیرێ لەو ژیانە ئاڵۆزە پڕ گرفتە بکەوە کە چاوی تێدا دەکاتەوە.. لە چی کوێرەوەری و چەرمەسەرییەکدا دەژێ.

پشیلەکە خۆی بەچێشتخانەکەدا کرد.. (ئەلیزابێث) وتی:

– منداڵان لە هەموو وادە و شوێنێکدا لەدایک دەبن.

(گرێبەر) ئەو منداڵانەی هاتەوە یاد چۆن چۆنی بەهۆی پەروەردەکردن و ئامۆژگاریی ڕێکخراوە هیتلەرییەکانەوە بوونەتە سیخوڕ، گشت نهێنی و باسێکی کەسوکاریان بەرژێم دەگەیەنن.. چۆن کراونەتە ئامێری لەناوبردنی دایک و باوک و خوشک و براکانیان..

– ئێمە بیرمان لە منداڵ نەکردۆتەوە، تەنها ئاواتێکە.. وا نییە؟

– ناتەوێت ببیت بە باوک؟

– نازانم ئەگەر ئەم جەنگە لە ئارادا نەبوایە، لەوانە بوو.. بیرم لێ نەکردۆتەوە، ئەم ژینە تاڵ و ژەهراوییە درێژە دەخایێنێ، درژانگی ڕووداوەکان تا چەندین ساڵی دیکەی دوورو درێژ کاری خۆیان دەکەن.. ئیتر نازانم پیاو بە چ بیر و ئومێدەکەوە هەوڵ بدات منداڵ بهێنێتە ژیانی وا سەختەوە..

(ئەلیزابێث) بەسەهەندی و لاسارییەکەوە وەڵامی دایەوە:

– لەبەر ئەو ژینە سەختەیە کە منداڵم دەوێت.

– لەبەر چی؟!..

– بۆ ئەوەی دژ بەم ڕەوش و گوزەرانەی پەروەردە بکەم، گورد و یاخی گەورەی بکەم، بۆ ئەوەی بەربەرەکانی ئەم هەموو چەوتی و لاسەنگییە بکات.. ئەی تۆ بیرت لەوە نەکردۆتەوە ئەگەر بێت و هەموو ئەوانەی ئەم ڕەوش و گوزەرانەیان بەدڵ نییە مان لە منداڵ دروست کردن بگرن.. چیمان بەسەر دێت؟ هەرگیز نەوەیەک دروست نابێ کە بەتەنگ پاراستنی یاسا و ئاسایشی جیهانەوە بێت.. کەسێ نابێ هەڵەکان ڕاست بکاتەوە.

– منداڵت بۆ ئەوە دەوێت؟

– نەء، ئێستا ئەوەم بەبیردا هات.

(گرێبەر) ماوەیەک مت بوو، هیچی پێ نەبوو وەڵامی (ئەلیزابێث)ی پێ بداتەوە.. پاشان گوتی:

– زۆر لەپێشمەوەیت، بوارم نادەیت بتگرمەوە.. هەتا ئێستا ڕانەهاتووم کە مێردم و خاوەنی ژنم.. کەچی لە ناکاودا کەوتمە هەڵوێستێکی دیکەوە.. (بیری کردەوە).. دڵە ڕاوکەی بوون بەباوک..!!

(ئەلیزابێث) بەدەم پێکەنینەوە هەستایە سەرپای، وتی:

– هەر لێم حاڵی نەبوویت، من منداڵم تەنها بۆ منداڵ بوون ناوێت.. منداڵم لە تۆ دەوێت.. ئێستاش با بچمە لای خاتوو (ڤیتە) تەگبیرێکی خواردنی ئەم ئێوارەیەمان بکەین.. دەبێ سفرەیەکی نایاب لە خواردنی قوتووەکان برازێنینەوە..

***

(گریبەر) بەتەنها لە باخچەکە مایەوە، پەڵە هەورەکان بەسینگی ئاسمانی ئاوابوونەوە پەمەیی هەڵگەڕابوون.. ئەو ڕۆژەش کۆتایی هات! ڕۆژێکی دزراو بوو! لە ماوەی مۆڵەتەکەی زێدەتر بوو.. خۆی لە لیستی ئەو سەربازانەی وادەی چوونەوەیان هاتبوو تۆمار کردبوو، بەڵام بیست و چوار سەعاتی دیکە خۆی دواخست.. ئەوەتا ئەو بیست و چوار سەعاتەش بەسەرچوون.. ئێوارە زوو هات و دەبێ لە ماوەی یەک سەعاتدا لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە ئامادە بێت..

بۆ دواجار سەرێکی لە دەستگای پۆستە دابۆوە، هیچ هەواڵێکی نوێی دایک و باوکی چنگ نەکەوت.. جێوڕێی (ئەلیزابێث)ی تا ڕادەیەک ڕێکخستبوو، خاتوو (ڤیتە) ژوورێکی پێ دابوون، دڵنیا بوو کە (ئەلیزابێث) بێ پەنا نابێت.. پەناگە گچکەکەی ئەو میوانخانەیەشی پشکنیبوو.. زۆر قووڵ نەبوو، بەڵام لەوە دەچوو تۆکمە و توند و تۆڵ بێت..

پاڵی دایەوە، تەقە تەقی قاپوقاچاغەکەی لە چێشتخانەکەوە دەهاتە گوێ.. دڵخۆشی خۆی ئەدایەوە.. (ماوەیەکی چاکم بردە سەر.. بە سێ ساڵ دەچێ..) ئەگەر چی هەمووی بەئاسوودەگی نەبردە سەر، بەڵام گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە بوارێکی پڕ ئارام و ئاسایشی بردۆتە سەر..!

دەنگی (ئەلیزابێث)ی هاتە گوێ، باسی منداڵەکەی هاتەوە یاد.. هەستی کرد دیوارێکی بڵندی لەبەردەمدا ڕماوە! دەلاقەیەکی گەورەی تێکەوتووە و ئەودیوی لێ دیارە!.. دیمەنێکی تەماوی و لەرزۆکی ئایندە بوو.. وەک باخچەیەکی قەشەنگ ئەدرەوشایەوە.. تا ئەو ساتە ئەو دیمەنەی، تەنانەت بەلێکدانەوەش بۆ دیاری نەدەکرا..

کاتێک مۆڵەتەکەی پێ درا و گەڕایەوە، هەموو مەراق و خواستێکی ئەوە بوو دەستت بەسەر شتێکدا بگرێ.. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی دەمێنێتەوە تەنها هی خۆی بێت.. شتێکی دەویست ناو و بوونی بپارێزێت.. بەڵام بیری بەهیچ شێوەیەک بە لای منداڵدا نەدەچوو..

نواڕییە تیشکە ڕەنگینەکانی ئاوابوون لە درز و کونی نێو لق و شاخەی لەیلاکە تێک ترنجاوەکانەوە دەهاتن.. ژینی ئەودیو دیوارە ڕماوەکەی هاتەوە پێش چاو.. بوونێکی بەرین و بێ سنوورە.. جاوید و نەمرە.. هەر چەنە ژیانی خۆی لە ئاست دیوارە ڕماوەکە کۆتایی پێ دێت.. بەڵام لەودیویەوە بەشێوەیەکی دیکە دەبووژێتەوە، بەردەوام دەبێت..

ئەو ماوە کورتەی کە لە ژیانی پچڕی لەوانەیە ببێتە دەست بەسەراگرتنێکی هێمن و بەئارام! بۆ بوونەوەرێکی نامۆی هێشتا لەدایک نەبووی بەجێ بهێڵێت! بوونەوەرێکە هێشتا دوورە، لە جیهانێکی نهێنی پڕ سۆزە.. جیهانێکە ئەم شارەزای نییە، چییە، چۆنە؟.. قەوارەی چەندە و چەند فراوانە؟.. چەند



بۆی بەپەرۆشەوە، دەیەوێت یان نەء..؟ نەء دەیەوێت.. ئارەزوو و خواستی مەزنی لە ژیاندا، ئەوەیە ببێتە خاوەنی ئەو خەونە ئارام بەخشە.. خەونی مان و نەمری..

***

– شەمەندەفەرەکە کاتژمێری شەش دەکەوێتە ڕێ.. ئامادەم، خۆم گردکردۆتەوە.. دەچم، تۆ مەیێ، دوام مەکەوە، نامەوێ دوا وێنەت لەبەرچاوما غەمگین و کەساس بێ، بەو شێوەیە لەیادما چەسپ بێت..!

جارێکیان دایکم دوام کەوت.. بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ هەر چەند یادم دەکردەوە شێوەی مات و شپرزەی دڵمی دەگوشی.. شەکەت و ماندوو بەتەنها لەسەر یەکێ لە شۆستەکان ڕاوەستا بوو، چاوەڕوان بۆ شەمەندەفەرەکە بجووڵێت تا بەجارێک جڵەوی تەوژمی هەستە پڕ سۆزە غەمگینەکانی بەر بدات و بڕووخێت.. دوام مەکەوە، لەوێ ناچار دەبێت درۆم لەگەڵ بکەیت، زۆر لە خۆت بکەیت.. وا بزانم لە مەبەستم تێدەگەیت..

– بەڵێ.

– کەواتە با وا بکەین، لێرە خوداحافیزییەکە دەکەین.. ئیتر مەیێ ئەو شوێنەی تیایدا دەبمە ژمارەیەکی بزری نێو ژمارەکان.. ئەو شوێنەی تیادا دەبمە ماشینێک ئێسک و گۆشتی نێو بەرگێکی دێزەوە.. ئەو شوێنەی تیادا دەبمە وڵاخێکی بارکراو!.. با لێرە جیا ببینەوە.. (دەستی کرد بە باخەڵیا) بگرە.. ئەم بڕە پارەیە وەرگرە، بۆ تۆم گلداوەتەوە.. من پێویستیم پێی نییە.

– منیش پێویستیم پێی نییە.. ئەوەی هەمە سەرو زیادە.

– لەوێ خەرج ناکرێن.. وەریگرە، بیدە بەکراسێک، کراسێکی بێ سوود!.. کراسێکی قەشەنگ لەگەڵ کراسە زێڕینەکەتدا بگونجێت.

– دیاری پێدەکڕم و بۆت دەنێرم.

– هیچ مەنێرە، خواردن لەوێ زۆرە، کراسێکی پێ بکڕە.. ئەو ساتەی شەپقەکەت کڕی گەلێ هەستی شادم تێدا هرووژا.. دەی گفتم پێ بدە کە کراسێکی پێدەکڕیت.. یا کراسی تێدا نابێت؟!

– کراسێک و جووتێک پێڵاویشی تێدا دەبێت.

– زۆر باشە.. جووتێک پێڵاوی زێڕینیش بکڕە.

(ئەلیزابێث) وتی:

– جووێکی زێڕینی پاژنە بەرزی سووکەڵەی پێدەکڕم.. کاتێک دەگەڕێیتەوە.. لەپێی دەکەم و بەفڕین دێم بەپیرتەوە.. دێم و باوەشت پیا دەکەم.

شتێکی گچکەی لە توربەکەی دەرهێنا.. (ئیکۆن)ی![١] یەکێ لە پیاوچاکان بوو، کاتێک گەڕایەوە وڵات، بەدیاری بۆ دایکی هاوردبوو:

– با ئەم (ئیکۆنەت) لە لا بێت.. لە ڕووسیا دیمەوە!

– نەء (ئەرنەست) نەء.. بیدە بەیەکێکی دیکە، یان با لای خۆت بێ.. بۆ ئەوەی ئەم جیا بوونەوەیەمان نەبێتە جودابوونەوەیەکی یەکجاری، لای خۆت بێ چاکترە.

تەماشایەکی (ئیکۆنەکەی) کرد:

– لە خانوویەکی وێرانکراودا دیمەوە، لەوانەیە بەخت هێن بێ، بەڵام بیرم لەم مەسەلەیەی نەکردۆتەوە (وێنەی «نیکۆلاس»ی[٢] پیاو چاک بوو، ژمارەیەک فریشتەی لە دەور بوو)

(ئەلیزابێث) وتی:

– ئەگەر ئارەزووت لێی بێ، بەکڵێسەیەکی دەبەخشم..؟ بەڵێ کاتێدراکە، ئەوەی شەوێکمان تێیدا بردە سەر.

کاتێدراکەی هاتەوە یاد، هەستی دەکرد بیرەوەرییەکی هێجگار کۆن و دێرینە.. وتی:

– باوەڕ ناکەم لێت وەرگرن!.. نایانەوێ، باش تەماشای بکە، ئەم پیاوچاکە سەر بەڕێبازێکی دیکەیە، ڕێبازێکە دژ بەڕێبازی قەشەکانی ئەو کاتێدرایە.. بەڵێ پیاوەکانی یەزدانی خۆشەویستی و لێبوردن هەرگیز چاو لەم مەسەلانە ناپۆشن.. (بڕێ مات بوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت– بۆچی ئەم ئیکۆنەشم لەگەڵ د.کرۆزە لەو کاتێدرایە نەشاردەوە.. دەبوایە ئەمیشم لە گۆڕەکەی (بلیمار)ی پیاوچاک بشاردایەتەوە..).

***

پەلەی نەبوو، خـــاوەخـــاویشی نەدەکـــرد، بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە دوور کـــەوتەوە.. قـــورس بوو، شەقامەکەش دوورو درێژ بوو..

لای دا، گەلێ شەقامی دیکەی بڕی لە گەلێ پێشە سەری دیکەش لایدا..

لەسەر سووچی یەکێ لە شەقامەکاندا بۆیەکی پرچی (ئەلیزابێث)ی بەسەردا هات!

بۆنی کەلاوە سووتاوەکان و گەرما و بۆگەنی ژێر داروپەردووی خانووە داڕووخاوەکان بەهێزتر بوون..

لە جۆگەیەک پەڕییەوە.. گەیشتە شەقامێک شۆستەکانی بەڕێزێکی دوورو درێژ درەختی کافوور چاندرابوون..

بەڕێکی شەقامەکە چی درەختی تیابوو سووتابوون، ببوونە ڕەژوو، ڕەش داگەڕابوون، ئەوانەی بەرامبەریان سەوز و گەش ورشەیان دەهات..

شتێک بەری ئاوەکەی ناو ئاوەڕۆکەکەی ڕۆخی شەقامەکەی گرتبوو..

بیری کردەوە.. (دەبا فڕۆکە بۆمبا هاوێژەکان ئێستاکە بێن!.. خۆمم بزر دەکرد، دەمکردە بەهانە، ڕۆژێکی دیکەش دەمامەوە.. خۆم دەکردەوە بەماڵدا.. ئای لە (ئەلیزابێث) کاتێک چاوی پێم دەکەوێتەوە.. ئاخۆ چی بکات.. نەء بێ سوودە، خەم و پەژارەکانمان خەستتر دەبنەوە.. شەمەندەفەرەکەش تا هێرشە ئاسمانییەکە کۆتایی نەیێت ناکەوێتە ڕێ.. کەس بەجێ ناهێڵێ..).

گەیشتە شەقامی (برامشەر)، ئەو کاتەی کە گەڕایەوە هەر ئەم شەقامە بوو گرتیە بەر..

ماشێنێک وەستا بوو.. خێرا سواری بوو..

دیسان وێستگەی شەمەندەفەرەکەیان گواستبۆوە، چەتر و چەرداخێکی پەلەیان لە دەرەوەی شار دروست کردبوو، بۆ چەواشەکردنی فڕۆکە بەڕەنگێکی بەڵەک بانەکانیان بۆیە کردبوو.. هەر لە تەک وێستگەکەوە ژمارەیەک چادر و دەواری دێزیان هەڵدابوو، لە نزیکیەوە چەند ڕیزێک تەمیان و هەنێ کۆزە



ئاژەڵی درۆیینەیان دروست کردبوو.. ژمارەیەک ڕەشەوڵاخیان تێدا بوو، لە دار و تەختە داتاشرابوون!

شەمەندەفەرەکە لە تەنیشت شۆستەیەکەوە چاوەڕوان بوو، عەرەبانەی جەنگاوەران جودا کرابوونەوە.. خانمێک تەماشای کاغەزەکانیانی دەکرد.. هیچ شتێکی دەربارەی بیست و چوار سەعات دواکەوتنەکەی (گرێبەر) نەگوت..

خۆی بەعەرەبانەیەکی شەمەندەفەرەکەدا کرد، لە جێگەیەکدا لە تەنیشت پەنجەرەکەی دەینواڕییە سەر شۆستەکە دانیشت.. سێ سەربازی دیکە سوار بوون، چاوەشێک و سەردەستتەیەک و سەربازێکی تۆپچی بوون.. تۆپچییەکە هەر ئەوەندەی جێی خۆی کردەوە، خێرا بوخچەکەی دەستی کردەوە و کەوتە پاروو خواردن!

ئاشپەزێکی گەڕۆکی سوپا بەبەر پەنجەرەکەدا ڕەت بوو.. دوو خانمە برینپێچی ژێر مەشق دەرکەوتن، خانمە برینپێچێکی قەیرەیان لەگەڵ بوو خاچێکی چەماوەی نازیی لە بری دەرزیی سەرسنگی خانمان کردبوو بەسینگیا.. سەردەستتەکە وتی:

– تەماشای ئەوێ بکەن.. (دەستی درێژ کرد).. قاوە ئەدەن!

چاوەشەکە وەڵامی دایەوە:

– بۆ ئێمە نییە، بۆ نوێکانە، ئەوانەی بۆ یەکەمین جار ڕەوانەی بەرە دەکرێن.. لەوانەیە بەو بۆنەیەشەوە وتاریشیان بۆ بخوێننەوە.. باوی ئێمەومانان نەماوە..

دەستتەیەک سەربازی بێ هێز و ماندوو پەیدا دەرکەوتن..

لە سەربازە هەڵاتووەکان بوون.. بەدوو ڕیز ڕایانگرتن، هەریەکەیان بەتوانای بارگیرێک بار کرابوو.. گشتیان چاویان بڕیبیە عەرەبانەی قاوەکە.. سەربازێکی چەکدار کەوتە سەرژمێری کردنیان.. پیاوێکی تووڕە و مۆن بوو!

دوو ئەفسەری نازی نزیک بوونەوە وەک بۆ خۆنمایش کردن هاتبن، سەرو پانتۆڵێکی نوێی هێزەکانی سوارەیان لە پێ کردبوو، پۆستاڵەکانیشیان بریقەیان دەهات، بەدەم ڕۆیشتنەوە خۆیان با ئەدا.. بەکەشوفش و لەخۆبایی بوونێکی زۆرەوە لە خەڵکەکە ورد دەبوونەوە..

سێ سەربازی دیکە سەرکەوتن، یەکێکیان هەڵمەتی بۆ پەنجەرەکە هاورد، کردیەوە.. ملی بردە دەرەوە و لەگەڵ خانمێکدا کەوتە ئاخاوتن.. ژنەکە منداڵێکی بەباوەشەوە بوو.

(گرێبەر) لە منداڵەکە ورد دەبۆوە.. نواڕییە ئافرەتەکە، کراسێکی هاوینەی پۆشیبوو، هێندە شۆردرابوو ڕەنگێکی دیاری پێوە دیارنەبوو..

ژنەکە وتی:

– ئاخ.. (هاینریش).

– ئاگات لە خۆت بێ (ماری) گیان، لەبیرت نەچی سڵاوم بەهەموو لایەک بگەیەنە.

– باشە.

لەیەک ورد دەبوونەوە.. بێ دەنگ بەنیگا ئەدوان، سازبەندێکی سوپا[٣] لە چەقی شۆستەکە بەتەواوی

ساز ئامێرەکانیانەوە ڕیز بوون.

چاوەشەکە وتی:

– تەماشای ڕەوشتی بەرزکەن.. چلۆن چلۆنی سەربازانی نوێ بەدەم لێدانی بوق و دەهۆڵەوە بەڕێ دەکەن.. لەمن وایە دەمێکە ئەم ڕێوڕەسمی بەڕێکردنە فەرامۆش کراوە.

سەردەستتەکە وتی:

– خۆزگە قاوەیان بەئێمەش ئەدا.. هیچ نەبێ ڕێزی ئەوەیان لێ بگرتینایە کە سەربازی کۆنین.. خۆ ئێمەش بۆ بەرەی جەنگ دەچینەوە.

– سەبرت بێ، شەوێ ئەوەندە قاوەمان پێ ئەدەن لێی وەڕس ببین.. چۆن قاوەیەک..؟ لە شۆربا خەستتر.

زرمە زرمی پۆستاڵ کوتاندن بەرز بۆوە، چەند نەڕەیەکیان هاتە گوێ..

سەربازە نوێکان گەیشتن.. تەنها یەک دووانێکیان نەبێ، گشتیان منداڵ و هەرزە بوون بەتەمەنەکانیش یا لە پاسدارانی نازی بوون یان لە پیاوانی هەواڵگۆزی[٤].

چاوەشەکە وتی:

– تەماشای ئەو منداڵانە بکە، موویان لێ نەهاتووە، بۆی شیری خاو لە دەمیان دێت.. یەکسەر لە باخەڵی دایکیانەوە هێنراون..! لەمەودوا دەبێ پشت بەمانە ببەستین!

سەربازە سپێرەکان بەدەم ورتە ورت و ژاوەژاوێکی کپەوە چوونە ڕیزەوە، ئاوەڵ ئەفسەرێک نەڕەیەکی بەسەریاندا کرد، بێ دەنگی کردن.. دەنگ گڕێک کەوتە وتار خوێندنەوە..

چاوەشەکە بە (هاینریشی) گوت:

– ئەو پەنجەرەیە داخە.

بەگوێی نەکرد، وتاربێژەکە دەنگی لێ بەرز کردەوە، ژێکانی گەرووی زرمەیان دەهات! ژێکانی گەرووی دەتگوت لە دەزوولەی تۆتیا دروست کراون.. (گرێبەر) لە جێگەی خۆیدا پاڵی لێ دابۆوە، هەردوو چاوی قوچاندبوو، (هاینریش) هەر لەبەر پەنجەرەکە بوو، خۆی لە چاوەشەکە کەڕ کردبوو، بەنیگایەکی غەمگینەوە دەینواڕییە ژنەکەی، (ماری)ش بەهەمان شێوە تەماشای مێردەکەی دەکرد.. (گرێبەر) بیری دەکردەوە، چاکی کرد کە ڕێگەی (ئەلیزابێث)ی نەدا لەگەڵیا بێتە وێستگەکە.

گرمە گرمی وتاربێژەکە کۆتایی هات، تیپی مۆسیقاکە ئاوازی دوو سروودی نازییان بەپەلە یەک بەدوو یەکدا لێدا.. گەلێکیان لێ کورت کردبوونەوە.. کەسیان لەناو فارگۆنەکانەوە بۆ نەهاتە جۆش.. چاوەشەکە پەنجەی نابووە کونە کەپوویەوە، باکی بەهیچ نەبوو.. چاوی دەگێڕا..

سەربازە نوێکان سەرکەوتن، قاوەیان پێدان.. سەردەستتەکە وتی:

– پیاو لە داخی ئەم نارەسەنانە نازانێ بڵێ چی.. بزانە ئێمەیان چۆن لە پێ کردووە؟

تۆپچییەکە پارووەکەی لە دەمی دوور خستەوە، وەک حاڵی نەبووبێ لایەکی لە سەردەستتەکە کردەوە، پرسیاری لێ کرد:



– فەرمووت چی؟!

– وتم نارەسەن..!، ئادەی ئەوە چییە دەیخۆیت، گۆشتی گوێلکە؟

تۆپچییەکە قەپێکی زلەی بە پارووەکەیدا کرد قاژێ تەماتەی بەدەمەوە هات بەملچە ملچ قووتی دا:

– نە ء بەرازە..[٥]

– بەرازز؟! (حەپەسابوو، چاوێکی نارەزایی بەهاوەڵەکانیا گێڕا، لەدووی یەکێک دەگەڕا پشتگیری بکات..).

تۆپچییەکە هەموو هۆش و خەیاڵێکی بەلای پارووەکەیەوە بوو، گوێی نەدابووە هیچ، (هاینریش) هەر لەبەر پەنجەرەکە بوو.. بە (ماری) دەگوت:

– سڵاوم بەمیمکە (پرتا)ش بگەیەنە.

– دەیگەیەنم.

دیسان مت بوونەوە.. پاشان یەکێکیان پرسیاری کرد:

– کەی دەکەوینە ڕێ، ئەوە کات لە (شەش) تێپەڕی؟

– پێی دەچێ چاوەڕوانی یەکێ لە ژەنەراڵەکان بن.

– نەخێر وانییە.. ژەنەراڵەکان بەفڕۆکە هاتوچۆ دەکەن.

کاتژمێر بوو بە شەش و نیو.. (هاینریش) زوو زوو بە (ماری) دەگوت:

– دەی ماری.. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بچیتەوە.

– شەمەندەفەرەکە هێشتا نەجووڵاوە.

– ئاگات لە منداڵەکە بێت.. با ژەمی خواردنەکەی بەسەر نەچێت.

– شەوێکی دوورو درێژم لەبەرە، ژەمە خواردنەکەی هەر دەخوات.. (بێدەنگ بوونەوە، زۆری نەخایاند هاینریش هاتەوە ئاخاوتن..).

– سڵاوم بە (یوسف)یش بگەیەنە.

– باشە.

تۆپچییەکە بایەکی بەردایەوە، ئەمجا هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و خرپ خەوی لێکەوت! شەمەندەفەرەکە وەک چاوەڕوانی ئەو فەرمانە بێت، تەکانێکی دا، (هاینریش) دەنگی هەڵبڕی:

– (ماری) بەدوعا..

– بەدوعا (هاینریش).. بەدوعا.

شەمەندەفەرەکە جووڵا، خاو و قورس کەوتە ڕێ، هێدی هێدی خێراتر دەبوو، (ماری) لەگەڵ جووڵەی پەنجەرەکەدا هات:

– ئاگات لەو کوڕە بێت.

– بەڵێ.. بەڵێ، تۆش ئاگات لەخۆت بێ.

(گرێبەر) یەک بەیەکی خەمەکانی سەر ڕوخساری (ماری)ی دەخوێندەوە.. هەنگاوەکانی ماری بەدەم

جووڵەی شەمەندەفەرەکەوە خێراتر دەبوون، وەک چەند چرکەیەکی لە ژیاندا مابێت و بەجووڵەی ئەو شەمەندەفەرەوە بەنگ بێت، لەگەڵیا دەهات.. کۆڵی نەئەدا، دەیویست ئەو چەند چرکە دواییینەی ژیانی بەدیتنی مێردەکەی کۆتایی پێ بێت!

لەپڕێکا.. (گرێبەر) داچڵەکی.. (ئەلیزابێث)ی بەدی کرد.. لە پەنا دیوارێکدا خۆی حەشاردابوو، دیمەنێکی چاوەڕوان نەکراو بوو.. ئەو بوو، ئەو نەبوو، دڵنیا نەبوو.. نەء ئەلیزابێث بوو، بەڕوخسارێکی کز و ماتەوە وەستا بوو، هەموو بوونی کەوتبووە ژێر باری خەمێکی ناهەمووارەوە، وێنەیەکی بێ ژیان بوو.. وەکو شێت ڕاپەڕی، ئامبازی گیانی (هاینریش) بوو:

– لاچۆ.. بەر ئەو پەنجەرەیە بەردە.

هەموو شتێکی لەبیر چۆوە، لە خۆی حاڵی نەدەبوو، بۆچی ڕێگەی بە(ئەلیزابێث) نەدا تا وێستگەکە بێت لەگەڵیا، هەموو شتێک قلڵپ بۆوە.. پەشیمان بۆوە، (ئەلیزابێث)ی دەوێت.. پێویستی پێیەتی، دەیەوێ بیدوێنێ.. ئەوەی گرنگە هێشتا پێی نەگوتووە.

هەر دە پەنجەی لە شانی (هاینریش) گیر کرد، ڕایکێشا.. (هاینریش) جیڕ بوو، خۆی نەدا بەدەستتەوە، تا ناو قەدی لە پەنجەرەکەوە بردبووە دەرەوە، هەردوو ئانیشکی وەکو قولاپ لە دیوی دەرەوە لە باهووی پەنجەرەکە گیر کردبوو.. بەردەوام بوو، هەر خەریکی سڵاو ناردن بوو:

– سڵاو لە(لیزا)ش دەکەم.

– هەی بەد.. دەڵێم لاچۆ، با منیش تەماشایەک بکەم.. بەر ئەو پەنجەرەیە بەردە، ژنەکەم لە دەرەوەیە، دەبێ شتێکی پێ بڵێم..

نەخێر (هاینریش)ی توند ڕاکێشا، (هاینریش) جووتەیەکی وەشاند، خۆی نەئەدا بەدەستتەوە، هاواری دەکرد:

– ئاگاداری هەموو شتێک بکە..

ئەمجارە (ماری) وەڵامی نەبوو، دەنگی نەهات.. (گرێبەر) بەچی هێزی هەبوو شەقێکی لەژێر ڕەفیسکی (هاینریش) دا، توند لە قۆڵیشیەوە ڕایکێشا.. نەخێر، پەنجەرەکەی هەر بەرنەدا، بەدەستتێکی توند گرتبووی، دەستەکەی دیکەشی لە دەرەوە ڕادەوەشاند..

شەمەندەفەرەکە لەگەڵ ئاسنەڕێکە بە بازنەیەکی گەورە لای کردەوە.. چاوی بە (ئەلیزابێث) کەوتەوە.. دوور بوو، بچکۆڵانە و تەنها لە پەنایەکدا کزۆڵەی کردبوو، دەستی لە ژوور سەری هاینریشەوە بردە دەرەوە، ڕایوەشاند.. لەوانەیە (ئەلیزابێث) چاوی لە دەستی بێت.. بەڵام هەرگیز نازانێت دەستی کێیە.. دەستت و باسکێکە وەک دەیان دەست و باسکی دیکە لە پەنجەرەکانی شەمەندەفەرەکەوە ماڵئاواییان دەکرد..

وێستگەکە دیار نەما، (گرێبەر) پەست ببوو، جنێوی ئەدا.

– هەی قەڵبی نالەبار.

زۆر لەسەری ڕۆیشت.. ئاکامەکەی (هاینریش) ئاوڕێکی لێدایەوە، هەردوو چاوی پڕ فرمێسک



بوون.. لە ناکاودا بەربوون، بەخوڕی بەسەر کولمە زەردەکانیا هاتنە خوارێ..

(گرێبەر) خاوبۆوە، هەردوو باسکی بەلادا شۆڕبوونەوە.. بەزمانێکی خەمناک و پەستەوە وتی:

– قیڕووسیا.

چاوەشەکە توانجی لێدا:

– های..؟! ئەوە چ زمانێکە کابرا؟!

---

(١) ئیکۆن: **icon**– ایقونة– تمثال– معبود.

(٢) نیکولاوس: دەبێ یەکێ لە پیاوچاکە فەلەکانی سەر بەکڵێسەی ڕۆژهەڵات بێ.

(٣) سازبەند: تیپی مۆسیقا.

(٤) هەواڵگۆزی: استخبارات.

(٥) بەراز: ئەڵمانەکان گەلێ جار وەک دەربڕینی نارەزاییەک یان نیشاندانی هەڵوێستێکی نەیار بەرامبەر شتێک، یان هەڵوێستێک کە بەدڵیان نەبێت، وشەی بەراز بەکار دێنن.

# 25

تا گەیشتە جێ دوو شەو و دوو ڕۆژی تەواو بەڕێگەوە بوو..

هێزەکەیان سەد و بیست کیلۆمەتری دیکە کشابۆوە دواوە..

ناوی لە نووسینگەی هێزەکەیان تۆمار کرد، تەنها نووسەرێکی لێبوو، سست و شل پاڵی لێدابۆوە:

– ڕەوشەکە چۆنە؟

– دۆزەخە.. تۆ چۆنت ڕابوارد؟

– گشتیم بەشادی نەبردە سەر.. پێم بڵێ هیچی گرنگ ڕووی نەداوە؟

– ئەی نابینی لە کوێین؟

– هاوڕێیان دیار نین، هیچ کامێکیانم نەدی، چۆنن؟

– سەریان قاڵە، هەندێکیان خەریکی کەندەک هەڵکەندنن، هەندێکی دیکەشیان کوژراوەکان دەنێژن.. بۆ چێشتەنگاو ئەمجا بێنەوە.

– لەوە دەچێ زۆر شت وەکو خۆی نەمابێت؟

– هەمووی بەچاوی خۆت دەبینیت.. ئەو کاتەی ڕۆیشتیت نازانم کێ مابوو کێش نەمابوو.. باوەڕ ناکەم زۆربەی ئەمانەی ئێستا بناسیت، ژمارەیەکی زۆریان بۆ پڕ کردنەوەی جێگەی کوژراوەکان بۆ ناردووین.. منداڵن، شارەزانین، وەکو مێش لێیان دەکوژرێ.. (ماینرەت) کوژرا، یەکێکی دیکەیان خستە جێگەی.

– چۆن کوژرا؟

– دەستی بەئاو دەگەیاند گوللە تۆپێک خۆی و پیساییەکەی بەئاسماندا برد.. (نووسەرەکە بەدەم باوێشکدانەوە، خۆی کێشایەوە).. پەلەت نەبێ، بەچاوی خۆت هەموو شتێک دەبینیت، بەڵام پێم بڵێ تا لە نیشتمان بوویت بۆ ساچمەیەک، تەڵەزمێکت بەلا ڕانتا نەچزاند، خۆت بریندار بکردایە، ماوەیەکی دیکە لە وڵات دەمایتەوە.

– نازانم..؟ ئەم بیرۆکانە بۆچی لە کاتی خۆیدا بەبیردا نایێن..؟

– من لەجیاتی تۆ بوومایە چەند ڕۆژێکی دیکە خۆم دوا ئەخست.. پاشاگەردانییە، کێ بەکێیە، کەس پێی نەدەزانیت..

– درەنگ ئەمەشم زانی!..

***

بەپیاسە گەڕایەوە ناو گوندەکە.. لەو گوندە دەچوو کە دواجار هێزەکەی لێ بەجێهێشت..

گوندەکانی ڕووسیا یەک دیمەنن، گشتیان بە یەک شێوە و شێواز وێران کراون!

وەرزی شەختە و سەهۆڵبەندان بەسەرچوو بوو، بەهارێکی تەڕ هەموو لایەکی کردبووە قوڕ و چڵپاو..

قوڕە خەستەکە پای گرت! هەستی کرد خاک توند گرتوویەتی، بەری نادات، ڕایدەکێشێ، دەیەوێ



قووتی بدات..

هەندێ دەفە تەختەی درێژکۆڵەیان لەناو قوڕەکە بۆ هاتوچۆکردن درێژ کردبوو.. زوو زوو لەژێر پێیاندا دەخزا، بەردەبوونەوە ناو قوڕ و چڵپاوەکە.. یان کاتێک پایان دەنایە سەر سەرێکی، سەرەکەی دیی هەڵدەبەزییەوە، ئەگەر بەر لمۆزیان نەکەوتایە، تەشتێک قوڕو چڵپاوی خەستی بەسەریاندا دەکرد.

خۆر دەرکەوت، کەش گەرم داگەڕا، هەستی دەکرد لە ئەڵمانیا گەرمترە، ژاوە ژاوە بێ وچانەکەی هێڵەکانی پێشەوەی هاتەوە گوێ، زرمە و گرمەی تەقینەوە بەردەوام بوو، وەک شەپۆڵی دەریایەکی بێ ئارام بەرز و نەوی دەبۆوە..

لەدووی پەناگەکەی لقەکەیان گەڕا، نووسەرەکە ناونیشانەکەی بۆ هەڵدابوو، دییەوە.. خۆی پیا کردو کەلوپەلەکەی لە پەنایەکدا دانا..

کز و مات، پەشیمانی دڵی تەنگ کردبوو، بۆ خۆی دوا نەخست؟ دەبوایە ڕۆژێک خۆی دوابخستایە، ئەوەتا ئێرە هیچی بەسەر هیچەوە نییە.. کەس پێویستی پێی نییە.. تەنها سەربازێکە جێگەی چییان بۆ دەگرێتەوە..؟

لە پەناگەکە هاتە دەرەوە، ڕووی کردە دەرەوەی گوندەکە، دەیویست شارەزای ئەو دەوروبەرە بێت، چاوی بەکەندەک و مەتاریزە هەڵکەندراوەکان کەوت، لافاو و بارانی بەهار دایڕووخاند بوون، پڕ قوڕ و لیتە ببوون.. چەند پێگەیەکی[١] کۆنکریتیان بەدرێژایی هێڵەکە هەڵبەستبوو، لە زنجیرەیەک کێڵی سەر گۆڕێکی درێژ دەچوون!

گەڕایەوە گوندەکە، (ڕاهی) فەرماندەی بەدی کرد، بەترسەوە هەنگاوی دەنا، بەو لاقە درێژانەیەوە لە لەق لەقێکی چاویلکە لە چاو دەچوو..

لەیەک نزیک بوونەوە، (ڕاهی) دەستی بۆ درێژ کرد، بەدەم تەوقە کردنەوە وتی:

– شانست هەبوو، پاش ئەوەی تۆ کەوتیتە ڕێ مۆڵەتیان ڕاگرت.. (بەچاوە کاڵەکانی لە گرێبەر ورد دەبۆوە..) کاتێکی خۆشت بردە سەر..؟

– بەڵێ

– چاکە.. ئەوەتا ئێستاکەش لەم شوێنە چەپەڵە گیرساوینەتەوە، چی قوڕ و لیتەی دونیا هەیە تیادا کۆبۆتەوە.. لەو باوەڕەشدا نیم لێرەش بمێنین، لەوانەیە بەم نزیکانە بگوێزرێینەوە هێڵی بەرگری دووەممان.. هێڵێکی نوێیە.. لەسەر ڕێی هاتنەوەت بوو.. نەتدی؟

– نەء.

– نەء؟!!

– نەخێر گەورەم.

– چۆن؟! تەنها چل کیلۆمەترە لێرەوە دوورە.

– شەو بوو، دەبێ لەو کاتەی پیادا ڕەت بووین خەوتبم.

– ئەوە بۆیە نەتدیوە.

بەگومانەوە دەینوارِییە (گرێبەر)، لەوە دەچوو پرسیاری دیکەی هەبێت:

– مـاینرەتیش کـوژرا، یەکـێکی دیکەیان خـسـتـە جێ.. ناوی مـاسـە.. بەڵێ ئێـسـتـاکـە (مـاس) سەرلقتانە..

***

(ڕاهی) نووکی دارەکەی دەستتی لە خاکە شی بووەکەدا چەقاند:

– ئەم قـورِە بەم شێـوەیە بمێنێـتەوە گـیـروگرفـتـێکی زۆرمـان بۆ دەنێـتەوە.. ئەگـەرچیش ڕێ لە تانک و زرێپۆشی ڕووسەکانیش دەگرێ، دوایان دەخات.. دەرفەتێکە تیادا بتوانین ڕیزەکانمان ڕێک بخەینەوە.. ئیتر وایە هەمـوو بارێکی سەخت، دیوێکی چاکی هەر هەیە، وانییە؟.. باش بوو گەڕایتەوە، پێویستـیمان بە جەنگاوەرانی شارەزا هەیە، دەبێ مەشق بەسەربازە نوێکان بکەین.. ئاگاتان لێیان بێت (دارەکەی پتر بەقورِەکەدا چەقاند..) ئەڵمانیا چۆن بوو؟

– وەکو ئێرە وایە،  بە بەردەوامی شالاوی ئاسمانی لەسەرە.

– بەڕاست..؟! بەو ڕادەیە خراپە؟!!

– نازانم خـراپـیـیـەکـە تا چ ڕادەیەکـە.. ئەگـەر شـارەکـانی دیکەیشی وەکـو ئەو شـارەی منی لێـبـووم بۆمبباران بکرێن.. ئەوە گوزەرانەکە بەجارێک خراپە.. بەدوو ڕۆژ جارێک بۆمببارانێکی قورس دەکراین..

(ڕاهی لە گرێبەر ورد دەبۆوە، چاوەڕوان بوو زیاتر بڵێت، بەڵام گرێبەر لەوە زیاتری نەگوت).

دەوروبەری نیوەڕۆ هاوڕێکانی گەڕانەوە، (ئێمەرمان) لە دوورەوە چاوی بەگرێبەر کەوت، بەغار ڕووی تێکرد:

– ئەها ئەوە گرێبەرە.. گەمژە بۆ گەڕایتەوە، ئێرە زۆر خۆشە؟ بۆ هەڵنەهاتی؟

– بۆ کوێ؟

(ئێمەرمان) بەدەم سەر خوراندنەوە، وەڵامی دایەوە:

– سویسرا..

– ئەوێم بەبیـردا نەهات قـەشـمـەر.. (بەتەشـخـەڵە کـردنەوە لەسـەری ڕۆیشت).. بەڵێ دروسـتـە.. سویسرا؟ ئێـسـتـاکـە مـیری سەربازە هەڵاتووەکان بەڕێز و سـتـایشـێکی زۆرەوە ڕەوانەی سویسرا دەکات، شەمەندەفەری تایبەتی بۆ تەرخان کردوون، بەخاچی سوور بۆی دیاری کردوون، نەوەکو بەهەڵە بۆمبباران کرێن، لەوێ، لەسەر سنوور تاقـیـان بۆ پێشـوازی کردنیان بۆ لێداون.. ئێ، چی دیکە؟ وا دیارە زمانت گرتووە، ئەمە لە کەیەوە ئەم پیاوە ئازا و جەربەزەیەت لێدەرچووە؟

– هەر ئازا و بەغـیرەت بووم، وا دیارە چپە و هەناسەی نەرم و گەرمی شەوگارەکانی ئەڵمانیا ئەوەی لەبیر بردوویتەوە، ئەوەتا وەکو چاوت لێمانە پاشەکشەمان کردووە، نەخێر کشانەوە نییە، غار کردنە.. ئیـتـر لەگـەڵ هەمـوو قـۆناغـێکی کـشـانەوەشـمـانـدا زمـانمان زیاتر بەردەبێت (ئێـمـەرمـان بەدەم دواندنی گـرێبـەرەوە پرژە قـورِە وشکەکـەی بەگـیـانەوە لکابوون دەیرِواند..) مـاینەر و مـیـللەرش لەناوچوون، شرۆیدەریش لە خەستەخانەیە، گوللەیەکیش لە ورگی میکەی داوە، دەڵێن گوایە ئەویش لە وارشۆ تەواو



بووە.. کێ.. کێ.. کێی دیکە لە کۆنەکان..؟ ئا بیرینگیش لاقێکی پەڕی هەتا مردن خوێنی پژا.

– ئەی شتاین بێرنەر؟

– زۆر باشە، شادومانە.. هەواڵی ئەو بۆ پرسیار دەکەیت؟!

– بەئارەزوو.

پاش شـیـوخـواردن، (شـتـاین بێـرنەر) سـەردانی کـردن، هەتاوی ڕووسـیـا هێندەی تر سووری کـردبۆوە، پرسیاری لە (گرێبەر) دەکرد:

– ورەی گەل لە چیدایە؟

(گرێبەر) تەشپی خواردنەکەی دانا:

– لە زاڵگەکەی سەر سنوور فەرماندەیەکی سەر بەهێزەکانی شلـێوە گردی کردینەوە، ئامۆژگاری کردین کە نابێ بەهیچ شێوەیەک هەواڵ و باسی وڵات بەم دیودا بێنین.. هەر کەسێ شتێکی لەو ڕووەوە لە دەم دەرچێ زۆر بەقورسی سزا دەدرێت.

(شتاین بێرنەر) بەدەم قاقای پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– مەترسە، دەتوانیت هەموو شتێک لای من باس بکەیت.

– ئەوەی لە تۆ نەترسێ کەرە.. ئەزانیت قورسترین سزا مانای چییە؟ مانای ئەوەیە وەک تێکدەرەکان گوللەباران کرێم.

(شتاین بێرنەر) بەپێکەنینەوە وتی:

– وشـەکـانت بۆنی ئەوەیان لێ دێت شـتـێک هەیە و دەیشـاریتـەوە.. کـارەسـاتێکی گـەورە ڕووی دابێت؟؟.

– ئاگاداری هیـچ نیم، هیچ شتێکیشم نەگوتووە، تـەنها ئامۆژگارییەکەی ئەو فەرماندەیەی سەر سنوور نەبێت..

(شتاین بێرنەر) لە پێکەنین کەوت، چاوێکی مۆنی بەگیانی (گرێبەر)دا گێڕا:

– ژنت هێناوە وا نییە؟

– چۆن زانیت؟!

– من ئاگاداری هەموو شتێکم، هیچ لە من شاراوە نییە.

– خۆت فش مەکەرەوە، شـتـێکی ئەوەندە گرنـگ نیت، بەدرێژایی کـات لە نووسـینگەکە کـەوتوویت، لەوێ زانیوتە.. دە بڵێ وانییە؟

– من هەر کاتێک بەپێویسـتی بزانم دەچمە ئەوێ، کەس ناتوانێ ڕێگەم لێ بـگرێت.. منیش بچمەوە ژن دەهێنم..

– ئاوەها.. دەبێ یەکێکت دیاری کردبێت؟

– بەڵێ کیژی فەرماندەی هێزی شلـێوەی شارەکەمانە.

– بێ گومان، دەبێ لەو جۆرە بێت.

(شتاین بێرنەر لە توانجەکەی گرێبەر تێ نەگەیشت):

– هەردووکمان ڕەسەنین، خوێنمان لە بێگەردترین جۆرە، خۆم باکووری، دەستتگیرانەکەشم (ڕاین)ییە.

***

(گرێبەر) لە ئاسمان ورد دەبۆوە، ئەو ئێوارە سوورەی بەهاری ڕووسیا هۆشی فڕاند بوو.. پۆلێک قەلە ڕەشکە لە بڵندایی ئاسماندا دەخولانەوە، لە والآی شڕی نێو گێژەڵووکەیەکی مەنگ دەچوون..

(شتاین بێرنەر) بەدەم فیکە لێدانەوە بەجێی هێشتن.. (گرێبەر) تەخت لەسەر پشتی درێژ ببوو، چاوی بڕیبووە مەلەکان، هەردوو گوێشی بۆ زرمە و تەقینەوەکانی هێڵەکانی پێشەوە هەڵخستبوو.. هەستی دەکرد دەمێکە لەوێیە! لەوەتەی جەنگە لە بەرەکانی جەنگ دوورنەکەوتۆتەوە!

***

نۆرە ئێشکی (گرێبەر) پاش نیوە شەو دەستی پێکرد، لە دەرەوەی گوندەکە بەدەم پیاسەوە لە شەوگاری جەنگ ورد دەبۆوە، کەلاوە ڕەشەکان بەدەم بریسکەی تەقینەوە دوورەکان ڕادەچڵەکین.. هەر زووش دەچوونەوە دۆخی تاریکی..

پای لە قوڕە خەستەکەدا چەقی، کاتێک ڕایکێشا نووزەیەکی کپ لە زەمینەوە هات! لە هەناسەی گیاندارێکی خواگرتوو دەچوو..

لەپڕێکا ژانێکی غەمناک گیانی گرتەوە، هیچ هۆیەکی شک نەدەبرد، بیریشی لە هیچ نەکردبۆوە، بەدرێژایی ڕێی هاتنەوەی ڕێی لە بیرکردنەوە بەستبوو، بەڵام ئەوەتا ئێستاکە ئاگرێک لە دەروونیا کڵپە دەکات.. ژانە؟ خەمە.. نەشتەری دەستومەچەکێکی ناشییە، چاوەڕوانی هەلە زوو لەناو گیانیا بگەڕێ، لە ناوەوە بیجنێ، هەموو پەژارە و ئازارەکانی گرد بکاتەوە بیانکات بەتەنها ژانێکی ناهەموار و مەزن، ببێتە شتێکی دیار و ئاشکرا، شتێک هانی بدات بیر لە هۆی ئەو هەموو پشێوی و دڵەڕاوکێیەی بکاتەوە.. دڵخۆشی خۆی پێ بداتەوە! وەڵامی پرسیارەکانی پێ بداتەوە، لێی حاڵی ببێ، بۆ ئەوەی وەکو چارەنووسێک پێی قاییل ببێ..

هیچی لە دەستەڵاتدا نەبوو، گیرۆدەی هەستێکە لەو جۆرانەی پاش زیانێکی گەورە هەستیان پێدەکرێت، زیانەکەی ئەم، زیانێکی بەردەوامە، لە تەمەنی دەخوات، ئەگەر جاران بوارێکی هەناسەدانیشی هەبوایە، ئەوەتا ئێستاکە ئەو بووارەش لە گەرووی نابووتییا خنکاوە.. داماو و چاوەڕوان، وەک گوێ لە قووڵاییەکانی دەروونی بگرێت، کاس و حۆڵ چاوی دەگێڕا.. جگە لە تەقینەوە دوورەکان هیچی دیکەی نەدەهاتە گوێ.. دەبێ شتێکی تری هەر بێتە گوێ، دەنگی شتێکە.. نووزەیەکە، هەناسەیەکە، گریانێکە لە ناخیا دەنگ ئەداتەوە.. زایڵەی تارمایی هیوا لەناوچووەکانە.. بۆیە هەموو شتێک کپ و خامۆشە!

چاوی دەگێڕا، جگە لە بۆ شەڕۆکییەکی بێ سنوور و ئازارە نامۆکەی دەروونی، هەستی بەهیچی دیکە نەدەکرد، بیری دەکردەوە.. ئەمەی گەمارۆی داوە هەر دەبێ خۆی ئاشکرا بکات.. بەڵام هێشتا زووە.

دەیویست حاڵی ببێ، بۆ دڵی تەنگە؟ بۆ مات و کزە؟ هەر بیری دەکردەوە، ڕووداوە دێرینەکانی هاتنەوە



یاد، شێوەیەکی ژاکاوی (ئەلیزابێث)ی هاتە بەرچاو، دوا دیمەنی، وەک لەناو تەمێکدا بێت، لە وێستگەیەکی وێراندا، لە پەنایەکدا وەستاوە.. جگە لەو دیمەنە مات و شێواوە هیچ شێوەیەکی دیکەی (ئەلیزابێث)ی نەهاتەوە یاد.. هەوڵی دا باخ و خانووەکەی خاتوو (ڤیتە) بهێنێتەوە بەرچاوی.. شتێکی دی؟!.. بەڵام وەکو پیانۆ ژەنێک وابوو پەنجەکانی بەهەموو هەست و سۆزێکیەوە گەمە بەدوگمەکانی بکەن و هیچ نووزەیەک لە پیانۆکەوە نەیێت.. دوگمەکان کپ و بێدەنگ بەرز و نزم دەبوونەوە.. ئاوازێکی نووزە بڕاو بوو..

هەر بیری دەکردەوە، چی ڕووی داوە؟ لەوانەیە شتێک بەسەر (ئەلیزابێث)دا هاتبێت، بەر بۆمبایەک کەوتبێت، خانووەکەی بەسەردا ڕمابێت لەهۆش خۆی چووبێت.. باخچەکەش ئاگری تێبەربووبێ و بووبێتە خۆڵەمێش..

پێی لە قوڕەکە ڕاکێشا، نرکەی کپی زەمینەکە مچوڕکێکی تەزیوی بەجەستەیا هێنا.. گوێی لە یەکێک بوو دەڵێت:

– ئەم قوڕ شێلاندنە پیاو بەجارێک ماندوو دەکات.

(ساور) بوو، لە پەنا گەوڕێکی داڕووخاودا وەستا بوو، توانجی لە هەنگاوەکانی گرێبەر ئەدا..

– چی بکەم، دەبێ وا هەنگاو بنێم، وا نەبێ دەنگی شڵپوهۆڕی ئەم چڵپاوە ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات!

– لە یەکێک دەچێت خەریکی مەشقێکی وەرزشانە بێت.

(گرێبەر) باسەکەی گۆڕی:

– تۆش ژنت هەیە وا نییە؟

– ئەی چۆن، خاوەن زەوی و زاری وەک من هەرگیز بەبێ ژن ناژی، کاروباری کێڵگە بەبێ ژن دەوەستێ.

– دەمێکە ژنت هێناوە؟

– پازدە ساڵە.. بۆچی؟

– ئاخۆ ئەوانەی دەمێکە ژنیان هێناوە، کاتێک لە ژنەکانیان دوور دەکەونەوە حاڵیان چۆن بێت؟

– ئەمە چۆن پرسیارێکە؟.. حاڵی چی؟

– دەڵێن ژن وەک لەنگەر وایە.. هەمیشە پیاویان پێوە بەندە.

– لەنگەر؟ لەنگەر چییە.. بێگومان بیری ژنەکەم دەکەم، بگرە بەدرێژایی کات لە خەیاڵمە، ئێستاکە وەرزی زەوی کێڵان و چاندنە.. هێندە یادی دەکەم، هێندە یادی دەکەم.. کەللەم پووت بووە.

– من باسی کێڵگە و زەوی و زار ناکەم.. مەبەستم لە هاوسەری پیاوە.

– یەک شتێ! ئەی بۆم ڕوون نەکردیتەوە!؟ کێڵگە بەبێ ژن پوولێک ناهێنێ.. هەموو بیر و لێکدانەوەیەکیشم ئەنجامەکەی هەر خەم و مەراقە.. (ئێمەرمان)ی خوێڕیش کاروکاسبی هاتۆتە سەر ئەوەی دڵی پیاوان لە ژنەکانیان پیس بکات.. ئەو بەدڕەفتارە دەڵێت گوایە دیلەکان بەشەو دەچنە باخەڵی ئەو ژنانەی مێردەکانیان لە بەرەی جەنگن.. (ساور بە پەنجەی کەپووی خاوێن کردەوە.. لەسەری

ڕۆیشت، دیار بوو ئێمەرمان پەستی کردبوو).. بەڵێ ڕەختی خەوی ژن و مێرد جێگەیەکی نەرموشل و بەرینە هەمیشە جێگەی دوو کەسی تێدا دەبێتەوە..

– گوێ بەقسەی ئێمەرمان مەدە، کابرایەکی چەقاوەسووی هەڵەوڕە.. چی بەزماندا بێت، دەیڵێت..

– دەڵێت هەر ئەوەندەی ژن فێری پیاو بوو ئیتر بەکەس دابین نابێت، هەمیشە یەکێک ئەدۆزێتەوە جێگەی بزرگەی پێ پڕبکاتەوە.

– های ترحێو (گریبەریش پەست بوو).. لەو گەلۆرە وایە ژنان وەک یەک وان.. بەڕاستی زەلامێکی نەفام و بێ شەرمە.. باوەڕت بێ شتی وەکو (ئێمەرمان) قەڵب و چەپەڵ هەر نییە.

---

(١) پێگە: حصن- مرصد- دشمە.



# 26

گەڕەلاوژەیەکی بێ سەروبەر بوو، کەس کەسی نەدەناسییەوە، هەموو چووبوونە بەرگێکەوە، سەرتاپایان لە قوڕ هەڵکێشرا بوو.. مەگەر بەزمان و تاسکڵاوەکانیان بناسرانایەوە سەر بەکام لەشکرن..

کەندەک و مەتارێزەکان داڕووخان، بەرە بووە هێڵێکی شپرزە و شێواوی هەڵتەکاو.. زۆر بەدڕندانە، بەبێ وچان بەر ببوونە یەک، بەهێرش و بەرگری کردن، بەدژە هێرش و بەرەنگاربوونەوە، چەندین جار سەنگەر و بنەکانیان گۆڕییەوە..

ئاگر و ئاسن دەباری، ورشەی تەقینەوە ئاسمانی دەهەژاند، بڵێسەی ئاگرە بەرپابووەکان کەنارەکانی شەویان کردبووە ڕۆژی ڕووناک..

زریکەی ستۆرمۆفیکەکان[١] ئاسمانی هەراسان کردبوو، ساچمە و تەڵەزمی ئاسن و پۆڵا تێکەڵاوی تەرزە و بارانی بەهار ببوون، خوڕوچڕ، خێرا بەردەبوونەوە، ڕوناکاییە پشکنەرەکان[٢] ئاسمانی شەویان دەپشکنی، لەدووی فڕۆکە دەگەڕان.. دژە ئاسمانییەکانیش بەقوڵایی هێڵەکانی بەرە بەگژ ئاسماندا دەچوون، فڕۆکە پێکراوەکان لەنێوان فیشەکە پرشنگدارەکانەوە[٣] بەر دەبوونەوە، بەناخی زەمیندا دەچوون، لە دووی دۆزەخدا دەگەڕان خۆیان لە گەرووی ئاگرینیدا بشارنەوە!

فیشەکە پرشنگدارەکان وەکو کلێۆ تەرزەیەکی گەورەی زێڕین بەسینگی شەودا هەڵدەگەڕان، لە بڵندیا دەگیرسانەوە و تا لە مشتی تاریکاییدا دادەمرکانەوە.. بەهێز ئەدرەوشانەوە.. سەریان لە سروشت شێواندبوو.

دوازدەهەمین ڕۆژی شاڵاوێکی بەرفراوان بوو، ڕووسەکان شەپۆڵ بەدووی شەپۆڵ دا دەهاتن.. ئەڵمانەکان ماوەی سێ ڕۆژ خۆیان پێ ڕاگیرا، سەنگەرەکانیان نەدا بەدەستتەوە.. تا ئەو کاتەی تانکە قورسەکان دەرکەوتن، هاتن و سەنگەرەکانی پێشەوەیان شێلا.

ڕووسەکان چەند کیلۆمەترێکی دیکە هاتنە پێشەوە.. چەرخ و زنجیری تانکە وەرگەڕاوەکان لە بۆشاییدا دەخولانەوە، لە قالۆنچەیەکی زەبەلاح دەچوون کەوتبنە سەر پشت، لنگە فرتێیان دەکرد و، لەتوانایاندا نەبوو ڕاست ببنەوە..

ئەندازیارەکان بەنیازی کردنەوەی چەند پێبازێک و گەیاندنەوەی هێڵی تەلەفۆنە پساوەکان، چوونە پێشەوە، هیچ بەرگرییەکی ئاسمانییان لێ نەدەکرا، لە ماوەی دوو سەعاتدا نیوەی ڕاستیان قەلاچۆ کران.. فڕۆکەی ڕووسەکان وەک پەڵە هەوری چڵکن هەڵیاندەکوتایە سەریان، نەوی دەهاتن، هیچ نەبوو ڕێگەیان پێ بگرێت..

لە شەشهەم ڕۆژدا، نیوەی ڕاستی پێگە و تەپکە کۆنکریتییەکان تەخت کران..

لە شەوی حەفتهەمدا دایکردە باران، وەکو تاڤگەیەکی خوڕ لە ئاسمانەوە دەڕژایە سەر زەمین.. گشتیان لە قوڕاوی سەنگەرەکاندا هەڵکێشرا بوون، وەکو خلێنکەی سەر لێشێواو لەنێو چاڵە بۆمبا و کەندەکە ڕووخاوەکاندا دەهاتن و دەچوون.

تەنها دوو تەپکەی کۆنکریتیان بەدەستتەوە مابوو، ئەمانیش بەناو سەنگەر بوون، هەندێ تۆپی قورس

و سێ چوارێکی سووکەڵەیان تیادا بوو.. (ڕاهی) سەرپەرشتی تەپکەیەکیانی دەکرد، (ماس)یش ئەوی دیکەیان.

سەربازەکان بەنێو چاڵە بۆمباکان و لە پەنا دیواری کەندەک و مەتاریزە داڕووخاوە پڕ لیتەکاندا بڵاوببوونەوە..

سێ ڕۆژی دیکە بەربەرەکانییان کرد.. لە ڕۆژی دووەمەوە ئازووقە و تەقەمەنییان هاتە کزی.. ڕووسەکان زۆر بەئاسانی بێنە پێشەوە، بەڵام نەهاتن..!

لەگەڵ کشانەوەی دوا هێڵی ڕووناکی ئەو ڕۆژە، چەند فڕۆکەیەکی خۆیان پەیدا بوون، هەندێ خواردن و تەقەمەنییان لە ئاسمانەوە بەردایەوە.. زۆربەی کەوتە دەست ڕووسەکانەوە.. ئەو ئێوارەیە شیویان کرد.

شەو، درەنگ.. هێزێکی سپێر لە تاریکاییەکەدا دزەی کرد و هاتە پاڵیان. ئەندازیارەکانیش چەند پێگەیەکی پەلەیان هەڵبەست.. هەرچی چۆنێک بوو پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر هەندێ چەکی سووک و چەند تۆپێکی دیکەیان پێ گەیشت..

ڕووسەکان هێرشیان هاوردەوە، ئەمجارە ڕێگەیان بەتۆپ بارانێکی خەست و چڕ خۆش نەکرد..! لە ناکاودا لە دووری تەنها پەنجا مەتر لە هێڵەکەیانەوە قوت بوونەوە و هێرشیان هێنا.. بەنارنجۆک بەرەنگاریان بوونەوە.. نارنجۆکەکان چرووک بوون، نەتەقینەوە..!

یەکەمین شەپۆلی شاڵاوەکە گەیشت.. ڕژایە ناو کەندەک و مەتاریزەکانەوە.

(گریبەر) لەنێو کڵپەی ئاگر و دووکەڵی خەستی تەقینەوەکاندا چاوی بەتاس کڵاوێک کەوت، جووتێک چاوی سپی گەورە گەورەی لەژێردا بوو.. تارماییەکی یەکێک بوو لەخۆیان نەدەچوو، دەستێکی بەرزکردبۆوە لە لقی درەختێک دەچوو میوەیەکی خڕی پۆلایینی گرتبێت!

زوو لێی هاتە دەست، جێگەی دیاری کرد و خێرا نارنجۆکێکی لە دەست سەربازەکەی تەکیەوە فڕاند.. سەربازێکی نوێ بوو، ئەزموونی ئەو جۆرە هەڵوێستانەی نەبوو..

بەهەموو هێزێکی نارنجۆکەکەی گرتە تارماییەکە.. تەقییەوە، هاواری لە سەربازەکەی تەنیشتی کرد:

– گەمژە ئەلقەکانیان ڕاکێشە، با ئامادەبن، دەی ئەوەی دەستتتم بدەرێ.. دەستت مەکەرەوە گەلۆری مێشۆ!

ئەمیشی هاویشت.. نەتەقییەوە، چرووک بوو.. بیرێکی خێرای بەکەللەدا هات.. (بۆ ناتەقنەوە.. ناپاکییە، دەستتێکی تێکدەرانەیان پێ گەیشتووە.. بێ گومان کاری ئەو دیلانەیە کە لە کارگەی تەقەمەنییەکاندا کار دەکەن..! گشتی چرووکە.. بەڵێ ئەوانیش دەستی خۆیان وەشاند..

نارنجۆکێکی دیکەی هاوێشت، خۆی گرمۆڵە کرد، چاوی لە نارنجۆکێک بوو بەئاسمانەوە مەرگی بۆ دەهێنا، خۆی بەزەمینەوە لکاند، لە قوڕەکەدا تەخت بوو.. لە توانایدا بووایە بەناخی زەمیندا دەچوو، تەوژمێکی دۆزەخینی بەسەردا هات، قوڕێکی سووری لینج، بەتۆپەڵ بەسەریا داباری، وەک قامچی شلێپەیان لە پشتی هەڵساند..

بەدەم هاوارەوە دەستتی درێژ کرد:



– ئازابە.. دەی نارنجۆکێکی دیکەم بدەرێ هیچ نەخرایە دەستییەوە، ئاورێکی لە سەربازەکە دایەوە، دیار نەبوو.. کاتێک لە شان و ملی خۆی ورد بۆوە، زانیی ئەوەی بەسەریا داباری قوڕ نەبوو.. جەستەی لەتوپەتی سەربازە سپێرەکەی هاوەڵی بوو..

بەسکەخشکێ کشایەوە دواوە، کۆمەڵێک نارنجۆکی دیبیەوە، دووانی هەڵگرت.. چەند تارماییەکی بەدی کرد، پەلەیان بوو، خێرا خۆیان فڕێ دایە کەندەکەکەوە هەر زوو پیا هەڵگەڕانەوە، لە چاڵەکە دەرچوونەوە و بەغار دوور کەوتنەوە..

خۆی مت کرد.. بیری کردەوە.. (لەوانەیە لە دیلەکان بن و بەم هێرشە کتوپڕییە دەرفەتی هەڵاتنیان بۆ ڕێکەوتبێت.. لێرەوە دەربازبوون!!).

هەر بەسکەخشکێ لەناو کەندەکەکەوە لەو جێیە دوورکەوتەوە، پەنای بردبووە بەر قوڕ و تاریکاییەکە..

فیشەکێکی پرشنگدار لە ئاسماندا گەشایەوە.. پاشماوەی هاوڕێ لەتوپەت کراوەکەی دەرکەوت، نارنجۆکەکە ڕاستەوخۆ لە باخەڵیا تەقیبۆوە، پارچەی بەخەسار نەچووبوو!

تەخت لەناو لیتەکەدا خۆی مت کرد، هەناسەی لەخۆی بری، تۆپی یەکێ لە تەپکەکان زرمەی دەهات، زۆری نەخایاند تەپکەکەی تریش کەوتە ئاگر وەشاندن.. برێ دڵنیا بۆوە، هێشتا تەپکەکانیان بەدەستەوە ماوە.. ئاگری ئەو دوو تۆپە ڕاست و چەپ ناوچەیەکی بەرفراوانیان دەگرتەوە.

تینی شاڵاوەکە خاوبۆوە، ڕووسەکان دەستیان بەسەر چەند سەنگەرێکی دیکە گرت، بەڵام هەڵوێستەکە هێشتا ساغ نەبووبۆوە..

بیری کردەوە.. (بەزووترین کات دەبێ خۆم بگەیەنمە یەکێ لە تەپکەکانمان..).

ژانێکی سەخت کەوتبووە کەللەیەوە و، وروکاس سەری گێژی دەخوارد، بەڵام هۆشی بەلای خۆیەوە بوو، ئەو تینەی مابوو وەک چرایەکی کز ڕێی بۆ ڕووناک بکاتەوە.. بەهەرەیەکە سەربازانی قاڵەوەبووی لە ناشییان پێ جودا دەکرێتەوە، سەربازێکی نوێ لەم جۆرە هەڵوێستانەدا ورەی دەڕووخێت، چۆک دا ئەدات، خۆی ئەدا بەدەست ڕەوشەکەوە.. بەڵام (گریبەر) لەتوانایدا بوو بیر لەوە بکاتەوە چۆن خۆی بپارێزێت؟ لەکوێوە دەرچێ و خۆی بگەیەنێتەوە هاوڕێکانی.. لەم هەڵوێستانەی گەلێک دیبوو، دەیزانی ڕووسەکان، ئەوانەی زۆر هاتوونە پێشەوە لەو جێیانە بەند نابن، دەکشێنەوە، لەم هێڵەی ئەم تیادا جێماوە، دەگەڕێنەوە دوواوە، بڕیاری دا هەر ئەوەندەی دەرکەوتن، خۆی بکاتە مردوو، لەناو قوڕەکە تەخت لەسەر دەم خۆی مت بکات.. بەڵام تا دەرئەکەون با بوارێکی دیکە لە هاوڕێکانی نزیکتر بێتەوە..

ویستی بچێتە ناو چاڵێکەوە.. خزا..! تەپاوتل لە بنی چاڵەکە گیرسایەوە، چاڵەکە پڕ باراناو بوو دەم و کەپووی پڕ قوڕاو بوون، بۆ ماوەیەک سڕ و شەپرە بوو، خۆی مت کرد، پاشان خۆی خستە سەر پشت، وچانێکی دا، چاوی بەناو چاڵەکەدا گێڕا، دوو سەربازی دیکەی تێدا بوو، کوژرابوون..

بەسکەخشکێ لە چاڵەکە هاتەوە دەرەوە، زرمەی تەقینەوەی چەند نارنجۆکێکی هاتە گوێ، زۆر نزیک نەبوون.. خۆی مت کردەوە، یەک دوو گوللە تۆپ لە نزیک تەپکەکەی لای چەپەوە بەربوونەوە.. تەپکەکە

بەدەم بریسکە و کلّپەی تەقینەوەیان هاتە لەرزە..

ڕووسەکان هێلە بەرگرییەکەیان سمیبوو، لە دوو قۆڵەوە دەهاتن.. دوو پێگەکەی ئەمان هەر زرمەیان دەهات.

(گریبەر) کەوتەوە سکەخشکێ، دەیزانی کە ڕووسەکان دەگەڕێنەوە ڕاستەوخۆ دەچنە سەر چاڵە گەورەکان، یەک بەیەک دەیان پشکنن بەو نیازەی گەورەترین ژمارە سەربازی شەکەت و ماندوویان تێدا دەستگیر بکەن.. تەپاوتل خۆی خستە ناو چاڵێکی گچکەوە. ئەمجا دایکردەوە باران..

تۆپەکان هێورتر بوونەوە.. لە پڕێکا فێیان لێ هاتەوە، گوللە تۆپێک ڕاستەوخۆ پێگەکەی لای ڕاستی پێکا، هەڵی تەکاند، تەڵەزمی بەرد و ئاسن بەپزیسکی ئاگر و بۆی بارووتەوە گشت لایەکی گرتەوە.

ڕۆژ بۆوە، بارانێکی بەخوڕ دەباری.

بەر لە خۆرکەوتن گەیشتەوە ڕیزەکانی خۆیان، (ساور)ی بەدی کرد، بەدەم و لووتێکی خوێناوییەوە لە تەنیشت تانکێکی سووتاوەوە بەدیار دوو سەربازی سپێرەوە وەستا بوو، یەکێکیان ورگی هەڵدڕا بوو، ڕیخۆڵەکانی بەدەرەوە بوون، ناو سکی پڕ باراناو ببوو.

هیچ جۆرە کەرەستەیەکی برینپێچییان نەما بوو، هەشیان بووایە بێ سوود بوو.. سەربازەکەی دیکەیان لە هەڕەتی تۆپ بارانەکەدا خۆی هاوێشتبووە چاڵێکەوە.. لاقێکی شکا بوو..

(گریبەر) چەندی هێنا و چەندی برد حاڵی نەبوو چۆن چۆنی لاق لەو قوڕە نەرم و شلەدا دەشکێ؟!

تیمی تانکە سووتاوەکە برژا بوون، نیوەی جەستەی یەکێکیان لە تاوەری تانکەکەوە شۆڕ ببۆوە، لایەکی دەموچاوی ببووە ڕەژوو، لاکەی دیی تویخی داماڵدرابوو، شینومۆر هەڵئاوسابوو، ددانە سپییەکانی لەنێوان دەمولێوی هەڵقرچاویەوە بریسکەیان دەهات.

سەربازێک لە پەیامنێرەکان لە تەپکەکەی خوارەوە بەماتەماتە دەهات، لە دوورەوە هاواری لێکردن، دەنگی لەرەی دەهات:

– گشتتان لەپەنا تەپکەکان گردببنەوە.. کەس لە چاڵەکانی پێشەوە بەجێ نەماوە؟

– نازانین.. ئەرێ برینپێچەکان لەکوێن، بۆچی دیار نین؟

– ئەوانیش یا کوژراون یا بریندارن! (پەیامنێرەکە کشایەوە دواوە)..

(گریبەر) دڵخۆشی سەربازە ورگ دڕاوەکەی دایەوە:

– هەر ئێستا سارغی و پزیشکت بۆ دێنن.. بریندارەکە وەڵامی نەدایەوە، سامی مەرگ و ژانی زامە سەختەکەی نووزەیان لێ بڕیبوو، بەڕوخسارێکی سپی هەڵگەڕاوەوە لەناو قوڕەکەدا گرمۆڵە ببوو..

(گریبەر) بەسەربازە لاق شکاوەکەی وت:

– ئەم قوڕە ڕێمان نادات لەسەر پارچە چادرێکت درێژ کەین و ڕاتکێشین.. دەست بەشانمانەوە بگرە و هێدی هێدی لەگەڵمان وەرە..

بەو شێوەیە چاڵەوچاڵ کەوتنە ڕێ، زۆر نەڕۆیشتن، ناڵە و هاوار هاواری لاق شکاوەکە بەرز بۆوە، توانای جووڵەی پسا، ناچار بوون لە پەنا دیوارێکی ڕووخاودا بەجێی بهێڵن.. تاس کڵاوەکەیان لەسەر



لێواری دیوارەکە دانا، شوێنەکەیان بۆ تیپەکانی فریاکەوتن دیاری دەکرد..!

هەر لەوێ دوو سەربازی ڕووسی کوژرابوون.. یەکێکیان کەللەی نەمابوو، ئەوی دیکەیان لەسەر دەم تەخت ببوو، قوڕەکە لەژێریا سوور هەڵگەڕا بوو..

(ڕاهی) بریندار ببوو، باسکی بەسارخییەکی شل و شێواو پێچابۆوە، لەژێر بارانەکەدا بەدیار سێ برینداری سەختەوە وەستا بوو.. پارچە چادرێکیان دابوو بەسەریاندا.. هیچ کەرەستەیەکی برینپێچی سوودبەخشیان نەمابوو..

سەعاتێکی نەخایاند، فڕۆکەیەکی (یۆنکەرز)[٤] پەیدا بوو هەندێ ئازووقەی بۆ بەردانەوە، زۆر لە دوور کەوتنە سەر زەوی..!

حەفت سەربازی دیکە لە جێماوەکان پەیدا بوونەوە، گشتیان لەبن دیواری تەپکەکە و ناو سەنگەر و چاڵەکاندا بڵاو ببوونەوە..

(ماس) کوژرا، (ڕایکە) چووە جێگەی، ئەمبار و بەستەکە تەقەمەنییەکانیان پێکرا بوون، دووکەڵیان لێ هەڵدەستا..

تۆپەکانیش تەنها دووانی قورس و دووانی گچکە کەڵکی بەکارهێنانیان مابوو..

دەستتەیەک جەنگاوەری دیکە هاتنە کۆمەکیان، برێ خواردن و تەقەمەنییان لەگەڵ خۆیانا هێنا.. خواردنەکەیان بەش کرد.

کەوتنە بریندار گواستنەوە، سەد مەترێک دوور نەکەوتنەوە، لە ناکاودا کەوتنە بەر گێژەڵووکەیەک ئاگر و تەڵەزمی پۆڵای سوورەوە.. دوو سەربازی لەتوپەت کرد..

گشت ڕێوبانەکان کەوتبوونە ژێر زەبری تۆپخانەی ڕووسەکانەوە..

دەوروبەری نیوەڕۆ بارانەکە خۆشی کردەوە، هەتاو دەرکەوت سروشت گەرم داگەڕا، ڕووی خاک هێدی هێدی کزر و تورت دەبۆوە..

ڕاهی وتی:

– کاتی ئەوەیان هاتووە تانکە سووکەڵەکانیان بەربدەنە گیانمان.. خودا فەوتتان بکات کوانێ..؟ زرێ سمەکانتان چی لێ کرد.. لەکوێن دەبوایە ئامادە بوونایە.. زووکەن دەی تا پەیدا نەبوون و قەلاچۆیان نەکردووین.

شەڕە تۆپ درێژەی خایاند، پاش نیوەڕۆ بازنەیەک فڕۆکەی یۆنکەرز لە ئاسماندا دەرکەوت، پۆلێک (مستەر شمیدت)یان(٥) پشتیوان بوو.. هەر زوو ستۆرمۆفیکەکانیان بەگژداچوو، شەڕەکە لە ئاسماندا گەرم هەڵگیرسایەوە..

ڕووسەکان دوو فڕۆکەیان پێکرا، جووتێکی ئەڵمانیش ئاگریان تێبەر بوو، بەدەم لوورەوە بەنووکا بەرەو زەمین گلۆر بوونەوە..

(یۆنکەرزەکان) قورس بوون، نەیانتوانی نزیکتر ببنەوە، بارەکانیان لە دوور بەردایەوە، مستەر شمیدتەکان بەگژ ستۆرمەفیکەکاندا چوونەوە، ئەگەرچی گورج و خێرا بوون بەڵام ژمارەیان کەمتر بوو..

بۆیە زوو کشانەوە..

بۆ ڕۆژی دوایی هەناسەی مەرگ هەموو لایەکی گرتەوە، (گریبەر) بەبیست و دوو سەربازەوە کەندەکێکی گرتبوو، کەشەن و ماندوو چاوەڕوان بوون، (ڕایکە)ش هەمان ژمارە سەربازی لەژێر دەستت بوو، لەو سەدوبیست سەربازەی لقەکەی لێ پێکدەهات، تەنها ئەوەندەیان مابۆوە، ئەوانی دیکە یا بریندار، یان کوژرابوون..

(گریبەر) هەردوو لاقی درێژ کردبوو، پشتی نابوو بەدیواری کەندەکەکەوە، خەریکی تفەنگەکەی بوو خاوێنی دەکردەوە.. وەک ئامێرێکی بێ دەنگ و دەبەنگ، بەبێ ورتە کاری دەکرد و دەیکردەوە.. هەمیشە ئامادە و چاوەڕوان بوو، نەیدەزانی چی کردووە و چی دەکات.. چەند جارێک بەدانیشتنانەوە خەو بردییەوە، بەڵام زوو زوو دائەچڵەکی، ملی بڵند دەکردەوە، چاوی دەگێڕا، هەموو بیرولێکدانەوەیەکی هاتبووە سەر بەرگری کردن و بەرگری کردنەوە.. بەرگریی لە ژیانی دەکرد.

پاش تۆپ بارانێکی چڕوپڕ لەگەڵ سپێدەی بەیاندا تانک و زرێلیی ڕووسەکان هێرشیان هێنایەوە..

هێڵی تەلەفۆنەکان پسانەوە، چەند جارێک بەیەکیان گەیاندنەوە بەڵام بێ سوود بوو، هەر پسانەوە..

کۆمەکە چاوەڕوان کراوەکەیان پێ نەگەیشت، تۆپخانە کز و لاوازەکەیان بەشەرمەوە وەڵامی تۆپخانە کوشندەکەی ڕووسەکانی ئەدایەوە.. سەنگەرەکانیان چەند جارێک دابێژرا، بەڵام خۆیان ڕاگرت..

بەناو سەنگەر بوون.. تەنها چەند تەپۆڵکە و چاڵێکی داڕووخاویان لێ مابۆوە، هەڵتەکابوون، لەو دەریالووشە قوڕ و چڵپاوە وەک کەشتییەکی دەفە شکاو بەدەم وەیشوومەیەکی دڕندە و هارەوە دیلانییان دەکرد..

پاش شەش گوللە تۆپی ئاراستەکراو ئەوەی لە تەپکەکان مابوو نەما، سەربازەکان بەناو داروبەردە داڕووخاوەکاندا بڵاوبوونەوە.

(گریبەر) زامەکەی سەرشانی بۆ نەپێچرایەوە بەنەختێک کۆنیاک برژاندیەوە، تاوێکی دیکە ئاگر و ئاسنیان بەسەردا دابارییەوە، زامێکی دیکە لە گیانیا دەمی کردەوە، هیچ هەست و هۆشێکی بەلای خۆیەوە نەما بوو، هەموو شتێکی لەیاد چووبوو، ئەو شارەی بەر لە دوو هەفتە پیاسەی لە شەقامەکانی دەکرد.. (ئەلیزابێث).. نەمان، بوون بەخەونێکی لەیادچووی نێوان دوو قۆناغ مەرگی شێت و بەلەسەوە.. شێوەیەک بوون، خێرا بەبەرچاویا ڕەت بوون.. هەر زوو بزر بوون..

ماوەی نیو سەعاتێک چاوێکی گەرم کرد، خەوێکی شپرزە و قرچۆک بوو، خۆ دزینەوەیەکی ساویلکە و بێ دەستەڵات بوو..

هاژەیەکی تیژ هات!

مووشەکێک وەک ئەژدەرێکی باڵدار بەسەریاندا فیشکاندی.. داچڵەکی، سەنگەرەکەی تەنیشتیان تۆپەڵێک کۆنکریتی هەڵتەکاوی لێ مایەوە..

تانکەکان دەرکەوتنەوە.. هاتن، نزیک بوونەوە، پیادەیەکی بێ شومار یان لەدوو دەهاتن..

ڕیزەکانی پێشەوەیان هەڵکەندران، هیچیان لەگەڵ تانکدا پێ نەدەکرا.. بەڵام پیادەکانیان بەچڕی



گوللەباران کرد..

لوولەی تفەنگ سووربۆوە، تویخی بەدەست و پەنجەوە نەهێشت.. کۆڵیان هەرنەدا، ئەوانیش هەر دەهاتن، دروێنە بوو، دروێنەیەکی بێ وچانی ژیان بوو، وەرزی مەرگ و فەنابوو..

تۆپخانەی ڕووسەکان لەترسی لێدانی پیادەکانیان لە تەقەکردن کەوتن..

لەپڕێکا دوو تانک لایان دا، ڕاستەوخۆ شکاندیانەوە سەریان.. لێیان هاتنە دەست، کەوتنە گوللە باران کردنیان.. بەتفەنگ تەقەیان لێدەکردن! لە تفەنگ پتر هیچی دیکەیان بەدەستەوە نەبوو بەرەنگاری ئەو جانەوەرە پۆڵاییانەی پێ ببنەوە، مشتیان لە کون و پەنجەرە تەنگەکانی تانکەکان دەگرتەوە.. تەقەیان دەکرد و تەقەیان دەکردەوە..

تانکەکان دیسانەوە لایان دایەوە، بەبازنەیەکی گەورە دوورکەوتنەوە، دوور لە دەستەڵات و حوکمی ئەو تفەنگە گەرم بووانە ڕاوەستان، لەوێوە بەگوللە پرژێنە قورسەکانیان دایانگرتنەوە..

چی لە تەپکە مابۆوە، بەدەم زرمەی گوللە تۆپێکەوە داڕووخا..

(ڕایکە) نەڕاندی:

– کوا.. نارنجۆکەکانتان چی لێکرد.. بێنن، سندووقێکم فریاخەن..

هەندێک بۆمبی نارنجۆکی بەگوریسێکەوە هۆنییەوە، گوریسەکەی لەخۆیەوە ئاڵاند..!

لەبن سەنگەرە داڕووخاوەکانەوە بەسکەخشکێ بەرەو تانکەکان جما.

(ڕاهی) فەرمانی پێدان:

– با دوو تۆپ تانکەکان ئاگرباران کەن دەیویست (ڕایکە) بپارێزێ..

چاویان لێی بوو لە یەکێ لە تانکەکان نزیک دەبێتەوە.. تۆپەکان کەوتنەوە قروسکاندن.. چاڵاکی لە تانکێکیان بڕا.. زرمەی هیچ تەقینەوەیەکیان نەهاتە گوێ، ئاگر و دووکەڵیان نەدی.. بەڵام یەکێ لە تانکەکان پەکی کەوت..!

(ئێمەرمان) هاواری کرد:

– پێکامان، لێمان دا!

تانکەکە سڕ ببوو، تۆپەکان کەوتنە گوللەباران کردنی تانکەکەی تر.. پاشەو پاش گەڕایەوە دواوە، لەپ ڕێکا لە جێی خۆی خولایەوە و بۆی دەرچوو.

(ڕاهی) فەرمانی دایەوە:

– هۆشیار بن، تەنها ئەو دوو تانکە نەبوون، شەش دانە بوون، ڕێگەیان مەدەن بکشێنەوە، با تۆپەکان ڕێگەیان لێ بگرن، بوواری پیادەکانیشیان مەدەن.. بەردەوام بن تەقەیان لێبکەن.. کۆڵ مەدەن.

وەختێ ڕەوشەکە هێور بۆوە، لە توانایاندا بوو بڕێ بیربکەنەوە!.. (ئێمەرمان) پرسیاری کرد:

– کوا (ڕایکە)، چی لێهات؟ بانگی کەن.

(ڕایکە) نەگەڕایەوە، کەسیش نەیدییەوە!

بەدرێژایی ئەو پاش نیوەڕۆیە بەربەرەکانی شاڵاوی بەزەبری ڕووسەکانیان کرد.. سەنگەرەکانیان بەناو

سەنگەر بوون..

تەقەکردن هاتە کزی، بەڵام بەردەوام بوو، ئەو تین ڕەقەی پێی گەرم بوون برێ دامرکایەوە.. تۆپەکانیش دەنگیان نەدەهات.. ئەڵمانەکان گوللەتۆپیان هاتبووە کزی، ڕووسەکانیش پشوویان ئەدا..

ژەمێ خواردنیان بەدەم شەڕە تفەنگەوە خوارد، خۆراکی قوتوو بوو، لە باراناوی ناوچاڵە بۆمباکانیشیان دەکرد بەسەرا..

کەش گەرمتر داگەڕا، بۆی باروت و خوێن لە کەندەکەکاندا پەنگی خواردبۆوە، کوژراوەکان هێدی هێدی دەئاوسان.. ئەوەی توانای خەوتنی هەبوو، خەوت..

هیچ زانیارییەکیان دەربارەی لەشکرەکانی دیکەیان نەبوو، نەیاندەزانی پەیوەندییان پێیانەوە ماوە یان نەء..

دەمەدەمی ئێوارە کەوتنە بەر شاڵاوی ئاگربارانێکی بەهێز و چڕەوە.. لە ناکاودا دامرکایەوە..

سەربازەکان گورج بوونەوە، هەریەکەو خۆی لە پەنایەکدا حەشاردا، چاویان دەبریسکایەوە، دەست و پەنجەیان لە لوولە و پەلەپیتکەی تفەنگەکانیانەوە ئاڵابوو چاوەڕوان بوون..!

چاوەڕوانی شەپۆڵی یەکەمی شاڵاوەکە بوون بگاتە سەریان.. هیچ دیار نەبوو..

چاوەڕوانییەک بوو لە کوشتارەکە کوشندەتر.

بەر لە سپێدەی بەیان.. کاتژمێری سێ، سەنگەرەکانیان سەرەوژێر کرا، گشتی بەسەریەکدا داتەپی.. شەش سەربازی دیکەیان لێ کوژرا، سێ برینداریشیان هەبوو..

ئاکامەکەی لە توانایاندا نەما، لە هەموو ڕوویەکەوە پسان.. تەنها کشانەوەیان لەدەست دەهات..

فەرمانیان پێدرا، کەوتنە خۆیان، سەربازە ورگ دڕاوەکەیان بەکۆڵ گواستەوە.. زۆر دوورنەکەوتنەوە ئەویش مرد..

ڕووسەکان لێیان نەگەڕان، پەلاماریان دانەوە، ئەمانیش تەنها دوو تۆپیان بەدەستەوە مابوو، پەنایان بردە کەندێکەوە، تۆپەکانیان دامەزراندەوە و کەوتنەوە کار.. ڕووسەکان هەڵە لە توانای ئەڵمانەکان حاڵی ببوون.. نەهاتن.

دەرفەتێک بوو خۆیان گرد بکەنەوە.. ڕووسەکان زۆر دوانەکەوتن.. هاتن.

(ساور) کوژرا، گوللەیەک کەللەی سمی، بەبێ نووزە تەپی.. (هێرشمان)یش بەدەم غار کردنەوە پێکرا، لەجێی خۆیدا هەڵبەزییەوە و ساردبۆوە.. (گرێبەر) گەیشتە سەری، تەرمەکەی ڕاکێشایە ناو چاڵێکەوە.. بێ لە کەللەی گوللەیەکی دیکە بەسینگیەوە بوو..

باخەڵی پشکنی جزدانەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، خەڵتانی خوێن ببوو.. نایە باخەڵیەوە..

بەهەر شێوەیەک بوو، ئەوانەی لە تیپەکە مابوونەوە خۆیان گەیاندە چەند هێڵێکی دیکەی بەرگری کردنەوە..

لەوێش دانەمەزران، بە پەلە ڕەوانەی ڕیزەکانی دواوە کران..

هێزەکەیان بەقوولایی چەند کیلۆمەترێک کشابۆوە دواوە..



کاتێک تیپەکەیان سەرژمێر کرا.. تەنها سی سەرباز بوون.

***

بەرێکەوت (فریزنبۆرگ)ی لە مەڵبەندێکی برینپێچیدا دیبیەوە..

مەڵبەندێکی گچکە بوو، بەپەلە دامەزرا بوو..

(فرینزنبۆرگ) لاقێکی بەسەختی پێکرا بوو.. بۆنی دەهات! بە(گرێبەر)ی گوت:

– ویستیان بیبڕنەوە.. بڕیاری ئاوەڵ پزیشکێکی گەمژوگەلۆر بوو، پیاوێکی کەللەپووتی نەخوێندەوارە، بەگوێم نەکرد.. ئێستاکەش جێگەیەکم لە ماشێنێکی فریاگوزاری دابین کردووە، بەرێکەوت پەیدا بوو، بڕیار وایە بەیانی دەرچین.. دەبێ ئەم لاقەم نیشانی پزیشکێکی پسپۆر بدەم..

لەسەر پشت تەخت درێژ ببوو، لاقە کۆڵەوارەکەی گیرابووە گەج..

چەرپاکەی لە تەنیشت پەنجەرەیەکەوە بوو، دەینواڕییە سەر تەختاییەکی بەرین و گەشی پڕ لە جۆرەها گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی بەهار..

بۆنێکی ناخۆش ژوورەکەی پڕ کردبوو.. سێ برینداری دیکەی لێبوو.

(فریزنبۆرگ) پرسیاری کرد:

– ڕاهی چۆنە؟

– گوللەیەک لە باسکی داوە.

– لە خەستەخانەیە؟

– نەء، بەدیار سەربازەکانیەوەیە.

– دەبێ وا بکات (نیوەی دەموچاوی پێدەکەنی) گەلێکن ئەوانەی وەکو (ڕاهی) بەهیچ شێوە و بەهانەیەک قاییل نابن لە بەرەکانی جەنگ دووربکەونەوە.

– بۆچی؟

– نائومێدن، دەستیان لە هەموو شتێک شتووە، هیوا و باوەڕیان بەهیچ نەماوە.

(گرێبەر) لە خەندە خنکاوەکەی (فرینزنبۆرگ) ورد دەبۆوە.. ڕوخساری زەرد و شێواوی بەجارێک سەرنجی ڕادەکێشا:

– ئەی تۆ؟

(فریزنبۆرگ) دەستی بۆ لاقە ڕزیوەکەی ڕاکێشا:

– نازانم.. با جارێ بزانم ئەمە چییە..

بایەکی گەرم لە پەنجەرەکەوە هاتە ژوورەکە:

– سەیرە، کاتێک کە بەفر و بەستەڵەک بوو، قەت لەو باوەڕەدا نەبووین بگەینە هاوین.. ئەوەتا لە پڕێکا هات..

– بەڵێ..

– باسی ئەڵمانیام بۆ بکە.

– نازانم.. حاڵی نابم بۆچی هیچم نایەتەوە یاد، جاران هەموو شتێکم بەئاسانی یاد دەکردەوە.. ئەو

توانایەم نەماوە، ئێرە و ئەوێم لێ بووەتە یەک ئەگەرچی لەیەکیشەوە دوورن!.. هیچ کامیان بەدروست نازانم.

– گشتمان لە ڕاستییەوە دوورین.

– هەتا لەوێ بووم وام دەزانی لە ڕاستییەوە نزیکم، هەموو دیمەن و ڕووداوێکم بەبێ لەکە دەهاتە پێش چاو.. کەچی ئێستاکە دڵنیا نیم.. ئەوەندە نەمامەوە، بۆ ماوەیەکی کورت لەم گەڕەولاوژە و هەرایەی ئێرە دوورکەوتمەوە.. وام دەزانی تەواو ئیتر ناکوژرێم!

– تەنها کەس نیت ئەمەی بەبیردا هاتبێت.

– بەڵێ، بەڵێ.. پێم بڵێ هەست بەئازار دەکەیت؟

(فریزنبۆرگ) سەرێکی بۆ لەقاند:

– لێرە شتێکیان هەیە هەرگیز بەتەمای نەبووم! مۆرفین..! مۆرفینیان هەیە دەرزیەکیان لێداوم، تا ئێستا کاریگەرە.. ئازارم هەیە، بەڵام هەستی پێناکەم، کاری مۆرفینەکە یەک دوو سەعاتێک دەخایێنێ.. ماوەیەکە تیادا دەتوانم بڕێ بەبێ ئازار بیری تێدا بکەمەوە..

– هیچ ئاسنەڕێیەکی نزیک لەم دەوروبەرە نییە؟

– ماشێن هەیە، تا وێستگەیەکی نزیکی شەمەندەفەرم دەگەیەنن..

– کەواتە هیچمان لێرە نامێنینەوە.. تۆیش دەڕۆیت؟

– لەوانەیە چارەسەرم بکەن، ئەوسا دێمەوە.

لە یەکتری ورد دەبوونەوە، دەیانزانی وانییە، (فریزنبۆرگ) وتی:

– هەتا ئەم مۆرفینە لە خوێنمدا بگەڕێ، بەو هیوا و باوەڕەوە دەژیم کە دەگەڕێمەوە.. ژیانیش هێندە کورتە سامێکی گەورە دەخاتە دڵەوە! ڕووداوەکانی هێندە کتوپڕ و خێران هەرگیز دەرفەتێک نارەخسێ لێی حاڵی ببین.. ئەی وانییە؟.. بەڵێ قۆناغێکی لێ نابڕین خێرا یەکێکی دیکەی بەدوودا دێت، ئێستاش بەهۆی ئەم مۆرفینەوە کەوتوومە نێو ڕەوشێکەوە وەکو بواری نێوان دوو جەنگی گەورە وایە، پێشی ژان و ئازارە، پاشیشی هەر ژان و ئازارە، قۆناغی یەکەمم بڕی، ئەوەتا خەریکم پێ دەنێمە قۆناغی دووهەمەوە.

– ئەی بڕیاری چیت داوە، بەتەمای چیت؟

نیوە خەندەکە ڕوخساری (فریزنبۆرگ)ی گرتەوە..

– نازانم، سەریان لێ شێواندم، نازانم چیم لێدەکەن، دەبێ چاوەڕوان بم، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم بتوانم لێرە دەرچم، هەمیشە لە چاوەڕوانی مەرگدا بووم، لەم دەشت و دەرە کۆتاییم بهاتایە.. دەبێ ڕابێم، بەم نیوە ژیانە قایل بم.. ئایا دەتوانم؟.. نازانم، وا ڕانەهاتووم بایەخ بەم تورەهاتانە بدەم، چونکە ژیانم دەرهەق بەم بەشداربوونە دانابوو، ئێستاش کەوتوومە نێو گێژێکەوە، مێشکمی شڵەقاندووە، وام دەزانی مەرگ هەموو شتێک دەسترێتەوە، بەڵام وانییە.. (ئەرنەست) هەست دەکەم ماندووم.. جا بەر لەوەی هەست بەبێدەستەڵاتییەکەم بکەمەوە، دەمەوێ چاوێک گەرم کەم.. بڕێ بخەوم.. ئاگات لەخۆت بێت (دەستی بۆ گرێبەر درێژ کرد.. دەستی یەکتریان گوشی..).

– تۆش ئاگات لەخۆت بێ.



– بەڵێ، بەڵێ.. منیش!.. چی بکەین ئێمەش وەکو زۆربەی خەڵکەکە واین.. ڕەوشتە دواکەوتووەکەیە، شەیدای ژیانین، ناتوانین دەستی لێهەڵگرین، بەتایبەتی لەو کاتە ناسکانەدا کە هەست دەکەین خەریکە لەدەستت دەچێت، جاران وا نەبووم.. لەوانەیە هەڵەبم، هیوایەک هەر مابێت.. دەی، زۆر دەمێکە ئەم جۆرە شتانەم لە بیرخۆم بردۆتەوە.. بەڵێ، دەمێکە ئەوەم لەیاد چووە کە ئەو دەستەڵاتەمان لە دەست ماوە کە توانای خۆکوشتنە.. یەزدان ژیانی پێ بەخشیوین، لەگەڵ ئەو ژیانەش مێشکی پێ داوین.. (گرێبەر سەرێکی بادا، فریزنبۆرگ بەدەم خەندە نامۆکەیەوە وتی) نابێ کاری وامان لێ بوەشێتەوە.. مەرجە و ئەرکی سەر شانتە هەتا هەتایە هەر لە کۆشش و خەباتدا بیت، هەوڵ بدەیت ئەوانەی ڕوویان دا جارێکی دیکە ڕوونەدەنەوە!

(گرێبەر) لەناو دەرگاکەوە ئاوڕێکی لێدایەوە، (فریزنبۆرگ) هەردوو چاوی قوچاندبوو..

***

ڕووەو بنکەی تیپەکەیان ڕێگەی گرتەوە بەر.. ئاسمانی ئەو ئێوارەیە سوور داگەڕابوو.. ماوەی چەند ڕۆژێک بوو باران بڕابوو، خاک کزر ببۆوە، کێڵگە سەوزە بێ نازەکان بەگوڵی کێوی بەهارە ڕازابوونەوە..

گرمە و زرموهوڕەکەی بەرە دەگەیشتە ئەو دەوروبەرە..

لەپڕێکا، چووە جیهانێکی دیکەوە، هیچ پەیوەندییەکی بەو ناوەوە نەما.. ئەم هەستەی گەلێ جار تاقی کردبۆوە، چەندین شەو لە خەو ڕاپەڕیوە، بەجووتێک چاوی زەقەوە نواڕییەتە تاریکی، نەیزانیوە لەکوێیە، وەک لەم جیهانە تەرە بووبێت، ئاوارە و بێ کەس لە تاریکاییدا پەلی دەکوتا..

بزرە.. ئاوارە بوونێکی تەواو ئاوارە بووە.. نەدەترسا، بەڵام هەستی دەکرد وەکو منداڵێک، منداڵێکی بچکۆڵانە.. لە بیابانێکی کاکی بەکاکی بەجێ ماوە، کزۆڵەی کردووە و دەستەمۆی زەبری بەسامی تەنهایی بووە، لە هەموو ڕێگە و ئاوەدانییەکەوە دوورە.. هێندە دوورە لەو بوارەی لە مێشکیا مەزەندەی کردووە، دوورترە..!

هەردوو دەستتی نابووە گیرفانیەوە، دەینواڕییە ئەو دیمەنە کپانەی دەوری، ماتیی لە گوندە وێرانەکان و کێڵگە جێماوەکان دەنۆشێ.. لە دوور ڕووناکاییەکانی هێڵی شەڕ دیار بوون، پرژیان دەهاوێشت، دەبریسکانەوە، چرا و ڕۆشنایی ئەو سەردەمە تاریکە بوون، تینییان لە جۆرێک بوو دڵ و دەروونی دەستمی، نائومێدییان تێکەڵ بەخوێن و هەناسەی دەکرد.

دەستێکی بەنامەکانی ئەلیزابێثدا هێنا، لە گیرفانیا بوون، باخەڵیان پڕ سۆز و خۆشەویستی کردبوو.. بەڵام چرای ڕۆشنی ماڵێکی دامەزراو نەبوون.. جۆرە خەونێک بوو هەستی پێدەکرد، دەبینرا.. بەڵام بۆی نەدەگیرا، لەنێوان پەنجەکانیەوە دزەی دەکرد و بەبادا دەچوو..

کاتێک کە لە نیشتمان بوو، توانیی مۆمێک داگیرسێنێت ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ڕووناک بکاتەوە.. بەر لەوەی بان و بنمیچێک دروست بکات، چرایەکی لە کەلاوەیەکدا داگیرساند، لەبری ئەوەی بۆی بڕازێنێتەوە، هەموو نابوتی و خەمەکانی ژیانێکی خاکساری لێ ئاشکرا کرد..

تا لە وڵات بوو هەستی بەمانە نەدەکرد! تروسکەیەک بوو بەپەرۆشەوە بۆی چوو، وای دەزانی ئەوەی بەسە ژیانی بۆ ڕووناک بکاتەوە.. وانەبوو!

ویستی خۆی لەو لێکدانەوانە بدزێتەوە، قورس و بەسام بوون، ڕەق و وشک، بێ بەزەیی بوون، بێ ئەمەکی ئەو توانایەیان ئاشکرا دەکرد کە هەموو ئاواتێکی پێوە بەند کردبوو.. شتێک بوو پڕ بەهەموو سۆز و دەروونی، هەموو توانا و دەستەڵاتێکی هەڵتەکاندبوو..!

نامەکانی ئەلیزابێث شادومانییەکی تایبەتی بوون! توانای پەڕینەوەی گۆمە قووڵەکانی خەم و ئەو نائومێدییە ڕەشە جیهانگرییەیان نەبوو کە هەموو لایەکی گرتبۆوە..

هەرچەندە نامەکانی (ئەلیزابێث)ی وشە بەوشە لەبەر بوو.. بەڵام دەری هێنان، کەوتەوە خوێندنەوەیان، هەست و سۆزەکانی تەنهایی و ئاوارەییان هروژاندەوە.. ئەو ئارام و شادییەی لێی دەنۆشین تێنوێتیان نەدەشکاند.. هەر ئەوەندەی لە خوێندنەوەیان دەبۆوە خەم و پەژارە بێ سنوورەکانی دەبووژانەوە..

شادمانییەکی بواری کورت بوو، بەفەرمانێکی سەربازی پێی درا! دەرفەتێک بوو دەر لە کەنارەکانی تەمەنییەوە هاتە ڕێی!

سەربازان تەمەنیان هەر ئەو وادەیەیە کە لە بەرەکانی جەنگدا دەیبەنە سەر..

نامەکانی قەد کردەوە، لەگەڵ نامەکانی باوکی توند لە باخەڵیا قایمی کردنەوە..

نەدەبوو پەژارەکانی ئاوەها بهروژێنێت، (فریزنبۆرگ) ڕاستی کرد، دەبێ خۆی گێل بکات، وەکو هەموو کەسێکی دیکە خۆی بدا بەدەم شەپۆڵەکەوە، بەهیچ شێوەیەک بیر لە مەتەڵە ئاڵۆزەکانی ئەم جیهانە نەکاتەوە، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە چارەنووسی بەجۆرەها تەڵە و داوی ترسناک گەمارۆ دراوە..

ئەوەی بەلایەوە گرنگ بوو، (ئەلیزابێث) بوو وەکو شتێکی لەدەستچوو یاد نەکاتەوە.. نامەی هەیە، تا نامەکانی (ئەلیزابێث)یشی لە باخەڵدا بێت، (ئەلیزابێث)ی بۆ دەمێنێت..

لە گوندەکە نزیک بۆوە..

گوندەکانی ڕووسیا بەشێوەیەکی وا وێران کرابوون هەرگیز بەبیردا نەدەهات ڕۆژێ لە ڕۆژان ئاوەدان بکرێنەوە..

پیادەڕێیەکی بەناو هەندێ دارودرەختدا گرتەبەر، چووە سەر پاشماوە و شوێنەواری خانوویەکی سپی.. لە خانە و کوختەکانی دیکە نەدەچوو.. لەمێژا، لە وادەیەکی دێریندا، کۆشکێک بووە لە باوەشی باغێکی پڕ درەختی بەرداردا ژیانێکی خۆشگوزەرانی تێدا دەبرایە سەر..

گەلێ گوڵ و ڕووەکی ڕازاندنەوە لە باخچەکە هەڵیاندابۆوە.. پەیکەرێکی گەورەی لێ دەرکەوت، لە تەنیشت ئاوزێڵێکی چڵکنەوە قوت ببۆوە.. پەیکەری خواوەندی شوانکاران بوو، شمشاڵی لێ ئەدا.

هەرا هەرایەکی هاتە گوێ، چاوی گێڕا..! دەستتەیەک سەربازی هەرزە و چوختی بوون، بەدەم شەڕە جنێو و زرمەزلێوە بەدرەختەکاندا هەڵدەگەڕان.. لەدووی چەند دەنکە گێلاسێکی تفتدا دەگەڕان بیخۆن..

---

١– ستۆرمۆفێک: فڕۆکەیەکی جەنگاوەری ڕووسەکان بوو.

٢– ڕووناکاییە پشکنەرەکان: اضواء كاشفة.

٣– فیشەکە پرشنگدارەکان: طلقات التنوير.

٤– یۆنکەرز: جۆرێک فڕۆکەی بارهەڵگری جەنگاوەری ئەڵمانی بوو.

٥– مستەر شمیدت: جۆرێک فڕۆکەی جەنگاوەری ئەڵمانی بوو.



# 27

(شتاین بێرنەر) لێوی دەکرۆشت! چاوە ڕقاوییە دڕندەکانی بەبێزکردنەوە بڕیبووە چوار دیلی ڕووسیەوە.. وتی:

– چەتەن..

دوو پیاو و دوو ژن بوون، ئەو بەیانییە گەیشتبوون، لە گۆڕەپانی گوندەکە ڕاگیرا بوون.. ژمارەیەکی زۆر سەربازیان لە دەور کۆبووبۆوە.. هەریەکە و بەشێوەیەک تێی دەڕوانین.

یەکێ لە ژنەکان خانمێکی باریکەلەی باڵا بەرز بوو..

(گرێبەر) وتی:

– نەء چەتە نین.

– با لەوانن.. چۆن ئەزانیت کە لەوان نین؟

– زیاتر لە جووتیارە پەرەوازە و دەربەدەرەکان دەچن.

(شتاین بێرنەر) گاڵتەی پێدەهات:

– بەگوێرەی بۆچوونەکانی تۆ بێت.. هیچ تاوانبارێک بەسزای خۆی ناگات.

(گرێبەر) لەدڵی خۆیدا گوتی.. (ڕاست دەکەیت، دەبوایە تۆش بەر لە هەموو تاوانبارێک سزا بدرابایتایە..) چاوی بە(ڕاهی) کەوت بۆ لای ئەمان دەهات..

لە دوورەوە پرسیاری لە چاوەشەکە کرد کە دیلەکانی پاس دەکرد:

– ئەمانە چین؟.. چییان لێ بکەین؟

– لەم دەوروبەرە گیراون، تا لێیان دەپرسرێتەوە بەئێوەیان دەستپێرن!

– هەر ئەمەمان ناتەواوە.. بەڵای ئەرز و ئاسمان بەسەردا داباریوە، ئەمانەشیان هاتنە پاڵ.. باشە بۆچی ڕەوانەی فەرماندەیی گشتییان نەکردن.. (چاوەڕوانی وەڵام نەبوو، دەیزانی کە فەرماندەیی گشتی جێوڕێیەکی دیار و دامەزراوی نییە.. خۆ ئەگەر خۆشیان بکەنە خاوەنی مەسەلەکە، هەر ئەوەندەیە نوێنەرێکیان بنێرن، چەند پرسیارێکی بێ تام و سواو لە دیلەکان بکات، ئەمجا ڕاپۆرتێکیان لەسەر بەرز بکاتەوە تیادا ڕای گوللەبارانکردنیان پێشنیار بکات.. ئەمانیش جێبەجێی بکەن..!)

(شتاین بێرنەر) وتی:

– خانوویەکی گەورە لە دەرەوەی گوندەکە هەیە، دەبێ کاتی خۆی میوانخانە بووبێت، ژێرزەمینێکی گچکەی هەیە، دەرگەیەکی توکمەی ئاسنینی لەسەرە..؟ بۆ لەوێ قایمیان نەکەم؟..

(ڕاهی) چاوێکی پەستی تێکرد، دەیناسی.. دەیزانی لەدووی چی دەگەڕێ، چۆن بەناوی گەیاندنیانەوە بەهانەیەک بۆ کوشتنیان بدۆزێتەوە.

چاوی بە سەربازەکاندا گێڕا، (گرێبەر)ی بەدی کرد:

– گرێبەر، وەرە.

(گرێبەر) چووە بەردەمی، چاویان بڕیبووە چاوی یەک.

– ئەم دیلانە ئەدەمە دەست تۆ، هەر شتێک ڕوودات تۆ بەرپرسیاریت.. دەی بیان بە، با (شتاین بێرنەر)ش ئەو شوێنەی باسی کرد نیشانت بدات.. باش بیپشکنە و تەماشای بکە، دەرگەکەی تاقی بکەرەوە بزانی بەکەڵکی زیندانی کردنی ئەمانە دێت.. ئاگادارم بکەوە.. دەی بڕۆ دوو سەربازیش لەوانەی خۆت بەدیاریانەوە دانێ.. تەنها تۆ بەرپرسیاریت، تێگەیشتیت؟

– بەڵێ گەورەم.

***

یەکێ لە دیلەکان دەشەلی، دەمار و ڕەگە ئاوساوەکانی دەستومەچەکی پیرەژنەکەشیان مۆر هەڵگەڕابوون، پاوپۆزی خانمە باریکەلەکەش ڕووت بوو، نەپێڵاوی لەپێدا بوو نە گۆرەوی.

لە گوندەکە دەرچوون، (شتاین بێرنەر) سیخورمەیەکی لە دیلێکیان دا.. لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو:

– دەی ڕاکە.. هەڵبێ؟

دیلەکە ئاوڕێکی لێدایەوە، (شتاین بێرنەر) پێدەکەنی:

– هەڕاکە.. قورتار بە.

پیرەمێردەکە شتێکی گوت، لاوەکە بەگوێی (شتاین بێرنەر)ی نەکرد، (شتاین بێرنەر) شەقێکی تێهەڵدا:

– دەڵێم هەڕاکە، کەرە.

(گرێبەر) هەڵی دایێ:

– لێی گەڕێ.. گوێت لە (ڕاهی) نەبوو چی گوت؟

– با هەڵبێن، مەبەستم پیاوەکانە.. ناهێڵین زۆر دوورکەونەوە چارەیان دەکەین، ژنەکانیش گل ئەدەینەوە، لاوەکەیان بۆ شەو..

– دەڵێم لێیان گەڕێ و لاچۆ لەبەر چاومدا.. ئەم دیلانە بەمن سپێردراون، هیچ دەستەڵاتێکت بەسەریاندا نییە.

(شتاین بێرنەر) بەنیگایەکی زەقەوە تەماشای لاقوپووزی ڕووتی کیژە دیلەکەی دەکرد:

– هەر دەکوژرێن، ئێمەش نەیانکوژین، یەکێکی دیکە دەیانکوژێت، دەتوانین لەگەڵ مێچکەکەشیاندا برێک ڕابوێرین.. تۆ ئەوەندە نییە لە وڵات گەڕاویتەوە، بۆیە ئاوەها ساردوسڕیت.

– دەمت دابخە، بۆ بیرێک لە دەستگیرانە ڕەسەنەکەت ناکەیتەوە.. تۆ تەنها ئەوەت لەسەرە شوێنەکەمان نیشان بدەیت و هیچی تر..

***

گەیشتنە کۆشکە سپیەکە.. (شتاین بێرنەر) پەست بوو:

– گەیشتین، ئەوەتا ئەوێیە (پەنجەی بۆ ژوورێکی نەوی بەردین درێژ کرد، دەرگایەکی ئاسنینی لەسەر بوو، ڕاستوچەپ بەشیشی ئەستوور تەنرا بوو.. دەرگاکە لە دیوی دەرەوە قایم دەکرا.. دیار بوو ئەو جێیە



بەر لەوەی ئەو دەرگایەی تێبخرێت وەکو گەوڕ بەکار هێنراوە..).

(گرێبەر) خۆی بە ژوورەکەدا کرد، ناو فەرشەکەی بەچینێک کۆنکریتی ئەستوور فەرش کرابوو، دیوارەکان تۆکمە و ساغ، کون و کەلەبەریان تێدا نەبوو ..

دیلەکانی پشکنی.. دوو سەربازی لە نوێکان لەگەڵ بوو، لە ئامادەباشیدا وەستابوون لوولەی تفەنگەکانیان ئاڕاستەی دیلەکان کردبوو..

دیلەکانیان یەک لەدووی یەک کردە ژوورەکەوە.. دەرگاکەی لەسەر داخستن، قوفڵەکەی تاقی کردەوە قایم بوو..

(شتاین بێرنەر) لەنێوان شیشەکانەوە تەماشای دیلەکانی دەکرد، پێی ڕادەبواردن:

– مەیموون، هەر لە مەیموون دەچن.. مۆز ناخۆن؟.. مۆز، مۆز مەیموونەکان.

(گرێبەر) فەرمانی بە دوو سەربازەکە دا:

– دەبێ هۆشیار بن، چاو خافڵ نەکەن لێرە دوور نەکەونەوە ها.. زوو زوو دەتانگۆڕم، ناشهێڵم ئەمشەو مەشقتان پێ بکەن.. (ڕووی کردە دیلەکان) کامتان ئەڵمانی دەزانێت؟.. (وەڵامیان نەدایەوە، ڕووی کردە شتاین بێرنەر..) دەبێ هەندێ پووشوپەڵاش بۆ خەوتنیان پەیدا بکەین.. فەرموو پێشم کەوە.

– ئەی بۆ سەرو دۆشەکێکی نەرم و ئەستوور و پەتوویەکی گەرموگوڕیان بۆ نەهێنین.. لە پووش و سرووتەکە چاتر نییە؟!

– دەڵێم پێشم کەوە (سەربازەکانی ئاگادار کردەوە) چاوێکتان بکەن بەسەد چاو.. هیچ هەڵە و بەهانەیەک قبوڵ ناکەم.

***

(گرێبەر) (ڕاهی)ی لە گوزەرانی دیلەکان ئاگادار کردەوە، (ڕاهی) وتی:

– تا چارەنووسیان ئاشکرا دەبێت بەخۆت پاسیان بکە.

– بەڵێ گەورەم.

– بێ لەو دوو سەربازە، سەربازی دیکەت پێویست نییە؟

– نەء، ئەگەر خۆم بە دیاریانەوە بم پێویستیم بەکەس نییە.

– زۆر باشە، بەخۆت پاسیان بکە، ئەو دوو سەربازەش بنێرەوە با لە مەشق دوانەکەون، هەواڵەکانی ئەمڕۆ.. (ڕستەکەی تەواو نەکرد، زۆر ماندوو دیار بوو..).. ئیتر خۆت ئاگاداری ڕەوشەکە هەیت، دەی بچۆ بەلایانەوە، هۆشیار بە.

(گرێبەر) کەلوپەلەکانی کۆکردەوە، کەسێکی وای لە تیپەکەیاندا نەدەناسی کەلوپەلەکەی پێ بسپێرێت.

(ئێمەرمان)ی لە دەرەوەی پەناگەکە بوو بەتووشەوە:

– چییە؟ بیستوومە بوویتە پاسەوان؟

– بەڵێ.. دەتوانم لەوێ بە ئارەزووی خۆم بخەوم، ئەرکی مەشق پێکردنی ئەم منداڵە ورتکەیەشم

لەکۆڵ دەکەوێتەوە..

– باوەڕ ناکەم تێرخەو ببیت.. نازانیت چی ڕووی داوە؟

– (ڕاهی) خەریک بوو شتێکی لە دەم دەرچێت.. دیارە شتێکی گەورە ڕووی داوە..

– خراپ قەوماوە.. پێی دەچێ قۆناغێکی دیکە کشانەوەمان لەبەر بێت، ڕووسەکان دەستیان بەسەر زۆربەی زۆری هێڵەکانی پێشەوە گرتووە، دەڵێن زۆر هاتوونەتە پێشەوە، کوشتارەکە لە دەشتاییبە تەختە ڕووتەنییەکاندایە.. هیچ پەنایەکی بەرگری کردنیان تێدا نییە.. هیچ بەربەستێک نییە ڕێگەیان لێ بگرێت.. من بیزانم، بواری کشانەوەی ئەمجارەمان زۆر فراوان دەبێت.

– ئاوازێکی نامۆ لەم ئاخاوتنەتەوە دێت.. بۆ لەتۆ وایە بەچوونەوەمان بەو دیو سنووردا ئەم جەنگە کۆتایی پێ دێت.

– ئەی تۆ دەڵێیت چی؟

– نەء، کۆتایی پێ نایێت.

– منیش وا دەڵێم، کێ کۆتایی پێ دێنێت؟.. سەرسوپاران؟!! نەخێر ئەمیش ئەو بەرپرسیارەتییە هەرگیز ناخاتە ئەستۆی خۆی، ئەگەرچی ئەوەی جەنگەکەی پێشوو ئەمەی لێ وەشایەوە و زووش خستیە ئەستۆی حکومەتە لاوازە کاتییەکەی ئەو دەمە.. تووشی کردن، پەیمانی خۆ بەدەستتەوەدانەکەی پێ مۆر کردن.. پاش دوو هەفتەش بەجیینایەتی تاوانی مەزن مەحکووم کران..! نەء ئەوە جارێکی دیکە ڕوو ناداتەوە، دوژمنان ئەمجارە خۆ بەدەستەوەدانێکی بێ مەرجیان لێمان دەوێت.. لە سەرجەم سیستەمی ڕژێمەکەی داوا دەکەن.. لە هەموو ئەڵمانیا، دەبێ هەر هەموومان ئەو خۆبەدەستەوەدانە مۆر بکەین.. بێ لە (نازی)یش پارتێکی دیکەمان نییە دانوستانیان لەگەڵ بکات..

(گرێبەر) خێرا وەڵامی دایەوە:

– مەگەر کۆمۆنیستەکان، ئەمان ئامادەن.. دەی هەمان شێوازە.. بچم بخەوم لە هەموو شتێک چاترە، ئەوەی من ئاواتی پێدەخوازم ئەوەیە بەئارەزووی خۆم بیر بکەمەوە بەئازادی بلێم و بدوێم بەسەربەستی بێم و بچم.. ئەم جۆرە ئاواتانەش بەلای پێغەمبەرە دەجاڵە ڕاست و چەپەکانی ئەم سەردەمە چەوتە و چەوێڵە ڕەف کردن و گوناهی گەورەیە.. تاوانێکن لە گشت تاوان و خراپەکارییەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی قەبەترن!

***

توربەکەی دا بەشانیا، چووە چێشتخانەکە، نەیدەویست بۆ شێوکردن جارێکی دی بگەڕێتەوە بارەگای تیپەکە، بەشی خۆی شۆربای پۆڵکە و سۆسێجی وەرگرت.

ئێوارەیەکی کپ و خامۆش بوو، ئاسایشێکی ڕووکەش هەموو لایەکی گرتبۆوە..

بەر لەوەی سەربازەکان ڕەوانە بکاتەوە، چەند باوەشێک سرووتی بۆ دیلەکان پێ هێنان.

تۆپەکان تاکو تەرا گرمەیان دەهات، ڕەوشەکە لەوە دەچوو ئەو ڕۆژەش برێ بەهێوری بڕواتە سەر.

زیندانەکە دەکەوتە ڕۆخی دەشتاییەکی تەخت و بەرینەوە، تا چاو بڕی دەکرد سەوز گەشابۆوە، گژوگیاکە



لە گەلێ لاوە شێلدرابوو، بەپانتایی دەشتاییبەکەش جێی بۆمبە تەقیوەکان گەرووی ڕەشیان کردبۆوە، بەڵام دەستەڵاتی گژوگیا بووژاوەکەوە بەهێزتر بوو، سامی چاڵە بۆمبەکانی ڕواندبۆوە..

گوڵ و خونچەی درەختە بەردارەکان گەشابوونەوە، چلێی ناسک و گەڵای کورپەی تەڕ و پاراویان بەسەر ڕاڕەوەکاندا شۆڕ ببوونەوە..

زنجیێکی کۆنی لەودیو باخەکە دیبەوە.. لەوێوە زیندانەکەی لێوە دیارە.. بەدەم پشوودان و خۆ حەساندنەوەش بێ، دەتوانێ لەوێوە چاوی لە دیلەکان بێت..

هەندێ کتێبە کۆنی لە زنجەکەدا دیبەوە.. بەرگەکانیان بەچەرم تێگیرابوون.

پوا بوون، زووقم و بارانی زستان دایڕزاندبوون.. تەنها لاپەڕەی کتێبێکیان برێ کەڵکی هەڵدانەوەیان مابوو، بەزمانی فەرەنسی نووسرابوو.. بەترسەوە، زۆر بەهێمنی لاپەڕەکانی هەڵئەدایەوە، بەچەند دیمەنێکی سروشتی ڕازابوونەوە..

خۆی لەبیرچۆوە، وێنەکان سەرنج و هۆشیان ڕاکێشا، بیرەوەرییەکانی هرووژانەوە، سۆز و ئازار بوون، خەم هێن و هۆی کزی بوون، زۆر بوون ئەو شتانەی دەستی لە دیتنەوەیان شتبوو..

بەرگی کتێبەکەی جووت کردەوە، تا درەنگ لەوێ مایەوە، کتێبەکە هەر لەنێو دەستتیا بوو.. پاشان هەستا، لەناو درەختەکانەوە چووە سەر کۆڵکۆڵە و ئاوزێڵەکە. پەیکەرەکە لەنێو قوڕ و گژوگیا کێویلەکانەوە ڕاست ببۆوە.. بەشانێکی شکاوەوە لە قۆناغی سەختی جەنگی یەکەم و شۆڕشی کۆمۆنیستەکانەوە هاتبوو.. مابوو، بەرگەی گرتبوو..!

بەدەوری پەیکەرەکەدا خولایەوە، ڕووی کردەوە زنجەکە، لەوێوە گەڕایەوە لای دیلەکان، تەماشایەکی دەرگا ئاسنینەکەی کرد، نەء دەرگای گەوڕ نەبوو.. ئەم دەرگایەیان پاشان داناوە و ئەو ژوورەیان پێ کردۆتە زیندان..

لەوانەیە خاوەنی ئەو کۆشکە، دواڕۆژەکانی تەمەنی لەودیو ئەو دەرگا ئاسنینەوە بردبێتە سەر..

***

پیرەژنەکە خەوتبوو، کیژەکەش لە سووچێکدا هەڵتڕووشکا بوو، دەینواڕییە شتێک، بیری دەکردەوە، پیاوەکان لەنێو شیشەکانەوە دەیانڕوانییە خۆری ئاوابوون و (گرێبەر).. پیرەمێردەکەیان قووڵ لە (گرێبەر) ورد دەبۆوە! پشتی تێکردن، لەسەر پشت لە گیاکەدا درێژ بوو، پەڵە هەورەکان وەکو کەشتی لە ئاسماندا دەجمان، جریوە جریوێکی زۆر لە درەختەکانەوە دەهات.. ئەو دەوروبەرەیان ئاوەدانکردبۆوە..

پەپوولەیەک بەسەر چاڵە بۆمباکاندا هات، چووە ناو گوڵ و مێرگەکانەوە، پەپوولەیەکی دیکە پەیدا بوو، دوای کەوت، پێکەوە کەوتنە گەمە کردن، یەکتریان ڕاو دەنا و لە دەوری یەک دەخولانەوە..

لە پڕێکا گرمە گرمەکەی بەرە گەرم بۆوە، زرمەی تۆپەکان بەرز بۆوە، پەپوولەکان لەیەک نزیک بوونەوە، پێکەوە بلند بوونەوە..

بۆ دوور فڕین..

(گرێبەر) ڕاست بۆوە..

ئێواره درەنگ، سەربازێک خواردنی بۆ دیلەکان هێنا، پاشماوەی شۆرباکەی نیوەڕۆ بوو، ئاویان تێکردبۆوە.. دەبوایە تەشپی خواردنەکە بباتەوە، بۆیە لەوێ مایەوە.. چەپکێک سیغارشی بۆ (گرێبەر) هێنابوو.. (گرێبەر) لە بەشە سیغارەکەی ورد دەبۆوە، زۆر بوو!

تێگەیشت کە شتێک بەڕێوەیە، خواردنی چاک و جگەرەی زۆر بەر لە بەڵا گەورەکان دابەش دەکرێن..

سەربازەکە کزومات بوو، بەنووزەیەکی غەمناکەوە وتی:

– بڕیار وایە ئەم شەو دوو سەعات لە جاران زێدەتر مەشقمان پێبکەن.. دەڵێن مەشقی شەڕی دەستەویەخە و چەکی سپیمان پێدەکەن!

– زۆر باشە، بایەخی تەواوی پێ بدەن، سوود بەخشە، سەر تیپەکەمان جەنگاوەرێکی شارەزایە، مەبەستی ماندووکردن و ئازاردانتان نییە.. (سەربازەکە بەدەم سەر لەقاندنەوە ئاوڕێکی لە دیلەکان دایەوە.. وەکو لە ئاژەڵ ورد بێتەوە چاوی تێبڕین، گرێبەر هەستی پێکرد..):

– ئەمانەیش مرۆڤن..

– بەڵێ ڕووسن.

– چاکە.. ڕووسن، ئێستاکەش تفەنگەکەت ئامادەبکە، هۆشیار بە، دیلەکان یەک یەک دەهێنمە دەرەوە دەست بەئاو بگەیەنن.. باشە؟ (هاواری لە دیلەکان کرد).. لە سووچێکدا گرد ببنەوە، یەک یەک دەتانهێنمە دەرەوە.. با لە پێشان ئەو خانمە پیرە بێتە دەرەوە.. (پیرەمێردەکە شتێکی بەهاوڕێکانی گوت، هەموو لە سووچێکی ژوورەکەدا کۆبوونەوە)..

سەربازەکە چووبووە باری ئامادەباشییەوە، قۆناغی تفەنگەکەی توند لە سینگی گیر کردبوو، (گرێبەر) دەرگاکەی لە پیرەژنەکە کردەوە.. هاتە دەرەوە، زوو دەرگاکەی داخستەوە، ژنەکە دایە پرمەی گریان، (گرێبەر) بەپیرەمێردەکەی وت:

– پێی بڵێ هیچی لێناکەم..

لە گریان کەوت، خێرا چووە ئەو جێگەیەی گرێبەر بۆی دیاری کرد..

ژنەکە گەڕایەوە زیندانەکە، ئەمجا کیژەکە بەپەلە هاتە دەرەوە، سەری داخستبوو گورج بە بەردەمیاندا تێپەڕی..

هەڵوێستەکە لەگەڵ پیاوەکاندا ئاسانتر بوو.. بەدیاریانەوە وەستان، تا لێبوونەوە..

سەربازەکە لوولەی تفەنگەکەی ئاڕاستە کردبوون، شینومۆر هەڵگەڕابوو، ماسوولکەکانی شەویلگە و قەپۆزی تورت و گرژ ببوونەوە، بەلچێکی شۆڕ و جووتێ چاوی زەقەوە تەماشای دەکردن.. زیاد لە پێویست شپرزە و  ماندوو بوو پێیانەوە!

کاتێک دەرگای زیندانەکەیان لەسەر داخستنەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بەگێڤ بوونەوەیەکەوە بە (گرێبەر)ی وت:

– کارێکی ترسناک و گرنگ بوو..

– ئاوەها..! (دەمانچەکەی نایەوە کیفەکەی قەدی).. دەی ئەو لەگەنە هەڵگرە و بچۆ بەلای کارتەوە..



ماوەیەک چاوەڕوان بوو تا سەربازەکە دوور کەوتەوە، ئەمجا سیغارەکانی دەرهێنا، دوو سیغاری ئاڕاستەی دیلەکان کرد، لەنێوان شیشە ئاسنینەکانەوە بۆی داگیرساندن.. کەوتنە دووکەڵ بەبادا کردن.. ئاگری جگەرەکانیان بەدەم مژ لێدانەوە دەگەشایەوە.. ڕوخساری تەڵخ و لێڵی ئاشکرا دەکردن، لێیان ورد دەبۆوە، نواڕییە کیژەکە، بیرەوەرییە بەسۆزەکانی لە دەروونیا کڵپەیان کردەوە، (ئەلیزابێث)ی هاتەوە یاد، بیری کردەوە، زۆر بیری دەکرد..

پیرەمێردەکە چاوی لە چاوی (گرێبەر) بوو.. چپاندی:

– تۆ باشیت، پیاوێکی چاکیت (دەم و کەپووی نابووە نێوان دوو شیشەوە) جا لەبەر ئەوەی چاکیت پێم خۆشە شتێکت لە لا ئاشکرا بکەم.. ئاگادار بیت لەوەی کە تەواو.. ئەڵمانیا تەواو بووە.. ئەم جەنگەشی دۆڕاند..

– قسەی پووچ!

– قورتارمان کە.. بۆچی ئازادمان ناکەیت؟ تۆیش وەرە لەگەڵماندا (ئاوڕێکی خێرای لە کیژەکە دایەوە، جێی زامێک بەلا ڕوومەتیەوە دیاربوو.. تەماشای «گرێبەر»ی کردەوە).. ڕووسیا دەتگرێتە ئامێز.. وەرە، وڵاتێکی چاکە.. دەژیت.. ئەژین.. (وشەی ئەژینی بەشێوەیەکی نامۆ بەزاردا دەهات.. وەک تەلیسمێک بخوێنی قووڵ و مەنگ لە گەروویەوە دەردەچوو..).

(گرێبەر سەری بادا، بیری دەکردەوە (نەء.. بەمەش ڕزگارم نابێت.. ئەم جۆرە دەرباز بوونەم ناوێت، بەڵام کوا.. چ ڕێگەیەکی دیکەم لەبەرە..» چپەی پیرەمێردەکەی هاتەوە گوێ):

– با بژین.. مەمانکوژە، با نەمرین.. تۆش نامریت، شاد دەبیت، تاوانمان نییە (وشەکانی سادە و ساکار بوون بەڵام ساویلکە و بێ مانا نەبوون..).

پشتی تێکردن، ڕوخساری ئەمیش لەبەر ڕووناکاییە خەواڵووەکانی ئەو ئێوارەیە ساکار نەبوو! لەوانەیە بێ تاوان بن، بەچەکەوە نەگیراون، لە پارتیزانەکان ناکەن، بەتایبەتی پیرەمێردەکە.. هەر بیری دەکردەوە.. (ئازادکردنیان چاکەیەکە.. چوار مرۆی بێ تاوان لە مردن ڕزگار دەکەم.. بەڵام ناتوانم لەگەڵیاندا بڕۆم.. ناتوانم لە ڕووسیا بژیم، لەم وڵاتە وەرس و بێزارم.. دەمەوێ لێی قورتار بم نەوەکو پەنای یەکجارەکی بۆ بێنم..) دوور کەوتەوە، کەوتەوە پیاسەکردن، لە تەنیشت پەیکەرەکەوە وەستا، نواڕییە دوور، درەختەکان بەرگی شەویان بە بەردا کرابوو، ڕەش هەڵگەڕابوون.. نەخێر، گەڕایەوە لای دیلەکان، سیغارێکی داگیرساو لە زیندانەکەدا بەرز و نزم دەبۆوە، دەموچاوی پیرەمێردەکە هەر لەناو شیشەکاندا بوو.. چپەی لە کەللەی (گرێبەر)دا دەزرنگایەوە.. (دەژیت، دەژیت.. شاد دەژیت)..

چی سیغاری پێ بوو، هەمووی خستە ناو مشتی پیرەمێردەکەوە.. چەند دەنکە شقارتەیەکیشی پێدا:

– بیانکێشن.

– دەژیت.. هێشتا تۆ لاویت، لەم جەنگە ڕزگارت دەبێ.. مرۆڤێکی چاکیت، ئێمە تاوانمان نییە.. ئەژین، ئێمە.. تۆ، هەموومان (ئەگەر چی دەنگی کز و نەوی بوو، بەڵام لەرەیەکی بەهێزی تێدا بوو..) ئەژین، دەژین (لە قاچاغچییەک دەچوو کەرەستە نهێنییەکانی لە بازاڕی ڕەشدا نمایش بکات..).

دەنگێکی قووڵ و کاریگەری هەبوو، لە هەمان کاتدا جێی دڕدۆنگی و گومان بوو، لە دەروونەوە هەڵئەدەقولان، دەنگی یەکێک بوو توانای کڕین و فرۆشتنی ژیانی هەبوو.. ژیان.. ژیانی بەئازادی دەکڕییەوە..! دەنگێک بوو وەکو مۆرانە و خۆرە مێشکیان، هەڵدەکۆڵی، تەزووی بەهەموو گیانیا دەهێنا.. لە پیرەمێردەکە تووڕە بوو..

– بیبڕەوە ئیتر، دەمت داخە، کۆتایی بەم توڕەهاتە بێنە، زمانت نەگریت، هەموو ئەمەی گوتت دەگەیەنم، جا ئەوسا خۆت دەبینیتەوە چیت بەسەر دێت..

پشتی تێکردنەوە و کەوتەوە پیاسە کردن..

ژاوە ژاوەکەی هێڵی بەرە پەرەی سەند، گەرموگوڕتر هاتە گوێی..

لە پڕێکا، ئاواتی بەسەربازە خەوتووەکانی ناو سەنگەرەکان خواست، بەدڵ ئارەزووی لێ بوو لەگەڵیاندا بووایە.. بەدەم پرخوهوڕ و هەناسەی بەرز و نرمی ئەو سەربازە شەکەت و ماندووانەوە خەوی لێ بکەوتایە..

هەستی کرد تەنهایە، هەر خۆیەتی، هەموو پشتیان تێکردووە، بۆیە تەنهایە.. دەبێ بڕیاری خۆی بدات.

گەڕایەوە زنجە داڕووخاوەکە، لەسەر سرووتە وشکەکە درێژ بوو، هەوڵی دا بخەوێت.. وا هات بەبیریا کە دیلەکان لەو ساتەدا هەوڵی هەڵاتن ئەدەن! هەر چەندە دڵنیا بوو کە هیچ دەرفەتێکی دەرچوونیان نییە.. بەڵام ئەم بیرەی زوو زوو بەمێشکدا دەهات..

ئاژاوە دوورەکە تا دەهات خەست دەبۆوە، نەخێر گرمە و زرمە و ویزە ویزی فڕۆکەش ئاسمانی گرتەوە.. خامۆشی و ئارامیان لە دەروونی شەو تەرە کرد.

تەقینەوەکان دەقێکی دیکەیان وەرگرت، وەکو جاران کپ نەبوون، ڕەقوتەق، وشک و سەخت دەهاتنە گوێی، دەنگیان ئەدایەوە، هەموو هۆش و بیرێکی (گرێبەر)یان بەخۆیانەوە ئاڵۆزاند.. (دەبێ دەستتیان بەسەر هێڵەکانی پێشەوەدا گرتبێت..).

گەڕایەوە لای دیلەکان، هیچ ڕووی نەدابوو، خەوتبوون.. لە پیرەمێردەکە ورد بۆوە، تاریک بوو، شێوەی زۆر ڕوون نەدەهاتە پێش چاو..

گوللە تۆپەکان نزیکتر دەبوونەوە، لە دەوروبەری گوندەکە دەتەقینەوە، وەکو هەموو جەنگاوەرێکی ئەزموون دیدە، لە هەڵوێستەکە حاڵی بوو، دەیزانی لە تەنگەژە و تەنگانەدان، گلۆڵەیان کەوتۆتە لێژی..!

زەمین لە ژێر چەمۆڵەی ئەو تۆپە قورسانە هاتبووە لەرز و ناڵە، خورپە و ورشەی تەقینەوەکان سەرتاسەری ئاسمانی ڕائەچڵەکاند..

ڕەوشێکی ستەم و ترسناک ڕەگی داکوتا، گێژەڵووکەی ناهەموار بوو بەپەلە نزیک دەبۆوە.. ئارامی لێ بڕا.. هەستی دەکرد لە دەوری دەخولێتەوە هێدی هێدی قووتی ئەدات..

وەیشوومەیەکە بە زریان و برووسکەی ئاگرینەوە تاوی خوڕی دێنێ، چی لەپێش بوو ڕایدەماڵی.. شتێکە بەهەڵپەیەکی هارەوە ڕووی کردۆتە ئەو کونجە تەنگەی ئەو چوار دیلەی تیادا زیندانی کراون.. ئەو



کونە بزرەی لێ بووە تەوەرەی هەموو گەردوون.. هەموو شتێک لە دەوریا دەخولایەوە..

وای دەزانی چی لە گێتیدایە تەنها بەو چوار دیلەوە بەندە!

شڵەژابوو، شپرزە دەهاتو دەچوو، لە زیندانەکە نزیک بۆوە..

نەخێر، دوور کەوتەوە..

دەستی نابوو لە گیرفانیەوە، پەنجەکانی لە کلیلە ژەنگاوییەکەی دەرگە ئاسنینەکەوە ئاڵا بوون..

خۆی هاوێشتەوە سەر کۆمەڵە سرووتەکەی ناو زنجەکە..

بۆ سپێدەی بەیان ئەمجا خەوی لێکەوت، خەوێکی سەغڵەت، پچڕ پچڕ هەردوو پێڵووی چاوی دادایەوە..

کاتێک چاوی کردەوە، هەور بەری ئاسمانی گرتبوو، بەرەی شەڕ ببووە دۆزەخ.. گوللە تۆپەکان لە گوندەکەیان ئەدا، جارجارێکیش بەمدیودا دەهاتن.

گەڕایەوە سەر زیندانەکە، هیچ نەگۆڕا بوو، دیلەکان دەجووڵانەوە..

چاوی لە یەکێک بوو لە دوورەوە دەهات.. (شتاین بێرنەر) بوو.. هەر لە دوورەوە هاواری کرد:

– کشانەوەیە، هەموو شتێک ئاڵۆزاوە، ئازا کەلوپەلەکەت کۆ بکەرەوە.

گەیشتە لای (گرێبەر)، هەناسەی سوار بوو، تەماشایەکی ناو زیندانەکەی کرد:

– هەر ئێستا دەبی ئەمانە لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە.

خورپەیەک لە دڵی (گرێبەر)ی دا.. کەوتە ترپە ترپ، شپرزە لێی ئەدا:

– فەرمانت پێیە؟

– فەرمان؟.. فەرمانی چی؟ وا دیارە هێشتا خەو بەری نەداویت.. ئاگاداری هیچ نیت.

– زۆر باش ئاگادارم.

– کەواتە با دەست پێبکەین، یان گەرەکتە بیانکەینە کۆڵمان و لەگەڵ خۆماندا بیانبەین.. هەر لەم دیو دەرگاکە وە، گوللەبارانیان دەکەین..

چاوە شینەکانی وەکو چاوی پشیلە کێوییەکی برسی دەبریسکانەوە، سەر کوڵمەکانی تورت ببوونەوە، پێستی کەپووشی قرچ و چرچ ببوو.. وەکو دەست بەسەری ئاژەڵێکی دەستەمۆدا بهێنێت نەرم نەرم بەری دەستتی بەدەمانچەکەی قەدیا دەهێنا..

(گرێبەر) وتی:

– بەمن سپێردراون، ئەگەر فەرمانی لەناوبردنیانت پێ نییە، بڕۆ لاچۆ لەبەر چاوم.

(شتاین بێرنەر) بەخەنینێکی وشکەوە وەڵامی دایەوە:

– باشە، بەخۆت گوللە بارانیان بکە!

– نەء.

– دەبێ یەکێکمان بەم کارە هەڵسێ، ناتوانین لەگەڵ خۆماندا بیانگوێزینەوە.. دەی دەماری سۆزە ناسکەکانت گرژ بکەوە و دەستت پێ بکە.. منیش یاریدەت ئەدەم.

– نەخێر، نایانکوژین!
– نایانکوژین!!؟ (چاوە شینەکانی دەرپەڕین، لە پڕێکا تەنگی کردنەوە، بەدەنگێکی کپ و گڕەوە گوتی..) نایانکوژین؟.. دەزانیت ئەمەی تۆ دەیڵێیت مانای چییە؟
– دەزانم.
– ئاوەها!.. ماناکەشی دەزانیت، کەواتە دەبێ ئەوەش بزانیت کە تۆ (هەموو گیانی گرژ ببۆوە، لە دڕندەیەک دەچوو ئارەزووی خوێنخۆری هەڵچووبێت..).

(شتاین بێرنەر) دەستی بۆ دەمانچەکەی درێژ کرد، (گرێبەر) خێراتر هاتە دەست، گوللەیەکی پێوەنا، (شتاین بێرنەر) ڕەتێکی بۆ پێشەوە دا.. هەردوو ئەژنۆی هاتنە لەرزین، چاوە دڕندەکانی پڕ فرمێسک بوون، وەکو منداڵێکی گچکە کەوتە نووزە نووز، هێزی پسا.. لە جێگەی خۆیدا تەپی.. لنگێکی فڕێدا، هێز و توانای ڕەوییەوە، پەنجەکانی خاو بوونەوە، دەمانچەکەی لەدەست بەربۆوە..

(گرێبەر) چاوی لێ نەئەترووکاند، لە دڵی خۆیا دەیگوت.. (هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو.. بەرگریم لە ژیانی خۆم کرد..).

شریخەی گوللە تۆپێک بەسەر باخەکەدا هات..

هاتەوە هۆش خۆی.. ڕووی کردەوە زیندانەکە، لە دیلەکان ورد بۆوە..

دەرگاکەی کردەوە:
– وەرنە دەرەوە..

بەگومانەوە تەماشایان دەکرد، باوەڕیان پێی نەبوو، تفەنگەکەی فڕێ دا، هەردوو دەستی بۆ درێژ کردن، بەپەستییەکەوە تێی خوڕین..
– دەی دەرچن، ئازادن، بڕۆن.

لاوەکە هەنگاوێکی بەترسەوە نا، (گرێبەر) پشتی تێکردن، گەڕایەوە سەر (شتاین بێرنەر) بەدیاریەوە ڕاوەستا.. نەیزانی لەگەڵ کێیەتی:
– خوێنخۆر!

بەهەستێکی سارد و سڕەوە دەینواڕییە لاشەکە.. لە پڕێکا، کەللەی پڕ لێکدانەوە بوو، وەکو دەمێک بێ پەنگیان خواردبێتەوە، لە ناکاودا بەربوون، شەپۆڵ دوای شەپۆڵ دەهاتن..

ئاکامەکەی بڕیاری خۆی دا، بڕیارەکەشی دەستوبرد جێبەجێ کرد، هەستی دەکرد سەری سووک بووە، کێش لە گیانیا نەماوە، قورسایی پووشێکی وشکی نییە.. پێویستی بەلەنگەرێکە خۆی پێوە بگری نەوەکو بۆ دوور بفڕێ!..

هەنگاوێکی بەسڵکردنەوەوە نا، بەتەمای شتێکی گرنگ بوو ڕوو بدات! نەیدەزانی چییە.. ئەگەرچی ڕوون و ئاشکراش بوو چییە!

ئازاری ئەدا..! شتێک بوو هێشتا لەو جۆرەی تاقی نەکردبۆوە..

چاوی لە دیلەکان بوو، بەدەم غار کردنەوە، خۆیان کووڕ کردبۆوە، خانمەکانیان دابووە پێش خۆیان،



یەکێکیان لای کردەوە، تفەنگەکەی (گرێبەر)ی پێبوو.. بڵندی کردەوە، مشتی گرتەوە! لە دڵی خۆیدا وتی.. (لەوانن..!).

لوولەی تفەنگەکە تا دەهات دەمی ڕەشی دەکردەوە، دەکرایەوە، بووە گەرووی ئەژدەرێکی برسی، ویستی هاوار بکات، گەلێ شتی خێرا خێرای بەبیردا هاتەوە..

بەپێویستی زانی بەدەنگی بەرز دەریان ببڕێت..

هەستی بەگوللەکە نەکرد!

گژوگیایەکی چڕ و پڕی لەبەرچاودا بوو، سەوز و ناسک نەشێلدرابوون، گوڵێکی بێ شوماری هێجگار ورد و سووریان پێوە بوو.. تا دەهات گەشتر و گەورەتر دەبوون..

جارێکی دی ئەمەی بەسەر هاتبوو.. کەی بوو؟! نەهاتەوە یادی..

بنجە ڕووەکە سەوزەکەی بەرچاوی هاتە لەرزین، لەبەردەم کەپوویدا ڕاست بۆوە.. هەردوو کونە کەپووی بەیەکدا نووسان..

بنجەکە بەبێ لەرە لەبەردەم چاویا چەسپ بوو، خامۆشی و ئارامی گچکەترین یاسای گەردوونی گرتە خۆی.. گەشەی کرد، بڵند بۆوە، بەری هەموو ئاسمانی لێ گرت...

(گرێبەر) هەردوو چاوی لێکنا.

**تەواو**